# ڕامان

١٨٤

مانگانەیەکی ڕۆشنبیری گشتییە ـ دەزگای ڕامان دەری دەکات
خولی سێیەم/ ساڵی حەڤدە/ ئەیلوولی ٢٠١٢


- **خاوەن ئیمتیاز**
  شەوکەت شێخ یەزدین
- **سەرنووسەر**
  ئازاد عەبدولواحید
- **بەڕێوەبەری هونەری**
  سەرکەوت وەلی
- **مۆتیف و پۆرترێت**
  قەرەنی جەمیل
- **بەرگ**
  باسم ڕەسام


ناوونیشان/ هەولێر ـ ڕێگای کەرکووک ـ تەنیشت قبووڵ مەرکەزی
ئەدرێسی ئەلیکترۆنی / www.raman-media.net
تەلەفۆن و مۆبایلی سەرنووسەر (ناوەوە)/ 2228506 - 07504494662
(دەرەوە)/ 4494662 - 003248
تەلەفۆنی نۆرماڵ / 2230582
پۆستی ڕامان: azad_abdulwahid@yahoo.com
sarkautwali@yahoo.com

چاپخانەی خانی/ دهۆک
نرخ/ ٧٥٠ دینار

# ناوەرۆکی رامان


● **دەق**

- تەما/ ماریە ئەحمەد/ 3
- نیشتمان/ سەید مادیح پیریوونسی/ 5
- چەند پۆستەرە شیعرێک/ ئیبراهیم ئیسماعیل پوور/ 7
- کالۆ: خەمگینی نە پاراتەیە، یا مەیە/ تەنگەزارێ مارینی/ 9
- چوار غەزەلی مەولانا خالید/ لە فارسییەوە: ڕەحیم لوقمانی/ 14
- نیلۆفەری شین/ دلاوەر قەرەداغی/ 16
- شاییەکەی کاکم/ سولەیمان عەبدولڕەحیم زادە/ 21
- تابلۆیەک خوێنی لێ دەچۆڕێ/ بارزان عەلی/ 26
- بەدلکێ کەسک/ لۆرین دۆغان/ 29
- سێ چیرۆکی زۆر کورت/ لە عەرەبییەوە: عەباس عەبدوڵلا یووسف/ 31

● **هەڤپەیڤین**

- هەڤپەیڤینێکی فراوان لەگەڵ هونەرمەندی شێوەکار (دارا محەممەد عەلی)/ ئا: ئازاد عەبدولواحید/ 34

● **تیوری ئەدەبی**

- نێودەقێتی/ لە فارسییەوە: پەرویز زەبیح غولامی/ 52

● **دەق و ڕەخنە**

- پاڵەوانی لێقەوماو لە کورتە چیرۆکی (مەملەکەتی ئێسکەکان)/ د. عادل گەرمیانی/ 60

● **ڕەخنە و لێکۆڵینەوە**

- نموونەی بێ لافی، یان وێنەی دووەمی شاعیرەکانمان/ د. عەبدوڵلا خدر مەولوود/ 67
- شازادە ئیبراهیم لەنێوان ڕۆمانس و چیرۆکی ڕۆژهەڵاتیدا/ ئەحمەد چاک/ 73
- هۆزانە عەرەبییەکانی خەییام/ ساغکردنەوە و پاچڤەی: جەلال زەنگابادی/ 80
- نهێنی و هێزی ژمارەکان لە حیکایەت و کولتووری کوردیدا/ محەممەد سلێمان عەباس/ 86

● **هزر و فەلسەفە**

- پراگماتیزم ئامانج و ئامراز ڕەوا دەکات؟!/ د. حەمید عەزیز/ 99

● **وتار**

- کتێبخانە لە کەرکووک و ئاوڕدانەوەیەکی خێرا/ لەتیف فاتیح فەرەج/ 110
- تەنز لە ئەدەبی کوردیدا، شێخ ڕەزای تاڵەبانی/ سەید یاسین قورەیشی/ 114
- زەمینە و هەڵی مێژوویی و کۆمەڵایەتی ڕۆمانی مێژوویی/ لە فارسییەوە: شەریف فەلاح/ 118
- شیعرێکی بڵاونەکراوەی زێوەر (١٨٧٥ - ١٩٤٨)/ د. حەسەن جاف/ 123

● **هونەر**

- توانا دەنگییەکانی تایەر تۆفیق لە ڕووی ئەکادیمییەوە/ ئارەزوو ئیسماعیل مەنسوور/ 126
- لە هەوراماندا هونەر هونەرمەند پەروەردە دەکات/ دارا محەممەد عوسمان/ 136

● **مێژوو**

- پردێ لە مێژوودا/ عەباس سلێمان سمایل/ 143

● **خوێندنەوەی کتێب**

- لەبەر ئاوازێک نایەوێ ببێتە گۆرانی/ هاشم سەڕاج/ 149
- ڕووداو لە ڕۆمانی هەیئەدا/ سەباح شێخانی/ 155

● **نرخاندن**

- گۆڤاری (ڕامان) و بەخششی ڕۆژنامەنووسی/ جەلیل کاکەوەیس/ 159

● **سووکە لەنگەر**

- شیعر هەمیشە پرسیارە/ دەوەن/ 160

# تەما

**ماریە ئەحمەد**

بە تەما بووم ڕابکەم و
دەستە نازکەکانی پێکەنین
بگرم
ڕابکەم و لەناو ڕازیانەی
قاقاکان
سەرچۆپی ڕەشبەڵەکێ
بگرم
سەمایەکی ئاگرین و
هەڵپەڕکێیەکی گەرم
بگێڕم
دەستە نەرمۆکەکانی بەهار
بگوشم و
بەناو حاجیلەکانی یەقین
تەمۆخ و
تلیشە بەردەکانی ژیان
دلێرانە ڕابکەم و
بەدوای خۆمدا ڕابکێشم
من بەباڵای ڕەیحانی و
قەدی سارد و
کەناری گەرمی
وەرزەکانەوە
ڕامدەکرد
غوبارە ساتێکی ڕاڕایی
دەڤەری تووڕەیی
چەشنی بەرداشێکی هار
سەفەری بەلەنگازی
سەنگینی ئێوە
ڕەجاڵی گەواڵە خەیاڵێک
بێداری گەردوونی دڵی من
تارمایی خەیاڵی شەوانەی
خەونی نامورادانەی من
بە ئێوە
خەمی تەریوی دڵی من
وای لەمن



وای لە من و
لە تەمی هاواری گیاندانی
ئێوە!!
من ڕامدەکرد بۆ ناو قەرسیلەکانی
خۆشنوودی
ئەوان هەڵیان دەبڕیمەوە
سەر لێواری لەترازی
نزگرەکانی گریان
من بەرەو باخچەکانی
خۆشبەختی هەڵدەهاتم
ئەوان فڕێیان دەدامەوە ناو
مەیتخانەکانی بەدبەختی
من پڕ بەدڵ بەرەو باخچە گوڵییەکانی
نێرگز و مێلاقەی
بریاکان دەچووم
ئەوان دەیانبردمەوە سەر
سنووره پڕ لە گرانەکانی غەریبی
تەسلیمی سەرکزی
پاییزیان دەکردم
ڕامدەکرد و وامدەزانی
هەرگیز منیان پێناگیرێ
وەلێ ئەفسووس
ئیمرۆ لەم مانگی تەمموز و ئابە
لەگەڵ ئاورو گیرسانەوەم
لەسەر گۆڕی سارد و وشکی
ئێوە؛ ئەژنۆ شکاوانە بەربوومەوە
بەربوومەوە بۆ ناو دۆڵی
فەتارەتی ژیان
ئەوان دلێرانەتر لە ڕاکردنەکانی من
ڕایاندەکرد
غەفڵەت لەخۆم
کە ئەوان حەکیمانەتر لە ڕاکردنەکانی من
ڕایاندەکرد
دەستی هەموو ساتە پێکەنیناوییەکانیان
لە ناو دەستی دەرهێنام
ڕوحی هەموو خۆشبەختییەکانیان
لەناو ڕوحی دەرهێنام
مەدەد خودای من
کە هەموو قاقاکانیان
لەناخیدا کوشتم.

# نیشتمان

سەید مادیح پیریوونسی
(تاران)

لەگەڵ چاوت چوومە سەیران
لەگەڵ جەرگت بوومە بریان
بە ئەسرینت کەوتە گریان
کانی چاوم
لەبەر بسکت بووم پەرێشان
لەبەر لەچکت بوومە زریان
لەبەر ناوت هەموو سڕیان
خەتی ناوم
منی رووتی بێ ناوونیشان
لە لاپەڕەی دەور و زەمان
شیعری ڕووتت بۆ دەنووسم، ئەی نیشتمان
هەتا ماوم

**وێنەکێش**

پێش هاتنت، سنگم دارستانێ چڕ بوو
ڕێگای دڵم، چڕەمەنی بوو، بێ بڕ بوو
باڵندەی هەستی دەروونم، چەن بێ دەنگ و ساردوسڕ
بوو

تا تۆ هاتی ئەی وێنەکێش
هەر بە قەڵەمی ئاورێک
ڕێگایەکت لە کوێستانی سەختی دڵدا وا بردە پێش
کە هەر زستان چەن کاروانی شیعر و ئێش
لەو ڕێگاوە تێدەپەڕن، سارێژ دەبن، ئەی وێنەکێش

خەیاڵم چەندە بەفری بوو
لەسەر ئەو بەفرە خاوێنە
نە ڕێبوارێ، تەنانەت مەلیش نەفڕیبوو
تا تۆ هاتی ئەی وێنەکێش
تا ڕەنگی بزەت پیا پژان
ئەوسا ئیتر سەدان جێ هەنگاوی یادت
لە زەرد و شین و خوێناوی
لەسەر ئەو بەفرە هەڵڕژان



## شیعری تەڕ

لێم دەپرسی
بۆچی تامی ئەم شیعرەت، لە دێڕێکا مزر و ترشە
لە دێڕێکیشدا شیرینە
ئەم شیعرە ترش و شیرینە
بەرهەمی کامین ئەوینە؟
منیش دەڵێم ئەم شیعرەم
لەژێر سێبەری مزری دار هەنارێکا نووسیوە
بۆیە وا ترش و شیرینە
دیسان دەڵێی ڕاستی بڵێ
خۆ دەزانم کە وا نییە
ئەگەر وایە
هۆی ئەم کۆگا گەورەی خەمە
لەناو ئەم شیعرەدا چییە؟
ئەم جار دەڵێم
لەژێر شۆڕەبییەکی پاییزاوی
دانیشتبووم، کە ئەم دێڕانەم دەنووسی
تۆ هەر بەرۆکم بەرنادەی
دیسان دەڵێی:
ڕاستی بڵێ، بۆچی ئەم شیعرەت ئاوایە
بۆ بێ تاقەتی کردنی وەکو منداڵی ساوایە
بۆنم کرد بەژێر پێیەوە
بۆنی بەهەشتی ها پێوە
ئەمجا وتم:
ئەم دێڕانەم کە دەنووسی
دەستی دایکم لە دەستا بوو
دڵنیابە ڕاستی دەڵێم
چونکە دایکم
هەناری مزر و شیرینە
شۆڕەبی زەرد و خەمینە
خۆڵی ژێر پێشی بەهەشتە و
ئاخرین ڕادەی ئەوینە.

# چەند پۆستەرە شیعرێک

ئیبراهیم ئیسماعیل پوور
(سەقز)

(١)
هەنارێکی مزر شاری جێهێشت
لەو ڕۆژەوە
هەناسەی پیاوێکی عاشق
پڕبوو لە خەونی ئەرخەوانی

(٢)
کە لە ڕوحم هیلاک بووی پێم بڵێ
بەبێ ڕوحی لەبەر دەمت
دەبمە پەیکەر

(٣)
تاسەم بە قوڕگی ئاسمانەوە
هەور بێ دەنگ
با بێ دەنگ
هەتاو بێ دەنگ
کێ دەزانێ چیمە لە تۆ

(٤)
بۆ ئازادیێ دەبمە پەیکەر
ئەوەی بۆنی خاک و
هەناسەی نیشتمان و
ڕەنگی چاوی منالان و
شەوقی ئازادی لە هەناودا

(٥)
لە هیچ ولاتێکدا
ئۆقرە ناگرم
تا چاوی تۆ
نیشتمانمە

(٦)
ئازادی لە ولاتی من
بە غەریبی سەرهەڵئەدا و
بە نامۆییش
سەرهەڵدەگرێ



(٧)

بارانێکی بە خوڕ هاتووم
هەر دەبارێم
تا شەنگەڕۆژت
تاق لێئەدا و
شیعری بەژنت
دێتە سەما

(٨)

کاتێ دەچییە شەپۆلەوە
دەریا دەکەی بە بووکی ساڵ
کە لە ڕوحی منیش دەخزێی
دەبمە منداڵی ڕێی عەشق و
گڕوو دەگرم بۆ خەتوخاڵ

(٩)

شەو لە هەوری هەناسەم دەناڵێ و
بەیان
شیعرێکی تەڕ
لەسەر پەلکی شعوورم
دەبێتە ئاونگ

(١٠)

بەدوای حەزی منالیمدا
بۆ بۆنی نانی گەرم و گەرمەشانی
سەرم بە ڕۆچنەکەدا گرتەوە
بۆنی چەت و پەیامۆکی لێدەهات

(١١)

ئەی ئازادی
چاوەکانت پەرەسێلکەی
کام بەهەشتن
وا لەم بەهارە بۆژۆیەدا ئۆقرە ناگرن؟

(١٢)

بەفر
تا بەهار و گوڵ
پردێکی سپی هەڵدەبەستێ
وەکو پۆلیسێکی عاشق
پەنجەکانی ڕوو بە جوانی ڕادەگرێت و
تا هاتنی مامە نەورۆز
لەسەر جێگەی خۆی دەوەستێ

# کالۆ: خەمگینی نە پارا تەیە، یا مەیە

تەنگەزارێ مارینی
(ئەڵمانیا - هانۆڤەر)

پێشکێشی هەڤپیشەیێ هەلبەستڤان دێرسم- مەمۆ یە



(١)

خەمگینیا تە، پالا خوە دا ئاهەنگا کەڤرێن شەڤا من
ئاوازەکێ دیمێن خوە ل هەڤ ڤەگەڕاندن
ب عەورا شینێ رە، پەیڤ ژ رازێن من، تە دچنین
رەنگڤەدانا ئاسۆیان،
ل قەراغێن سەرکەفتنێ د تەنێتیێ دە، ئاهەنگەکە
یەکدەنگ بوو.
بەدەویا دەستپێکێن رێیان، د پرتووکێن رۆژهلاتی دە،
ل تەنشتا بێریکرنێ، لەرزەسیبەرێن مندالەکی پێچان،
ژ ئاوازەکێ ئاگر دەرانین.

(٢)

گەرماهی،
هێمنە، خوین کووراهیا.
ژ تەمینیا من، سەرما دزێ.
دارستانێن بێریا شەڤێ،
ل شەواتا گوندێ قورنەفلان،
گیانێ من هێرا،
د بەدەنا پایتەختا بەربەژنا من دە چلمسی.
وەلاتەکی ژخوە کۆچبەربووی، د بێدەنگیێ دە.
شەڤێ زارۆک، نەلۆراند.
د رۆژێ دە، گوللەیەک ئامادە دبە.
خەلەکێن باروود،
ب رامیسانەکێ ل خوە موکور تێن،
پالا خوە ددن تاریێ.

(٣)

جن نقشتێن تە ژ ئنسان رە دخوینن.
بیاڤێن تە، هەناسا ئەڤینێن خوەکوژن.
سێدارەدان، چاڤێن من ئی بەلەنگاز همبێز دکە.
بێ جه و وارم، تو، نەما تەکانەیی.
ب پێنووسا من، تە سروودێن خوە پاک کرن.
رۆندکێن من دیسان سترانا کەلەهێ ئاڤێتن بەر هەڤ.
رۆژهلاتم، کەڤزا کەڤناری.
ل خزێمێن جەژنان.

مالابادا ڤالاهیێ مه.
قووناخدووریێ نفرینێن
بێدەنگم،
د تلسمێن سپی دە.

(٤)

د جوانیا پەیڤێ دە، زندیەکی سەرنۆقم.
مرن ب مرنێ شا دبە.
سڕا بایێ سبەهێ رادوەستێ، شەڤ رووتە، بیرانینان ل خوە دجڤینە.
دەرزە د لاشێ من دە.
جگەرێ زارۆکەکی ئامەدێ مە، ل سەر بەدەنا تە...
زارۆکێن تە پارچەیەک ژ خەوا هەلبەستا منن.
باگەرە،
تراف ژ تە دبارێ،
هەمی مالباتێن گرنژینێ فیغانێن تە بێهن دکن.
ئامەد:
– زارۆکێن تە، ل شۆپا موییێن سپی دچن،
گۆلوازێن دەستێن وان بەر ب تە ڤە تێن.
خەوسێن تە دنالن.
ل گەرمیانێن تە، ترس بازارا جۆمەردیێ یە.

(٥)

شەڤێ..
ژنەک و چەمەک ڤەخوەندن خەونا من.
گیا سپارتە دەنگڤەدانا بسک و کەزیێن تە.
نیشانا وندابوونێ یە گەودێ من،
ل ئەزمانەکی کۆر.
هەمبێزا کۆچبەرستانێ
شکەستنێن من دەژمێرە.

(٦)

بێدەنگی خوە
ل هەڤ ڤەدگەڕینە.
بەدەنا تە، کولیلکان ل سەر
تاریا بێدەنگ دهەژینە.
سترانا من عەوران دپژە.
رۆندک نەما تەرمێ من ژ من ڤەدشێرە.
زەمبیلفرۆش، تۆبا خوە دوبارە دکە.
سۆتایی تو، پەیڤا من ئی ژ
دەستان دفووریای.
د بێدەنگیێ دە،
ژبیرکرن سەری
رادکە
د وندابوونا کۆلانان دە
تو خەما نالینێی.
د خەریبیا پووتان دە،
ئامووود پێشەنگەها شەواتێ یە.
سبەح تێکلی شەڤێ دبە
ب با رە د خەو ڤە
دچە.
هەلبەستا
من خوێیا
شینەشەڤا
ل خوەنە موکورهاتی
ڤە دخوە.

(٧)

خێزەڕەنگ، دگهن دەرگەهێ ژبیرکرنێ
ڤەنەر ژ ئەزمانێ تە دبارە، ب سەر ئاڤێ دکەڤە،
دشێلە. رۆنیا تە بایێ کور دچرسینە.
زمانێ تە دەنگێ من درووتیە،
کەڤرێن من شینا تە هەمبێز دکن.
ل خەوستانان خەفتانێ تە ل شێتیا
خوە دئالینم. دەم گەشتا خوە دکە و
ل سەر مژگۆلێن تە بێهنا خوە بەردده.
ل هجرکێن تە، مەی هەناسا خانی د عەقیدا
"ئەلەم تەرا" دە... هنایی چ خوەشە
ئەڤ پایتەخت، وێنەیێن تە، زەبەشێن تە،
مزگەفتێن تە، کەچێن تە، دەنگێ تە و
ڤەدەنگا کورپینا دلێ تە.

(٨)

جانا من بەسە برینا من ژ ئێریشێن دەمێن تێکەل،
خافن
نە دۆست
نە سۆتایی ل بەر دەرگەهێ خەونا من دیار دبی
نە شەڤ
نە بێدەنگیا چاڤێن تە، تایا من دڕەڤینە.
چاوا دێ پەیڤێن تە ژبیر بکم..!؟
دلخوەشە شەڤ بێ کەزی و ئەبرووکەڤانێن تە؟
دە چاڤێن خوە ب ئێگر بشۆ جانا من و
د شینا من دە گیا و بارانێ بچینە.
وا دەنگێ نە دەنگ
وا خەونا نەدەنگ
وا دەنگێ نەخەون

وا خەونا نەخەون
د خوە دە و ژ بۆ خوە نەمێنن
ژ دووراهیان، تەم و مۆرانێن زەر د خەونێن پیالان دە،
د نەپەنییێن شەڤان دە رازینن.
شەڤ، مینا من رەونگی یە.

(٩)

کلیتا سروودێن تە،
کۆڤانێن من دمژە
رۆژهلاتە ل سەر ئێگر.
ئاگرە رۆژهلات.
تاڤسۆرکێن خوە ژی گرێددە
تنگێنیا تیپان وندا یە
کا زارۆکتیا تە و من؟!
رۆژێ بارکر و ڤەنەگەڕیا، غەیدی
د ناڤ چۆگێن من دە قەشەم بوو رۆژ
تبلێن من مەندەهۆشن
ب تنێ فێری نڤیسینا ئێشێ بوونە

(١٠)

با.. ئاخ با دیسان نەدیارە
پەیڤێن وان شاهیکن یادگارییێن کوشتنێ نە
رەڤێن رۆندکان سەر ناڤێ لاشەکی ژبیربوویی ل چیا نە.
کالۆ: دەنگێ تە نایێ
ئاڤێن تە دچنن ژ کاغەزێن دلێ من.
دەرزێن بەدەنێ چیرۆکێن تە دبێژن کالێ من.
رێچێن مە ژ خوە ڤەدجنقینن
یێن ژ دوور هاتنە، هاتنە سەرەدانا تە، ژ هجرکێن پیران
راهێژن بەراتێ، رازێن سپێدێ ل بێدەنگیا مە بەلاڤ بکن.
بێدەنگیێ ل مە قەدەغە بکە کالۆ و نڤشتێن خوە ب
سەر کوباریا مە دە بەردە.
سێبەرا عەورەکی مە، ژ وەستانا تە پێدکەڤم، پرس
هەڤ ناگرن، تاوی و باوییوونا من دەرمان بکە، ژ دەرڤەیی
ڤەشارگەها ڤێ ئاخێ.
وەرە جارەکە دن سەری ل ڤان کۆلانان بدە و سەلەواتێن
خوە ل سەر پەرەنگان سپی مینا رەنگێن بەلەنگەزان د
چارچەوا ڤی مسینی دە گەش بکە.
ب تلیان تە پێش هەڤ دکن
مویێن سپی
ل سەر سوورا تە رادخن،
چاڤێن من ژ تە تێر نابن
ما تە ئەم ناسکرن؟
رۆژهلاتا ژبیرکری د خەونا خوینێ دە مە
من بخوینە
ل سەر من بگری
بلا ئێن ب تەرە خوە راگرن
دەنگ د بێدەنگیێ دە
شەڤ د رۆژێ دە
وەلات د هزرا مە دە
رەوشەن د گومانێ دە
بەرسڤ د پرسێ دە
وندانە
و تو شاهدێ ئاخینا دەنگبێژانی

(١١)

سەقەمە
باهۆز مە دبێژە
نڤیسا خوە ب دێمێن من بنوخومینە
بازار ل ئێگر کۆم بوویە، چیرۆکێن داپیرا تە گوهدار دکن
مرنا خوە ژ وێرانیێ وەردگرە بازار.
د رێکێن خوەکوژیێ دە، تەنێ بیرانینە
شێتە ئەڤ ژیان و گاڤێن تە «یەک ددۆ بەهوەر سسێ
چەقلا فسێ مامۆ دینۆ شاشک شینۆ» دوبارە دکن و
کەلەها سنۆرێن
غەزەبێ دخوینە.
سوورەتێ قامشلۆکا من ژ خەوێ وێ هشیار دکە.
بازبەندا قامشلۆکا من دعالەقینە سێلێن مە سنجرین
دەنگێ تە تێ. چالێن تە کەنارێن خوە ب نچک کرن
باسکێن مە پەنابەران شین هاتن
پەیڤە دەستپێک داوی پەیڤە
دەنگ و ڤەدەنگە رۆژهلات
مەردۆگ برینێن
تیامات
دکەوینە
دەنگ ڤەبوو،
ئەلەند
د گۆڤا مێرخاسان دە، شاهی گرێدا جەنگ هارە
جەنگا گۆتنێ یە. بکەنە پەنابەرم. بارانێ دبارینن هێلێن
من. عەوران دناسن، هێلێن من. زەمین تەنگە لەزێ بکە.
بازارێ تۆزێ یی تو. با یە دگەڕێ. فرمێسکێن من ژ
وەلاتەکی دوور و غەریب هاتنە،
کۆنێ خوە ڤەددن. عەشا
من ژی کۆچەرە.
ماتو ژ کۆلانێن
بێدەنگ و وندای
حەز دکی کالێ من؟!

ژ بۆ لمێژا خوە
ناقۆسی
لێخە
لێ
خ
ە

(١٢)

کالۆ:
– جل و بەرگێ سپی تو ل خوە دکی
بەرێ تە ل کوو یە؟
مریدێن تە بەدەن ل خوە بادانە
کـۆلانێن باژارێ تە، دوور، نێــزیک، د ئێگر دە دێ پەرگی
ئێک ببن.
وەلاتێ من:
– من بانگا کانیێن تە د همبێزا چیێ دە تەپتپاند.
کۆنێ فرمێسکان ژ مە دوورە
د جۆشا سروودێن تە دە، ئاهەنگەک ژ تەمێ مە.
زەمین تەنگە.. دەنگێ تە ب خەونا باژێر هاتیە خەملاندن
کۆلان گرانن و ئاڤدار شەهیدێن خوە دهژمێرە.
د چرسینا مژێ دە،
زەمــبیلفـرۆشێ تە زەمــبیلێ خـوە ل قـامـشلۆیێ
بەلاڤکرن..
گولە د مالزارۆکێ دە مرنێ پارپار دکە.
مژێ، هەر دەڤەر پاراستیە.
دگۆت و دکوشت.
ب کوشتنا ئاپێ من رە،
١٩٩٢ برینێن رەش ب سەر وچکێن بووکێن مە دە بەردان.
ئامەدا من.
کانیێن تە گازندێن خوە رستن.
ل بەر بەژنا بایێ تە، سیبەر و ئاڤ رابەری ئێک دبن.
باژارێ دوور و ئێن نێزیک دیلانا ئێگر رادکن.
وەلاتێ من سەرگۆڤەندە.
د همبێزا گیایێ حەوشێ دە،
لاڤژا پیرێ سـەری راکر و دەست ب دواییێن ئێشارا مە
کرن.
ل سـەر سینۆرێن ئێشا تە، تلیکێن من ئاخینان بەلاڤ
دکن.
سێدارەدانا رەهسپیێ مە،
ئاسۆیێن هەتیکەتیان دیار دکە و ژ ڤێرینا مە هەلبەستێ
درێسە.

(١٣)

دخلماشیا تیرێژێن هەیڤێ دە،
بێدەنگی دستریـنە.
تو خەونێن من دسترهێ.
پەیڤ سیبەران کەنە...
مندال شـڤانێ سەرپێهاتیێن باڤێ خوە یە.
دجلە بوویە جهێ خەمان.
دەنگێ لیلاندنا سەرێ سبەها بێقودۆشە.
د دەنگێ تە دە شکەستم
پێلێن تە دەستپێکا سەڤاندنا قۆلنجا پایزا منە.
دەنگێ تە رێ یە.
ل ڤەشارگەهێن تە، زڤستان نیشانە.
ئاڤ دەرگەهێن خوە دادخە.
بەندەوارێ با نەمینە گەورا من،
خوە نێزیک بکە،
هەڤسارێ باگەرا خوە بەردە.
ئەڤ خاک یا تە یە،
یا تە و
دل بەدەوە،
دل کەشخەیە.
وەرن،
ما دەنگێ من ناکن؟!
گومان ئاسۆیێن پەنابەرانن.
مەی
تۆز
گیا
شەڤپەست
د ئەسمانێن رکبەریێ دە،
بەرێ من ئی یەکەم ب سەر هێلا ژاندار دە دبە،
بارێ چاران دلداری یە.
ل دەما من یا ل کەنارێ هەرفاندنێ بنەرە.
ئاگر ب من رە بەشدارە
تو،
ئەو،
ئەم،
ئەز ب من رە هشیارن.

(١٤)

ئێش یا تە یە.
ب ئاڤێ دلیزە، بدە پەی من.
تەمبوور
د ئاڤ تبلێن تە دە دنڤە.
واتەیان نەما دناسە گۆتن.

دوورکەت رۆژ،
ل شهینا خوە دپرسە.
عەورەکی ئالۆز داکەتە سەر بەلگێن زەر.
دەرباس بکە وی بای،
وێ برۆخە ل هێلا من ئی چەپێ.
تو دناڤ وی بایی دەی.
تو باگەڕی،
کورد ئەو ب سلۆگانێن خوە، رزگار کربوون.
بەربانگی،
ژ ڤەدەنگا گۆڤەندگەرەکی دباری.
یارا من،
هەیڤی تو،
د نەینکا
من
عاشقی
دە.
هاتم،...

(١٥)

هۆ هەلبەستڤانۆ لۆۆۆۆ
دەنگە دەنگێن..
بێ ناڤ
بێ دیوار
ل شەقامێن لەرزێ
شێتیاتە بەلاڤ دکن
زوورەزوورا تە ئێن ژ رەنگێن قۆزەقەرێ،
ل خلوەتگەهێن شێخێن ئەختەپیان دکن قەسیسەیێن فەقەیان.
عەور ل سەر ملێ من دنقە.
چاڤێن خوە ددم سەر هەڤ.
ب گولەکێ د ناڤ ترافا بەرفێ دە دهەژم.
شەڤ دکوورە،
ئەز..
ل واتەیا مرنێ دپرسم..
ژ من رە هاتە گۆتن:
مرن، مرنە
مرن نەمرنە
نەمرن مرنە
نەمرن نەمرنا مرنێ یە
رێ هەنە.
دەم کۆڤی یە.
ئەز بەراهیکا شەڤێ ڤەدمرم.
تلیێن من خەمن.

هۆ هەلبەستڤانۆۆۆ
ئاسۆییێن تە رۆژەشەڤن،
رەفێن ڤالاهیێ نە،
ب تە رە دەربەدەر دبن.
تەنێتی هێزە.
گری کەلەها خوەشیا تە یە.
– هەلبەستڤان ژ شکەستنێن خوە بەر ب خەیالێن دوور ڤە دچە و دبێژە:
نها خاتر ژ وە دخوازم،
ژ وە ئێن مژانک و باڵندەیێن من ب هۆڤیتی ئاڤێتن.
کالۆ:
دەمێن تە ئێن بەربانگیانە
سەرما بۆ سەرمێ،
رووت
بێهن
دکن.

# چوار غەزەلی مەولانا خالید

لە فارسییەوە: ڕەحیم لوقمانی
(سەقز)



غەزەلی یەکەمی فارسی:
به اکسیر و حیل هر خاک راهی زر نخواهد شد
همه بد اصل سنگی در بها گوهر نخواهد شد
سلیمانی نزیبد هر که را خاتم بود در کف
هرآنکو آینه می سازد اسکندر نخواهد شد
همه کس خویش را عاشق تواند کرد چون بلبل
ولی پروانه وش جویای ترک سر نخواهد شد
همه گلگون سواری خسرو پرویز نتوان شد
همه زیبا رخی شیرین صفت دلبر نخواهد شد
به عالم هر که بینی (خالد) بیچاره است اما
چو ابراهیم کسی زیبندەی افسر نخواهد شد.
کوردی:
هەموو خۆڵێ بە هیچ فێڵێ، بە کیمیا زێڕگەری نابێ
هەموو بەردێکی نائەسڵیش لە نرخا گەوهەری نابێ
سولەیمانێ نییە هەر کەس نیشانەی شای لە دەستا بێ
ئەوەی ئاوێنە سازی کا بە جام ئەسکەندەری نابێ
هەموو دەتوانێ عاشق بێ وەکو بلبل بە دڵزاری
بەڵام وەک پەڕپەڕۆکی شەم لە بەخشینی سەری نابێ
هەموو سوار چاکی مەیدانێ بە ڕەنگی خوسرەوی ناشێ
هەموو ڕوو مانگ و شیرینێ بەناوی دڵبەری نابێ
دەبینی هەر کەسی دنیا چ بێ چارەن، بەڵام (خالید)
چون ئیبراهیم کەسێ شایانی تاجی سەروەری نابێ.

غەزەلی دووەمی فارسی:
بازم از سودای مهر وی درون پر ماتم است
رشتەی کارم ز زلف درهمش خم در خم است
آبرویم ز آتش رخسار او بر با شد
آری آری با وجود خور چه جای شبنم است
خرده بینان را کند آگاه خالش زیر لب
در فضای آفرینش گر بود مثلش کم است
زخم دل را مرهمی جستم نمودی چین زلف
خستگان را کی تسلایی ز مشکین مرهم است
هر که دید آن شاه خوبان را رسن بازی زلف

بیژن چاه زنخدانش شود گر رستم است
(خالد) اندر قولها لاف فصاحت میزند
لیک در وصف جمال آن پری وش ابکم است
کوردی:
من له خولیای خۆشەویستی ئەو دەروونم ماتەمە
گیانی هەودام دیلی زوڵفی چین بە چین و پڕ خەمە
ئاگری ڕوخساری جوانی ئابڕوومی دا بە با
گەر هەتاو هەڵبێ بەڕوودا مانی شەونم ئەستەمە
خاڵی لێوی بێ نموونەی خەوش بینان بانگ دەکا
چون لە شاکاری سروشتا گەر هەبێ وێنەی کەمە
مەرهەمم بۆ زامی دڵ بوو چینی زوڵفت خستە ڕوو
چۆن تەسەللای دێ بریندار بەو عەبیرین مەرهەمە؟
ئەو تەنافی زوڵفی خاوی شای جوانان هەر کە دی
بۆی دەبێتە بێژەنی چاڵی چەنەی، گەر ڕۆستەمە
شیعری (خالید) بۆ ڕەوانبێژی کە لافی لێ دەدا
وا لە پەسنی یاری جوانی وەک فریشتەی، بێ دەمە

غەزەلی سێیەمی فارسی:
مژده ای یعقوب دل کان یوسف کنعان رسید
محنت بی منتهای هجر را پایان رسید
باز گرد ای جان بر لب آمده کان نازنین
عیسی مریم صفت بهر علاج جان رسید
کوه غم بر باد ده ای دل که با باد صبا
بر مشامم بوی خاک مقدم جانان رسید
تلخی دوران به یکسر محو شد از دل مرا
چون نسیمی بر مشامم زان گل خندان رسید
(خالد) ای مرغ گلستان وفا بس کن فغان
کان بهار زندگانی خرم و خندان رسید

کوردی:
موژدە ئەی یەعقووبی دڵ یووسف وە کەنعان هاتەوە
حەسرەتی دووری بەسەر چوو وەرزی شادان هاتەوە
بێرەوە ئەی گیان لەسەر لێو چونکە یاری خۆشەویست
چەشنی عیسا بۆ عیلاج و مەرهەمی گیان هاتەوە
کێوی خەم بەر بادە ئەی دڵ چون لەگەڵ سروەی سەبا
خۆش بەرامەی خاکی بەرپێی گیانی گیانان هاتەوە
ماتەم و تاڵاوی دەوران یەکسەرە دەرچوو لە دڵ
چونکە سروەی پڕ بەرامەی نۆ گوڵی جوان هاتەوە
بلبلی باخی وەفا (خالید) دە بەس کە شین و زار
وا بەهاری شادمانی بۆ بزەی ژیان هاتەوە

شیعری چوارەمی فارسی:
موسم عید است و ما نومید از دیدار یار
عالمی در عیش و نوش و ما دو چشم اشکبار
هر کسی با یار در گشت گلستان است و من
زاشک سرخم شد کنار از داغ هجران لاله زار
جان نثار مقدم جانان نکرده دم بدم
چیست بهره از تفرج های تخت جان نثار
بی نوا و دل پر از خار و غریب و دردمند
دست بر دل، سربه زانو، چشم در ره، دل فگار
سینه سوزان، دل فروزان، کوچه کوچه، دربدر
کس مبادا همچو من آواره ازیار و دیار
(بکره جو)یی شد ز هر چشمم روان از خون دل
عاقبت کردم دوا داغ فراق (سرچنار)
(خالدا) گر نیستی دیوانه و صحرا نورد
تو کجا و کابل و غزنین و خاک قندهار؟
کوردی:
ڕۆژی جەژنە و من بە دوور لەو ئارەزووی دیداری یار
گەل لە بەزمی عەیش و نۆش و من بە چاوی ئەشکبار
گشت لەگەڵ یاری لەگەشت و دەشت و گوڵزار من نەبێ
ئەشکی سوور و دەردی دووریم خستییە لاوە لالەزار
گیان لەبەر پێی یاری ئازیز نەبووە قوربان بەردەوام!
بۆ فیداکار کامە بەهرەی کوانێ ئارامی و قەرار؟
سینگ بە سووتان، دڵ بە گریان، شار بە شار و دەربەدەر
کێیە وەک من هەڵوەدابێ دوورە یار و بێ دیار
خوێن لە دڵما هاتە چاو و (بەکرەجۆ)یەک کەوتەڕێ
وا دەکەم من چاری دەرد و داخی دووری (سەرچنار)
(خالیدا) گەر ئەشقیا و چۆڵگەرد و شێت و وێت نەبی
تۆ لە کوێ؟ غەزنەین و کابول یا وڵاتی قەندەهار؟

سەرچاوە:
یادی مەردان، بەرگی یەکەم، مەلا عەبدولکەریم مودەڕیس.



# نیلۆفەری شین

**فەسڵێک لە حەکایەتێک**

**گێڕانەوەی: فەیزوڵڵای خۆراسانی**
**نووسینەوەی: دلاوەر قەرەداغی**

لەو قۆناغەدا کە گۆرانیبێژێکی کوردی هاوڕێم ناوی نابوو (قۆناغی ونبوونە گەورەکان)، یان (سەردەمی گۆرانییە ناخۆشەکان)، زۆر کەسم ناسین کە هەر یەکەیان بۆ دۆزینەوەی کەسێک، یان جێگەیەک و زۆر جاریش بۆ دۆزینەوەی خۆی، خۆیەکی زۆر دوور و نادیار ڕووی بۆ دروست کردنی ئاوێنە لێدەنام. هەر لەو سەردەمەدا زۆر کەسیش هاتنەوە لام کە پێشتر دەمناسین، یان بۆ جار و دوو جار بینیبوومن، بەڵام خەڵکانێکیش هەبوون کە هەر بە ڕاستی ببووینە هاوڕێ و گەر ماوەیەک نەمبینیبان، تەواو غەریبیم دەکردن.

یەکێک لەو کەسانە ئەو گۆرانیبێژە کوردە بوو کە ناوی خوداداد و خەڵکی باشووری وڵاتێک بوو پێی دەگوترا کوردستان. خوداداد، یان ئەو کەسەی کە من ناوم نابوو (ئەو پیاوەی لە کاتی گۆرانی گوتندا پەپوولە پاییزە لە گەروویەوە دێتە دەرێ)، هێند باریکەلە و لاواز بوو، کە هەر لە مامۆستایەکی ئیشی دەست، یان وانەی ڕەسم و سروودی قوتابخانەیەکی سەرەتایی گوندێکی زۆر دووری دەکرد. بە چاویلکە زەڕەبینە بچکۆلەکەی چاوییەوە، هەمیشە گوێی قوڵاخ دەکرد و دیقەتی شتێکی دەدا، پاشان گوێی دەبردە پێشێ و بە ئاستەم پەنجەی لەسەر دادەنا وەک بڵێی بیەوێت دەنگی ناوەوەی ئەو شتە بژنەوێ و هەست بە گەرمایی ناخی بکا تا زیاتر لە هەبوونی ئەوەی کە بینیویەتی و بیستوویەتی دڵنیابێت. لە منداڵێک دەچوو کە بە سەرسوڕمانێکی گەورەوە بۆ یەکەم جار شتەکان هەر لە پووش و دەنکە زیخێکەوە تا فیل و نەهەنگێک نەک هەر ببینێت، بەڵکو بیانبیستێ و دەستیان تێوە بدات.

مامۆستا خوداداد ساڵانێکی زۆر لەوەوبەر و لە کۆتایی دەیەی هەشتاکانی سەدەی بیستدا کە تازەکیی لە گوندەکەیاندا کراوەتە مامۆستا، زنجیرە شاڵاوێکی سوپای فەرمانڕەوایەکی زۆردار کە ناوی سەدام بووە، کراونەتە سەر

گـــوند و ناوچەکـــەی. وەک خـــۆی دەیگێـــڕایەوە لە پەلامـارەکـانی سـوپای ئەو فـەرمـانڕەوا زۆردارەدا کـە دەیانگوت دوو عــەزیا لەســەر شــانی بوون، هەســتی بیسـتنی بە دەنگێک کە خۆیشی نەیدەزانی ئەو دەنگە چییــە، لەدەست داوە. خـوداداد وەک باسی دەکـرد لەو شاڵاوانەدا کە ناوی ئەنفال، یان ئەنفالەکانی لێ نراوە، خۆی و هەر هەموو ئەندامانی خێزانەکەی، جگە لە چوار برا و شـەش خـوشک و دایکی، زۆربەی زۆری خـزم و کـەسوکـار و خـەڵکی گـوند و ناوچەکـەشی، بە زۆری زۆرداریی، سواری ترومبێلی گەورەی سەربازیی کراون و بەرەو ناو قـووڵایی بیـابانەکـانی باشـوور ڕاپێچ کـراون. خــوداداد وەک باسی دەکـــرد، لەوێش کــە هەر ڕۆژە و ژمارەیەک خەڵکیان لە برسێتیدا و بە نەخۆشی مردوون و شەوانە ژمارەیەکی زۆرتریان لێ زیندەبەچاڵ کراون، تەنیا بۆ یەک دەقیـقـەش، خەیاڵی دۆزینەوەی ئەو دەنگەی کە بـزری کـــــردووە، بەرۆکی بەرنـەداوە، تـەنـانـەت دوای مـــاوەیەکـیش هەر بە تاســە و خـولیـــای دۆزینەوە و سەرلەنوێ بیستنەوەی ئەو دەنگەوە بە شێوەیەکی گەلێک ئەفسانەیی و سەیر کە بە ئەقڵی زۆر کەسدا ناچێ، لە ئۆردوگاکانی قڕکردن هەڵهاتووە. بە قەتار و ئەڵڵاوەیسی گوتنەوە گەڕاوەتەوە گوندەکەی خۆیان و ماوەیەک بە تەنیا لێی مـاوەتەوە، پاشان بە ناچاری ڕووی کـردووەتە شار. دوای ئەوەی لـەوێش لە دۆزینـەوەی ئەو دەنگەی کـــــە هەستی بە بیستنی بزر کردووە، نائومێد بووە، ئیدی شار بـە شـــــار و وڵات بـە وڵات، ڕێگـەی هات و نـەهاتـی سەفەری گرتووەتە بەر و خۆی گەیاندووەتە ئێرە. مامۆستا خوداداد سـاڵانێک بوو لێـرە لە گـەڕەکـەکـەی ئێـمـە، لە ژێرزەمینێکدا و سێ چوار ماڵێک لەو لای منەوە، وەک پەنابەرێکی بێ وەڵام و بن ئەرز دەژیا.

خوداداد دەیگوت: "فەیزوڵڵا.. ڕاستیت دەوێ ئێستا دەزانم وەک ئەوەی دەنگی ئەو شتەی لە ئەنفالدا ونم کرد و نازانم چییـە، بیـانوویەک بووبێ بۆ ئەوەی خۆم بدەمـە دەست گەڕان بەدوای ونبووە گەورەکە، یان ڕاستتر بڵێم بیـمـە بەشێک لە ونـبـوونە گـەورەکـە... ئا...ئێـسـتـا دەزانم... دەبوو ئەو شـتــە بزر بکەم تا دواتر بزانم چ شتگەلێکی ترم لێ بزر بوون!"

خـــوداداد زوو زوو ســـەردانی دەکـــردم و زســـتـــانان چوارمـــشـــقی پێکەوە لە ئاوێنە نیـوە تەواوکـراوەکـانـدا دادەنیـشـتـین و سـەرەداوی گـێـڕانەوەکـان بەرەو بانیـژەی ئێـوارانی ناو بەسـەرهات و حـیکایەتەکـانیـان دەبردین. خوداداد دەنگێکی ئەفسـووناوی هێند بەسۆزیشی پێوە بوو، کە دزەی دەکردە نێو قـووڵایی ڕوحی بنیـادەمـەوە و حـاڵی لێـدەهێنا. من دواتر سـەرنجم دا کـە ئەو دەدوا، تاکـوتەرا پەپوولە پاییـزە لە گـەروویەوە دەهاتنە دەرەوە، لەڕاسـتـیـشـدا تا گۆرانی نەگـوتبـوو زۆر سـەرنجی ئەوەم نەدابوو، بەڵام کاتێک بۆ یەکەمین جار خاوکەرێکی چڕی، ئیدی لە ناوجەرگەی مەقامەکەدا، بە چاوی خۆم بینیم کە چۆن گەواڵە گەواڵە پەپوولە پاییزە لە گەروویەوە دەهاتنە دەرەوە و بە ژوورەکەدا بڵاوەبوونەوە، تەنانەت جارێکیان هێند پەپوولە پاییـزەی تێـوە ئاڵان کە ڕێک هەر دەتگوت پەپوولە پاییـزەیەکی گـەورە، یان پەیکەرێک لە پەپوولە پاییزەیە. جارێکیشیان کە بەو هەموو پەپوولەیەوە هەستا و خواحافیزی کرد و ڕۆیشت، هەر تەواو لە باغێک سێو دەچوو، کـە تەلانێک پەپوولـەی سـپی تێ ئاڵابێت، لە باخێکی گەرۆکی دەکرد کە بۆنی گوڵە برینداری ڕۆژە ڕێیەک بڕوات.

وەک خـۆی دەیگێـڕایەوە ئێـوارەیەکی پاییـز لەم دیو پەرژینی دڕکاوی ئۆردوگاکەوە لەبەرخۆیەوە گۆرانی (ئای ئەڵوەن... ئای) گوتووە، هەستی کردووە بەدەم چڕینی ئەو گۆرانییەوە، شتێکی سپی لە گەروویەوە دێتە دەرەوە و دەفڕێ، ئەو لە گۆرانی گوتنی خۆی بەردەوام بووە، پاشان ســەرنجی داوە ئەوەی لە گــەرووی دێتــە دەرەوە پەپوولە پاییزەیە. هیچ سەری نەسوڕماوە و لە گۆرانی گوتنی خۆی بەردەوام بووە، ئیدی لە درێژەی گۆرانییەکەیدا بە لێشاو پەپوولە پاییزە لە گەروویەوە هاتوونەتە دەرەوە تا دواجار هەسـتی کـردووە لەقـۆزاخـەی هەورێکی سـپی پەپوولە پاییزەوە پێچراوە. بەخۆی گوتووە ئەدی باشە بۆ لێرە خۆم دەرباز نەکـەم؟ کێ لەناو ئەم گـێـژەڵوکـەی بیـابانەدا بەم هەمـوو پەپوولە پاییـزەیەوە دەمـبـینێت؟ وای گـوتووە و پاشـان بەدەم گـۆرانی گـوتنەوە هەنگاوی بەرەو دەرەوە ناوە، لە دەروازەی ئۆردوگـــــاکـــــە و بە بـەرچـاوی پاسەوانەکانەوە چووەتە دەرەوە. ئەوان هیچ هەستیـان پێ نەکردووە، ئەوە نەبێ کە تەنیا زەلامێک پەپوولە پاییزە، یان گێژەڵوکەیەکی ئارام پەپوولە پاییـزەیان بینیـوە، کە وردە وردە لە دەروازەی ئۆردوگـاکـەوە هاتووەتە دەرێ، بەڵام بە سـەرسـوڕمـانەوە هەر تەمـاشـای ئەم لاو ئەولای

خۆیان کردووە و گۆرانییەکی نادیار و بریندار و تا سەر ئێسک غەمگینیشیان بیستووە، گۆرانییەک کە هەستێکی بێ ئەندازە قوولّی بە تەنیایی و غەریبی کردنی زێد و ژن و دایک و منداڵەکانیان تێدا بێدار کردوونەتەوە. ئەم هەر لە گۆرانی گوتن بەردەوام بووە و لە دەروازەکەوە چووەتە دەرێ و بە درێژایی سێ ڕۆژ بە کرێوەی پەپوولە پاییزەوە ڕۆیشتووە و ڕۆیشتووە و هەر ئای ئەلّوەن....ئای گوتووە، تا ئێوارەیەکیان بە گۆرانی گوتنەوە گەیشتووەتەوە گوندە چۆڵ و وێرانەکەی خۆیان کە لەو کاتەدا بەفرێکی ئێجگار زۆری لێ باریوە و جێگە پێی بچکۆلەی بوونەوەرێک، یان لە ڕاستیدا جیگە پێی کەسێکی لەسەر بینیوە، کە لەوەدا بووە ببێتە باڵندە و گوێشی لە دەنگێک بووە، کە بانگی کردووە. لەوێ چەند ڕۆژێک ماوەتەوە و هەر بەدەم گۆرانی گوتنەوە و بە ناو بەفرەکەدا جێگەپێی ئەو بوونەوەرەی هەڵگرتووە و بەدوای ئەو دەنگەدا گەڕاوە کە بانگی کردووە، بەڵام دواجار گەیشتووەتە جێگەیەک کە بە ئاسمان دەستی پێ کردووە و ئیدی بۆ درێژەدان بە گەڕانەکەی و بەرەو دوورتر ڕۆیشتن، پێویستی بە دوو باڵی گەورە بووە.

وەک خۆی دەیگێڕایەوە لەناو ئەو بەفرەدا و بە دەم ڕۆیشتنەوە هێند گۆرانی گوتووە کە ئیدی گەرووی شەقار شەقار بووە و چیدی دەنگی دەرنەهاتووە... بەڵام بەبێ دەنگیش هەر گۆرانی گوتووە و گەڕاوە و هەر گۆرانی گوتووە.

من بە میوانداری کردن و دانیشتن لەگەڵ خودادادا زۆر خۆشحاڵ دەبووم. ئەو پیاوە پڕ بوو لە حیکایەتی بریندار، لە بەسەرهاتی سەیر سەیر، لە وردەکاری بچووک بچووک کە دەیبردیتەوە بەر سێبەری درەخت و نێو مێرگی مەیلەو ئەرخەوانیی برینەکان. وەک خۆی جارێکیان دوای لێبوونەوە لە گۆرانییەک گوتی: "فەیزوڵڵای حەوت برا، هێند بریندارم، زۆر جار کە بە ڕێگەدا دەڕۆم، هەست دەکەم خوڕ خوڕ خوێنم لەبەر دەڕوا، ناچار دەبم خۆم بگەیەنمە بەر سێبەری دیوارێک، یان ژێر درەختێک و پشوویەک دەدەم تا برینەکەم خۆش دەکاتەوە قەیرێک بەدیار خۆمەوە دانیشم."

خوداداد لە گەرمەی گێڕانەوەی حیکایەتە ئەنفالەکانیدا، کاتێک کە ئیدی وشە بە هانایەوە نەدەهات و دەنگی کپ دەبوو، ئەوسا وەک ئەوەی دوعا بکات، یان داوا لە هێزێک بکات یارمەتی بۆ گێڕانەوە، یان گۆرانی بدات، سەرێکی هەڵدەبڕی، دەستێکی دەنایە پەنا گوێی و ئیدی دەیدایە چریکەی ئای ئای و خاوکەر و قەتار و ئەلّلاوەیسی. سەیرم لێدەهات کە چۆن ئەو دەنگە قووڵ و زوڵاڵە لە گەرووی بچکۆلانەی ئەو جەستە لاواز و باریکەلەیەوە کە لە مامۆستایەکی وانەی ڕەسم و سروودی قوتابخانەی گوندێکی زۆر دووری دەکرد، هەڵدەقوڵی. وەک سەرنجم دابوو هەمیشە گێڕانەوەکانی دەیانبردەوە ناو گۆرانی. ئەو هەمیشە دەیگوت: "ئەمەی من بە ناوی گۆرانییەوە دەیڵێم، نازانم ئاخۆ گۆرانییە، یان چییە، ڕاستت دەوێ گۆرانی شێوازێکی ڕوحە بۆ ڕاڤەکردن و گێڕانەوەی سەرگوزشتەی جوانی."

دەمگوت: "خوداداد... ئەی گریان؟"

دەیگوت: "گریان شێوازی جەستەیە... ئا... شێوازێکی جەستەیە بۆ گێڕانەوەی حیکایەتی ئەوەی کە شوێنێک دێشێت، کە جێگەیەک ئازاری هەیە."

من دەمزانی لەودیو هەر حەکایەتێکی خوداداەوە گۆرانییەک ملەقوتێی بوو. ئەو کە دەدوا، گوێم لێ بوو وردە وردە قسەکانی دەبوونە گۆرانی، کە دەگریا، کە حیکایەتی دەگێڕایەوە، کە باسی ئەنفالەکان و ڕاپێچکردنیانی بەرەو بیابانەکانی مەرگ دەکرد، وردە وردە گێڕانەوەکانی دەبوونە گۆرانی، کە بێ دەنگ دەبوو، بە ئەسپایی دەنگی خوڕەخوڕی گۆرانی لە بنی بێ دەنگییەکەیەوە سەری دەردەکرد، تەنانەت لە پیاسە دووردرێژەکانماندا، سەرنجم دابوو کە بە ڕێگەدا دەڕۆیشتین، گۆرانییەک شنەشن وەک سێبەر لەتەکماندا ڕێی دەکرد، بەڵام خوداداد بەوەشەوە هێند پڕ بوو کە هیچ بە فریای نەدەگەیشت، نە قسە و نە حیکایەت و نە بێ دەنگی و نە گۆرانی. کە لە گۆرانییەکەی دەبووەوە، دوای کورتە وچانێک، بە ئەسپایی و بە نائومێدییەوە فوویەکی توندی لەو پەپوولە پاییزە سپییانە دەکرد کە لە گەرمەی گۆرانی گوتنەکەدا لە گەروویەوە هاتبوونە دەرەوە و بڵاوەی پێ دەکردن، پاشان بەدەم هەڵکێشانی هەناسەیەکەوە دەیگوت: "فەیزوڵڵا... فەیزوڵڵای خۆراسانی، گەڕان بە دوای هەر ونبوویەکدا دەماندا تە دەست گەڕان بە دوای ونبوویەکی تر، بەڵام کە دەیدۆزینەوە هەست دەکەین ئەو شتە نییە کە پێشتر بزرمان کردووە و بە دوایدا گەڕاوین."

خودادادا به غـەمی کـەسێکەوە کـە هەزاران سـاڵ بێت مـرواریـیـەکی غـەمگینی لەبنی حـیکایەتێکدا لێ بزر بووبێت، دەیگوت: "وەسـتـا فـەیزوڵڵا... دەزانیت لە کـارەساتی ئەنفالەکـاندا شتێک نەما بزر نەبێ، هەر لە پەپوولە و گوڵێکەوە تا باڵندە و مرۆڤ و سروشت!"

بۆ جـوولاندنی، دەمگوت: "چۆن خودادادا؟" دەیگوت: "ئا، حەوت برا.... ئێستا پێت دەڵێم. لە سەردەمێکدا لە دوای ڕاپەڕینی خـەڵکی ئێـمـە دژی ئەو فـەرمـانڕەوا زۆردارەی کە دەیانگوت دوو عـەزیا لەسەر شانێ، بەڵام دوای وەدەرنانی دەسـەڵاتەکـەی لە هەرێـمـەکـەی ئێـمـە، دەرکـەوت کـە لە ڕاسـتـیـدا دوو عـەزیا نەبوون، بەڵکو هەزارەها عـەزیا بوون و دواتر دەرگـەی کـۆشکیـان بۆ کـرایەوە و بەرەڵڵای مـاڵ و جـادە و گـەڕەک و کـۆڵانی شارەکانی وڵات کران، زەمەنێک کە ئیدی هیچ مرۆڤ و باڵندەیەک نەمابوونەوە، کـاتێک لە ئۆردوگا هەڵهـاتم و هاتمەوە ناوچەکـەمـان، بینیم تا چاو بڕدەکـات هەر چۆڵەوانی بوو، نەک دەنگی ئەو شـتـەی بەدوایدا وێڵ بووم، بەڵکو دەنگی هیچ شتێکی تریشم نەدەبیست. هەر دەتگوت بەتەواوی کەڕ بووم. ترسام و ناچار لە گوند و ناوچەکـەی خـۆمـاندا لە گـەڕان بەدوای سـەرچاوەی ئەو دەنگەدا کـۆڵم دا کـە بانگی دەکـردم، چ باڵیـشم شک نەدەبرد تا ئاسمانی بە دوادا بگەڕێم، ئیدی لە جادەکانی شارێکی گەورەدا کە ناوی شەونمئاباد بوو، کەوتمە دوای دۆزینەوەی، بە کۆڵان و بازاڕ و باخ و سەر شۆستەکانیدا کـەوتمە گـەڕان، ڕۆژانە وەک شـێت پێـیـانـدا دەهاتم و دەڕۆیشـتـم، وردە وردە تا دەهات ڕووبەری گـەڕانەکـەم بچووک و بچووکتر دەبووەوە تا وای لێهات کە ئیدی لە بستێک ئەرزدا بە دەوری خۆمدا دەسووڕامەوە و تەنیا دەنگی تەپەی دڵ و هەناسەبڕکێی خۆمم دەژنەوت."

دەمگوت: "نەتدۆزییـەوە؟ لەو شـارەش کـە ناوی شەونمئاباد بوو، ئەو دەنگەت نەدۆزییەوە؟"

دەیگوت: "نا فـەیزوڵڵا گیـان نەک هەر نەمدۆزییـەوە، بەڵکو لەوێ نائومـێدتر بووم لە گـەڕان. لەوێ لەبری ئەو دەنگەی کـە بەدوایدا دەگـەڕام، زیاتر دەنگی جـۆرە پێکەنینێکم دەبیست... پێکەنینێکی سەیر و نامۆ کە لەوەوبەر لەو شارەدا بەرگوێم نەکەوتبوو... پێکەنینێک ناشـیـرین و گـرنج گـرنج و ناخـۆش. نا بـبـوورە... ئەوە پێکەنین نەبوو، بەڵکو زیاتر حـیلکەحـیلک بوو، زیاتر حیلکەحیلکی ژان کردن و کەوتن لەسەر گازەرای پشتی دوای نوکتەگێڕانەوە و ڕشانەوە و مەستبوونێکی زۆر بوو. ئا فـەیزوڵڵا.. ئەو سـەردەمەی دوای ئەنفالەکـان و دواتر ڕاپەڕینی ئێمە، گەورەترین سەردەمی نوکتە بوو... ئا... گـەورترین سـەردەمی نوکـتـە بوو، گـەورەترین سـەردەمی نوکتە!"

بە دەم تێکەڵکردنی مشتێک ئاگرەوە بە توێژاڵی ئاو، دەمگوت: "باشە مامۆستا خودادادا، تۆ کوێ دەگەڕایت؟ دڵنیـایت باش بۆ ئەو شـتـە دەگـەڕایت کـە دەتویست بیدۆزیتەوە؟"

جگەرەیەکی پێ دەکـرد و دەیگوت: "هەمـوو شـوێنێک فـەیزوڵڵا، هەمـوو شـوێنێک دەگـەڕام. کونوقوژبنی ئەو باخانە دەگەڕام کە تا ئەو کات تاکوتەرا لە شاردا بەپێوە مابوون، ئەو کۆڵان و پیادەڕۆی جادانەی کە تا ئەو کات جێگەیەک بوون خـەڵکیـان بەسـەردا دەڕۆیشتن، ناو ئەو بایانەی کە تا ئەو کـات تاکوتەرا بەنێـو درەختـەکـاندا دەیانوژاند، تەنانەت بن لم و زیخی داخبووی بیابانەکانی باشووریشی بەدوادا گەڕام."

– ئەی گـۆرانی؟ ئەی ئەو دەنگە خـۆشـەت فـریات نەدەکەوت و ڕوحی نەدەلاواندیتەوە؟

قـووڵ سـەرنجی ئەرزەکـەی دەدا و پاشان شـتـێکی زۆر ورد، کـە بە چاوی ئاسـایی نەدەبینرا، هەڵدەگـرت، وەک مـەرجـانناسـێکی شـارەزا دەیخـسـتـە بەر چاویلکە زەرەبینەکەی و ورد تەماشای دەکرد.... لە گوێی نزیکی دەکردەوە، ئینجا زۆر لەسەرخۆ لەسەر ئەرزەکە دایدەنا و وەک بڵـێـیت نەوازشی بکات، پەنجـەی پێدا دەهێنا.. ئینجا دەیگوت: "نا وەسـتـا فـەیزوڵڵا.... ئاخـر ئیـدی زەمەنی گۆرانییە ناخۆشەکان دەستی پێ کردبوو. زەمەنی جـۆرە گـۆرانیـیـەک کـە برینداری دەکـردیت و بچـووکی دەکـردیتـەوە و ژەنگی بە ڕوحت هەڵدەهێنا، جـۆرە گـۆرانیـیـەک کـە جـوانی و شکۆ و ڕێزیان لە مـرۆڤـدا دەکوشت."

– ئا... بەڵام خۆ تۆ دواجار ئەو بەهرەیەت لە خـۆتدا هەر پاراست و بزرت نەکرد.... ئەو دەنگەت لەناو خۆتدا هەڵگرت و شارە و شار لەگەڵ خۆتدا هێنات.

– لێت ناشـارمـەوە کـە لە ناوەوەڕا حـەزی گـۆرانی خەریک بوو سەری دەکرد و دەیتاساندم، بەڵام وەک پێم گوتیت زەمەنی گۆرانییە ناخۆشەکان دەستی پێ کردبوو،

زەمەنێک کە حەشاماتێک دەستی یەکیان دەگرت و ڕیزیان دەبەست و بەو گۆرانییانە هەڵدەقوونینەوە و هەڵدەپەڕین و دەکەوتنە هەڵەکە سەما.

دوای بێ دەنگییەک کە خوڕەی گۆرانییی لێوە دەبیسترا، دەیگوت: "فەیزوڵڵا... من زیاتر خەمی منداڵانم بوو کە لەو زەمەنی گۆرانییە ناشیرینانەدا گەورە دەبن و گوێیان بەو دەنگە نەشازانە دەڕژێت، خەمی قوتابییەکانم بوو، خەمی ئەو کوشتارگەیەم بوو کە ڕێز و جوانی تێدا خلتانی ناشیرینی دەکرا... زۆر جار خەونم بەوەوە دەبینی کە ڕۆژێک لە ڕۆژان بتوانم بچمەوە گوندەکەی خۆمان و لەگەڵ منداڵاندا دەست پێ بکەمەوە.... بە خۆم دەگوت ئەم جارەیان ئەرکی سەرشانمان قورستر دەبێت، دەمگوت ئەم جارە دەبێت ڕێز و لێبوردەیی و جوانی بەر لە وانەی ماتماتیک و جوگرافیا و ئەلفوبێی کوردی، بە منداڵان بڵێینەوە."

بەیانییەکیان زوو هاتمە دەرەوە و بینیم کۆڵان بە شێوەیەک پڕە لە پەپوولە پاییزە کە چاو چاوی نەدەبینی.... هەر لە خۆمەوە دڵم ختووورەی شتێکی کرد.... خامۆشییەکی سەیر باڵی کێشابوو، گوێم هەڵخست، سەیرم لێ دەهات کە بەو بوولێڵە دەنگی خوداداد دەهات کە گۆرانییە خەمگینەکەی خۆی، ئای ئەڵوەن... ئای دەگوت. لەسەری کۆڵاندا ڕاوەستام و چاوەڕێی بووم تا بێت و لەو بەیانییە زووەی دوا دوای پاییزە شەرابییەدا کە بۆ من لە هەر شتێکی تر جوانتر بوو، پێکەوە بچینە باغێک، بۆ خۆمان لەسەر سەکۆیەک دانیشین و حیکایەتەکانمان کە تەواوبوونیان بۆ نەبوو، پیشانی یەکتر بدەین. جگەرەیەکم پێ کرد و چاوەڕێی بووم، بەڵام دەنگی ئەمبوڵانسێکم بیست کە بە لوورە لوور و بە خێرایی بەلامدا تێپەڕی و تێکەڵ بە دەنگی گۆرانییەکە دەبوو. من هەر چاوم دەگێڕا و زیاتر سەرم دەسوڕما، بەڵام دڵنیابووم کە ئیدی تەواو.... دڵنیابووم کە چیدی مامۆستا خوداداد نابینمەوە بەو کرێوەی پەپوولەیەدا زانیم کە مامۆستا خوداداد لەناو پەپوولە پاییزەی گۆرانیدا دەمرێت.

دواتر پزیشکێکی کوردی گەنج ئێوارەیەکیان کە هاتبوو ئاوێنەیەک بۆ خۆی بەکردن بدات، بە سەرسوڕمانەوە بۆی گێڕامەوە، کاتێک خوداداد بە ئەمبوڵانسەکە و بە کرێوەی (ئای ئەڵوەن.... ئای)یەوە گەیەنراوەتە نەخۆشخانە، ئەوەندە پەپوولە پاییزەی تێ ئاڵاوە کە بە دوو سێ دکتۆر و چەند سستەر و بەردەستێک و بە باوەشێنی گەورە هەر خەریکی ڕەواندنەوەی پەپوولەکان بوون، بە ڕادەیەک ژوور و قاوشەکان پڕ لە پەپوولە پاییزە بوون کە چاو چاوی نەبینیوە، بەڵام کاتێک هەرچۆنێک بووە پەپوولەکانیان ڕەواندووەتەوە کەسیان لەسەر برانکاردەکە نەبینیوە، بەڵام هەر زایەڵەی ئای ئەڵوەن... ئای، لە ڕاڕەو و حەوشەی نەخۆشخانە و باخچەکانی دەوروبەریدا دەنگی داوەتەوە.

دەبێ بڵێم کە بە درێژایی ئەو وەرزە و وەرزەکانی دواتریش، زریانی پەپوولە پاییزەی گۆرانییەکی بریندار و خەمگین کە تەنیا وشەی (ئای ئەڵوەن... ئای)م تێدا دەناسییەوە، لە کۆڵان و بەر پەنجەرەکاندا هەر وژەی دەهات و خۆشی نەدەکردەوە.

**کۆتایی ٢٠١٠**



# شاییەکەی کاکم

**سولەیمان عەبدولڕەحیم زادە**
**(بۆکان)**

لەگەڵ کۆتایی هاتنی شاییەکە کاتێ خەریک بوو ئاپۆرەی خەڵکی دەڕەویەوە، من لەبڵندترین شوێنی ماڵێ وەستابووم؛ وەک کوندەبوویەک دەمڕوانییە نێو حەوشەکە. لە کەسێکی تایبەت دەگەڕام. لەنێو غەڵبەغەڵب و شلۆقیدا، دۆزینەوەی وەهاکەسێک کارێکی سووک و سانا نییە. هەموو دەیانەوێ بەزووترین کات ئەو شوێنە نەفرەتاوییە بەجێ بێڵن. گەورەکان بەدەست کێشان و پاڵ پێوەنان گچکەکان لە ماشێنەکان دەپەستێون. فڕکە فڕکی ماشێن مرۆڤ وەسەرەگێژە دەخا. دڵم لەژێڵڵا دێ، بەڵام ئەوە گرینگ نییە، دەبێ خۆم ڕاگرم. ئەرێ بۆ هەموو کۆبوونەوەیەک ئاوا تێکم دەدا؟! ئەو بابەتە نە بۆ خۆم، نە بۆ هیچ کەسی دیش ڕوون نەبۆتەوە؛ تەنانەت کاکیشم کە ئەمڕۆ شایی ئەوە- پزیشکێکی ڕێزدار و بەرزەفڕە- سەرەندەری لێ نەکردووە. بەوپەڕی سەرسووڕمانەوە تەنیا ئەوەم بۆ دووپات دەکاتەوە: کاکی خۆم سەبرت بێ، خۆ من نەمردووم، ئەوەشت بۆ چارەسەر دەکەم. پێدەکەنێ و ددانەکانی وەدیار دەکەوێ. تەمەشا چۆنیان لە دەست دەرهێنام! دۆیەک پیلی دەگرێ و ڕایدەکێشێ یەک بە خۆی هاوار دەکا: باش بڕوانە!

دەنگی دەڵێی لە نێو بیرێکی زۆر قووڵ دێتەدەر. ددانەچیرە دەکەم، هەست دەکەم تووکی سەرم لە پێستەکەی جیا دەبێتەوە.

وەک هەمیشە بەقسەی کاکم کردووە، ئێستا لەم شوێنە ڕاوەستاوم، زۆر ورد دەڕوانم: لەپڕ هەست دەکەم کابرای دووزەلەژەن خودی خۆیەتی، هەر ئەو کەسەیە لەمێژ ساڵە لێی دەگەڕێم. بە پەلەپەل لەپلیکانە بێ کۆتاییەکان دێمەخوار، یەک بەخۆم هەرای لێ دەکەم. هەموو خۆشی و شادی ناو دڵی دەتارێ؛ بێ ئەوەی بەدەست خۆی بێ،

دەستەکانی بەرەو گیرفانە هەڵمساوەکانی دەچن. دەستی دەگرم و بەرەو ژوورەکەی خۆم ڕایدەکێشم. کابرای بێچارە تف لە زاریدا وشک ببوو، دڵنیام هەوەڵ جار بوو ئاوا حەپەسابێ. بە بەزەییەوە دەست بەسەر و گوێلاکیدا دێنم، دەسرەوکڵاوی تێکچووە. شان و شەپیلکی تەواو تێکقرماوە. قورمێکی خەستوخۆڵ خەریکە وردە وردە بە سەرماندا دەبارێ. "بۆ ئەوە بانگم نەکردووی لە حاندم بحەپەسێی. خەمی هیچت نەبێ، کەس زەفەر بە مەرد نابا. کەوایە مەردی خوا بە و هەوایەکی جوانم بۆ لێدە! مەبەستم هەوای شایی و هەڵپەڕکێ نییە، ئەوانە بە کەڵکی من نایەن."

بزە دەنیشێتە سەر لێوەکانی، لێوەکانم- دەزانم- وشک و برینگ بوونەتەوە؛ بەپێچەوانە لێوەکانی ئەو زیندووترینە، گەش و زیندوو، تەوژمی خۆێنێکی خاوێن بە ئاشکرا لە بن پێستەوە هەست پێدەکرێ. دڵنیام بە هێزی ئەو لێوانەبێ ئەو شتەی من دەمەوێ وەدەست ناکەوێ. ئەوە باسوخواسی لێوەکانی بوو کە لە پێش هەموو شتێکدا وەبەر چاوم کەوت، بەڵام لەوەش گرینگتر ددانەکانی بوو، لە بینینی هەوەڵدا زۆر سەرنجڕاکێش نەبوون، کەچی دواتر ساغ و سەلیمی و درەوشانەوەی لە ڕادەبەدەری سەرسامی دەکردی، هەر ئەوەندەبوو شێت نەدەبووی؛ ئەو شتە ئێکجار خۆشحاڵی دەکردی کاتێ دەتزانی سازی بەدیهێنەر لە پەنای ئەم قەڵا شکۆدارە دادەنیشێ و پرووشەی ئاسمانی ئەو ئاهەنگە یەزدانییانە نەوازشتی دەکا.

(پەکوو، لەو هەموو قسە قۆڕانەی بەمێشکمدا هاتوچۆ دەکەن، بەڕاستی ئابڕوو و حەیای پێوە نەهێشتووم. کەس نییە پێم بڵێ کێ ئیزنی ئەوەی پێداوی کاتی زێڕینی هونەرمەندێک ئاوا بکوژی؟ تووشی سەرسوورمانی بکەی و زۆر بێ بەزەییانە شادمانی لە خەڵک زەوت کەی. وا باشترە سوێند بخۆی ئیتر هەرگیز بەم قسە بێ مانایانە کاتوساتی پڕبایەخی جیهان ناگری و ... حەی ... دیسان زۆروەڕی و ئیفادە فرۆشتن، ئێستا بە باشی دەزانم پێویستە دۆخەکە بگۆڕم.)

- دەی زوو بە، بە قوربانت بم. خۆشترین ئاهەنگ، کەس نەیبیستبێ، دەبێ ئەنتیکە بێ، تێگەیشتی؟!

کابرای دووزەلەژەن بێ ئەوەی ئاگای لە من بێ، یەک لە دوای یەک قاقا دەکێشێ. تەواو هەست دەکەم کایەم پێ دەکا. سازەکەی بە دەستەوەیە، بەڵام بێ هۆ خەریکە هەموو کەلێن و قوژبنی لیباسەکانی دەگەڕێ. دوایی هەر بە دەم پێکەنینەوە گیرفانەکانی منیش دەگەڕێ.

- دەمت بکەوە! کوانێ؟ چت لێ کردوون، پێم بڵێ دەی!

- چیت دەوێ؟

وەک ئەوەی جنێوی پێ درابێ، لە تووڕەییدا سوور هەڵدەگەڕێ: بە شێتم دەزانی!؟ شتی ئاوا گرینگ لە من دەشارییەوە؟ بە خۆت کەری!

بە زۆری دەتوانم دەم لێک هەڵپچڕم، بە فلتە فلتێکی یەکجار ناخۆشەوە دەڵێم: "من ... کەرم ... کەر ... چیت لە جیانم دەقێ؟!"

کابرا ئەوەندەی کە گەشکە دەیگرێ، بە هەردوو دەست بە چۆکی خۆیدا دەکێشێ: بەڕاستی سەیرە! کوڕە ئەوە چت بەسەر هاتووە!؟ بۆ وات لە خۆ کردووە؟ ئەی کوا ئەو ئەڵماسانەی شانازیت پێوەدەکرد!؟ چت لێ کردوون؟ بە کامە بازرگانی بیانیت فرۆشتووە؟ لە بیرتە چ گازێکت لێ دەگرتن، خۆ سنگ و مەم و تەنانەت نەرمایی گوێت نەدەپاراست.

چاوی تەواو خوێنی تێزاوە، بە وێنەی گورگێک هاشاوڵ دێنێ، وەک ئەوەی بیەوێ هەڵمدڕێ.

- لەبیرتە چەند گوێی مەمکت پێ بریندار کردووە. خۆت لە نابەڵەدی مەدە! کەس وەک من ناتناسێ، بەڵام زۆر سەیرە، ئەی بۆ وات لێهاتووە؟ چۆناوچۆن ئەو شمشێرانەت لە کیس چووە؟

بێ ئەوەی بەدەست خۆم بێ، چاوەکانم پڕ لە فرمێسک بوون. قەت چاوەڕێی ئەوە نەبووم ئاوا بێ ڕەحمانە هورووژمم بکرێتە سەر؛ ئەگەر بمزانیبا ئاوام بە سەر دێ ددان بەجێی خۆی، دەستم لە چاوانیش هەڵدەگرت و تاریکیم هەڵدەبژارد. زەحمەتی گەڕانم بە خۆم نەدەدا و حەتمەنیش تووشی ئەم چەرمەسەرییە نەدەبووم. کۆخینێکی جەحەندەمی ئاوقام دەبێ، وێکم دێنێتەوە. بەرەو زەوی دادەچەمێم، کەچی بەزەجر و بەدبەختی من زیاتر شاد دەبێ، بەتەواوی هێزی خۆی قاقا دەکێشێ. دەزانم ئیدی ئاگای لەمن نییە، دووزەلەکەی دیسان ناوەتە قەدی پشتێنەکەیەوە. بەدەنگێکی نەرم هاوڕێ لەگەڵ پێکەنین گۆرانییەکی کۆن دەڵێتەوە. هەرچی هەوڵ دەدەم تەنیا هەست بە بزووتنی لێوەکانی دەکەم، هیچم بۆ

ساغ نابێتەوە. ناوێرم دەست بۆ گوێیەکانم بەرم. دەزانم چی چاوەڕوانمە. بەئەسپایی بەرەو پەنجەرەکە دەچێ، چاوە بێ شەرمەکانی دەبڕێتە جێگایەکی نادیار، دەنگ و سەدای چی! چریکە بوو. باڵندەی لە ئاسمان ڕادەگرت. نەمدەوێرا لە هەموو جێیەک گۆرانیت پێ بڵێم، ئاژاوەی دەناوە؛ ژن و پیاوی لێک دەکرد. ئەویندارانی دەتاراند، ئەوینی تازەی دروست دەکرد؛ کە ئاکامێکی جگە لە تاڵی نەبوو. زەرنیخ! ئەرێ، ئەوە تەنیا کاری زەرنیخە، هەر ئەو دەتوانێ کارەساتی ئاوا بخولقێنێ. من قەت بڕوام نەدەکرد لە هەلومەرجێکی ئاوادا دیسان تووشت بمەوە؛ جا من چوزانم گورگی جاران وەها دووچاری شکست و کول بوون هاتووە. باوەڕ بکە پێم خۆش نەبوو ئاوا زەلیل بتبینم.

دیسان بێ شەرمانە قاقا دەکێشێ، درۆ دەکا، هەمیشەی خودا هەر درۆی کردووە.

– لەوانە گەرێین، کەڵەک باز! ئەم برایەت لە کوێ هێناوە؟ تا ئەو جێگایەی من خەبەرم بوو تۆ تاقانە بووی، تاقانەی بێ بەرەکەت!

ئەو قسەیەت بە ڕاستی وایە، ئەوەش زۆر سەیرە جا چەندە زیرەکە! لەناو ئەو حەشیمەتی شایەر و سازژەنە یەک ڕاست هات و ئەمنی هەڵبژارد. یانی تۆ پێت وایە ئەم کارە هەر بەرێکەوت بووە ؟! نا ... پێم وانییە. ئەو ئانوساتە خۆزگە بتدیبایە، چاوەکانی بریقە بریقێکی سەیریان بوو. بەهێزوقووەتی خۆی بەری دەستەکانی لە یەک دەخشاند. وەک ئەوەی گرینگترین و پڕ بایەخترین شتی جیهانی دۆزیبێتەوە. ئەوەش بەجێی خۆی، من سالانێکی زۆر بوو دەستم لەم کارانەهەڵگرتبوو، گۆشەی خەڵوەتم لە گشت کۆڕ و بەزمێک پێ خۆشتر بوو. ساز و دمبەکم لە مێژ بوو وەلا نابوو، بەڵام دەتکوت دڵم خەبەری داوە، بە دیتنی ئەو ئۆقرەم لێ هەڵگیرا، بە خۆمم کوت ئەم جارە جیاوازە، ئەم جارەیان بۆ دوایین جار دەچم بەشکم بە ئاواتی خۆم گەیشتم و ونبووی خۆم دۆزیبیەوە. بڕوا بکە بە دیتنی کاکت ... کاکی تۆ؟! سەیرە، بەڵام تا ئەوەندەی من لەبیرم بێ تۆ دەتکوت برات نییە، یانی خراپ تێگەیشتووم؟! نازانم ...

بە پێکەنینەوە سەر ڕادەوەشێنێ.

– دەی، ئەمە زۆر گرینگ نییە. با باسی شتی تر بکەین؛ ئەرێ بەڕاست ئەو بەزم و شاییەت پێ چۆن بوو؟ دەمەوێ ڕاستییەکت لە لا بدرکێنم، بەینی خۆمان بێ من لەم شاییەدا خۆشەویستێکم دەستەبەر کرد.

حیزانە پێدەکەنێ و ڕیزێک ددانی وەدیار دەکەوێ، ددانی زێڕ. جا توخوا بۆ خۆتان لێکیدەنەوە. دەستەبەرکردنی خۆشەویستی! لەوە سووک و چرووکتر دەکرێ باسی ئەویندارێ بکرێ؟ ئەگەر ئەم شەیتانە تەنانەت بیر لەعەشقیش بکاتەوە، دەیچڕژێنێ و گلاوی دەکا، چ بگا بەوەی ئاکاری عاشقان بنوێنی.

غەڵەتی زیادی مەکە! کێ کوتوویەتی من ناتوانم عاشق بم؟ چ کەموکوڕییەکم هەیە ؟! کوێرم؟ کەڕم؟ شەلم؟ قۆڕم؟ نا ... شوکر چوار ستوونی بەدەنم ساغە. لە ماڵی دنیاش بەشی خۆم هەیە، ئەوەتانێ.

ئاماژە بۆ گیرفانە هەڵمساوەکانی دەکا.

– هەڵبەت، دەبێ ئەوەش بڵێم ئەم ڕێکەوتە پڕ خێروبەرەکەتە، من لەسایەی کاکت و زەماوەندی ئەوی دەزانم، هەر بۆیەش دەمەوێ ڕێزوسوپاسی تایبەتی خۆمی پێڕابگەیەنم، ئەگەر داوەتی ئەو ڕێزدارە نەبووایە، من کەی دەمتوانی تووشی ئەم گشتە ڕووداوگەلە شیرینەبم، هەوەڵ دۆزینەوەی هاواڵێکی کۆن.

"مەبەستی منی بەدبەخت و دەغەزارە."

– دواتریش خۆشترین ڕووداوی ژیانم، دۆزینەوەی جوانترین بوونەوەری جیهان.

"هەر بەڕاست دەعبای وا هەر نەبووە، تەماشا، چلۆن باسی خۆشەویستەکەی دەکا، دەڵێی لەلای ئەو مرۆڤ شتێکی وەک میکرۆب و ئامیب... وایە. قسەکانی نیشاندەری ئەوە نییە دڵۆپێک ئەوین تکابێتە ناو دڵییەوە."

– ئەرێ، ئەمەش جێگایە منت بانگ کردۆتە نێوی! هەر لەنێو قەفەزی ئاوادا دەژی، بۆیە ئاواشت بەسەر هاتووە. هەوای بۆگەنی ئەم شوێنە گنخاندووتی.

ورد تەماشای دەوروبەر دەکا، بۆن دەکا، لووتی هەڵدەقرچێنێ. بەدوو قامک توند کەپووی دەگرێ، یەک دوو جار سەر دەلەقێنێ.

– جا تۆ خوا پیاو لە ناو زەلکاوی ئاوادا چۆن دەتوانێ بژی، نا، ناکرێ... تۆ ئاوا بەئێکجاری دەڕزێی، دەبێ فیکرێکت بۆ بکەمەوە؛ ئەم شوێنە نەفرەتاوییەی لەشت بەجێی خۆی، ڕوحیشتی ئالوودە کردووە. پێت خۆش بێ یان نا، دەبێ ڕزگارت کەم.

بڵێی چ گوناهێکم کردبێ ئاوا غەزەب بە سەرمدا دەبارێ.

– ناتوانی بڕۆی؟! ڕاست دەکەی! هیچ ناڕەحەت مەبە، ئەی من بۆ لێرەم.

قاقایەکی ژەهراوی دەکێشێ کە لە نێو مێشکمدا دەنگ دەداتەوە.

– وەرە کۆڵم، نا پێت عەیب نەبێ. من و تۆ ئەوانەمان نییە! من و تۆ وەک برا واین، هەڵبەت تۆی لامەسەب گەورەتری. کاکمی بەخوا. من دەتوانم لێرانە ڕزگارت کەم. پێت چۆنە بچینە سەر بڵندترین شوێنی ئەم عەمارەتە شکۆدارە؟ لەوێوە هەموو شتێک دیارە، هەموو ئاسەوارە ڕووخاوەکان، گشت بنیادەمە زەلیلەکان. پێویستە تۆ حەتمەن بیانبینی. وەرە با بڕۆین! من دڵنیام ڕزگاریدەری تۆم. ئەو کەسەی لە مێژ ساڵە چاوەڕوانی دەکەی. بینایییت داهات و هەر نەهات، بەڵام ئێستا شاد بە کە ڕۆژی جێژنی تۆش گەیشت. وەک پووشێک هەڵم دەگرێت و لە کۆڵم دەکا. لە سەرتاسەری تەمەنمدا هەرگیز لەشی هیچ کەسم ئاوا گەرم و بەتین نەدیوە، تەنانەت دەتوانم بڵێم داغ و سووتێنەرە. دەڵێی خستوویانمە سەر پۆلووی ئاگر، هەست دەکەم خەریکە خوێنی ناو ڕەگەکانم دەکوڵێت و دواتریش دەبێتە هەڵم، تووکی ئازای ئەندامم هەڵدەپرووزێ وەها توند گرتوومی پێم وانییە هەرگیز بتوانم لە کۆڵی بێمەخوارێ، تەنانەت دەتوانم سوێندتان بۆ بخۆم لە زۆر جێگا گۆشت و پێستمان لەگەڵ یەک تێکەڵ بووە. نێوشانم چەسپیوە بە پشت شانەکانییەوە. هەست دەکەم دەستەکانی تەواو لە نێو گۆشتی سمتەکانمدا نقوم دەبێ. خەریکە دەبین بە یەک، ئەوەش نازانم لە خۆیدا هەڵگری چ مانایەکە، چاکە، یان خراپ. هەر ئەوەندە دەتوانم بڵێم بە پێچەوانەی بیرکردنەوەی سەرەتاییم، ئێستا پێم شتێکی زۆر ئاساییە؛ شتێکی جەبری و حەتمین کە تەنیا زەمان وەدرەنگی خستبوو.

– ماڵت نەشێوی بۆ کۆشک و سەرایێ هەتانە! ئەوە هەر نەگەیشتینە سەر بورجەکانی؟ هێندە پلیکان وەسەر کەوتم، خۆ گیانم دەرچوو، لە ئەژمار نایەن. هەزاران جارم با داوە و دیسان چەم و خەم تەواو نەبووە، ئەرێ نایە خوارێ، کەمێک وەحەسێین؟ یەکجار ماندوو و کەنەفت بووم. ئیتر ناتوانم لەوە زیاتر کۆڵکێشت کەم. دەی وەرە خوارێ! هێز لە ئەژنۆمدا نەماوە.

ئیتر کار لە کار ترازاوە، بە پێ خۆشبوونی کەس نییە، ئەو بەجێی خۆی، تەنانەت هیچ کەس هیچ کارێکی پێ ناکرێ. من چۆن دەتوانم دابەزم، لە کاتێکدا وردە وردە خەریکم لەگەڵی دەبمە یەک و لە نێویدا دەتوێمەوە. ئێستا دەبینم بە لانی کەمەوە نیوەی کەللەسەرم نقوم بووە. تەنیا مۆغەرەی(*) پشتم ماوە و بەس! ڕانەکانم و ناو گەڵم لە مێژە ئاوێتەی بوون. سمتەکانم؟ بەڕاستی بڵێی هەستی بەوە نەکردبێ، ئیتر هیچ شتێک لە ناو دەستوپەلیدا نەماوە. زمانم لە سەر زمانی توێ توێ ڕا دەکشێ، دوای کاتێکی درێژخایەن هەست دەکەم خەریکە بەر دەبێ و وەکار دەکەوێتەوە.

– دەمەوێ شتێکت پێ بڵێم، بەڵام گاڵتەم پێ مەکە! من هەموو منداڵی و مێرمنداڵیم لەنێو ئەم ماڵەدا بەسەربرد، کەچی قەت بە جوانی و تێروتەسەلی تەماشام نەکردبوو. قەت بیرم لێ نەکردبۆوە ئەوەندە ژوور و پلیکانی بێهوودە و نهۆمی بێ ئەژمار و قوڕی هەبێ. بەڕاستی لە تەواوی تەمەنمدا ئەوەندە ماندوو نەبووم. هەست بە گەرمایییەکی سەیر دەکەم، بەڵام عارەقەشم نەکردووە. دەڵێی ڕووبارێک بە تەوژم دەڕژێتە ناو ڕەگەکانمەوە قوڵتە قوڵتی خوێنمە خەریکە دەکوڵێ. هەست دەکەم هێز و گوڕێکی سەیر و لە ناکاو ڕژاوەتە دیوای دەروونمەوە. یانی ئەوەندە بە قەوەت بووم؟ بڕوا بکە تۆ یەکجار سووکی، دەڵێی پووشێکم هەڵگرتووە. هەڵبەت دەبێ ئەوە باش بزانی لەش سووکی هەنگاوی هەوەڵە، ئەوەی گرینگە ڕوح سووکییە.

جا تو خوا، وەرە و مەمرە لە داخان، کێ خەریکە وتار بێژیم بۆ دەکا! بڵێی شەیتان ئامۆژگاری بکا، دەبێ چیت بە سەر بێ! باشە شوکر بۆ خوا، گەیشتینە سەرێ و لە دەست ئەم قسە قۆڕانە ڕزگاریم دێ. دەمەوێ لێی جیا بمەوە و لە کۆڵی بێمە خوارێ، بەڵام زۆر چاک دەزانم ئیدی ناکرێ، بۆیە هەوڵ دەدەم دەستبەرداری ئەم بیرە بم. سەیر ئەوەیە ئەویش هیچ هەوڵێک بۆ ئەم کارە نادا، هەر دەڵێی لەبیریشی نەماوە. تەمەشایەکی ئاسمان دەکەم. هەورەکان تەواو هاتوونەتە خوارێ، دەتوانم بڵێم تا چاو هەتەر دەکا تەمتومانە و بەس! ئێستا لەبەرزترین شوێنی بیناکە وەستاوم. خەڵکی دەستە دەستە لە ماڵێ دەچنەدەر. هێندێک لە کوڕ و کچی لاو خەریکن بۆ دوایین گەڕ هەڵدەپەڕن. کاکم لە بەر دەرگای ماڵێ

وەستـــاوە و مـیـــوانەکـــان بە خـێـرهاتن دەکـا. دەسـتی ئافـرەتێکی لەنێـو دەست دایە، ئەویش وێڕای کـاکم لە هەمبەر خەڵکدا سەری بە حاڵ دادەنەوێنێ و لەوە دەچێ سوپاسیان بکا. هەرچی هەوڵ دەدەم دەموچاوی بە جوانی نابینم. بە دەستێک داوێنی کراسی بووکێنی گرتووە و بە دەستێکیش چەپکێ گوڵ.

– لەگەڵ ئەم هەمـوو بەدبەختی و چەرمەسەرییەی تا ئێستا بە سەرم هاتووە، هیچ کات هێندەی ئەلحان شاد نەبووم، ئەوە خەریکە سەرکەوتنی مەزنی خۆم دەستەبەر دەکەم، ئەو شتەی لەمێژ بوو عەودالی بووم بەپێی خۆی کـەوتۆتە داومـەوە، بۆ خـۆی هاتۆتە بەر دەرگـا و بانگم دەکا.

چاوەکـــانی ئاوری لێ دەبارێ، دەمی منیش ئاوی تێزاوە، لیکمان بەر بۆتەوە، ئەو بە لای ڕاستی لێوی، من بە لای چەپدا؛ هەرکام بەری دەستێکمان عارەقەی کردووە، دڵمان بە حوجەت لێ دەدا.

– ئەرێ پێت نەکـوتم ئەوەی ئەم هەمـوو شـیـعـر و بالۆرەیەی بە سـەردا دەڵێی کـێـیـە؟ خـۆ نهـێـنی نیـیـە نەتوانی بیدرکێنی. پیشانمی بدە، بزانم ئەو شـازادەیە کامەیە! بە ڕاستی پێم خۆشە ببینم کێت ساز کردووە.

– هەر بەڕاسـتـە! دەتەوێ خۆشەویستەکەم ببینی؟ یانی پێویستە پێتی بناسێنم! نا ... نا بڕوات پێناکەم، تۆ جێگای متمانە نی. (برێک دەوەستێ و بیر دەکاتەوە، دوایی بزەیەک دەیگرێ و سـەر ڕادەوەشێنی.)، بەڵام تۆ ڕاست دەکەی. ئیتر پێویستە متمانەم پێت هەبێ، هیچ نەبێ ئێستا تۆ بەشێکی هەرە گرینگی لە من! باشە پێت دەڵێم، خۆت ئامادە کە بۆ ئەم داچڵەکینە هەمیشەییە! بڕوانە بۆ خوارێ، ناو حەوشە بگەڕێ! جوان تەماشا بکە! ئەوەتا!

ئەنگوستی ئامـاژەمـان دەگـەڕێ و دەگـەڕێ تا لە گۆشەیەک لەنگەر دەگرێ، ڕادەوەستێ. لەحاند خانمێکی ئێکجار جوان کە جلێکی سپی لە بەر کردبوو. ئەرێ چاکی بۆچوون، ئا دەسگیرانەکەی کـاکم بوو، بووکـە نەخشینە. لە پێشدا خەریک بوو زەندەقم بچێ، دڵم بتۆقێ، بەڵام ئەوە زۆری نەخایاند، دەبوو بڕوا بکەم بەم دیمەنە کوشندەیە. بەوپەڕی سەرسوڕمانەوە نە تەنیا شێت نەبووم، بەڵکو دڵنیاییەکی گەرموگوڕ بە نێو دڵمدا بڵاو بۆوە. لەو کاتەدا کـاکم و بووکـەکەی هەردووکـیان ئاوڕ دەدەنەوە. کـاکم دەستی دەکـاتە سێبەری چاوەکـانی و تەماشای سەرێ دەکا.

**(*) نووسراوە مۆغەرە، ڕاستییەکەی مورەغەی پشتە. «ڕامان»**



# تابلۆیەک خوێنی لێ دەچۆڕێ

**بارزان عەلی**
**(ڕانیە - قەرەنیاغا)**

لەبن میچی ژوورەکە، نانا لە هونەری ئەو جاڵجاڵۆکە تێفکری بووم، کە بەچەشنی ئەندازیارێکی سەر سپی، یان ماتماتیک زانێکی بێ خەیاڵ تەونی چنیبوو.

ئەو بە پلیکانەکاندا تراق تراق... تراق تراق سەردەکەوێت، دڵنیام وەک هەمیشە دەرگاکە دەکاتەوە و بە لاقرتێ پێم دەڵێت: ئای... ڕۆژێک ئەم ڕەفە و کتێبەکۆنانە (کە پێش ئەوەی لەدایک ببیت مشک لە بۆنی کۆنیان بێزار بووە) بەسەرتا دادەڕمێن و پان و پلیچت دەکەنەوە. منیش وەک وەڵامە عادەتییەکەم بۆی، دەڵێم: ئەفسوونی من، ئەفسوونی شوێنەوارناس، ڕۆژێک لەنێو کووچە دوور و باریک و پڕ دەستگێڕەکانی گوندی چەرمۆ لەنێو ئاپۆرای خەڵکی ون دەبیت و ئەم ماڵە ناناسییەوە و عەتارچی و توحفە فرۆشەکان لەسەر تابلۆ و وێنە دەگمەنەکانت، شەڕێکی سوور ڕادەگەیەنن، کە دەنگی شمشێریان دەگاتە کەشکەشانی فەلەک.

دەسکی کێلۆنی دەرگاکە بە ئەسپایی نزم دەکات و بەپێچەوانەی هەموو جارەکانی دیکە لە بەشی (کتێبی ئایینی و ئایینناسی) باوەشێک کتێب لە (مانفێستی خواکان، ئاژانسی پەیامبەران، دوانامەی خوا بۆ کچە سۆزانییەک، پەرجوونامەی دوا پێغەمبەر...) ڕێک لەو سووچەی کە تەونەکەی لێ چنرابوو، دادەنێت و قاچە سفت و سپی سپییەکانی دەخاتە سەر. تابلۆیەک لەجێی وێنەی باپیرە گەورەمان هەڵدەواسێت (زۆر کەڕەت باوکم دەیگوت ئەمە وێنەی سەلام چاونازنازی بابە گەورەمانە، لە شەڕی چاڵدێران بە ڕمێکی لە حەیزەران دروستکراو کوژراوە). بێ ئەوەی کتێبە پیرۆزەکان لەجێی خۆی دانێتەوە پێم دەڵێت: ئەم تابلۆیەم لە یووسفی عەتارچی کڕیوە. سەیری لاملی سپی دەکەم، مۆر، یان ئەرخەوانییەک دەبینم هێندەی قۆخێکی گەییوی لەناوەڕاستەوە لەت بوو، لەسەر لاملی سفت و

تەنک و سپی ئەفسوونی شوێنەوار.

تابلۆکە بە چوارچێوەیەکی فلزی کاڵ نەخشێنرابوو، ناوەڕاستی تابلۆکە ئاوێکی شین شین، بەلەمێکی لەدار دروستکراو بە جووتێک سەولی درێژەوە. ژن و پیاوێک لەسەر بەلەمەکە بوون. لای چەپی تابلۆکە، کە کەوتبووە لای ڕەفەی کتێبەکانی ژوورەکە، دەشتاییەکی لمینی سەراباوی. تەنیا پیاوێک، هەردوو دەستی بەرزکردبووەوە. لای ڕاستی تابلۆکە کەنارێک تژی لە باڵندەی سپی لاباڵ خەنەیی، کەنارێکی لێوانلێو لە گوڵ. دەشتاییەک پڕ لە درەخت تا چاو برکا درەخت، بەجۆرێک ئەو باڵندەیە خۆشبەختە کە بەسەریدا بفڕێت و هێلانەی لەنێو چێ بکات. پۆلە باڵندەی سپی بەسەر درەختەکانەوە، هێلانەی سەدان جۆر بلبل. هەست بە شەقەی باڵی باڵندەکان و فێنکی سێبەری درەختەکان و نەغمەی هوزارەکان دەکەم، بەهەشتێکە بۆ خۆی.

سیحری تابلۆکە لە ژوورەکە خستمییە دەرەوە، بەو مەرامەی لە باغەکانی قەراغ شار دیمەنێکی هاوشێوەی بەیان کەم. دوای چەند ڕۆژێک لەنێوان ئەفسوونی تابلۆکە و دزێوی شار گەڕامەوە ماڵەوە، بە شەکەتییەکی بێ وێنەوە دەرگای حەوشە دووردرێژەکە دەکەمەوە. ئەوان دەبینم لەسەر دوو نیشتۆکە چەسپاوەکە بەرانبەر یەکدی دەست لەنێو دەستی یەکدی! تووڵە ڕێیە بەردەبازەکەی نێوانیان بە چوار دەست گیراوە، بە ئەسپایی بەنێویاندا دەڕۆم، دەستەکان لێک دەترازێن. ئەم خیانەتە قبووڵ دەکەم پێشێلی هەستە شەوغییەکەی دڵم دەکەم، ئەگەرچی لەوە تێگەیشتووم، خۆشویستنی ئەفسوون، واتا قبووڵکردنی سەرتاپای ئارەزووەکانی.

ئێستا چەند مانگێک بەسەر ڕۆیشتنە بێ ماڵئاواییەکەی ئەفسوون و عەتارچیدا تێدەپەڕێت، هەموو شتێک لەجێی خۆیەتی ئەفسوون نەبێت، هەموو شتەکان بینایی دەکەم ئەفسوون نەبێت. دوای تێپەڕینی (٢١٧ ڕۆژ) لە ژووری کتێبەکان بەرانبەر تابلۆ شوومەکەی عەتارچی دانیشتووم و خەریکی نووسینی ئەم چیرۆکەم. (جەرجیس) جەرجیسی پرچ لوول دەکەمە چیرۆکخوان، یانیش (پاڵەوانی ئەم چیرۆکە) ئەگەرچی تێگەیشتنم بۆ واتای تابلۆکە گۆڕاوە، بەڵام بەم تەرزە مانای تابلۆکە بۆ جەرجیس باس دەکەم: (جەرجیسی هاوڕێم ئەم تابلۆیە هەوڵێک لە نائومێدییەوە بەرەو ژیانێک تژی لە بەرائەت، خۆشەویستی دەگەیەنێت. جەرجیس ببینە ئەم ئاوە ڕەنگە مانای ژیان بگەیەنێت و بەلەمە دارینەکە هیوای ئەبەدییە لەنێوان ژیانێکی پڕ ئومێد، کە لای ڕاستی تابلۆکە ڕەوە تاوسە کلک درێژە ڕەنگاوڕەنگەکە ئاماژەی بۆ دەکات. ئەها هەموو باڵندە و درەختە سەوزەکان جگە لە واتای خۆشەویستی و ئومێدی ژیانێکی جاویدانی چیتر نابەخشێت! جەرجیس لای چەپ دەبینیت؟ ئەو پیاوەی دوو دەستی بەرزکردووەتەوە، ڕەنگە (من)بم، منی بێ بەش لە جوانی، مەحکووم بە نۆشینی مەینەتی... ناوەڕاستی ئاوەکە ڕێک سەر بەلەمەکە، ئەو ژن و پیاوە جگە لە (ئەفسوون و یووسفی عەتارچی) دەبێت کێ بن؟! گوێت لێیە چۆن پڕ بەگەرووم هاوار دەکەم: ئ ە ف س و و ن... خیانەت واتا گووکردن بە چارەنووس، واتا تفکردن لە جوانییەکانی پیاوێکی بێ سەواد و ساویلکە، کە لە هەموو بێنە و بەردەی تۆ و عەتارچی ناعەتار تێدەگەیشت و خۆی لێ نەبان دەکرد).

لە باسکردنی تابلۆکە نەگەیشتبوومە خاڵی کۆتایی، جەرجیسی پاڵەوانی ئەم چیرۆکە، هەست بە ئازار و هەپروون بە هەپروونی ناخم دەکات. لەنێو وشە و پەرەگرافە نووسراوەکان و کاغەزە سپییەکانی بەردەستم دێتەدەرێ و بەخێرایی و بێ سڵەمینەوە دەچێتە ژووری مەتبەخ، چەقۆیەکی درێژ دەهێنێت، کە چەند سانتیمەترێک لە شمشێرەکەی هاروونە ڕەشید کورتتر بوو، بەرەو تابلۆکە هەڵدەشاخێ و هاوار دەکەم: (نااااا...) بە هەموو هێزی بازوویەوە چەقۆ لە جەستەی پیاوی ناو تابلۆکە دەچەقێنێت و ئێژێت: (بتۆپە وەک سەگ).

ئاه چ چیرۆکنووسێکی بەدبەخت و گەمژەم، ئاخر کەی و لە چ زەمانێک پاڵەوانی ناو داستان و چیرۆکەکان لەنێو نووسینەکان دێتە دەرەوە و بە چیرۆکنووسیش ڕام ناکرێت. پەرەگرافێکی دیکە لەم چیرۆکەی بەردەستت دەنووسم و سەیرێکی تابلۆکە دەکەمەوە، لەجێی کونی سەر جەستەی عەتارچی دڵۆپێک خوێن سوور سوور لە جەستەی دەتکێت. بە شەکەتییەوە هەڵدەستم پارچە پەڕۆیەک لە زەخمەکە بپێچم، دڵۆپێکی گەورەتر تکە دەکات. خێرا فانیلە نیلییەکەم دادەنێم و بە برینی عەتاری نەفرەتییەوە دەلکێنم. پاش ئیستێک، هێزێک وەک هێزی لەبن نەهاتووی ئینسانێکی تەنگ ئەستوور

پاڵ بەدەستمەوە دەنێت و برستم لێ دەبڕێت. خوێن لە تابلۆکەوە فیچقە دەکات و جۆگەلە دەبەستێت. بەشێکی زۆر لە باڵندە سپی و تاوسە کلک درێژەکانی ناو تابلۆکە پۆل پۆل جمەدەکەن و بە چریکە و فرەفڕ و شەقەی باڵیان دێنە دەرەوە و لە هەوای ژوورەکەدا بێ هودە دەفڕن و دەفڕن و دەفڕن. هاوار دەکەم جەرجیسی قژلوولی نەفرەتی جارێکی دیکە لە وشە و ڕستەکان وەرە دەرێ و چارەی زەخمی عەتارچی بەستەزمان بکە... هاوارەکانم بێ هودە و ژوورەکە تا ئەژنۆ پڕ لە خوێن دەبێت، سوور سوور... لە دەرگەوە جۆگەلە دەبەستێت، لە پلیکانەکانەوە خوێن و باڵندە سپییە کلک درێژەکان لێژدەبنەوە بۆ حەوشە. خوێن بە نێو دوو نیشتۆکەکەدا تێدەپەڕێت و وەک وێنەیەکی سینەمایی چەند چرکەیەکی دانیشتنە دووقۆڵییەکەی (ئەفسوون و عەتارچی)م دێنەوە یاد. هاوار دەکەم: جەرجیس لێت دەپاڕێمەوە لە چیرۆکەکە وەرەدەرێ و پێش لە هاژەی خوێن بگرە با وەرنەبێتە کۆڵان و شار نوقمی سەراسیمەیی نەکات.

خوێن لە دەرگەوە وەک ئاوێکی بە خوڕ دەڕژێتە کۆڵان، دەڕوات لەخوارەوە بۆ کۆڵانەکانی دیکە پێچ دەکاتەوە و لەو دیو دابەشی گەڕەکەکان دەبێت و سەرای شار خەڵتانی خوێن دەبێت. مەزراکان ئەم هەموو خوێنە هەڵناگرن و بە دووڕییانە فرەوانەکانی شاردا دەڕوات و شار نغرۆی سووربوون دەبێت. ئەوەی سوور نەبوو لەم شارە تەنیا ئەم چیرۆکەی بەردەستتانە، کە لە خوێن پارێزرا و لەشارێکی دیکە بە دەزگەیەکی چاپ لە دەزگە ئەڵمانییەکان چاپ کرا. هەنووکە بەتەنیا دەژیم، ژیانم لە ژیانی پیاوێکی بۆهیمی دەچێت، کولەمەرگییەکە بۆخۆی. خۆم لە کتێبە نەگریسەکان دەدزمەوە. بەو ئامانجە دەژیم ڕۆژێک جەرجیس ببینمەوە، وەلێ دیار نییە. ترسم لە شوومی خوێن ناچاری کردم لەلای بە ئەزموونترین دکتۆرە چاویلکە ئەستوور و سەر ڕووتاوەکان مادەیەکی شلی پڕ لە هیمۆگلۆبین و هیبارین لە دەمارەکانمەوە بخزێنمە جەستەمەوە. سڵ لە هەموو سوورییەک دەکەمەوە، لێوی سوور، هاوەڵکراسی سوور، تەنانەت ستیان و شۆرتی سووریش. جەستەم ساردوسڕ و ڕوون، بێ گیان وەک ئەو پەیکەرانەی سەر فولکە و ناو باغەکان، کە هەمیشە پیاوێکی مل ئەستووری هیچ نەزانی نەخوێندەوار بە بەر چاوی چەندین میدیای نەخوێندەوارەوە پەردەیان لەسەر دادەماڵێت و قسە لەسەر سیحر و چەشە و ئیستێتیکایان دەکات! وشک لەناوەڕاستی باغێک لە باغە هەڵپڕووکاوەکانی ناو شار دەستم لەژێر چەناگە. هەندێک جار خەڵکی دێن وەک پەیکەرێک، یان وەک لیبۆکێک وێنەم لەتەنیشت دەگرن. دەشبێت چەندین جار ئەفسوونی شوێنەوار هاتبێتە دیدەنیم و وێنەشی لەتەک گرتبم و نەیناسیبمەوە! هەموو شت لە یادگەمدا سڕایەوە. نە کەس دەناسم و نە کەسیش دەمناسێتەوە. نە هەست بە ئازاری کەس دەکەم و نە کەسیش هەست بە ئازاری جەستەی سارد و ڕوون و تەنکم دەکات.

# بەدلكێ كەسک



لۆرین دۆغان
(نسیبێن)

باڤێ كو د وێ كەلەكەلا هاڤینی دە هەر ڕۆژ د شەڤەقا كوور دە ژ خەوا گران شیار دبوو، وێ شەڤەقێ ژی دەرەنگ نەمابوو... د ناڤ جیبیان دە ڕوونشتی، بێهنەكە كو خەواریا وی لێ سڤک دكە دكشینە. دوو رە وەكە كو جارا یەكەمە ڕوویێ زارۆكێن خوە یێن كو تیرێژێن ڕۆژێ ل وەجهێن وان خوەش كربوو ببینە، ب ئاورێن وەست ل وان تیر بوویە، یەكۆ یەكۆ ل زارۆكێن ل كێلەكا هەڤدو ڕێزكری كو لحێف ل خەونێن خوە پێچابوون، بیسكەكێ مەیزە دكە. فەسلا نەخوازە كێلیا وی یا ب تێهنا ڕۆژێ رە دژیا خەرا بكە و خوە ل خەوێ داتینە. كو زەلامێ وێ لحێفێ ژ سەر خوە ددە ئالیەكی، هلدچپە سەر پێیان... و هەردو ژ بۆ ئامادەكاریا ڕۆژا كو ل بەندی وان بوو، ژ سەرێ بانێ كو هاڤینان دبوو هێلینا شەڤێن وان، خوە بەرددن ژێر.

بەریا ل تاشتێیا فەسلا ئامادە دكر خوار ببە، ب لەزالەز لنگێن خوە د دەڤدەلنگێن بهەڕی دە دەرباز دكە. جلێن خوە یێن ئاڤدانێ یێن كو ژ خوێدانا د بەر بێرێ دە، ژ شەڤەقان هەتا تەقینا ئێڤاران ل سەر لاشێ وی دبوون تەرت ل خوە دكە. ژ سفرا كو ل سەر فرنگی، خیار و ماستێ ب تووک هاتیە ڕێزكرن، چەند گەپ نان دخە دەڤێ خوە... وەكە هەر شەڤەق ب جلێن خوە یێن ئاڤدانە پەمبوویێ یێن كو دهشت كوفلەتێ مالێ ئێڤاران بێهتر لێ بحەوە، تەڤلی ژیانا ل بەندی یە دبە.

ژنا وی هینا دەرێ حەوشێ ل دوو نەگرتیە، ڤەگەرا وی یا د گاڤەكێ دە پرسان ل سەر ئاویرێن وێ دجڤینە، فەسلا:

– خێرە جامێر... چما تو ڤەگەڕیایی؟ قەی تە تشتەک ژ بیر كر؟

زنار ب بێرا دەستێ خوە دەرباسی حەوشێ دبە و دبێژە:

– نا حەرمەت، نا.

– نەخوە؟ ئەو چ كیسكە د دەستێ تە دە یە؟

ئاورێن وی ل كیسک بەلۆق دمینن.

– ئەرێ ئەڤ کیسک...من ل پشتا خانی دیت.

مەرەقا وێ ب سەر یا مێرێ وێ دکەڤە:

– کا ڤەکە... خوەدێ خێر بکە...

زنار ب ئاورێن ماتمایی:

– تشتەکی سەیر!... ئەڤ بەدلیکێ زارۆکان ل پشتا خانییێ مە چ دکە؟

– وەلە تشتەکی سەیرە... نوو یە ژی... ئەڤ کێ ئەڤ بەدلیک ئاڤێتیە پشتا خانییێ مە.

– شەڤێ دن، دەما کو ئەز هاتم مالێ، چاڤێن من ل تشتەکی نەعالقی... ئەرێ رەش کەتبوو عەردێ. لێ...

ب دوودلیەکێ، زنار گۆتنێن خوە ددۆمینە:

– گەلۆ شەڤێ دن، دز د بەر مالا مە رە چوون؟ ئەرێ ئەرێ... هەبێ نەبێ مالێ دزیێ یە.

– مالاڤا، هەتا نها تە قەت بهیستیە کو دزەکی، ژ بۆ بەدلیکەکی زارۆکان دەرەک شێلاندیە. یێ من نەکەڤە سەری من...

چەند نقوت خوینا ل سەر بەدلک، کەلەجانەکە بترس پێ رە چێدکە. ب هلچنینەکە کو چاڤ لێ فرەح دکن، بەدلک ژ دەستێ زەلامێ خوە دگرە و دبێژە:

– هەبێ نەبێ، ئەڤ بەدلیک یێ قاچاخچیەکی یە کو ژ بارێ وی کەتیە...قاچاخچیەکی بریندار!

زنار ب حەنەکپێکرنەکێ:

– تو ژی چیرۆکان ل هەڤ تینی، چ قاچاخچی چ حال...

– ب خوەدێ ئەڤ بەدلک ژ بارێ قاچاخچیەکی بریندار کەتیە...

مەیزێنە، خوینا ل سەر هینا هشک نەبوویە.

ب هزرەکە کو ل ئاورێن وێ تیر بوویە، کێل ب کێل ل بەدلکێ کەسک مەیزە دکە. فەسلا ب گۆتنێن ژ خوە ئەولە دبێژە:

– ئەو هلکەهلک و تەپەڕەپە نیڤێ شەڤێ کو ژ پشتا خێنی بەر گوهێ من کەت، نە بەلاسەبەب بوو... وەللا چەند جارا من ل خوە دانی کو ژ ناڤ جیان ڕابم ژی، لێ من ب خوە رە نەدیت.

– تە دیسا خەونن دیتنە. کو دەنگ هاتبوویا، ئەز شیار نەدبووم قەی؟

– حەیران، ژ وەستانا تە یا ڕۆژێ کو تو ژ هێز دکەڤی، ئێڤاران باژارِ ژی خەرا ببە، تو پێ دحەسی قەی؟

فەسلا ب گۆتنێن کو دخوازێ زلامێ خوە قانە بکە ددۆمینە:

– تو نزانی، شەڤێ دن هەتا سبەهێ تەقین بوو... هەما بێژە ژ بەر دەنگێن گولەیان، خوەشک خەو ب چاڤێن من نەکەت، تو نابێ، لەشکەران د سنۆر دە، ل قاچاخچیەکی ڕەشاندنە.

گۆتنێن کو بێدەنگیەکێ پێ دخن، کەسەرەکێ تەڤلی هەناسا وی دکن. فەسلا:

دیارە کو قاچاخچیێ بریندار، نەخواستیە بارێ خوە ل عەردێ دەینە.

زنار ب خەمگینیەکە کو ل ڕوویێ وی ددە دەر، دبێژە:

– د ڤێ جەژنێ دە کی بارێ خوە ل عەردێ دهێلە خانم... ئەگەر ئەو قاچاخچیەکی بریندار ژی بە!

کەچکا کو ژ دەما باڤێ وێ ژ دەرییێ حەوشێ ڤەگەڕیابوو، ئاوڕێن وێ ل سەر بەدلکێ کەسک ئاسێ مابوو، ل بێدەنگیا کو ئێشەکە شکەستی تەڤلی بوویە دحسینە ئێدی... کو چاڤێن وی ل کەچکا پچووک یا کو وەکە پسیکەکێ خوە ل قۆرزیکا دەرەجەیێ ل هەڤدو کریە گولۆک دکەڤە، دبێژە:

– کا وەرە کەچا من، ئەز دبێژم ئەڤ بەدلکێ کەسک تام ل گۆرا تە یە...

گۆتنا باڤ گەشبوونەکێ ب هێڤیێن وێ یێن کو بەر وێ ئێڤارا جەژنێ ل بەندی تەمامکرنەکێ بوون، دخە.کەچکا کو ئەو بیسکەک بوو بەندی ڤێ هەڤۆکێ بوو، هینا گۆتنێن وی د دەڤ دە ل بەر سەکنیە... وەکە کو خەلاتەک پێشبەری وێ بووبە، بەدلکێ ل بەر بەژنا وێ، کێفەکێ ب ڕحێ وێ دخە.

فەسلا ب تەڤگەرەکە لەز بەدلکێ کەسک ژ دەستێن زەلامێ خوە دگرە و د ناڤ دەستێن خوە دە دکە گولۆک. ب گۆتنێن کو ددە سەر هەڤدو، دبێژە:

– جامێر بەریا کو کەچک ل خوە بکە، ئەزێ بشۆم. بەدلک ب خوینە... خوینا قاچاخچی!...

دەستێن وێ د بن ئالچەنا وێ دە، قەلەڤیزکا ل بەر بەدلکێ کەسکێ کو ل سەر تێلا حەوشێ دالەقاندن ڕوودنە. بێدەنگی و خەمگینیا وێ یا کو ب ڕۆژان بوو ل سەر دلێ وێ گرێکەک چێکربوو. ل بەر تیرێژێن ڕۆژێ هنۆ هنۆ دفەرکە. خەیالا کو وێ شەڤێ وەکە هەموو زارۆکێن کۆلانێ جلێ خوە یێ جەژنێ وێ بخە بن سەرێ خوە و وێ بکەڤە خەوەکە شێرینا کو ب ڕۆژان بوو لێ بووبوو حەسرەت، بشرینەکێ ل سەر ڕوویێ وێ دهێلە... کەچکا کو ژ دەما هەڤالێن وێ یێن کۆلانێ جلێن خوە یێن جەژنێ شانی هەڤدو دکرن ل مالێ بووبوو کورک، ب کەلەجانەکە کو لەهیەک ل ڕحێ وێ پێل دایە، هەڤۆکێن کو وێ گاڤێن وێ دیسا ل کۆلانان گەش بکن، دبێژە:

ئەزێ سبێ بەریا هەموو زارۆکان هەڕم شەکر بدم هەڤدو... ئەزێ کیسکێ خوە ژی تژە شەکر بکم... تەڤی بەدلکێ خوە یێ کەسک ... ژخوە خوین ژی پێڤە نەما... خوینا قەچاخچی!



# سێ چیرۆکی زۆر کورت

**سەلاح زەنگنە**
**لە عەرەبییەوە: عەباس عەبدوڵڵا یووسف**

**١- ڕۆبۆتێک لە ماڵمانە**

باوکم ملکەچی ئارەزوو و زێدە خوازەلۆکیی دایکم بوو، تا ڕۆبۆتێکی بۆ بکڕێ و وەک ئەو خێزانە ئاستبەرزانە لە کاروباری ناو ماڵەوە یارمەتی بدات.

چونکە ڕۆبۆت بوونەوەرێکی خۆبزوێن و شارستانییە و بێوەی بێزار بێ، یان هەڵبچێ یان بغەزرێ، هەموو جۆرە خزمەتێک دەکات.

ئیدی وای لێهات ڕۆبۆت هەموو جۆرە کارێکی ماڵەوە بکات. هەر خۆی چێشتمان بۆ لێدەنێت، قاپ و قاچاغ بۆ دایکم دەشوات و نێرگەلە بۆ باوکم ساز دەکات، جلکم ئوتوو دەکات و قژی خوشکە قەیرەکەم چینچین دەکات، تەنانەت لە کاتی سەفەر، یان دیارنەبوونمان، ماڵمان لە دزان دەپارێزێت. ئەو خزمەتکارێکی سەردەمیانەیە.

هەندەجار سوعبەتی لەگەڵ دەکەم، پاتری ناو سندووقی سەرپشتی دەردێنم، جا سەربەخۆ لە جووڵە دەوەستێت و بە شێوەیەکی ناکاوداری گاڵتەجاڕانە پێکەنین دەسازێنی. خوشکە قەیرەکەم لە ئەلکترۆن و کۆمپیوتەر پسپۆڕە و هەر ئەو فێری کردووە، ئەگەر هەوڵی سوعبەتێکی لەگەڵ بدەم، زللەیەک، یان لووشکەیەکم لێبدات.

ئەو خوشکە قەیرەیەم کە بە قسەی دایکم، گۆیا پیاو لێی دەڕەونەوە، لە هەموو ئەندامانی خێزان زیاتر ئاشنای ڕۆبۆتە، ئەم خوشکەم زۆربەی کاتی خۆی تەرخانە بۆ لێ ئاگابوون و بایەخدان بەو ڕۆبۆتە. پەلەکانی دەکاتەوە و دەیانبەستێ، هەندێ پارچەی لێ دەگۆڕێ و ئیتری داوێتە سەر، وای لێ هات ئەم ڕۆبۆتەمان ببێتە خاوەن خەسڵەتی نایاب و چەند تایبەتمەندییەکی دەگمەن و نائاسایی. موجیزەیەکی تەکنۆلۆژیایە. (سۆپەر ڕۆبۆت)ـە وەک پێی خۆشە ناوی لێ بنێت.

ئەم پیاوە ئۆتۆماتیکییە، ئەوەی خوشکە قەیرەکەم نازێکی لەڕادەبەدەری پێ بەخشیوە. ڕۆژێکیان بە داخوازکردنی ئەو خوشکەمان ناکاوداری کردین، ئێمەش بە سورمانەوە دەممان بەش بوو و بێزمان لە داخوازە نامۆیەکەی کردەوە، خوشکمان داڕساو بەرگری لە ڕۆبۆتەکە کرد و لە لایەنە چاکەکانی وەک هاوسەرێکی دواڕۆژ، جا پاڕایەوە تا بەو هاوسەرگیرییە تاکمەند و مەزنەی ڕازی بین.

دایکم بە توندی ڕەتی کردەوە، گلەیی لە بەختی خۆی کردو لە ڕوومەتی خۆی دا، ڕۆڕۆ و پرسەپرسی بوو:

– چۆن لەگەڵی دەخەویت، ڕۆبۆت کۆمە ئاسنێکی سارد و سڕە و تەنانەت بێ............؟

خوشکە قەیرەکەم، بێ ئابڕوو و بێ شەرمانە بۆری داین، کاتێ وتی (....................) پلاستیکی جوانی تێ خستووە و دەتوانێ لە هاوڕەگەزی خۆی نەوەیەک بخوڵقێنێ.

دایکم ملکەچی ئارەزووی خوشکم بوو، ئیدی پاش ئەو ڕۆژە بە قەیرەیی نەمایەوە.

دوای چەند ساڵێک دەیان ڕۆبۆتی لێ زا. ئەوانیش خزمەکانی خۆمانیان هێنا و چەندین ڕۆبۆتیان لێ زا. ملکەچی ئارەزووی ڕۆبۆت بووین لە بۆ گۆڕینی ناسناوی خێزان و وامان لێهات بە (بەرەبابی ڕۆبۆت)ـەوە بناسرێین.

**٢- هاوشێوە**

لەپڕ ئافرەتی خاڵ لەڕوو خۆی کرد بە ناو ژیانمەوە و سەراوبنی کرد. نازانم ئەوەی ڕووی دا چۆن لە کەسێکی وەک منی کەنار پەنجای تەمەندا ڕوودەدا.

جگە لە هاوسەرەکەم من بە درێژایی ژیانم ئافرەتێکم نەناسیوە، ئەو بەردەوام بە هەستحۆڵی تۆمەتبارم دەکات. تا خاڵ لەڕوو بەرانبەر ماڵمان نیشتەوە و هەستەکانمی داگیرساند و تەواو پێوەی خەریک بووم. هەموو بەیانیان کاتی چوونم بۆ فەرمانگە لەبەر دەرگا دەوەستێ و بەخەندەیەکی بێ گەرد سڵاوم لێدەکات و (بەیانی باش)یکم تێدەگرێ. منیش بە شەرم و شڵەژانێکی دیار کە لە تەمەنم ناوەشێتەوە. بە (بەیانی باش) وەڵامی دەدەمەوە.

لە جاری یەکەمدا هەستم کرد زەوی لەژێر پێما دەلەرزێ، لە خۆشیان ئەم دنیایە جێی بەشم ناکات، بەدرێژایی هاوسەرێتیمان ژنەکەم ئەو ڕستە ساکارەی بەربیست نەکردووم. زمان درێژە، توندخووە، مگێز دوژمنکارانەیە و لەسەر پووچترین هۆ بەڕوومدا دەتەقێتەوە: ئەو بەختی ساتمەکردووی خۆی بە نەعلەت دەکات کەوا کۆمانی کردۆتەوە، بەڵام خاڵ لەڕوو حەزانی و دڵپاک و زێدە جوانە، بەتایبەت کاتی بە ژەنراوە جوانەکەی – بەیانی باش – خەڵاتم دەکات. هەر بە ڕاست سپێدەی خێر و خۆشەویستی و دڵگەشییە.

هەموو بەیانیان لە سڵاوەکەی ڕاهاتووم، ئەو ڕۆژەی تێدا نایبینم، هاوسەنگی خۆم ون دەکەم و مگێزم شێلوو دەبێ و تاقەتی هیچم نابێ، بە تێپەڕبوونی ڕۆژانیش وام لێ هات فێرە مەیخواردنەوە بم، هۆنراوە هەڵبەستم و لە ڕۆتینی ژیانیشم یاخی بم.

ئەمە ئەڤینە؟ پێشتر گاڵتەم بە حەزلێکەرانی ئاشق و شێت و شەیدا دەهات. هەروا بە جڕناوفڕنای ئەو حەزلێکەرانە.

ئا ئەوەتانێ خۆم کەوتوومەتە ناو ئەڤینی ئافرەتێکەوە، تەنانەت نازانم ناوەکەشی چییە.

لەناو پەراسووەکانمدا بەردەوام ئەو ئەڤینە بەخامۆشی چرۆ دەردەکات و بوونم پڕ خۆشەمەندی دەکات. تا ئەو ڕۆژە شوومە داهات و تێیدا هاوسەرەکەم بە ساردی وتی

– ئەو ئافرەتە بەسەزمانە خۆی کوشت –

هەواڵەکە منی تاساند و بەرەو خانووەکەی دەرپەڕیم، بێ ویست خۆم خزاندە ژوورەکەی بینیم لەسەر تەختەی نووستن ڕاکشاوە، ڕووە پەریانییەکەی بەخاڵەوە هەروا گوڵڕەنگە و کاغەزێک بەتەنیشتییەوە نامەیەکی سۆزی دڵە، پڕ کراوە بە شەیدایی و ئازارەکانی و ڕاز و گلەیی بۆ پیاوێک وا دیارە زۆر خۆشی دەویست، چونکە لەگەڵ هەر دێڕێک ناوی دووبارە کردۆتەوە. کە ویستم بچمە دەرەوە، پاش ئەوەی پڕ نائومێدی و پەژارەیی بووم، وێنەیەکی پەروازدار بەرناکاوی کردم. پیاوێکە و تەواو لە شێوەی من دەچێت.

**٣- شیزۆفرینیایەکی نهێنی**

هەر شتێ ڕوویدا، ژنەکەم من تۆمەتبار دەکات، جۆرەها مەزندەم لێ دەکات و هەندە جاریش گومانی بۆ دێت و بە تۆقاوی دەپرسێت: بڵێ لە پشت ئەو کارانەوە ئافرەتێ نەبێ؟! من ئەم ڕەفتارەی دەدەمە پاڵ کەمتەرخەمی و گوێنەدانی خۆی.

هەندەجار گومان بۆ ئەوە دەبەم بە ئەنقەست ئەو بەزمانە دەکات، تا زیاتر ئاگام لێی بێ و بە دوودڵی بپرسم: بڵێ لە پشت ئەو کارانەوە پیاوێ نەبێ؟

ئاخۆ ئەو کارانە چ مانایەکیان هەیە؟

ئەوا نزیکەی مانگێکە بەهۆی گەمەیەکی پووچ، ژیانی من و هاوسەرەکەم بۆتە دۆزەخێکی گڕگرتوو، جاری وا ژەمە خۆراکێکی تەواو بۆ ئێمە دانراوە و خۆمان لێمان نەناوە، جاری وا دەبینین دیکۆری ماڵ گۆڕاوە و ئێمە نەمانگۆڕیوە، جاری سێیەم هاوسەرەکەم فستانێکی وەنەوشەیی دەدۆزێتەوە هەرگیز خۆی نەیدورووە و ئافرەتێک بە نوویی بۆی درووە. جارێکی تر بەسەر کراسە سپییەکەم چەندین جێ مۆری لێوسوورکە دەبینێت. و.. و.. و..

لەم و لەو خراپتر بەین بەینە لەناو دەفتەری یادەوەریمدا دێڕ و ڕستە دەدۆزمەوە دەسخەتی خۆمن و بە هەمان شێوازی نووسینی خۆمە، تێدا هەندە ڕووداوم لێقەوماوە، گوتمان لەمەدا هەر دەبێ برادەر و خزمانی خۆمان دەستێکیان تێدا هەبێت! چەند جارێک کلیلی خانوومان گۆڕیوە، بەڵام ئەم بارە هەر وەک خۆی مایەوە.

لە بەیانی ئەمڕۆدا هەستمان کرد چایەی ناو قۆریە گەرمە، دوو بەرداخیش چاو شەکریان تێدایە. دەفتەری یادەوەریم هەڵدایەوە و شتێکم لێ خوێندەوە لەبارەی خەون و کامووسەکانمەوە کە بە درێژایی شەوی ڕابردوو ڕاویان نابووم.

دواجار من و ژنەکەم بڕیارمان دا خۆمان بۆ ئەو بیانی و گەجەر و گوجەرانە مەڵاس دەین، لە ماڵدا جێیەکی نهێنیمان چێ کرد و خۆمان تێدا شاردەوە. نیگانۆڕین چ ڕوو دەدات، پاش چەند کاژمێرێکی بێ دەنگی و نیگانۆڕی، دەرگاکە کرایەوە و پیاوێک هاتە ژوورەوە، ئەوە من بووم، پاشان ژنێک هاتە ژوورەوە، ئەوە هاوسەرم بوو. هەردووکیان بەگژ یەکداچوون (کێ هاتۆتە ماڵمان) (کێ خۆی لەپشت پەردە شاردۆتەوە) کێ؟ لە ناوەندی حەوشە دەیانقیژاند. لە خۆمان بەدەر کەسی لێ نەبوو من و هاوسەرەکەم لە ناوەندی حەوشە لە باوەشی یەکتر هاوارمان دەکرد و دەگریاین.

*** سەرچاوە:**

**الصمت و الصدی – قصص صلاح زنکنە. بغداد ٢٠٠٢.**

*** هەستحۆلی = هەسحۆلی. بلادة الحس.**

*** لێوسوورکە، یان لێوسۆرکە = احمر شفاه.**



## دارا محەمەد عەلی:
## لە هونەری ئەبستراکتیشدا دەتوانرێ هونەرمەندی کورد بناسرێتەوە. ڕەسەنایەتی هونەریش ئەوەیە کە بە نەمری بمێنێتەوە.

**هەڤپەیڤین:**
**ئازاد عەبدولواحید**

**(٢ - ٢)**

دارا محەمەد عەلی وەک شێوەکارێک ناوێکی ناسراوە، ئەو یەکێکە لەو هونەرمەندانەی شاری هەولێر کە لە سەرەتای سالانی حەفتاوە تا ئەمڕۆکە بەبێ پچڕان کاری کردووە و بە قەدەر توانایی خۆی بەخششی هەبووە و لە بزاڤی هونەری شێوەکاری کوردیدا بەشدار و ئامادە بووە.

دارا محەمەد عەلی کە بینیویەتی بۆشایی زۆر لە هونەری شێوەکاری کوردیدا هەیە، هەولی داوە بەشێک لەو بۆشاییانە پڕ بکاتەوە، بە تایبەتی لەو کاتەوە کە ڕۆژنامەنووسیی کوردی دەرکەوتووە و بە هەرمێن کەوتووە و لەگەڵ خۆیدا بایەخی چەند هونەرێکی هێناوەتە پێش وەک کاریکاتێر، مۆتیڤ، دیزاین، هونەری منداڵان، بۆیە ئەویش قۆلی لێ هەڵماڵیوە و کەوتووەتە تەقالا تا لەپاڵ هونەرەکەی خۆی کە هونەری تابلۆکێشانە، ئیش لەو هونەرانەشدا بکات.

دارا محەمەد عەلی بێجگە لە کاری خۆی و خۆ تاقیکردنەوەی لە چەند بوارێکی جیاجیادا، بە نووسینیش لە بڵاوکردنەوەی بیروڕایەکانی سەبارەت بەو هونەرە و بە مەبەستی بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی هونەری لەناو خوێنەران و بینەرانی کورددا هەولی خۆی هەبووە و لەو هەوڵانەشیدا بەردوامە.

ئێمە لە گۆڤاری ڕامان دواندمان و گفتوگۆیەکی ڕاستەوخۆی تێروتەسەلمان لەگەڵ ساز کرد، تا ئەو هونەرمەندە بەسەر بکەینەوە و سەبارەت بە ئەزموونی تایبەتی خۆی و بیروڕای لە بارەی کۆمەڵێک پرس و خواس وەربگرین، با پێکەوە ئەو بیروڕایانە بخوێنینەوە.

**ڕامان:** زۆر بە کورتی باسی شێوەی بەشداربوونت لە دروست کردنی ئەو ئەتلەسەدا بکە کە بەهۆی کتێبخانەی (النهضة)ـەوە لە بەغدا بەشداریت تێدا کرد.. ئەوکاتە لە پۆلی چەندی پەیمانگا بوویت، ئەمە ساڵی چەند بوو؟

**دارا محەمەد عەلی:** وابزانم لە پۆلی سێ بووم، هونەرمەند ڕەسووڵ عەلوان مامۆستای ڕەنگسازی من بوو، ئەو مامۆستایە ئیشی تەعبیری دەکرد، ئەو بە منی گوت دەتبەمە شوێنێک ئیش بکە، بۆ بژێوی ژیانیشت باشە، ئەوە بوو منی بردە کتێبخانەی (النهضة) بۆ لای عەبدولڕەحمان حەیاوی کە خاوەنی کتێبخانەی نەهزە بوو، سەرەتا منیش نەمزانی ئیشەکە چییە، پاش ئەوەی بۆمی ڕوون کردەوە گوتی ئێمە ئەتلەسێک دروست دەکەین (أطلس العالم المدرسي)، لەو ئەتلەسەدا وەختی خۆی لەسەر یەک نەخشەی عیراق، هەموو شتێک لە شوێنی شارەکان نیشان دەدران، نەوت و گاز و گەشتیاری و کشتوکاڵ و...تاد.

**ڕامان:** لەسەر ئەو نەخشەیەدا هێمای ئەو لایەنانەیان لەسەر شارەکان دادەنا، کە شارەکان بەو سامانە سروشتی و شتانە دەناسران.

**دارا محەمەد عەلی:** ئەو هێمایانە لەسەر شارەکان دادەنران، ئەو کەوتە لێک جیاکردنەوەیان و نەخشەیەکی بۆ نموونە بۆ گەشتوگوزاری لە عیراق تەرخان کرد، نەخشەیەکی بۆ کانزاکانی عیراق تەرخان کرد، ئیتر هەر نەخشەیەکی کردە تایبەت بە بوارێک، ئینجا من ئەو نەخشانەم بەدەست بۆ دروست دەکرد و بە خەتێکی جوان هەموو ناوەکانم دەنووسی، ئەوکات لە عیراق کۆمپیووتەر نەبوو.

**ڕامان:** دەکرێ بڵێین ئەو یەکەم کەسە پسپۆڕی لەو نەخشانەدا هەبووبێ؟

**دارا محەمەد عەلی:** بەڵێ.

**ڕامان:** هەر کارێک پسپۆڕی خۆی و تایبەتمەندیی خۆی هەیە.

**دارا محەمەد عەلی:** ئەو قۆناغە لەژیانمدا خۆش بوو، ئیتر کە ئەو ئیشانەم تەواو کرد زۆر کەیفم هات، بە تایبەتی کە ناوی منیشی لەسەر نەخشەکە دانابوو و نووسیبووی (ساعد فی رسم و خط بعض الخرائط الخاصة بالجمهورية العراقية: دارا محمد علي كاملا)، ئەوەی لە ناوەوەی بەرگی یەکەم لەسەر نەخشەکە نووسیبوو، ئیتر ئەوەی لەگەڵم کرد تا لەگەڵ خۆی ىمبا بۆ لبنان بۆ ئەوەی چاپەمەنی ئەو وڵاتە ببینم، داواشی لێم کرد کاری منداڵانی بۆ بکەم و نەگەڕێمەوە هەولێر، چونکە ئەوکاتە دەستی هونەری منداڵانیشم هەبوو، پێی گوتم حەز دەکەم چەند نامیلکەیەکم بۆ ڕەسم بکەیت، دیار بوو عەبدولڕەحمان حەیاوی کوردی زۆر خۆش دەویست، ئینجا گوتی با حیسابی ماندووبوونەکەت بکەین، ئێستا چت دەوێ بتدەمێ؟ منیش لەجیاتی پارە چەند کتێبێکی هونەریم لە کتێبخانەکەی هەڵبژارد.



دارا محەمەد عەلی – ئازاد عەبدولواحید

**ڕامان:** لەناو کتێبخانەی (النهضة) ئەو کتێبانەت دەستنیشان کرد؟

**دارا محەمەد عەلی:** ئەو هەندێ جار لەوێ نەدەبوو، کە لەوێ نەدەبوو کتێبەکانم دەستنیشان دەکردن، ئیتر کە ئەو کتێبانەم ویست، کتێبەکانی دامێ، لەگەڵ هەندێ پارە.

**ڕامان:** بێینە سەر بابەتێکی دی کە بۆ هونەری شێوەکاری و ئەو هونەرمەندانەی پێشانگا دەکەنەوە گرنگە، ئەویش هۆڵی نمایش کردنە، زۆربەی نمایشەکانت چ ئەوانەی بە تەنیا بوونە و چ بە هاوبەشی کردووتانەوە، وەک دیارە زۆربەی پیشانگایانەت لە هەولێر کراوەتەوە، ئەی لە بەغدا هیچ پێشانگایەکتان کردووەتەوە؟

**دارا محەمەد عەلی:** هەر ئەوەندە بوو کە پێشتر باسم کردن.

**ڕامان:** لە هەولێر بێجگە لەو دوو هۆڵەی ناومان بردن، هۆڵێک ئەوەی ئەیووبییە بوو کە خۆم لە حەفتاو یەک هاتم بۆ بینینی تابلۆیەکانت، دواتر باسی چەند چالاکییەکی هونەری خۆت لە هۆڵی میدیا کرد، باسێکی

ئەو هۆڵانەی شاری هەولێرم بۆ بکە، ئایا ئەو هۆڵانە گونجاو بوون بۆ ئەوەی لە سەردەمی ئێوەدا پێشانگایان تێدا بکرێنەوە، یان پێش ئێوە هۆڵەکان چۆن بوون؟ ئەو هۆڵانەمان بۆ هەڵسەنگێنە؟

**دارا محەمەد عەلی:** ئەو هۆڵانە گونجاو نەبوون، بەڵام لە نەبوون باشتر بوون.

**ڕامان:** پێدەچێ زیاتر هۆڵی قوتابخانەکان بووبن؟

**دارا محەمەد عەلی:** بەڵێ هۆڵی قوتابخانەکان بوون، کە پەنجەرەیان زۆر بوو، بەخۆمان دەچووینە ژوورێ و هەموو پەنجەرەکانمان بەخام و فاییەر و مقەبا دەگرت بۆ ئەوەی ئەو هەموو ڕووناکییە نەیەتە ژوورێ، بۆیە بۆ پێشانگا نەشیاو بوون.

**ڕامان:** هۆڵی قوتابخانەی ئەیووبییە وابوو، ئەی هۆڵی میدیا چۆن بوو؟

**دارا محەمەد عەلی:** هۆڵی میدیا کە دروست کرا، سەرەتایەکەی باش بوو خراپ نەبوو، بەڵام بە کەموکوڕی دروست کرابوو، چونکە ڕووناکی کەم بوو، پارتێشنات کەم بوو، پاشان بە هیمەتی خۆمان یەکەمین جار کە پێشانگایەکی هاوبەشمان تێدا کردەوە، هونەرمەندانی کوردستان ساڵی ١٩٨٦ من و مامۆستایان محەمەد عارف و چەتۆ حەسەن و کۆمەڵێک لە هونەرمەندانی سلێمانی لەوانە مامۆستا عەلی جۆڵا، ئەوان ئیشیان لە پارتێشن دەکرد، ئێمەش لایەنی ڕاگەیاندن و ڤۆڵدەر و ئەو شتانەمان لەگەڵ مامۆستا محەمەد عارف لە چاپخانەی ڕۆشنبیری دروست دەکرد، ئیتر لەو پێشانگا هاوبەشەدا بوو، وابزانم حەفتا هونەرمەندمان کۆکردەوە.

**ڕامان:** دیارە هۆڵی میدیا لە بارتر بووە بۆ کاری هونەری، بۆیە لە ساڵانی هەشتایەکانەوە هونەرمەندانی شێوەکاری زیاتر ڕوویان لەوێ کردووە.

**دارا محەمەد عەلی:** زۆر بۆ پێشانگاکانمان لەبارتر بوو.

**ڕامان:** بێجگە لە هۆڵی میدیا، هۆڵەکانی دی کە هی قوتابخانە بوون، دیارە هەر لە پەروەردە مۆڵەتی بەکارهێنانی ئەو هۆڵانەتان وەرگرتووە؟

**دارا محەمەد عەلی:** ڕاستە لە پەروەردە وەرمان دەگرن.

**ڕامان:** باشە دوای ئەو دوو هۆڵە وتمان هۆڵی میدیا لە هۆڵی ئەیوبییە باشتر بووە، ساڵانی دواتر، واتە دوای هەشتایەکان ئایا هیچ هۆڵی دیکە هاتە پاڵ ئەو دوو هۆڵەوە کە بۆ کاری هونەریی لەبار بووبێ؟

**دارا محەمەد عەلی:** بەردەوام داوامان لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان کردووە بۆ ئەوەی هۆڵی شیاو و ڕێکوپێک دروست بکات، بەڵام وەڵامی نەبووە. بێ گومان هۆڵێکی تر بەناوی شانەدەر هەیە، بۆ ئەوەش دەست خۆشییان لێ دەکەم، ئەوەش شتێکی باشە.

**ڕامان:** ئەی ئەو گەلەرییەی کە لەناو بینایەی مێرگدا کراوەتەوە؟

**دارا محەمەد عەلی:** گەلەری (مێرگ)یش هەیە، بەڵام شوێنەکەی نەختێ دوورە شارە و دەبێ هۆڵ جێگایەکەی لە خەڵک نزیک بێ، بۆ ئەوەی کەسانێکی زۆر سەردانی پێشانگایەکان بکەن، ئەو جێگایانە شوێنی دەستەبژێرن، تەنیا ئەوانەی هەوەسیان بە هونەر دێ دێنە ئەو شوێنەوە، بۆیە ئێمە بەردەوام داوامان کردووە هۆڵ دروست بکرێ و پێویستە چەند هۆڵێکی دی بکرێنەوە، هۆڵێک تایبەت بێ بە گەنجان تا هونەری خۆیانی تێدا نمایش بکەن، هۆڵێک بۆ پێشەنگەکان بێ، هۆڵێک وەک مۆزەخانە هەبێ کە دوو جۆرە نمایشی تێدابێ، لەلایەک تابلۆیەکانی تێدا کۆبکرێتەوە، هەروەها گەنج کە ئەوڕۆکە بۆچوونی خۆی هەیە هۆڵێک تایبەت بێ بە وان، بۆ ئەوەی خەڵکانێک ئەگەر بیانەوێ سەردانی پێشانگا بکەن بزانن ئەو هۆڵە، هۆڵێکی نمایشی گەنجانە.

**ئەگەر کەلەپوور بە شێوەیەکی هاوچەرخانە بهێنینە ناو هونەرەوە، کارێکی خراپ نییە.**

**ڕامان:** مەبەستت ئەوەیە بڵێیت ئەو هۆڵانە تایبەتمەندیی هونەریی خۆیان هەبێ؟

**دارا محەمەد عەلی:** تایبەتمەندیی هونەری خۆیان هەبێ زۆر باشترە، من وەک هونەرمەندێک کە تا ئێستا چەندین پێشانگام کردووەتەوە و بینەرانی خۆم هەیە، کۆمەڵێک بینەر هەن تایبەتن بە هونەری من و حەز لە هونەری من دەکەن. ڕۆژێک بەپێش هۆڵی میدیادا تێپەڕیم، بینیم گوێ درێژێک لەوێ لەناو هۆڵی میدیا وەستاوە، گوێ درێژ بۆیە کرابوو، ئەو بەستەزمانە گوناحی چییە؟ ئەوە ئیشی گەنجێک بوو، دەست خۆشی لێدەکەم، قەیناکە ئیش لەسەر چی دەکات با بیکا، بەڵام ئەو جۆرە کارانە هۆڵی تایبەتی خۆی دەوێ. ئەو گوێ درێژەیان

لەپێش ئەو هۆڵەدا وەستاندبوو، لەوانەیە ئەوانەی دێنە سەردانی پێشانگای من لە تەمەنی من، یان لەمن گەورەتر بن، حەز بە ئیشی گەنجێک نەکەن بەو ستایلە کار بکات.

**رامان:** بێ گومان ئەوەیان پێ هەرس ناکرێت.

**دارا محەمەد عەلی:** لەوانەیە جارێکی دی قەت ڕوو لەو هۆڵە نەکەنەوە، بۆیە هۆڵی تایبەتیمان دەوێ، موزەخانەی نەتەوەییمان پێویستە.

**رامان:** موزەخانەی هونەری شێوەکاری گرنگە هەبێ، بە تایبەتی بۆ ئەوانەی لە دەرەوە دێن و دەیانەوێ ڕووی شارستانی میللەتێک، شارێک ببینن، لەوانەش بینینی فیلمی سینەمایی، شانۆ، شێوەکاری، بۆیە پێویستە پێشانگایەکی هەمیشەیی و بەردەوام لێرە هەبێت.. تۆ دەڵێی چی؟

**دارا محەمەد عەلی:** پێشانگای هەمیشەیی دەبێ هەبێ، ئێستا ئەوەی شانەدەرمان هەیە.

**رامان:** من دەڵێم لە ئاستی مێژووی هونەری وڵاتێکدا بێ، نەک پێشانگای بچووک، دەنا خۆ لە شاری سلێمانیش گەلەری و هۆڵی لەوە پێشکەوتووتر هەیە.

**دارا محەمەد عەلی:** وەک موزەخانەیەکی نەتەوەیی تایبەت بە هونەری شێوەکاری زۆر پێویستە کە نیمانە.

**رامان:** گەلەری لە شاری دهۆکیش هەیە، بۆ لە شاری هەولێر گەلەرییەکی بەردەوام نییە کە هەولێر پایتەختیشە؟

**دارا محەمەد عەلی:** ئێستا لێرە گەلەری میدیامان هەیە، نازانم بۆچی وا ناکەن.

**رامان:** من مەبەستم ئەوە نییە هۆڵ و گەلەری لە هەولێر نییە، دەڵێم گەلەری و هۆڵ هەبێ بە بەردەوامی بکرێتە پێشانگای بەردەوام بۆ هەموو هونەرمەندەکان، هەر وەرزێک کاری هونەریی چەند هونەرمەندێکی تێدا نمایش بکرێ.

**دارا محەمەد عەلی:** ئێستا ماوەیەکە تۆزێ سستن، پێشتر ئەو بۆچوونەیان هەبوو، بەردەوام خولیان دەکردەوە و وەک گەلەری لە هەولێر هەمان بوو، بەڵام ئێستاکە..

**رامان:** ئێستا وازیان لێهێنا، ئەوەی من دەیڵێم نەبووەو نەبیریشی لێ کراوەتەوە هەبێ.

**دارا محەمەد عەلی:** بۆ ئەو لایەنە نازانم یەخەی کێ بگرم؟

**رامان:** ئەوە ئیشی وەزارەتی ڕۆشنبیرییە، یەخەی کێ دەگریت، هەر دەبێ یەخەی ئەوان بگرن.

**دارا محەمەد عەلی:** هونەرمەندانی دهۆک و بەرپرسانی دهۆک زۆر بایەخ بەو لایەنانە دەدەن، لەوێ بایەخ بە هونەر و تابلۆ دەدرێ، دەستخۆشییان لێ دەکەم.

**رامان:** لە سلێمانیش ئەو گەلەرییە هەیە کە کراوەتە پێشانگای بەردەوام بۆ کارە هونەرییەکان.

**دارا محەمەد عەلی:** لە سلێمانیش هەیە، بەڵام لە هەولێر نییە.

**رامان:** لە هەولێریش جار بەجار لەپاش ئەوەی هونەرمەندانی شێوەکاری بۆ ڕۆژنامەنووسان قسە دەکەن، بۆ ماوەیەکی کورت شتێک دەکەن، دوایی لەبیرمانی دەبەنەوە و پشتگوێی دەخەن.

**دارا محەمەد عەلی:** لەبیریان دەچێتەوە و ناکرێ، لێت ناشارمەوە لە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە تەلەفۆنیان بۆم کردووە پێیان وتووم پێشانگات هەیە؟ وتوومە چ جۆرە پێشانگایەکتان دەوێ؟ وتوویانە وەفدێک هاتووە حەز دەکەین بینێرینە لای تۆ، باشە ئەو وەفدە دێتە لای من، بەڵام یەک ستایل دەبینێ، چونکە تەنیا هونەری من دەبینێ.

**رامان:** لە کاتێکدا پێویستە لە هۆڵێکدا ئیشی کۆمەڵێک هونەرمەند و کۆمەڵێک ستایل ببینێ.

**دارا محەمەد عەلی:** دەبوایە ئیشی کۆمەڵێک هونەرمەند ببینن، بەڵام ئەوە نابینن.

**رامان:** بێجگە لە خۆت لە شاری هەولێر ئەوانەی ئەکتیڤن و چالاکی و بەرهەمیان زۆرە و پێشانگای زۆر دەکەنەوە، دەکرێ باسێکی ئەوانەم بۆ بکەیت تا بزانین ئەوانە کێن؟

**دارا محەمەد عەلی:** دەتوانم ناوی هەندێ لەو هونەرمەندانە بێنم کە ئەکتیڤن و ئیش دەکەن و بەردەوامن و ئەزموونی خۆیان بۆ پێشەوە دەبەن. بە نسبەت خۆشمەوە من لە هونەر دانەبڕاوم، زۆریش عاشقی ئیشەکەی خۆمم.

**رامان:** باسی تۆمان کرد چالاکیت هەیە و بەردەوامی، بەڵام برادەرانت کە شان بەشانی تۆ کار دەکەن کێن؟

**دارا محەمەد عەلی:** برادەران ئەوانەی ئێستا لە هەولێر ئەکتیڤن و ئیش دەکەن لەوانە نامیق عەلی قادر کە بەردەوام ئیشی هەیە.

**ڕامان:** ئەی قەرەنی جەمیل؟

**دارا محەمەد عەلی:** قەرەنی جەمیل و حەمید جەمال و جەمال موشیر ئیشیان هەیە، هەروەها (عەبدوڵڵا ڕەسووڵ)یش هونەرمەندێکی چاکە، بەڵام تۆزێ..

**ڕامان:** تەمبەڵە؟

**دارا محەمەد عەلی:** من گلەییم لێی هەیە کە تەمبەڵە، ئەگینا ئیشی زۆر جوانە، هەروەها ڕزگار فەقێ عەولا ئیش دەکا، بەڵام وەک پێشانگا زۆر کەم دەبینرێ. هەندێ لە گەنجانیشمان هەن وەک (هێمن حەمید شەریف) ئیش دەکا. هونەرمەندێکی ترمان هەیە ناوی (محەمەد خدر)ە کە بە شێوازی سریالی ئیش دەکات، ئەویش کەسێکی ئەکتیڤە.

**ڕامان:** ئەوە چالاکی هونەرمەندانی ناو شاری هەولێرە، ئەی تۆ چەند لە پێشانگای ئەو هونەرمەندانە ڕازیت کە دەیانهێنن لە هەولێر پێشانگایان بۆ دەکەنەوە، چ هونەرمەندی سلێمانی و دهۆک، چ هونەرمەندانی پارچەکانی دیکەی کوردستان، ئایا ئەو کارەت بەلاوە پەسندە کە تا ئێستا کراوە؟ چەند بە پێی پێویست کراوە؟

**دارا محەمەد عەلی:** لە ڕاستیدا بەپێی پێویست نەکراوە.

**ڕامان:** لەوەشدا کەمتەرخەمی هەیە؟

**دارا محەمەد عەلی:** لە کاتێکدا ئەوە دیاردەیەکی زۆر گرنگە، بۆ ئێمەی هونەرمەندانی شێوەکاری، گواستنەوە و گۆڕینەوەی پێشانگا لەنێوان هەولێر و دەرەوەی هەولێر کارێکی زۆر پێویستە. ئەوە پێویستییەکی زۆر شارستانی و مێژووییە، کە دەبێ ئەو پێوەندییە لەنێوماندا هەبێ، هەر بۆ نموونە یەکەم پێشانگا کە لە هەولێر چووە دەرێ، پێشانگای من بوو کە بردمە شاری سلێمانی، ئەمە ساڵی حەفتاکان بوو کە پێشانگای داوودەرمانی کوردەواریم بردە سلێمانی و لە یەکێتیی نووسەران بە ئامادەبوونی کۆمەڵێک لە هونەرمەندان و ڕۆشنبیران نمایش کرا لەوانە: مامۆستایان: ئەحمەد سالار و ئیسماعیل خەیات، هەر ئەوکاتە بوو کە (ئیسماعیل خەیات) لە چاوپێکەوتنێکدا دەستخۆشی لێ کردم و هیوای خواست کە ئەوانیش بتوانن جێگۆڕکێ بە پێشانگایەکانی خۆیان بکەن و لەنێوان شارەکانی کوردستاندا ئاڵوگۆڕیان پێ بکەن، بۆیە شانازی بەو پێشانگایەمەوە دەکەم کە لە سەرەتایەکانی ئەو کارە بوو، پێش ئەوەی هونەرمەندانی دی بیر لەوە بکەنەوە.



دارا محەمەد عەلی
هۆڵی قوتابخانەی ئەیووبییە، ساڵی ١٩٧٣

**ڕامان:** بەشێوەیەکی گشتی هەست ناکەیت نووسین سەبارەت بە هونەری شێوەکاری زۆر کەمە و ئەوانەی خۆیان لە قەرەی ئەو کارانە دەدەن ژمارەیان زۆر کەمترە، ئەو قەڵەمانەی تەرخانن بۆ نووسین دەربارەی هونەری شێوەکاری کوردی دەگمەن و دانسقەن، هۆی ئەمە بۆچی دەگێڕیتەوە؟ ئایا ئێمە ڕۆشنبیریی چاو و ئەو بوارەمان کەمە؟ یان ئەو هونەرە لەناو کوردەواریدا زۆر ڕەواجی پەیدا نەکردووە؟

**دارا محەمەد عەلی:** ئەوە هەویرێکە ئاوی زۆری دەوێ، ئێمە هونەرێک و هونەرمەندانێکمان هەیە، ئەو هونەرمەندانە بایی ئەوەندە ئیشوکاری هونەرییان کردووە، بەڵام کەسانێکی دەوێ لەو بوارەدا پسپۆڕ بن، ئەو پسپۆڕییە لەلای ئێمەدا نییە، ئێمە ئەگەر هەیشمان بێ زۆر کەمن..

**ڕامان:** بە پەنجەی دەست دەژمێرێن و لە ڕیزی نەبوانن.

**دارا محەمەد عەلی:** بەڵام وەک لایەنە زانستییەکە، ئێمە تا ئێستا زۆر کەممان هەیە لەو بوارەدا خۆی لە قەرەی نووسین و ڕەخنە دابێ، دەستخۆشی لەو کەسانە دەکەم، چونکە هەندێکمان هەیە ئیشیان کردووە و خشتێکیان لەسەر خشتێک داناوە، کە ئەمە وەک دەستپێکێک باشە، بەڵام ئەم کارە کەسی شیاوی خۆی دەوێ و دەبێ ڕۆشنبیرییەکی هەمەلایەنەی هەبێ. ئەوەی دێتە ئەو مەیدانە، دەبێ لایەنی ئیستێتیکای هونەری و مێژووی هونەری خوێندبێتەوە و لەمێژووی ئەو هونەرمەندە بزانێ کە ئیشی لەسەر دەکات.

**ڕامان:** مەبەستت زانینی لایەنی بایۆگرافیای هونەرمەندەکەیە، هەروەها ئەو ڕەخنەگرە بەدواداچوونی بۆ ئەو هونەرمەندە کردبێ تا بزانێ پێشانگا دوای پێشانگا ئیزافەی چی بووە و چەند خەریکی خۆدووبارە کردنەوەیە..

**دارا محەمەد عەلی:** دەبێ ڕەخنەگر بەردەوام بەدواداچوونی خۆی هەبێ و ئەو بنەمایانە کۆمەڵێک خاڵن و دەبێ لە نووسیندا ڕەچاو بکرێن.

**ڕامان:** باشە ئەوە زانیمان کەم نووسەر هەن ڕوو بکەنە ئەو بوارەوە، ئەی بۆچی لەناو هونەرمەندانی شێوەکار خۆیان ئەو کارە ناکەن؟ بۆ نموونە چەند کەسێکمان هەیە وەک محەمەد عارف و کەسانی تر کە جار بەجار کتێبیان لە بارەی هونەری شێوەکاری داناوە و قوتابیانی هونەر لە پەیمانگا و لە ئەکادیمیاکان سوودیان لێ وەردەگرن، چونکە قوتابیانی هونەر بێجگە لە زمانی کوردی، زمانێکی دیکە نازانن. باشە بۆچی خۆتان وەک هونەرمەندانی شێوەکاری هەوڵ نادەن ئەو سەرەتا ڕەخنەییانە پتەوو بەهێز بکەن و بەردەوام لەسەر ئەو پێشانگایانە بنووسن کە بە بەردەوامی دەکرێنەوە و بەکرێ و بێدەنگی تێدەپەڕن؟

**دارا محەمەد عەلی:** خۆت زانیاریت هەیە، من تارادەیەک پەلم هاوێشتووە. لە ژیانی هونەریی خۆمدا لە بواری نووسین چەندی پێم کرابێ کردوومە، ئێستاش چەند کتێبێکم لەو بوارەدا نووسیوە، کتێبێکیشم لەبەر دەستە بەناوی (چل بابەتی شێوەکاری) کە نووسینێکە لە بارەی هونەرمەندانی خۆمانم نووسیوە. بیروڕایەکەشت جێگای بایەخە و دەبێ بە هەند وەربگیرێ، هەرچەندە هەموو هونەرمەندێک توانایی نووسینی نییە، نەک هەر توانایی نووسینی نییە، بگرە بە تەنیا دەتوانێ خەریکی هونەرەکەی خۆی بێ، تەنانەت هەیە توانایی قسەکردنیشی نییە، بۆیە ناتوانێ بیروڕای خۆی سەبارەت بە هونەری کەسێکی دی بدات.

**ڕامان:** ئێمە بە پێویستی نازانین هەموو هونەرمەندان بنووسن، بگرە لەناو ئەو هەموو ژمارە زۆرەی هونەرمەندانی شێوەکاریمان، لەناو هەموو نەوەکاندا هەن توانایان هەیە، پێویستە وەک چۆن لەناو هونەرمەندە عەرەبەکانی بەغدا کەسانی وەک: مەی مووزەفەر، ڕافع ناسری، عادل کامل، شەوکەت ڕوبێعی، شاکر حەسەن ئال سەعید...تاد هەیە، کە ئەمەی دواییان تەنزیرات بۆ هونەر دەکات، ئەو هونەرمەندانە زۆریان لە بارەی هونەری شێوەکاری عیراقییەوە نووسیوە، بۆیە دەکرێ لەناو ئەو هەموو هونەرمەندانەی شێوەکاری لای خۆیشمان چەند کەسێکیان قۆڵی لێ هەڵماڵن و بنووسن، بەتایبەتی ئەوانەی هەلومەرجی نووسینیان تێدایە با دەست پێ بکەن.

**دارا محەمەد عەلی:** لە سلێمانی کەسانی وەک وەهبی ڕەسووڵ-مان هەیە و چەند کەسێکی دیکەش دەستیان پێکردووە.

**ڕامان:** ئێمە پێویستمان بە زۆر کەسی دی هەیە بەو شێوەیە دەست پێ بکەن تا یەکتر بەسەر بکەنەوە.

**دارا محەمەد عەلی:** ئەوە زۆر پێویستە.

**ڕامان:** بەڵام نەبێتە دەستیاوی و هەڵمگرە و هەڵتدەگرم.. لە بارەی ئەو نووسینانەی خۆت نووسیوتن، چی دەڵێی؟

**دارا محەمەد عەلی:** وەڵڵا بڵێم چی!

**ڕامان:** با نەختێ ڕەخنەت لێبگرم.. ئەو نووسینانەی تۆ کە بەشێکی لێ بڵاوبووەتەوە، ئێمە لە گۆڤاری ڕامان هەندێکمان لێ بڵاوکردووەتەوە، هەندێکی دیکەیان لەجێی دیکە بڵاوکراونەتەوە. تۆ هەست دەکەیت ئەوەی نووسیوتە دەچێتە ناو قاڵبی ڕەخنەی هونەری شێوەکاری، یان نووسینی ئینشایی و موجامەلەن؟

**دارا محەمەد عەلی:** من بەبێ موجامەلە شتەکانم نووسیوە و بیروڕای خۆم دەربڕیوە.

**ڕامان:** پێت وایە پەنجە لەسەر دانان و تەشخیسەکانت زانستیانەن؟

**دارا محەمەد عەلی:** تا ڕادەیەک ڕام لێیانە، بەڵام وەک لایەنە زانستییەکە و لە سەدا سەد، ئەوە بەخۆم ئەو شتەیان تێدا نابینم.

**ڕامان:** بە ئینسافەوە هەڵسەنگاندێکی هونەریت کردووە؟

**دارا محەمەد عەلی:** بەڵێ بە ئینسافەوە کردوومەو بۆچوونەکەم دڵسۆزانەیە و بە پاکی نووسراوە.

**ڕامان:** بۆچی بە دەیان کەس پێشانگایان کردووەتەوە و بە دەیان و دەیان کەس ئیشی هونەریی دەکەن، چ لە هەولێر، چ لە سلێمانی، چ لە دهۆک، چ لە کەرکووک، تۆ بۆچی ئەو چەند کەسەت وەرگرتووە و لە بارەیانەوە

نووسیوتە، ئایا لەبەر ئەوەیە کە لێتەوە نزیکن؟ یان لەبەر ئەوەیە کە ستایلەکەیان لەخۆتەوە نزیکە، یان لەبەر چییە؟ ئەوانەت بە چ مەبەستێک دەستنیشان کردووە تا لە بارەیانەوە بنووسیت؟ ڕوون کردنەوەتان لەم بارەیەوە چییە؟

**دارا محەمەد عەلی:** من هەر ئەوەندەم پێکراوە، ئەو هونەرمەندانەش وەک ستایل دوورن لە ستایلی من، لەوانە: (حەمید جەمال) و (قەرەنی جەمیل) و (محەمەد هاشم) کە من بە بۆچوونی خۆم ئەو سەرنج و تێبینیانەم لەلا کۆبووەتەوە و لەناو فیکر و چاوم کەڵەکە بوون، پاشان ئەو ڕۆشنبیرییە خاکەڕایەی پێکەوەم ناوە، هێناومە بۆ ئەوەی خوێندنەوەیەکیان بۆ بکەم و بە بەژن و باڵای هونەریی ئەو هونەرمەندانەدا هەڵبدەم، هەر ئەوەندەشم پێکراوە. هونەرمەندانی شاری سلێمانی لێرە پێشانگایەکیان کردەوە و پتر لە بیست هونەرمەند بوون، من لەسەر هەر بیست و ئەوەندە هونەرمەندەکە بیروڕای خۆم داوە، ئەوە مێژووە و بە چەند دێڕێک باسم کردووە، ئەوە بۆچوونی خۆمە. تۆ بۆ هەندێک لایەنی ئەدەبی لە شیعردا بیروڕاو ڕوئیای خۆت و نووسین و بۆچوونی خۆت هەیە، لەوانەیە جەنابت شیعرێک دابنێی، درەختێکت لەپێشە، شیعرێک بە قەد و باڵای ئەو درەختەدا دەڵێی، شاعیرێکی دی بە هەمان شێوە بۆ ئەو درەختە شیعرێک دادەنێ، بەڵام بۆچوونتان لەیەکترەوە جیاوازە.

**ڕامان:** ئێمە بۆچوونی جیاواز باس ناکەین، من حەز دەکەم لە چوارچێوەی پرسیارەکەدا وەڵامم بدەیتەوە و زۆر پەل نەهاوێین باشە.

**دارا محەمەد عەلی:** وەڵامەکەی من ئەوەبوو.

**ڕامان:** ئێستا تۆ شوێن ئەو نووسینانە دەکەویت کە لەسەر هونەری شێوەکاری کوردی دەنووسرێن؟

**دارا محەمەد عەلی:** بەڵێ تاڕادەیەک.

**ڕامان:** ئەو خەسڵەتانەی کە لە خەیاڵ و زیهنتدا هەن، بۆ ئەوکەسانەی دەبنە ڕەخنەگرێکی شێوەکاری چییە؟ یان کێت پێ گونجاوە ببێتە ڕەخنەگرێکی شێوەکاری لەناو ئەو نووسەرانەی نووسینیان دەخوێنیتەوە؟

**دارا محەمەد عەلی:** لەوانەی پێم باشە نووسینی (وەهبی ڕەسووڵ)ـە.

**ڕامان:** تەنیا ئەوت پێ باشە؟ کەسانی دیکە نییە؟

**دارا محەمەد عەلی:** دەتوانم بڵێم (وەهبی ڕەسووڵ) وەک لایەنە زانستییەکە باشە، کەسانی تریشمان هەیە کە کاریان کردووە و تاڕادەیەک بیروڕاو بۆچوونی خۆیان هەیە، لەوانە (تاریق کاریزی)یش خزمەتی کردووە و یەکێکە لەو کەسانە و ئەو چێژەی هەیە بتوانێ بێتە ئەو بوارەوە، هەروەها لە دهۆک (سیروان شاکر) هەیە، ئەوانە بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن کە خزمەتیان بەو بوارە کردووە.

**ڕامان:** بێجگە لە کاری هونەری، چەندە نووسینی هونەری بە مەبەستی خۆ ڕۆشنبیرکردن دەخوێنیتەوە؟

**حەز ناکەم لەسەر یەک شێوە و ڕێچکە کاری هونەریی بکەم.**

**دارا محەمەد عەلی:** بە نیسبەت خۆم تاڕادەیەک چ بە عەرەبی بێ، چ بە کوردی دەخوێنمەوە، هەرچەندە نووسینی کوردیان زۆر کەمە.

**ڕامان:** ئەو خوێندنەوەیەی خۆتت بەدڵە؟

**دارا محەمەد عەلی:** بەدڵم بێ و بەدڵم نەبێ ئەوەی هەیە ئەوەیە کە مەوجوودە، بەخششەکە ئەوەندەیە. ئەو ڕۆشنبیر و هونەرمەند و نووسەرانە ئەوەندەی پێیی دەوێرن کردوویانە، ئێمەش شوێن پێیان هەڵدەگرین. بێینە سەر زمانی عەرەبی، لەو دواییەدا کتێبێکی (عادل کامل)م بەناوی (الفن الحديث) خوێندەوە کە لە بارەی قۆناغی دامەزراندن نووسراوە و لە سووریا ساڵی (٢٠٠٨) دەری کردووە و نووسینێکیشی لە بارەی منەوە نووسیوە، ئەو نووسەرە ئیش دەکات و ئیشی کردووە، ئەوە جیایە لەگەڵ ئەوانەی لای خۆمان، ئیتر ئێمەش خەریکی کار کردنین پتر لەوەی خەریکی نووسین بین.

**ڕامان:** لەکاتێکدا زۆر پێویستە هۆشیارییەکی هونەریی لەناو خوێنەراندا بڵاوبکەینەوە، ئەو بینەرانەی دێنە ئەو پێشانگایانەوە، دەبێ زەمینەیەکی ڕۆشنبیرییان هەبێت تا چێژ وەربگرن.. هونەرەکە بەخۆی نوێیەو تایبەتمەندی خۆی هەیە، چونکە نووسین نییە تا بە مەنتیق زانیاری لێ بەدەست بێنین، هەندێک هەن تا ئێستا لەوە نەگەیبوون کە ئەمە زیاتر هونەری چاوە و لەگەڵ چاو دەدوێ و پێویستە ئەو کەسە پێکهاتەکانی

تابلۆ شارەزابێ بۆ ئەوەی بتوانێ هەڵیسەنگێنێ، ئەوە کەموکورییەکە و هەیە. ئایا دروستکردنی ئەو هۆشیارییە پێویست نییە؟ تا چەند کار کراوە و هەوڵ دراوە ئەو هۆشیارییە دروست بکرێت؟

**دارا محەمەد عەلی:** لە ڕاستیدا ئەو لایەنەمان زۆر کەموکورتی تێدایە و فەرامۆش کراوە.

**ڕامان:** بەشداربوونی خۆت لە بواری نووسین و ئەوەی تائێستا داوتە بە دەستەوە، ئایا مایەی ڕەزامەندیی خۆتە و بەدڵتە؟ ئایا لە ئاستی ئاواتی خۆتدا دەیبینی، یان بەتەمای زیاتر بنووسیت و پتر لەو بوارەدا ئیش بکەیت و خۆت پێش بخەیت؟

**دارا محەمەد عەلی:** نەخێر هەرگیز لە ئاستی حەز و ئاواتی مندا نییە، من ئیشی زیاترم هەیە و دەتوانم بڵێم دواتر دەستنووسەکانم بەدیار دەکەون و ڕۆژێ دێ بیانبینن، من زۆر حەزم لە نووسینە و تا ئێستا زۆرم نووسیوە، ئەگەر بۆمی چاپ بکەن، ئێستا سێ چوار ڕەشنووسی کتێبم لەبارەی هونەرەوە هەیە، ئەو نووسینانەش هونەری خۆشم و برادەرانیشم دەگرێتەوە.

**ڕامان:** ئەوەی تا ئێستا دیومە، من ناوی لێدەنێم چەند هەوڵێکی شەرمنانە کە پرۆژەی زانستی و قووڵ نین، تا بە قووڵایی ئیشەکاندا ڕۆبچن و دەستنیشانی ستایلی ئەو هونەرمەندانە کرابێ، یان هونەرمەندەکانی پۆلێن کردبێ تا بزانرێ هەر یەکەیان لە چ خانەیەک دادەنرێن، چونکە ئێستا نەوەکان و ستایلەکان تێکەڵی یەکتر بوونە، ئەوەی هونەرمەندی موحتەریفە کە ساڵەهای ساڵە ئەزموون و ستایلی تایبەتی خۆی هەیە، لەگەڵ قوتابییەکی هونەر کە خەریکی لاسایی کردنەوەیە هەموویان تێکەڵاوی یەکدی بوون..

**دارا محەمەد عەلی:** ئەوەش لەبەر نەبوونی هۆشیاری هونەرییە، لەسەر قسەی جەنابت ئەو هونەرمەندانەی من باسم کردوون، باسی ستایلەکانیشم کردوون، هەروەها لە چ بوارێکدا ئیش دەکەن، بۆ نموونە قەرەنی جەمیل ئەوە دیارە ئیشەکانی واقیعی- تەعبیرین، کە تەماشایان دەکەی توخمەکانی واقیعیەتیان لەناودا دەبینیتەوە، کە بەشێوەیەکی تەعبیری هاوچەرخ پێشکەشی دەکات، هەروەها لەسەر ئیشی زۆر لەو هونەرمەندانەی من لەسەریانم نووسیوە کارم کردووە و لە هەموویاندا ستایلەکەیانم باس کردووە تا ئەوەندەی کە پێی وێرابێتم



**دارا محەمەد عەلی، گوشاد حەمەسەعید، خومار کۆیی**
**پیشانگای تایبەتی منداڵان، نۆرنبێرگ - ئەڵمانیا**

کردوومە.

**ڕامان:** باشە تۆ پێناسەت بۆ ڕەسەنایەتی چییە؟ کاتێک کارێک دەکەیت و دەتەوێ مۆرکێکی کوردی هەبێ، ئەوە چۆنە؟ زۆرجار لە تۆم بیستووە دەڵێی کاری کوردی.. پێناسەت بۆ کاری کوردی و ڕەسەنایەتی چییە؟

**دارا محەمەد عەلی:** پێناسەی ڕەسەنایەتی ئەوەیە کە باسی شتی کوردەواری کۆن دەکەین و دەڵێین ئەوە ڕەسەنە، بەڵام ڕەسەنایەتی لە هونەردا ئەوە ناگەیەنێ.

**ڕامان:** ئێمە باسی هونەر دەکەین، بە تایبەتی هونەری شێوەکاری، ڕەسەنایەتی لە هونەری شێوەکاریدا بەلاتەوە چی دەگەیەنێ؟

**دارا محەمەد عەلی:** ڕەسەنایەتی لە هونەردا ئەوەیە تۆ بتوانیت شتێک بکەیت و لەناو هونەری نوێدا بمێنێتەوە.

**ڕامان:** کەواتە ئەوە پێناسەی تۆیە بۆ ڕەسەنایەتی هونەرێک کە بە نەمری بمێنێتەوە؟

**دارا محەمەد عەلی:** بەڵێ هونەرێک بێ خلوودی هەبێ و بە نەمری بمێنێتەوە، ئەوە ڕەسەنایەتییە.

**ڕامان:** ئەی تۆ چەند لەگەڵ ئەوەدایت کاتێک باسی هونەرمەندێکی شێوەکاری دەکەین ئەو بێت چیغ و بێشکە و جاجم و بەڕەو هەندێک لەو کەلوپەلە کەلەپوورییانە بخاتە ناو تابلۆکەیەوە و بڵێ من کاری ڕەسەنی کوردەواریم کردووە، بەلای تۆوە ئەوانەی تێناکەوێ؟

**دارا محەمەد عەلی:** ئەمە جۆرێکی ترە لە هونەر، ئێمە کەلەپوور و ئەو جۆرە کەلوپەلانەمان هەیە، ئەگەر بیانهێنینە ناو ئێستای هونەر و شتێکی هاوچەرخی لێ دروست بکەین خراپ نییە.

**ڕامان:** کەواتە بەکارهێنانی ئەو کەلوپەل و کەرەستە کەلەپوورییانە کە لە وڵات و لە دەوروبەری ئێمەدا هەن، بە مەرجێک بیانهێنین و مامەڵەیەکی هاوچەرخانەیان لەگەڵدا بکەین و بە تێڕوانینێکی هونەریی نوێوە هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا بکرێ؟

**دارا محەمەد عەلی:** ئەوە زۆر باشە ئەگەر بە ڕێکوپێکی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێ، چونکە دەبێتە ناسنامەیەکی زەق بۆ هەر وڵات و نەتەوەیەک، بەڵام وەک خۆی نەگوێزرێتەوە.

**ڕامان:** ئاخر من دەمەوێ ئەوە بڵێم، هەیە پێی وایە کاری کوردی کردووە، لەبەرئەوەی ئەو کەلوپەلانەی بە زەقی خستۆتە ناو تابلۆیەکانییەوە، لەکاتێکدا تەنیا گوێزانەوەی ئەو کەلوپەلانە وەک خۆیان بەس نییە، بۆ نموونە جەنجەڕێکی هێناوە، پێشکەیەکی هێناوە...

**دارا محەمەد عەلی:** ئەوە گوێزانەوەی حەرفی پێ دەڵێن، مانای وایە هیچ ئیزافەیەکی نەخستووەتە سەرو هیچ مامەڵەیەکی هونەریی لەگەڵدا نەکردووە و وەک خۆی کەرستەکەی هێناوەتەوە ناو تابلۆیەکانی، بەڵام هەیە بەم جۆرە نییە و پێشتر بیری لێ کراوەتەوە و بۆ ئەو زەمەنەی ئێستا دەیگونجێنی، تا خۆی لە زەمەنێکی دوورتر بدۆزێتەوە، ئەوانە پێشتر هەبوون، تۆ دەیانهێنی لە زەمان و لە بیرۆکەی ئێستادا، لە هونەرێکی هاودەمدا مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەیت.

**ڕامان:** ئەو برادەرانەی کاری هونەری دەکەن و بەو شێوەیە لەگەڵ ئەو کەلوپەلە کەلەپووریانە مامەڵە دەکەن زۆرترینیان ئەوانەن کە خۆیان بە هونەرمەندی ڕیالیزم هەڵدەدەنەوە، لە کاتێکدا دەتوانن ئەو واقیعیەتەی خۆیان بێنن و تێکەڵی تەعبیریەتی بکەن.

**دارا محەمەد عەلی:** یان تێکەڵی تەجریدییەتی بکەن.

**ڕامان:** بۆ ئەوەی بتوانن فەنتازیایەکی جوان هەر لەجیهانی کەلەپوورەکەوە دروست بکەن.

**دارا محەمەد عەلی:** بۆ نموونە باوەشێنەیەکم لەماڵەوە هەیە، خوشکەکەم ڕۆخەکەی بە گوڵینگە و شتی جوان ڕازاندبووەوە، ڕۆژێک دانیشتبووم چی بکەم چی نەکەم، تابلۆیەکی گەورەم هێنا دامنا، ئەو باوەشێنە کە زۆر کاریگەری لەسەر من هەبوو، هێنام وەک خۆی لە سەنتەری تابلۆکەم داناو ڕەسمم کردەوە، لە تەنیشت باوەشێنەکە لەم لاو ئەو لای، ئەوجارە دوو باوەشێنەم بە بۆچوونێکی دی و بە شێوازێکی تر لە جووڵە و بە ڕەنگێکی تر دروست کرد، لەسەرەوەش کۆمەڵە باوەشێنەیەکە ڕوویان لەلایەکە، لە خوارەوەش کۆمەڵە باوەشێنەیەکە ڕوویان لەلایەکی ترە، مەبەستم ئەوەیە بڵێم بە دارشتنێکی نوێ و بە شێوەی نوێگەرانە ئەو باوەشێنەیەم تەواو کرد، لە ڕاستیدا ئەو باوەشێنەیە لە کەلەپوور وەرمگرتووە، بەڵام من هێناومەتەوە ناو دنیای هونەریی ئەمڕۆوە، ئەو تابلۆیە گیانێکی سەردەمیانەم داوەتێ، ئێستا لە کتێبخانەی گشتی هەولێر هەڵواسراوە.

**ڕامان:** ئێمە کە قسە دەکەین بە شێوەیەکی گشتی قسە دەکەین و باسی دیاردەکانی ناو هونەری شێوەکاری و چەمکەکانی دەکەین، واتە مەبەستمان کەسێکی دیاریکراو نییە، بەشێوەیەکی گشتی وەک کەسێک کە ئەزموونت هەیە و دەکرێ لەو تەمەنەی ئێستادا باسی ئەو ئەزموونانەی خۆمان بۆ بکەیت، لەکاتێکەوە من تەمەنم سێزدە ساڵ بوو کە هاتمە پێشانگایەکەت، ئێستاش لەبیرمە ڕانکوچۆغەیەکی سپیت لەبەر بوو، کڵاشت لەپێ بوو، لەبەردەمی دەرگای قوتابخانەی ئەیووبییە تۆم بینی، تەنانەت پشتێنەکەشتم لەبەرچاوە کە گوڵگوڵییەکی پەمبە بوو، ئەو جۆرە پشتێنەم دواتر لە کەمەر و ناوقەدی مامۆستا (ڕەسووڵ گەردی)دا بینییەوە لەگەڵ جلوبەرگی کوردی بەستبووی، کە جار بەجار لەبەر دەرگای ماڵی خۆیان دەمدی دادەنیشت، ئەوسا ماڵەکەیان دەیڕوانییە سەر شەقامی پزیشکان، لەو کاتەوە بۆ یەکەم جار تۆم لە یەکەم پێشانگادا بینیوە، چونکە دوایی کە لە ژوورێ تەماشای تابلۆکانم کردیت پێیان گوتم ئەوەیە ئەو ڕەسمانەی کردووە، من تۆم لەو یەکەم پێشانگایەوە دیوە..

**دارا محەمەد عەلی:** هەمان ئەو قسەیەش قسەی (زیاد موهەندیس)ی خۆشنووسی شاری هەولێرە، ئەویش لەگەڵ کاک (عەبدولڕەحمان) یەکەم خۆشنووسە کە هەمان یادگارییان هەیە، وەک جەنابت دەڵێی لە قوتابخانەی ئەیووبییە هاتبوون.

**ڕامان:** دەتوانم بڵێم بۆ خۆم یەکەم پێشانگای کوردیم دیبێ، ئەو پێشانگایەی تۆ بووە، لەوکاتەوە تۆ ئیش دەکەی، ئەوە چل ساڵ پترە ئەو پێشانگایەی تۆم بینیوە، ئێستا لەو تەمەنەتدا بەو ئەزموونەی کە هەتە ئەگەر

ئاوڕێک بۆ دواوە بدەیتەوە و سەیرێکی مێژوو و ڕابردووی هونەریی خۆت بکەیت، تۆ چەند لەو هونەرەی خۆت ڕازیت کە بەرهەمت هێناوە، خۆت لەوە بە دوور بگرە کە ناوت (دارا محەمەد عەلی)یە، وەک کەسێک کە بەدواداچوونی هەبێ، هەڵسەنگاندنێکی ئەو ڕابردووەی خۆت بکە؟

**دارا محەمەد عەلی:** من لەو بەخشش و ڕابردووەی خۆم ڕازیم، ئەو ڕازی بوونەش..

**ڕامان:** ئەو ڕازی بوونەت بۆ چی دەگەڕێتەوە؟

**دارا محەمەد عەلی:** لەوانەیە تەرمۆمەتری هونەرەکەم تووشی بڵندی و نزمی بووبێ، چونکە ڕێگای مرۆڤ وەک جادە نییە بۆی خۆش کرابێ و بێ گرفت لەسەری ڕۆیشتبێ، واتە لە خاڵی یەکەمەوە دەستی پێ کردبێ و لە دوا خاڵ کۆتایی بە شتەکان هێنابێ.. نەخێر ئەو ڕێگایەی دێتە پێشت، قەت ڕێگایەکی ئاسان نییە، کارکردنی منیش شێوەیەکی تەرمۆمەتری هەبووە.

**ڕامان:** هەوراز و نشێوی تێکەوتووە، ئاستەکەت بەرزی و نزمی بەخۆیەوە دیوە.

**دارا محەمەد عەلی:** بەشێوەی هەوراز و نشێو بووە، ئەوەندەی من لە ژیانی خۆم بزانم، ژیانی خۆم بۆ هونەرەکەم بەخت کردووە، هەر لە سەرەتاوە بە عیشقێکەوە چوومەتە ناو هونەرەکەی خۆم و لێشی دانابڕێم، لەگەڵ ئەو عیشقەی هەمە تا کۆتایی بەردەوام دەبم.

**ڕامان:** من شایەتی ئەوەت بۆ دەدەم لەوەتی دەتناسم تا ئەم ساتە کە دوور و نزیک ئاگام لێت بووە، تۆ کەسێکی لە بواری کاری خۆتدا کۆڵت نەداوە و بە پشوویەکی درێژەوە بەردەوام بوویت و بەپێی توانایی خۆشت جووڵە و چالاکیت هەبووە، ئێستا ئێمە داوامان لێت کرد هەڵسەنگاندنێک بۆ ئیشەکانی خۆت بکەیت، هەموو ئینسانێک دەبێ هەمیشە ڕەخنە لە خۆی بگرێت، بۆ ئەوەی خۆی تێپەڕێنێ، تۆ ئەگەر ڕەخنە لەخۆت بگریت لە چ ڕوویەکەوە ئەو ڕەخنەیە لەخۆت دەگریت؟ ئایا هیچ شتێک هەیە شایەنی ئەوە بێ ڕەخنەی لێ بگری کە نەدەبوو بیکەی، یان دەبوایە جۆرێکی دیکە بیانکەیت، یان ڕێچکە و ڕێبازی هونەریت بە ئاراستەیەکی دیکەدا ببردایە بۆ ئەوەی باشتر و جوانتر کارەکانت بکەیت.

**دارا محەمەد عەلی:** پرسیارەکەت زۆر جوانە.. من لە ژیانمدا لەبیرکردنەوەی ژنهێناندا نەبووم، دامنابوو خۆم تەنیا بۆ هونەرەکەم تەرخان بکەم، بە مەبەستی تەواوکردنی هونەرەکەم زۆر حەزم لە دەرەوە بوو، بەڵام ئەوە بۆ من نەڕەخسا، عیشقە هونەرییەکەی من زۆر لەوە گەورەتر بوو، دەتوانم بڵێم پڕۆژەی زۆر جوان لەمێشکمدا هەبوو، دەمویست لە ژیانی هونەریی خۆمدا جێبەجێیان بکەم، مامۆستای باشتر و هونەری جوانتر و دنیای هونەریی فراوانتر ببینم و بناسم، بۆ ئەوەی هونەرەکەی خۆم پتر دەوڵەمەند بکەم، لەگەڵ ئەوەشەوە لە ئیشەکانم ڕازیم، چونکە تەماشای خۆم و ئەو ئەزموونەم دەکەم و خۆم لەگەڵ ئەوانەی لە دەرەوەی وڵات بوونە بەراورد دەکەم، کە دەتوانم بە هەموو بوێری و ڕاستگۆییەکەوە بڵێم من لە هەندێکیان باشتر بوومە، کە ئەو لە دەرەوەش بووە، ئەوەندەی من چالاکی نەبووە، من زیاتر لەو جۆرە هونەرمەندانە چوومەتە ناو هونەرەکەی خۆمەوە.

**ڕامان:** تۆ لێرەدا خۆت بە هونەرمەندە تەمبەڵەکانی ئەورووپا بەراورد دەکەیت، یان بە هونەرمەندە چالاکەکانیان؟

**دارا محەمەد عەلی:** تەنانەت خۆم بە هونەرمەندە چاکەکانیشیان بەراورد دەکەم.

**ڕامان:** هونەرمەندی شێوەکاری کوردمان هەیە لە ئەورووپاو لە ئیتالیا خەریکن کاری بازرگانی دەکەن، تەنانەت تا ئێستا کە لە ئیتالیان هەوڵیان نەداوە لە ڤاتیکان هونەری (مایکڵ ئەنجیلۆ) ببینن.

**دارا محەمەد عەلی:** قسەکەت زۆر تەواوە، بۆیە من ئەکتیڤەکان دەڵێم، باش دەزانم ئەوان ئاگایان لە هونەری من هەیە، لە هونەرمەندانی خۆمان کوردەکان تا برادەرە عەرەبەکانم لە تەلەڤزیۆن، لە چاوپێکەوتنەکانیاندا دەیانبینم باسی من دەکەن و دەڵێن ئیشی کردووە و ئیش دەکات و بەرنامەی خۆی هەیە، لەبەر ئەوە تاڕادەیەک لەو ڕابردووەی خۆم ڕازی بوومە و وەک شێوەکارێک توانیومە کاری خۆم بکەم، ئەگەر خزمەتەکە بەو شێوەیەش بێ کە هەڵچوون و داچوونێک ڕووی دابێ، بەڵام من قەناعەتم پێی هەبووە و خزمەتێکم کردووە، بینەرانیش دەتوانن هەڵسەنگێنن و قسەی خۆیان هەبێ.

**ڕامان:** ماوەی زیاتر لە چل ساڵێکە خەریکی کاری هونەریت، بۆچی ڕەخنەی بواری هونەری شێوەکاری، ئەگەرچی لە گاگۆڵکێدایە بەپێی پێویست ئاوڕێکی لە

ئیشی تۆ نەداوەتەوە، تا ئەو نووسینانە بتخەنە خانەی ڕاستەقینەی خۆتەوە و بە قەدەر قەبارە و بەخششەکانی خۆت ئاوڕت لێ بداتەوە؟

**دارا محەمەد عەلی:** بایی خۆم نووسیویانە.. پێشتر باسمان کرد و وتمان ڕەخنەکارمان کەمن و لەو کەمانەش بەپێی پێویست نەیاننووسیوە، ئەوانەی لێمەوە نزیکن نووسیویانە، لەوانەی لەسەر ئاستی هونەری شێوەکاری کوردی کە باسی منیان کردبێت و لەسەر هونەری منیان نووسیبێ لە کوردان ئەوە کاک (تاریق کاریزی) بووە، لە عەرەبەکان لەو دواییە شانۆکاری عیراقی دکتۆر (فەیسەل میقدادی) شتێکی نووسیوە، لە ڕەخنەگرە عەرەبەکانی تر ڕەخنەکاری عیراقی (عادل کامل)یش لەسەر هونەری منی نووسیوە.

**ڕامان:** تۆ زیاتر بینەرەکانت کوردن، دەبێ ئەو دنیایەی تۆ زیاتر لە بینەرێکی کورد نزیک بخرێتەوە، پێویستە زیاتر کوردەکان لە هونەرەکەت بدوێن.

**دارا محەمەد عەلی:** ئێستا ڕۆشنبیرەکانی کورد ئەوانەی هونەرمەند نین و لەسەر منیان نووسیوە و بۆچوونی خۆیان هەبووە و نووسیویانە، کتێبێکم هەیە بریتییە لە بیروڕای ئەو ڕۆشنبیرانەی لە بارەی منەوە نووسیویانە هەر لە هونەرمەند محەمەد عارفەوە کە لەسەر هونەری منی نووسیوە، تا فەیسەڵ عوسمان و دکتۆر مارف خەزنەدار و کۆمەڵێک دکتۆر و ڕۆشنبیری دی.

**ڕامان:** ئەوانەی ڕەخنەیان لە بارەی تۆوە نووسیوە، ئەوانەشت خستووەتە ناو ئەو کتێبەوە؟

**دارا محەمەد عەلی:** بەڵێ ئەوانەی ڕەخنەشیان لەسەر هونەری من نووسیوە ئەوە لەو کتێبەدا بڵاو دەبنەوە، ئەوانەی بە عەرەبیش لە بارەی منیانەوە نووسیوە، ئەوانیشم کردووە بە کتێبێک و ئەویش بەناوی (دارا محمد علي بقلم المثقفين) ئامادەیە بۆ چاپ.

**ڕامان:** ئێستا ئەوانەی چ کورد، یان عەرەب لە بارەی تۆیان نووسیوە پێت وایە مافی تۆیان دابێ و بە تەواوی ئاوڕیان لێت دابێتەوە؟

**دارا محەمەد عەلی:** ئاوڕێکیان لێم داوەتەوە، هەرچەندە حەزم دەکرد نووسینەکان زیاتر زانستی بن و بێنە ناواخنی من و توخمە هونەرییەکان زیاتر بەدەربخەن، یان ڕەخنەکان بچنە قاڵبێک و هان بدرێم خۆمی تێدا ببینمەوە، تا بزانم هونەرەکەم لە چ ئاستێکدایە، ئەوە زۆر بۆ من گرنگ بوو.

**ڕامان:** وەک کەسێک کە ساڵانێکی زۆرە لەناو ئەو هونەرەدا ئیش دەکەیت و شوێن پێی هونەری شێوەکاری کوردی کەوتوویت، ئەگەر بشێ ئەو ناوەی بە باڵادا ببڕین، ئەو هونەرە بەچی لە هونەری شێوەکاری گەلانی دی جیا دەکەیتەوە، واتە تایبەتمەندییەکانی خۆی پەیدا کردووە پێی بناسرێتەوە؟

**دارا محەمەد عەلی:** هەندێک دەڵێن هونەر زمانی گەلانەو وەک زمانێک ئیشی خۆی دەکات، هەندێک دەڵێن هونەر ناسنامەی میللەتانە، هەرچەندە لە یەکتریش جیان، بەڵام ئەو دوو لایەنە دەبێ ئیشی بۆ بکرێ، ئەگەر هونەرێکی نەتەوەیی پێشکەش بکەم و نیشانی هاوولاتی خۆمان و دەرەوەی بدەم، دەبێ ئەو هونەرەی من ناسنامەی نەتەوەی منی پێوە بێ، ئەگەر بە ڕەمزیش بێ دەبێ بە شێوە و ستایلێک بێ لەناو میللەتان بناسرێتەوە. ئەگەر بە شێوەیەکی دی ئیش بکەم بۆ نموونە بە ستایلی ئەبستراکت کار بکەم، ئەوە ئەبستراکت لە هەموو دنیادا شێوەیەکی جیهانیی وەرگرتووە، ئەوکاتە کە بە ئەبستراکت ئیش دەکرێ هونەرمەندێکی کورد لەگەڵ هونەرمەندێکی ئەوروپایی و فارس و عەرەب و تورک کە بە ئەبستراکت ئیش دەکەن، دەبینی دنیای ئەبستراکتەکەیان لە یەکترەوە نزیکە، بۆیە کۆمەڵە خەسڵەتێکی تایبەتی هەیە کە ئێمە پێی بناسرێینەوە، چونکە لەناو ئەبستراکتەکەش هونەرمەندی کورد دەتوانێ بناسرێتەوە، دوور نییە بە ڕەنگە جیاوازەکانی کوردەواری بناسرێتەوە، ئەگەر نا بەوەش ناناسرێتەوە، چونکە لە هونەری ئەبستراکتدا بە چەندین جۆر ئیش دەکرێ، بەڵام لایەنەکەی دی کە بتەوێ هونەری کوردی لەناو هونەری میللەتانی دی بناسرێتەوە، ئەوە خەسڵەتێکی تایبەتی خۆی دەوێ، کە دەبێ بەدوای ئەو خەسڵەتانەدا بگەڕێین، لێرەدا هەندێ ڕەگەز لەناو میللەتی کورددا هەیە، دەبێ نەختێک ئەوە بە دیار بخرێ بۆ ئەوەی لە کارەکانماندا دایبنێین.

**ڕامان:** ئایا هونەرمەندی شێوەکاری کورد گەیشتووەتە ئەو ئاستەی بیر لەوە بکاتەوە بەدوای ئەو خەسڵەتانەدا بگەڕێ کە باست کردن؟

**دارا محەمەد عەلی:** بە هەموو ڕاشکاوییەکەوە دەڵێم

من یەکێکم لە وانەی بەدوای ئەو خەسڵەتەدا دەگەڕێم.

**ڕامان:** کێی دیکەت لەبەرچاوە؟

**دارا محەمەد عەلی:** خۆم یەکێکم لەوانە.

**ڕامان:** من دەڵێم کێی ترت لەگەڵە؟

**دارا محەمەد عەلی:** قەرەنی جەمیل-یش ئیشی کردووە و ئەو موفرەداتانەی کە بەکاری هێناوە هی کوردەوارییە، هونەرمەند (فوئاد عەلی) وەک پەیکەرتاشیی ئیشی هەیە، ئیسماعیل خەیات تارادەیەک ئەو خەسڵەتەی تێدایە و هەندێک سیمای کوردەواری هەیە.

**ڕامان:** بەلای تۆوە هونەرمەندێکی ئەوروپایی، یان ڕەخنەگرێکی ئەوروپایی دەزانێ ئەوە کارێکی کوردییە؟

**دارا محەمەد عەلی:** بەڵێ تەماشا بکات، دەزانێ ئەوە کارێکی کوردییە.

**ڕامان:** وەک چۆن میناتۆری ئێران و هونەری چینی و ژاپۆنی کە تایبەتمەندی خۆیان هەیە، هەرچەندە میناتۆری ئێران لەژێر کاریگەری هونەری میناتۆری چینییەکاندا سەری هەڵداوە.

**دارا محەمەد عەلی:** من پێم وایە ئەوروپاییەک دەتوانێ ئەو تایبەتمەندییە بخوێنێتەوە.

**ڕامان:** دەتوانێ لە هونەری ئەوروپایی جیای بکاتەوە و بڵێ ئەمە کوردییە؟

**دارا محەمەد عەلی:** بە تایبەتیش ئەگەر بێتو هونەرەکە نەختێ لەو شێوازە دوورکەوێتەوە کە دەبێتە ئاستەنگ لەبەردەم ئەوروپاییەکە، بۆیە دەبێ ئێمە شێوەیەکی وای بدەینێ، بۆ ئەوەی بەهۆی ئەو شێوازەوە ئاسانتر بمانخوێنێتەوە.

**ڕامان:** ئەگەر ئاوڕێک لە دواوە بدەیتەوە، ئەو بەخششەی تائێستا بەرهەمت هێناوە لێی ڕازیت؟ ئایا تۆ لە هەڵسەنگاندنی هەموو کارەکانتدا هەست دەکەیت جار بە جار شێوازی خۆت گۆڕیوە، یان تووشی شێوازبەندی (نمطیة) هاتوویت و لەسەریەک شێوە و پێودانگ لەسەرەتاوە تا ئێستا ڕۆیشتووی؟

**دارا محەمەد عەلی:** ئەگەر بێتو بە فلاش باک بگەڕێمەوە دواوە تا ئێستا من لەسەر یەک شێوە نەڕۆیشتووم، حەزیش ناکەم لەسەر یەک شێوە و ڕێچکە بڕۆم، چونکە مانای ئەوەیە هیچت نەکردووە.

**ڕامان:** بەمە تووشی شێوازبەندی دەبیت و دەکەویتە خۆ دووبارەکردنەوەوە.

**دارا محەمەد عەلی:** ئەو شێوازەی ئێستا کاری لەسەر دەکەم زۆر جیایە لەگەڵ ئەوەی ساڵانی پێشوو ئیشم لەسەر دەکرد، بۆ نموونە ئەگەر لە هەندێ لە تابلۆکانمدا گوندێک ڕەسم بکەم، ئەوە ئەو گوندە دێنم تەحلیلی دەکەم، ئێستا تابلۆیەکانم دەکەمە چەند پارچەیەکی ئەندازەیی، ئەو پارچانەش لەلای من ئاوێنەکانی منن.

**ڕامان:** ئەوە شێوازی ئێستای کاری تۆیە؟

**دارا محەمەد عەلی:** بەڵێ.. ئینجا ئەو پارچانە لەوانەیە پارچە دەرگایەک، لەتە چاوێک، یان پارچە درەختێک بن، لەو پارچەیەدا نیوە ئافرەتێک دیارە، لێرە منداڵێک دیارە، بەڵام کۆیان بکەیتەوە بە هەموویان سروشتەکە و گوندەکە و شارەکە، یان بابەتەکە بە دیار دەکەوێ، ئێستا من بەو شێوازە ئیش دەکەم.

**ڕامان:** ئامادەبوونێکی بەرچاوت داوەتە ئاوێنە، ئایا دەتەوێ وەک قەلەڕەشەکەی هونەرمەندی عیراقی (علاء بشیر) کە لە تابلۆکانیدا ئامادەبوونی هەیە پێی بناسرێیتەوە، بۆیە دەتەوێت ئاوێنە لە کارە هونەرییەکانتدا زەق بکەیتەوە؟

**دارا محەمەد عەلی:** بۆ نا؟

**ڕامان:** واتە دەتەوێ بیکەیتە بەشێک لە تایبەتمەندیی هونەریی خۆت؟

**دارا محەمەد عەلی:** هەر بۆ خۆی بووەتە بەشێک لە تایبەتمەندیی من.

**ڕامان:** بڕیارت داوە لەسەر ئەو شێوازە بەردەوام بیت؟

**دارا محەمەد عەلی:** لەسەر مامەڵەکردن لەگەڵ ئاوێنە بەردەوامم، بەردەوامیش دەبم، تەنانەت من لەسەر خودی ئاوێنە ئیشم کردووە، وەک هەڵکڕاندنی جیوەکەی و ڕەنگ پێدانی لەجیاتی جیوە.

**ڕامان:** باسی ئەو تەکنیکەم بۆ بکە و زیاتر ڕوونی بکەرەوە.

**دارا محەمەد عەلی:** ساڵی ١٩٨٥ بوو ئاوێنەیەکم هێناو بە هونەرێکی تەعبیری ئیشم لەسەر کرد، منداڵێک و ئافرەتێک بوو، هێڵەکانی ئەو تابلۆیەم زۆر بە ڕەقی کردبوو و تەعبیرییەتم دابووێ، هاوارکردنێک شتێکی وابوو، ئەو ئیشەم پاراستبوو و زۆر خۆشم دەویست، لەبەر ئەوەی لە پشتەوەی ئاوێنەکە جیوەکەم هەڵکڕاندبوو، لەجێی جیوە ڕەنگم دانابوو. بێ گومان ئەو

کاتە ئەوە جۆرە تەکنیکێک بوو، ئێستا لە کارگەکان تەکنۆلۆژیای ئەو جۆرە ئیشانە هەیە، بەڵام وەک لایەنی بازرگانی هەیە، ئەو کات ئەو ئیشەم پیشانی چەند برادەرێک دا، زۆریش نەمدەویست خەڵکی ببینێ، چونکە دەمویست وەک ئەزموونێکی نوێ ئیشی لەسەر بکەم و دواجار کۆیان بکەمەوە تا وەک پێشانگایەک بیانخەمەڕوو. ئێستا لەسەر ئەو ئیشانە بەردەوامم، نەک هەر لەسەر ئاوێنە (نەینۆک)، ئێستا ئیش لەسەر جامیش دەکەم. لە ڕاستیدا باکگراوەندی ئەو ئاوێنە و جامانە بۆ باوکم دەگەڕێتەوە، بەداخەوە ئەو ئیشە کەوت و شکا، ئاوێنە ئاوهایە.

**ڕامان:** ئەوە فیگەرێکە هێناوتە بۆ ناو کاری خۆتەوە، بیرت لەوە نەکردووەتەوە بێجگە لە ئاوێنە فیگەری دیکە بهێنیتە ناو ئیشەکانی خۆتەوە؟

**دارا محەمەد عەلی:** بەڵێ زۆر مامەڵەم لەگەڵ نووسین و پیتی کوردیدا کردووە.

**ڕامان:** کاریگەریی (شاکر حەسەن ئال سەعید)ی بەسەرەوە نییە؟

**دارا محەمەد عەلی:** بەڵێ هەیە، (شاکر حەسەن)یش کاریگەریی ئەوروپای لەسەر هەبوو، لەبیرمە تەنانەت کاریگەریی هونەری فارسیشی لەسەر بوو.

**ڕامان:** با جارێ باسی خۆت بکەین، کاریگەریی ئەوت لەسەرە، مامۆستاشت بووە؟

**دارا محەمەد عەلی:** بەڵێ مامۆستام بوو.

**ڕامان:** لەو کارانەتدا جیاوازی تۆ لەگەڵ کارەکانی ئەودا چییە؟

**دارا محەمەد عەلی:** ئەو مامۆستام بووە و دەستپێشخەری لەو کارەدا کردووە و کاریگەریی لەسەر هونەری عێراقیش داناوە، هەروەها خاوەنی شێوازی ڕەهەندی یەکەمە (البعد الواحد)ە کە تۆ ناوت هێنا. ئەو تەنانەت سوودی لە دار و دیوارەکانیش وەردەگرت، ئەو پیتانەی لەسەر دیوارەکان نووسرابوون دەیهێنان و دەیکردنە تابلۆیەک و تەوزیفی دەکردن، منیش ئەگەر لا ئیرادیش بێ، ئەو کاریگەرێتییەم بەسەرەوە هەیە، تابلۆم هەیە تەنیا پیتە، کە وەک ئەبستراکت تەنیا پیتە، پیتێکە دوو پیتە مامەڵەم لەگەڵدا کردووە. پیتی زەردەشتیشم بەکار هێناوە، هەروەها سوودم لە لاتینی و پیتی عەرەبیش وەرگرتووە، خاڵ لەلای من زۆر گرینگە، لە هەندێ جێ هەیە خاڵم داناوە. شاکر حەسەن ئال سەعید باسی بەهای پیت، یان بەهای یەک خاڵ لە تابلۆدا دەکات، هەروەک ئەبستراکت، دامەزرێنەری ئەبستراکت..

**ڕامان:** مەبەستت کاندنیسکی-یە؟

**دارا محەمەد عەلی:** کاندنیسکی باسی خاڵ دەکات، بەهای خاڵ وەک لایەنێکی ڕوحی چییە؟

**ڕامان:** ئێستا باسی قۆناغەکانی کاری هونەریی خۆتمان بۆ بکە؟

**دارا محەمەد عەلی:** سەرەتا وەک قۆناغێکی ئەکادیمی ئیشم دەکرد، ئەکادیمیش وەک زانستە هونەرییەکە، کلاسیکی نوێ دەگەیەنێ، لەسەر ئەو ڕێچکەیە زۆر ئیشم کرد، زۆر پێشانگام کردەوە، بەڵام لە میانەی پێشانگاکاندا حەزم دەکرد لە نێو ئەو نیو کلاسیک و ئەکادیمییەتە، تۆزێک تەعبیری ئیش بکەم.

**ڕامان:** ئەو قۆناغە ساڵی چەند دەستی پێ کرد و تا ساڵی چەندی خایاند؟

**دارا محەمەد عەلی:** لە ساڵی **١٩٧٣**وە تا ئێستا لەلام درێژەی کێشا.

**ڕامان:** تا ئێستا ئەو قۆناغە لەلای تۆ بەردەوامە؟

**دارا محەمەد عەلی:** ئێستاش خەریکم موبالەغە بە فۆرمەکانەوە دەکەم، ئەگەر مرۆڤەکانم دروست بکردبایە، لەوانەیە وەک (کارەباچۆ) یان وەک (مۆدریانی) دەموچاوم درێژ دەکرد و تێکۆپێکم دەدا، بۆیە ئەو ستایلانەی وەک ئەکادیمی ئیشم لەسەر کردوون، تەعبیری- واقیعی بوونە، قوتابخانەی واقیعی کاریگەری زۆری لەسەرم هەبووە و ئیشم لەسەر کردووە و زۆر تابلۆم بەپێی ئەو ڕێبازە هونەرییە کردووە، وەک ڕۆمانتیکیش حەزم کردووە کار بکەم، بۆ ئەو ستایلە سوودم لە سوارچاکی و چیرۆک و ئەفسانە وەرگرتووە، هەروەها وەک فانتازیا و خەیاڵ بۆ خۆم کارم کردووە، بێجگە لە خوێندنەوەم بۆ ئەفسانەکان و حەکایەتی فۆلکلۆر، تەنانەت وەک داستانیش داستانی شۆڕ مەحموود و مەرزەنگیان ، ئەوە داستانێکی گەورە بوو، کردمە تابلۆیەکی زۆر گەورە و بە دیاری دامە پەرلەمانی کوردستان. ئێستاکە بۆ دنیای خۆم داستان دروست دەکەم، وەک فانتازیاو وەک ئوستوورە و ئەفسانە دەچمە ناو بیرکردنەوەی خۆمەوە، ئێستا تۆزێک لە واقیع

دووركەوتوومەتەوە. هەندێ جار لائیرادی هەست دەكەم تابلۆكانم بەرەو سریالییەت دەڕۆن. ئەو ڕۆژە یەكێك لە سلێمانییەوە هاتبوو قوتابی بوو، گوتی ماستەر لەبارەی (سریالییەت) لە هونەری كوردی وەردەگرم، پێم گوت جاری زووە بۆ ئەو باسە، تۆ لە بارەی هونەری (ئینتیباعیەت) و (واقیعیەت) وەری بگریت باشترە. گوتی من هەندێ ئیشی تۆ دەبینم ڕوحیەتی (سریالی)یان تێدایە. من تابلۆیەكم لەگەڵەری (زاموا) لە سلێمانی بوو، لەسەر دەرگایەك دەموچاوی پیرێكم لەسەر دەرگاكە دانابوو، لەناو ئەو دەرگایەدا دیمەنێك لە دوورەوە دیارە، واتە بوعدێكم دابوویێ. پێم گوت لە كارەكەدا (ڕەمزییەت) و (سریالییەت)یش هەیە، ئیتر من تۆزێ بە ڕەمزییەتیشی لێ تێدەگەم. وتی منیش وای تێدەگەم، دواتر هات چەند تابلۆیەكی دیكەی بینی، گوتی هەندێ لە ئیشەكانت ڕوحیەتێكی سریالی-یان تێدایە، من دیراسەیان دەكەم.

**ڕامان:** ئێستا من دەمەوێ باسی قۆناغەكانی هونەری خۆت بكەیت، تۆ بە سێ چوار قۆناغدا تێپەڕیوی، هەر قۆناغەی سالی چەند دەست پێدەكات و سالی چەند كۆتایی دێ، ئەوانەم پێ بڵێ؟

**دارا محەمەد عەلی:** ئەو قۆناغانە تێهەڵكێشێك لەنێوانیاندا هەیە، كە ناتوانم بە ئاسانی دەستنیشانیان بكەم. وەك شێوەكارێكی كورد ئەو ئیشانەم كردووە، لێرەدا دەمەوێ نموونەی بیكاسۆ بێنمەوە، وەك قۆناغی شین، قۆناغی پەمەیی..تاد... قۆناغەكانی ئەو هونەرمەندە دیارە. ئەو جیایە، بارودۆخی دەروونی، بارودۆخی سیاسی نێوانمان جیایە، لەوانەیە لەبیری خۆم دامنابێ لەسەر ئەو شێوازە كار بكەم، وەختێك زرووفی سیاسی تێك دەچوو، شێوازی كارەكەم دەگۆڕی، بارودۆخی سیاسی و ئابووری كاریگەریی لەسەر مرۆڤ هەیە.

**ڕامان:** تۆ لە پەیمانگا خوێندووتە، دیراسەی ئەكادیمیشت كردووە، باشە لە تونێكاری- ئەناتۆمی چۆنی؟

**دارا محەمەد عەلی:** لە تەشریح زۆر زۆر باشم، بە پراكتیك نموونە دێنمەوە. تابلۆیەكم بە ناوی پانۆرامایەك لە تراژیدیای وڵاتەكەم دروست كرد، ئەو تابلۆیە ئێستاش لە ماڵەوە ماوەمە، پێشانگایەكی هاوبەش لە هۆڵی میدیا هەبوو، بەو تابلۆیە بەشداریم كرد، نازانم چ بۆنەیەك بوو، هونەرمەندانی پەیمانگای هونەرە جوانەكان هاتبوون، بەڵام هەبوو كورسی دانابوو، دەیگوت تەماشای ئەو ئیشە دەكەم بزانم چۆن لەسەر ئەو تابلۆیە كارت كردووە، كە دایكێكە و چوار كۆرپەی لەباوەشدایە، یەكێك گوتی سەیری ئەوە دەكەم ئەو تەشریحەی دەستەكانت چۆن بە ڕەنگی زەیتی دەرهێناوە؟ ئەوە نموونەیەكی ئیشەكانمە. لەم نزیكانە پێشانگایەكم دەبێ كە بریتییە لە ئیشەكانی سەردەمی قوتابێتیم تا دوو هەزار و دە، لەو پێشانگایەدا ئەناتۆمی من دەبینی.

**ڕامان:** من بۆ خۆم شوێن كارەكانت كەوتووم و زۆربەی كارەكانتم بینیوە، هەست دەكەم زۆرجار پەلە پەل دەكەی، لەو پەلە پەل كردنەت جاری وایە تەشریحت تەواو نییە، بۆ نموونە تۆ ئەسپ سوارێك دەكەی بە ئەسپ ناچێ، زیاتر دەچێتەوە سەر بارگین، یان بە كەر دەچێ.

**دارا محەمەد عەلی:** ئەوە دەچێتەوە سەر لایەنی دەروونی و سایكۆلۆژی، حاڵەت هەیە تێكەڵی ئەو ئیشە دەبێ، بێ ئەوەی مەبەستت بێ لائیرادی ئەوە دەردەكەوێ، هەڵچوونیش هەیە، بەڵام ئەگەر بێتو بیكەمە دیراسە جیایە، ئێستا من لە تەشریح دووركەوتوومەتەوە.

**ڕامان:** با ڕەخنەیەكی دیكەشت لێ بگرم، بۆیە ئەو قسانەت لەگەڵ دەكەم، چونكە هونەرت بەشێوەی ئەكادیمی خوێندووە، بە پراكتیكیش ئیشت كردووە، بەڵام زۆرجار مەنزوورت تەواو نییە، دەبینی دارێك لەولایە و پیاوێكیشت لەو لاوە دروست كردووە. مەنزورت بۆ پیاوەكە و دارەكە دووری و نزیكییەكەی تەواو نییە.

**دارا محەمەد عەلی:** یەعنی وەك ڕەنگ؟

**ڕامان:** وەك ڕەنگ نا، با سوار چاكەكەت وەربگرین، قەبارەی پیاوەكە، یان قەبارەی ئەسپەكەت لەگەڵ یەكدی نایەنەوە، واتە یەكێكیان لەوی دیكەیان گەورەترە.

**دارا محەمەد عەلی:** لەوانەیە لە چەند كارێكی من ئەوەت بەرچاو كەوتبێ، دوور نییە، هەروەك باسم كرد حاڵەتی ئینسانە هونەرمەندیش بێ هەڵە نابێ، دوور نییە، من حاشای لێ ناكەم، ئەو حاڵەتانە تووشی هونەرمەند دەبن، بەڵام بەخۆم لەناو هونەرمەندانی خۆمان ناسراوم بەوەی ئیشەكانم باشن، ڕێكوپێكن چ لە رووی ڕەنگ و چ هێڵكاری و چ بوعد و ئەو شتانە، ئەوانەش حاڵەتن.

**رامان:** ئێستا لەگەڵت دانیشتووم موجامەلەت ناکەم، چونکە تۆ لە قۆناغێکدایت لەجیاتی ئەوەی ئیش لەسەر سێ تابلۆ بکەیت، پێویستە ئیش لەسەر یەک تابلۆ بکەیت، بەڵام تابلۆکە حەقی خۆی بدەیتێ و زیاتر دیراسە کرابێ، پێش ئەوەی جێبەجێی بکەیت، ئەی وا نییە؟

**دارا محەمەد عەلی:** ئێستا وام لێهاتووە، لەسەر قسەی جەنابت دوو تابلۆ دادەنێم هەندێ جاران کە لەسەر ئیش بووم و بێ تاقەت بووم، پشوویەک وەردەگرم و دەچمە سەر تابلۆکەی دی، بەڵام ئێستا شێوازەکەم ڕەهەندی سێیەم و ئەوانەی کەمە، زیاتر بەرەو واقیعیەتێکی تەعبیری و نوێخوازی دەڕوا، ئەو نوێخوازییە ئەو ئازادییەت دەداتێ کە ئەو جۆرە مامەڵەیەی لەگەڵدا بکەیت.

**رامان:** تۆ زیاتر بە هونەرمەندێکی ڕیالیزم ناسراوی، بۆیە ئەو ڕیالیزمەی تۆ، بوار دەداتە کەسانێکی وەک من ئەو ڕەخنانەشت لێ بگرین. ئەوە یەک، دووەم بۆیە ڕووبەڕووی ڕەخنەت دەکەینەوە، چونکە تۆ لە کۆتایی ساڵانی شەستەکان و حەفتایەکان ڕووت کردە خوێندنی هونەری و لەسەر دەستی کۆمەڵێک مامۆستای باش هونەرت خوێندووە، ئەو وەختەش دڵسۆزی و ڕاستگۆیی زۆر بوو، بۆیە هەموو ئەوانە هەلومەرج و زەمینەسازین بۆ ئەوەی پتر لە کاری هونەریدا قووڵ ببیتەوە و لە دیراسەکردنی ئەو فیگەرانەی لە تابلۆیەکانتدا دایاندەنێیت بێ کەموکوڕی و هەڵە بن، ئەمڕۆ ناتوانین ئەو گلەییانە لە کەس بکەین، چونکە ئەمڕۆ ئەو جددییەتەی جاران نەماوە، بۆیە دەمەوێ بڵێم تۆ مادام لەو هەلومەرجەدا ژیاوی، بێ گومان دەبێ باش سوودت لەو قۆناغانەی ڕابردوو وەرگرتبێ.. باشە تۆ پێت وایە باش سوودت لەو خوێندنە وەرگرتووە؟

**دارا محەمەد عەلی:** یەکێک لەو هونەرمەندانەی دەرسی پێداوم هونەرمەند (ماهوود ئەحمەد)ە کە لە وانەی هێڵکاری وتی ناتوانم سەدت بدەمێ، بەڵام نەوەد و هەشتم لە دەرسی ئەو وەرگرت. کە لەسەر دەستی هونەرمەندێکی ئاوا پایەبەرز، نەوەد و هەشت وەربگرم، دەبێ ئەوە چ مانایەکی هەبێ؟

**رامان:** هەندە خۆت بە دەرەجە، یان موجامەلە مەبەستەوە، ئینسان پێش ئەوەی ڕەخنەی لێ بگیرێ، پێویستە خۆی یەکەم کەس بێ ڕەخنە لە خۆی بگرێ، ئینجا مەوزووعیانە شتەکان ببینێ باشترە.

**دارا محەمەد عەلی:** من ڕەخنەی هەموو کەسێک قبووڵ دەکەم، ئێمە هونەرمەندین، سەهووش دەکەین، مومکینە هەڵەش بکەین، ئەو شتانەی جەنابت دەیانورووژێنی زۆر باشن.

**رامان:** من وەک ڕۆژنامەنووسێک بیروڕای خۆم دەڵێم و پرسیار دەورووژێنم بۆ ئەوەی تۆش داکۆکی لە خۆت بکەیت تا زیاتر بچینە ناو باسەکانەوە.

**دارا محەمەد عەلی:** منیش لەوانەیە بۆچوونی خۆم لەسەر شیعری جەنابت هەبێ.

**رامان:** من شیعرم نییە قوربان تا تۆ بۆچوونت لەبارەیەوە هەبێ، ئەوە دەرکەوت کە شارەزاییت لە نووسین و ژیانی مندا نییە.

**دارا محەمەد عەلی:** با با هەتبووە.

**رامان:** لە گەنجێتی و هەرزەکاری، ئەویش زۆر کەم کەس گوێی لێ بووە، هەر زوو خۆم لێ قورتار کرد.

**دارا محەمەد عەلی:** بەڵام نووسینی زۆرت لە بارەی شاعیرانەوە هەیە، من بەردەوام نووسینەکانی تۆم خوێندووەتەوە، هەرچەندە شاعیر نەبووی، بەڵام ئەگەر ئەدیبێکی ڕێکوپێک نەبیت و لەناو ئەو دنیایەدا نەتوابیتەوە، قەت ناچیتە ناو دنیای شیعر و نووسینەوە.

**رامان:** من کە لە بارەی شیعری هاوچەرخی کوردیم نووسیوە، زانیومە شیعر، بە تایبەتی شیعری نوێ پێوەندییەکی بەهێزی بە مۆسیقا و شێوەکاری و هونەرەکانی ترەوە هەیە، بۆیە کە لەسەر شیعری (پۆستەر)م نووسی، ماوەیەکی زۆر هەرچی کتێب و نووسین لەبارەی پۆستەر هەیە خوێندمنەوە تا بزانم چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو باسەدا بکەم. ئەگەر تۆزێک زانیاریم پەیدا کردبێ، هەر بۆ ئەوەم بووە کە لە خزمەتی ڕەخنەی شیعردا بەکاری بهێنم، ئێستاش وەک ڕۆژنامەنووس کە قسە دەکەم سوودم لەو ڕۆشنبیرییە وەرگرتووە. بە هەرحاڵ ئەوە جێی باس نییە، ئێستا تۆ تەوەری قسەکانمانی، دەکرێ ڕۆژێک لە ڕۆژان من داپاچی، بەڵام با ئێستا ڕەخنەت لێ بگرم، تۆ کە لە بواری هونەریدا کار دەکەیت، پەلت بۆ زۆر بواری هونەری هاوێشتووە، بۆ نموونە لە لایەک کاری هونەری منداڵان دەکەیت، لەلایەک خەریکی دیزاینیت، لەلایەک هێڵکاری، لەلایەک مۆتیف، لەلایەک کاریکاتێر دەکەی، بۆ لەناو ئەو هەموو کارانەدا

لەسەر یەک دووانێکیان ناگیرسێیتەوە بۆ ئەوەی زیاتر پێشکەویت، بە تایبەتی پێم باشە کار لەسەر هونەری منداڵان بکەیت، چونکە منداڵ کەمی بۆ کراوە و بێ بەشە.

**دارا محەمەد عەلی:** ئەوە پرسیارێکە و وەڵامی خۆشی هەیە، بەڵام بڕوات هەبێ ئەو لایەنە بەدەست من نییە، نەک هەر من جەنابیشت، ئەگەر چەند بوارێکت تاقی کردبێتەوە بەدەست خۆت نەبووە.

**ڕامان:** من وا هەست دەکەم بۆشاییەک هەیە کە تۆ دەتەوێ پڕی بکەیتەوە، بەڵام تۆ مولزەم نیت ئەو کارە بکەیت.

**دارا محەمەد عەلی:** مەسەلەکە زانستییە، مەسەلەکە مۆخی ئینسانە، مۆخی ئینسان دابەش کراوە، هەیە توانایی ئەوەی هەیە لە چەند بوارێکدا ئیش بکات. مرۆڤ هەیە دەتوانێ تەنیا بەسەر شتێکدا زاڵ بێت، مرۆڤیش هەیە دەتوانێ کۆمەڵێک کار بکات.

**ڕامان:** لێرەدا دەتوەستێنم، هەمانە لە کۆمەڵێک بواردا داهێنەرە، هەر بۆ نموونە زۆر دوور ناڕۆین لەبەغدا (جەبرا ئیبراهیم جەبرا)مان هەبوو لە هونەری شێوەکاریدا لەگەڵ هونەرمەند جەواد سەلیم (گرووپی بەغدا بۆ هونەری هاوچەرخ)ی پێکهێنا، هەروەها ڕەخنەگری شێوەکاری بوو، ڕۆمانووس بوو، وەرگێڕ بوو، بەڵام مەرج نییە ئینسان کە پەلاماری سێ چوار ئیشی دا، لە هەموویاندا وەک یەک سەرکەوتوو بێ، ئەوە لە هەموو کەسێک نایەت، ئەوە لە کەسانی وەک (جەبرا ئیبراهیم جەبرا) دێ کە ڕۆشنبیرییەکی ئینسیلکۆپیدیایی گەورەی هەبوو، بەهرەکەی گەورە بوو..

**دارا محەمەد عەلی:** بەڵێ، من ئەوانەم بە نموونە هێنایەوە، کە باسی لایەنە زانستییەکە دەکەم مێشکی من توانیویەتی، من توانیومە تاڕادەیەک لەسەر چەند هونەرێک ئیش بکەم، ئەوە مافی خۆمە، نموونەش هەیە، تۆ وەرە (لیوناردۆ داڤنیشی) و (مایکل ئانجیلۆ) وەربگرە، ئەوانە چەندین بواری ژیانیان تاقی کردووەتەوە.

**ڕامان:** ئاخر ئەوانە بە ڕاستی لێیان دێ، ئێ خۆ تۆ (لیۆناردۆ داڤنشی) و (مایکل ئەنجلۆ) نیت.

**دارا محەمەد عەلی:** نا.. قەیدی ناکا ئێمەش لێمان دێ، نموونەت بۆ دێنمەوە، ئێستا ئەگەر بێینە سەر کاری مۆتیڤ، من دەتوانم بڵێم بە شاهیدی ئەوانەی لەسەر منیان نووسیوە کە من لە مۆتیڤکارە هەرە پێشکەوتووەکان ئیعتیبار دەکرێم، کە دەستپێک لە منەوە بووە و ئێستاش بەردەوامم. هونەر و ئەدەبی (برایەتی) و (خەبات) بووە قوتابخانەیەکی زۆر گەورە بۆ ئەو هونەرە، وای لێهات مۆتیڤ لەلای من زۆر گەورە بوو، کردم بە کتێبیش.

**ڕامان:** ئیزنی برات بدە، خۆی ئەم بەزمی مۆتیڤە لەدوای ڕاپەڕین ئێمە لە گۆڤاری ڕامان دامانهێنا، پێشتر لە ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا مۆتیڤ دەچووە بن شەبەک و بەشەبەکیشەوە دەچووە بن وشەکانەوە، جاری وا هەبوو وشەکانی شیعرەکەش بە جوانی نەدەخوێنرانەوە. پێش ڕاپەڕین لە گۆڤاری بەیان و ڕۆژنامەی هاوکاری وابوو، سەرنجت دابێ ئەگەر جار بە جارێک مۆتیڤ بە ڕێکەوت بڵاوکرابێتەوە، بە دیقەت و بەردەوام بایەخێکی تایبەتی پێ نەدراوە، لە باشترین حاڵەتیشدا چۆتە بن ئەو وشانەوە و مۆتیڤەکەی کوشتووە. یەکەمین شوێن کە شەخسیەتی سەربەخۆی دایە مۆتیڤ ئێمە بووین لە گۆڤاری ڕامان، کە شیعرمان جوداکردەوە و مۆتیڤمان لە تەنیشتی دانا، دوایی زۆر کەسی دیکە لەناو ڕۆژنامە و گۆڤارەکان پەیدابوون و هەستیان کرد ئەوە بۆتە پێویستییەک و وەک وەزن و قافیە دەبێ هەموو شیعر و چیرۆکێک مۆتیڤی لەگەڵدا بێ، بۆیە جاری وا هەیە کەسەکە ڕەسامێکی باشە، بەڵام مەرج نییە مۆتیڤیش بە باشی بزانێ، هەیە ڕەسامە، بەڵام مەرج نییە دیزاینی کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامە بە چاکی بزانێ، مەبەستم ئەوەیە بڵێم تۆ لە قۆناغێکی ئەزموونکاریدایت.

**دارا محەمەد عەلی:** من ئێستاش خۆم بە ئەزموونکار حسێب دەکەم.

**ڕامان:** تۆ خۆت لە پێنج- شەش بواران تاقی دەکەیتەوە، دەبێ ئەوە بکەیت تا بزانی کاردانەوەی بینەرەکانت بەرانبەر بە ئەزموونەکانت چۆنە؟ کە دەبینی لەناو ئەو سێ چوار جۆر ئیشەی کردووتە لە یەکێکیاندا باڵادەستی، ئەوسا دەتوانی کار لەسەر ئەوەیان بکەیت، بۆ ئەوەی لەوەیاندا پتر بدرەوشێیتەوە و جێ دەستت دیاربێ، مەبەستم ئەوەیە بڵێم ئەگەر من لە تەمەنی گەنجیدا شیعرم نووسیبێ، یان کە دوایی ویستم گۆرانی بڵێم، لەبەر ئەوە بوو دەمویست گوزارشت لە خۆم بکەم،

چونکه شتێک له ناخمدا پەنگی خواردبۆوه، ئەو کاته مامۆستایەکیش نەبوو دەستم بگرێ و بڵێ تۆ سەر لەخۆت مەشێوێنه و به عەمەلی ئەو هەموو ئیشه نایەت، زیاتر به عەمەلی ئەو بوارەیان دیبێت، ئێستا ئێمەومانان لەو تەمەنەدا بایی ئەوەندەمان ئەزموون کردووه و ئەوەندەمان خوێندووەتەوه کە بزانین لە کوێ بەهرەمان هەیە تا بتوانین کارێک بکەین جێ دەستمان دیاربێ و خزمەتۆکەیەکی گچکەی نەتەوەکەمانی پێ بکەین، کە زانیمان دەسەڵاتمان بەسەر بوارێکدا هەیە حەقە لەسەر ئەوە کاربکەین، مەبەستم ئەوەیە بڵێم خۆت لەو هەموو پەل هاوێشتنە بەدوور بگرە، چونکە زوڵم لە بەهرەی خۆت و هەندێک ئیشی دیکەی خۆت دەکەیت.

**دارا محەمەد عەلی:** دەکرێ وابێ ناڵێم نا.

**رامان:** ئێستا منداڵی کورد زۆر بێ بەشە، کەم کەس هەن خەریکی هونەری منداڵان بن، ئەگەر تۆ کارت لەسەر هونەری منداڵان کردبا باشتر نەبوو؟

**دارا محەمەد عەلی:** من لە ١٩٧٥ لە گۆڤاری ئەستێرەوە ئیش لەسەر هونەری منداڵان دەکەم، بەڵام ئەوەتا لە وەزارەتی ڕۆشنبیری گۆڤارێکی منداڵانمان بەناوی (هەنگ) هەیە، بزانە بە چ دەردەسەرییەک دەردەچێ. من دەستپێشخەریم لە هونەری کاریکاتێر هەبووە، لە حەفتاکانەوە من کاریکاتێر دەکەم، لە ڕۆژنامەی هاوکاری کاریکاتێرم کردووە، ئێستاکە بەرهەمێکی زۆر قەبەم هەیە. بوارەکانی کارکردنی من بەدەست خۆم نییە، ناتوانم ئیش نەکەم.

**رامان:** تۆ لە ئەستێرەی منداڵان، هەنگ، ئاسۆی منداڵان و..تاد ئیشی تۆم دیوە، هەروەها لەو کتێبانەی کە شیعر و چیرۆکی منداڵانەن، کارەکانت دەبینم، بەڵای تۆوە پێویستیی پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە لە ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا، تۆی ناچار کرد پەنا ببەیتە بەر کاری منداڵان، یان پێش ئەوەی بچیتە ناو ئەو بوارەوە ئیشت بۆ منداڵان هەبووە؟

**دارا محەمەد عەلی:** ڕێک بۆ سەردەمی (کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کوردی) بەغدا دەگەڕێتەوە کە مەحموود زامدار داوای لێ کردم و گوتی ئەمڕۆ جەمال خەزنەدار، دکتۆر ئیحسان فوئاد لێرەن دەبێ بێیتە لامان، چونکە دەمانەوێ گۆڤاری ئەستێرە دەربکەین، گۆڤاری ئەستێرە سەرەتا ساڵی (١٩٧٢) لە سلێمانی دەردەچوو، سەرنووسەرەکەی شەهید ساڵح یووسفی بوو، ئەوەی ئەم جارە درێژەی ئەوە بوو، کە دانیشتین گوتیان بیستوومانە حەز لە هونەری منداڵان دەکەیت. پێش دەرچوونی گۆڤارەکە هەر بۆ خۆم کارم بۆ منداڵان دەکرد.

**رامان:** کەواتە پێشتر ڕاهێنانت لەسەر کاری منداڵان هەبوو؟

**دارا محەمەد عەلی:** بەڵێ مومارەسەم هەبوو.

**رامان:** لەبەر ئەوە پێویستیی کاری ڕۆژنامەوانی تۆی نەبردە ئەو شوێنەوە؟

**دارا محەمەد عەلی:** نا ئەوان ناردیانە دووم، لەبەر ئەوەی دەیانزانی لەو بوارەدا دەستم هەیە، بەڵام قوتابخانەی یەکەمم گۆڤاری ئەستێرە بوو.

**رامان:** هونەرمەندێکی گرینگمان هەیە کە ئیشی زۆر کامڵ و جوانی هەیە، ئەویش هونەرمەند (عەلی مەندەلاوی)یە کە لەو بوارەدا کاری جوانی کردووە، تۆش لەو بوارەدا ئیشت کردووە، ئەگەر هەڵسەنگاندنێکی کاری منداڵان بکەی لەناو ڕۆژنامە و گۆڤار و ئەو کتێب و سیپارانەی بۆ منداڵان چاپ دەکرێن، بەڕای تۆ ئەوانە لە چ ئاستێکدان و چەند توانیویانە خزمەتی منداڵی کورد بکەن؟

**دارا محەمەد عەلی:** پاش ئەوەی بارودۆخی کوردستان گۆڕا، دوای ڕاپەڕین هەوڵ و تەکانێکی زۆر لە بواری منداڵاندا دەبینرێ، چ لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیرییەوە، یان لەلایەن هەندێ لە سەنتەرەکانەوە. بێجگە لەوانە، دەتوانم بڵێم حزبەکانیش زۆربەی هەرە زۆریان دەستیان بەچاپکردن کرد و کەوتنە بەرهەمهێنانی نامیلکە، یان گۆڤار بۆ منداڵان، بەمەش بوارێکی چاک بۆ منداڵانی کورد ڕەخسا، ئێستا کورد خاوەنی هونەرێکی ڕێکوپێکە، بەڵام ڕەخنەی من لە وەزارەتی ڕۆشنبیرییە کە لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە زیاتر ئەرکەکەیان لەسەر شانە، دەبێ گۆڤارێکمان بۆ باخچەی ساوایان، گۆڤارێکمان بۆ سەرەتایی هەبێ، گۆڤارێکمان بۆ مێرمنداڵ و هەرزەکاران هەبێ، واتە ئەو سێ گۆڤارەمان هەر دەبێ هەبێ. منداڵ بەردی بناغەی کۆمەڵگایە، پێشکەوتنی کۆمەڵگا لە منداڵانەوە دەست پێ دەکات.

**رامان:** لە پێش ڕاپەڕین و دوای ڕاپەڕین ئەوەی بەرچاوە و تا ئێستا کراوە، بە هەموو ئەو کەناڵانەی بایەخیان بە هونەری منداڵان داوە، ئەوەی کراوە بەڵای

تۆوە لە ئاستی پێویستدا بووە و توانیویەتی تینوێتی منداڵان بشکێنێت؟

**دارا محەمەد عەلی:** نموونەی خۆم دێنمەوە و باسی خۆم دەکەم، ئەوەندەی من خزمەتی منداڵانم کردووە زۆر بە تەوازووعیشەوە دەڵێم زۆر سەربڵند و خۆشحاڵم بەوەی توانیومە تارادەیەک خزمەت بکەم، لەو دواییەدا پێشانگایەکم بە پەنجا تابلۆ کردەوە.

**ڕامان:** تایبەت بە هونەری منداڵان بوو؟

**دارا محەمەد عەلی:** بە تایبەتی هی منداڵان بوو، لە ئەڵمانیا، لە نۆرنبێرگ کردمەوە، کۆڕێکیشم بەناوونیشانی (منداڵ چۆن لە هونەر دەگات) گێڕا.

**ڕامان:** ئەوروپاییەکان چۆن پێشوازییان لێ کردی؟

**دارا محەمەد عەلی:** ڕاگەیاندنی خۆمان لەوێ نەبوو ئەو چالاکییە بڵاوبکاتەوە، کە ئێمە ئەو چالاکییە هونەرییەمان بۆ منداڵان کرد، بایەخی نەبوو. ئێمە وەک هونەرمەند کەموکورتیمان زۆرە، من دانابڕێم و دانەبڕاوم، بەڵام شتێک هەیە، ئێستا لەگەڵ وەزارەتی ڕۆشنبیری کار دەکەم، لە ساڵی ١٩٩٢وە لەگەڵ گۆڤاری هەنگ-م، من لە ژیانمدا باسی پارەم نەکردووە، خۆشەویستی منداڵ وای لێکردم ئیش بکەم، کەسێکی وەک (عەلی مەندەلاوی) بە من دەڵێ ئەرێ تۆ بۆ ئیشی بەرگێکی منداڵان چەند پارەت دەدەنێ؟ گوتم بەرگی منداڵان هەر لە پاڵ ئیشەکانی دیکەیە، ئەو پارەیەی وەری دەگرم سەد، سەد و بیست هەزارێکە. پێی گوتم دەزانی بەرگی منداڵانم لە کوێت و کەنداو بە چەند دروست کردووە؟ یەک بەرگم بە پێنج وەرەقە کردووە. ئێستا ئەو بڕە پارەیەشیان بە من ڕەوا نەبینی، لەو گۆڕانکارییەی دواییدا دەڵێن لەمەودوا تۆ، یان هەر کەسێکی دیکە ئەگەر ئیشێکمان بۆ بکەن دەبێ بە (قطعة) بێ، پاش ئەو هەمموو تەمەنە بچم بە (قطعة) ئیش بکەم.

**ڕامان:** باسی ئەوەت نەکرد پێشوازی ئەوروپاییەکان بۆ ئەو پێشانگایەت چۆن بوو کە لە ئەڵمانیا کردبووتەوە؟

**دارا محەمەد عەلی:** ئەو لایەنەی پێشانگاکەی بۆم کردبووەوە، ئەوان ئەوروپاییەکانیان بانگهێشت نەکردبوو، ئەوە گرفتەکەی من بوو، پەنجا تابلۆم بردبوو، ئەوروپاییەکان نەهاتن.

**ڕامان:** ئەی کێ هاتبوو؟

**دارا محەمەد عەلی:** کوردەکان هاتبوون، ژمارەیان پەنجا کەسێک دەبوون.

**ڕامان:** خەڵک لێرە ئەوها بەرانبەر بە پێشانگاکردنەوە سارد بن، حەتمەن بینەری کورد لەوێ ساردتر دەبن.

**دارا محەمەد عەلی:** ئەوانەی پێشانگایان بۆم کردبووەوە خەڵکانێک بوون، من سوپاسیان دەکەم، خزمەتیان کردم و منداڵانی کوردیان هێنایە پێشانگاکەم، بەڵام ئەوروپایی و ئەڵمانی بێن، ئەوە نەبوو. من گوتم ئەو بەرهەمانە لەلای خۆتان هەیە، داوام لێ کردن هەموویان بە کۆمپیوتەر لای خۆیان بهێڵنەوە، بۆ ئەوەی ڕۆژێک لە ڕۆژان بتوانن ئەو ئیشانەی من بکەنە نامیلکەیەکی بچکۆلانە و بیدەنە دەست کەسێکی ئەڵمانی پسپۆڕ هەڵیسەنگێنێ، تا بزانێ ئەو کارانەی من چۆنن.

**ڕامان:** ئەی نیازت نییە لە ئێستا بەدواوە، هەندێک لەو پەلوپۆ هاوێشتنەت کەم بکەیتەوە و وەک دار چۆن دایدەپاچن و لق و پۆپەکانی دەبڕن، تۆش خۆت کۆ بکەیتەوە و ئیش لەسەر یەک دوو بوار بکەیت؟ یەک لەوانە ئیشی منداڵان بێت؟

**دارا محەمەد عەلی:** ئەگەر خۆم بۆ ئیشی منداڵان تەرخان بکەم، ئەوەی وەزارەتی ڕۆشنبیری بۆیان دەکردم، من لێی دابڕام و پێم گوتن بەو جۆرە بێ ئیش ناکەم. ئەگەر ئێستا وەک کتێب ئیشتان لەگەڵ بۆ منداڵان بکەم، لەبەر دەستمە، وەک کۆنفرانس و سیمینار هەمەو دەمەوێ لەگەڵ کۆمەڵێک وێنەی ڕەنگاوڕەنگی جوانی منداڵان چاپیان بکەم، بەڵکو بتوانم ئەو خزمەتەیان پێ بکەم.

**ڕامان:** کەواتە نیازێکی وات هەیە؟

**دارا محەمەد عەلی:** بەڵێ ئێستا ئیشیان لەسەر دەکەم.

# نێودەقێتی

لە فارسییەوە: پەرویز زەبیح غولامی
(سنە)

یەکێ لەو زاراوەگـەلەی کـە لە کـولتـوور و ئەدەبی هاوچەرخدا زۆر بەکـار دەبرێ زاراوەی Intertextualه کـە هاوتا کـوردییـەکـەی دەبێتـە (بەین دەقی)، یان (نێودەقی). لەم وتارەدا زاراوەی (نێودەقێتی) لە جیاتی Intertextuality بەکار دەبەین.

لە بابەتە ئەدەبی و هونەرییـەکـانی هاوچەرخدا لە دوو زاراوەی (بەین دەقی) و (نێـودەقـێـتی) بۆ دەربڕینی پێوەندی نێوان دوو، یان چەند دەق کە لە دەقێکی دیکەدا ئامادە دەبن، یان ڕەنگ دەدەنەوە، کەڵک وەردەگرن. ئەم زاراوەگەلە بۆ هەندێ دەقی دیاریکراویش بەکاردێن کە لەبەر دڵان و دزەکـردن لە یەکـتـردا و بە هۆی کـۆمـەڵێ بیـرەوەریی هاوبەش، ڕەنگدانەوە، واتەنی، شایەتیدان و جێگۆڕکێیـەوە تخووبە و پێـوەندییـەکی بەرچاویان پەیدا کردووە.

چەمکی نێـودەقـێتی پیـشـانی دەدات کە کـۆی شـێوە دەربڕینەکانی هەر سەردەمێک، چ زارەکی و نووسەکی بن و چ چاوەکی، لە ژێر کـاریگـەریی دوولانە و ئـاوقـابـوونی سەرچاوە هونەرییەکاندا دێنە ئارا و لە هەندێ گەڕانەوەی بەردەوامـدا بۆ ئەو شـتـەی پێـشـتـر ئاراسـتـەکـراوە، یان هاتووەتە ئارا، بیچم دەگرن.

کـورتەی تیـوریای ئەو ڕەخنەگـرانەی کـە سـەبارەت بە نێـودەقـێـتی بابەتیـان نووسـیـوە و ئەو شـتـەی تیـوریسیـەنەکـانی ئەم باسـە لە نووسـمـانە تێروتەسەل و زۆرجار دووپاتەکییەکانی خۆیاندا پێشکەشیان کردووە بەم چەشنەیە:

١- زەمینە و هەوێنی تیـوریای نێودەقێتی ئەمەیە کە هەر دەقێ لەبەری گـەلێ دەقی جـۆراوجـۆر دەخـوات، ڕەنـگدانـەوەی هـەنـدێ دەقی دیـکـەیـە، لـە تـانـوپـۆی دەقگەلێکی تر دەچنرێت و بەشـێک لە دەسـمـایەی

دەقەکانی دوای خۆی بیچم دەدات.

٢- هەر دەقێ لە بنجو بناواندا موزاییککارییەکی ورد و جوانە کە ماددە و بەشەکانی پێکهاتوون لە هەندێ گەڕانەوە و واتەنی و شایەتیدانی تابۆکراو لە دەقەکانی دیکەدا.

٣- هەر دەقێ لە پێکهاتە زەینی و بابەتییەکانی هەندێ دەقی دیکە وەرگیراوە. تا ڕادەیەکی زۆر قەرزداری ئەوانە و لە واقیعدا بە بەری قوتچوون و ڕاکێشان و جێگۆڕکێ و گۆڕانکاریی گەلێ دەقی دیکە دێتە ئەژمار.

٤- بۆچوونە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆکان سەبارەت بە ئەدەب و کولتووری هەر گرووپ و نەتەوەیەک لە ڕاستیدا بە سوودبردنی ڕەوا لە ڕەنگدانەوەی زمانی کولتووری لە قەڵەم دەدرێن.

٥- هیچ دەقێ لە گۆڕێ نییە کە بگونجێ وەک ڕیزپەڕی ئەم شێوە و شێوازە سەیری بکەین و بە هەڵقوڵاوی زەینی نووسەرێکی تایبەتی بزانین.

٦- دەق سیستەم، یان پێوەرێکی داخراو و تەریک نییە و بەردەوام خەریکە لە تەک دەقەکانی تردا گفتوگۆ و هەڵسوکەوت دەکات، بۆ نموونە یۆلیسی جۆیس لە چەشنی وتوویژ و باسوخواس لەگەڵ حەماسەی هومێر و گەلێ دەقی دیکەدا بیچمی گرتووە.

لێرەدا دەبێ تیشک بخەینە سەر ئەم خاڵە کە مانای نێودەقێتی قەت بە کاریگەریی نووسەرێ بەسەر نووسەرێکی دیکەدا و بەپێچەوانەوە سنووردار ناکرێتەوە. ئەڵبەتە مەبەست کەڵک وەرگرتن لە سەرچاوە ئەدەبییەکانیش نییە، بەڵکو مەبەست ئاماژەدانە بە ئامادەبوونی حاشاهەڵنەگری دەقێک لە دەقەکانی تردا، هەروەها سەرنجدانی پێوەندییەکی داپۆشراو و فرەڕەهەند لە نێوان دەقە جیاجیاکاندا. لەم ڕوانگەوە کاریگەریی دوولایەنە تەنیا وەک بەشێ لە مەسەلەی نێودەقێتی ڕەچاو دەکرێ.

ئەگەرچی زاراوەی نێودەقێتی لە ڕەخنەی هونەری و ئەدەبی سەردەمدا، مانا و جێگە و پێگەی دیاریکراوی خۆی پەیداکردووە، بەڵام دەبێ سەرنج بدەین کە ئەم چەمکە سوننەت و پێشینەیەکی دووردرێژی هەیە. لێکدانەوەی گشتیی هونەر و بزاوت و ڕا و بۆچوونە تا ڕادەیەک دژوازەکانی ڕەخنەگران ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێ کە بە درێژایی مێژوو هەر چەشنە ڕەخنە و بیروڕایەک لەبارەی بەرهەمە ئەدەبییەکانەوە بەستراوە بە هەندێ گەڕانەوەی بەردەوامەوە بۆ کۆمەڵێ دەقی دیکە کە یان وەکی پێوەر و سەرمەشق سوودیان لێ بردراوە، یان بە پێچەوانەوە لە دژایەتی لەگەڵ سەرمەشقەکاندا هاتوونەتە گۆڕێ. بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین کە هەر سیستمێکی مانایی ڕەگی لە هەندێ ژانری جۆراوجۆر، یان جیاوازی چەشنی (ژانری)، یان پێداویستی نێودەقیدا داکوتاوە و پشت بە دەسکەوتەکانی ڕابردوو دەبەستێ و بە جۆرێ لە پێوەندی لەگەڵ دەقەکانی دیکەدا دەخوێنرێتەوە و دەرک دەکرێت، تەنانەت لە سەردەمی برەوی ڕەخنەی مۆدێرنیستی و ئەو ڕۆژانەی کە لە هەندێ کۆڕ و کۆبوونەوەی کولتووریدا، بەرپرسیارێتی لە ئاست ڕەسەنایەتی و خۆ ورووژێنەری هەر دەقێکدا بە بابەتێکی پێویست دەهاتە ئەژمار، هێشتا بەرهەمە ئەدەبییەکان لە پێوەندی لەگەڵ دەقەکانی تردا ڕاڤە و شرۆڤە دەکران و تەنیا لە پاش ئەم شیکاریگەلە بوو کە شێوەیەکی پەسەندکراویان لە خۆ دەگرت، ئەگەرچی یەکەم جار لە هەندێ بەرهەمی فۆرمالیستە ڕووسییەکاندا چەمکی نێودەقێتی ئاراستەکرا و تاقمێ لە نووسەرانی ڕووسی بە شێوەیەکی کەمتاکورت و هەمەلایەنە ئاوڕیان لێدایەوە، وەلێ بە شێوەیەکی چڕوپڕ و تیورییانە نەیانخستە پێش چاو. ئەم چەمکە بە چەشنێکی کراوە و هەمەلایەنە دەربڕی ئەم بابەتە بوو کە دەقەکانی ڕابردوو و ئێستا کە پەیوەستن بە دەقەکانی ڕابردوو و داهاتووەوە، بەتایبەت ئەگەر لە تەوەرەی ناوەرۆکێکی هاوبەشدا بگونجێن. شێکلۆڤسکی لە وتاری (هونەر وەک ستراتیژی)دا ئاماژە بەم خاڵە دەکات کە لە پاش زاڵبوونی پێویست بەسەر دەقەکاندا و ئاشنابوونەوە لەگەڵ شیعری سەردەمێکدا، تێدەگەین کە شاعیران هەندێ تەعبیری خۆیان لە شیعرگەلی پێشوو وەرگرتووە و کاریگەرییان لەسەر نەوەکانی دوای خۆیان داناوە. لەو سەروەختەدا چەمکی نێودەقێتی لەو هزرە کۆنەوە سەرچاوەی دەگرت کە سەرجەم دیاردەکان و توخمەکانی جیهانی لە تخووبە و پێوەندی لەگەڵ یەکتردا وێنەدەکێشا.

ئەمڕۆکە ئەوشتەی کە لە باسە ئەدەبییەکاندا زۆرتر سەرنج ڕادەکێشێ و ئاماژەی بۆ دەکرێت، کۆمەڵێک شێوەی جۆراوجۆر و جیاجیایە کە دەشێت نێودەقێتی لەخۆی بگرێت. بۆ نموونە جەختکردنەوەی باختین لەسەر هەندێ توخمی وتوویژی لە کۆی شێوە دەربڕینەکان و

زەمینەی گفتوگۆ فرەلایەنەکاندا، کە لە دەق و بەرهەمە ئەدەبییەکاندا شیاوی ناسینەوەن، جۆرێ لە جۆرەکانی نێودەقێتییە.

باختین لە بەرهەمەکانی خۆیدا کەڵک لەم چەمکە وەردەگرێ، بەڵام تیورياکانی سنووردار دەکرانەوە بە نوڤلێت و ئەو وەختانەی لەسەر بابەتی تاک دەنگی و فرەدەنگی کاری دەکرد. باختین لە باسێکدا کە سەبارەت بە (مەسەلەی واتەنی) لە وتاری (لە پاش مێژووی گوتاری چیرۆکی)دا ئاراستەی دەکات، دان بەوەدا دەنێ کە بە شێوەیەکی ئاشکرا سەرنجی شێوە جۆراوجۆرەکانی دژوازە و گاڵتە و تەعبیرە تەنزئامێزەکانی داوە و وێڕای ئەوەی چەشنێ تیوری دووڕەگەزیی زمانناسانە دەخاتە پێش چاو، هەندێ تەریبی و لێکچوونی حاشاهەڵنەگر سەبارەت بە سوودمەندی لە پارۆدی و تەنز لە نۆڤلێتی مودێرندا ئاماژەنیشان دەکات. لەم ڕوانگەوە خودی باختینیش بە شێوەی نێودەقی لە نووسمانەکانی ڕۆلان بارت و ژولیا کریستۆڤادا ئامادەیە.

ژولیا کریستۆڤا کاتێ تیورياکانی باختین سەبارەت بە فرەدەنگێتی دەق و دیالۆگیزم heteroglossia دەخوێنێتەوە بە هێرشبردنە سەر مانا پاوەجێ و نەگۆڕەکان کە بمانەوێ و نەمانەوێ بوون بە بت تیوریای نێودەقێتی چێ دەکات و لە ساڵی ١٩٦٦دا وتارێک سەبارەت بەم بابەتە دەنووسێ و بە ناوی خۆیەوە تابۆی دەکات. وتارەکەی کریستۆڤا وابەستەبوونی دەستەوەستاوی دەقە ئەدەبییەکانی بە دەقەکانی پێشووەوە خستە پێش چاو و دەیویست سروشت و گرینگایەتی تیورە ئەدەبییەکانی باختین کە لە شەستەکاندا، تەنانەت لە فەرەنساشدا نامۆ بوون بە بەردەنگە فەرەنسییەکانی خۆی بفامێنێت.

ئەو و هاوکارانی لە تیوریای نێودەقێتی وەک ڕێگای دەربازبوون لە تاک دەنگی و تاکەگیرەری کەڵکیان وەرگرت و بەهۆی هەوڵ و چالاکییەکانی ئەوانەوە بوو کە نێودەقێتی بەرەبەرە جێگای تاکخوازیی مۆدێرنیستی گرتەوە. کریستۆڤا پێی وابوو کە بۆمان نییە گشت دەق وەک شوناسێکی سەربەخۆ و خودموختار کە هەڵگری هەندێ مانای هەرمانییە وێنابکەین و ناگونجێ گومان لە ڕەسەنایەتی دەق بکەین. کریستۆڤا (١٩٨٠) لە وتاری (خواست لە زماندا) هەر دەقێ وەکی جێگۆڕکێ و گۆڕانکاری دەقەکانی دیکە و بەشێوەی نێوان دەق پێناسە دەکات و لای وایە کە دەقەکانی ڕابردوو و هەنووکە بەردەوام خەریکی گفتوگۆ و هەڵسوکەوتن(١). کریستۆڤا پێی وایە کە لە فەزای هەر دەقێکدا هەندێ وتار و ئاراستەی جۆراوجۆر ئامادەن کە لە دەقەکانی دیکە وەرگیراون. ئەم گوتارانە کە بە ڕوخسار و تێهەڵکێشێکی نوێیەوە لە ژێر بنمیچی دەقێکدا کۆبوونەتەوە، هەندێ جار لەگەڵ یەکدیدا دەپوورن و جار وایە ئاوقای یەکتر دەبنەوە و جارناجاریش لە گرژ و نوقم کردنی یەکتردا بەشدار دەبن و یەکتری لەگۆ دەبەنەوە.

لە ڕاستیدا تیوری کریستۆڤا وەک قەیرانێ دژ بە ئەندێشە سوننەتییەکانی هەندێ کاریگەریی ئەدەبی و هونەری دێتە ئەژمار کە لە خوێندنەوەی سەرچاوەکان دەکەونەوە. ئەو پێی وایە کە دەقە جیاجیاکان بە جێگۆڕکێ و پێش و پاش خستنی گوتارەکانیان سیستمی نیشانەکان بە چەشنێ لە یەکتردا ڕەنگ دەدەنەوە تاکو مانای گوتارێ بکەوێتە ژێر توێژێک لە ماناکانی دیکە و شێوە دەربڕینێکی نوێ بەخۆوە بگرێ. لە ڕوانگەی کریستۆڤاوە ئەگەرچی هەر نێودەقێتییەک بریتییە لە کۆمەڵێ قەرزکردنی ئاگایانە، یان داپۆشراو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شێوەی واتەنییەکی ناخودئاگا لەخۆ دەگرێ کە شیاوی تێگەیشتنە.

ڕۆلان بارت-یش کەمتاکورتێ وەک کریستۆڤا بۆ نێودەقێتی دەچێ و ڕەنگە و باشتر وایە بڵێین کە لانی کەم سەبارەت بە جیاوازی نێوان نێودەقێتی و لەژێر کاریگەریدابوون چەشنێ هاولایەنی لە تیورەکانی هەردووکیاندا بەدی دەکرێ. لە ڕوانگەی بارتەوە نێودەقێتی ڕووبەرێکی هەمەلایەنە و بەرفراوانتر دەگرێتەوە و پێی وایە کۆی دەقەکان نێودەقن. بەڕای بارت هەر دەقێ گێڕانەوەی واتەنییەکان و بەڵگەکان و شایەتیدانەکانی ڕابردووە. ڕەمزگە، بنەما، هەندێ سەرمەشقی ڕیتمییانە، بەشگەلێکی زمان و...تاد ڕێگەی خۆیان بۆ نێودەقەکانی دیکە هەموار دەکەن و لە پانتایی ئەواندا بڵاودەبنەوە. لەم ڕوانگەوە پێش لە هەردەقێک و لە پەراوێزی هەردەقێکدا زمانێ لە ئارادایە کە ئەگەری و ئیمکانی بوونێتی دەق دەڕەخسێنێ. نێودەقێتی بەشێکە لە پێداویستییەکان و هەلومەرجی هەر دەقێک و قەت نالوێ بە مەسەلەی سەرچاوە، یان ژێدەر، یان کاریگەریدانان بەرتەسکی بکەینەوە. نێودەقێتی پانتایی گشتیی یاسا و ڕێسایەکی نامۆیە کە قەت ناتوانین سەرچاوە سەرەکییەکەی دیاری بکەین. هەر

دەقێک گەلێ واتەنی خۆڕسک و ناوشیارانەیە کە لە کاتی گێڕانەوەیاندا هێمای (واتەنی) بەکارنەبراوە(٢).

ئەمڕۆکە تیوری نێودەقێتی و ئەوشتەی ڕۆلان بارت و کریستۆڤا پێشکەشیان کردووە، سەرەڕای ئەوەی گەلێ چەمکی کۆنە وەکی کاریگەری و وەرگرتن و بەدواداچوون دەگرێتەوە، هاوکات لە توندی هەستیارێتی لە ئاست ئەواندا کەم دەکاتەوە و هەموو قەرزکردنێکی ئەدەبی بە بابەتێکی ئاسایی و دەستەوەستاو ئەژماردەکات. بە وتەیەکی تر هەر نووسەرێ بۆ دەربڕینی هەستەکان و کۆی ئەو شتانەی دەیەوێ دەری ببڕێ لە کۆمەڵێ سەرچاوەی جۆراوجۆر و چۆنیەتی دەسکرد کەڵک وەردەگرێ و ناشێت کەس خۆی بە خاوەنی ئەم سەرچاوەگەلە بزانێت، چونکە خودی ئەویش لە بەری گەلێ سەرچاوەی دیکە دەخوات.

لە دیدگای ڕۆلان بارت و ژولیا کریستۆڤاوە ناشێت چ دەقێ بەشێوەیەکی سەربەخۆ و تەریک و دابڕاو لە دەقەکانی تر بخوێنرێتەوە. نەک دەق و نەک خوێنەرەکەی هیچ کامەیان ناتوانن لە تۆڕی چڕوپڕی نێودەقێتی قوتاربن و هەر دەقێ لەسەر هزرێک داڕێژراوە کە نەک گشتی، بەڵکو لانی کەم بەشێکی لە دەرەوەی دەقیشدا دەست دەکەوێ. هەر ئەم پێوەندیگەلە دەبنە هۆی ئەوەی خوێنەر گەلێ چاوەڕوانی دیاریکراوی لەبارەی شێوە و نێوەرۆکی ئەو دەقەی هەبێت کە دەیخوێنێتەوە. بە وتەیەکی دیکە هەر دەقێ پەیوەستە بە گەلێ ئاگایی و چاوەڕوانییەوە کە لە ئاسۆی نێودەقی خوێنەردا دیار دەکەون. ئەم چاوەڕوانییانە هەندێ شێوە و ڕواڵەتی جۆراوجۆر لەخۆدەگرن کە پارادۆکس و لاسایی کردنەوە و ئاماژەدان لە نموونە دیارەکانین. هەر دەقێ لەگەڵ مانایەک، یان سەرمەشقێک، یان چەند مانا و چەند سەرمەشقدا دێتەوە، ئەگەرچی پێویست نییە شێوازی خوێندنەوە لە ڕاسای گەلاڵە، یان پێکهاتەی زاتی دەقدا بێت، بەڵام لە دیدی خوێنەرەوە هەڵگری ڕوخسارێکە کە شیاوی پێناسەکردنە. خوێنەر کۆی ئەو توخم و جیهانە هزری و زەینییە وەردەگرێت و دەیڕێژێتە ئەو ڕوخسارەی خۆی پێی خۆشە. ڕۆلان بارت بۆ ڕوونکردنەوەی تیوریاکانی خۆی ئاماژە بە پێنج کۆد، یان ڕەمزگەی سەرەکی ئەدەبیات دەکات:

١- ڕەمزگەی هێرمینۆتیک کە لە ڕێگەیەوە یەک، یان چەند مەتەڵۆکە (Enigma) بیچم دەگرن و لە ئاکامدا لە دەقدا شی دەکرێنەوە.

٢- ڕەمزگەی یەکەژمێر کە بوارەکان و بابەتەکان دەژمێرێ.

٣- ڕەمزگەی سیمبۆلیک کە لە واقیعدا فەزایەکە تێیدا مانا دەوەشێندرێتەوە، یان پێچەوانە دەکرێتەوە.

٤- ڕەمزگەی هەڵبژاردنی کە پەیوەستە بە ڕەفتارەکان و هەڵسوکەوتەکانەوە.

٥- ڕەمزگەی کولتووری کە وشیارییە زانستی و کۆمەڵایەتییەکان دابین دەکات.

ئەو شتەی لەم پۆلێنبەندییەدا بەرچاو دەکەوێ، نە سروشت و چیایەتی و بە تەواوی ناسینی ڕەمزگەیە، نە ئەوەی کە بە ڕادەی پێویست هەمەلایەنە بێ ئەو شتەی گرینگایەتی پێدەدرێ، ئایدیای ڕەمزگەیەکە کە دەقە ئەدەبییەکان بەرهەم دەهێنێ. دیارە کە نووسەر و خوێنەر هەردووکیان لە سوود وەرگرتن لەم ڕەمزگەیەدا بەشدارن و هەر دەقێ لە دەورێکدا دێتە کایەوە کە ئەم جووتە دەیگێڕن.

ئەم کۆدگەلە بێژنگ و تۆڕێ سازدەکەن کە دەق لە سافییانەوە تێدەپەڕێ، یان باشتر وایە بڵێین لەپاش تێپەڕین لە سافییانەوە ڕوخساری دەق لەخۆدەگرێ و دەبێتە دەق.

ئەو بنەمایەی ئەمڕۆکە بەڵگەنەویستە، ئەمەیە کە لە پرۆسەی ئەم تێپەڕینەدا دەقە ئەدەبییەکان دەگرنەوە و دەچنەوە سەر یەکدی. لە نێو ئەو بەشانەی کە ئەم کۆدە ئەدەبیگەلیانە پێکهێناوە چ توخمێکی زاتی بوونی نییە و تەنیا وەکی بەشێک لە کولتوور دێنە کارکردن. لە پرۆسەی ئەم ئاڵشتەدا واقیع بەشێوەی بڕاوە، یان نیشانەناسانە پێناسە ناکرێت، بەڵکو خودی واقیع شێوەی دەقێ لەخۆدەگرێ کە لە هەندێ کۆدی جیاجیا پێکهاتووە. لەم ڕووەوە نووسین سەبارەت بە واقیع مانای ئەوە نادات کە وشەکان بە شتەکانەوە شەتەک بدەین، بەڵکو واتای ئەوەیە کە دەقێ بدەینە پاڵ دەقەکانی دیکە، ئەمەش ڕێک ئەو بابەتەیە کە لە کولتووری ئەمڕۆکەدا ناونووس دەکرێ. لێرەدا دەبێ سەرنج بدەین کە هەر ڕەمزگەیەک شتێ نییە زیاد لە (پەرسپێکتیڤی واتەنییەکان) و لەگەڵ نموونە و سەرمەشقە شاعیرانەکاندا فەرق دەکات، چونکە بۆی نییە بۆ پێکهاتەیەک دابەزێت و لە ئاکامیشدا خودی دەق ناتوانێت بۆ چەمکی هاودەنگی و هاوسانی لەگەڵ پێکهاتەی کۆددا کەم

بکرێتەوە.
هەر ئەم سەرمەشقانەی نیودەقێتی و ئەوشتانەی وەکی واقیع، حەقیقەت، نووسەر و خوێنەر لە تاریک و ڕوونەکان و لە پشت ئەودا شاراوەن، وامان لێدەکەن کە نەتوانین ئەدەبیات تەنیا بە نواندنەوە سنووردار بکەینەوە. دەگونجێ لە بانگەشەی پاش پێکهاتەخوازەکاندا سەبارەت بە ئاماژەی هەر دەلالەتگەرێ بۆ هەندێ دەلالەتگەری دیکە، یەکێ لە ڕیشەکانی چەمکی نیودەقێتی بەدی بکەین و پێناسەی بکەینەوە. لە دید و ڕوانگەی پۆست پێکهاتەخوازەکانەوە وشەکان، مانا و برەوی خۆیان لە ڕێی هەندێ شت و توخم و چەمکی نێوزەینی ئەوکەسەی کە لە زمان کەڵک وەردەگرێ بەدەست ناهێنن، بەڵکو مانا بەرهەمی کایە و گەڕانەوەی ناکۆتای دەلالەتخوازەکان و دەلالەتدۆزەکانە.
بۆ نموونە بەکارهێنانی وشەی عەشق پێوەست نییە بە ئەوپەڕی زمان، ژیاننامی، یان دەروونناسییەوە، بەڵکو بە هەست بێت، یان نەست، بە هەندێ وتوویژ و هەڵسوکەوت و گرێیەستەوە بەستراوە کە لە ژێر تویژی کۆمەڵی دراما و نۆڤلێت و شیعری لیریکی و گۆرانیدا شاراوەن.
ڕەنگە ئەم نموونەیە تا ڕادەیەک بابەتەکەمان بۆ ڕوون بکاتەوە: کاتێ هێمای دوو دڵ و دوو پیت کە لە ناو قەدی درەختێک هەڵکەنراون بەدی دەکەین، دوو پیتەکە وەک پیتەکانی سەرەتای دوو ناو وێنادەکەین و ئەو مانایەی لێدەگەین پەیوەستە بە سەرجەم ئەو نەخشونیگارە هاوشێوەگەلەوە کە لەسەر کۆمەڵێ درەختی دیکە، یان گەڵێ بەرد و تاشەبەرد و ڕووبەری تر دیتوومانە. دەزانین هەریەکەو لەو نەخشەگەلە ڕەنگدانەوەی زنجیرە نەخشەگەلێکی دیکەن کە مەبەستیان دەرخستنی ئەویندارێتی و عاشقبوونە.
پۆست مۆدێرنیزم بۆ سەلماندنی بانگەشەی خۆی لەبارەی ناکۆتایەتی ماناکان، هەروەها ئەوەی کە هەر شتێ بە جۆرێ لە جۆرەکان گرێ دراوە بە هەموو شتێکی دیکەوە لە زاراوەی نیودەقێتی کەڵک وەردەگرێ. لەم ڕووەوە دیاریکردنی سنووری تەعبیرەکان دەکەوێتە ئەستۆی سنووری وێناکان. نیودەقێتی پۆست مۆدێرنیستی لە لایەکەوە تێدەکۆشێ ڕادەی حەز و تاسە وێنە بکێشێ هەتاکو مەودای نێوان ڕابردوو و داهاتوو کەم بکاتەوە، یان بسڕێتەوە و لە لایەکی ترەوە ئەگەری نووسینەوەی ڕابردوو لە دەق و زەمینەیەکی ئەمڕۆییدا دەڕەخسێنێ. هەر ئەم بیرۆکەگەلەن کە پێوەندی نێوان مێژوو و چیرۆک تووشی داپۆشراوی و گیروگرفت دەکەن و کۆی مێژوو وەک نیودەق لەقەڵەم دەدەن. ئەمڕۆکە نیودەقێتی، چیرۆک و مێژوو لە نووسینەوەی ڕابردووی بە دەقکراوی جیهان و ئەدەبیاتدا لە شوێنگەیەکی یەکساندا هەڵدەکەون. پرۆسە و سیاقی ئاوێتەبوونی ڕابردووەکانی نیودەقێتی، کە شێوە ڕوخسار و هەندێ توخمی پێکهاتەیی چیرۆکی پاش مۆدێرنیان لەخۆگرتووە، گەیشتووەتە ئاستێک کە ئەستەمە بۆمان لە جیاوازی نێوان دژوازە، شەتەح و لاساییکردنەوە لە سەدەکانی ناوین، سەردەمی ڕێنسانس و بەگشتی مێژووی ئەدەبیاتدا بگەین. نووسەری پاش مۆدێرن لە کاتی پێویستدا هەم لە دەقەکانی سەدەکانی ناوین و بەرهەمەکانی دانتی سوودمەند دەبێ و هەم لە پانتایی مێژوو و ئەدەبیات. هەروا کە هەموومان دەزانین ناشێت ئەم سوود وەرگرتنە شێوەیەکی تەواو و بێ کەموکوڕی هەبێت و بە ڕادەی ئاشنایەتی نووسەر و خوێنەرەوە لەگەڵ دەقە کۆنەکاندا بەستراوە.
هەر بەم بۆنەوەیە کە ولیەم گەس(١٩٨٥) دەڵێ: "مێژوو، یان بە تەواوی دزراوە، یان وەک ماڵ و موڵکی گشتیی کولتوور، یان کۆمەڵگەیەک وێنا کراوە." ئەمڕۆکە لە خوێندنەوەی مێژوو و ئەدەبیاتدا زیاد لە هەرشتێکی تر لەسەر ئەم وێنا و بیرۆکەیە، واتا (موڵکی گشتی) کارکراوە و کەس ئاوڕ لەم مەسەلەیە ناداتەوە کە ئەم چەشنە چالاکییانە پڕاوپڕی دژوازین، چونکە جەخت لەسەر ئامادەبوونی ڕابردوو لە ئێستاکەدا دەکەن، ئەڵبەتە ئەو ڕابردووەی لە ڕێگەی دەقەکان و نیشانەکانیانەوە، چ ئەدەبی بن و چ مێژوویی، پێناسەکراوە(٣). زۆربەی هەرە زۆری بیریارانی هاوچەرخ لەوانەیە هایدن ڤایت(١٩٨١) و لوویس مینک(١٩٧٨) وەک دیاردەیەک کە دەیەوێ کۆی لایەنەکان و بابەتەکانی هەستی بگرێتەوە، سەیری گێڕانەوە دەکەن و پرۆسەی گێڕانەوە بەشێوەی سەرەکی و بنەڕەتی تێگەیشتن و دەرک کردن و داسەپاندنی مانا لە قەڵەم دەدەن و بەشێوەیەکی گشتی بە ئامرازێکی دەزانن کە دەگونجێ لە قەیرانی ڕووداوەکاندا دەوری پەیوەستارێکی دڵنیاکەر و جێی متمانە بگێڕێ(٤). هایدن ڤایت پێی وایە کە گێڕانەوە پاچڤەی ئاگاییە بە "وتن". ئاوزارێکە کە "ئاگایی" بۆ

شێوەی وتە، یان نووسراوە دەگۆڕێ و ڕێک ئەم چەشنە وەرگێڕانەیە کە ڕواڵەتی داڵغەی نووسەرانی پۆست مۆدێرنی لەخۆگرتووە(٥). لەم ساڵانەی دوایی و لەم سەردەمەدا کە بە پۆست مۆدێرن ناوگیر دەکرێ، گەڕانەوە بۆ مێژوو، یان ئەوشتەی کە ئیدوارد سەعید(١٩٨٣) بە "جیهان" ناوزەدی دەکات، شێوەی بابەتێکی دەستەوەستاوی لەخۆگرتووە، بەڵام ئەو ئەزموونگەلەی کە دەسکەوتی ئەم بوارە کورتەن، ئاگادارمان دەکەنەوە کە ئەم بابەتە هێندەش کە سیما و ڕواڵەتی دەینوێنێ و وێنادەکرێ، پاراو و ساغ و سەلیم و بێ تاوان ڕوونادات و بارگاوی (جمکوتی) دژوازییەکانە، چونکە زۆربەی هەرەزۆری ئەوپەڕی گێڕانەوەکان ڕوومەتی خۆیان لە هەندێ توێژی ناویەک و تووەندەرتووی (لابیرەن) گوتارە مێژووییەکاندا حەشاردەدەن و بە هیچ جۆرێ دان بە ڕازێتی و خەسڵەتی ئەفسانەییانەی خۆیاندا نانێن.

لەڕاستیدا ئەمڕۆکە نێودەقێتی، تێکڕای مێژوو و چیرۆک و ئەو ڕابردووە هاوبەشەی هەڵگرین شەتەک دراوە بە چەمکی "جیهان" و "ئەدەبیات"ـەوە. بەشدارێتی دەقی ئەم ڕابردووە نێودەقێتیگەلە وەکی یەکێ لە ئاوزار و سازەکانی پێکهاتەی چیرۆکی پۆست مۆدێرن بۆ شێوە فەرمولێکی فەرمی گۆڕدراوە، بەڵام ئەو هۆکارەی کە لەم سەروبەندەدا گومان و دوودڵیمان لا دروست دەکات، ئەمەیە کە لە بەرهەمەکانی کۆمەڵێ نووسەر وەکی ڕۆڵان بارت، فۆئێنتێس، فائلێر، ئەمبێرتۆ ئێکۆ، داکتێر و هەندێ چیرۆکنووسی دیکەدا توندی هەستەکێتی بەرانبەر بە گەلێ بنەمای نێودەقیی بیروبڕوایی و ئایینی بە شێوەیەکی بەرچاو دابەزیوە. لە بەرهەمەکانی هەندێ نووسەردا وەک دانتی و هاوشێوەکانی ئەم هەستیارێتییە زۆرترە. پاش مۆدێرنیزم لەم ڕاستییە وەکی قەیرانی بڕوا یاد دەکاتەوە و ئیدی بڕوای بە ئیمکانی کولتووری مێژوویی نەماوە و بە مەحاڵ و پەسەندنەکراو ئەژماری دەکات. بە وتەیەکی دیکە گومانی لێدەکات، ئەمەش یەکێ لەو خاڵە دژوازییانەیە کە لە سەرەوەڕا ئاماژەی پێدرا. ناتوانین لە پێوەندی ئەو جیهانەی ئیدوارد سەعید ئاماژە نیشانی دەکات لەگەڵ جیهانی واقیعە ئەزموونییەکاندا نکوڵی بکەین و وێڕای ئەمەش ناگونجێ خۆی لە خۆیدا بە واقیعێکی ئەزموونی ڕەچاو بکرێت.

یەکێ لەو خاڵە گرینگانەی کە ئیستەرەم دەبێ لە بابەتی نێودەقێتیدا سەرنجی بدەین، ئەم واقیعەیە کە لە ڕەخنەی ئەدەبی هاوچەرخدا سوودبردن لە زاراوەی نێودەقێتی تەنیا بە ئامرازێکی چەمکی کارامە سنووردار ناکرێتەوە، بەڵکو وەک چوارچێوەیەکی تیورییانە کە هەم هێرمینۆتیکە و هەم فۆرمالیستی وێنەدەکێشرێ. مەسەلەن لە کاتی خوێندنەوەی میتاچیرۆکە مێژوونووسانەکاندا چاوەڕوانین کە خوێنەر هەم لەگەڵ هێماکان و ئاسەوارە بەدەقکراوە ئەدەبییەکان و ڕابردووی مێژووییدا ئاشنایەتی هەبێت و هەم لە تەک تەنز و دژوازە و ئەو بەلاڕێدا چوونانەی کە تەوس و تارۆز بەرهەمیان هێناون. خوێنەری هەنووکە دەبێ نەک تەنیا دان بە دەقێتیی دووری هەڵنەگری زانستی خۆی دەربارەی ڕابردوودا بنێت، بەڵکو ناچارە لە پەسەندکردنی سنوورداریێتی شێوەی دەستەوەستاو و گوتارییانەی ئەو زانستەش. بۆ نموونە سەرنجدانی ئەم بابەتە بۆ خوێنەری هاوچەرخ دژوار نییە کە مارکۆپۆلۆی کالڤینۆ(١٩٧٨) لە "شارە نەدیتنییەکان"(٦)دا هاوکات کە مارکۆپۆلۆیەکی مێژووییە، مارکۆپۆلۆیەکی نامێژووییشە، بەڵام ئەو شتەی مەسەلەکە تووشی داپۆشراوی و کێشە دەکات، ئەمەیە کە خوێنەر لە ڕێی دەقەکانەوە لەگەڵ ئەم دۆزەرە ئیتاڵییەدا ئاشنا بووە و هەر بەبۆنەی ئەم پێوەر و برەوەیە کە گومان لە مێژوویی، یان نامێژوویی بوونی دەکات. نووسەری چیرۆکەکە واتە کالڤینۆش کەسێتی مارکۆپۆلۆ، بەسەرهاتی سەفەرەکانی و بەشێوەیەکی گشتی گەڵاڵە و چوارچێوەی چیرۆکەکەی خۆی هەر لەم دەقگەلەوە هەڵێنجاوە، هەروەها نوڤلێتێ وەکی ڕێگتایم بەدوورە لە هەرچەشنە واقیعخوازییەک، بەڵام ناتوانین نکوڵی لەوە بکەین کە جی پی مۆرگان و هێنری فۆرد لە ئارادا بوونە. دیسان لێرەشدا دەبینین کە خوێنەر لە ڕێگەی نیشانە دەقیندراوەکان و ئاسەوارێ کە لە مێژوودا بەجێیان هێشتووە، ئەم دوو کەسێتییە دەناسێتەوە ڕۆڵان بارت وتەنی:"نێودەقێتی یانی بۆمان نییە لە دەرەوەی دەقە ناکۆتاکاندا بژین" ئەم وتەیە ئاشکرا دەکات کە نێودەقێتی وەک یەکێ لە هەلومەرجەکانی دەقێتی دەست نیشان دەکرێ.

ئەمبێرتۆ ئێکو(١٩٨٣/٤) ئاماژە بۆ نۆڤلێتە بەناوبانگەکەی خۆی واتا "ناوی سوورەگوڵ"، یان "ناوی ڕۆز" دەبات و دەڵێ:" لە ئاکامدا بۆم دەرکەوت کە کەڵەنووسەران هەمیشە ئاگاداربوونە و (بۆ ئێمەیان دووپات کردووەتەوە) کە هەر کتێبێ سەبارەت بە

کتێبەکانی دیکە دەدوێ و هەر چیرۆکێ گێڕانەوەی چیرۆکێکە کە پێشتر گێڕدراوەتەوە."(٧) لە ڕاستیشدا ئەو چیرۆکەی ئەمبێرتۆ ئێکو دەیگێڕێتەوە، لە ڕوانگەی ئەدەبییەوە هەر ئەوەیە کە پێشتر کانون دۆیل، بۆرخێس، جۆیس، مان، ئیلیەت و...تاد بە هەندێ شێوازی جۆراوجۆر گێڕاویانەتەوە و لە ڕوانگەی مێژووییشەوە لەسەر گەلێ دەسنووسی سەدەکانی ناوین، بەڵگە، شایەتیدان، بەرهەم و دەقە ئایینییەکان داڕێژراوە. هەر ئەم لێکدراوەیە کە نێودەقێتی پۆست مۆدێرنیستی بیچم دەدات.

ئەمڕۆکە ناتوانین بە سووک و ئاسانی ڕابردووەوە سەبارەت بە نووسەر، یان سەرچاوەکان و کاریگەرییان بپەیڤین و پێویستیمان بە زمانێکی ڕەخنەییانە هەیە تاکو بتوانین لە هەندێ ئاماژە و کینایە و واتەینی دەقێندراو ڕەخنە بگرین، یان لە دژوازەکان و وتە دوولایەنەکان بکۆڵینەوە کە لە ژانر و بەرهەم و دەقەکانی ڕابردوودا بوونیان هەیە. ئەم پێویستییە دزەی کردووەتە نێو دەقە مۆدێرن و پاش مۆدێرنەکان و خێرا تەشەنەی سەندووە.

ڕیفاتەر (١٩٨٤) پێی وایە کە چەمکی نێودەقێتی گێرەوکێشەی پێوەندی نێوان نووسەر و دەقی بۆ کێشە و گرفتی نێوان خوێنەر و دەق گۆڕاوە. بەو بۆنەوە کە هەنووکە هەر دەقێ گرێدراوە بە دەقەکانی دیکەوە، نالوێ چ بەرهەمێکی ئەدەبی بە ئۆرژینال و جیا لە گشت ئەدەبیات لە بەرچاو بگرین، چونکە ئەگەر بێتو دەقێ ئۆرژینال بێت، ئەوە دەکەوێتە دەرەوەی بازنەی دەرککردن و هەڵگری هیچ مانایەک نییە و ناشێت خوێنەر لێی تێبگات. تەنیا بە هۆی گوتارەکانی ڕابردوویە کە هەر دەقێ گرینگی و مانای پێدەدرێ(٨). لەم ڕووەوە ناتوانین چ نووسینگە و بزاوتێکی پاراو و بێ کەموکوڕی وێنا بکەین. کۆی ئەو شتانەی تا ئێستاکە بە بەها و بایەخی جوانیناسی دەهاتنە ئەژمار، برەوی خۆیان دۆڕاندووە. ئێمە ناچارین بە شێوەکان و بایەخەکاندا بچینەوە و لە هەمبەر ئەو هونەرەدا کە ئەمڕۆکە بەرهەم دێ، سەرلەنوێ پێوەرەکان بنووسینەوە. بە وتەیەکی دیکە ئەو تیورە تازەگەلەی لەسەر چەمکی نێودەقێتی داڕێژراون، ئەندێشەی ڕەسەنایەتی و شێواز و دیاریکەر و شوناسی تاکەکەسیی خولقێنەری بەرهەمە تاک ڕەهەند و یەک لایەنەکان پەسەند ناکەن و بە شێوەیەکی گشتی کۆی ئەو بەها و بایەخانەی کە مۆدێرنیزمی سەرەتای سەدەی بیستەم بۆ هونەری ڕەچاو دەکرد و لەم ڕووەوە بانگەشەی دابڕانی هونەرمەندی لە ڕابردوو ڕادەگەیاند بێ برەو و بایەخ دەکەن، هەنووکە ئەو دیاردە پاراو و بێ کەموکورییەی کە مۆدێرنیزم پشتگیری لێ دەکرد، لە ئارادا نییە.

پێگە و برەوی دەربڕین و دیارێتی شوناسی تاکەکەسی لەلایەکەوە بەستراوە بەو شوێنگەوە کە لە یەک، یان چەند ژانری ئەدەبیدا بەدەستی دەهێنن و لەلایەکی دیکەوە پشتی بەستووە بە توانایی ئاوێتەبوونی ژانرێک لەگەڵ دەقەکانی تردا و ڕۆنانی ئەو دیاردەگەلەی کە بمانەوێ و نەمانەوێ بە دوو ڕەگەزی ناوزەد دەکرێن. ئیدی ئەو وێنایەی کە دەقێ سەبارەت بە ناوەرۆکێکی یەکەو لە زاری نووسەرێکی یەکەو تەریکەوە دەنووسرێ چ شتێ نییە، جگە لە خەیاڵ پڵاوی و وەهمێکی ڕەها و دەنگی هەر دەقێ لە ڕێی هەندێ گوتارەوە دێتە بەرگوێ کە تێیاندا هەڵدەکەوێ. بەوتەیەکی تر "تاک" لە ناوەندەوە ڕاونراوە و زمان جێگای گرتووەتەوە.

ئەمڕۆکە چەمکی نێودەقێتی لە کۆی بوارەکانی ڕەخنەی هونەری نوێدا کارامەیی و لێهاتوویی خۆی نواندووە. لێسلی ئەشتێرن(١٩٥٥) یەکێ لە ڕەخنەگرە بەناوبانگەکانی سینەما لای وایە کە گەلێ بەرهەمی دەرهێنەرە ناودارەکان وەک مارتین ئەسکۆرسیزی زۆرتر ڕەنگدانەوەی هەندێ فیلمی دیکەی مێژووی سینەمایە تاکو بەرهەمی خۆیان. هەر ئەم نێودەقێتییە لە فیلمەکانی ئەسپیل بیرگیشدا بەدی دەکرێ و ئەویش بەرهەمەکانی خۆی لە باگگراوندی هەمەلایەنەی نێودەقی وەرگرتووە، ئەگەرچی مولکی چ دەرهێنەرێکی دیکەش نییە. ڕۆلان بارت پێی وابوو کە: "هەر فیلمێک فەزایەکە کە تێیدا زنجیرەیەک وێنە کە هیچیان ئۆرژینال نین تێکەڵاو دەبن و ئاوقای یەکدی دەبنەوە." بەم چەشنە بۆمان نییە لەبەر لێهاتوویی تاکەکەسی، یان ئامانجە هونەرییەکانی چ دەرهێنەرێ ستایشی بکەین، چونکە بەرهەمێکی هونەری لەڕێی گەلێ زنجیرە کولتوورەوە کە ئابڵوقەیان داوە دەبینرێن، یان دەخوێنرێنەوە.

هەلومەرجی هونەرەکانی تریش هەربەم جۆرەیە. لە بناغەدا مێژووی هونەر هیچ شتێ نییە جگە لە پاچڤەی ڕووبەڕووبوونەوەی شێوازەکان و توخمەکان و دیدگاکانی ڕابردوو، هەروەها کاریگەری و دزەکردنی هونەرەکان لە

یەکتردا. هزر و ئەزموونە دەقێندراوەکان ئەو بەشگەلەن کە مێژووی هونەریان پێکهێناوە. لە کۆتاییدا دەکرێ باسەکەمان ئاوەها کۆبکەینەوە کە هەر ژانرێکی هونەری، ڕەگی لە هەندێ ناوەند و سەرچاوە و گرێبەستی زێدەگاڤی کولتووریدا داکوتاوە و لەم ڕووەوە دەتوانین هەر هونەرێ بەشێوەی نێودەقی هونەر ناوگیر بکەین. سەرجەم دەقەکان نێودەقین و کۆی چالاکییە داهێنەرانەکان بەری گەلێ سەرچاوە و پانتایی هەراوی گرێبەستەکان و کاریگەرییەکانن. چەمکی نێودەقێتی کولتووری نێودەقێتی ئەدەبی بەرهەم دەهێنێ و گوتارێکی ئەدەبی تەنیا ئەو کاتەی دەتوانێ هەڵبسەنگێندرێ و تاووتو بکرێت کە وەک پاژێک، یان بەشێک لە زنجیرە و بەشێوەی پەیوەستاری بەشە دەروونییەکانی تۆڕی گوتارێکی چڕوپڕ ڕەچاوی بکەین. لەم ڕوانگەوە هەر وتارێکی ئەدەبی لە لایەکەوە چەشنێ پێوەندی ئاسۆیی، یان ڕێنووسی لەگەڵ گوتاری جیهانی ئەدەبیاتدا دەگرێ لەلایەکی ترەوە تخووبێکی ستوونی، یان نموونەئاسای لەگەڵ کۆمەڵە گوتارە سیاسی، مەزهەبی، ئابووری، یان کولتوورییەکاندا هەیە. کۆی ئەمانە لە پێناو هزری فرەلانە باوەڕیی پۆست مۆدێرنیستیدان، بەڵام تاقمێ لە ڕەخنەگرانی سەردەم لایان وایە کە مەسەلەکە گەلێ داپۆشراوترە لەوەی کە لە هەندێ دەقی ڕەخنەی هونەری و ئەدەبیدا ئاراستە دەکرێ. بۆ نموونە جان فێرا(١٩٨٦) ئاماژە بەم خاڵە دەدات کە بابەتی نێودەقێتی بە دارشتنەوە و ئافراندنەوە سنووردار ناکرێتەوە و هەر خوێندنەوەیەکی نوێ دەتوانێ زنجیرەیەکی نوێ و درێژخایەن لە پێوەندییە نێودەقییەکان دروست بکات. پێکهاتەی هەر گرووپێ لە پێوەندییە نێودەقییەکان لەلایەکەوە بەستراوە بە دەقەکانی دیکەوە و لە لایەکی ترەوە پەیوەستە بە هەندێ خوێندنەوەی جۆراوجۆر و ڕاڤەکارەوە کە جان فێرا بە "سیستمی خوێندنەوە" ناوزەدیان دەکات(٩).

جان فێرا پێی وایە کە هەر دەقێک نەک تەنیا بە دەقەکانی ترەوە بەستراوە، بەڵکو وەک "دەقێکی ڕەوا" لەگەڵ خۆشیدا پێوەندی نێودەقی دەگرێت. لەم ڕوانگەیەوە دەبێ خودی بابەتی نێودەقێتیش لە پێوەندی لەگەڵ مەسەلەی داپۆشراوی خوێنەر و ئەو چاوەڕوانییە جیاجیاگەلەدا بخوێنرێتەوە کە گەلاڵەی بەشێکیان لەسەر دەستی ئایدیۆلۆژیای گشتی دادەڕێژرێ.

شایەنی باسە کە ناتوانین دەق وەکی دیاردە، یان دیارییەکی هەڵپێچراو و بەستوو و کۆنسێرڤاتیڤ و نەگۆڕ ئاراستەی خوێنەر بکەین، بەڵکو دەشێت خوێنەر بە پێی تواناییەکانی خۆی دەستی بەسەردا بگرێت و بە ئارەزووی خۆی گۆڕانکاری تێدا بکات.

**سەرچاوەکان و پەراوێز:**


**1- Kristeva,Julia, "Desire in language: A semiotic Approach to literature and Art",ed. Leon Rowdiez Be-lackwell,oxford,1980.**

**2- Barthes,Roland. "Theory of the text" trans. Lan Mcleod,1981.**

**3- Gass,William H. "Habitions of the word" Mathuen,London,1985.**

**4- Mink.Louis o. "Narrative form as a cognitive Instrument".**

**5- White,Hyden. "The Narrativization of Real Event" Critical Inquiry,1981.**

**6- Calvino, Italo. "Invisible Cities". Trans. William Weaver. NewYork,1978.**

**7- Eco, Umberto. "Postscript to The Name of the Rose". Trans,William Weav-er,Sandiego,1984.**

**8- Riffaterre,Michael. "Intertextual Representation on Mimesis and Inter-pretive Discourse". Critical Inquiry,1984.**

**9- Frow,John. "Marxism and Literary History". Oxford University Press 1986.**



**ئەم وتارە وەرگێڕانێکە لە "نێودەقێتی" نووسراوەی عەلی ئەزغەری قەرەباغی، گۆڤاری گوڵستانە،ساڵی چوارەم، ژمارەی (٧٤).**

# پاڵەوانی لێقەوماو
# لە کورتە چیرۆکی (مەملەکەتی ئێسکەکان)

**د. عادل گەرمیانی**
**(زانکۆی بەغدا - کۆلێژی زمان)**

ئەنفال گەورەترین کارەساتە لە ساڵی ۱۹۸۸دا بەسەر مرۆڤی کوردی هاوچەرخدا لە کوردستانی باشووردا هاتووە، لە مێژووی نەتەوە ستەمدیدەکەماندا زیندە بەچاڵکردنی کوردان بە ڕووداوێکی خوێناوی تۆمار کراوە، چونکە چارەنووسی زیاتر لە سەدو هەشتاو دوو هەزار مرۆڤی کورد لە پیاوان و ئافرەتان و لاو و کچ و منداڵی ساواو مەمکخۆر نادیارە لە کوێ زیندە بە چاڵ کراون، کە لە پرۆسەیەکی ئامرۆڤانەدا کە چارەنووسی ئەو خەڵکە بێ تاوانە، بێجگە لە بەکۆمەڵ کوشتنیان شوێنی ناشتنیشیان بەتەواوی و بەدروستی تا ئەم ڕۆژگارە یەکلا نەبووەتەوە. هەرچەندە لەدوای پرۆسەی ئازادی عیراق لە ۲۰۰۳/٤/۹ چەند هەوڵێک بۆ دۆزینەوەیان دراوە و هەندێک لەو گۆڕانە هەڵدراونەتەوە و تەرمی شەهیدەکانیان بۆ کوردستان هێنراوەتەوە، بەڵام ژمارەیەکی زۆر لەو شەهیدانەی ئەنفال تائیستا بزر و بێ سەرو شوێن، چاوەڕوانی هەڵمەتی ڕۆڵەکانی میللەتەکەمانن تا بیاندۆزنەوە و بیانهێننەوە بۆ نێو گۆڕستانەکانی شەهیدانی کوردستان. بەم کارەش ئاسوودەییەک دەکەوێتە دڵی ئەو شەهیدانەو کەسوکارەکانیانەوە، چونکە بۆ چەندین ساڵە لە چاوەڕوانی گەڕانەوەن بۆ خاکی باوباپیرانیان.

ئەنفال گەورەترین کارەسات و کردەوەی جینۆساید بوو بەسەر کورددا هات، ئەم کارەساتە تا ئێستا لە نێو چەند دەقێکی کورتە چیروک و ڕۆمان و هۆنراوەدا خراوەتە ڕوو، لە چەند گۆشەنیگایەکەوە زیاتر باری دەروونی و حاڵەتی گوزەرانی ئەنفالکراوەکان لە ئانوساتی گرتنیان و ڕۆژانی بەندیخانەیان لەنێو ئەو دەقە ئەدەبیانەدا بەرجەستە کراون.

جگە لە کورتە چیرۆکی (مەملەکەتی ئێسکەکان)ی صەمەد ئەحمەدی چیرۆکنووس، کە یەکەم چیرۆکی نێو کۆمەڵە چیروکی (مەملەکەتی ئێسکەکان)ە و ساڵی ۲۰۰٦ چاپی کردووە و بەهۆیەوە یەکەمین خەڵاتی حەوتەمین فیستیڤاڵی گەلاوێژی بەدەست هێناوە، لە چەندین دەقی دیکەی چیرۆک و ڕۆمان و شیعردا بەرچاومان دەکەوێت.

کاتی دەرەوەی ئەم چیرۆکە بۆ ساڵی ۲۰۰٦ دەگەڕێتەوە، بەڵام دەقکاتی ڕووداوەکەی بۆ ساڵی ۱۹۸۸ دەگەڕێتەوە، واتە (۱۸) ساڵ لەنێوان هەردوو کاتەکەدا هەیە، بەڵام کاتی ئێستای نێو گێڕانەوەی ئەم دەقە بۆ ساڵی ۲۰۰٦ دەگەڕێتەوە پاش ئەوەی دەست بە هێنانەوەی تەرمی پیرۆزی ئەنفالکراوەکان دەکرێت. بەمەش هەردوو کاتی ناوەوەو دەرەوەی ئەم دەقە



سەمەد ئەحمەد

هاوتەریب نین.

بینای شوێنی ئەم دەقە بازنەییە، چونکە ئەنفالکراوە مردووەکان لە شوێنێکی ناشتنی نادیاری نێو جەرگەی زەوی بۆ شوێنێکی دیکەی نێو جەرگەی زەوی دەگوێزرێنەوە، هەرچەند لەڕووی رامیارییەوە بەیەکەم شوێنی ناشتنی قارەمانی ئەم چیروکە دەوترێت خاکی عەرەب و بە دووەم شوێنی ناشتنی پاڵەوانی ئەم چیرۆکە دەوترێت خاکی کوردستان، بەڵام لەڕووی ئاینیەوە زەوی هەر زەوییە لەهەر کوێ بێت.

پاڵەوانی لێقەوماوی ئەم چیرۆکە لە پەرەگرافێکدا هەندێک زانیاریمان لەبارەی خۆیەوە پێشکەش دەکات و دەڵێت: (ناوم (مەردان)ە خەڵکی (بانگۆل)ی گەرمیانم سێ ساڵ پێش ئێستا، پێش ئەوەی زیندە بە چاڵ بکرێم تەمەنم (٣٠) ساڵ بوو، دایکم بۆی گێڕاومەتەوە ئەو ڕۆژەی منی تیا لە دایک بووم ٨ی مانگی شوباتی ١٩٥٨ بوو.. ڕەشەبایەکی ژەهراوی ناوەخت هەڵیکرد، ڕەشەبایەک زەحمەت بوو کەس خۆی لەبەر بگرێت، گەورە و بچووک ژن و پیاو پیر و لاوی پێکەوە لوول دا، کەس نەیزانی ئەم گەردەلوولە لە کوێوە هەڵیکرد، زەحمەتە بتوانرێت باسی کاولکارییەکانی ئەو ڕەشەبایە وەک ئەوەی کردی بگێڕدرێتەوە. دایکم چەند جارێک بە چاوی پڕ لە فرمێسک و دڵی پڕ لە حەسرەتەوە ئاخی بۆ ڕۆژانی لاوی هەڵکێشاوە، بۆی گێڕاومەتەوە کە باوکم هەرچۆنێک بێت توانیویەتی ئێمە لە ژەهراوی بوونی ئەو بایە رزگار بکات لێ خۆی هەر ئەو ڕۆژە تەمەنی جوانی خۆی کە (٣٣) ساڵ بوو بۆ دایکی (١٨) ساڵم کرد بە قوربانی).

لەم پەرەگرافەدا بۆمان دەردەکەوێت پاڵەوانی ئەم چیرۆکە ناوی (مەردان)ە، باوکی لە تەمەنی (٣٣) ساڵاندا کۆچی کردووە، بەڵام دیار نییە دایکی لە چ تەمەنێکدا دەکەوێتە بەر شاڵاوی ئەنفال و بەزۆر کۆچی پێ دەکەن، هەروەها نازانین مەبەست لە بای ژەهراوی کیمیا بارانەکەی هەڵەبجەیە لە ١٩٨٨/٣/١٦، ئەگەریش وابوو ماقووڵ نییە مەردانی پاڵەوان تەمەنی (٣٠) ساڵان بێت لەکاتی ئەنفالی مانگی نیسانی هەمان ساڵی ١٩٨٨، وەک لەم وتەی پاڵەوان بۆمان ڕوون دەکرێتەوە: (سێ ساڵ لە پێش ئێستا پێش ئەوەی زیندە بە چاڵ بکرێم تەمەنم (٣٠) ساڵ بوو، دایکم بۆی گێڕاومەتەوە ئەو ڕۆژەی منی تیا لە دایک بووم ٨ی مانگی شوباتی ١٩٥٨ بوو). کەواتە چیرۆکنووس لەم بوارەدا کەوتووەتە داچوونێکەوە لە دیاریکردنی ساڵەکاندا، چونکە ماقووڵ نییە لە ساڵی ١٩٨٨دا خاوەن تەمەنی (٣٠) ساڵ بێت و مەردانی پاڵەوانیش لە هەمان ساڵدا خاوەن هەمان تەمەنی (٣٠) ساڵان بێت.

پاڵەوانی ئەم چیرۆکە مرۆڤێکی لێقەوماوی کوردە و دەکەوێتە بەر شاڵاوی گرتنی مرۆڤی کورد لە پرۆسەی ئەنفالی بەدناو لە دەڤەری گەرمیان، پاشان خۆی لەنێو گۆڕێکی بەکۆمەڵدا دەبینێتەوە و ئەوسا لەڕێی بەکارهێنانی جێناوی یەکەمین کەسی تاک وەک گێڕەرەوەیەکی هەمانشتزان سەرگوزشتەی ئەشکەنجەکانی خۆی لەنێو گۆڕە بەکۆمەڵەکە بۆ ئێمە دەگێڕێتەوە.

چیرۆکنووس پاش ماوەیەک لە دەستپێکی چیرۆکەکەی ناوی پاڵەوانی ئەم چیرۆکەمان بۆ ئاشکرا دەکات و پێمان ڕادەگەیەنێت خەڵکی گەرمیانە، هەروەها تەمەنی پاڵەوانەکەی بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئاشکرا دەکات کە (٣٠) ساڵە، چونکە پاڵەوانەکە لە ساڵی ١٩٥٨ لەدایکبووەو لە کارەساتی ئەنفالی ساڵی ١٩٨٨ دەسگیر

کــراوەو زیندە بەچاڵ کــراوە. کــەواتە پاڵەوان خــاوەن ئەقڵێکی تەواو بووە لە کاتی زیندە بەچاڵکردنەکەی و دەیتوانی چۆنێتی گرتن و ناشتنی خۆیان بۆ بگێڕێتەوە، ئەوسا کارەساتەکە دڵتەزێنتر و کاریگەرتر دەبوو ئەگەر لەگـەڵ جـۆری ئەشکەنجـەکـانی نێـو گـۆڕەکـەی تێکەڵ بکرابایە، چونکە تەمـەنی پاڵەوانە لێـقـەومـاوەکـە بۆ گێڕانەوەی بەسەرهاتی خۆی لەنێو گۆڕەکە زۆر لەبارە.

وادیارە پاڵەوانەکـە مـرۆڤـێکی رۆشنبـیـرە، چونکە ژمارەی کـەسانی ڕێوڕەسمی سـەربوردەی ئێسکەکـانی مردووانی گۆڕستانەکە لەگەڵ ژمارەی ئامادەبوانی کۆڕی شیـعـری بەراورد دەکـات، بەلایەوە ژمـارەی کـەسـانی ڕێوڕەســمی ئێــسکەکــان زیاترە، ئەوەتا لەم بارەیەوە دەڵێت: (من بڕوا ناکەم هیچ کۆڕێکی شیعری هێندەی ڕێوڕەسمی سەربوردەی ئێسکەکان قەرەباڵغ و بەحەماس بووبێت).

پاڵەوانی لێــقــەومــاوی ئەم چیــرۆکــە وەک وتمان، مـرۆڤـێکی رۆشنبـیـرەو ئاگـای لە بەسـەرهاتی کـۆنە فیرعەونییەکانە بەڵگەی ئەوەی باسی هەندێک ناوداریان دەکات، بەهۆشیارییەوە باسی ئەم لایەنەمان بۆ دەکات و لە بەراوردکـردنی باری مـردووانی خـۆیان لەگـەڵ باری مـردووانی فـیـرعـەونـیـیـەکـان لایەنێکی دیکەی ئاستی رۆشنبـیــری پاڵەوانمان بۆ ڕوون دەبێـتــەوە، ئەوەتا لەم بارەیەوە پێـمـان دەڵێت: (مـەسـەلەیەکی تر کە تا ڕادەی شێـتی سەرسامی کردبووم و هەرگیـز لە یادم ناچێت و خــۆشم نازانم چۆن لەو کــاتەدا کــەوتە یادم ئەوە بوو بەخـیلیم بە (ئەخناتوون) و (نەفـەرتیـتی) و هەمـوو فـیـرعـەونێکی مـیـسریدا دەهات، بەڕاستی ئەوانە خۆش ژیان و پیرۆز نێژران. فیرعەونەکان هەزاران ساڵ مردوون و نێـژراون، بەڵام لاشـەکـانیـان وەکـو خـۆیان وایە نە گـۆڕاون، وەلێ من لەدوای چەند هەفـتــەیەک لەزیندە بەچاڵکردنەکەم گۆشتی لەشم لە ئێسکەکانم جیابووەوە وەک بڵێی دوژمن و نەیاری یەکتری بن، ئیدی جگە لە دەیان پارچە ئێـــسک کـــە ڕەنگە خـــۆشم تەواوی ئەندامەکانی خۆم نەناسمەوە هیچی وام نەماوە).

دسـتـپـێکی ئەم چیـرۆکـە لە کـاتی ئێـسـتـای پاش هەڵدانەوەی گۆڕی ئەنفـالکراوەکـان دەست پێ دەکـات و ڕاستەوخۆ چیرۆکنووس ئەم لایەنەمان بۆ ئاشکرا دەکات و دەڵێت: (کاتێک لمەکەیان لەسەر تەوێڵ و دەموچاوم و گــوێچکەم لابرد....)، بەڵام ســەرەتای ڕووداوی ئەم چیرۆکە لەکاتی ڕابردووەوە دەست پێ دەکات و ڕاستەوخۆ چیـرۆکنووس ئەم لایەنەمـان بۆ دیاری دەکـات و پاش دوو پەرەگـراف دەڵێت: (ئای لەدنیـاو مـەملەکـەتی ژێر لم، بەڕاســتی ژیانێکی ســەیری تیــا دەگــوزەرێت...). چیـرۆکنووس لەدەسـتـپـێکی ئەم چیـرۆکـەو لەسـەرزاری پاڵەوانەکـەیەوە ئەوەمـان بۆ دەردەخـات کـە (مـەردان)ی خـەڵکی دێی (بانگۆڵ)ی ناوچەی گـەرمـیـانەو لاوێکی کەڵەگەت بووە هەرگیـز باوەڕی نەدەکرد ئاوەها لەژێر لمدا زەلیـل بێت: (من پێش ئەوەی بمرم و ئاوها بمنێنە ژێر لم، لاوێکی کەڵەگەت و بەخۆ بووم.. تازە هەڵدەچووم هەرگیز لەو بڕوایەدا نەبووم ڕۆژێک بەم شێوەیە زەلیل دەبم و دەبم بەخۆراکی مارو مێرووله...).

پاڵەوانی ئەم چیرۆکە بەهۆشیارییەوە بەسەرهاتی خۆی لەهەردوو جیـهـانی دنیا و نێـو گـۆڕمـان بۆ دەگێـڕێتەوە و بینای گێڕانەوەکـەشی ئاسایی و کـۆنە، کـە لە خاڵێکی کـاتی ڕابردوو دەست پێ دەکـات و لەگـەڵ پەرەسـەندنی ڕووداوی چیرۆکەکە بەرەو خاڵی کۆتایی کات و ڕووداوی چیرۆکەکە دەڕوات.

پاڵەوانی ئەم چیرۆکە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ڕەخنە لەو لایەن و کــەســانە دەگــرێت ڕۆڵیــان هەبووە، لەو کارەساتەی بەسەریاندا هاتووە، کاتێک لەلایەکەوە شایی خۆشیی خۆیان دەگێڕن و لە لایەکی دیکەوە بۆ ڕاپەڕاندنی ئەو کــار و کــردەوە لەلایەن ڕژێمــەوە پاداشت دەکــرێن، ئەوەتا پاڵەوانە لێقەوماوەکە دەڵێت: (ئەوەی زیاتر باری جەستەو دەروونمی تێکشکاندا بوو ئەو شایی و گۆڵمەزە بوو کە لەسـەر زەوی گەرم کرابوو.. خەڵکی وایاندەزانی ئێـمـە مردووین و ئاگـامان لە هیچ نییە، بەڵام ئەگەرچی من بۆ خۆشم سەیرم لێدەهات کە چۆن مردووم و ئاگام لە هەمــوو ڕووداوێک هەیە؟ ئاگـام لێـبـوو لە دوای ئەوەی ئێمەیان زیندە بە چاڵکرد بۆ شەوەکەی هەموو ئەو پیاوانە لەمــەراســیــمــێکی تایبــەتدا خــەڵاتکران مــەدالیــای ئازایەتییان پێبەخشرا!).

لە ئەندێشـەی پاڵەوانی لێـقـەومـاوی هۆشیـاری ئەم چیـرۆکـەدا هەندێک زیادەڕۆیی هەیە، بۆ نموونە لەڕووی ئەقڵ و لۆژیکەوە مـاقـووڵ نیـیـە ئەم جۆرە گیـانلەبەرانە هەبوونیــان هەبێت لە ژێر لمدا: (هەرگــیــز لەو بڕوایەدا نەبووم کە لە ژێر ئەو لمە وشک و مردووەدا مەملەکەتێکی

ئاوها سەیر و عاجباتی هەبێت هی وایان هەبوو شاخدار بوون. هەیانبوو تووکن بوون هەبوو بی چاو هەبوو دان تیژ و ژەهراوی). پاڵەوانی چیرۆکەکە لە ساتەکانی پێش مردنی لێقەوماوە بەحوکمی ئەوەی بە زۆرەملێ زیندە بەچاڵ دەکرێت و کۆتایی بەژیانی دەهێنرێت، ئەم چارەنووسە بەختی زۆرینەی ئەنفالکراوەکان بوو، هەروەها لەنێو گۆڕەکەشدا هەر لێقەوماوەو بی دەسەڵاتە، چونکە چەندین جۆری مێرووولەی ژێر لم گاز لە پێستی دەگرن و بەشی خۆیان لێدەکەنەوە، ئەویش بێ دەسەڵاتانە ئەو جۆرە ئازارانە دەچێژێت (مرۆڤ چۆن بەئاسانی قاچی لەناو بەفری تازە باریودا نقوم دەبێت، ئاوها نینۆکیان لە جەستەی ڕزیوم دەچەقاندو لەگەڵ خۆڕاپسکاندا گۆشتیان لە لەشم دەکردەوە)، هەروەها پاڵەوانەکە بەدەست بۆنی جەستەی مردووی خۆیەوە دەتلێتەوە، بەمەش حاڵەتی هۆشیاری پاڵەوانەکەمان بۆ بەرجەستە دەبێت، چونکە ئەقڵ و هزری مرۆڤ لەگەڵ مردنیدا لەکار دەکەوێت، بەڵام پاڵەوانی لێقەوماوی ئەم چیرۆکە بەپێچەوانە لەنێو گۆڕەکەدا بە هۆشیارییەوە خۆی بەدەستی چارەنووسی خۆیەوە داوە. ئەوەتا بەرگەی بۆن ناخۆشی جەستەی خۆیشی ناگرێت (ئەوەی لە هەموو شت زیاتر بۆ من مایەی نیگەرانی بوو ئەوە بوو کە ڕۆژ بە ڕۆژ پێستی لەشم وەکو پەڕۆ دەڕزی.. هێشتا چەند سەعاتێک بوو خستبوومیانە ژێر لمەوە لەشم وەکو پف بدرێت ئاوها ئاوسا هەر ئەوە نەبوو بتەقم لەگەڵ پەنمانیشدا لەشم بۆنێکی ناخۆشی دەردا.. بۆنێک مەگەر هەر خۆم بزانم چۆن بۆنێک بوو کە بڕوا ناکەم هیچ کەسێک بتوانێت خۆی لەبەری ڕابگرێت).

پاڵەوانی ئەم چیرۆکە جگە لەوەی بەدەست بۆنی ناخۆشی جەستەی خۆیەوە دەتلێتەوە، هەروەها بەدەست بۆنی قاچی ئەو پیرەمێردەوە دەتلێتەوە لەنێو گۆڕەکەیدا بەسەرسنگییەوە سەقامگیربووە. چیرۆکنووس لەم پەرەگرافەدا جۆرێک زیرەکی و هۆشیاریی پاڵەوانە لێقەوماوەکەمان بۆ بەرجەستە دەکات لەزانینی جۆری قاچە مردووەکە: (لە هەموو ئەمانەش ناخۆشتر ئەوە بوو قاچی کەسێکی تر کە بە چرچییەکەیدا دیاربوو پیرەمێردێک بێت، کەوتبووە سەر سک و سنگم.. بەبۆنەی ئەم قاچەوە ئەوەندەی تر مار و مێرووولە تێم ئاڵابوو تەواو هەراسانیان کردبووم، لێ لەبەر ئەوەی مردبووم چ دەسەڵاتێکم نەبوو نەمدەتوانی هیچ بکەم، بەڵام لە دڵ و لەبیری خۆمدا زۆر بە قووڵی لەو وەزعەی تێی کەوتبووم ڕادەمام و تێدەفکرام).

کەواتە پاڵەوانی ئەم چیرۆکە لەنێو گۆڕیشدا خاوەن هۆشیاری خۆیەتی و لە وەزعی خۆی ڕادەمێنێت و تێدەفکرێت، بۆیە لە گێڕانەوەی بەسەرهاتەکەی لەنێو گۆڕ و دەرەوەی گۆڕەکەیدا خاوەن جۆرە ڕاستگۆییەک لە باسکردنی لێقەوماویی خۆیەتی و چیرۆکنووس بەئەنقەست ئەم حاڵەتەی هەڵبژاردووە بۆ خستنە ڕووی باری دەروونی مرۆڤی ئەنفالکراو لە هەردوو ژیانی پێش و پاش مردنی.

پاڵەوانی ئەم چیرۆکە بەشێوەیەکی فانتازیانە ژیانی مردووانی ژێر لم و نێو گۆڕەکانی مەملەکەتی ئێسکەکان دەگێڕێتەوەو، چۆن هەریەکیان بەسەرهاتی خۆیان دەگێڕنەوە، ئەمەش زیاتر بەمەبەستی خستنەڕووی کاریگەری لێقەوماوی ئەوانیشە، کە دایکە کلۆڵەکەی یەکێکە لەوانەی پاش چەند ساڵێک لەدابڕان لەنێو گۆڕەکانی ژێر لمەوە بەیەکتر دەگەنەوە و لەگەڵ یەکتردا دەدوێن.

بابەتی ئەم چیرۆکە خاوەن مۆرکێکی کەتوارییە (ڕیالیزمییە)، چونکە بەسەرهاتێکی ڕاستەقینەی میللەتی کوردمان بۆ دەگێڕێتەوە، هەروەها لەم چیرۆکەدا هەردوو لایەنی ڕاستی و فانتازیا بەشێوەیەکی جوان ئاوێتەی یەکتر کراون بەمەبەستی بەخشینی جۆرە چێژێکی هونەری تا بەهۆیەوە زیاتر سەرنجی خوێنەر بۆ لای خۆی ڕابکێشێت.

## دەقی چیرۆکی (مەملەکەتی ئێسکەکان)

کاتێک لمەکەیان لەسەر تەوێڵ و دەموچاوم و گوێچکەم لابرد. نەمزانی مێرووولەو مار و قالۆنچەو قمقمۆکەکان بە کوێمدا ڕایانکردو چۆن خۆیان ونکرد. من لەبەر ئەوەی چەند ساڵێک بوو مردبووم، یان ڕاسترە بڵێم زیندە بەچاڵ کرا بووم، نەمدەتوانی ببزوێم، بۆیە ئەوانیش بەکەیفە خۆ کەوتبوونە وێزەم. من پێش ئەوەی بمرم و ئاوها بمنێننە ژێر لم لاوێکی کەڵەگەت و بەخۆبووم تازە هەڵدەچووم هەرگیز لەو بڕوایەدا نەبووم ڕۆژێک بەم شێوەیە زەلیل و بەم جۆرە دەبم، دەبم بە خۆراکی مارو مێروو. (ئای لە دنیا و مەملەکەتی ژێر لم بەڕاستی ژیانێکی سەیری تیا

دەگــوزەرێت ژیانێـک کـە هەرگــیــز مـرۆی ســەر زەوی نەیانبینیوە و بڕواش ناکەن کە هەبێت!).

ئەوەی لە هەموو شت زیاتر بۆ من مایەی نیگەرانی بوو ئەوە بوو کە ڕۆژ بە ڕۆژ پێستی لەشم وەکو پەڕۆ دەڕزی. هێشتا چەند سەعاتێک بوو خستبوومیانە ژێر لمەوە لەشم وەکـو پف بدرێت ئاوها ئاوسا، هەر ئەوە نەبوو بتـەقم، لەگەڵ پەنمانیشدا لەشم بۆنێکی ناخۆشی دەردا، بۆنێک مەگەر هەر خۆم بزانم چ بۆنێک بوو. کە بڕوا ناکەم هیچ کەسێک بتوانێت خۆی لەبەری ڕابگرێت.

لە ڕۆژی سێیەم و چوارەمدا بۆگەنییەکە زیاتری کرد لەگـەڵیـشـدا سـەرتاپای لەشم زیچکاو و چەوری و کرمێکی زۆری دەردا بە شێوەیەک خۆڵەکەی بان و ژێر و ئەملاو ئەولای چەور کرد. هەر ئەوەندەی لمەکە چەور بوو. خودایە چی ببینم؟ من دەڵێم: سەد، تۆ بڵێ: هەزاران جۆری مێروو تێم ئاڵان هەریەکەیان لە شوێنێکەوە کەوتنە وێزەم نەمزانی ئەم هەمووە لە کوێوە پەیدابوون.

بەڕاستی سەیر بوو ئەم حاڵە بۆ من هەرگیز جێی چاوەڕوانی نەبوو، هەرگیز لەو بڕوایەدا نەبووم کە لە ژێر ئەو لمە وشک و مردووەدا مەملەکەتێکی ئاوها سەیر و عاجباتی هەبێت. هی وایان هەبوو شاخدار بوون، هەیانبوو تووکن بوون، هەبوو بێ چاو، هەبوو دان تیژ و ژەهراوی. کاتێک گازیان لە لەشم دەگرت هێندەی جێ گازەکەیان و زیاتریش گۆشتیان لە لەشم دەکردەوە. تیایاندا هەبوو قاچ و نینۆک درێژ. مرۆ چۆن بە ئاسانی قاچی لەناو بەفری تازە باریودا نقوم دەبێت ئاوها نینۆکیان لەجەستەی ڕزیوم دەچەقاند لەگەڵ خۆڕاپسکاندا گۆشتیان لە لەشم دەکردەوە.

لە هەفتەی یەکەمی زیندە بە چاڵکردنەکەمدا لەشم لە چەند شوێنێکەوە کون کون بوو، بەڵام ئەوەی سەیر بوو ئەوەبوو کونەکان خوێنیان لێ نەهات، ئیدی نازانم گۆمی خوێنی لەشم بەستبووی، یان وشکی کردبوو، یان چی تر..؟

لە هەموو ئەمانەش ناخۆشتر ئەوە بوو قاچی کەسێکی تر کە بە چرچییەکەیدا دیار بوو هی پیرەمێردێک بێت. ئەوەندەی تر مار و مێروو تێم ئاڵا بوون تەواو هەراسانیان کردبووم لێ لەبەر ئەوەی مردبووم چ دەسەڵاتێکم نەبوو نەمدەتوانی هیچ بکەم، بەڵام لە دڵ و لە بیری خۆمدا زۆر بە قووڵی لەو وەزعەی تێی کەوتبووم ڕادەمام تێدەفکرام.. سەرەتا بڕوام نەدەهات بەسەر سوڕمانەوە لە خۆم دەپرسی: ئەرێ بەڕاست دەبێت من مردبم؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەمویست قاچەکانم ببزوێنم جووڵەم بۆ نەکرا ئیدی زانیم کار لە کار ترازاوە تەواو مردوومە و براوەتەوە، ئەگەر بمتوانیبا ببزوێم ئەو باسکەم لادەدا کە کەوتبووە سەر دەمم کە نەمدەزانی هی ژنە، یان پیاوە.

من لە هەموو تەمەنی خۆمدا بەبیرم نایەت مێروولەیەکم کوشتبێت، نەک هەر ئەمە لە بیرمە کاتێک لە پۆلی پێنجەمی سەرەتایی مامۆستای وانەی زانست باسی ڕێگەکانی قەڵاچۆکردنی مێرووی بۆ دەکردین من زۆر بەتوندی دژی هەموو ئەو ڕێگەیانە وەستامەوە. جارێکیان لە کاردانەوەیەکی جەسوورانەدا بە مامۆستای زانستم وت: ئەمە چ زانستێکە بە ئێمەی دەڵێنەوە؟ نەنکم دەڵێت: ئەوەی مێرووڵەیەک بکوژێت خوا تۆڵەی لێ دەسێنێت و دەیخاتە دۆزەخێ.. ئێوەش دەتانەوێ بە دەرمان و بەکیمیایی بەکۆمەڵ مێروولە بکوژن؟ من نەمزانی قەدەری ئێمە ئاوها دەبێت بە کۆمەڵ دەمانکوژن و بە کۆمەڵیش دەماننێژن!.

ئەوەی زیاتر باری جەستەو دەروونمی تێکشکاندابوو ئەو شایی و گۆڵمەزە بوو کە لەسەر زەوی گەرم کرابوو.. خەڵکی وایاندەزانی ئێمە مردووین و ئاگامان لە هیچ نییە، بەڵام ئەگەرچی من بۆ خۆشم سەیرم لێدەهات کە چۆن مردووم و ئاگام لە هەموو ڕووداوێک هەیە؟ ئاگام لێبوو لە دوای ئەوەی ئێمەیان زیندە بە چاڵ کرد، بۆ شەوەکەی هەموو ئەو پیاوانە لەمەراسیمێکی تایبەتدا خەڵاتکران و مەدالیای ئازایەتییان پێبەخشرا!.

ئەمە مەسەلەیەک بوو تەواو پەریشانی کردبووم، مەسەلەیەکی تر کە تا ڕادەی شێتی سەرسامی کردبووم و هەرگیز لە یادم ناچێت و خۆشم نازانم چۆن لەو کاتەدا کەوتە یادم ئەوە بوو بەخەیلیم بە (ئەخناتوون) و (نەفەرتیتی) و هەموو فیرعەونێکی میسریدا دەهات، بەڕاستی ئەوانە خۆش ژیان و پیرۆز نێژران. فیرعەونەکان هەزاران ساڵ مردوون و نێژراون، بەڵام لاشەکانیان وەکو خۆیان وایە نە گۆڕاون، وەلێ من لەدوای چەند هەفتەیەک لەزیندە بەچاڵکردنەکەم گۆشتی لەشم لەئێسکەکانم جیابووەوە وەک بڵێی دوژمن و نەیاری یەکتری بن، ئیدی جگە لە دەیان پارچە ئێسک کە ڕەنگە خۆشم تەواوی

ئەندامەکانی خۆم نەناسمەوە هیچی وام نەماوە.

لەگەڵ ئەم تێکەڵاوبوون و بەیەکداچوونەدا هەر ئێسکەو بە زمانی ڕوح سەربوردەی ژیانی خۆی بۆ ئەوی دی دەگێڕایەوە.. کاتێک لولاقێک پەراسوویەک باسکێک جومجومەیەک حەکایەتی خۆی دەگێڕایەوە هەموو مەملەکەتی ئێسکەکان بە عەشقێکی زۆرەوە ڕوحیان بۆ ڕادەنێرا لەگەڵ زایەڵەی سەربوردەکاندا پێدەکەنین و دەگریان..

من بڕوا ناکەم هیچ کۆڕێکی شیعریی هێندەی ڕێوڕەسمی سەربوردەی ئێسکەکان قەرەباڵغ و بەحەماس بووبێت. ئەوەی لە هەموو شتێک زیاتر لە مەملەکەتی ئێسکەکاندا جێگەی سەرنج بوو ئەوە بوو ئێمە ئەگەرچی هەر چل پەنجا کەسێکمان لە چاڵێکدا زیندە بەچاڵکرابووین و هەتا چاویش بڕ دەکات هەر چاڵ بوو، بەڵام دەیانوت دوایین چاڵ لمێکی ئێجگار وشک و سوێری هەیە، لمێک کە لە سوێریدا تاڵە، ئەگەر لولاقێک، باسکێک، پەراسوویەک کەللەسەرێک لە یەکەمین چاڵەوە سەربوردەی خۆی بگێڕایەوە ئەوە ئێسکی دوایین چاڵیش بە ڕوح گوێی لێدەبوو.. وا بزانم لە سێیەم ساڵی زیندەبەچاڵکردنەکەمدا بوو نۆرە هاتە سەر من کە سەربوردەی ژیانی خۆم بۆ ئامادەبووان بۆ مەملەکەتی ئێسکەکان بگێڕمەوە، من ئاوها دەستم بە گێڕانەوەی سەربوردەی ژیانم کرد: ناوم (مەردان)ـە خەڵکی (بانگۆڵ)ی گەرمیانم سێ ساڵ لە پێش ئێستا پێش ئەوەی زیندە بە چاڵ بکرێم تەمەنم (٣٠) ساڵ بوو دایکم بۆی گێڕاومەتەوە ئەو ڕۆژەی منی تیا لە دایک بووم ٨ی مانگی شوباتی ١٩٥٨ بوو.. ڕەشەبایەکی ژەهراوی ناوەخت هەڵیکرد ڕەشەبایەک زەحمەت بوو کەس خۆی لەبەر بگرێت، گەورەو بچووک ژن و پیاو پیر و لاوی پێکەوە لوولدا، کەس نەیزانی ئەم گەردەلوولە لە کوێوە هەڵیکرد، زەحمەتە بتوانرێت باسی کاولکارییەکانی ئەو ڕەشەبایە وەک ئەوەی کردی بگێڕدرێتەوە.

دایکم چەند جارێک بە چاوی پڕ لە فرمێسک و دڵی پڕ لە حەسرەتەوە ئاخی بۆ ڕۆژانی لاوی هەڵکێشاوە بۆی گێڕاومەتەوە کە باوکم هەرچونێک بێت توانیویەتی ئێمە لە ژەهراوی بوونی ئەو بایە ڕزگار بکات لێ خۆی هەر ئەو ڕۆژە تەمەنی جوانی خۆی کە (٣٣) ساڵ بوو بۆ دایکی (١٨) ساڵم کرد بە قوربانی.. من کە هێشتا زۆر سەربوردەی ترم مابوو بیگێڕمەوە نەمتوانی تەواویان بکەم بەدەم گریانەوە وتم: ئاخ دایە گیان دایکی جوان و جاهێلیم دایکی میهرەبانم دایکی خێر لە خۆ نەدیوم دەبێ ئێستا لە کوێ بیت؟ ئایا گوێت لە ناڵەی ڕوحی مەردانی کوڕت هەیە؟ دڵنیام ئێستا بمبینی نامناسیتەوە، چونکە ئێستا نە چاوم ماوە هەتا بە سەوزییەکەیدا بمناسیتەوە، نە خاڵە وردە ڕەشەکەی چەناگەم هیچ هیچیان نەماون ئێستا جگە لە ئێسکە پەیکەرێک کە ڕۆژانە زیاتر نەرم دەبێت و دەڕزێت هیچی دیم نەماوە دایە گیان تۆ لە کوێی؟.

لەم کاتەدا دەنگێک لە دوورەوە کە وا بزانم نزیکی چاڵە کۆتاییەکان بوو هات بە دەنگ هاوارمەوە بە دەنگێکی ئیجگار میهرەبان، بەڵام بە لەرزۆکەوە وتی: مەردان ڕۆڵە ئەوەتام لێرە لەم چاڵە منیش مردووم منیش زیندە بەچاڵکراوم، ناتوانم ببزوێم سەرێک و قاچێک و دوو دەست کە نازانم هی کێن کەوتوون بەسەر لاشەی مردوومدا هەر بە جارێ هەراسانیان کردووم، بەڵام منیش بە چاوی ڕوح دەتبینم گوێم لەدەنگتە لەم دوورەوە دەتلاوێنم، تازە ئێمەی مەملەکەتی ئێسکەکان هەر لێرە دەمێنینەوە بڕوا ناکەم مرۆڤی زیندووی سەر زەوی بزانن ئێمە لێرەین.

دایکم لەدوا ڕستەیدا دەنگی گۆڕاو قسەکەی بۆ تەواونەکراو دایە پرمەی گریان.

بەم شێوەیە من و دایکم لە دوای چەند ساڵ لە دابڕان یەکترمان دواند.. لە دوای من ئەو لولاقە قسەی کرد کە لەیەکەم ڕۆژی زیندە بەچاڵکردنەکەمەوە کەوتبووە سەر سنگم و هەتا ئەو ڕۆژەی لمەکەیان لەسەرم لابرد هەر لەسەر سنگم بوو.

دواجاریش کە ئێسکەکانمانیان جارێکی تر کۆکردەوەو کردیانە پریاسکەیەکەوە لەوێشەوە خرامە ناو تابووتێکی گەورەوە، ئینجا بە ئاڵایەکی سێ ڕەنگ سوور و سپی و سەوز داپۆشرام ئەو لولاقەشیان خستە ناو توورەکەی منەوە، بەڵام دەستی ڕاستم کە کەتبووە ژێر سەری ئەو ژنەی تەنیشتمەوە لە کاتی دەرهێنانەوەی ئێسکەکانمان لە ژێر لمەکە نەمزانی کەوتە پریاسکەی کێوە و تێکەڵاوی ئێسکی کێ بوو، یا ڕاستر بڵێم نەمزانی بوو بە بەشێک لە لەشی کێ!؟

من زۆر لەلام سەیر بوو خزمەکانم هاوڕێکانم

ئەوانەی(١٥)سـاڵی تەواو عـەوداڵی هەواڵ و تەنانەت تەرمی ئێمە بوون بۆ نەیان پرسی و ورد نەبوونەوە، بۆچی و چۆن دەبێت مرۆڤێک سێ قاچ و یەک دەستی هەبێت؟
من ئێستا کە لە پریاسکەیەکدام لەناو تابووتێکی گەورەدام بریتیم لە جومجومەیەک، چەند پەراسوویەک، سێ لولاق، دوانی ڕاست و یەکێک چەپ لەگەڵ باسکێکی چەپ. چەندین ساڵ لە جێیەکی ئێجگار تەنگەبەردابووم ئێستا هەر خۆم بەڵام بەبێ دەستی ڕاستم لەناو تابووتێکی گەورەدام..
من ئەگەرچی جگە لە چەند ئێسکێکی وشک و ڕزیو زیاتر هیچی دی نەبووم، بەڵام وەک مرۆڤێک کامڵ لە دیاردەکان ڕادەمام، تێدا تێفکرام، پرسیارم دەکرد، خەونم دەبینی خەونی زۆر گەورەو جوان هەندێ جار دڵخۆش دەبووم، بەڵام کاتێک یادەوەری دەستە ڕاستم دەکەوتەوە یادم نیگەران و دڵتەنگ دەبووم. فـرە دڵخـۆش بووم کاتێک لە دوای پانزە ساڵ لە ژێر لم دەریانهێنامەوە توانیم جارێکی دی ژیانی سەر زەوی ببینمەوە بە تایبەت ئەو کاتەی گەیاندمیانەوە کەرکووک و بەسەر پردی خاسەدا ڕەتیان کردم هەر ئەوەندە نەبووم پێ بگرم و لە تابووتەکەوە سەر دەربێنم و هاوار بکەم، بەڵام کاتێک لە خۆم ڕامام کە دەستی ڕاستم نییە نیگەران و دڵتەنگ مامەوە ئاخر مەحاڵە بتوانم بەبێ یادەوەری دەستە ڕاستم بژیم و بمرم.. من لە ژیانمدا چەندین جار نامەی دڵداریم بە دەستە ڕاستم بۆ شەونم نووسیوە.. لەمەش ئەستەمتر کاتێک لە پاین پردەکەی خاسەدا چاوم بە باجی (زارا) کەوت دەرۆزەی دەکرد بەری چاوم تاریک بوو ئیدی هیچم نەدی، بەڵام یادەوەری چەند ڕۆژێکی پێش ناشتنم بەرەو قووڵایی خۆی لووشی کردم..
ئەو ڕۆژەم کەوتەوە یاد کە ئێسکە پەیکەری (کاروان) کوڕە گەورەی باجی (زارا) باسی دایکی بۆ دەکردین، کە چۆن پێش ئەوەی زیندە بەچاڵ بکرێن سەربازەکان بە زۆر لە باوەشی دایکیان دەرهێناوە (کاروان) لە گێڕانەوەی ئەم ڕووداوەدا وەک جاری یەکەم دەستی بە گریان کردەوە لە دوای خۆشی تەواوی مەملەکەتی ئێسکەکان دایانە پرمەی گریان..
(کاروان) هەر بە هیوا بوو جارێکی دی لە ئامێزی دایکیدا سەرە خەوێک بشکێنێتەوە.. نەیزانی باوەشی دایکی وەکو دەستە ڕاستی من ون دەبێت و نادۆزرێتەوە.

لە دوای ئەم دیمەنەی باجی (زارا) زوو پەشیمان بوومەوە لەوەی جارێکی دی بژێمەوە.. لەم کاتەدا زۆرم پەلەبوو خوا خوام بوو لەو تابووتە ڕزگارم بێت و تەسلیم بە خاکم بکەنەوە هەتا گەیاندمیانە گۆڕستان خۆم دڵنەوایی ئێسکە پەیکەری خۆمم دەکرد..
ئەی ئێسکی وشک و ڕزیوم خوداوەند نەمری تەنیا بە خۆی بەخشی، قەدەری ئێمەش بەمردن، بۆیە دەبوو هەر زوو بمانزانیبا کە ژیان جگە لە گەمەیەکی بێ مانا هیچی دی نییە.
کاتێک جارێکی دی، بەڵام بەپێچەوانەی جاری یەکەمەوە، لە مەراسیمێکی شایستەدا بە خاک سپێردرامەوەو گەڕامەوە بۆ ناو مەملەکەتی ئێسکەکان یەکەمین ئێسکە پەیکەر کە پێشوازی لێکردم و هەواڵی کوردستان و هەواڵی سەر زەوی لێپرسیم ئێسکە پەیکەری شەریف پاشای خەندان بوو..

# نموونەی بێ لافی، یان وێنەی دووەمی شاعیرەکانمان

**عەبدوڵلا خدر مەولوود**
**(زانکۆی سەلاحەدین - کۆلێژی پەروەردە)**

**(بەشی سێیەم و کۆتایی)**

بەشی یەکەمی ئەم باسە لە ژمارە (١٧٤)ی گۆڤاری (ڕامان)ی خۆشەویستدا بڵاوکراوەتەوە، کە حەفت شاعیری لەخۆ گرتبوو (نالی، سالم، کوردی، مەلاوەسمان، حاجی، مەحوی، شێخ ڕەزا). بەشی دووەمی لە ژمارە (١٧٨)ی هەمان گۆڤار بە نموونەی (١٦) شاعیری تر بڵاوبووەتەوە (وەفایی، حەمدی، ئەحمەدی کۆر، بێخود، سافی، سابری، ناری، ویساڵی، زێوەر، میرزا غەفوور، خادیم، سەیید ئەحمەدی نەقیب، پاکی، عاسی، میهری، موخلیس).

بۆ ئەم بەشەش نموونەی شاعیرەکانی هەردوو دیالێکتی (لەهجە)ی گۆران (٤) شاعیر و کرمانجی سەروو بە (١١) شاعیر بەشدارییان کردووە و شیعرەکانیان نیشاندراون. بە هیوای ئەوەی توانیبێتم خزمەتێکی بچووکم بە ئەدەبی کلاسیک گەیاندبێت.

بێسارانی دەڵێت(٢٥):

**تۆ وستات نەتەخست، مەرتەبەی شایی**
**تو دات بەدەستم، عاسای گەدایی** (١٣٨)

ئەم دێڕە لە دیوانەکەی بێسارانی وا لێکدراوەتەوە: تۆ منت لە تەختی شایی خستە خوارەوە، تۆ گۆچانی سواڵت دا بە دەستمەوە. شاعیر دوو پلەوپایەی کۆمەڵایەتی کردووەتە کەرەستەی ئەم وێنە هونەرییە، یەکەمیان دەسەڵاتی یەکەمە لە وڵاتدا، واتە خاڵی هەرە سەرووی هەرەمەکە. دووەمیان چینی خواری خوارەوەی کۆمەڵە، واتە: گەدایی و ئەوانەی هیچیان نییە و بەردەوام دەست لە بەرانبەرەکانیان پان دەکەنەوە. بێسارانی بە بەرانبەرەکەی و بە ئێمەش دەڵێت: دەبێ (ئەو) چ دەسەڵات و هێزێکی هەبێت، وەکو دەڵێن: (بە چاووقووچانەکی) لەسەر تەختی مەملکەت و شاهی بۆ دەست بە عەسا و گۆچانەوە، لەپێش دەرگەی کووچە و کۆڵانان سواڵ و دەرۆزەکردن، دەبێت ئەمە چ هێز و تواناییەک بێت.

ڕەنجووری دەڵێت(٢٦):

**(ڕەنجووری) جە داخ دەروون بوریانەن**
**(جوغد) ئاسا چۆڵ گەردخدێش گریانەن** (٢٠٩)

دەڵێت: ڕەنجووری لە داخی یان (لە داغی) دەروون و هەناوی برژاو و سووتاوە. کوندەبۆ ئاسا، لە چۆڵ و کەلاوان خووی بە گریانەوە گرتووە. خدی، یان خدێ: سرشت، خدو، عادەت.

ش: ئەو شینەش، شینی مەسدەری پێ دەڵێن، ڕەنجووری خۆی بە کوندەبۆ چواندووە و سیفەتی تریشی داوەتە پاڵ خۆی.

سەیدی دەڵێت(٢٧):



سەیدی هەورامی

**بە دەشنەی قەساب بکێشا قیمەت**
**تۆ (صەیدی)ت کەردەن پوولێ بێ قیمەت (٧٦)**

دەشنە: قیمەکێش

بکێشا قیمەت: واتە ئەنجن ئەنجنت کەن، یان وەکو قیمە ورد وردت بکەن.

کەردەن: کردووتە.

هەردوو وشەی (قیمەت) ڕەگەزدۆزی تەواون، قیمەتی یەکەم= قیمەت+ت: قیمەی تۆ، گۆشت ورد بکرێت و ببێ بە قیمە.

(قیمەت)ی دووەم، یەک وشەیە واتە: نرخ، بەها، قیمەتی شت. لەنیوە دێڕی یەکەم سەیدی باس لەقیمەکێش و بە قیمەکردنی گۆشت دەکات (لایەنی جەستەیی). لەنیوە دێڕی دووەم باس لە شتە بەهادار و مەعنەوییەکان دەکات.

کە شاعیری (صەیدی) تێدا دەست بەتاڵ کراوە و بووەتە دراوێک لە بازاڕدا ناچێت، واتە: ئەوەی نرخە نییەتی.

میرزا ئۆڵقادر دەڵێت(٢٨):

**ئەرصەد هەم عاصی، هەم گونام بێ شۆن**
**(قادر) ئومێدش، وه ئەلطاف تۆن (١٤٦)**

ئەلتاف: چاکە کردن، نیشاندانی نەرمونیانی.

لە دیوانی میرزا ئولقادر، ئەم دێڕە بەو دێڕە لێکدراوەتەوە:

**ئەگەرچی هەم عاصی، هەم گوناهم بێ شمارە**
**(قادر) ئومێدی بە لوتفی تۆیە**

دیسان دەڵێت:

**(قادر) وەسەرگەرد ئەبرۆی تاقش بۆ**
**فیدای گەرد سم پای بوراقش بۆ**
**هەرچەند عصیانم جە حەدد بەرشییەن**
**ژمارەی دەفتەر حیسابش نییەن**
**شووم بێ عەمەل هەم بێ تاعەتم**
**ئومیدم ئادەن پەنی شەفاعەتم (١٨٢)**

ئەم سێ دێڕە ڕەنگاوڕەنگەش بە شیوەزاری ئێمە ئاوا بەرانبەر کراوە:

**قادر بەسەر گەردی ئەبرۆی تاقی بێ**
**فیدای گەردی سمی پێی بوراقی بێ**
**هەرچەند عصیانم لە حەدو دەرچووە**
**ژمارەی دەفتەر حیسابم نییە**
**شوومی بێ عەمەل هەم بێ تاعەتم**
**ئۆمێدم ئەوە بۆ شەفاعەتم**

**دێڕی یەکەم:** وشەی (گەرد) یەک بڕگەیە و لەنگە، ئەگەر وەکو بەرانبەرەکەی (گەردی) بنووسرابا کێشەکەی تەواو دەردەچوو.

**دێڕی دووەم:** لە نیوەی یەکەم، لە وشەی (حەدد)دا لێک زیادە، لەبەرانبەرەکەی ئەو (داڵە) زیادە بۆتە (واو).

**دێڕی سێیەم:** نیوە دێڕی یەکەم لەنگە (شووم) بکرێت بە (شوومی) لەنگییەکەی نامینێت.

میرزا ئۆڵقادر لەو بڕە شیعرەدا، زۆر لە کارە بەدو خراپەکانی خۆی تۆمار کردووە. ویستوویەتی هەندێک لە ڕوخسار و بچمی بۆ وێنەی دووەمی خۆی بنەخشێنێت، بۆ ئەوەی ئەو شێوەکارانەی بزروگوم نەبن و خوێنەرانیش دەرس و پەند و عیبرەتی لێ وەرگرن.

بۆچوونە ئەو مەیدان و کۆڕەی تێیدا شەفاعەت بەدەست بێنێت، خۆی بەسەر گەردی تاقی ئەبرۆی (ئەو) کردووە، خۆیشی بە فیدای گەردی سم و ژێر پێی ئەو بوراقە پیرۆزەش کردووە، گوناه و عوسیانە بێ حیسابەکانیشی

هەموو سنوورێکیان بەزاندووە. تاکە ئومێدی میرزاش پێغەمبەرمانە (د.خ) بۆ ئەوەی شەفاعەتی بۆ بکات و ڕزگاری بێت.

فەقی تەیران دەڵێت(٢٩):

**میم و حێ پڕ گونەهکارە**

**قەوی پڕ مفلس و ژارە**

**بەلێ ناڤێ تە غەففارە**

**عەطا و فەضل و ئیحسانێ (٢٥٣)**

میم و حێ: نازناوێکی تری فەقی تەیرانە.

قەوی: یەکێک لە واتا دوورەکانی (زۆر)ە.

پڕ: زۆر.

مفلس: ئەوەی هیچی نەبێ، بەتایبەتیش پارە و پوول.

فەقی تەیران لە دێڕی یەکەم: سێ سیفەتی خۆی (پڕ گونەهکار، مفلس، ژار)ی داوەتە پاڵ نازناوەکەی. لەدێڕی دووەم: ناوی پیرۆزی غەففار هاتووە، کە ناو و سیفەتی باری تەعالایە، ئەویش سێ ناوی بەدوای خۆیدا ڕاکێشاوە، وەکو سیفەت ناو و سیفەتەکە مەزنتر دەکەن، (عەطا، فەضل، ئیحسان) سەرچاوەی ئەم سێ ناوەش بۆ بەخشین و چاکە و...تاد دەگەڕێنەوە.

دیسان دەڵێت:

**سەلاما من حەقیری**

**صەدەفەک د ڤێ تێکن**

**ئیرۆ د جزیری**

**حەقە ل مەلێ کن**

**هیلاکین ژ دەریا تیرێ**

**دەرمان هەیە لێکن (١٣٢)**

ئەوەی لەو کۆپلە شیعرە بەلای ئێمەوە گرنگە وشەی حەقیرە، واتە: سووک و چرووک، بێ نرخ، هیچوپووچ.

یەکێک پڕ بە گەرووی خۆی بەخۆی بلێت حەقیر، دەبێت چ نەفسییەتێکی پاک و بەرزی بووبێت، چەند لە دەوروبەر و ئایندەی خۆی بێ منەت بووە.

جزیری دەڵێت(٣٠):

**لێ لتولێ ئاستانی چخ بوان لەعلان کرن**

**دەرگەهێ فەتحێ ڤەبو ئیرۆل مەهجووران عەجەب (٧٥)**

تولە: جۆرە سەگێکی بچکۆلانەی جوان و هێسک سووک و سەرنجڕاکێشە. جزیری خۆی بەو جۆرە سەگە چواندووە.

تولە و سەگیش لەپێش دەرگەی ماڵان بە ئاگا و پاسەوانی دەکەن. ئەم وێنە شیعرییە، ئەوە نیشان دەدات، مەعشووقە سەری لە دەرگەی حەوشە هێناوەتە دەرێ و ئەو تولەی بینیوە و چغەی لێ کردووە. جزیری لە خۆشی ئەو چغە لێکردنە وەختە باڵ بگرێت و بفڕێت.

دەڵێت: دەبێت ئەوە من بم بەو دوو لێوەی کە وەک لەعل وان چغەم لێ بکرێت. ئەو چغەیە بۆ من خێر و بەرەکەتە، دەرگەی خۆشی و شادیم لێ دەکەوێتە سەر پشت، چونکە بە بیر خۆشەویستەکەم هاتوومەتەوە کە دەمێک بوو لەبیری چوو بووم.

دیسان دەڵێت:

**ل کەلبێ ئاستانێ خۆ نەپرسی قەط حەبیب جارەک**

**گەلۆ نائینە بیری ئەم دڤێ نیچیر و ڕاوێ دا (٤٦)**

ئەو خۆشەویستە نازدارە، جارەک چییە!! لە سەگی پێش دەرگانەکەی خۆی ناپرسێ و لێی بێ ئاگایە.

ئەو سەگە (کە خۆیەتی) ئەوەندە بەدبەخت و بێ شانسە، تەنانەت ئەگەر ئەو بشچێت بۆ ڕاو و شکار، هێشتا ئەوی بەبیر نایەتەوە.

دیسان دەڵێت:

**دەرگەهێ لوطفاتە خانم مال مەحرومان ڤەبی**

**(ان کلبا باسطا دهرا ذراعا بالوصید) (٢١٤)**

ئەم دێڕە لە دیوانەکەی جزیریدا بەم شێوەیەی خوارەوە لێکدراوەتەوە: خانم: ئەی گەورەی من، ژنی بەڕێز.

ما: تۆ بلێی.

ان: ئەوا.

باسط: ڕاخەر.

وصید: ژێر دەرانە، پێش دەرگانە.

دهر: زەمان.

خوای (گەورە) لە باسی ئەصحابی کەهفا فەرموویەتی: (سەگەکەشیان لەبەر دەرگەی ئەشکەوتەکەدا کەوتووە و هەردوو چەمۆڵەی داداوە).

گەورەم (یان، خانمە جوانەکە)! منیش وەکو گەماڵەکەی پیاوچاکانی ناو ئەشکەوت، دێرزەمانە لە دیاری بەر دەرگانەکەت، چاوەنۆڕی لاواندنەوەم، تۆ بلێیت جارێک ئەو دەروە لەمنی ناهومێد و دوورە بەخت بکرێتەوە؟!

ئەحمەدی خانی دەڵێت(٣١):

**حەتتا بگەهیتە (خانی)یێ ژار**

**ناپاک و پەلید و واجبوننار**



بێسارانی

**ئەو ژی بخرا بی و صەیێ نی**
**دەعوا دکتن بئومەتێنی**
**وی بەد عەمەلێ وکی کیلابان**
**باری بکە پەیڕەوێ صەحابان** (١٦)

ژار و ناپاک، پەلیــد و واجــبــو ننار، بەخــراپی و سەگایەتی (یان وەکو سەگ)، عـەمەلی وەکی کیلابان. خـانی ئەو هەمــوو ناووناتۆرانەی لە خــۆ ناوە هەر بۆ ئەوەیەتی شەفاعەتی پێغەمبەر (د.خ) بەدەست بێنێت، کە لەنیـوەی دووەمی دێڕی کۆتایی ئەو هێـمایەی تێدا دەبینرێت.

پەرتۆ دەڵێت(٣٢):

**بۆچی هەر لەحظە تو پەرتۆ رۆژی دەتکی**
**ژ وە رازێن سەگی دێرینە قەبیگانەت بت** (١٧٠)

دەتکی: لە چاپەکەی دیوانا پەرتۆیی هەکاری، سادق بەهائەدین ئامــێــدی یە (دوتکی) هاتووە. ژ وە رازێن: واتاکــەی نەزانراوە. قــە: قــەت، لەبەر ئەو هەمــوو ناتەواوییانە نەمزانی پەرتۆ چی دەڵێت.

دیسان دەڵێت:

**یارم ژ رەقیبان چ خەطا کارتر ئیرۆ**
**پەرتۆ ژ سەگی بازی وەفادارترم ئەز** (٢١٨)

پێشەکی: ئەو شیـعرە لەسـەر کێشی هەزەجی هەشت هەنگاوی (ئەخرەبی مەکفووفی مەحزووف)ـە.

مفعول مفاعیل مفاعیل فعولن

-- -- -- --

نیـوە دێڕی یەکـەم کـێـشـەکـەی لەنگە و بەزیادکـردنی دەنگی (ە) بۆ وشەی (کارتر) کێشەکە ڕاست دەردەچێت (کـارترە). ئەورۆ یارم و مـەحـبـووبەم لە ڕەقـیـبـەکـان خـراپتـرە، منیش لە (سـەگی بازی) بۆ ئەو وەفـادارترم، وەفــای پەرتۆی هەکــاری، زۆر لەوەفــای ســەگی تێپەڕاندووە.

مەلایێ باتەیی دەڵێت(٣٣):

**کەمانجە و عود موئنس بوو**
**عەجەب سوڵتانێ مەجلس بوو**
**ژ عەقلی باتەی موفلس بوو**
**ژ فەهم و عەقل و زانینە** (١٧٤)

کەمانجە و عوود: دوو ئامێری مۆسیقی ژێدارن.

موئنیس: هاودەم، غەمرەوێن.

مەلای باتەیی، باسی موفلیسی خۆی دەکات، لە پارە و دراو و شتومەک نا، بەڵکو دوو جار لە عەقڵ، فەهم و زانینە.

شێخ عەبدولقادرێ هیزانی دەڵێت(٣٤):

**(عوبەیدلقادرێ) شەیدا**
**کولەییی دەرگەهی غەیدا**
**ئەسیرێ مورشیدێ سەیدا**
**مەدەد یا غەوثی هیزانی!** (١٧٥)

عـوبەیدولقادری شێت و وێتی عیشق و خۆشەویستی. سەگە بچکۆلانەکەی پێش دەرگەی خانمە نەرمونیانە بەناز و فیـزەکە (لووت بەرزی بە لەنجەولار). کۆیلەی ڕابەر و ڕێ نیشاندەری هێژا و مەزنم، (مەدەد) و (غەوس) یەک واتایان هەیە: بەپیر هاوارەوە چوون، فریاکەوتن.

غەوث: نازناوی شێخ عەبدولقادری گەیلانییە، ڕابەری تەریقەتی قادری.

دیسان دەڵێ:

**توولەمەل دەرگاهی تاغی**
**تو قەبوول کی یائیلاهی**
**وەر هەوارا من گەداهی**
**ب لوطف و ئیحسانا خوەیە** (١٨٥)

تاغی: ستەمکار، زۆردار.
وەر: وە ئەگەر، وە گەر.
هەوار، هاوار: فریاکەوتن، بەهاناوە چوون.
توولەمەلە دەرگانەی ئەو زۆردار و ستەمکارە، یائیلاهی بە چاکە و دلۆڤانی خۆت بەفریا و دەنگی گەدا و سوالکەرێکی وەکو من بێیت.
عەبدولفەتتاح فەتحی یێ حەزرۆیی دەڵێت(٣٥):
**خەلاصی ژناری جەهەننەم طەلەب**
**بکە تو ژ بۆ (فەتحی) یێ بێ ئەدەب** (٢٤١)
لەو دێرە حەزرۆیی ڕووی قسەی کردووەتە پێغەمبەری خۆمان (د.خ) دەڵێت: هەر تۆی بتوانیت، لەقاپی و دەرگانەکەی باری تەعالا، داوای ئەوەم بۆ بکەیت: کە لە ئاگر و ئەشکەنجەکانی دۆزەخ ڕزگارم بێت. ئەوەی جێی سەرنجە شاعیر سیفەتی (بێ ئەدەب)ی داوەتە پاڵ ناوەکەی خۆی.
فەقێ ڕەشیدێ هەکاری دەڵێت(٣٦):
**(نملة جاءت برجل من جراد)**
**ژێ قەبوول کر وی سولەیمانێ جەواد** (١٥٧)
فەقێ ڕەشیدی هەکاری لەو دێرە شیعرەیدا، باس لە چیرۆکی ئەو دیارییەی دەکات کە مێرووەکە بۆ حەزرەتی سولەیمانی بردبوو (لاقە کلۆیەک بوو). مەحوی هەمان ئەو ڕووداوە سەیرەی کردووە بە وێنەیەکی هونەری شیعری زۆر جوان.
لە نیوەی دێری دووەم دەڵێت: حەزرەتی سولەیمانی چاوتێر و بەخشندە ئەو دیارییەی لەو مێرووە وەرگرتووە و قبووڵی کردووە.
ئەحمەدی نالبەند دەڵێت(٣٧):
**ئەحمەدێ نەجلی ئەمینی نەعلبەند**
**تولەئێ دەرگاهی شاهی نەقشەبەند** (٣٢٨) ب٢
شاهی نەقشبەند، واتە: شێخ عەبدوڵڵای دهلەوی. ئەحمەدی ناڵبەند زۆر بە ئاشکرا و بە ڕوونی دەڵێت: ئەحمەدی کوڕی ئەمینی ناڵبەند تولەی پێش دەرگەی شای نەقشبەندە.
دیسان دەڵێت:
**قەدیم ئەز تولەئێ دەرگاهی وانم**
**خودێ ئڤرۆکە کر فەرق و جدائی** (٢٩٢) ب٣
ناڵبەند دەڵێت: ئەوە تازە نییە!! هەر لە کۆنەوە من توولەی پێش دەرگەی ئەوانم، ئەوە خوای گەورەیە، ئەورۆ ئەو فەرق و جیاوازییەی لەنێوانماندا دروست کردووە.
دیسان دەڵێت:
**ئەحمەدێ پیسێ زەلیلێ ڕۆڕەشێ شۆلێت گونەه**
**بەسە وەقتێ سەر تەعینی لوقمەکا سفرێ هەڤیر**
(١٥٠)ب١
تەماشای ئەو هەموو ناووناتۆرانە بکە، کە ئەحمەدی ناڵبەند بەخۆی ڕەوا دیوە: پیس، زەلیل، ڕووڕەش و کاری بەدی لێوڕێژ بە گوناح.
داهی دەڵێت(٣٨):
**کانی دەحلێ خوەش و ڕند**
**کا مەعدەن و مووم و فند**
**کا زناری تم بلند**
**داهێ تەنی بوو بە کوند** (٢٢٥)
دەحل: باغ و بێستان.
ڕند: جوان، شۆخ
مووم و فند: یەک شتن.
زنار: نسار، نزار، جێگای دژوار و حاستەم.
تم، تموتم: هەموو، گشت، خڕ.
کوند: کوندەبۆ
تەنی، تەنێ ڕاستترە: واتە بەنێ، تەنیا خۆی.
داهی لەنیوەدێری چوارەم خۆی بەو باڵندە شوومە چواندووە کە کوندەبۆیە.
جگەرخوێن دەڵێت(٣٩):
**ئەی جگەرخوێن بەس بێژە فۆرت و پەسنان هلدەخوە،**
**پر دڤێ ڕێ دەچراندن ڤان عەگیدان ساڵ و سۆل.**
(٦٧)
سەیرم بەو سەرچاوەیە دێت، کە ئەو دوو نموونە شیعرییەی لێ وەرگیراوە، ئەو هەموو (خاڵ و فاریزە و ئەوانی تری خاڵبەندی) بە چ دەستوور و یاسا و ڕێسایەک بەو جۆرە لەگەڵ نیوەدێرە شیعرەکان بەکارهاتوون و هەموو یاسا و عورفێکیان بەزاندووە.
فۆرت، فۆرتە، فۆرتەچی: درۆ، فیشاڵ، ساختە.
پەسن: پەسند، پێداهەڵگۆتن.
عەگید: ئازا، نەترس.
جگەرخوێن بەخۆی دەڵێت: بەسە چیتر درۆ و فۆرتان مەکە، ئەوەندە خۆت مەدح مەکە و درۆیان مەکە.
دیسان دەڵێت:
**جگەرخوین بەس بکە فۆرتا**

**تۆ پیری لێ وەکی خورتا**
**تە دل دا بەر شڤ و رۆتا**
**بیخوە کۆهی ئەراراتی.** (۳٤۹)

جگەر خوێن لە نیوە دێڕی یەکەم درۆ و ساختەی داوەتە پاڵ خۆی و دەڵێت: چیتر درۆ و فیشالآن ماوێ، عەیبە و وازبێنە و بەسە.

**پەراوێز و سەچاوەکان:**


**(۲۵) بێسارانی (دیوان)، ئامادەکردنی کیومرث نیک رەفتار، بەرگی یەکەم، (مطبعة الأديب البغدادية)، بەغدا، ۱۹۸۲.**

**(۲٦) رەنجووری (دیوان)، لێکۆڵینەوەی محەمەد عەلی قەرەداغی، چاپی یەکەم، چاپخانەی (آفاق عربية)، بەغدا، ۱۹۸۳.**

**(۲۷) صەیدی (دیوان)، کۆکردنەوە و شی کردنەوەی موحەمەد ئەمینی کاردۆخی، انتشارات کردستان، سنندج، ۱۳۸۵.**

**(۲۸) میرزا ئولقادر، محەمەدئەمین هەورامی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عیراق، بەغدا، ۱۹۸٤.**

**(۲۹) فەقێ تەیران (دیوان)، سەعید دێرەشی، چاپا ئێکێ، چاپخانا وەزارەتا پەروەردێ، هەولێر، سپیرێز، ۲۰۰۵.**

**(۳۰) جزیری (دیوان)، هەژار شەرحی لێ کردووە، چاپی یەکەم، سرووش، تهران، ۱۳٦۱.**

**(۳۱) ئەحمەدی خانی، مەم و زین، ئامادەکردن و پەراوێز نووسینی هەژار، ئەنستیتوی کورد، پاریس، ۱۹۸۹.**

**(۳۲) پەرتۆ بەگی هەکاری (دیوان)، بەرهەڤکرن تحسین ابراهیم دۆسکی، چاپا ئێکێ، چاپخانا حەجی هاشم، سپیرێز، ۲۰۰٦.**

**(۳۳) مەلایێ باتەیی (ژیان و بەرهەم)، کۆمکرن و ڤەوژارتنا تەحسین ئیبراهیم دۆسکی- محسن ئیبراهیم دۆسکی، چاپا دووێ، چاپخانا وەزارەتا پەروەردێ، هەولێر، سپیرێز، ۲۰۰۵.**

**(۳٤) تەحسین ئیبراهیم دۆسکی، ل دۆر ئەدەبێ کرمانجی، لە بلاوکراوەکانی کۆڕی زانیاری کوردستان، هەولێر، ۲۰۰٤.**

**(۳۵) و (۳٦) سەرچاوەی پێشوو.**

**(۳۷) ئەحمەدێ نالبەند، باغێ کوردا، کۆمکرن و تویژاندن طەمایی، ب (۲، ۳، ۱)، چاپخانا خەبات، دهۆک، ۱۹۹۸.**

**(۳۸) داهی (دیوان)، بەرهەڤکرن تەحسین ابراهیم دۆسکی، چاپا ئێکێ، چاپخانا وەزارەتا پەروەردێ، هەولێر، سپیرێز، ۲۰۰٤.**

**(۳۹) جەگەر خوین، گولبژێرەک ژ هەلبەستێن وی، چاپی یەکەم، بەرهەڤکرن هەڤال زاخۆیی- ئەڤراز حسێن، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ۲۰۰۷.**

# شازادە ئیبراهیم لە نێوان ڕۆمانس و چیرۆکی ڕۆژهەڵاتیدا

**ئەحمەد چاک**
**(بۆکان)**

### پێشەکی

سەرەتای نیشانەکانی گرینگیدان بە ئەدەبی زارەکی، بۆ هەوڵەکانی مۆنتێنی دەگەڕێتەوە، کە بۆ یەکەم جار هەوڵی دا بایەخی هونەری شیعری ڕەشۆکی (عامیانە) بەرجەستە کاتەوە و ویڕای هێردێر و نووسەرانی ڕۆمانتیک توانییان لاپەڕەیەکی زێڕین لە کۆکردنەوەی ئەدەبیاتی زارەکیدا تۆمار بکەن. بە پێی بۆچوونی ئەوان، ئەدەبی زارەکی خۆڕسک و سروشتی و بە کۆمەڵ دەهاتە ئەژمار و لە بەرانبەر ئەویشدا ئەدەبیاتی نڤیساری هەبوو کە دەکرێ بڵێین گەڵاڵەدار و دەسکرد و زانستییانە بوو. ئەوان بە ئاشکرا بایەخێکی زیاتریان بە ئەدەبیاتی زارەکی دەدا. ئەدەبیاتی زارەکی پێوەندی بە مرۆڤی سەرەتاییەوە هەبوو و زیاتر ڕووی لە سروشت بوو، بۆیە زیاتر وەبەر دڵی ڕۆمانتیکەکان دەکەوت. ئەوان پێیان وابوو ئەم ئەدەبیاتە وردە وردە خەریکە لە ناو دەچێ، هەر بۆیە دەستیان دایە کۆکردنەوەی بەشێکی زۆر لە ئەدەبیاتی زارەکی و بە تایبەتی حیکایەت «حیکایەتی قارەمانی و سەیروسەمەرە». کتێبی برایانی گریم دەتوانێ وەکو بەرهەمی ئەو هەوڵەی ئەوان بێتە ئەژمار. کۆکردنەوەی ئەم بابەتانە لە سەدەی هەژدەوە دەستی پێکرد و لە سەدەی نۆزدەدا گەیشتە ئەوپەڕی خۆی. دواتر توێژەرانی بواری ئەدەبیاتی زارەکی و نەریتی لە سێ لکی خوێندنەوەی فۆلکلۆریک و خوێندنەوەی کلاسیک و خوێندنەوەی هیۆمانیستیدا کەڵکیان لەم بەرهەمانە وەرگرت.

لەنێو ئەدەبیاتی زارەکی هەر زمانێکدا هەندێک دەقی تایبەت هەن کە دەکرێ بڵێین گرینگترین بەشی ئەو ئەدەبیاتەن و بەشێکی زۆر لە ئەدەبیاتی دوای خۆیان دەخەنە ژێر تیشکی خۆیانەوە. بۆ نموونە ئەدەبیاتی زارەکی بەر لە فیردەوسی شانامە دەخوڵقێنێ و ئەدەبیاتی زارەکی یۆنانی کۆن ئیلیادە و ئۆدیسەی هۆمێر بەرهەم دێنێ. ئێستاش کە ئێستایە ڕیالیسمی جادوویی ئەمریکای باشوور کەڵک لە سەرچاوەی فۆلکلۆریکی خۆی وەردەگرێ. ئەم دەقانە بە هیچ شێوەیەک نکوڵیان لێناکرێ. ئەم دەقانە ئەوەندەی زارەکین، ئەوەندەش زانستییانە بەرهەم هاتوون. ئەوەندەی باس لە ڕابردوو دەکەن، ئەوەندەش لە ئێستا و داهاتوو دەدوێن. ڕەنگە سەیدەوان و خەج و سیامەند و مەم و زین و... نموونەیەکی باشی لەم جۆرە دەقانە بن کە لە ئاسمانی ئەدەبی زارەکی زمانی کوردیدا درەوشاوەن. دەبێ مەودایەکی تایبەت بۆ ئەم جۆرە دەقانە دیاری بکەین و نەهێڵین لەگەڵ دەقی لاوازی تر بشێوێن. تەنیا جیاوازی



ئەرستۆ

ئەم جۆرە دەقانە لەگەڵ ئەدەبی نووسراوەیی ئەوەیە کە نووسراوە نین و سینگ بە سینگ و پشت بە پشت هاتوون و نووسەرەکانیان دیار نین. دەنا ئەگەر مەودای ئەم دەقانە بە نیسبەت مەودای دەقی نووسراوە و شیعر زیاتر نەبێ، کەمتر نییە.

خوێندنەوەی فۆلکلۆریک بە شێوەی ئێستای خۆی لە ژێر کارتێکەری قوتابخانەی فنلاندایە. ئەو قوتابخانەیە بە هێنانە ئارای تیوری کۆچ سەلماندی کە دیاردەی فەرهەنگی و ناوەرۆک و شێوەکانی فەرهەنگی زارەکی بەردەوام لە جموجوڵ و هاتوچۆدان. نەستی بە کۆمەڵی یۆنگ و پێکهاتەی گشتی هەموو ئوستوورەکانی شتراوس دەتوانن پشت ڕاستکەرەوەی ئەم بیردۆزییەی قوتابخانەی فنلاند بن. کە وابوو گرینگ نییە دەقی شازادە ئیبراهیم سەر بە چ وڵاتێکە و لە کوێ بەرهەم هاتووە، گرینگ ئەوەیە مام محەممەدی فاتیمی بە ڕاوێژێکی کوردی ساکار و پاراو بۆ ئێمەی دەگێڕێتەوە و بیسەری ئاسایی کوردیش دەتوانێ لەگەڵ ماکەکانی ئەم چیرۆکەدا پێوەندی بگرێ. بە هۆی ئەوەی کە لەگەڵ زۆربەی ئەم ماکانە ئاشنایی دێرینی هەیە.

## شازادە ئیبراهیم و ڕۆمانس

ڕۆمانس وەک جۆرێکی ئەدەبی تایبەتی سەدەکانی ناوەڕاستە. مێژووی ڕۆمانس دەتوانێ وەکو مێژووی بەردەوام بوون لە فۆرمەوە بۆ چاکسازی سەیر بکرێ. ئەم ژانرە تاڕادەیەکی زۆر لەسەر مەودای خۆی و خوێنەر پێداگری دەکات. واتە ئەگەر کەسایەتییەکان لە چینی سەرەوەی کۆمەڵگاش بن خوێنەری چینی خوار و ناوەندی کۆمەڵگا دەتوانن ئەزموونەکانی خۆیانی تێدا ببیننەوە.

هەر چەند بانگەشەی ئەوە دەکەن کە ڕۆمانس ژانرێکی ئەورووپییە، دەبێ بڵێین کە ئامانجەکانی لە کاتی شەڕی خاچ پەرستەکانەوە لە ژێر کارتێکەری ڕۆژهەڵات و لە سەدەی هەژدەدا تا کاتی وەرگێڕانی زانستی ئو-لین بە تایبەت لە ژێر کارتێکەری هەزار و یەک شەو(the Arabian nights)دا بووە.

ڕەنگە هەڵە نەبێ ئەگەر بڵێین زۆربەی ڕووداوەکانی شازادە ئیبراهیم، یان میتیمەکانی (بە واتا شتراوسییەکەی) لە چیرۆکەکانی هەزار و یەک شەودا دووپات دەبنەوە. ئێمە لێرەدا نامانەوێ ئەم چیرۆکە بخەینە قاڵبێکی تایبەتەوە، بەڵکو تەنیا هەوڵ دەدەین خاڵە هاوبەشەکانی شازادە ئیبراهیم لەگەڵ ڕۆمانسی ئەورووپی و چیرۆکی ڕۆژهەڵاتیدا بخەینە ڕوو.

کانگێریۆ لە پێشەکی ڕۆمانێکی خۆیدا (ئینکا گینتیا) بەم شێوەیە ڕۆمانس پێناسە دەکات: «بە شێوەیەکی گشتی ڕۆمانس لە ئەوینی هەرمان و درێژ خایەن، سوارچاکی بێ وێنەی کەسایەتییەکان، شاکان، شابانۆکان، مرۆڤەکانی سەرووی کۆمەڵگا و مرۆڤانی لەم جۆرە دەدوێ. زمانی شیرین و سەرنجڕاکێش. بەسەرهاتی سەرسوڕهێنەر و کاری نامومکین خوێنەر وەخۆ دەخات. بە شێوەیەک کە دوای خوێندنەوەی چەند لاپەڕە لەو هۆگرییە و سەرسوڕماوییەی کە لە ئاکامی خوێندنەوەی ئەم لاپەڕانەدا تووشی هاتووە واقی وڕ دەمێنێ.»

ئەگەر سەرنجی شازادە ئیبراهیم بدەین، دەبینین ئەم پێناسەیەی کانگێریۆ لە مەڕ ئەم چیرۆکەشدا سازگارە. ئەوینی هەرمانیی شازادە بۆ نووش ئافەرین، سوارچاکی کەم وێنەی شازادە و... هەموویان دەچنەوە سەر ئەم پێناسەیە، بەڵام ئەگەر بمانەوێ لە بواری کەسایەتییەوە لە ڕۆمانس بدوێین، ڕەنگە کتێبی شرۆڤەی ڕەخنەی نۆرترۆپ فرای زیاترین یارمەتیمان بدات.

لە ڕوانگەی فرایەوە ڕەوتی ئەدەبیاتی گێڕانەوەیی بە سەرنجدان بە چەمکی کەسایەتی لە سەرەتای سەرهەڵدانییەوە ڕەوتێکی سەرەوخواری بووە. سەرەتا کەسایەتییەکان هەرە بەرز و خوائاسا بوون، واتە خواکان و خواژنەکان. ئەمانە کەسایەتی چیرۆکی ئوستوورەیی بوون. دواتر کەسایەتی هەندێک دادەبەزێ و کەسایەتی قارەمانی ڕۆمانس بەدی دێ و دواتر کەسایەتی چیرۆکی ڕاستەقینە ئاسا و ئینجا کەسایەتی چیرۆکی کومێدی دێتە ناوەوە. بەم شێوەیە گێڕانەوە لە سەرەتای مێژووەوە لە ژێر کارتێکەری کەسایەتی چیرۆکدا بووە.

ئەرستۆ لە بەندی دووەمی بوتیقاکەی خۆیدا باس لە جیاوازییەکانی گێڕانەوە دەکات. ئەو جیاوازییانەی کە لە پێگەی کەسایەتی چیرۆکەوە سەریان هەڵداوە. هەندێک لەو کەسایەتییانە لە ئێمە باشترن، هەندێکیان لە ئێمە خراپتر و هەندێکیشیان لە ڕێزەی خۆماندان. لە ڕوانگەی ئەرستۆوە گەلاڵەی چیرۆک بریتییە لە کردەوەیەک کە کەسایەتی چیرۆک بە ئەنجامی دەگەیەنێ. ئەگەر ئەم کەسایەتییە تاکێکی مرۆڤ بێ قارەمانی چیرۆک و ئەو کارەی دەیکات، یان ناتوانێ بیکات لە ئاکامی گریمانەی نووسەر و چاوەڕوانییەکانی خوێنەردا دێتە ئەنجام. کەوابوو بەرهەمی گێڕانەوەیی لە سۆنگەی وزەی قارەمانەکانی چیرۆک کە دەتوانن سەرتر، یان ژوورتر لە ئێمە بن پۆلێن بەندی بکرێ.

١- ئەگەر کەسایەتی لە بواری جۆرەوە لە مرۆڤ بەرزتر بێ، هەروەها لە ئاقاری خۆشی، بەم مانایەیە کە بەربەستەکانی سروشت ناتوانن تەگەرە بخەنە بەردەم کەسایەتی و لە بڕیارەکانیدا شوێندانەر بن. ئەم کەسایەتییە مرۆڤ نییە، بەڵکو خوا، یان خواژنە. چەشنی ئوستوورەکانی یۆنان و ڕۆم ئەم قارەمانە قارەمانی ئوستوورەییە.

٢- کە هەندێک لە ڕەهەندی مێژووییەوە بەم لاوە دێین کەسایەتی لە جۆرەوە بۆ پێگە دادەبەزێ. ئەم کەسایەتییە نەک لە بواری جۆرەوە، بەڵکو لە بواری پێگەوە لە مرۆڤەکان و ئاقاری مرۆڤایەتی لەسەر ترە. کەسایەتی مرۆڤە و لە تۆرەمەی خواکان نییە. قارەمانی ڕۆمانسە. کارەکانی سەرسووڕهێنەرە، بەڵام بۆ خۆی وەک مرۆڤ پێناسە دەکرێ. یاسای سروشت بۆ ئەو زۆر کاریگەر نییە و ئازایەتی و خۆڕاگری لە ڕادەبەدەری ئەو بە لای ئێمەوە سروشتی نییە، بەڵام بۆ پێکهاتەی چیرۆک و بۆ خۆی سروشتییە. ئەگەر ئەم قەرار بڕییە سەر بگرێ، کۆمەڵێک چەمکی وەکو سیحر و بوونەوەری سەیر و سەمەرەی ئاخێوەر و دێو و تەلیسم و... یاسای هەڵکەوت پێشێل دەکەن.

٣- فرای سێ جۆرە قارەمانی تریش پێناسە دەکات کە مەبەستی ئێمە نین و لێیان تێپەڕ دەبین.

شازادە ئیبراهیم مرۆڤە، بەڵام کوڕی سوڵتانی ئەستەنبوڵە و لە ئاقاری خۆشی بەرزترە. سیحر و جادوو و تەلیسم و دیاردەی سەرسووڕهێنەر بەشێک لە ئاقاری ئەون. شازادە ئیبراهیم ڕۆمانسە با ئاڵۆزی و تێکچنراویی ڕۆمانسیشی نەبێ. لێرەدا ئەم چیرۆکە لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی ڕۆمانسدا بەراورد دەکەین.

**١- کەسایەتی سەرەکی ڕۆمانس بەردەوام لە خەڵکانی سەرەوەی کۆمەڵگایە:**

ڕەنگە ئەم دیاردەیە لە شازادە ئیبراهیمدا بەرچاوترین خاڵ بێ. سوڵتانی ئەستەنبوڵ، وەزیر، شازادە ئیبراهیم، خان محەمەد، حامیدی مەلا، شازادە ئیلیاس، نووش ئافەرین، کچی قەراڵی فەرەنگ، کچی پادشای میسر و... هەموویان لە خەڵکانی چینی سەرووی کۆمەڵگان. لەم چیرۆکەدا هەندێک کەسایەتی تریش هەن وەکو پیرەکان کە لەم چیرۆکەدا چوار کەڕەت دێنە کایەوە، ئەمانەش ناکرێ بڵێین کەسایەتی ئاسایین، دەکرێ وەکو یارمەتیدەر و ڕێنوێن سەیر بکرێن. کە زۆر یارمەتی چوونە پێشێی ڕەوتی چیرۆکەکە دەدەن. سەرەتا شازادە ئیبراهیم وەکو مرۆڤ پێناسە کراوە، بەڵام ئاکارەکانی زۆر وەکو کەسایەتی دووەمی فرای دەچن. لە جوانی و ڕێکوپێکی و ئازایەتی و لە قسەکردن لەگەڵ تووتی و سیمورغدا و... بەم قەناعەتە دەگەین کە لەگەڵ مرۆڤێکی ئاسایی بەرەو ڕوو نین. کاتێک باس لە شازادە و خان محەمەد دەکرێ، چیرۆکبێژ ئاوا دەدوێ: «هەر یەکێ بیست میتر درێژایی هەبوو»ل٦ لە هیچ جێگایەکی ئەم چیرۆکەدا مرۆڤ و دێو چەنەبەری شازادە نایەن و چەلەحانێشی لەگەڵ ناکەن. هەندێک کار دەکات کە هیچ کەس نەیتوانیوە بیکات و نە هیچ کامیان دەتوانن بیکەن. تەنانەت ئیزنی ئەوەشیان پێ نادرێ کارەکە بکەن، تووتی و شا تەنیا ئەو بە شایانی ئەوە دەزانن کە بچێ بۆ کێوی قاف و نووش ئافەرین ڕزگار بکات.

**٢- ڕابواردن:**

ڕەنگە یەکەمین ئامانجی گێڕانەوە، ڕابواردن بێ. لەم جۆرە چیرۆکانەدا ئەم دیاردەیە بەرچاوترە. بە سەرنجدان بە بارودۆخی ژیانی ڕابردووی کـــوردەواری، چیـــرۆک دەیتوانی تاکە شەوچەرەی پڕ بایەخی شەوانی مزگەوت و دیوەخان و ماڵی هەموو کەسێ بێ. زۆر ئامانج کە لە ئەفسانەکانی دیکەدا لە بەر چاون، لێرەدا نابینرێن وەکو ئامانجی ئاکاری و ئایینی و... (بۆ نموونە چیرۆکی مام ڕێوی لە بنەڕەتدا چیـرۆکێکی ئاکارییە)، بەڵام لێرەدا مەبەست تەنیا گێڕانەوەیە نەک فێرکاری.

**٣-هیچ کام لە بەشەکانی چیرۆک سەربەخۆ و تازە نین:**

هیچ کام لە بەشەکانی چیرۆک سەربەخۆ و تازە نین و زۆر جار لە چیرۆکێکی تر کەڵک وەردەگیرێ. زۆرێک لە بەشەکانی ئەم چیرۆکە وەکو سێو و ئاسک و پیر و دێو لە موتیڤەکانی هەزار و یەک شەوەن. بە وتەی شتراوس لە چەند میـتیم پێکهـاتووە کە لەگەڵ چیرۆکەکانی تردا هاوبەشن. لە چیرۆکی لەم چەشنەدا هەندێک ڕۆڵ هەن کە لە ئەدســـتـــۆی چەند کـــەسی تایبـــەتن. ئەم ڕۆڵ و کەسایەتییانە لە زۆر چیرۆکدا دووپات دەبنەوە.

**٤- ئاکامی خۆش:**

ئەم دیاردەیە بەرچاوترین تایبـەتمەندی ڕۆمـانســە بە نیسـبـەت ژانرەکانی ترەوە. شازادە ئیبراهیم بە نووش ئافەرین دەگات و دواتر هەرکام لە هاوڕێیانی بە مرادی دڵی خۆیان دەگەن. بەم شێوەیە ڕۆمانس لە بەرانبەر تراژیدیدا ڕادەوەستێ کە ئاکامی خۆشی نییە. ئەمە لە کاتێکدایە کە زۆر چیرۆکی کوردی خاوەنی ئەم دیاردەیە نین و چیرۆکە کوردییەکان زیاتر باس لە تراژیدی دەکەن هەتا کومێدی. ماکی چارەنووس و تەقدیر هەموو کارێک دەکەن و بەربەستەکانی کۆمەڵگاش یارمەتییان دەدەن بۆ ئەوەی قارەمان لە مەبەستی خۆی دوور کەوێتەوە. لاس و خـەزاڵ و مـەم و زین و سـەیدەوان و... نموونەیەک لەم چیرۆکانەن. قارەمانی تراژیدی زۆر بە هێزە، بەڵام تێدا دەچێ. قـارەمانی ڕۆمانس بە هێزە و هیچ هەڵەیەکیش ناکات و لە سۆنگەی ئەم دیاردانەوە چاوەڕوانی ئاکامی خۆش دەکەن.

**٥- ڕۆمانس لە ناخی کەسایەتییەکان نادوێ:**

لە ڕاستیدا دارشتی کەسایەتی لەم چیرۆکانەدا زۆر بە هێز نییە و نەستی ڕووداو گرینگترە. بۆ نموونە ئەگەر بڕواننە وەسفی حاڵەتی شازادە ئەو کاتەی کە بۆ یەکەم جار وێنەی نووش ئافەرین دەبینێ؛ وا بەرچاو دەکەوێ کە لە مـەودایەکی زۆر دوورەوە و لە گۆشـەنیگای سێـیـەم کـەسی تاکەوە دەرِوانێـتـە ڕووداوەکە: «بە دەسـتـووری عـابیـد هەندێک جـاران ئەگـەر عـەکس و سـوورەت بەندەکەی لە لای خۆی دادەنا، شیـعـری دەخوێندەوە و تەیری لە ئاسمان ڕادەگرت. ئەگەر عەکس و سوورەت بەندەکەی هەڵدەگرت وا دەگریا کافری پێ موسڵمان دەبوو. چۆن دەگریا وەک ئاوی دەبارانێ»ل١٣. ڕەنگە ئەم بەشە لە بواری ڕوحییەوە گرینگترین بەشی ئەم چیرۆکە بێ؛ کـە هەر وا ڕووکـەشـیـانە تێـپـەڕ دەبێ، یان ئەو شوێنەی کە بۆ یەکەم جار لەگەڵ نووش ئافەرین ڕووبەڕوو دەبێـتـەوە هیچ باسێک لە ئێـسـترێس و دڵەڕاوکێ و نیگەرانی نییە.

ڕاوێژی هەموو کەسایەتییەکان وەکو یەکە و شازادە و وەزیر و ئاسنگەر و سیـمـورغ و دێو و پەری هەر بە یەک ڕاوێژ دەدوێن. ڕەنگە ئەم خـەسـارە بە هۆی ئەوە بێ کـە بەردەنگی ئەم چیرۆکانە خەڵکی ئاسایی و پێویستییان بە تەکنیکی لەم شێوەیە نەبێ!!؟

**٦- ئەوین:**

لە ڕۆمانسدا زۆر جار ئەوین سەرەکیترین تێمی چیرۆکە زۆرجار شازادە خانمێک لە کۆشکێکدا یەخسیرە، یان لە دەستی دێو و ساحیرێکدایە و قارەمان دەچێ وەفریای دەکـەوێ. لە ڕێی ئەم ئەرکـەشـدا تووشی زۆر مـرۆڤی نابەکار و دێو و درنج و هەژدیها و... دەبێ. ئەوین ئەگەر لایەنی سـەرەکی ڕۆمـانس نەبێ لانی کــەم تێـمی چیرۆکەکەیە. لێرەدا شازادە ئیبراهیم دەچێ بۆ کێوی قاف هەتا نووش ئافەرین ڕزگار بکات.

**٧- زمانی چیرۆک:**

وشەی ڕۆمانس لە سەرەتای سەدەکانی ناوەڕاستدا بەو زمانە خۆماڵیانە دەوترا کە بنجک و بناوانیان لە زمانی لاتیندا بوو. لە هەمان کاتیشدا لە بەرانبەر زمانی فەرمی و زانســـتی لاتینـدا دەهاتنە ئاراوە. وشـــەکـــانی (romanz ، erromancier ،romancar) بە واتای وەرگـێـڕان، یان نووسین بە زمـانی خـۆمـاڵین. بەرچاوترین بەشی زمانیی چیرۆکی شازادە ئیبراهیم، زاراوەی خـۆمـاڵیـیـانەی ناوچەی مـەهابادە کـە هەر بەو

زمانی حیکایەتخوانە حیکایەت دەکات بە هۆی قاسمی تاباکەوە نووسراوەتەوە.

**٨-مەودا:**

ڕەنگە لێرەدا زاراوەی بڕیشتی مەودا، یان دانانی مەودا بتوانێ ئەم باسە شی بکاتەوە کە بێژەر مامۆستایانە دەکاری دەکات. مەودای بابەت، بابەتی گێڕانەوە و ڕاستەقینە لەو چیرۆکەدا زۆر لێک دوورە. ئەم مەودایە دەبێتە هۆی ئەوەی خوێنەر چیرۆکەکە بە ڕاستەقینە ڕاڤە نەکات. لە هەمان کاتیشدا چێژی لێوەردەگرێ. ئەزموون و نێوەرۆکی چیرۆک دەبێتە ئەزموونی هاوبەش. خوێنەر هەست بەم مەودایە دەکات و چێژ وەردەگرێ. ئەم ئەزموونە هاوبەشە لە ڕێگەی ساکار کردنەوەی کەسایەتییەکانەوە بەرهەم دێ. کەسایەتی ساکار، یان نەگۆڕ لە هەموو بەشەکانی چیرۆکەکەدا خاوەنی کردەیەکی دیاریکراو و هەڵوێستی دیاریکراو و ڕاوێژێکی دیاریکراوە. زۆرجار دەزانین دواتر چی بەسەر دێ. ئەم دیاردەیە هێندە بەرچاوە کە دەکرێ بڵێین کەسایەتی لەپێناو ڕووداودایە نەک بە پێچەوانە. ئەمە لە کاتێکدایە کە لە چیرۆکی سەردەمدا قورسایی بۆ لای کەسایەتی دەشکێتەوە. بە ساکار کردنەوەی کەسایەتی ڕۆمانس ئەو تایبەتمەندییانەی کە کەسایەتی سەرەکی ڕۆمانس لە مرۆڤەکانی تر جیا دەکاتەوە لە ناو دەچێ و ئەگەری ئەوە بەرهەم دێ کە بە هۆی کەسایەتی ساکارەوە، ویستەکانی سەرەتایی مرۆڤ ئەزموون بکرێ.

شازادە ئیبراهیم وەشوێن دڵی خۆی دەکەوێ ڕەنگە هەر دڵی خۆشی نەبێ و ڕاسپاردەیەکی لە مێژینە بێ. چوار جار پیرەکان لە کاتی لە دایک بوونییەوە هەتا ئاخر یارمەتی دەدەن. هەموو تایبەتمەندی مرۆڤێکی کوردی پێوە دیارە. بە ناموسە و هەموو ژنانی وڵاتەکەی بە خوشکی خۆی دەزانێ، ئازا و چاو نەترسە و... لە هەمان کاتیشدا کەسایەتییەکی نەگۆڕە. هەوڵ هەتا ئاخر بە یەک ڕاوێژ دەدوێ و ئاکاری لە ئاستێکی دیاریکراودایە. هەمووی ئەوانە دەبنە هۆی ئەوەی کە خوێنەر خۆی لەم ئەزموونەدا بە بەشدار بزانێت.

**٩- دوورەپەرێزی لە کۆمەڵگا:**

شازادە ئیبراهیم کەسێکی تاکە، دوور لە خەڵک گەورە دەبێ و بەسەرهاتەکانیشی دوور لە خەڵک ڕوو دەدەن. بە گشتی ئەم چیرۆکە لە سێ شوێندا ڕوو دەدات.

**یەکەم:** وڵاتی خۆی واتە ئەستەنبوڵ.

**دووەم:** وڵاتی دیمەشق لە زەریا دەپەڕنەوە.

**سێیەم:** وڵاتی دێوەکان و هەژدیهاکان دیسان لە زەریا دەپەڕنەوە. ئەوەی جێگای سەرنجە پاش هەر پەڕینەوەیەک دامالین و دابڕان لە ڕاستەقینە زیاد دەکات و تووشی ڕووداو و بوونەوەری سەیر و سەمەرەتر دەبێن. گرینگترین ڕووداوەکان لە وڵاتی دووەم و سێیەمدا ڕوو دەدەن کە لە بواری یەکگرتنەوە لە گەڵ جیهانی واقیعدا خاوەنی دابڕانێکی زۆرن.

شازادە تەنیا لە بیری نووش ئافەریندایە نەک تاج و تەخت و خەمی ڕۆژانەی خەڵکی ئاسایی. کەواتە بەردەوام لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی ئاسایی دوور دەکەوێتەوە. لە بەشی سێیەمدا شازادە بە یەکجاری تەنیای تەنیایە و بە تەنێ دەچێ بۆ کێوی قاف و ئەم ئەرکە تەنیا ئەو دەتوانێ بە ئەنجامی بگەیەنێ. ئەمە لە کاتێکدایە کە هاوڕێکانی لە هێلانەکەی سیمورغدا بە جێ دەمێنن.

## شازادە ئیبراهیم و چیرۆکی ڕۆژهەڵاتی

پێشتر ئاماژەمان کرد کە ڕۆمانس لە دوای شەڕی خاچ پەرستەکانەوە لە ئەورووپا برەوی پەیدا کرد. بە پێی ئەم بنەمایە دەتوانین بڵێین چیرۆکەکانی ڕۆژهەڵات و بە تایبەت هەزار و یەک شەو بەسەر ڕۆمانسی ئەورووپادا ڕەنگدانەوەیان بووە. ڕەنگە شازادە ئیبراهیمیش بەرهەمی سەفەرێکی بازنەیی بێ لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژئاوا و دواتر بۆ کوردستان، هەر بۆیە زۆربەی ماکەکانی چیرۆکی ڕۆژهەڵاتی تێدا بەدی دەکرێ و ئێمەش هەوڵ دەدەین لەگەڵ ئەم ماکانە بەراوردی بکەین:

١- کەسێک پێوەندی نێوان ئاشق و مەعشووق بە دی دێنێ:

لە چیرۆکی شازادە ئیبراهیمدا پیری سێیەم ئەم ڕۆڵە دەگێڕێت. «دەڵێ: ئەی شازادە منیش وەکو تۆ پادشا بووم. مڵک و جەلالەتم هەبوو. ڕاوچی بووم. بەڵام پیاوی چاک بە دەست لە شتی وا مەدە. وەکو منت بەسەر دێ»ل١١. دواتر وێنەی نووش ئافەرینی پێ دەدات و پێشی دەڵێت کە نووش ئافەرین لە کوێ دەژیت. شازادە وێنەکە وەردەگرێت و ئەویندار دەبێت و وەشوێن ئەوینەکەی دەکەوێ.

٢- گۆڕێک، یان ئاسکێک ڕێنوێنی قارەمان دەکات بۆ دۆزینەوەی مەعشووق:

«شازادە ئیبراهیم بە تەنیا مایەوە. ئاسکەکە ڕووی لە چزرگەیەک کرد. بە دوویدا ڕۆیی. ئەگەر وەدوای کەوت. تەماشای کرد لەنێو ئەو چزرگەیەدا خانووبەرەیەک، قەسر و قسوورێکی تێدا بوو و...»ل١١ بەم جۆرە لەگەڵ پیری سێیەم ئاشنا دەبێت.

٣- جوامێرێک یارمەتی قارەمان دەدات:

لەم چیرۆکەدا خان محەمەد ئەم ڕۆڵەی لە ئەستۆیە، هەروەها پیرەکان، بەڵام پیری چوارەم بەرچاوتر خۆی نیشان دەدات. «هێنای دەستی بەسەر شان و پیلانیدا هێنا و دوعایەکی بە سەردا خوێند و قولهوەڵلای خوێند و ئایەتەلکورسی بەسەردا کرد و کتێبێکی پێ بوو... کتێبەکەی وێدا و گوتی: ئەو کتێبە بۆ ڕۆژی خۆی بە کارت دێ. کتێبەکەی لە گیرفانت نێ. برۆ. ئیشاڵڵا هیچت بەسەر نایە.»ل٥٠

٤- قارەمان جلوبەرگەکانی دەگۆڕێت:

«هەر سێکیان بەرگێکی دەروێشانەیان لە بەر کرد و وەنێو شاری دەمیشەقێ کەوتن.» ل٢٤.

٥- جادووگەر و دێو:

«ئەز قەزا زەیلەمەی دێو و ئالقەمەی دێو لە مەملەکەتی قافێ هەستان. فرسەتیان بە غەنیمەت زانی... بە حیلمی سیحربازی هاویشتیانە سەر باڵ. بردیان بۆ قافێ. وەختێ بردیان بۆ قافێ. لە قافێ لە ئەشکەوتە شاخێکیان نا»ل٤١.

٦- وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی باوکی مەعشووق لە لایەن ئاشقەوە:

«لە گفتوگۆ و سوعال و جواباندا وەک پاشازادە. هەر لەوی پاشازادەتر بوو.»ل٤٥.

«... حەیبە ئەتۆ قەت دەروێش نەبووی قەتیش نابی بە دەروێش، ئێستەش مەردی حیسابی خۆ لە من مەشێرەوە ئەتۆ کێی؟»ل٤٥

«ئێستەش مەردی حیسابی ناوی خۆت لە لای من باس بکە»ل٤٥

٧- قارەمانەکان، یان زۆر باشن، یان زۆر خراپن:

هەموو شتێک لە نێوان هەڵکشان و داکشانێکی سەرسوڕهێنەردا دەخولێتەوە و لە ڕاستی دوورە. (مەجنوون تەنیا ئاشقێکی شێتەو ئەمیر ئەرسەلان تەنیا پاڵەوانە و شازادە ئیبراهیمیش هەروا) پاڵەوانەکان خاوەنی بیرۆکە، یان کارێکی تایبەت، یان بەدیهێنەری ئەم دووانە نین، بەڵکو لە ژێر تیشکی بۆشاییەکی تایبەت کە بە هۆی حیکایەتخوانەوە دەکرێتەوە لە هاتوچۆدان.

٨- زیاتر باس لە تایبەتمەندی دەرەوەیی قارەمانەکان دەکرێ هەتا حاڵاتی ڕوحی و زەینی کەسایەتییەکان.

٩- بەستێنی ڕووداوەکان لە پەنا یەکترین. ڕاست بە وێنەی مینیاتۆری ئێرانی بە شێوەیەکی ساکار لە پەنا یەکتری هاونشین دەکرێن. هەموو هەلومەرجەکان و شوێن و ڕووداوەکان لە پەنا یەکترین. دوو دێو لە کێوی قافڕا دێن بە ماوەیەکی کورت شازادە خانم دەرفێنن، یان هەفتا ئاشق هەر یەکەی بە هەفتا هەزار کەسەوە بەرانبەری نووش ئافەرین ڕاوەستاون هەتا سێویان پێدا دا!

١٠- قەرینەسازی لە چەشنی بیناسازی ئێرانی:

شازادە ئیبراهیم و خان محەمەد، سوڵتان و وەزیر، شازادە ئیبراهیم و خان محەمەد و حامیدی مەلا، شازادە ئیلیاسی فەرەنگی و شیلینگ و پلێنگ و... بەم جۆرە کەسایەتییەکان هەموویان قەرینەی یەکترین.

١١- باسێک لە وردەکارییەکان ناکرێ. کۆشکی شا تەنیا جوانە، بەڵام باس لە بیناسازییەکەی ناکرێ، شازادە زۆر پاڵەوانە و دێوەکان زۆر خراپن و...

١٢- پێکهاتەی چیرۆکەکە بازنەییە؛ بەم مانایە کە لە کۆتایی چیرۆکەکەدا چارەنووسی هەموو کەسایەتییەکان روون دەکرێتەوە.

هەروەک دەبینین شازادە ئیبراهیم لە نێوان ڕۆمانس و چیرۆکی ڕۆژهەڵاتیدا خاوەنی زۆر خاڵی هاوبەشە کە دەتوانرێت توێژینەوەی لەسەر بکرێت، بەڵام ئەوەی گرینگە هاتوچۆی دیاردەی گێڕانەوەیە لە نێوان نەتەوە جۆراوجۆرەکاندا. گەڕان بە شوێن سەرچاوەی ئەم چیرۆکانەدا کارێکی دژوارە.

چیرۆکی دابەش بوونی ئیمپراتۆرییەتی ڕۆم بەسەر دوو ئیمپراتۆری ڕۆمی ڕۆژئاوایی و ڕۆمی ڕۆژهەڵاتی (بیزانس) زۆر ئاشنایە. بیزانس دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی زەریای ناوەڕاست و ڕۆمی ڕۆژئاوایی دەکەوێتە ئەو بەری زەریای ناوەڕاستەوە. کاتێک موسڵمانەکان توانییان شاری قوستەنتینییەی ناوەندی بیزانس بگرن و ئیمپراتۆری عوسمانلی دامەزرێنن بە پەیڕەوی لە نەریتی

له مێـژینه ناوی ئەم ناوچەیە هەر ڕۆم بوو و سـوڵتـانی ئەستەنبوڵ هەر سوڵتانی ڕۆم بوو. ڕەنگە شازادە ئیبراهیم شـازادەیەکی عـوسـمـانلی بووبێ کـە دەچێـتـە شـەڕی ئەوروپاییـەکـان. پەڕینەوە لە زەریا ئەم باوەڕە بە هێـزتر دەکات. لە مێژوودا زۆر شەڕی قارەمانانەی پاڵەوانانی فـەڕەنگی و مـوسـڵـمـان تۆمـار کـراوە. شـازادە ئیـبـراهیم دەتوانێت یەکـێـک لەم پاڵەوانە مـوسـڵـمـانانە بێت. بە سـەرنجـدان لە چیـرۆکی شـازادە ئیـبـراهیم و ئەمـیـر ئەرسـەلانی ڕۆمی دەتوانین زۆر خـاڵی هاوبەش لە نێـوان ئەم دوو چیرۆکەدا ببینینەوە. ئەمیر ئەرسەلان لە سەدەی سێزدەمی کۆچیدا نووسراوە. ڕەنگە شازادە ئیبراهیمیش هاوتەمـەنی ئەم چیـرۆکـە بێت. کـە بەبێ سـەرنجـدان بە بارودۆخی سیاسی ناوچە کۆچی کردووە و لە گێڕانەوەی ئێرانی و ڕۆژهەڵاتیدا بەدی دەکرێت.

شـازادە ئیـبـراهیم خـاوەنی پێکـهـاتەی هەردوو جـۆری ڕۆمـانس و حیـکـایەتە. ئەم پێکـهـاتەیە زۆر لەمـێـژینەیە، بەڵام کەسایەتییەکانی نوێترن.

**سەرچاوەکان:**

**١- شازادە ئیبراهیم. گردار قـاسم تاباک ( حیـکـایەت خـوان: مام محەممەدی فاتیمی) چاپی وەفا، ١٣٨٨، بڵاوکەرەوە هیوا.**

**٢- تحلیل نقـد. نورترۆپ فـرای، مـتـرجم صـالح حـسـینی. انتشارات نیلوفر. چاپ اول پاییز ١٣٧٧.**

**٣- مقدس و نامقدس. میرچا الیادە. نصرالله زنگویی. چاپ اول ١٣٧٥، انتشارات سروش.**

**٤- انواع ادبی. سـیـروس شـمـیـسـا. چاپ نهم ویراست سـوم ١٣٨١، انتشارات فردوس.**

**٥- امیر ارسلان. نقیب الممالک، انتشارات مؤسسه فرهنگی، هنری، سینمایی الست فردا.**

**٦- فرهنگ ادبیـات و نقد. جی. ای. کـادن. کـاظم فـیـروزمند، چاپ اول ١٣٨٠، نشر شادگان.**

**٧- دانشنامه نظریه های ادبی معاصر، ایرنا ریما مک کاریک، مهران مهاجر و محمد نبوی، چاپ سوم ١٣٨٨. نشر اگه.**

**٨- رمانس. گیلیان بیر. سودابه حقیقی، چاپ سوم، نشر مرکز**

# هۆزانە عەرەبییەکانی خەییام *

ساغکردنەوە و پاچڤەی:
جەلال زەنگابادی

(٩ پارچە) هۆزانی عەرەبی عومەر خەییامم کەفتۆتە دەس، کە (سێ پارچەیان هەر یەکەو ٢ بەیتن) و (سێ پارچەیان هەر یەکەو ٣ بەیتن) و (سێ پارچەکەی دی: ٤ بەیت + ٥ بەیت + ٧ بەیت)، واتە کۆی هەمووی دەبێتە (٣١ بەیت) بەپێی ئەم چاڤکانی و ژێدەرانە:

١- لە (خەریدەتولقەصر و جەریدەتولعەصر= کیژۆڵەی کۆشک و تۆمارگەی سەردەم)ی عیمادەددین کاتبی ئەصفەهانی (٥١٩- ٥٩٧ ک = ١١٢٥- ١٢٠١ ز) لە ساڵی (٥٧٢ ک = ١١٧٦ز)دا دایناوە، دەربارەی خەییام ئێژێ: "عومەر خەییام لە سەردەمیا کەس لە وێنەی نەبووە. لە ئەستێرەناسی و حیکمەتا بێ هامتا بوو، مایەی پەند لێدان بووە. لە ئەصفەهاندا ئەم پارچەیەم لە هۆزانەکانی خوێندەوە:

"اذا رضيت نفسي بميسور بلغة..."

هەژی ئاماژەیە کە ئەم پارچەیە (٧ بەیتە) و عیماد ئەصفەهانی بۆ یەکەم جار بەیتێن (١ و ٣ و ٤ و ٥) تۆمارکردووە، پاشتر لە (ئاگادارکردنەوەی زانایان بە سالۆخێن حەکیمان)ی قازی جەمالەددین (قفتی) (٧ بەیت)ی تۆمارکردووە، لە (نوزهەتولئەرواح و ڕەوزەتولئەفراح...= سەیرانی گیانەیل و گوڵستانی شادی)ی شەمسەددین محەممەدی شارەزووری، لە دەستنووسێکی (پاشماوەی پاشماوەی حیکمەت پارێزان)دا بەناوی خەییام تۆمارکراوە.

٢- لە (نوزهەتولئەرواح و ڕەوزەتولئەفراح...)دا شەمسەددین موحەممەدی شارەزووری (م: ؟ ١٢٥٠ ز) دەڵێ: "عومەر خەییام باوک و دایکی نیشابوورین و لە نیشابوور هاتووەتە دنیاوە، لە جۆرەهای زانستەکان و حیکمەتا لە دوای ئەبوو عەلی بوو(........) هۆزانەیلی جوانی بە فارسی و عەرەبی هەیە، لەوانە:

- "تدين لي الدنيا، بل السبعة العلى..." (٤ بەیت)
- "اذا قنعت نفسي بميسور بلغة..." (٥ بەیت)
- "زجيت دهرا طويلا في التماس أخ.." (٣ بەیت)
- "أظلت رياح الطارقات رواكدا..." (٥ بەیت)
- "ولو أعطاني الدهر اختياري..." (٢ بەیت)

٣- لە دەستنووسێکی (تتمە تتمە صوان الحكمة = پاشماوەی پاشماوەی حیکمەت پارێزان)دا کە بە مەزەنە هی شاگردێکی سوهرەوەردی کوژراوە(م: ٥٨٧ ک = ١١٩١ز)، لە پەرتووکخانەی دامادزادە لە ئەستەنبوڵدا پارێزراوە، وەل پێناسەی (الفيلسوف حجة الحق عمر بن ابراهيم الخيامي) هەفت پارچەی هۆزانی عەرەبی خەییام تۆمارکراون، ئەمانەش نیوەدێرە یەکەمەکانیانە:

- "سبقت العالمين إلى المعالي" (٣ بەیتە)



**عومەر خەییام**

- "تدين لي الدنيا بل السبعة العلى" (٤ بەیتە)
- "و ما ساقني فقر إليک وإنما" (٢ بەیتە)
- "اذا قنعت نفسي بميسور بلغة" (٦ بەیتە)
- "زجيت دهرا طويلا في التماس اَخ" (٣ بەیتە)
- "ولو أعطاني الدهر اختياري" (٢ بەیتە)
- "أظلت رياح الطارقات رواكدا" (٥ بەیتە)

٤- لە (هدية الأمم وينبوع الاداب والحكم = دیاریی نەتەوەکان و کانیاوی ئەدەبیات و پەندەکان) عەبدورەحمان ناجم ئەفەندی/ چاپخانەی ڕۆژنامەی بەیرووت (١٣٠٩ ک= ١٨٩١ز) پارچە هۆزانێکی خەییام هاتووە:

- "متي ما تخالط عالم الإنس لم يزل" (٣ بەیتە)

٥- وەرگێڕ و باسکاری تورک حوسێن دانش لە لاپەڕە(٣٦١)ی کتێبەکەی (چوارینەکانی عومەر خەییام)دا ئەم (٢ بەیتە)ی تۆمارکردووە:

- "العقل يعجب في تصرفه..."

(عیسا ئەسکەندەر مەعلووف)یش ئەم پارچەیە و هەندێکی تری شیعری عەرەبی خەییامی بڵاوکردووەتەوە، لە وتاری (عومەر خەییام: عەرەب چییان دەربارەی زانیوە) لە گۆڤاری (الهلال) ساڵی (١٨) بەشی (٦) ئاداری ١٩١٠ز.

لێرەدا هەژی ئاماژەیە، کە -بە پێی پەیگیریی بەندە- هیچ پاچڤەوانێک، یان پەیجۆیەکی کورد توخنی هۆزانی عەرەبیی خەییام (؟١٠٢١-؟ ١١٢٣ز) نەکەوتووە و لێی نەکۆڵیوەتەوە، بگرە باسکار و وەرگێڕە ئێرانییەکانیش پاچڤەیان بۆ فارسی نەکردووە، تەنانەت بە زمانی عەرەبیش هەموو پارچە هۆزانەکان لە یەک شوێندا کۆنەکراونەتەوە، بەپێی پێویست لێیان نەکۆڵراوەتەوە، کەچی گرنگیی ئەم هۆزانانە لەوەدایە کە تیشکێکی باش دەخەنە سەر کەسایەتی خەییام و چوارینە فارسییەکانی و فەلسەفەکەی، بگرە پێوەر و کۆدێکی باشن وەل نامە فەلسەفی و زانستییەکانیا بۆ ناسینی چوارینە ڕەسەنەکانی.

**(١)**

**ئەگەر نەفسم بە کەمترین داژیاری تێکۆشانی دەست و**
**بازووی خۆم ڕازی بێ،**
**لە دەردەسەری گشت ڕووداوەکان بێ وەی دەژیم**
**سا ئەی ڕۆژگار بمگەفێنە، یان مژدەم بەرێ!**
**گیرام لەبان مانگ و هەتاو یاگەم بۆ بڕەخسێ،**
**پەیژەشم بگاتە بان ئەستێرانی گەلاوێژ و جووتەکەوان،**
**مەگەر فەرمانی یەزدان نییە**
**کە خۆشگوزەرانی دەکاتەوە چەرمەسەرێ؟**
**جا ئەی نەفس لە ناکامیی هەژاریدا دان بەخۆتا بگرە،**
**کە ڕۆژێکیان فەلەک بەپوانی پێگەکانی دادەڕووخێ!**
**هەر کاتێ دنیا لێت نزیک بێتەوە، دوور دەکەوێتەوە،**
**ئا لەم نزیکە دوورخەرەوەیە سەرم سوڕدەمێنێ!**
**جا ئەگەر ئاکامی ژیان هەر مەرگ بێ**
**ڕەوشی چاپووک و تەوەزەل یەکسان دەبێ!**

* * *

**اذا قنعت نفسي بميسور بلغة**
**تحصلها بالكد كفي وساعدي**
**أمنت تصاريف الحوادث كلها**
**فكن يا زمان موعدي أو مواعدي**
**و هبني اتخذت الشعريين منازلي**
**و فوق مناط الفرقدين مصاعدي**
**أليس قضى الرحمن في حكمه بأن**

يعيد إلى نحس جميع المساعد؟
فيا نفس صبرا في مقيلك ريثما
تخر ذراه بانقضاض القواعد
متى ما دنت دنياك كانت بعيدة
فواعجبا من ذا القريب المباعد
اذا كان محصول الحياة منية
فسيان حالا كل ساع وقاعد

(٢)

کاتێکی درێژم بەفیڕۆ چوو، بۆ دۆزینەوەی برایەکی ئەمەکدار
پابەندی خۆشەویستیم بێ، گەر دۆستێک وەلا ناپاکی کرد
وەل چەندین کەسا کە هەژی برایەتی نەبوون
پەیمانم بەست و هۆگریم کرد، چەندین جاریش براگۆڕکێم کرد
ئەوسا بۆم ڕوون بووەوە، کە داخوازی دەروونم یەگجار دژوارە،
جا وتم: توخوا تاکو ژیاوی هۆگریی هیچ مرۆڤێ مەکە.

* * *

زجيت دهرا طويلا في التماس أخ
يرعى ودادي اذا ذو خلة خانا
فكم ألفت وكم آخيت غير أخ
وكم تبدلت بالإخوان اخوانا
و قلت للنفس لما عز مطلبها
بالله لاتألفي ماعشت إنسانا

(٣)

دنیا، بگرە هەفت ئاسمان، تەنانەت بەرزترین ئاسۆش ملکەچم دەبێ،
ئەگەر دەروونم بجۆشێ
بەشینگی پاکژیم لە بەدرەفتاری ڕۆژوو دەگرم بە ئاشکرا و نهێنی
فتاریشم پیرۆز ڕاگرتن و پەرستنی ئافرێنەرمە
چەندین دەستەی لە هەق کەچڕە و بە دڵۆپێن لێشاوم ڕێگەی ڕاستییان دۆزییەوە،
چونکە ڕاستە سیراتم بیانووی ڕۆناهی بەخشەو لەسەر دۆڵی کوێرایی میناک کۆپرییە.

* * *

تدين لي الدنيا بل السبعة العلى
بل الأفق الأعلى اذا جاش خاطري
أصوم عن الفحشاء جهرا وخفية
عفافا وإفطاري بتقديس فاطري
وكم عصبة ضلت عن الحق فاهتدت
لطرق الهدى من فيضي المتقاطر
لأن صراطي المستقيم بصائر
نصبن على وادي العمى كالقناطر

(٤)

لە هەڵکشانا بۆ مەزناهی ڕێڤینگانم بەزاندووە
بە تیژە هزرۆکە و بڵندیی نیازو ورەوە
تا لە شەوەزەنگێن گومڕاهی ڕۆناهی ڕاستەڕێم بینی
وا ئێرەییبەران توان بیکوژێننەوە
کەچی یەزدان لە تەواوکردنیا سوورە.

* * *

سبقت السائرين إلى المعالي
بثاقب فكرة وعلو همة
فلاح لناظري نور الهدى
في ليال للضلالة مدلهمة
يريد الحاسدون ليطفئوه
ويأبى الله إلا أن يتمه

(٥)

گەر ڕۆژگار دەرفەتم بداتێ
بەگوێرەی ڕازی دەروونم
بۆ سەرای تۆ بەسەر پێڵووەکانما دێم
تا پاشماوەی تەمەنم بگوزەرێنم

* * *

ولو أعطاني الدهر اختياري
بحسب السر مني والطوية
لسرت على جفوني كي أزجي
لدى مغناك من عمري البقية

(٦)

ئەرێ (با)یەلی شەوڕۆ وەستانە و مەنگبوونە
یان پێڵووەکانیان لێکناوە و خەفتوونە ؟
ئەرێ فەلەکەیل لەق بوونە

یان هەڵوەشانەتەوە و ڕۆڵیان نەماوە و کۆنبوونە،
وا دۆش داماون و گومڕا بوونە
ڕابەرێتیشیان لەدەس داوە ؟!
چمان ئەستێرە گەڕۆکەکان
چەقیون و ئیتر ناگەینە مەبەستان
ئەوەتا ترپەی دڵی (بارام) لە ترسا هەژاوە
(کەیوان)یش شەوکوێر بووە و ئاگای لە ڕوانگەکان نەماوە
بۆیەش دەوڵەتی بەدخوا درێژەی کێشاوە
(تورکزادەکان) توان هەڵزنێنە کەشکەڵانی ئاسمانی خوداوە!

* * *

أظلت رياح الطارقات رواكدا
أم انطبقت منها الجفون رواقدا
تحللت الأفلاک أم راث دورها
فصرن حيارى قد ضللن المراشدا
كأن النجوم السائرات توقفت
عن السير حتى ما بلغن المقاصدا
ففي قلب بهرام وجيب وروعة
وكيوان أعشى ليس يرعى المراصدا
لذلک تمادت دولة اللؤم وانبرت
بنو الترک يبغون السماء مصاعدا

(٧)

هەژاری بۆڵات ڕاپێچمی نەکردووە
بەڵکو نەفس بەرزیم گیرۆدەی هەژاریی کردووە
کەچی هەر شانازیش دەکەم
بە نەفسێکی ئازاد کە تژی فرناخییە

* * *

وما ساقني فقر إليک وإنما أبى لي
عزوف النفس أن أعرف الفقرا
ولكنني أبغي التشرف انه
سجية نفس حرة ملئت كبرا

(٨)

ئاوەز پێی سەیرە کە کەسێ
پشتی بە ڕۆژگار دەبەسێ
چونکە بەخششی وەک (با) بێ بارە
کامەرانیشی سێبەرئاسا ناجێگیرە!

* * *

العقل يعجب في تصرفه
ممن على الأيام يتكل
فنوالها كالريح منقلب
ونعيمها كالظل منتقل

(٩)

گاڤا تێکەڵی جیهانی ئادەمیزادان دەبیتەوە
لە چەنەی لاژگێ هێمان گوێت تەپیوە
ئەگەر ئەنقەسانە بەدەستانی لێت نەدا دڵڕەشێ
بەدەمی توانجت بۆ دەهاوێژێ
ڕاستیی باوەڕم هەر یەزدان دەیزانێ
هانای بۆ دەبەم لە وەزەنی ئەم بەدحاڵییە بمپارێزێ

* * *

متى ما تخالط عالم الإنس لم يزل
بسمعک وقر من مقال سفيه
اذا ما الفتى لم يرم شخصک عامدا
بكفيه عن ضغن رماک بفيه
وقد علم الله اعتقادي، وإنني
أعوذ به من شر ما أنا فيه

**پەراوێزو ژێدەرەیل:**

(١)

– (خەریدەتولقەصر و جەریدەتولعەصر)ی عیمادەددین کاتبی ئەصفەهانی (٥١٩– ٥٩٧ ک = ١١٢٥– ١٢٠١ ز) لە ساڵی (٥٧٢ ک = ١١٧٦ز)دا دایناوە و تێدا ئێژێ: "عومەر خەییام لە سەردەمیا کەس لە وێنەی نەبووە. لە ئەستێرەناسی و حیکمەتا بێ هامتا بوو، مایەی پەند لێدان بوو. لە ئەصفەهاندا ئەم پارچەیەم لە هۆزانەکانی خوێندەوە:

"اذا رضيت نفسي بميسور بلغة..."

ئەصفەهانی بەیتێن (١ و ٣ و ٤ و ٥) تۆمارکردووە.

– لە (ئاگادارکردنەوەی زانایان بە سالۆخێن حەکیمان)ی قازی جەمالەددین شەیبانی ناسراو بە (قفتی) (م: ٦٤٦ ک = ١٢٤٨ ز) نووسراوە.

– لە (نوزهەتولئەرواح و ڕەوزەتولئەفراح...)ی شەمسەددین موحەممەدی شارەزووری (م ؟ ١٢٥٠ ز) کە لە دەوروبەری (٥٨٦– ٦١١ ک = ١١٩٠– ١٢١٤ ز)دا دایانناوە، ئەم پارچە

هۆزانەی – جگە لە بەیتی پێنجەم – تۆمارکردووە.

– لە دەستنووسێکی (پاشماوەی پاشماوەی حیکمەت پارێزان)دا کە بە مەزەنە هی شاگردێکی سوهرەوەردی کوژراوە، لە پەرتووکخانەی دامادزادە لە ئەستەنبوڵدا پارێزراوە، وەل شەش پارچەی هۆزانی عەرەبی خەییامدا تۆمارکراوە.

– لە تۆمارکردنی ئەم پارچەیە لەم سێ چاڤکانییە و ژێدەرانی تریش گەلێک جیاوازی هەیە کە بەگشتی ئەمانەن:

قنعت: رضيت/ تحصلها: يحصلها/ زمان: زماني / مواعدي: مساعدي / الرحمن في حكمة: الأفلاك في دورها/ يعيد: تعيد/ صبرا: صنوا / ريثما: إنما/ بانتقاض، بانقضاض: بانقضاض/ بعيدة: قضية، قصية، مصيبة / فسيان: فشتان / (وهبني اتخذت الشعريين منازلي): (ولي فوق هام النيرين منازل)

– لە پەرتووکی (مسالک الممالک)ی دانراوی (بە مەزەنە) لە سەرەتاکانی سەدەی هەشتەمی کۆچیدا، پارچە هۆزانێکی فارسی دراوەتە پاڵ خەییام بە ناوەرۆک لەم پارچە عەرەبییە دەچێت:

**"مرا لقمه نانی که درخور بود**

**پديد آوردم در دم از دهقنت**

**به نزديک دونان نخواهم نمود**

**ز بهر دونان بعداز اين مسکنت**

**من و طاعت و گوشه عزلتی**

**زهی پادشاهی زهی سلطنت"**

**واتە:**

**لەم گاڤەدا ئەگەر بژێم بلوێ**

**پارووە نانێکم بە کشتکاری دەسکەوێ**

**هەمرە لە کنووژان نزیک نابمەوە**

**بێگاری بۆیان ناکەم پاش ئەم هەژارییە**

**من و تاعەت لەم گۆشەی تەنیاییە**

**بەهـ بەهـ لەم سەڵتەنە و پاشایەتییە!**

(٢)

– لە (نوزهەتولئەرواح و رەوزەتولئەفراح...)دا شەمسەددین موحەممەدی شارەزووری (م ؟ ١٢٥٠ ز) دەڵێ: "عومەر خەییام باوک و دایکی نیشابوورین و لە نیشابوور هاتووەتە دنیاوە، لە چەندین جۆری زانستەکان و حیکمەتا لە دوای ئەبوو عەلی بوو(.......) هۆزانەیلی جوانی بە فارسی و عەرەبی هەیە، لەوانە:

– تدير لي الدنيا، بل السبعة العلى...

– اذا قنعت نفسي بميسور بلغة...

– زجيت دهرا طويلا في التماس أخ.."

وشەی (ذجيت) لەباتی (زجيت) هاتووە و لە ژێدەرانی دیکەش (رجيت)ە.

– لە دەستنووسێکی (پاشماوەی پاشماوەی حیکمەت پارێزان)دا کە بە مەزەنە هی شاگردێکی سوهرەوەردی کوژراوە، لە پەرتووکخانەی دامادزادە لە ئەستەنبوڵدا پارێزراوە، وەل شەش پارچەی هۆزانی عەرەبی خەییامدا تۆمارکراوە.

– ثعالبي لە (يتيمة الدهر)دا ئەم پارچە شیعرەی داوەتە پاڵ ئەبوو سوهەیل نیلی نیشابووری پزیشک.

(٣)

– لە (نوزهەتولئەرواح و رەوزەتولئەفراح...)ی شەمسەددین موحەممەدی شارەزووری.

– لە دەستنووسێکی (پاشماوەی پاشماوەی حیکمەت پارێزان).

– لە هەندێک ژێدەرێن دیکە ئەم وشانە وا هاتوون: (تدير) لەباتی (تدين) و (الفلک) لەباتی (الأفق) و(بطرق) لەباتی (لطرق) و (معابر) لەباتی (بصائر).

– ئەم پارچە شیعرە دەدرێتە پاڵ ئەبوو عەلی سینایشەوە.

(٤)

– لە دەستنووسێکی (پاشماوەی پاشماوەی حیکمەت پارێزان).

– گۆڤاری (الهلال) ساڵی (١٨) بەشی (٦) ئاداری ١٩١٠ز/ لە وتاری (عومەر خەییام: عەرەب چییان دەربارەی زانیوە) عیسا ئەسکەندەر مەعلووف.

– وەرگێڕ و باسکاری تورک حوسێن دانش لە کتێبەکەی (چوارینەکانی عومەر خەییام)دا تۆماری کردووە.

– (رباعيات حكيم خيام، طربخانهء يار احمد رشيدى....) با مقدمه و حواشي: عبدالباقي گولبينارلي.

– ئەحمەد صافی نەجەفی لە پێشەکی پاچڤەی (چوارینەکانی خەییام)دا تۆماری کردووە.

– لە هەندێک ژێدەران چەند جیاوازییەک لە گێڕانەوەی ئەم پارچە شیعرەدا هەیە: (سبقنا) لەباتی (سبقت) و (العالمين) لەباتی (السائرين) و(بصائب) لەباتی (بشاقب) و (بحسن خليقة) لەباتی (بعلو همه) و (ولاح بحكمتي) لەباتی (فلاح لناظري) و(الجاحدون) لەباتی (الحاسدون) هاتووە.

– زۆر روونە کە ئەم پارچە شیعرە ڕەنگدانەوەی ئایەتێن سوورەتی (الصف)ـە لە قورئانی پیرۆزدا: "يريدون ليطفئوا نور الله بأفواههم والله متم نوره ولو كره الكافرون"

- ئەم پارچە شیعرە دەدرێتە پاڵ ئیمام علائەددینی کاسانی فەقیهی حەنەفی ناسراو بە(مەلیکی عولەما) (م: ٥٨٧ ک = ١١٩١ز) کە لە پشتی نوسخەیەکی کتێبەکەی (بدائع الصنائع في ترتیب الشرائع) نووسراوە و دەڵێن لە ناوەڕاستی مانگی شەووالی (٥٨٣ ک = ١١٩١ز) بەم شێوەیە وتوویەتی:

"سبقنا العالمين إلى المعالي
بصائب فكرة وعلو همه
ولاح بحكمتي نور الهدى
في ليال بالضلالة مدلهمه
يريد الجاحدون ليطفئوه
ويأبى الله إلا أن يتمه"

**بەپێی:**

١- پەراوێزی لاپەڕە ١٠٠٦ بەرگی چوارەمی کورتکراوەی (مجمع الاداب في معجم الألقاب/ كمال الدين ابوالفضل عبدالرزاق بن تاج الدين احمد ناسراو بە ئیبن فوطي (٦٤٢-٧٢٣ک = ١٢٤٤-١٣٢٣ز) ساغکردنەوەی: د. مصطفی جواد/ ١٩٦٣ دمشق.

٢- ئینتەرنێت: ابو بكر الكاساني ملك العلماء / خالد أبو سيد.

(٥)

- لە دەستنووسێکی (پاشماوەی پاشماوەی حیکمەت پارێزان).

- لە هەندێک ژێدەران (کي ازجي) لە نیوەدێڕی بەیتی دووەمدا نییە.

(٦)

- لە دەستنووسێکی (پاشماوەی پاشماوەی حیکمەت پارێزان).

(٧)

- لە دەستنووسێکی (پاشماوەی پاشماوەی حیکمەت پارێزان).

(٨)

- گۆڤاری (الهلال) ساڵی (١٨) بەشی (٦) ئاداری ١٩١٠ز/ لە وتاری (عومەر خەییام: عەرەب چییان دەربارەی زانیوە) عیسا ئەسکەندەر مەعلووف.

- وەرگێڕ و باسکاری تورک حوسێن دانش لە کتێبەکەی (چواربنەکانی عومەر خەییام)دا تۆماری کردووە.

- (رباعيات حكيم خيام، طربخانه يار احمد رشيدى....) با مقدمه و حواشي: عبدالباقی گولپینارلی.

(٩)

- (هدية الأمم وينبوع الاداب والحكم) عەبدولڕەحمان ناجم ئەفەندی / چاپخانەی ڕۆژنامەی بەیرووت ١٣٠٩ ک= ١٨٩١ز/ بەپێی مامۆستا د. یووسف بەککار.

* پاژێکە لە کتێبی دیوانی خەییام بە کوردی) کە ئامادەیە بۆ چاپ و بلاوکردنەوە(ج.ز)

# نهێنی و هێزی ژمارەکان لە حیکایەت و کولتووری کوردیدا

محەمەد سلێمان عەباس

بێ گومان مرۆڤ پلە پلە ژمارەکانی زانیوە و دای هێناون، لە سەرەتاوە چەمکی تاک و کۆی زانیوە، بە شێوەیەکی گشتی مرۆڤی کۆن لە سروشت و ژینگەی دەوروبەر ژمارەکانی وەرگرتووە و فێربووە. چەمکی ژمارە لە ئاکامی تێڕامانی مرۆڤ لە دیاردەکان سەری هەڵداوە، کۆمەڵێک شتی وەک یەک، یان ئەو شتانەی سیما و خاسیەتیان لەیەکەوە نزیکن، لای مرۆڤی کۆن ئەو شتانە کۆ و دووبارەی یەک شتن. ژمارەکان بە شێوەی جیا جیا لە سروشتدا هەن و مرۆڤی کۆن هەستی پێیان کردووە، تەنانەت هەندێک جار یاساکانی سروشتیش دەخرێنە ژێر سیستمی ژمارەییەوە. لەلایەکی دیکەوە، ژمارەکان رۆڵێکی گرنگیان هەبووە لەوەی کە مرۆڤی بەرایی، لایەنی دەروونی و ئایینی خۆی خستووەتە سەر گەردوون و ژینگە.

مرۆڤی کۆن و بەرایی جگە لە پەنجەکانی دەست، دار و بەردیشی بەکارهێناوە بۆ ئامار و ژماردن، بۆ نموونە وشەی (احصی) ی عەرەبی پێوەندی هەیە لەگەڵ وشەی بەرد (الحصی).

هەندێک هۆزی سەرەتایی هەن تەنیا ژمارە (١-١٠) دەزانن، لە زمانی دانیشتوانی دوورگەی (ئەندمان) ناویان تەنیا بۆ ژمارەی (٢،١) هەیە، ژمارەکانی دیکە بە هۆی پەنجەکانی دەست ئەژمار دەکەن و ژمارە (١٠) بە هەردوو دەست ئاماژەی بۆ دەکەن، هیندییە سوورەکانی (مۆندرۆکۆ) لە بەرازیل تا ژمارە (٥) دەزانن، لەلای هۆزی (تەسمانیا)ش ژماردن بەم شێوەیە بووە (یەک، دوو،...هەموو)، هەروەها لای هەندێک هۆز و میللەت لە ژماردندا، کاتێک گەیشتوونەتە ژمارە (٢٠) گوتوویانە (مرۆڤ)، چونکە ئەو ژمارەیە بریتییە لە کۆی

پەنجەکانی دەست و پێی مرۆڤ.
لە سیستمی مەعریفەی تیوریدا، ژمارە، ئەڵقەیەکی پێوەندی گرنگە کە دەتوانێت ناوەڕۆکی جۆراوجۆر بگرێتەوە و بیانخاتە چەمکێکی تاقانەو و بیانگۆڕێت. هەندێک جار ژمارە دەبێتە مەبەستی سەرەکی مەعریفە و وەک دەربڕی حەقیقەت دەردەکەوێت.

لە هەندێک پارچەی نووسراوادا کە لە سەردەمی (دیمۆکریتس) ماونەتەوە، هاتووە: زاتی ژمارە، هۆی مەعریفەیە. لە هەر شتێکی مەتەڵ ئاسا و نەنووسراودا، خودی ژمارە، ڕێبەر و فێرکارە. ئەگەر ژمارە نەبوایە هیچ کام لەو شتانەی هەن، چ لە خۆیاندا و چ لە پێوەندی لەگەڵ شتەکاندا، دۆخێکی ڕوون و دیاریان نەدەبوو، بەڵام ئەمە ژمارەیە کە هەموو ئەو شتانەی لە ڕێگەی تێگەیشتنی هەستیانەوە، تێیان دەگات، ڕێکیان دەخات و لەگەڵ یەکتردا شیاوی ناسین و بەراورد کردنیان دەکات.

فیساگۆرس، پێی وایە، کە ژمارە ڕاستی و گەوهەری دیاردەکانە و گەوهەری ژمارەش "یەک"ە

بە پێی (فیساگۆرس) ژمارەکان ماهیەتی شتەکان پێکدێنن، ژمارە (٧) بریتییە لە دەرفەت، ژمارە (١٤) دادوەری، ژمارە (٣) هاوسەرگیری.

مرۆڤ بە درێژایی چەندین سەدەو نەوە، گەمە لەگەڵ ژمارەدا دەکات، بۆمان دەردەکەوێت چۆن فیساگۆرس، ڕۆشنایی دەخاتە سەر ئەوە و لەلایەنی کەمەوە هەندێک ڕێژەی ژمارەیی جیاکراوە. فیساگۆرسییەکان، ژمارەیان دابەش کردبوو بۆ تاک و جووت، ئەوان دەیانگوت، تاک سنووردار و دیاریکراوە، بە پێچەوانەی جووتەوە کە بێ سنووردار و نادیاری کراوە، چونکە تاک بۆ دوو بەش دابەش نابێت، بەڵکو هەر لە پێستی خۆیدا دەمێنێتەوە، بەڵام جووت دەکرێت دابەش بکرێت، لەم سۆنگەیەوەش ئەوان پێیان وابوو کە وابەستەیەک لە نێوان دیاری کراو و نادیاری کراودا هەیە، ئەوان بڕوایان وایە کە دیاری کراوە، یان (سنووردار) چاکەیە و بێ سنوورداریش خراپە، هەر ئەمەش وای لەوان کرد بڵێن سروشتی بوون سروشتێکی دوو لایەنیە، هەروەها پێیان وایە کە چەند سیفەتێک لە ئەنجامی ئەم دژە یەکەوە دروست بوونە و دروست دەبن.

دەڵێن ژمارە کاریگەرییە هەستییەکان دەخاتە چوارچێوە و پێوەندییە جۆربەجۆرەکانی نێوانیان دەستە دەستە دەکات.

ژمارە، جیهانی بەرهەست، یان درک پێکردنی هەستی، هەرچی زیاتر لە ماهیەتە تایبەتەکەی بەتاڵ دەکاتەوە و فۆرمێکی ژیرەکی و گشتی پێ دەبەخشێت. ژمارە، وەک ئامرازی مەنتیقی ڕاستەقینە بۆ هاوچەشنەکردنی ناوەڕۆکی ئاگایی بەکاردێت. ژمارەکان هیچ جۆرە جیاوازییەکیان لەگەڵ یەکتردا نییە، جیا لەو جیاوازییەی کە دۆخی هەر کام لەوانە لە سیستمی گشتی ژمارەکاندا هەیەتی. هیچ سروشت و بوونێکیان نییە، جیا لەوەی کە بە دانانیان لە سیستمی ژمارەکاندا بەرهەم دێت، بە واتایەکی دیکە، ژمارەکان هیچ هەبوونێکیان نییە جیا لەوەی لە ڕێگەی ئەو ڕێژانەوە، کە لە پێکهاتێکی ئایدیال (صوری)دا بە دەستی دێنن.

لە ڕوانگەی هزری زانستییەوە، ژمارە خەسڵەتێکی چەمکی هەیە، لە هزری مەنتیقیدا ژمارە چەمکێکی گشتییە و ئەرکێکی گشتی هەیە، بەڵام لە هزری ئەفسانەییدا ژمارە هەمیشە وەک بوونێکی ڕەسەن دەردەکەوێت، کە جەوهەر هێزی خۆی بە هەر شتێک دەگەیەنێت کە لە ژێر کۆنترۆڵیدا بێت، هەر ژمارەیەک بە بازنەیەکی سیحراوی دەور دراوە و هەر شتێکی کە لەگەڵ ئەو ژمارە تایبەتەدا پەیوەست بێت، بۆ ناو ئەو بازنە جادووییە کێش دەکرێت.

لە ڕوانگەی مرۆڤی کۆن و سەرەتاییەکان، ژمارەکان وەک دیاردەگەلی هەستی دوو لایەنن:

**یەکەم:** ژمارە پیرۆزەکان، وەک حەوت، دوازدە، چل.

**دووەم:** ژمارە شووم و بەدەکان، وەک ژمارە ١٣ و هەندێک ژمارەی دیکە. بۆ نموونە ٣ (سێ شەممە لای بەلووچەکان ڕۆژی نا موبارەکە. خاڵی گرنگ ئەوەیە کە تەنیا ژمارە تاکەکان شووم نین، جاری وا هەیە ژمارەی جووتیش، بە شووم دەژمێردرێن بۆ وێنە: ژمارە چوار لە ناو خێڵەکانی کوردەواریدا دوو لایەنیە، لایەنەکی خێر و پیرۆزایەتی، بە تایبەت لە ئایینی ئێزدیدا، مەلەک تاوس لە ڕۆژی چوار شەممەی هەوەڵ مانگی نیساندا هاتووەتە سەر ئەرزی، یان جەژنی چوار شەممە سوورە و پیرۆزایەتی ئەم جەژنە. لایەکی دیکەی ئەم ژمارەیە، لایەنی شەڕو خراپەیە، بۆ وێنە لە نێو بڕێک لە خێڵەکانی کورددا، شووم و نەگبەتی بەدواوەیە بە جۆرێ کە لە سەفەر و

هاتوچۆکردن خۆ دەپارێزن، یان دایک و باوک نابێت لەم ڕۆژەدا دوعای خراپە لە منداڵەکانیان بکەن.

ئەگەر چاوێک بە کولتووری کۆنی میللەتان و ئایین و چیرۆک و ئەفسانە و بەسەرهاتی فۆلکلۆری گەل و میللەتاندا بخشێنین، دەبینین هەندێک ژمارە لە ناو دەقی بابەتەکاندا زۆر بەکاردێن و دووبارە دەبنەوە، وەک ژمارەکانی (٣، ٧، ٤٠) ئەم ژمارانە وەک ڕەمزێک بەکارهاتوون و جۆرێک لە پیرۆزبیان پەیداکردووە، بۆیە دەتوانین ناویان بنێین ژمارە ئەفسوون (سیحر)اوییەکان.

زۆر ژمارە هەن هەر لە کۆنەوە تا ئێستا دەورێکی زۆریان لە هەندێک لایەنی ئایینی کولتووری میللەتاندا بینیوە و هەندێک لەو ژمارانە بە پیرۆز دانراون، وەک ئاماژەمان پێ کرد. بۆ نموونە ژمارە سێ، ڕۆڵێکی بەرچاوی لە حیکایەتی میللی کوردەواریدا هەبووە، وەک: پاشا سێ کوڕی هەیە، سێ وەسیەتان دەکات، سێ شەو بچنە سەر گۆڕی، سێ دێو، سێ کچ، لە سێ کوڕی پاشا، کوڕە بچووک پاڵەوان و زیرەکە و هەموو سیفاتێکی چاکی لێ کۆبووەتەوە، ژمارە سێ پێوەری نەفسی مرۆڤە لە بەینی تاریکی و ڕووناکی، چاکە و خراپەدا.

وەک ئاماژەمان پێ کرد هەندێک ژمارە لە حیکایەتەکاندا دووبارە دەبنەوە وەک (٣، ٧، ٤٠) بۆ نموونە: سێ برا، سێ کەڵەموو، سێ مەرج، بخوازە ماڵی دنیا سێ جارە، هەروەها حەوت برا، حەوت ساڵ، حەوت دەرگا، حەوت قۆناغ... بەکارهێنانی ئەم ژمارانە بە ڕێکەوت نەهاتوون، بەڵکو بنەڕەت و سەرچاوەکانیان بۆ سەردەمێکی کۆن و دێرین دەگەڕێتەوە. ئەم ژمارانە هەتا ئەمڕۆش لە ژیانی ڕۆژانەدا لە کاتی بەکارهێنانی پەندی پێشینان لە کاتی قسەکردندا بەکار دەهێنرین وەک دەڵێن: (سێ و دووی لێ مەکە) و (لە حەوت ئاوی داوە قاپی تەڕ نەبووە) و (حەوت جاری بشۆری ئینجا ئاوەگڵ دەبی)، هەروەها ناوونیشانی هەقایەتەکان ژمارەیان لەگەڵدایە، وەک (چل دز، ڕدێن چل گەز، سێ خەونی پاشا، دوو برا..) هەروەک لە چیرۆکی فۆلکلۆری (بلبلی خۆش ئاواز)دا هاتووە، هەبوو نەبوو کەس لە خوا گەورەتر نەبوو، کەس لە بەندەی خراپتر نەبوو، پاشایەک سێ کوڕی هەبوو، هەروەها لە حیکایەتی فۆلکلۆری (سێ برا) بە هەمان شێوە هاتووە، هەبوو نەبوو کەس لە خوا گەورەتر نەبوو، کەس لە بەندەی درۆزنتر و ڕووڕەشتر نەبوو، پاشای مەملەکەتێک سێ کوڕی.. و لە حیکایەتی فۆلکلۆری (پیرا سیحر بەند) هاتووە، هەروەها لە حیکایەتی فۆلکلۆری (مەمی ئالان)دا، حیکایەتخوان دەڵێت: "کوڕی پاشا بە تەنیا ڕێی گرتەبەر، تاکو لە ڕێگە تووشی پیرەمێردێک بوو، لێی پرسی: ئەرێ مامە کام ڕێ دەچێتە جزیرەی واق واق. پیرەکە پێی دەڵێ: دوو ڕێگەت لە پێشە، یەکێکیان چل شەو و چل ڕۆژ دوورە، بەڵام چ مەترسی تێدا نییە. ڕێگەی دووەم: حەوت ڕۆژ و حەوت شەو دوورە، بەڵام هەمووی دێو و درنجە، هەرچی چووە نەگەڕاوەتەوە..

نەک تەنیا لە ئەفسانە و باوەڕی میللی و ئایینیدا، بەڵکو لە زۆر ڕووداو و نەریتی کۆمەڵایەتیشدا، ژمارەکانی (٣،٧، ١٢، ٤٠) خۆیان بەسەر ئەفسانە و بیروباوەڕ و نەریتی کۆمەڵدا دەسەپێنن. لە ئەفسانەی کوردیدا، کاوە (٣ یان ٧ یان ٩یان ١٢) کوڕی هەبوو، فەرەیدوون لە تەمەنی سێ ساڵیدا دارستانەکە بەرەو شاخی ئەلبورز دەبرێت...خەونەکەی زووحاک لە پاش ٤٠ ساڵ دێتە دی.

بە گشتی پیرۆزایەتی و ناپیرۆزایەتی ژمارەکان لە باوەڕگەلی میللەتاندا دەبینرێت، بەڵام پیرۆزی و ناپیرۆزییان لە باوەڕ و کولتووری گەلاندا وەکو یەک نین، بەڵکو ڕێژەیین و هەندێک لەم ژمارانە وەک ژمارە (٧،٣) لە ئەفسانە و کولتووری کوردی و گەلانی دراوسێدا بەکارهاتوون و زۆر دووبارە دەبنەوە، بەڵام ژمارە (١٢) لە فۆلکلۆری کوردیدا کەمتر بەرچاو دەکەوێت. بەکارهێنانی ئەم ژمارانە لای چەندین گەلی جیا جیا ئەوە دەردەخات کە پێوەندی و کارلێککردن لە نێوان کولتووری کوردی و ئەفسانە و ئایینی کۆنی ئێران و بابلی و میللەتەکانی دیکەدا هەبووە.

کەواتە ژمارە، پێوەندییەکی تەواوی بە بیروباوەڕی میللییەوە هەیە و ڕۆڵێکی تایبەتی لە ئەفسانە و حیکایەتە میللییەکان و بیروباوەڕ و حیکایەتی ئایینیدا هەیە، هەروەها کاری خۆی لە هەڵسوکەوت و جۆری ژیانی گەلانیشدا گێڕاوە، لای زۆربەی گەلانی سەر ڕووی زەوی هەر ژمارەیەک نهێنی و واتای ئەفسووناوی خۆی هەیە و چەند ژمارەیەک هەمیشە ڕەچاو دەکرێن کە دووبارە دەبنەوە، لەوانە هەندێکیان مانای خۆشی و

گەشبینی دەگەیەنن، بە پێچەوانەی هەندێک ژمارەی دیکە بە چاوێکی تەسک و ڕەشبینییەوە لێی دەڕوانن و بە بیستنیان سست و دڵتەنگ دەبن، هەڵبەتە ئەوەش بە هۆی ڕەنگدانەوەی پێوەندی نێوان ژمارە و کارەساتێکەوە بووە کە لەوەو پێش ڕووی داوە، بۆ نموونە لە ١٣ی مانگدا کارەسات، یان ناخۆشییەک ڕووی داوە، خەڵکی پێی دڵتەنگ و زویربوون و لەوەودوا ئەو ژمارەیە بە ژمارەیەکی شووم و نەگریس و دڵ گوشێنەر دانراوە.

لە ناو کورداندا، وشەی سێزدەدا بە ژمارەیەکی بەد دادەنێن، هەر بۆیە دان بە وشەی سێزدە نانێن، جگە لە سێزدە بەدەری نەوروز نەبێت. چ لە ژماردندا بێ و چ لە وتندا بێ، دەڵێن: زیادە، تەنانەت کە گوێز، یان شتێکی تر دەژمێرن، کە دەگەنە ژمارە سێزدە، کابرای ژمێرەر دەڵێت: "زیادە" یان دەڵێت شەش جووت و تاکێک، بەڵام لە ڕۆژی سێزدە بەدەردا، دەیڵێت و کە بەردەکانیش فڕێ دەدا، دەڵێت ئەوە سێزدە... بەلایەوە وایە شوومی و نەحسی ساڵی داهاتوو بەو سێزدە بەردە دەست پێوە دەنێت و ئیتر تووشی نابێت. ئەم جۆرە باوەڕە لای جووتیارە فەلەستینییەکانیش هەیە و ترسیان لە ناوهێنانی ژمارە (٥، ٧) هەیە، بۆیە لە کاتی ژماردندا کاتێک کە دەگەنە ژمارە (٥) دەڵێن دەستت (یدک)...هەروەها کاتێک کە دەگەنە ژمارە حەوت، بەسەریدا باز دەدەن و دەڵێن بەرەکەت، هەروەها کەسێک ڕووداوێکی لەدەست بقەومێت پێی دەڵێن نێوچەوانی ١٣یە، ئەوە وەنەبێت تەنیا لەناو گەلی کورددا باو بێت، بەڵکو زۆر لە گەلانی تریش، ژمارە سێزدەیان بە ژمارەیەکی شووم و نەگبەت لە قەڵەم داوە، هەندێک لە ئوتێلەکانی بریتانیا لە ژمارەی ژوورەکاندا ژووری ژمارە سێزدە دەپەڕێنن، هەروەها ئەگەر ڕۆژی پشوودانیان بەر ڕۆژی سێزدەی مانگ بکەوێت، ئەوە ئەو ڕۆژە بە لایانەوە شوومە.

دەشێت شوومی ژمارە ١٣ لەوەوە بێت، کە مانگ ١٣ جار لە ساڵێکدا دەردەکەوێت و بە گوێرەی هەندێک باوەڕی میللی دەرچوونی مانگ پێوەندی بە ڕووداوی ناخۆش و کارەسات و کوشتنەوە هەیە.

هەندێکی تر دەڵێن بیرۆکەی شوومی ژمارە ١٣ لای مەسیحییەکان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ئێوارەیەی عیسا و هاوڕێیەکانی تێیدا کۆبوونەوە و دواتر مەسیح لە داردرا، ژمارەیان ١٣ کەس بوو، بۆیە ژمارە ١٣ لای مەسیحییەکان ژمارەیەکی شوومە (هەروەها ژمار ١٣ ڕەمزی یەهوودایە، کە خیانەتی لە مەسیح کرد. لە دانیشتنی سەر ئەو خوانە بە گوێرەی ئەو دانیشتنە یەهوودا ژمارەی ١٣ بووە، بەڵام بیرۆکەی ئەوەی کە ژمارە (١٣) ژمارەیەکی شووم و خراپە، بیرۆکەیەکی پڕوپووچ و بێ بنەمایە و هیچ بنەمایەکی ڕاستی و زانستی نییە.

سەمای "ناتیاشاستر" ی هیندۆسەکان، بریتییە لە ١٣ جار سەر جووڵاندنەوە و ٣٣ جار چاو جووڵاندن و ٦ جار دەم و لێو جووڵاندن و ٧ جار چەناگە جووڵاندن.

مامۆستا (حەجی جەعفەر) سەبارەت بە هەندێک باوەڕی میللی بادینان، دەڵێت: دەمێ کوردێت بەهدینا، دەخل و دانێ خۆ دپێڤن ڤێ گۆتنا خارێ دبێژن، ب هزرا هندێ داکو بەرەکەتا خودێ بکەفتە دەخل ودانێ وان و زێدە ببیت، دبێژن:

**ئێک، خودێ ئێک**
**دوو، شەیتانی بشکێت ستۆ**
**سێ، بەرەکەت لێ**
**چار، یان جەبار**
**پێنج، فەرزێت خودێنە**
**شەش، ناڤێ خودێ خوەش**

هەروەها لە دەشتی کەندێناوەی، کاتێک سەپانەکان گەنم، یان جۆیان دەپێوا، دەیانگوت:

**یەکەو دوو نییە**
**هیچ شەریکی لە بۆ نییە**
**دوو بەرەکەت بی لەکنە توو**
**لە شەیتانی ڕەش بی ڕوو**
**سێ بەرەکەت بکەوێتە ڕەوسێ**
**مار لە قودس سێ**
**چار بە هەشتی هەر چار یاران**
**بەرەکەت بێ لە هەر چار کەناران**
....
.....
**نۆ نوێ نەبی بە زیاد بی**
**بەرەکەت بی قەت کەم نەبی.**

لەلایەکی دیکەوە، باوەڕی میللی هەندێک ژمارە بە

پەسەند دادەنێت، بە هۆی ڕووداوێکی ئایینی، یان پاڵەوانێکی ئەفسانەییەوە.

سەرچاوە ئایینی و ئەفسانە کۆنەکان لەسەر ئەو باوەڕەن کە لە سەرەتای پەیدابوون و خولْقاندنی گەردووندا، یەزدان بە حەوت ڕۆژ گەونی داهێناوە، بە گوێرەی باوەڕی ئێزدییەکان، یەزدان لە نهێنی پیرۆزییەوە گەوهەرێکی سپی و باڵندەیەک بە ناوی "ئەنفر" ەوە داهێناوە و گەوهەرەکەی خستووەتە سەر پشتی باڵندەکەوە و خودی خۆشی لەناو ئەو گەوهەرەدا بۆ ماوەی ٤٠ هەزار ساڵ جێنشین بووە، پاشان هەر حەوت فریشتەکەی خولْقاندووە، ئینجا شێوەی حەوت تەبەقەی ئەرز و ئاسمانی داهێناوە، لەو ماوەیەدا یەزدان لە ناو گەوهەرەکەدا بووە و لە ڕۆژی حەوتەمدا هاتووەتە دەرەوە و ئەرز و ئاسمانی دروست کردووە.

**لێرەدا بە کورتی باسی ژمارەکان دەکەین:**

**سفر:** با لە سەرەتادا باسی سفر (٠) بکەین، ئایا سفر ژمارەیە؟ دەڵێن سفر بەنرخترین شتە مرۆڤ دایهێناوە، سفر یاسا و تەرتیبی ژمارەکانی ئاسان کردووە. وا باوە کە هندییەکان سفریان داهێناوە، کەچی هەندێکی دیکە پێیان وایە کە بابلییەکان سفریان داهێناوە، چونکە بەڵگەکان ئەوە دەردەخەن کە لە سەدەی ٤ی پێش زایین (سفر) لای بابلییەکان ناسراوبوو. سفر واتە هیچ، بەڵام بەنرخە و جیاکەرەوەیە لە نێوان پۆزەتیڤ و نێگەتیڤ و بەردی بناغەیە لە جەبردا، هەروەها سفر (بێ دەنگییە، سەرەتایە).

**یەک:** دەرک پێ کردن و فێربوونی ژمارە یەک (١) یان تاک ڕەنگدانەوەی ئەو شتانەیە کە نیشانە و سیمای تاک دەبەخشێت وەک (دار، بەرد، ئاژەڵ)، هەروەها ئەو دیاردانەی (هەموو، بەش) (گشت، تایبەت) دەبەخشێت، لەبەر ئەوەی ژمارە (یەک) دابەش نابێت، ژمارەیەکی کامڵە و ناگۆڕدرێت، بۆیە هێمایە بۆ خودا، یەک لای زانای ئایینی یەکسانە بە بێ کۆتایی، واتە مانای بێ پایانی دەبەخشێت. لە ڕووی ئایینییەوە (یەک) یەکێکە لە ناوەکانی خواوەند، خواوەند یەکە و (یەک)یش خواوەندە، بە پێوەدانگی ئایینی تەنیا خواوەند یەکە و لە یەکێتییەکەشیدا تەنیایە، چونکە هیچ یەکێک لەو یەکە ناچێت، کەواتە مرۆڤەکان هەرگیز ناتوانن ببنە یەک، بەڵام خوازیارە بە هۆی ئایینەوە لەسەر زەوی (یەک)ی ئاسمانی لە خۆیدا بەرجەستە بکات. مرۆڤ لە هەموو ڕەهەندەکانیدا نیازمەندی ئەوەیە، کە بە دوای یەکدا بگەڕێت یەک سەرەتای شتەکانە، لە جیهانی زیندەوەرانیشدا زیندەوەرە یەک خانەییەکان پێیان دەگوترێت زیندەوەرە سەرەتاییەکان، واتە لە (یەک)ەوە ژیانیان دەست پێ کردووە، تەنانەت بە پێوەدانگی ئایینیش هەموو مرۆڤەکان لە یەک کەس دروست بوون، کە ئادەمە. لە سیستمی گەردوونیشدا هەموو هەمووەکان دەبنەوە بە (یەک)هەمووی گشتگیر. یەک وشەیەکە، ژمارەیەکی تەواوە، یان ئەنجامێکە، یەک هەمووە و دابەشیش دەبێت. هەندێک جار، (یەک) یەک نییە، بەڵکو لە ناوەوە دابەش و فرەجۆرە و هەمان یەک بەسەر چەندین ڕواڵەت و خەسڵەتدا دابەش بووە. یەک هەمیشە یەکێکی هەمەکی و یەکگرتوو، یان دابەش بووە، یان نیازمەندە یەک بگرێت، یان دابەش دەبێتەوە. ئەگەر دوالیزمی زیندەوەریش یەکی نەگرتبایە ژیان دروست نەدەبوو. جیابوونەوە و لەتبوون و دابەشبوونی یەکێک لە شتەکان بۆ چەند یەکێک لە ڕووی شێوەوە، فرەیی لێ دەکەوێتەوە، بەڵام هەر یەکێک لە بەشەکان لە شوێنکاتی خۆیاندا یەکێکن. هەندێک جار لە ناو (یەک)دا فرەیی و دابەشبوون هەیە و لەکۆی دژەکان دەچێت هەرچەندە لە ڕواڵەتدا شتەکان لەناو یەکدان. لە (چین)ی کۆندا ئەم ژمارەیە، هێمایە بۆ توخمی ئاو.

**ژمارە دوو:** ئەم ژمارەیە، دوالیزمی و دوو جەمسەری دەنوێنێت، هێمایە بۆ دابەشبوونی یەک بۆ نێر و مێ، هەروەها هێمایە بۆ (کارا و ناکارا) (یین و یانگ). ژمارەی هارمۆنیەت و تەناسوقە، نیشانەی دوانەیەتی شتەکانە. لە سەدەکانی ناوەڕاستدا ژمارە دوو، هێمابوو بۆ دوو سروشتی (خودایی و مرۆیی) مەسیح. لە هەندێک شت و دیاردەدا بەرچاو دەکەوێت، وەک (دوو دەست و دوو پێ و دوو چاوەکانی مرۆڤ)، هەروەها لە شتە پێچەوانە و دژەکاندا هەیە وەک (نێر و مێ، شەو و ڕۆژ). لە باوەڕی ئێمەی کورددا ژمارەیەکی پیرۆزە، هێما و ڕەمزی خێر و بەرەکەتەو نیشانەی جووتبوون و یەکگرتنە، چونکە تەواوی دیاردەکانی بەرهەست لە ڕوانگەی مرۆڤی بەراییەوە دوو لایەنن، هەر بۆیە لە هەموو شتێکدا دوولایەنی شتەکەی دیوە، لە ڕاستیدا بناغە و کۆڵەکەی دنیا لەسەر وجودی دوو لایەنە بوون

دامەزراوە، بۆ نموونە دوو بەشی بوونی مرۆڤ، بەشی ڕوح و بەشی جەستە، هەروەها مرۆڤی کۆن باوەڕی بەوە هەبووە، کە دوو هێزی گەورە لە گەردووندا هەن، هێزی چاکە، یان ئاهوورایی و هێزی خراپە، یان ئەهریمەنی، نوێنەرایەتی ئەم دوو هێزە لە دنیادا بریتین لە: خێر و شەڕ، شەڕ و ئاشتی، تاریکی و ڕووناکی، ساردو گەرم، ڕەش و سپی، پاک و ناپاک.... هەروەک چۆن لە ئاییینی زەردەشتی و مانەویدا، دنیا لەسەر دوو هێزی چاکە و خراپە دامەزراوە.

ئەگەرچی ئەم ئەندێشە قووڵ و دوو لایەنە، کە ڕەمزی ئافراندن و ملململانێ و دژایەتییان لەگەڵ یەکتردا هەیە، بەڵام دنیا و جیهان بێ هەر کام لەوانە تووشی کەموکوڕی و لەناوچوون دەبێت، لە زۆربەی چیرۆک و ئەفسانەکانی کوردەواریدا، ئەم دوولایەنە دەبینرێت. ئەم ژمارەیە وەک هەڵگری ئەو مانا قووڵانەیە لە زۆربەی کولتووری کۆنی ئێران و بابلی و یۆنانیدا هاتووە.

یەکێک لە خاڵە گرنگەکانی ژمارە دوو، هزری دوو بەختی و دوو ڕێیانەیە، بە تایبەت لە چیرۆکی "لاس و خەزاڵ" لاسە شۆڕ لە سەفەری بێ گەڕانەوەیدا تووشی ئەو دوو ڕێیانە دەبێت و ڕێگەی نزیک و پڕ مەترسی هەڵدەبژێرێت، هەروەها لە شانامەدا، ڕۆستەمی پاڵەوان ئەم دوو ڕێیانەی دێتە پێش.

**ژمارە سێ:** بە درک پێکردنی مرۆڤی کۆن، ئەم ژمارەیە لە ئەنجامی نێر و مێدا پەیدابووە، چونکە جووتبوونی (نێر و مێ) دەبێتە هۆی دروستبوونی یەکێکی دیکە، بۆیە ڕەنگە ژمارە (٣) لەو بیرۆکەیەوە هاتبێت. لای زۆربەی گەل و میللەتان ژمارە سێ ژمارەی کەماڵە، بە تایبەت لای چینییەکان ئەم ژمارەیە ژمارەیەکی تەواوە و هێمایە بۆ (پیاو)، هەروەها لای (تاوییەکان) سێ ئاسمان، سێ پاگژکە، سێ دادگە هەن. لای مەسیحییەکانیش ئەم ژمارەیە ڕەمزی سیانەی پیرۆزە. لای فیساگۆرسییەکان سێ دایکی پیرۆز، ٣ پاشا و ٣ جیهان هەیە، بۆیە لای ئەوان ئەم ژمارەیە گوزارشت لە کەماڵ دەکات. لە ئاییینی بوودایییدا، ئەم ژمارەیە دەلالەت لە گشت دەکات، وەک سێ ڕۆڵەتی بوودا (جەستە، وشە، هزر) و ٣ زەمەن (ڕابردوو، ئێستا، داهاتوو) لە ئاییینی هندۆسیدا سێ خواوەندی سەرەکی هەن (براهما، فیشنۆ، شیفا) لە ڕێکخراوی نهێنی ماسۆنیەتدا ژمارە ٣ هێمایە بۆ: یەکسانی، هێز، حیکمەت، جوانی. لە زۆربەی ئاییینەکاندا سێ دنیا هەن: ئاسمان، زەوی، دۆزەخ.

**ژمارە چوار:** چوار ژمارەی سەبات و جێگیرییە، چونکە جیهان لە چوار توخم پێکهاتووە، لە ئاییینی میسریدا، ئاسمان ٤ ستوونی هەیە. ڕەنگە مرۆڤ بیرۆکەی ژمارە (٤)ی لە چوار ئاراستەی زەوی (باکوور، باشوور، خۆرهەڵات، خۆر ئاوا) وەرگرتبێت، هەروەها لە ئەو چوار توخمەی دنیای پێکهێناوە (ئاو، ئاگر، هەوا، خاک) و ساڵ لە چوار وەرز پێکدێت. لە ناو خێڵەکانی کوردەواریدا دوو لایەنیە، لایەنەکی خێر و پیرۆزایەتی، بە تایبەت لە ئاییینی ئێزدیدا، مەلەک تاوس لە ڕۆژی چوارشەممەی هەوەڵ مانگی نیسان هاتووەتە سەر ئەرزی، جەژنی چوار شەممە سوورە و پیرۆزایەتی ئەم جەژنە. لایەکی دیکەی ئەم ژمارەیە، لایەنی شەڕ و خراپەیە، بۆ وێنە لە نێو بڕێک لە خێڵەکانی کورددا، شووم و نەگبەتی بەدواوەیە بە جۆرێ کە لە سەفەر و هاتوچۆکردن خۆ دەپارێزن، یان دایک و باوک نابێت لەم ڕۆژەدا دوعای خراپە لە منداڵەکانیان بکەن. لە هەندێک کولتووردا ژمارە ٤ ژمارەی (مێ) یە، چونکە ئافرەت نزیک و پەیوەستە لەگەڵ زەوی، بۆیە چوار لای هێمای زەوییە. لای هیندۆسەکان، جیهان بە ٤ قۆناغدا تێپەڕیوە و بۆ هەر قۆناغێک ڕەنگێکیان داناوە (سپی، ڕەش، سوور، زەرد) لە ئاییینی جوولەکەدا چوار ڕووبار لە بەهەشتدا هەیە. بە گوێرەی ئەوەی کە زەوی چوار ئاراستەی هەیە، بۆیە ئەم ژمارەیە، هێمایە بۆ گشت و هەمەکی.

**ژمارە پێنج:** ئەم ژمارەیە لە پەنجەکانی دەست و قاچەکان هاتووە و وەرگیراوە، لەبەر ئەوەی جێگەی سەرنجە لە زۆر زمانەکان وشەی ژمارە (٥) بۆ ناوی پەنجەکانی دەست بەکاردێت، هەروەها ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە ژماردن لای مرۆڤی کۆن بە هۆی پەنجەکانی دەست ئەنجام دەدرا. ژمارە ٥ تەمسیلی فەلەک و مادە و ژیان دەکات، هەروەها هێمایە بۆ ٥ هەستەکانی مرۆڤ، لای مرۆڤی کۆن ٥ هەسارە ناسراوبوون. لە هیندستان ژمارە ٥ هێمایە بۆ خواوەند (شیفا)، چونکە شیفا ٥ ڕووی هەیە، بۆیە لای ئەوان ئەم ژمارەیە، ژمارەی سەرەکی جەژنە (پەنجەکان). لەلایەکی دیکەوە، ئەم ژمارەیە، گوزارشت لە جەستەی مرۆڤ دەکات، کە لە

(ســـەر و دوو دەست و دوو پێ) پێکهـــاتووە. ئاڵای زۆربەی وڵاتان ئەستێرەیەکی لەسەر کێشراوە کە لە ٥ تیشک پێکهاتووە. لای فیساگۆرسییەکان ٥ ژمارەی زێڕینە، لای ماسۆنییەکانیش ژمارەی نوێبوونەوەیە.

**ژمارە شەش:** شەش نیشانەیە بۆ جیهانی گەورە، بۆ هاوسەنگی و جێگیری، لە ئایینی جوولەکەدا جیهان لە ماوەی (٦) ڕۆژدا دروست کـراوە، بۆیە ئەم ژمـارەیە گـوزارشت لە هێز دەکـات، هەروەها ژمارەیەکی تەواوە، چونکە لە هەمـان کـاتدا کـۆ و ئەنجـامـە: ١+٢+٣= ١×٢×٣.

**ژمـارە (٧):** ژمـارە حـەوت، ژمـارەیەکی ناودار و دەگمەنە هەر لە بەرەبەیانی ژیان و شارستانەتی مرۆڤ و کۆمـەڵگەدا شـەقڵ و شـوێنی خـۆی بەسـەر زانیـاری و ئایینی و هونەر و فـەلسـەفـە و ئەفسانەدا و فەرهەنگی نەتەوەکانی خۆرهەڵات جێگیرکردووە و گرنگی و پیرۆزی هەبووە، تەنانەت سیمایەکی ئەفسانەیی بەخۆوە گرتووە. ئەم ژمارەیە، لای سۆمەری و بابلییەکان مانای (کامل، زۆر، هەمـوو، هێـز)دەبەخـشـێت، بابلیـیـەکـان ژمـارە حەوتیـان بە پیـرۆز و قـەدەغـەکـراو و مـوحـەڕەم داناوە و یەک وشەیان بەکاردەهێنا بۆ ژمارە (٧) و بۆ (هەموو)، بۆیە حـەوت ڕەمـزی کـەمـاڵ و گـەیشـتنە ڕەهایە، حـەوت ڕەمــزی دووبارە ژیانەوەیە، لە دەق و ئەفـســانەی سـۆمـەرییـەکـاندا ئاسـەواری ئەم ژمـارەیە دەبینرێت، لە دوعایەکی سۆمەریدا هاتووە: (خودایە گوناهەکانم حەوت حـــەوتە لایان بە، ئەی ئەو خـــودایانەی دەتانناسم و ناتانناسم گـوناهەکـانم حـەوتە لایان بە)، هەروەها لە تۆفـانی سۆمـەریدا هاتووە (تۆفـان حەوت شـەو و حەوت ڕۆژ بەردەوام بوو) لەنووشـــتـــەیەکی بابلیـــدا هاتووە (حـــەوتن، حـــەوتن، دووبارە دەڵێم ئەوان حـــەوتن، لە چیاکـانی ڕۆژئاوا لە دایکبوون و لە کەلێنەکانی زەویدا دەژین) لە ئەفسانەی یۆنانیشدا باسی (حەوت) پاڵەوان کراوە کە لەجەنگی دژی شاری (تیبە)دا کوژراون.

لە نێو خێڵـەکـانی کـورد تازیەباری بۆ مـردوو حەوت ڕۆژە، ڕۆژی حەوتەم ماڵ و بان و دەرگە خاوێن دەکەنەوە، چونکە بڕوایان وایە ڕوحی مـردووەکـە دەگـەڕێتـەوە وەک میوانێک خزمەتی دەکەن، حەفتەی ناونانی منداڵ ڕەمزی دەستپێکردنی ژیانێکی نوێ دەگەیەنێت.

حـــەوت ژمـــارەیەکی تاکـــە و لە ژمـــاردندا لە پلەی حەوتەمدایە و لە (تیوری ژماران)یشدا، ژمارەی یەکەمە.

د. جەمال ڕەشید، لە ڕاڤەی وشەی "السبت" حەوتەمین ڕۆژی حـــەوتوو و ڕۆژی پیـــرۆز و ڕۆژی پشـــوودانی جوولەکە، نووسیویەتی، ئەم وشەیە "السبت" لە بنەڕەتەوە بۆ بیـرکـردنەوەی هیندی- ئەوروپایی دەگـەڕێتـەوە، کـە سانسکریتی میـتانی، وشـەی "سابتـا"ی بۆ دانراوە، بە پێی یاسای زمان لە میدی و ئاڤێستاییدا وشەی (سێ) بە (هێ) گۆڕاوە و بە شێوەی "هابتا" بووە کە حەوتی لە زمانی نوێی کوردیدا وەرگرتووە.

لە "بوندەهەش"ی ئێـراندا هاتووە: ئورمـەزد، ورچی گەورەی لە باکوور بە پاسەوانی داناو هەر حەوت وڵاتی بە هەودایەکەوە بەست و دایە دەست ئەم وێنە فەلەکییە، حەوت ئەورەنگ، حەوت داوەران، حەوت براله، حەوت ئەستێرە، کە لە ئاو گەردانێکی گەورە دەچێت و شێوەی ورچێکی گـەورەی لێ بەدی کـراوە. کـۆ ئەسـتـێـرەی "سورەییـا" کە بە هێشـووی پەروین ناوبانگی هەیە لە حەوت ئەستێرە پێکهاتووە.

گـرنگـتـرین شـوێنەواری ژمـارە حـەوت لە ئایینی زەردەشتیدا، لە ژمارەی ئەمشاسپەنداندا ئاشکرا دەبێت: (ئەردیبەهەشت، بەهمەن، شەهریوەر، ئەسفەند، خورداد، مورداد، ئەهورامەزدا، یان ئورمەزد) لەم ئایینەشدا حەوت مـانای کـەمـاڵ و تەواو دەگـەیەنێت (زەردەشت حـەوت ساڵان لە ئەشکەوتدا ژیاوە).

لە بیـرۆکە و ئەفـسـانەکـانی گـەلانی ئێراندا، حەوت ئاسـمـان و حـەوت فـەلەک و حـەوت گـونبـەت هەیە، ئێرانییەکان بە پێی دابونەریتی کۆن، لە دەسپێکی ساڵی نوێدا، سـفـرەی حـەوت سین ڕادەخـەن، کـە حـەوت شت دادەنێن کە بە پیتی "سین" دەست پێ دەکات.

شەقڵی حەوت بە ئەفسانەکانی ئێرانیشەوە هەیە، وەک ئەفسانەی ڕۆستەم و ئەسفەندیار، پاڵەوانی ئەفسانەکانی ئێران. ڕۆستەم کاتێک بۆ ڕزگارکردنی کەیکاوس ڕێگەی ئێرانی بۆ تووران گرتە بەر، حەوت کۆسپ و ڕووداوی بۆ هاتە پێش، وەک: ١- شـێـری دڕندە ٢- تینوێتی ٣- ئەژدیها ٤- ژنی جادووگەر ٥-لەشکری ئەولاد ٦- دێوی ئەرژنگ ٧- دێوی سپی، کە لە هەموویاندا سەرکەوتنی بەدەست هێنا. (ئەسفەندیار)یش لە شەڕی (ئەرجاسپ)دا حەوت قۆناغی پڕ مەترسی بڕی.

ڕەنگە ناوبـانگی ژمـــارە حـــەوت بۆ ئـەزمـــوونە

سەرەتایییەکانی ئەستێرەوانی و دیارترین دیاردەکانی گەردوون بگەڕێتەوە، کە ژمارەیان حەوت بوو: خۆر، مانگ، تیر (عتارد)، زوهرە (ناهید)، بەهرام (مەریخ)، موشتەری، کەیوان (زوحەل). هەروا ژمارە حەوت کە لە ئایینەکاندا و لە لایەن زانایان بۆ مەبەستی فەرهەنگی پیرۆز بووە و بەکاربراوە. لەلایەن ئەستێرە گرەوانی ڕەمەکی و پەیڕەوانی پڕوپووچی ئەستێرە ناسیشدا بەکاربراوە و جاری ئەوەیان داوە کە هەر کەسێک سەرنج و خۆشەویستی هەر حەوت هەسارەکە بۆ لای خۆی ڕابکێشێت، بەختەوەر دەبێت. بەم جۆرە لە ئاکامی پێوەندی و کارلێکردن و ئاڵوگۆڕی فەرهەنگی و کولتووری گەلانی ڕۆژهەڵات، ژمارە حەوت ڕۆژ بە ڕۆژ پتر پەرەی سەند.

ژمارە حەوت شوێنەوارێکی ڕەگاژۆی فراوانی لە فەرهەنگی نەتەوەکانی خۆرهەڵاتدا هەیە و لە ژیاری مادەکان و فەرهەنگ و کولتووری گشتی کورد، ڕەنگدانەوەی خەست و توندی هەبووە و خاڵێکی هاوبەشی لەگەڵ فەرهەنگ و ژیاری دراوسێکانیدا پێکهێناوە.

لە ئایینزاکانی کوردستاندا ئەم ژمارەیە بە ڕاشکاوی و لە سێبەری پێوەندی دێرینی مێژوویی و جوگرافی بەکاربراوە. لای ئێزدییەکان خوڵقێنەری گەردوون، خودا حەوت جار جیلوەی کردووە و سەرجەم حەوت مەلەک پێوەندییەکانی نێوان خوڵقێنەر و خوڵقاو دابین دەکەن، هەروەها لە کتێبی "مەسحەفا ڕەش"ی ئێزدییەکاندا هاتووە، کە یەزدان فریشتەکانی جێ نشینی خۆی لە حەوت ڕۆژدا خوڵقاندووە.

پێڕەوانی (ئەهلی حەق)یش لەسەر ئەو باوەڕەن کە خواوەند حەوت جار دۆنادۆنی کردووە، واتە چووەتە حەوت جەستەی خاوێن.

لە باوەڕی ئایینی جوولەکەدا، ئاماژە بەوە کراوە کە خواوەند ئاسمان و زەوی و زەریا و هەر شتێکی کە تێیدایە، لە شەش ڕۆژدا خوڵقاندووە و لە ڕۆژی حەوتەم پشووی دا، بۆیە خواوەند ڕۆژی حەوتەم (السبت)ی بە پیرۆز داناوە. لە تەوراتدا یووسفی کوڕی یەعقووب باسی (حەوت ساڵ بێ بارانی، حەوت ساڵ بارانی زۆر، حەوت مانگای لاواز) دەکات. لە جێگەیەکی دیکەی تەوراتدا هاتووە (دەلیلە شەمشوونی لەسەر چۆکی خۆی داناو حەوت کەزییەکەی بڕی، بۆیە شەمشوون هێزەکەی بڕاو نەما). بە هەمان شێوە لە بیروباوەڕی ئایینی تردا وای بۆ دەچن، خودا بە حەوت ڕۆژ کەون و ژیانی داهێناوە و حەوت تەبەقەی ئەرز و حەوت تەبەقەی ئاسمانی خوڵقاندووە و لە ڕۆژی حەوتەمدا فووی بە ئادەمدا کردووە و گیانی بە بەردا کردووە، هەروەها لە داستان و ئەفسانەی سۆمەری و ئایینەکانی دیکەدا، بۆ ماوەی حەوت ڕۆژ ڕەشەبا و لافاو بەردەوام بوو، لە ڕۆژی حەوتەمدا ئەو ڕەشەبایە هێمن دەبێتەوە.

کەشتییەکەی نووح سێ چین بووە، هەندێک دەڵێن حەوت چین بووە..

هەر لە بارەی ژمارە ٧ـەوە، ٧ ڕۆژ و بە گوێرەی باوەڕی میللی، منداڵ پاش ٧ ڕۆژ ناوی لێ دەنرێت و حەوتەی بۆ دەگیرێت و بە حەوت مانگی ددانی دەردەچێت و لە حەوت ساڵیدا ددانی تازە دەبێتەوە. لە هەڵسوکەوتی ڕۆژانەدا یەکێک بە یەکێکی تر دەڵێت: دەڵێیت پشیلەی حەوت ڕوحە. یان ئەوەندە هارە حەوت، یان ٤٠ گەز زمانی دەکێشێت. لە دابەشکردنی خێردا، دەڵێن، دەبێت حەوت دراوسێ لە ڕاستەوە و حەوت دراوسێ لەلای چەپەوە بگرێتەوە.

پەیامبەری جوولەکە (یەعقووب) بۆ ماوەی ١٤ ساڵ بە خۆڕایی خزمەتی مامی کرد بۆ ئەوەی هەردوو کچەکەی مارە بکات، هەر حەوت ساڵ لە بری یەکێکیان.

ئەگەر ئاوڕێک لە چەند باس و حیکایەت و داستانێکی تری ئایینی بدەینەوە، ئەوە هەمان ژمارە ٧ مان دێنێتەوە بەرچاو، بە نموونە حەوت ئەستێرە، حەوت چینی ئاسمان، هەروەک لە حیکایەتی یووسفدا کاتێک کە خەونەکەی فیرعەونی بێنینەوە یاد، ئەوە حەوت مانگای لەڕ و لاواز و حەوت مانگای تری قەڵەو و حەوت گوڵە جۆ و حەوت ساڵی نەهات و قاتوقڕی.

لە فۆلکلۆری کوردیدا، دێوی حەوت سەر، ئەژدیهای حەوت سەر، حەوت ساڵ شوانی، حەوت کێو، لە حەوت ئاوی داوە قۆڵی(*) تەڕ نەبووە...بەرچاو دەکەوێت.

ئەگەر ژمارە حەوت لە باوەڕی میللی و ڕێبازە ئایینییەکانی کوردستان، وەک ڕەمزێکی پیرۆز و مێژوویی هاتووەتە کایەوە، ئەم هێما و ڕەمزە لە گۆرانی و مەتەڵ و قسەی نەستەقی کوردیدا پارێزراوە و لە ئەفسانە و بەیتی کوردەواریدا شوێنەواری هەیە، هەروەک لەم

نموونانەی خوارەوە بەرچاومان دەکەوێت.

ڕەنگدانەوەی ژمارە حەوت لە بەیت و گۆرانی فۆلکلۆری کوردیدا:

**لەگەڵ دەرکەوتی بە جووتێ گاوە**
**لە دەورت گەڕێم بە حەوت براوە**

***  *  ***

**کەوتۆتە بەینمان حەوت کێو و حەوت کۆ**
**بەشکم بۆم بێنی بۆی هەناسەی تۆ**

***  *  ***

**بە تفەنگی بڕنەو ببڕن حەیاتم**
**دایکی حەوت کوڕ بی، هەر بە تەماتم.**

### شوێنەواری ژمارە حەوت لە قسەی نەستەق و پەندی پێشنینانی کوردیدا:

* دەڵێت حەوت کوڕی بە زگێک بووە، واتە زۆر شانازی بە خۆیەوە دەکات.

* پاش حەوت کێوان قسە دەگاتە خێوان، واتە قسەی چاک و خراپ دەگەڕێتەوە بەر گوێی خاوەنی.

* بە حەوت تەور ملی نابڕێ

* حەفتی بمرێ لە باوان، کلی نابڕێ لە چاوان

* بە حەوت ماڵە و تیانەیەکیان(**) هەس

* بارەقەڵڵا دەگمە لچە، حەفت شووی کردووە هێشتا کچە.

* حەوت جار سڵاو بۆ پاڕانەوەی شتێک، یان ستایشی کەسێک.

* بە حەوت ساڵان کوڕەک، ئەویش بۆرە جڕەک.

### بۆچی ژمارە (حەوت) زۆر بەکارهاتووە؟ چ نهێنییەک لەو ژمارەدا هەیە؟

هەندێک لە زانایانی بواری ئەفسانە و ئایینی کۆن پێیان وایە، کە گرنگی ژمارە حەوت بۆ (مانگ) دەگەڕێتەوە، یان بە (مانگ)ەوە پەیوەستە، مرۆڤی کۆن ئەوەی زانیوە کە سووڕانەوەی مانگ بە دەوری زەویدا، دەکرێت ببێتە پێوەرێک بۆ زانینی کات و ڕۆژژمێر و بەو خولە و سووڕانەوەیە دەگوترێت (هەیڤ)، تاکو ئێستاش لە زۆر زمانی میللەتاندا هەمان وشە بەرانبەر مانگەکانی ساڵ و (مانگ) ی ئاسمان بەکاردەهێنرێت. مرۆڤی کۆن تێبینی ئەوەی کردووە کە مانگ بە ماوەی (٢٨) ڕۆژ خولەکەی خۆی تەواو دەکات، ئەو ژمارەیەش دوو هێندەی مانگی چواردە (تابان)ە، کە مانگ لە تەواوبووندایە و کامڵە، مانگی چواردەش لە دوو (حەوت) پێکهاتووە.

(بۆ کۆتایی باسی حەوت) ژمارە حەوت، وەک شەقڵێکی مێژوویی کۆن، کە بنجو بنەوانی بۆ چالاکی بیرو هزری مرۆڤی دێرین دەگەڕێتەوە، ڕواڵەت و سیمایەکی فەرهەنگی وەرگرتووە، لە فۆلکلۆر و کولتووری نەتەوەی کورددا ڕەنگدانەوەی هەبووە، ئەوەش تەنیا فۆلکلۆر ناگرێتەوە، بەڵکو لەناو بەرهەمی شاعیر و نووسەرانیشدا دەبینرێت.

**– ژمارە هەشت:** ژمارە هەشت، مانای هاوسەنگی و پشوودان و جێبەجێکردن دەبەخشێت، هێمایە بۆ تەرازووی قەبلانیەت (تەفسیری تەورات). لە مەسیحییەتدا هەشت هێمایە بۆ ڕزگاربوون (الخلاص)، لەبەر ئەوەی ئامۆژگارییەکانی مەسیح لەسەر چیا، ٨ ئامۆگاری لە خۆگرتبوو و هەر لەبەر ئەم هۆیەیە، کە مەزاری ئایینی (گالابلاسیدیا) لە ڕاڤن، تەنیا وێنەی ٨ هاوڕێی مەسیح کێشراوە، هەروەها بە ئەستێرەی ٨ تیشک ڕازاندراوەتەوە، لای مەسیحییەکان ئەو ژمارەیە گوزارشت لە خەڵقکردنی نوێ دەکات کە لە ڕێی لە ئاوهەڵکێشان (تعمید)وە دێتە دی.

لە ئەفسانە و کولتووری (چین)یدا، هەشت ئاراستە و هەشت چیا و هەشت دەرگە و هەشت با... بەرچاو دەکەون. هیندییەکان پێیان وایە کە ٨ هۆ هەیە بۆ شێوان و پشێوی زەوی، کە بوودا لە یەکێک لە گوتارەکانیدا باسی ئەو ٨ پشێویەی کردووە.

**ژمارە نۆ:** ئەمە لای سۆفییەکان ژمارەیەکی گرنگە، چونکە لە ئاکامی (٣×٣)یە و ژمارە (٣)یش هێمای کەماڵە، لای یۆنانەکان خواوەندەکانی شیعر (٩) بوون. لای مەسیحییەکان (٩) رووبار لە دۆزەخ هەیە، هەروەها دۆزەخ ٩ دەرگەی هەیە. ژمارە نۆ دەلالەت لە بەردەوامی و فرەیی و بەدوای یەکدا هاتن دەکات. لە ئەفسانەی گریکیدا، دوای ٩ ڕۆژ کەشتییەکەی (دۆکالیۆن) دوای تۆفان لەسەر چیای برناس گیرسایەوە. ژمارە ٩ لای چینییەکان ژمارەیەکی ئاسمانییە و هێمای کەمال و هەمەکییە و تەعبیر لە (کۆ) دەکات. لە تاویزمدا ئەو شوێنەی کە ڕوح و گیانی مردووانی دەچێتێ، پێی دەگوترێت (٩ کانییەکە). لە ئەفسانەی ئەسکەندەناڤیدا،

خـواوەند (ئودن) دووچاری ئازارێکی زۆر بووە، چونکە مـاوەی ٩ ڕۆژ و ٩ شـەو لەسـەر درەخـتی جـیـهـان (یگیدرازیل)دا مایەوە. لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە ئەو ژمـارەیە لای زۆربەی گـەل و مـیللەتان، ژمارەیەکی ئاسمانییە. لە ئەفسانەی جەنگی تەروادەدا، لە کۆتایی سـاڵی نۆیەمی شـەڕدا، یۆنانیـیـەکـان بڕیاریان دا، کـە شالاوێکی گەورە و بەزەبر بکەنە سەر تەروادەییەکان.

**ژمارە دە:** ئەم ژمارەیە هێمایە بۆ گـەردوون، بۆ کـۆی ژمارەکـان، چونکە زۆربەی میللەتە سەرەتاییـەکان تاکو ژمـارە دەیان زانیوە و لای ئەوان ١٠ ژمارەی کـۆیە. ١٠ ئامـاژەیە بۆ پەنجـەکـانی هەردوو دەست. بۆ ١٠ ناوی خـواوەند لە هەندێک ئاییندا. ئەم ژمـارەیە یەکـێکە لە ژمـارە سـەرسـوڕهێنەکـان، ئەم ژمـارەیە لە سـفـر و یەک پێکدێت، کـە بە تەنیا نرخیـان کەمە، بەڵام بەیەکەوە بۆ پایەکی باڵا بازدەدەن. یۆنانییەکان پێیان وابووە کە ١٠ دوو تایبەتمەندی و خەسڵەت لە خۆ دەگرێت، یەکەم ئاماژە بەرایی و نابەرایـیـەکــان، دووەم تەواوترین ژمــارەیە، لەلایەکی دیکەوە فیـساگۆرسیـیـەکـان پێیـان وایە، ئەم ژمارەیە کـۆی چوار ژمارە یەکـەمینەکـانە (١+٢+٣+٤) لەبەر ئەوە لای ئەوان پیـرۆزە، هەروەها گـریکەکـان لە بواری ئەسـتێرەناسیـدا، بایەخیـان بەو سرووده دەدا کـە فیساگۆرس دانابوو کە بەلای ئەوەوە ژمارە ١٠ هێمایە بۆ دایکایەتی گەردوون. لای ڕۆمانییەکان: یاسای ئەوان وا پێـویـستی دەکرد لە کـاتی ژن هێنان و مـێردکـردندا "١٠" شـاهێـد ئامـادەی ئاهەنگی گـواسـتنەوە بن. لە هیندستان بوودا دەڵێت: ١٠ شت هەن کە کاری مرۆڤ و بوونەوەرە زیندووەکـان خـراپ و بێ کـەڵـک دەکـەن و پێویستە مرۆڤ لێیانەوە دوور بێت (کوشتن، دزی، زینا، درۆکــردن، ناوزڕاندن، جنێــودان، قــســەی پووچ، چاوچنۆکی، بوغــز و کین) بە گـوێرەی ئەفـسـانـەی هیندۆسـەکـان، فـیـشنۆی خـواوەند لە ١٠ شـێـوەدا دەردەکـەوێت. لە مـیـسـۆلۆژیای چینیـشـدا ئاماژە بەوە دراوە، کـە پاشـاکـانی (یامـا) ژمــارەیان ١٠ دانەیە، هەروەها لای ئەوان ئەم ژمارەیە هێـمـایە بۆ خـاچ. لای جوولەکەکان ئەم ژمارەیە بە (١٠) ڕاسپاردە (الوصایا)ی مـووسا پێـغـەمـبـەرەوە پەیوەسـتـە و بە هێـمـای تەواوی دادەنرێت و بە پاکـێـتی و پیرۆزی پەیوەسـتـە، بۆیە ١٠ لای عـیـبـرییـەکان ئاماژە بۆ هەندێک ڕەهەندی نهێنی و شاراوە دەکات، هەروەها عـیـرفـانی عـیـبری لە ١٠ پلە پێکدێت، لای ئەوان ئـەم ژمـــارەیە ئـامـــاژەیە بۆ خۆشگوزەرانی، هەروەها هەفـتـە لای ئەوان لە ١٠ ڕۆژ پێکدەهات و پێـیـان دەگـوت (عـاشـور) واتە دە ڕۆژ و ئەوان لە ڕۆژی (کـیـبـۆر) دەی مـانگی تشرین، ئاهەنگ دەگـێــڕن و نوێژی تێـدا دەکـەن و بە ڕۆژوو دەبن. لای مەسیحییەکانیش، ترتلینۆس دەڵێت: ژمارە ١٠ ئاماژەیە بۆ لە دایکبوونی گـیـانێکی نوێ، لە ئینجیلی (لۆقا)دا ئامـاژە بەوە دراوە کە مـەسـیح ١٠ کـەسی گـەڕی چاک کردووەتەوە، لە کتێبەکانی سیحر و جادووشدا ١٠ ناوی هەیە کـە دەکرێت سیـحریان پێ بکرێت، ساحیرەکـانیش ١٠ وەسـیـەتیـان هەیە. ئەفسـەرە بەرز و گـەورەکـان لای ماسۆنییـەکان ژمـارەیان ١٠ یە، چونکە ماسۆنییـەکان وەک فیساگۆرسەکان ئەم ژمارەیە، بە ژمارەیەکی پیرۆز دادەنێن و لە کۆمەڵەی ماسۆنیدا ئەم ژمارەیە ئاماژەیە بۆ تەواوی و کـەمـال، بۆیە ئەم ژمـارەیە لای هەندێک گـەل، ژمارەیەکی گرنگە و بنچینەی سەرەکییە لە ئەژمارکردندا.

**ژمـارە یازدە:** ئەم ژمارەیە، تەعبیر و گوزارشت لە هێز دەکـات، هەروەها بە ئەندازەیی و فـەلەکناسـیــیـەوە پەیوەسـتـە، یەک لەو شـتـانەی کە گـرنگی ئەو ژمـارەیە دەردەخـات، ئەوەیە کە پەیوەسـتـە بە بوونی ١١ پەیژە لە کـۆشکی پاشـا مینۆس لە کریت، هەروەها بازنەی خـولی ڕۆژ لە ١١ ساڵ پێکهاتووە. بە بڕوای قەشە (ئۆگستین) ئەم ژمارەیە هێـمایە بۆ گوناح و تاوان، چونکە بە ئاوێتە و دووانەیـیـەوە پەیوەسـتــە، هەروەها ئەم ژمــارەیە و (٢×١١=٢٢) و (٣×١١= ٣٣) ژمــارەی مــاســۆنێن ولای ئەوان گرنگن.

**ژمـارە دوازدە:** ئەم ژمـارەیەش وەک ڕەمـزێـک، لە زۆر بابەت و شـوێندا دووبارە دەبێـتـەوە، وەک (سـاڵ ١٢ مـانگە، شەو و ڕۆژ بیست و چوار سەعـاتە، واتە لە دوو ١٢ پێکهـاتووە، هاوڕێیەکـانی مەسیح ١٢ کەس بوون، ئیـمامەکـانی شیعە دوازدەن)، هەروەها هێـمایە بۆ ١٢ کـەلو (برج)ی فـەلەکی، بۆ ١٢ خـواوەندی گـریکی، لە کتێبی پیرۆزدا باسی ١٢ پاشا کراوە. مووسا ١٢ کەسی هەڵبژارد و بۆ زانینی هەواڵ و خەبەری شارەکەی ناردن. ئیـسـرافـیل کە یەکێکە لە فریشـتـەکان ١٢ باڵی هەیە. پاڵەوانی گریگ (هەرقەڵ) دوازدە کـاری پێ سپێردرابوو بۆ ئەوەی ئەنجامی بدات. ئەژدیهای ١٢ سەر.

ژماره ١٢ له كەلەپووری كوردیدا، زۆر بەرچاو نییە، بەڵام لە كەلەپووری میللەتانی دیكەدا زیاتر بەرچاوە، وەک ڕەمزێكی سیحری لە كەلەپووری گەلاندا بەرچاو دەكەویت و لە زۆر بواری جیاجیادا دووبارە دەبێتەوە.

لە ڕۆژژمێری زۆربەی گەلاندا، ساڵ لە ١٢ مانگ پێكهاتووە. تەمەنی گەردوون لە ئەفسانەی ئێرانیدا، ١٢ هەزار ساڵە هەر دەورێكی ٣ هەزار ساڵ، ١٢ ڕۆژی سەرەتای ساڵ لە ڕۆژە پیرۆزەكانی ساڵە، كە وەک نوێنەری ١٢ مانگ پێوەندی هەیە.

**ژمارە چل:** ئەم ژمارەیە لە ئایینەكان و ئەدەب و باوەڕی میللی گەلاندا زۆر گرنگەو بایەخی پێ دراوە و زۆر دووبارە بووەتەوە، بۆ نموونە لە تەوراتدا (الاصحاح السابع: ١٢)دا ئاماژە بەوە دراوە: چل ڕۆژ و چل شەو باران باری و لە (الاصحاح:١٧)دا ئاماژە بەوە دراوە: تۆفان چل ڕۆژ بەردەوام بوو. هەر لە تەوراتدا ئاماژە بەوە دراوە (نەوەكانتان چل ساڵ دەبن بە شوان)و (پاش ئەوەی جوولەكەكان ٤٠ ساڵ لە بیابانی سینا مانەوە، ئینجا هاتنە ناو خاكی كەنعان)، هەروەها (مووسا)ش لە تەمەنی ٤٠ ساڵیدا پەیامی پێغەمبەرێتی پێ بەخشراوە. داوود پێغەمبەر ٤٠ ساڵ فەرمانڕەوابوو. عیسای مەسیح دوای چل ڕۆژ وەسوەسە دەگەڕێتەوە لای یەحیا. پێغەمبەری ئیسلام لە تەمەنی چل ساڵیدا سرووشی بۆ هات. ئەم ژمارەیە لە ئەفسانە و كەلەپووری عەرەبدا زۆر دووبارە دەبێتەوە، وەک دەڵێن (خودا لە فیردەوسدا گایەكی ناردە سەر زەوی ناوی نوون بوو، چل قۆچ و چل پێی هەبوو). لە ئەفسانەیەكی دیكەدا گوتراوە كە (سام كوڕی نووح) كۆشكێكی بە ناوی "غەمدان" دروست كرد كە ئەم كۆشكە حەوت بانی هەبوو و نێوان هەر بان و بانێك ٤٠ گەز بوو، هەروەها شوێنەواری ئەم ژمارەیە لە ناوی چیرۆكیشدا ماوەتەوە، وەک چیرۆكی (عەلی بابا و چل دزەكە).

لای كوردە ئێزدییەكانیش (سماتی چل میران) هەیە، دەڵێن شێخ ئادی ٤٠ شاگردی هەبوون خزمەتیان دەكرد، ئەمە لای كاكەییەكان پێی دەگوترێت (چل تەن) و لای بەكتاشییەكان (قرقلەر) هەیە. چل ڕۆژ ماوەی سرووت و (تەكریس)ی جیاكردنەوە و دابڕان لە ئایینە سەرەتاییەكاندا هەیە.

ئەم ژمارەیە نیشانەی گەیشتن بەوپەڕی ترۆپكی و هەڵكشانە، بە تایبەت لە ئایینەكان و سۆفیگەریدا، بە جۆرێ كە (عارف) دەچێتە چلەوە لەو دنیایەدا دەچێتە دنیای كەشف و شهوود. بۆ نموونە (مەم) دڵدارەكەی خاتوو (زین) بۆ ماوەی ٤٠ ڕۆژ لە چلەدا دەمێنێتەوە.

لە حیكایەت و ئەفسانەكانی كوردیدا دێوی چل سەر و چل دەست و پێ هەیە، بە گوێرەی فۆلكلۆری كوردی چل گوڵ مێخ (لە چیرۆكی حەیدەر و سنەوبەردا) هەیە، چلەی مردوو، چلەی لەدایكبوونی منداڵ، چل چرا، چل چەمە، چل تەن (نێوی كتێبێكی ئەهلی هەقە لەسەر چل یار و فریشتەی ئەهلی هەق). چل قەڵا (لە ئەفسانەی كوردیدا)، هەروەها چل خەم، چل خەیاڵ وەک:

**چل خەم چل خەیاڵ چلیش وەسواسە**
**سێ چل چۆن دەركەم وەیەک هەناسە**
**دەبمە كۆترێ بار سپییە**
**چل گەز دەچمە بن هەورییە**

لە مەتەڵی كوردیدا دەگوترێت:

**چل كەنیز چل مەنیجە**
**چل خولام چل خەجیجە**

لە شێوەی مەتەڵ و هۆنراوەی میللی و فۆلكلۆری ژمارە ٤٠ بەكارهاتووە و ڕەنگی داوەتەوە، وەک:

**چل تاق، چل نیو تاق**
**چل پەنجەرەی چاو زاق**
یان: **چل ناڵ چل بزمار**
**چل چلۆكەی چل هەزار**
یان: **چل دەرب چل دەرییجە**
**چل غولام چل خەجیجە**

لای (عاریف) و خوداناسان لە هاویندا چل ڕۆژ و لە زستاندا چل ڕۆژ بە ڕۆژوو دەبن.

لە ئەفسانەی "كەیومەرس"دا تۆمی تكاوی ئەم پاڵەوانە و یەكەم مرۆڤە، بۆ ماوەی چڵ ساڵ لەسەر عەرز دەمێنێتەوە، پاش ئەو چل ساڵە لەو تۆمە ڕێواسێک دوو چڵ بە ناوی (مەشی=پیاو، مەشیانە= ژن) دەڕوێت. لە چیرۆكی (بالی و بارامدا) چل شەو و چل ڕۆژ شایانە بۆ منداڵی بالی شا دەنێن.

هەروەها یووسف لە تەمەنی ٤٠ ساڵیدا ڕێباز و ڕێڕەوی تەوحید ئاشكرا دەكات، هەروەها پێغەمبەر محەمەد (د.خ) لە تەمەنی (٤٠ ساڵی)یەوە وەحی بۆ هاتە خوار. هەروەها یەهوزا و بووزاش لە هەمان تەمەندا

پەیامی خۆیان ئاشکرا کردووە.

لەو شەوەدا کە بوزا بەسەر گیانی بەد و خراپەی شەیتانەکاندا سەرکەوت، لەو شەوەدا تەمەنی ٤٠ ساڵ بوو، ئەو شەوەش بەلای بووزاییەکان بە شەوێکی پیرۆز دادەنرێت، ل ٢١٩

ئەبو فیدا دەڵێت: (کاتێک ئادەم مرد بۆ ماوەی حەوت شەو و حەوت ڕۆژ، مانگ و ڕۆژ گیران... دیسانەوە دەڵێت، ئادەم بە مووسای گوت، گلەیی شتێکم لێ دەکەیت کە یەزدان پێش ٤٠ ساڵ لە بوونمەوە لە ناوچەوانمی نووسیوە. ل ٢١٩

یەکێک لەو ژمارانەی کە لە زۆر شوێندا دووبارە دەبێتەوە، ژمار (٤٠)ـە، یەزدان هەوێنی قوڕی ئادەمی شێلا لە پاشان بۆ ماوەی ٤٠ ساڵ بارانی خەمو خەفەت و مەینەتی بەسەردا باراندووە، ئینجا بۆ ماوەی تەنیا یەک ساڵ بارانی خۆشی بەسەردا داکردووە.

لە ئەفسانەی (ڕۆمۆلۆس)یشدا، گوایە لە پاش ئەوەی ڕۆمۆلۆس، ڕیمۆسی برای کوشت، شاری ڕۆمای بیناکرد و بۆ ماوەی ٤٠ ساڵ حوکمڕانێتی کرد.

منداڵ کە لە دایک دەبێت، حەوتە و چلەی بۆ دەگێردرێت، هەروەها مرۆڤ کاتێک دەمرێت چلەی بۆ دەگێردرێت، یان دەڵێن، سەگی هار ٤٠ شەو عومریەتی.

لە زۆر حیکایەت و ئەفسانەدا چل دز و چل کوڕە ئازا و ٤٠ ئاو و ٤٠ گیروگرفت و ٤٠ ساڵ دووبارە دەبنەوە، هەروەها بۆ وەرزەکانی ساڵ دەڵێن، چلەی زستان و چلەی هاوین، چلەی مردووان، چلەی ئافرەتی منداڵ بوو، چل دوعا، چل شەو، چل بەردۆکە...ئەمانە و لە دەیان شت و شوێنی دیکەدا باسی ئەم ژمارانە دەکرێت.

پێشینانیش گوتوویانە " مەنجەڵی مەردان بە چل ساڵ دێتە جۆش..."

لە ناوەندی کۆمەڵایەتیدا لە ناو خەڵک قسەیەک بۆ ئەو ساڵە تەڕ و بە بارانە پێی دەڵێن (چل عەسرە) واتە ٤٠ عەسر باران دەبارێت، دەبێت ئەم ناوە لە چییەوە هاتبێت و سەرچاوەی گرتبێت؟ دەبینین ژمارە ٤٠ لە فەرهەنگی کوردیدا پاشخانی هەیە، دیارە سەربردەو لێکدانەوەی ئەفسانەیی بۆ ئەم ژمارەیە هەبووە و کراوە، لەوانەیە ژمارە چل بەسەرهات و ڕووداوی تایبەت بە خۆی هەبێت، لەبەر ئەوەی بێ هۆکار و بێ بنەما نییە، ئەو ژمارەیە لە هەست و نەستی کۆمەڵ و خەڵکدا ماوەتەوە، بە تایبەتی لە ناخی خەڵکی میللی و ڕەشۆک ڕەگی خۆی داکوتاوەو بووە بە نەریت و خووی کۆمەڵایەتی. بێ گومان چەند بە دوای ئەم ژمارەیەدا بگەڕێین، دەشێت زۆرتر بەکار هاتبێت و لە شوێنی تر بیدۆزینەوە

بە تەواوی نازانین هۆی باوی و بەکارهێنانی ئەم ژمارەیە لە چیدایە؟ بەڵام ڕەنگە هۆکارەکەی بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە مرۆڤی کۆن باوەڕی وا بووە، کە مرۆڤ لە تەمەنی چل ساڵیدا لە ڕووی هزری و عەقڵی و جەستەییەوە دەگاتە ئەوپەڕی کەماڵ، واتە لای ئەوان ٤٠ ساڵی، تەمەنی پێگەیشتنی هۆش و عەقڵ و ئەندامەکانی مرۆڤە، بۆیە ئەم تەمەنە گرنگە.

لە ئەزموونی ژیاندا ئەوە بۆ مرۆڤ دەرکەوتووە کە تەمەنی ٤٠ ساڵی، چەق و ناوەڕاستی ژیانی مرۆڤە و خاڵی جیاکەرەوەیە لە نێوان دوو قۆناغی ژیانداو دوای ئەو تەمەنە مرۆڤ هۆش و هزری زیاتر گەشەدەکات و توانایی سەبر و تەحەمولی زیاتر دەبێت.

**ژمارە شەست:** ئەم ژمارەیە، ڕێسای ژماردن و حسێبکردن بووە لای سۆمەری و بابلییەکان و لای ئەوان ژمارەیەکی تەواو و بازنەییە. واتە ئەم ژمارەیە یەکەی بنەڕەتییە لە سیستمی ژماردنی (سۆمەری و بابلیدا)، بۆیە ئەم ژمارەیە ژمارەی خواوەند (ئانۆ) یە کە خواوەندی ئاسمانە. لای هەندێک گەل ساڵ ٦ مانگ بووە کە هەر مانگی ٦٠ ڕۆژ بووە.

**ژمارە ٣٦٥:** کە ژمارەی ڕۆژەکانی ساڵە، بە گوێرەی کولتووری پزیشکی چینی، ئێسکبەندی مرۆڤ لە (٣٦٥) ئێسک پێکهاتووە، ئەوان پێیان وایە ٣٦٥ شوێن (خاڵ) لە جەستەی مرۆڤدا هەیە بۆ چارەسەرکردن بە دەرزی ئاژەنین، هەروەها لای ئەوان ٣٦٥ دەرمان هەیە بۆ چارە سەرکردنی نەخۆشی.

**ژمارە هەزار:** ژمارەی فرەیی و فراژووبوونە. دەقە کۆنەکان باس لە هەزار خواوەندی (هیتی) دەکەن. لە سروشتی (تانتری)دا وا باوە کە "مانگۆسری" هەزار دەستی هەیە.

بە پێی ئایینی مەسیحییەت و زەردەشتیدا لە پایان و کۆتایی هەر هەزارەیەک، ڕزگاریخوازێک سەرهەڵدەدات، بە جۆری کە جیهان بەرەو ڕزگاری و پاکی و ئاوەدانی دەبات، لە ئایینی زەردەشتیدا لە کۆتایی هەزارەیەکدا

ڕزگاریخوازی وەکو "سوشیانس" لە دایک دەبێت. لە ئەفسانەی ئێرانیدا هەزارەکان بریتین لە هەزارەی جەمشید، هەزارەی هێرشی ئەسکەندەر.

ژمارە هەزار لای میسرییە کۆنەکان پێی گوتراوە (خا) کە مانای گوڵی (لۆتس) دەبەخشێت. لای زۆربەی گەلان ئەم ژمارەیە دەلالەت لە زۆرترین ژمارە، یان ئەوپەڕی زۆری دەکات.

لەم باسەدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە پەیڕەوکردن و پەسەندکردن و بەردەوام دووبارەکردنەوەی ژمارەیەک لە ژمارەکان، بەندە بە مێژووی ڕووداوێکی چاک، یان خراپ، یان چیرۆکێکی ئایینی، یان بیروباوەڕێکی کۆن، یان ئەفسانەی سەرەتاییەوە. کە وای کردووە ژمارەیەک لە ژمارەکان بایەخی زۆرتر و زیاتری پێ بدرێت و ببێتە ژمارەیەکی ئەفسووناوی. ئەم ژمارانە لە ناو گەلاندا باون وەک باوبوونی زۆر بیری ئەفسانەیی و ئەم جۆرە باوەڕەی لە بارەی ژمارەکانەوە، لە مەسەلەی ئەفسانە و بیری ئەفسانەیی و کەلەپووری کۆن جیانابێتەوە، هەروەها لەم باسەدا بۆمان دەردەکەوێت کە پیرۆزیدان بە ژمارە، وەک (٣، ٧، ١٢، ٤٠) یان بە شووم دانانی ژمارە ١٣ و باسکردنی ژمارە تاک و جووتەکان لەڕووی پیرۆزی و ناپیرۆزییەوە، زادەی بیروبۆچوونی خودی مرۆڤە.

**سەرچاوە و پەراوێزەکان:**

**١-فيليب سيرنج، ترجمة، عبدالهادي عباس (الرمز في الفن- الاديان- الحياة)- دمشق- ١٩٩٢- ل٤٧٠.**

**٢-في طريق الميتولوجيا عند العرب- محمود سليم الحوت- بيروت-١٩٧٩- ل١٩٣، ٢٠٣.**

**٣- (اشارات، رموز وأساطير)- لوك بنوا، ترجمه-فايز نقش- بيروت- ٢٠٠١- ل٦٧، ٦٨، ٦٩.**

**٤-قصة الارقام- تاليف موسى ديب الخوري- دمشق، ٢٠٠٢- ل٣، ١٣٤، ١٣٦، ١٩٥.**

**٥-علي الشوک- کتاب (ملامح التلاقح الحضاري بين الشرق و الغرب)- دار المدى - ١٩٩٦- ل١٣٩، ١٥٤.**

**٦- (مێژووی فەلسەفە- فەلسەفەی گریکی) ئیمیل بریهێیە- و: ئاوات محەمەد- سلێمانی- ٢٠٠٧.**

**٧-کاوە و نەورۆز.. ئەفسانە و بیری نوێ- نووسینی ئەحمەد زەردەشت- دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی - ١٩٩٩.**

**٨- زمان (هزرو کولتوور) و- ڕەحیم سورخی- هەولێر- ٢٠٠٦- ل٩٤، ٩٥، ٩٨.**

**٩- سەمای ئەجندان- خالید جوتیار- هەولێر - ٢٠٠٦- ل٧٥.**

**١٠-هندەک کەڤنە باوەڕێت خەلکی ل بەهدینان، حجی جعفر- دەزگای ڕۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی- بەغدا- ساڵ ١٩٩٣- ل٥٦.**

**١١-گۆڤاری- ڕامان- ژ- ٤٠- ل٩-، ١١، ١٢، ١٣.**

**١٢ -گۆڤاری (ئاسۆی فۆلکلۆر) ژ- ٤٠ - ل١٠٨، ١١٩.**

**١٣-گۆڤاری- ڕامان- ژ- ٤٩- ل٢٤٦، ٢٤٧، ٢٤٨.**

**١٤-گۆڤاری- ڕۆشنبیری نوێ- ژ- ١١٠ - بغداد- ١٩٨٦ - ل١٦٧.**

**١٥-گۆڤاری (گوڵان) - ژ، ٣٨٤، ل٦١.**

**١٦- کاروانی فۆلکلۆر- ژ (١)- ١٩٩٠- ل١٧.**

**١٧- مجلة (التراث الشعبي) عدد (١١-١٢) سنة ١٩٨٤، ل١٢٧، ١٢٨، ١٣٠.**

**سەرنج: لە کوردەواریدا ناگوترێ لە حەوت ئاوی داوە قۆڵی تەڕ نەبووە، بگرە دەگوترێ لە حەوت ئاوی داوە و قولە پێی تەڕ نەبووە.**

**(**) ئەوە تیانە نییە، بگرە ڕاستەکەی تریانەیە.**

**(ڕامان)**

# پراگماتیزم
# ئامانج ئامراز ڕەوا دەكات؟!

د. حەمید عەزیز
(زانكۆی سەلاحەدین - كۆلێژی ئاداب)

١- قسەكردن لە فەلسەفەی ناسراو بە پراگماتیزمی ئەمەریكایی، دوو خاڵ دەورووژێنێ كەوا بە ئاسانی بەلایەكدا ناخرێن و یەكلایی ناكرێنەوە:

**یەكەم:** ئەگەر بشێ بگوترێ پراگماتیزم فەلسەفەی تایبەتی كۆمەڵگەی ئەمەریكایە بەرانبەر بەو ڕێبازە سەرەكییانەی فەلسەفە كە لە ئەورووپا دەستبەكاربوون، ماركسیزم، ئیگزیستێنتیالیزم، فینۆمینۆلۆژی، كانتیانیزمی نوێ، پۆزیتیڤیزمی نوێ، تا چەند دەكرێ ئەو فەلسەفەیە، بەبێ كەوتنە ناو تەنگژە و ئاریشەی ناكۆكییەوە، بە باسكردنی كولتووری هزری و فەرهەنگی ئەو دەڤەرە ببەسترێتەوە كە بە جیهانی نوێ و مەڵبەندی توانایی سنووربەزێن دادەنرێت؟!

**دووەم:** ئەمەریكا یەك نەتەوەی نەبێ- بە واتا بۆ ماوە كلاسیكییەكە دەڤەرێكی نیمچە دابڕاو لە ئەورووپا و سەربەخۆ تا چەند پراگماتیزم هەڵكەوتە هەمەڕەنگەكەی بەرجەستە دەكات؟!

- پشت ئەستوور بەسەرچاوەكان، پراگماتیزم فەلسەفەی خودی كۆمەڵگەی ئەمەریكایە و توانیویەتی سەركەوتووانە كۆنترۆڵی زانكۆ و كۆڕ و كۆمەڵە ڕۆشنبیری و ئەكادیمییەكان بكات و لە چوارچێوەی سوود و قازانجی گشتی و تایبەتی سەرخان و ژێرخانی كۆمەڵگەدا بە پێكهاتە و توێژە جیاوازییەكانەوە ڕەنگ بداتەوە و جێگای شیاوی بكاتەوە. ئەوەی ئەو بۆچوونە پشت ڕاست دەكاتەوە، ئەو دیاردەیەیە كە هەر پێنج ڕێبازەكەی تری فەلسەفە كە لە سەرانسەری ڕۆژئاوای ئەورووپا چالاك و دەستبەكاربوون: پۆزیتیڤیزمی نوێ، ماركسیزم، فینۆمینۆلۆژی، كانتیانیزمی نوێ، ئیگزیستێنتیالیزم بە هەردوو باڵییەوە، نەیانتوانیوە لە چەند پسپۆڕ و لایەنگیرێك كە ڕۆڵێكی ئەوتۆیان لە كۆمەڵگەی كولتووریدا نەبووە، بەولاوە كەسان و



**چارلس ساندەرز پێرس**

لایەنگیرێکی بەرچاو بەدەست بهێنین ئایا ئەو دیاردەیە لە چییەوە سەرچاوەی گرتووە؟!

ئایا دیاردەکە پەیوەندی بە سروشتی ڕێبازە فەلسەفەییەکانی ئەوروپاوە هەیە کە لەگەڵ کولتووری ئەمەریکادا نایەنەوە، یان پێکهاتەی هەمەڕەنگی نەتەوەیی فرە زمان و کولتووری ئەمەریکایی کەوتۆتەوە کە بە لاتینی وشەی Konglomerat پڕ بە پێستییەتی؟!

لە ڕۆژئاوای ئەوروپا، لەنێو کۆمەڵانی خەڵکدا، بەچین و توێژ و ئاستە جیاوازەکانییەوە قسەیەک هەیە دەڵێ:

ئەوی بیەوێ دەستوبرد دەوڵەمەند بێ و لە ماڵی دنیا بێ نیاز بێت، دەبێ یەکسەر، سبەینێ نا، ئەمڕۆ ملی ڕێگا بگرێتە بەر و بچێ بۆ ئەمەریکا! لەوێ هەموو کەسێک بە ئاسانی، بەبێ ماندووبوون و ئارەقە ڕشتن دەتوانێ ببێ بە خاوەن پارە و پووڵ و سامان(١)، لەوێ پارەی موفت هەیە.

مەبەست لەو قسەیە ئەوەیە: ئەگەرچی کۆمەڵگەی ئەمەریکا لە کەسانی سەر بە نەتەوە و گرووپی جیاواز و کولتوور و زمانی هەمەڕەنگ پێکهاتووە، بەڵام یەکەیەکی یەکڕەنگ نیشان دەدات کە تایبەتمەندییەکی سەربەخۆی خۆی پێ براوە، ئەو تایبەتمەندییە دەکرێ بەو جۆرە نیشان بدرێت:

**یەکەم:** گۆڕانی نەپساوە سەرمەشقی ژیانە، پەرەسەندن کە لەوێ پشت بە تیوری داروینیزمی کۆمەڵایەتی دەبەستێ، سروشتی بەرچاوی کۆمەڵگەیە، لێرەدا گەشبینی باوە، چاککردنی بەردەوامی ژیان و چارەنووسی مرۆڤ توندوتۆڵ بە خۆگونجاندن لەگەڵ ئەو پەرەسەندنە خێرایەدا بە یەکەوە بەستراونەتەوە کە ماندووبوون ناناسێ.

**دووەم:** دوگم و ئایینی کڵێسەی عیسایی پاشەکشەیان کردووە، بوون بە پشکێک لە کولتووری ژیانی ڕۆژانە بەبێ ئەوەی هیچی تر توانیبێتیان تۆزقاڵێک لە کاروباری ژیانی ڕۆژانەی خەڵک بگۆڕن، ئەم ڕەوشە لەخۆیدا ئازادی بەرجەستە کردووە.

**سێیەم:** سوود و قازانج بە هەردووک بەشی تاک و گشتییەوە پشکی شێری بەرکەوتووە. بەو پێیە هەرچی هەیە و نییە بایەخەکەی لەوەوە دەکەوێتەوە تا چەند سەرنج بۆ لای خۆی ڕادەکێشێت، ئەو سەرنجڕاکێشانە لەلای خۆیەوە لە بەهەند زانینی بەرژەوەندی لێی کردن بەولاوە شتێکی دیکە نییە. گومان لەوە ناکرێ کۆمەڵگەی جیهانی نوێ (ئەمەریکا) لە چاو کۆمەڵگەکانی دیکەی ئەوروپا- ڕۆژئاوا، لە هەموو شتێکدا سنووری بەزاندووە و تێی پەڕاندووە، بەڵام پێم شک نایەت هیچ شتێک بەبێ هەوڵدان و ماندووبوون و وا بە ئاسانی و بەبێ ئارەقە ڕشتن بە دەست بێت، تەنانەت لەو بەهەشتەی ئایینی مەسیحیش بەڵێنی بەلایەنگرانی داوە بەو جۆرە ئاسان نییە! بۆیە من ئەو قسەیە «دەوڵەمەند بوون بە سووک و ئاسانی» بەپێی لێ هەڵگرتن دەبینم.

## پەیدابوونی ئەو ڕێبازە

بەپێی ئەو سەرچاوانەی ئەو ڕێبازەیان کردووە بە کەرەسەی توێژینەوە، شارەزایان لەو باوەڕەدا کۆکن کە چارلس ساندەرز پێرس (١٨٣٩- ١٩١٤) بۆ یەکەم جار ئەو وشەیەی بەکارهێناوە و بەردی بناغەی ڕێبازەکەی داناوە. وشەی پراگما Pragma خۆی وشەیەکی یۆنانی (گریکییە) واتای کار و کردار دەگەیەنێ. چۆن و بۆچی دەبێ ئەو ناوە لە سەرەتاوە هەڵبژێردرابێ؟ لە ساڵی ١٨٧٨ز لە بەندی (١٢)ی گۆڤاری مانگانەی ئەمەریکایی ناسراو بە: Pepular Science

Monthly نووسـینێکی فـەیلەسـووفی ئەمـەریکایی پێرس Peirce لەژێر ناوونیشانی:
«Haw to make our Ideas Clear» چۆن بیروبۆچوونەکانمان ڕوون بکەینەوە؟ بڵاوکراوەتەوە تێیدا سەرەتای ڕێبازی فەلسەفەی پراگماتیزم بە میتود و سیستمەوە ڕەنگی ڕێژدراوە.

پێرس نووسینەکەی بە پرسیارێکی لۆژیکی دەست پێ کـردووە، ئینجـا چۆتە سـەر بابەتی واتا و لایەکی لە زانست کردۆتەوە و ئامانجەکانیانی دەرخستووە و ڕوونی کردوونەتەوە:

دەبێ جـیـاوازی لەنێـوان بۆچوونی ڕوون و لێڵـدا چی بێ؟ چۆن بۆچوونی ئاشکرا و تەمومژاوی لە یەکتری جیا دەکـرێنەوە؟ دەبێ ئەرک و فـرمـانی سـەرەکی هزر- بیرکردنەوە چی بێت؟

وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە توندوتۆڵ بە دڵنیابوون و (قەناعەتەوە) Uberzeugung هەیە. ئەو دڵنیاییە لە سێ خاڵی گەوهەریدا بە دەردەکەوێ:

**یەکـەم:** خـۆی لە خـۆیدا شـتـێکە کـە ئێـمـە هەسـتی پێدەکەین و هۆشمان لێیەتی.

**دووەم:** وروژانی ئەگـــەر و گـــومــــان کپ و ئارام دەکاتەوە.

**سێیەم:** دەبێـتە مـایەی کـەوتنەوەی بنەما و هۆکـاری پاڵنەری کردار و کاری ژیانی ڕۆژانە(٢).

بەو پێیە قەناعەت ڕەوشێکی چالاکی گیانییە بەهۆی بیـرکردنەوەوە کـار لە سروشتی بیروکردارمان دەکـات و ڕێوشوێنی بیـرکـردنەوەی دوارۆژمان دیار و دەستنیشـان دەکات. ئەو ڕەوشە ئەندازیار و ڕەنگرێژی شێوازی کار و کردار و ڕەفتارە. جیاوازی نێوان قەناعەتە جیاجیاکان لە جـۆری ئەو کـار و کـردارانەدا بە دەردەکـەوێ کـە دەبنە مایەی کردنیان. لەلایەکی دیکەوە شارەزا و لایەنگیرانی زانست بەگشـتی لەو باوەڕەدان کە پرۆسەی توێژینەوە و لێکۆڵینەوە، ئەگەر پیاوانی خۆیان سەرگەرمی بەرەوپێش بردنیـان بن، ئەوە بە دڵنیـاییـەوە چارەسەر و وەڵامی ئەو پرسـیـارانەیان لەلایە کـە دەکـرێن و دێنە پێشـەوە(٣).

کەوابوو دەبێ بەلای دامەزرێنەری ڕێبازی پراگماتیزمی ئەمـەریکاییـەوە ڕوون و ڕەوانی بۆچوون و ئەرکی زانست کە دڵنیایی پێ بەخشین، بێ تایبەتمەندی ئەو بیرۆکانەی Idee مرۆڤ هەیەتی چی بێ؟! لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا پێرس بەردی بناغەی ڕێبازەکەی داناوە و دوای ئەو ولیەم جێـمس کـۆشکەکـەی تەواو کـردووە و جـۆن دێوی ئەو کەلەبەرانەی تێیدا بووە، پڕی کردوونەتەوە.

بەلای پێـرسـەوە مـرۆڤ بیـرۆکـەی لە بارەی شـتی دەوروبەریەوە هەیە، بیریش لە بارەی هەر شتێکەوە بێت، لەوە بەولاوە نییە کە بیرکردنەوەیە لەو ئەنجامانەی لەو شتە دەکەونەوە، باوەڕیش لەلای خـۆیەوە هەمـان شت دەیگرێتەوە، چونکە دەبێتە مایەی کردار. بیرۆکەیەک لە ڕوانگەی لۆژیکی پێرسەوە ئەوکاتە ڕوون و ڕەوان دەبێ بەپێی ئەو کـارەی دەیکات و ئەو شـوێنەوارەی بەجـێی دەهێـڵێ و ئەو ئەنجـامـەی دەیداتە دەست، بۆچوون لە بارەی بابەتێکەوە لە بۆچوونی ئەو ئەنجـامـانەی لە بار نالەبار لێی دەکـەونەوە. بەولاوە شـتـێکی دیکە نییـە. پێرس گوتوویەتی:

بیروبۆچوونمان لە بارەی شتێکەوە بیروبۆچوونە لە بارەی ئەو ئەنجامە هەستەکییانەی لێیان دەکەونەوە(٤).

کەوابوو واتا و ڕاستی بیرۆکەیەک کە بەدەستەواژەیەک دەردەبڕدرێ لە ئەو ئەنجـامـانەی و ئەو کـارانەی دەیکات بەرجەستە دەبن، بیـرۆکە ئەو کـارەیە کە دەیکات و ئەو شوێنەوارەیە لە پاشی بەجێ دەمێنێ.

بەو پێیـە پێـرس ناوی بنەمـای بنەڕەتی ئەو ڕێبـازەی فەلسەفەی داناوە کە بە پراگماتیزم ناودەبرێ و ڕاستی و دروسـتی و ڕوون و ڕەوانی بیـرۆکـەیەک، کردارێک لەو ئەنجامەدا دەبینێ کە لێی دەکەوێتـەوە. ئەو ڕێبازە دواتر لەلایەن پزیشک و دەروونزان و فەیلەسووفی ئەمەریکایی (ولیـەم جـێـمس ١٨٤٢- ١٩١٠ز) دوا ڕوخسـار و ناوەڕۆکی پێ بەخشراوە.

**ولیەم جێمس**
**بنەمای پراگماتیزم**

١- جـێـمس W. James بەرابەری ڕاسـتـەقـینەی ڕێبـازی فەلسـەفەی پراگمـاتیـزم دادەنرێ، ئەگەرچی ئەو ویسـتـوویەتی جیـهـانبینیەکـەی بە ئەزمـوونی ڕادیکال ناوببرێ، بەو واتایەی بە گژ هەمـوو شێوازەکانی ڕێبازی ئایدیالیـسـتی لە فـەلسـەفەدا دەچێـتـەوە و داکـۆکی لە ڕێبازێک دەکات. بنەماکانی گۆڕان و بەرەوپێش چوون و هەمـەڕەنگی بێ. لەلایەکی دیکەوە لە بەرگی یەکـەمی شاکـاری «پراگـمـاتیـزم»دا نووسـیویەتی: ئەمـە ناوێکی نوێیە بۆ میتودەیەکی کۆنی بیرکردنەوە. کەوابوو ئەو دوو ڕستەیە: «ئەزموونی ڕادیکاڵ و میتودەیەکی بیرکردنەوە» چی دەگەیەنێ و چۆن لێکدەدرێتەوە و چ ڕەنگدانەوەیەکی لە دەڤەر و کایەی تیوری زانین و ئاکار و ئاییندا دەبێ؟!

هەروەک پێشتر پێرس و دواتر ولیەم جێمس لە چەند نووسینێکدا گوتوویانە: پراگماتیزم میتودە و ڕێگایە بە مەبەستی توێژینەوە و یەکلایی کردنەوەی بابەتە کێشە ئامێزەکانی فەلسەفە بەکاردەهێنرێ، بەڵام خۆی لەخۆیدا هیچ تیۆرییەکی فەلسەفە ناداتە دەست. ئەوەش وادەگەیەنێ کە بایەخ بەو میتودەیە دەدرێ کە کێشەکانی پێ شرۆڤە و تاووتو دەکرێ پتر لەوەی بەلایەوە گرینگ بێ دەگاتە چ ئەنجامێکی میتافیزیکی- ئیپستمۆلۆژی. هیچ کاتێک بیروبۆچوونێک بەوە ڕاستی و دروستی خۆی ساغ ناکاتەوە کە بە ناچارییەکی لۆژیکیانە پشت ئەستوورە، بەڵکو ئەوەی ئەو ڕەوشەی بۆ دەستەبەر دەبێ، تا چەند لە ژیانی ڕۆژانەدا، بەرەو گەیشتنە ئامانجی ڕەنگ بۆ ڕێژراو بە کەڵک و سوودبەخشە و ئەنجامی ئەوتۆی لێدەکەوێتەوە پەسندی بکات. ئەو ئەنجامی بیرۆکە و بۆچوونەکە دەبێ لەخۆیدا هاندەر بێ و ببێتە مایەی کار و کردار. ئەو هاندانی کاروکارکردنەش کە بەهۆی ئەنجامەکانیەوەیەتی، بەڵگە و سەلمێنەی گومانهەڵنەگری ڕاستی دروستییەکەیەتی کە خۆی پشتی پێدەبەستێ!.

٢- ئەو هەنگاوە سەرنجڕاکێشەی پراگماتیزم لەو کایەیەدا هەڵیگرتووە، لە یەکتری نزیک کردنەوەی کردار و بیر و ئەنجام چەند پرسیارێک دەهێنێتە سەر خوانی باسکردن و وەڵامەکانیان وا سووک و ئاسان نییە:

- ئایا دەکرێ ئەو هەنگاوە بەوە دابنرێ، مەزەندە بکرێ کە هزر و فەلسەفە دەباتەوە سەر بنجوبناوانی تاقیکردنەوە و ئەزموون؟ یان

- پاساوی دروشمە سیاسییەکەی کارتیل و مۆنۆپۆلە دەستبەکارە زەبەللاحە ئابوورییەکانی کۆمەڵگەی ئەمەریکا دەداتەوە کە دەڵێ:

ئامانج ئامراز ڕەوا دەکات؟!

- ئایا هەڵبەستنی ئەو پردەی نێوان بیر و کردار و ئامانج دەکرێ بخرێتە پارسەنگی گازندەکەی مارکس کە لە تێزەی یازدە لە بارەی فۆیەرباخەوە سەرزەنشتی فەلسەفە و فەیلەسوفانی بەوە کردووە کە هەر خەریکی شرۆڤە کردن و لێکدانەوەن و گۆڕین بە هەند دانانێن؟!

گریمانەی یەکەم و دووەم جۆرە ڕێتێچوونێک نیشان دەدەن و هی سێیەم وادێتە بەرچاو لە بنەماکانی پراگماتیزم بەدوور بێ. بابەتێک کە هیچ ئەگەرێک هەڵناگرێ ئەوەیە کە کۆمەڵگەی ئەمەریکا تاکو ئەمڕۆی ئەو سەردەمەمان نەک هەر جیهاندیدی مارکسی بەلاوە پەسند نەبووە، بگرە لە پراگماتیزم بەولاوە هیچ ڕێبازێکی تری فەلسەفە تێیدا بەپێی پێویست زەمینەی لە باری شین بوون و گەشەکردنی بۆ نەڕەخساوە.

لێک نزیک بوونەوەی بیروکردار و ئەنجام خۆی لەخۆیدا بنەما بنەڕەتییەکانی پراگماتیزم بەرجەستە دەکات:

- پراگماتیزم خۆی لەخۆیدا میتودەیە، بە قسەی ولیەم جێمس، بەو پێیە هەوڵ دەدرێ ئەو بڕیارانە (حوکم)ی دراون وا لێکبداتەوە کە لە ئەنجامە کردەکییە (پراکتیکییە)کانیان بکۆڵێتەوە(٥). کەوابوو چ جیاوازییەک بەدەردەکەوێ، ئەگەر هاتو لەنێو چەند بڕیارێکدا یەکێکیان ڕاست بوو؟ جیاوازییەکە ئەوە دەبێ کامیان بە کردەکی سوودبەخشە! سوودبەخش لە هەمان کاتدا تایبەتمەندی ڕاست و دروستی هەیە.

باوەڕ و دڵنیایی بوون، ڕێسا و هاندەر و بنەمای کار و کردارن، ئەگەر بوێستری واتا و بایەخی بیرۆکە و بۆچوونێک بەدەربخرێ و بزانرێ پێویستە و دەبێ ئەو کارە، ئەو کردارە کە بۆ ئەنجامەکەی دەگونجێ و دەشێ دیار و دەستنیشان بکرێت. شێوازی کردارەکە خۆی لەخۆیدا دەلالەت و واتا و پوختەی بیرۆکە و بۆچوونەکە پێک دەهێنێ. ئەو ڕاستییەی جیاوازی نێوان بیروبۆچوونەکان پشت ڕاست دەکاتەوە تا چەند جیاوازییەک لەنێو ئەو جیاوازییانەدا کار لە کردار و ئەنجامەکەی دەکات. بۆ ئەوەی ڕوون و ڕەوانی تەواوەتی لەبیروبۆچووندا لە بارەی بابەتێکەوە، کەرەسەیەکەوە بەدەست بهێنرێت، تەنیا ئەوەندە پێویستە بیری لێ بکرێتەوە، ئەو بابەتە، ئەو کەرەسەیە چ ئەنجامێکی کردەکی پراکتیکی لەخۆیدا پێیەتی و دەیداتە دەست، هەروەها ئەو هەست و تێبینییانە کامانەن کە دەکرێ چاوەڕێیان بکەین و ئەو کاردانەوانە چین کە خۆیان بۆ ئامادە بکرێت؟

بیروبۆچوون لە بارەی ئەنجامەکانیان کە لێیان دەکەونەوە، ئیتر ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆبن، لەو بۆچوونانەی لە بارەی بابەت و شتەکانەوەن بەولاوە شتێکی دیکە نین، ئەوەندەی ئەو بیروبۆچوونانە بەگشتی بایەخ و سوود و واتا و دەلالەتیان هەیە.

## مەبەست و واتا لە پراگماتیزمدا

١- ولیەم جێمس لە چەند نووسین و وتارێکدا دووپاتی کردۆتەوە کە پراگماتیزم هیچ جۆرە کێشەیەکی فەلسەفە ناورووژێنێ، بەڵکو هەوڵ و چارەسەری ئەو

کێشانەی فەلسەفە دەدات کە لە ئارادان. ئەو ئەرکەش کە ئەو فەلسەفەیە گرتوویەتییە ئەستۆی، دەبێتە مایەی ئەوەی پەنا بۆ میتودەیەکی دیاری کراو بەرێ، میتودەی پێناسە و واتا.

– واتا و ڕاستی و سوود و قازانج بەپێی میتودەی پراگماتیزم توندوتۆڵ بەیەکەوە بەندن. واتای دەستەواژەیەک ڕاست دەبێ بەپێی ئەو سوود و قازانجەی دەستەبەری دەبێ و بە مرۆڤ دەگات. سوود و قازانجیش بەپێی کات و جێگا و ڕەوش، گۆڕانی بەسەردادێت کەوابوو ڕاستی خۆیشی دووچاری گۆڕان دەبێ و ئەو ئەنجامەی لەو بۆچوونە دەکەوێتەوە، ئەوەیە شتێک نییە پێی بگوترێ ڕاستی لەخۆیدا، ئەوی هەیە ئەوەیە کە مرۆڤ خۆی داهێنەری ئەوەیە کە بە «ڕاستی» ناودەبرێ و واتای ڕاستی دەگەیەنێ. بەو پێیە پراگماتیزم دەچێتە ئەو خانەیەوە کە نۆمینالیزم (ناو- ناوەکیی) پێدەگوترێ، ئەوی هەیە و پەی پێی دەبردرێ تاک و هەندەکییە و ئەو پەی بردنەش دەبێ ڕوون و ئاشکرابێ، بۆیە بوون بەگشتی و دەوروبەر بە تایبەتی خەسڵەتی هەمەڕەنگیی و فرە جۆری لە ڕادەبەدەری هەیە. لێرەوە ئەو ڕێبازە لە جیهانی پەتی و ئەبستراکت و چەمک و وشەی هەمەکی دەچێتە دەرەوە و پێ لەسەر سوود و قازانج دادەگرێ و پراکتیک بە پێوەر دادەنێ و دەکۆشێ هەڵکەوت بە چەند بنەمایەکی هەمەجۆر لێکبداتەوە و شرۆڤە بکات.

٢- ئەوی پێوەندی بە پێناسە و ڕاستییەوە هەیە ولیەم جێمس لەو باوەڕەدایە هەرکەسە لەلای خۆیەوە بۆی هەیە لە گۆشەنیگای جیاوازەوە سەرنج بدات و شرۆڤە بکات. بۆ پشت ڕاستکردنەوەی ئەو قسەیەی، نموونەی «سمۆرە»ی هێناوەتەوە:

**جێمس گوتوویەتی:**

پێش چەند ساڵێک من و تاقمێک بە سەیران لە شاخ و چیا بووین. دوای گەڕانەوەم لە پیاسەیەکی بە تەنیاییدا، دیتم هەموویان سەرگەرمی مشتومڕێکی گەرمی فەلسەفەیین! کەرەسەی ئەو هەراوهۆریایەیان سمۆرەیەک بوو: سمۆرەیەکی زیندوو Eichhorn کە خەڵکەکە وایان دانابوو بە دیوێکی قەدی درەختێکەوەیە بە دیوەکەی تری درەختەکەدا مرۆڤێک وەستاوە. ئەو مرۆڤە دەیەوێ دەموچاوی سمۆرەکە ببینێ، بۆیە بەوپەڕی خێرایی بەدەوری درەختەکەدا دەسووڕێتەوە، بەڵام سمۆرەکەش بە هەمان خێرایی بە پێچەوانەوە دەسووڕێتەوە، بۆیە هەمیشە قەدی درەختەکە هەر لە نێوانیاندا دەبێت و مرۆڤەکە ناتوانێ ڕووی سمۆرەکە ببینێ. کێشە فەلسەفەییەکە کە لەو هەڵوێستەوە دەکەوێتەوە ئەوەیە:

ئایا مرۆڤەکە بە دەوری سمۆرەکەدا دەسووڕێتەوە، یان(٦) نا؟

مرۆڤەکە بەبێ هیچ ئەگەر و گومانێک بە دەوری درەختەکەدا دەسووڕێتەوە، سمۆرەکەش بە قەدی درەختەکەوەیە، بەڵام ئایا ئەو پیاوە بە دەوری سمۆرەکەدا دەسووڕێتەوە؟ وەڵامی ئەو پرسیارە پەیوەستە بە واتا و پێناسەکردنی چەمکی «بەدەوری سمۆرەکەدا دەسووڕێتەوە»، ئەگەر مەبەست لەو چەمکە ئەوە بێ کە مرۆڤەکە لە باکووری سمۆرەکەوە دەچێتە ڕۆژهەڵاتی و ئینجا باشوور و لەوێوە بۆ ڕۆژئاوای و جارێکی دیکە بۆ باشووری، ئەوە دەکرێ بگوترێ بە دەوریدا سووڕاوەتەوە، چونکە بە هەموو ئەو شوێنە دیاریکراوانەدا یەک لەدوای یەک تێپەڕیوە، بەڵام بە پێچەوانەوە، ئەگەر مەبەست ئەوەبێ جارێک لەبەردەمیدا بێ و بچێتە لای ڕاستی و ئینجا بچێتە پشتییەوە و بچێتە لای چەپی و جارێکی دیکە بێتەوە بەردەمی، ئەوە بێ گومان و ئەگەر بە دەوریدا نەسووڕاوەتەوە. هەردوو ڕێتێچوونەکە دەکرێ پاساو بدرێنەوە.

هەرچۆنێک بێت بەڵگەکانی جێمس لەو ڕەوشەدا، گومان لەوەدا نییە کە لە هەر شتێکدا ناکۆکی لەسەر بابەتێک هەبێ هەر لەوێدا جیاوازیش بەدەردەکەوێ، بابەتەکە دوو جۆرە بۆچوون دەردەبرێ، بەڵام ژیری ئاسایی لێرەدا ئەوە دەڵێ کە نە سمۆرەکە بە دەوری پیاوەکەدا و نە پیاوەکە بە دەوری سمۆرەکەدا سووڕاونەتەوە، بەڵکو هەردووکیان بە دەوری دارەکەدا سووڕاونەتەوە. پێناسە شتێکە مرۆڤ خۆی ڕەنگی دەڕێژێ، بەڵام هەڵکەوتی لە ئارادا بوو، شتێکی ترە!.

## تیوری زانین

١- پشت ئەستوور بەوەی کە پراگماتیزم میتودەیەکە کێشەی فەلسەفیی ناورووژێنێ، بەڵکو کێشە فەلسەفەییەکان یەکلایی دەکاتەوە، هەروەها لە ڕوانگەی بنەمای بنەڕەتی ئەو فەلسەفەیەوە کە هەموو شتێک بە پێوەری ئەو کارەی دەیکات و ئەو ئەنجامەی لێی دەکەوێتەوە هەڵدەسەنگێنرێ، دەبێ پراگماتیزم چۆن کێشەی تیوری زانین یەکلایی بکاتەوە؟!

– سەرچاوەکانی زانین کامانەن، بێجگە لە دەوروبەر

ژیره، یان هەست؟
- سروشتی ئەو شتانەی دەیانزانین چییە؟
- چۆن پێوەندی نێوان خود- بابەت لە پرۆسەی زانیندا لێکدەدرێتەوە؟
- هۆشیاری و ئەزموون Erfahrung دەخرێنە نێو چ خانەیەکەوە.
- ولیەم جێمس فەلسەفەی پراگماتیزم لە کایەی ئیپستمۆلۆژیدا بە یەکڕەنگی بیلان Neutraler Mo-nismus ناودەبات، ئەو چەمکە چ دەگەیەنێ؟!
- ولیەم جێمس لەو باوەڕەدا بووە کە مێژووی فەلسەفە، بەشی زۆری، بریتی بووە لە مێژووی جەنگی دەستەویەخەی نێوان مەیل و سروشتی (میزاجی) مرۆڤەکان(٧).
Temperamente. هەر لەو بۆچوونەوە دەکرێ جیاوازی بیروبۆچوون و جیهاندیدە هەمەجۆرەکانی فەیلەسووفەکان روون بکرێتەوە. بەپێی ئەو مەیل و میزاجە فەیلەسووفەکان، بە بۆچوونی جێمس، دەکرێن بەدوو بەشەوە و هەر بەشە رێبازێکی سەربەخۆی رەنگ رشتووە:
**یەکەم:** زبرەکان: Grobkornig
ئەو تاقمە ئیمپریستن، پەنا دەبەنە بەر ئەزموون و تاقیکردنەوە، مەتریالیستن باوەڕیان بە ئایین نییە، گومانکارن، رەشبین و لایەنگیری فرە رەنگین.
ئەو فەیلەسووفانە لە کایەی تیوری زانیندا پشت بە هەڵکەوت دەبەستن و ئەزموون و هەستەکان بە رێگای سەرەکی زانین دادەنێن.
**دووەم:** ناسکەکان(٨): Zartfuhlend
رابەرانی رێبازی ژیر و ژیرەکین، ئایدیالیستن، ئیماندار و باوەڕیان بە ئایین هەیە، گەشبینن، لایەنگیری رێبازی خواستی ئازادن، دۆگماتین و بەلای یەکرەنگیدا دەچن. ئەو فەیلەسووفانە لەو باوەڕەدان کە ژیر بەپێی بنەماکانی رێگای راستەقینەی زانینە.
لەنێوان ئەو دوو رێبازەی زانیندا، ئەزموونی و ژیرەکی، جێمس چەند خاڵی لەباری دۆزیوەتەوە و پەیرەوی کردوون و رێبازی سێیەمی لێیانەوە دامەزراندووە کە خۆی بە ئەزموونی رادیکاڵی ناوی بردووە.
لەو رێبازەی جێمسدا چەند تەوەرێک کراوە بە کەرەسەی شرۆڤەکردن و توێژینەوە، بە تایبەتی:
- پێوەندی نێوان خود و بابەت لە پرۆسەی زانیندا.
- هۆشیاری.
- شارەزایی و ئەزموون و بۆچوون.
- کێشەی راستی (هەقیقەت).
٢- جێمس لە تیوری زانیندا بە ئەزموونی رادیکاڵ ناسراوە، چونکە لەو باوەڕەدا بووە کە بنەما و بنەڕەت و یەکەم پرنسیپ گرینگ نین و بایەخی فەلسەفەیان تێدا نابینرێ، بەڵکو ئەوی گرینگە فاکتە (راستییە هەڵکەوتە)کانن لەگەڵ شێوازی سەرنجدان و تێبینی کردنیان، چونکە هەڵکەوتی راست و راستەقینە ئەوەیە کە مرۆڤ لەسەر راستە رێگای هزر و بیرکردنەوەدا بەرەو پێش دەبات و هان دەدات. دروستیش ئەوەیە کە دەبێتە مایەی بەرەوپێش چوونی کردار و رەفتاری (٩) مرۆڤ و دەوروبەر، جیهانی دەرەوە، جیهانی نامن بەبێ چەندوچۆن و ئەگەرێک بوونی سەربەخۆی راستەقینەی هەیە، ئەو بوونە پەکی لەسەر بریاردانی مرۆڤ نەکەوتووە، هەمەرەنگی و فرە جۆری ئەو شتانەی لێوەی پێکهاتووە(١٠) Vielheit کە بوونی سەربەخۆیان هەیە و پێوەندی توندوتۆڵیش بەیەکەوە بەستوونییەتەوە، راستییەکە ئەزموون و تاقیکردنەوە پشت راستی دەکاتەوە، ئەگەر ئەزموون ریشەیی ئامرازی یەکلاکردنەوە بێت، ناکرێ راستییەکی نەگۆڕاو هەبێ، بەڵکو دەبێ بەپێی هەلومەرج و سوود و قازانج، کە دەستەبەری دەبێ، گۆڕانی بەسەر دابێت، ئەزموون هەمیشە هەریەک ئەزموون نییە کەوابوو بەو قسەیەی ولیەم جێمس بێت پێوەرێکی وامان نییە کە بە تەواوەتی دڵنیایی لێ بکرێت و راستی پێ لە ناراستی و نادروست جیا بکرێتەوە! ئەوەیە مەبەستی پراگماتیزم کە گوتوویەتی: فرە رەنگی Pluralism لە هەموو شتێکدا بەدەردەکەوێ و ئەوی هەیە تاکە و هەمەکی- گشتی جێگای لەو جیهانە هەمەرەنگییەدا نابێتەوە، دەبێ گومانی رەوا جێگا بە دۆگمە بەستووەکان لەق بکات.
٣- لە پرۆسەی زانیندا جێمس گومانی لە بنەمای دوو رەنگی گیان و لەش، نەفس و مادده کردووە و وای داناوە کە ئەو زانینە لە پرۆسەی شت زانینەوە کەوتۆتەوە و بنەڕەتێکی ئیپستمۆلۆژی هەیە.
لە تیوری زانین وا باوە کە پرۆسەکە دەکرێ بە سێ بەشەوە:
- خۆیەک (کەسێک) کە شت دەزانێ.
- کەرەسەیەک کە دەزانرێ و دەبێت بە بابەتی زانینەکە.

- چالاکی زانینی خۆی.
لەو پرۆسەیەدا هاوکێشەی پێوەندی نێوان «خود و بابەت» کراوە بە بنەما و جێمس گومانی لەو بنەمایە هەبووە و وای داناوە کە لەو هاوکێشەیەوە دوو ڕەنگییەکە پەیدا بووە(١١) دوو ڕەنگییەک بە هیچ ئەزموونێک پشت ڕاست ناکرێتەوە، بەڵام دەکرێ بەو جۆرە شرۆڤە بکرێت و لێک بدرێتەوە:

لە کاتی چالاکییەکی دیاریکراودا (شت زانین) بوونەوەرێک کە شتەکە دەزانێ، خودێک بابەتێکی ناخۆی دەزانێ کە شتە زانراوەکەیە. هەر ئەوی شتەکەی زانیوە بەگیان- هزر و ئەوی زانراوە بە مادده، کەرەسە دانراوە. لە خودە شت زانەکەوە گەوهەرێکی گیانی لە هۆشدا خراوەتەوە و ناوی گیان- دەروونی لێنراوە. ئەو خاڵە لە بابەتی هۆشیاری و شارەزاییدا Erfahrung پتر دەردەکەوێ و ڕوون دەبێتەوە: جێمس گوتوویەتی: هۆشیاری سیمبۆلی شتێک نییە کە بتوانرێ بکرێ بە بنەما و بۆ مەبەستی تایبەتی بەکاربهێنرێ و پشتی پێ ببەسترێ، بەڵکو خۆی لە خۆیدا چالاکی و ئەرکێکی دیاریکراوی ئۆرگانێکی لەشی مرۆڤە(١٢). بە هەمان پێودانگ شارەزایی (خیبرەی عەرەبی) و Erfahrung بە ئەڵمانی سەرنج بدرێت.

شارەزایی بێگەرد بریتییە لە تەوژمی ڕاستەوخۆی ژیان کە بابەت و کەرەسەی بیرکردنەوە و هزر Reflexion دەستەبەر دەبێ. لەو تەوژمەی شارەزاییدا ئەرکێک، چالاکییەک هەیە کە بەهۆی بیرۆکەکانەوە جێبەجێ دەکرێت، ئەو چالاکییەش بریتییە لە زانین.

بەو پێیە جێمس پشت ئەستوور بە زەمینە سایکۆلۆژییەکەی کۆشاوە ساغی بکاتەوە کە هۆشیاریی Bewusstsein بوونێکی سەربەخۆی نییە و شتێکی گیانی نییە کە لە لەش جیابێ لەنێو بوونی مرۆڤ خۆیدا. ئەو کۆششە بەو بنەمایەی پراگماتیزم ساو دراوە ئەوی بە وردی و ڕێکوپێکی بەهۆی ئەزموونەوە پشت ڕاست و ساغ نەکرێتەوە، بوونی سەربەخۆی نابێت!.

## باوەڕ و ئەزموونی ئایینی

١- قسەکردن لە بابەتی باوەڕ و ئایین لە جیهاندیدی ولیەم جێمس بە تایبەتی و پراگماتیزم بەگشتی واپێویست دەکات تایبەتمەندی ئایینی کۆمەڵگەی ئەمەریکا لەبەرچاو بگیرێ، ئەگەر پراگماتیزم خۆی نەمامێک بێ لە زەمینە و کەشوهەوای کۆمەڵگەی ئەمەریکادا شین بووبێ و هاتبێتەبەر، ئەو کۆمەڵگەیە بەبێ هیچ گومان و ئەگەرێک کۆمەڵگەی کریستیانە (مەسیحی- فەلە- گاور)، کەوابوو دەبێ ئەو پێوەندییەی نێوان ئەو جیهاندیدە فەلسەفەییە و ئەو کۆمەڵگە کریستییانە چۆن لێکبدرێتەوە و هەڵبسەنگێنرێ و ئەو ئەنجامە چییە و چۆنە کە لەو ڕەوشە دەکەوێتەوە؟

ئەگەر مرۆڤ شارەزایی لەو سەرچاوانە هەبێ کە باسی پەیدابوون و بڵاوبوونەوە و جێگیربوونی ئەو ئایینە دەکەن، بۆی دەردەکەوێ کە گۆڕانی سەرتاپاگیری بەسەرداهاتووە، ئەو گۆڕانەش هۆکاری ناوەکی و دەرکی خۆی هەبووە و بوونەتە مایەی ئەوەی ئەو ناوەرۆک ڕوخسارەی ئێستا هەیەتی، پێی ببڕێ.

بەپێی ئەو پێناسانەی ئایین کە کراون و باون ئایین، ئەگەر خەسڵەتی گەردوونی پێ ببەخشرێ لە دوو لایەن پێکهاتووە:

- لایەنێکی تیوری کە پتر بەلای باوەڕ (عەقیدە و ئیمان)دا دەچێ.
- لایەنێک بە کردەوە، بریتییە لەو ئەرک و فەرمانانەی بە (فەرز) بەسەر لایەنگیرانیدا دەسەپێنرێ، دەبێ لە ژیانی ڕۆژانەدا پەیڕەو بکرێت. ئەو دوو لایەنە پێوەندی دەستیاوی هاوسەنگ و هاوبەندی لەنێوانیاندا هەیە، بەبێ یەکتری نابن. لایەنی باوەڕ کاتێک تەواو دەبێ کە خاوەن باوەڕەکە (ئیماندارەکە) بە کردەوەش ئەرک و (فەرزەکان) جێبەجێ بکات. ناکرێ مرۆڤ باوەڕی بە ڕەب هەبێ و نوێژ نەکات و ئەو کارانەی ڕێگایان پێ نەدراوە بیکات!.

ئەگەر سەرنج لە هەڵکەوتی ئێستای ئایینی کریستیانی (عیسایی) بدرێ چی دەردەکەوێ و دەبینرێ؟!

تەنانەت، ئەگەر ئەو گۆڕانەی بەسەر ئەو ئایینەدا هاتووە، نامۆ بێتە بەر دید، ئەوە ئەو نامۆییە کاڵ دەبێتەوە، ئەگەر مرۆڤ لەسەرچاوە باوەڕ پێ کراوەکانەوە ئاگاداری چۆنێتی دەرکەوتنی ئایینەکە و چوارمێخە کێشانی یەسوعی مەسیح (عیسای مریەم) و ئینجا بڵاوبوونەوەی بە تایبەتی لە هەواری تازە، لە ئەوروپا ببێ. سەرچاوەکان هەر لە سەرەتاوە پتر باسی باوەڕ (عەقیدە و ئیمان) یان کردووە. لایەنی دووەمی ئەوەندە بایەخی پێ نەدراوە، ئیتر ئەو لایەنە نوێژ، ڕۆژوو، یان هەر ئەرکێکی دیکە بێت!

کریستیان وەک هەموو دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە بۆ ئەوەی جێگای خۆی لە کۆمەڵگەدا بکاتەوە، ناچاربووە کۆمەڵگەکە بگۆڕێ بۆ ئەوەی بنەماکانی پەسند بکرێن، هەر ئەو پرۆسەیەش بۆ ڕازی کردنی کۆمەڵگە، ئەگەر ڕێژەیی و لە سنوورێکی دیاریکراویشدا بووبێ، ناچار بووە پریشکی گۆڕان پەسند بکات کە بەری کەوتوون. ئەوەبوو هەردوو ڕێبازی کاتۆلیک و پرۆتستانت دەرکەوتوون و جێگیر بوون. ئەو دابەش بوونە سروشتی پێکهاتەی سەرخان و ژێرخانی کۆمەڵگەی بەرجەستە کردووە. بۆ نموونە کۆمەڵگەی باکووری ئەڵەمانیا کراوەترە لە چاو ناوچەکانی دیکە، ڕێبازی پرۆتستانتی (Evangelum) هەڵبژاردووە. بە پێچەوانەی کۆمەڵگەی کۆنەپارێزی باشوور سەر بە ڕێبازی کاتۆلیکە. لەگەڵ ئەو جیاوازییەی ئەو ئایینەی کردووە بەدوو بەشی تاڕادەیەک ڕکەبەر و نەیاری یەکتری، توانیویەتی بەوپەڕی هێز و تەوژمەوە پێوەندییەکانی کۆمەڵگەکان بە هەموو لایەنی کۆمەڵایەتی و کولتووری و سیاسی و هزری و ئابووری و دەروونییەوە بە جۆرێک بگۆڕێ بە هیچ جۆرێک هەست نەک بە بوون، بەڵکو بە شوێنەواری کولتووری ڕابردووی ئەو کۆمەڵگەیانە نەکرێ، ئەو گۆڕانەی ئەو ئایینە کردوویەتی، ڕاستە لایەنی باش و لەبار و پۆزەتیڤی هەبووە و هەیە، بەڵام بە شێوەیەکی ئەوپەڕی بێ بەزەییانە ڕاست و چەپی بەسەر سەرتاپای کولتووری پێش خۆی لە ئەورووپادا هێناوە و لە جێگایدا کولتوورێکی ڕۆژهەڵاتی لە ئۆرشەلیم خەتوخاڵ داو لەگەڵ فەلسەفەیەکی هیلێنستی ئاوێتەکراو، سەپاندووە. ڕاستی ئەو قسەیەش ئەوەیە کە بابەتێکی کولتوور و شارستانیەتی ئەوساو سەردەم بە هەموو لق و ڕەهەندەکانییەوە بەدی ناکرێ کە بەشێوەیەک لە شێوەکان پۆزەتیڤ- نێگەتیڤ، لەبار- نالەبار جێ دەستی مەسیحیەتی پێوە نەبێ!

٢- تایبەتمەندی مرۆڤ و کۆمەڵگەی ئەورووپا بەگشتی و هی ئەمەریکا بە تایبەتی بوونەتە مایەی ئەوەی مەسیحییەت گۆڕانی ئەوتۆ بەسەر خۆیدا بهێنێ لە ئایینەوە ببێ بە باوەڕ (عەقیدە- ئیمان). ئەمە چی دەدەگەیەنێ؟!

- ئایین بێجگە لە لایەنی تیوری کە باوەڕهێنانە، لایەنگیرانی پابەندی بەجێ هێنانی چەند ئەرکێک (فەریزەتێک) دەکات کە بە تەواوەتی لە ئایینی کریستیاندا بەدی ناکرێن، تەنانەت چوار ئینجیلە فەرمییەکانیش هیچ ئاماژەیەکیان لەو بارەیەوە تێدا نییە. ڕاستە ڕۆژانی شەممە بەناوی نوێژەوە ئاهەنگێکی ئایینی (Sermon) لە کلێسەدا ڕێک دەخرێ، بەڵام: بۆنەکە بە کەمی هەستی ئایینی و پەرستن ( تەقوا) دەورووژێنێ، لەوێدا پیاوژن- بەبێ سەرپۆش و منداڵ بەشداری دەکەن لەگەڵ دەنگی موزیک سروودی ئایینی دەڵێن. بەشداربوون لە نوێژی ڕۆژی یەکشەمان و بەشدار نەبوون تێیدا وەک یەکە، هیچ کەسێک بە هیچ ڕێسا و بنەمایەک ناچار ناکرێ لەو نوێژە، ئاهەنگەدا بەشداری بکات. لە نووسراوەکانی ئەو ئایینەدا هیچ جۆرە سزا و پاداشت، ڕێگادراو و ڕێگا نەدراو (حەڵاڵ و حەرام) پێی لەسەر دانەگیراوە. نۆشینی مەی (ئەلکهول) بەهیچ شێوازێک قەدەغە نەکراوە. ئەوی لێرەدا سەرنج ڕادەکێشێ ئەوەیە کە مرۆڤی مەسیحی یەک تاکە (فەرزی) پێ سپێردراوە کە بریتییە لەوەی باوەڕ بەو سێ بنەمایە بهێنێ:

**یەکەم:** ئەو گوناهەی ئادەم و حەوا کردوویانە ئۆباڵەکەشی چۆتە ئەستۆی مرۆڤی عیسایی، بەڵام: مرۆڤ داوا کراو نییە بە کردەوە کەفارەتی ئەو گوناهە بدات! بەڵکو هەر ڕەب خۆی دەستەبەری ڕاستکردنەوەی ئەو هەڵەیە بووە بەوەی.

**دووەم:** ڕەب ڕۆڵە و کوڕەی خۆی یەسوعی مەسیح (عیسای مریەم)ی ناردووە بۆ ئەوەی چوار مێخە بکێشرێ و ئەو لە دار دانەشی کەفارەتی گوناهی مرۆڤی داوە، ئیتر گوناهەکان کاڵ بوونەتەوە، کەچی لە ئایینەکانی دیکەدا مرۆڤی ئیماندار خۆی دەبێ بچێتە ژێر باری ئەو گوناهە و بە بڕوا و کردار کەفارەتی ئەو گوناهەی بدات.

**سێیەم:** لە کۆتایی هاتنی دنیادا، جارێکی تر یەسوعی مەسیح لە ئاسمانەوە دێتەوە سەر زەوی و کۆتایی بە زۆر و جەور و بێ دادی دەهێنێ و مەملکەتی ڕەب (بەهەشت) دادەمەزرێنێ.

مەسیحییەت کە بە فەرمی ئایینی ئەمەریکایە و ولیەم جێمس پێی گۆش کراوە باوەڕە (Glaube) نەک ئایین. هەر ئەو هۆکارەیە بۆتە مایەی ئەوەی فەیلەسووفەکان هەندێک شت بڵێن بەلای مرۆڤی سادەوە نائاسایی بێت.

باوەڕ (ئیمان و عەقیدە) Belief بەشێکی سەرەکییە لە سروشت و بوونی مرۆڤ، بۆیە ئەو پرسیارەی لە بارەی ئەوەوە دەکرێ، ئایا مرۆڤ مافی ئەوەی هەیە ئیماندار

بێت، کـاڵ دەبێتــەوە و ڕەوایی خـۆی لەدەست دەدات. بەلای ولیـەم جێـمسـەوە هەر کردارێک مرۆڤ لە ژیانی ڕۆژانەیدا بیکات و باوەڕ بە هەر شـتـێک بهـێنی، یان نەهێنی، دوو هۆکاری هاندەر لە پشتییەوەیە:

– هۆکاری پاڵنەری سروشتی کە بە عەرەبی (غـەریزە) و بە ئەڵەمـانی (Instinkt)ی پێ دەگـوترێ بەرانبـەر بەخواستی ئازاد دادەنرێت. ئەو لایەنەیە سەرچاوەی باوەڕ و ئیمان، چونکە بە ویژدان و هەست و سۆزەوە پەیوەستە.

– ژیر، بەهۆیەوە دەکــرێ گــریمانەکــە پشت ڕاست بکرێتــەوە و دەربخــرێ تا چ ڕادەیەک باوەڕ ســوود و قازانجی لە بێ باوەڕی پترە!

کەوابوو سروشـتی پێکهاتەی مـرۆڤ خۆی، کێشە و پێداویستییەکانی ژیانی ڕۆژانە، خۆشی و ترشی، ئومێد و نائومــێـدی، دڵنیــانەبوون و ترسی دواڕۆژ پاســاوی باوەڕهێنان (ئیــمــان) دەدەنەوە. ڕاســتــە پشــوودرێژی (ســەبر) خــۆی لە خـۆیدا ســیــمــبــۆل و نیـشـانەی بێ ئومـێـدییــە، بەڵام ڕەوشـێکی تری لە پشـتــەوەیە کـە ڕەهەندەکانی چاوەڕوانی کردنی مرۆڤ بەرجەستە دەکات.

لە ژیاندا گریمانەی جۆر بەجۆر هەیە، ئەگەر وای دابنێین باوەڕ خـۆی جـۆرێکە لە گریمانە، ئەوە ناکرێ گریمانەیەک وەلا بنرێ و پەسند نەکرێ، ئەگەر بێتو چەند ئەنجامێکی ســوودبەخـشی بۆ ژیان پێ بێ و لێی بکەونەوە. گـریمانە بەپێی بنەمـای لۆژیـک، ئەگـەر سـوودبەخش بێ، بابەتی لۆژیک نامـێنێ، ناکرێ لە سەرەتاوە بەڕاست دابنرێت.

ئەوی لێرەدا دەکرێ بپرسرێ ئەوەیە: بە قسـەی جێـمس باوەڕ (ئیـمـان) سـوودبەخـشـە و لە سـروشـتی هەست و سـۆزی ناخی مـرۆڤـەوە دەکـەوێتـەوە، باشـە ئەگـەر ئەو گریمانەیە پەسند بکرێت، چ جـۆرە واتایەک دەبەخـشێ و ئایا بەپێی ڕێساکانی پراگماتیزم ئەو باوەڕهێنانە لە چاو بێ باوەڕی چ جیـاوازییــەک لە کـرداری ژیـانی ڕۆژانەی مرۆڤدا بەدی دەهێنێ و دەستەبەر دەبێ؟!

ئەگەرچی دابڕینی ئاکار لەلاهووت و کاروباری ئایین و باوەڕهێنان، شتێکی سووک و ئاسان نییـە و ئەنجامی چاوەڕوان نەکـراوی لێـدەکـەوێتـەوە، بەڵام فـاکـتـەر و هاندەرێکی ئاکارییانەی پشت ئەستوور بە پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەیەک زانست تێیدا دەستبەکار بێ، پتر لەو باوەڕهێنانە بە هێزێکی سەروو سروشت، بەهێزتر و کاریگەرترە. تاقیکردنەوەی ئەو کۆمەڵگەیەی جێمس تێیدا ژیاوە، ئەو قسەیە ساغ دەکاتەوە.

– بەپێی بنەماکانی پراگماتیزم، ڕاستی لە سوودبەخش بەولاوە نەبێ، دەبێ بیرۆکەی باوەڕهێنان بە مەسیحییەت و ڕەب، بیــرۆکــەیەکی ڕاست و دروست بێ. هەر لەو ڕوانگەیەوە بنەمایەکی هزر، ئەگەر بەربەست بێ لەبەردەم باوەڕهێنان بە چەند ڕاسـتـیـیـەک، لەوانە ڕاسـتی باوەڕ (ئیمـان)، ئەگەر ئەو ڕاستییانەش هەڵکەوتی ڕاستەقینە بن و ئەنجامی سـوودبەخشـیـان لێ بکەوێتـەوە، ئەوە ئەو بنەمــایەی بیــر بە هیچ ڕێوشـوێنێکی ژێر پشت ڕاست نابێتەوە(١٣)

ئەگەر ئەو بۆچوونەی جێمس لە بارەی بایەخ و گرینگی هەبوونی ئایین بەگشـتی و باوەڕ پێ هێنانی بە تایبـەتی سوودبەخش بێ، چونکە دەبێتە مایەی ئەوەی خەڵک لە بەدکـاری دووربکەونەوە و پابەندی ڕێوشـوێنەکـانی بن، ئەوە بکەن و ئەمە نەکەن، جۆرە دڵنیاییەکی دڵخۆشکەر بە مرۆڤی بێ ئومێدی سەرگەردان و نیگەران ببەخشێ، لەوەوە هاتووە کە جێمس خۆی نە ساغ بووە و مامۆستا و پســپــۆڕی ســایکۆلۆژی (دەروونزانی) بووە، مــرۆڤی مۆدێرن، گۆشکراو بە کـولتووری مرۆڤدۆستی، ویژدان و ژیری خـــۆی دەیکەن بەســەرپشک چی بکـات و چی نەکات، ڕێوشوێنەکانی ئاکار تەنیا چەند هۆکارێکی پلەی دووەمی یاریدەدەر دەبێ و لەوە بەولاوە ڕۆڵێکی دیکەیان نابێ!.

– بۆ پشت ڕاست کردنەوەی بۆچوونەکەی، جێمس وای داناوە کـە ڕاستی و دروستی باوەڕهێنان بە ڕەب و ئایین لە چەند خاڵدا بەرجەستە دەبێت:

**یەکەم:** بەڵگەی شـارەزایی و ئەزمـوونی ئایینی کـە لە ناخی مــرۆڤــدا پەنگی خــواردۆتەوە، ڕێـگا خـۆشـکەری باوەڕهێنانە بە ژیانی هەتا هەتایی (دوای مردن) و بوونی هێــزێکی ســەروو ســروشت و شــتــێک هەیە چالاکــە و بەهەرمــەندە و لەپێناوی ژیانی چاکــتــر و گــوزەرانێکی خۆشتری مرۆڤ کـار دەکات، بێجگە لەوەی کەسـانێک هەن پلەوپایەیەکی ئەوتۆیان هەیە شـایەتیــیــەکـەیان لە بارەی ئەو شـارەزاییــە Erfahrung ئایینیــیــە پەسند دەکرێت و خەڵک گوێیان لێ دەگرێ و گرینگی ئەو باوەڕە پشت ڕاست دەکەنەوە.

**دووەم:** هیچ بۆچوونێکی زانستی نابێتە مایەی گۆڕانی و بێ باوەڕیی (ئیلحــاد). ڕاســتـــە لاهووت و ئایین جیـهـانـدیدێک بەرجەسـتـە دەکەن سنووری جیـهـاندیدی زانست دەبەزێنێ، بەڵام لەگـەڵیـدا ناکـۆک نییــە. زۆر بیروبۆچوونی لاهووتی هەیە لەگەڵ بیروبۆچوونی مرۆڤ لە بارەی جیهان دەگونجێن.

**سێیەم:** باوەڕ و ئایین (ئیمان) هاندەری کاراکردنی خواستی ئاکارەکی مرۆڤن. بۆ نموونە هەموو کەسێک حەز دەکات ژیان و جیهان خۆش بن و پڕ بن لە چاکەکاری و بەختەوەری. باوەڕ ئەو دڵنیاییە بە مرۆڤ دەبەخشێ کە هۆشێک، هێزێکی سەرووسروشتی هەیە لەو چالاکی و ئەرکەی دنیا بەرەو باشتر بردندا کۆمەک دەکات(١٤).

ئەگەرچی لێرەدا، بەپێی جیهاندیدی جێمس، باوەڕ (ئیمان) تەمومژاوی کراوە و وای لێ هاتووە بە کەمی لە هیوا و ئاوات و مرازی مرۆڤی گیرۆدەی دەستی ئەندێشەی سنووربەزێن جیا دەکرێتەوە، بەڵام لەلای خۆیەوە بایەخ و سوودی کردەکی لە ژیاندا هەیە. هەمەڕەنگی و بەپێزیی ژیان، داهێنەری ئەو جۆرە دیاردە کۆمەڵایەتییانەن کە ئایین خۆی یەکێکە لەوان، بە کەم دانانی دیاردەیەک لەو دیاردانە، بە هەند نەزانینی ئەو فرەڕەنگییەی ژیان دەگەیەنێ!

مرۆڤ کە لە هەڵوێستی کێشە ئامێزدا خۆی دەبینێتەوە، نەک دەبێ بە سەرپشک، بەڵکو ناچار دەبێ بڕیارێک بدات، شتێک هەڵبژێرێ، لێرەوە باوەڕ دەکەوێتەوە.

باوەڕ لەخۆیدا بریتییە لە ئامادە بوون، با هێزەکیش بێت، بۆ کردار و ڕەفتار بەو پێیەی چاوەڕێی ڕەوشێک دەکرێ، دەشێ بواری گومان کردن بدات و ئەو دەرفەتە دێنێتە پێشەوە مرۆڤ سەرپشک بێت لەنێو دەرفەتە لە ئارادابووەکاندا optionen یەکێکیان هەڵبژێرێ. ئیتر لەو سۆنگەیەوە بووە کە جێمس بە دڵنیاییەوە وای زانیوە کە (گریمانەی بڕوا بوون بە ڕەب Gott گریمانەیەکی سەرکەوتووی بە بڕشت و سوودبەخشە، چونکە لەلایەکەوە هاندەری ئومێد و چوستو چالاکی مرۆڤە و لەلایەکی دیکەوە سوود و قازانجی کردەکی لێدەکەوێتەوە.

ئەو پرسیارەی لێرەدا دەبێ بکرێ ئەوەیە:

ئایا ولیەم جێمس بەو جیهاندیدەی سروشتی جیهانی و دنیایی بە ئایین و ڕەب نابەخشێ و تایبەتمەندییە ترانسندینتالییە سەروو سروشتییەکەیان لێ زەوت ناکات؟ وەڵامەکە دیار و ئاشکرایە، چونکە خۆی گوتوویەتی:

– هەست و سۆز و چالاکییەکانی ناخی دەروون و کارو کرداری خواست (ئیرادە) هەمیشە لەپێش باوەڕەوە (ئیمانەوە) دێن، بگرە ڕێگای بۆ خۆش دەکەن(١٥) ئیتر شتێکی چاوەڕوان نەکراو نەبووە کە جێمس، پشت ئەستوور بە بنەما بنەڕەتییەکانی پراگماتیزم بە تەواوەتی لە دوو خاڵ دڵنیا بووە:

**یەکەم:** دەبێ سەرخانی باوەڕ (ئیمان) لەسەر بنەمای جۆرە گومان کردنێک دابمەزرێت.

**دووەم:** دەکرێ و- دەبێ وابێ- باوەڕ بوون بە ڕەب، جێگای ڕەب خۆی بگرێتەوە(١٦). ئەو باوەڕەی جێمس هەرچۆنێک شرۆڤە بکرێت، ڕەوشی تاکەکەسی خۆی وای لێ کردووە هەست بکات کە باوەڕهێنان بە ڕەب دەستەبەری ڕەوشی بەختەوەری دەبێت! ئایا ئەو باوەڕهێنانە چۆن وێنای ڕەب دەکات؟ ڕەب گەوهەرێکی ڕاستەقینەی سەروو سروشتییە، یان تەنیا بۆچوونێکە لە مێشک و ناخی دەروونی ئیمانداردا؟

چۆن جێمس دەتوانێ دەستەبەری ئەوە بێت کە ڕەب لێرەدا تەنیا هەر بۆچوونییە؟ دووریش نییە ئەو بۆچوونە کە لە مێشکدایە لە بارەی ڕەببەوە ئەوپەڕی سوودبەخش و کردەکی تر بێ لەوەی جێمس و هاو ئایینانی باوەڕیان بە ڕەب خۆی هەبێ؟ پرسیارەکە بە کراوەیی دەمێنێتەوە.!

پێوەری سوود و قازانج لەو کایەیەدا بە تەواوەتی ئایینی کریستیان لەناوەڕۆکەکەیدا سروشتی سەروو سروشتی- ئاسمانی لە دەست دەدات و ڕۆڵی هەڵبەستنی پردی پێوەندی نێوان پەروەردگار و بەندە کاڵ دەکاتەوە.

**ئەنجام**

– بەبێ هیچ ئەگەروگومانێک لەو سەردەمەماندا، هەموو ڕێبازێکی فەلسەفە ڕاستەوخۆ سروشتی هۆشیاری نەتەوەیی ئەو نەتەوە و وڵاتە بەرجەستە دەکەن کە تێیاندا سەریان هەڵداوە و گەشەیان کردووە، ئەگەر فەلسەفەی ئیمپری- ئەزموونی تایبەتمەندی هۆشیاری نەتەوەیی ئینگلیزی دەربڕیبێ، فەلسەفەی نەتەوەیی ئەڵەمان بەگشتی ئایدیالیستی بووە. ئیتر پراگماتیزمیش فەلسەفەی خودی کۆمەڵگەی ئەمەریکایە و ئاوێنە ئاسا پێداویستی و هەست و نەست و پێوەندییە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و ئایدیالۆژی و دەروونی و هزری کۆمەڵگەی ئەمەریکا بەسەرخان و ژێرخانەوە تێیدا دەردەکەون.

کۆمەڵگەیەک لە هەموو شتێکدا نوێ بێ، تەنانەت کولتوورێکی تایبەتی خودی خۆی نەبێ، بێ نەتەوە، سنووری وڵاتێک کە ئەمەریکایە و زمانێکی سەپێنراو کە ئینگلیزییە کۆی کردۆتەوە. کۆمەڵگەیەکی فرەڕەنگی هەمەجۆر (Konglomerat) لە ئەندام و توێژ و چینی لە سەرانسەری جیهانەوە کۆچ کردوو پێکهاتووە، دەبێ لە

دروشمی «سوود و قازانج» بەولاوە، چی کۆیان بکاتەوە. ئەوەیە ئەو شارستە و دەستەواژەیەی پراگماتیزم کردوویەتی بە بنەما و جیهاندیدەکەی لەسەر دامەزراندووە:

«ڕاستی و دروستی شتێک، بیرۆکەیەک ئەو ئەنجامەی لێی دەکەوێتەوە پشت ڕاستی دەکاتەوە»، بۆیە سەیر نییە ئەگەر بوترێ، دەکرێ بیرۆکەیەک، گریمانەیەک، تیۆرییەک، ڕێوشوێنێکی ئاکار ڕاست بێ، بەڵام هیچ سوود و قازانجێکی کردەکی نەبێ. لێرەوە پراگماتیزم لە ئاکاردا لەگەڵ ڕێبازی سوود و قازانجی بێنتام و جۆن ستیوارت، دێتەوە و یەک دەگرێتەوە.

– بەپێی ئەو ڕەوشە زانستییەی گەشەکردنی ئەو کۆمەڵگەیە ڕەخساندوویەتی، جێ دەستی لە جیهاندیدی پراگماتیزمدا بە ئاشکرا دەرکەوتووە، بە تایبەتی ئەو کارەی فیزیک و سایکۆلۆژی کردوویانە و بوونەتە مایەی ئەوەی مەیلی ڕێبازی تاک ویستی Individualism سەرئاو بکەوێ و سوود و قازانج و ئارەزوو و ئامانج لە ژیانی هەڵکەوتی ڕۆژانەدا بکرێن بەسەر پشکی پێوەری هەڵسەنگاندن. لێرەوە میتافیزیک پشتگوێ خراوە و لۆژیک و تیوری زانین تێکەڵ بە یەکتری کراون.

ئەنجامی ئەو تێکەڵاوکردنەش پاساودانی هەبوونی دەستەواژە و بیرۆکەی پێشیانەبووە، لەگەڵ پێداگرتن لەسەر ئەوەی کە هەڵبژاردنی هەر نەزم و سیستمێکی لۆژیکی- ئیپستمۆلۆژی پابەندی ناچاریی پێداویستی کردەکییە! پێداویستی ژیان و سەرکەوتن لە ئیشو کاردا و ئەو سوودەی چاوەڕوان دەکرێ، ئەو هەڵبژاردنە ڕەوا دەکات! بۆیە هەمیشە «ئامانج ئامراز ڕەوا دەکات». پشت ئەستوور بەو جیهاندیدەی پراگماتیزم ڕێژەی زانست خراوەتە نێو کایەی فەلسەفەوە بە هەموو لق و بەشەکانییەوە، ئیتر لەگەڵ گۆڕانی بەرژەوەندی، بە دوور نازانرێ ئەوی ئەمڕۆ ڕاستە، سبەینی ببێ بە چەوت و بێ سوود(١٧).

**سەرچاوە و پەراوێز:**


1- Fridrich Jonas: Geschichte der Soziologie. Bd.z. Hamburg. 1976. S.293.

2- Charles Sanders Peirce: Schriften. I.: Zur Entstehung des Pragmatismas. Suhrkamp Verlag 1967. S. 334. Para: 5. 397.

3- Charles Sanders Peirce: Ebenda. S.349. Parag: 5. 407.

4- Charles Sanders Peirce: Ebenda. S.338. Parag. 5. 401.

5- William James.: Der Pragmatismus. Ein neuer Name fur alte Denkmethode. Meiner. Hamburg 1994/ S. 28. ff.

6- William James.: Ebenda. S.26-27.

7- William James.: Ebenda. S.3-4.

8- William James.: Ebenda. S.7. ff.

9- Hilary Putnam: Pragmatismus- Eine offene Frage. Campus. Frankfur A/M. 1995. S.18. ff.

10- Wolfgang Rod.: Der Weg der philosophie. Bd 2. Verlag C.H. Beck. München. 2009. S. 517.

11- Bertrand Russell: Philosophie des AbendLandes. Wien 2000. S.819. ff.

12- William James: Pragmatismus und radikaler Empirismus. stw. 1775. Frankfurt. A/M 2006. s.8.ff.

13- William James.: Der Wille Zum Glauben. s.153. In: E . Martens (Hrsg): Philosophie des Pragmatismus. Ausge Wahlte Texte. Reclam. 9799. Stuttgart. 2009.

١٤- جيمس كولينز: الله في الفلسفة الحديثة. ترجمة: فؤاد كامل. القاهرة- ١٩٧٣، ص٤٢٣ فما بعد وفي أماكن أخرى.

15- William James.: Ebenda. S. 137. (Der Wille Zum Glauben).

16- Bertrand Russell: Ebenda. S. 825.

17- Ludwig Nagl: Pragmatismus. Campus Verlog. Frankfurt A/M. 1998. S. 57.

# کتێبخانە لە کەرکووک و ئاوڕدانەوەیەکی خێرا

لەتیف فاتیح فەرەج
(کەرکووک)

## سەرەتا

ڕەنگە یەکێک لە ئەستەمترین کارەکان ئەوە بێت کە تۆ بتەوێت لەسەر بابەتێک، بابەتێکی مێژوویی بنووسیت و سەرچاوە، یان کەم بن، یان هەر نەبن. دەستبردن بۆ قسە کردن لەسەر کتێب و کتێبخانە لە کەرکووک و ئاوڕدانەوە لە مێژووی کتێبخانە لە شارێکدا کە هەمیشە لەبەردەم هەڕەشە و پەلامار و تالآن و تالآنکاریدا بووە، هەر ڕۆژەو هێزێک پەلاماری داوە و هەر ڕۆژە و لایەک خاوەنی بووە. لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت دان بەو ڕاستییەدا بنێین کە کەرکووک لە بواری ڕووناکبیریدا هەمیشە بە جۆرێک ئامادە بووە، مێژووەکەی پڕە لە شاعیر و خوێندەوار و پیاوانی ئایینی منەوەر و زاناگەلی هەمەچەشن.

لەمەشدا بوونی زمانی جیاجیا خزمەتی بە باری ڕووناکبیریی شارەکە کردووە، لەبەر ئەوەی بەشێکی زۆر لە کەرکووکییەکان لەپاڵ زمانەکەی خۆیاندا جا ئەو زمانە، واتە زمانی دایکییان کوردی بووبێت، یان تورکمانی، زمانی دیکەشیان زانیوە، کەم خوێندەوار و ڕۆشنبیری سەردەمی خۆی هەبووە لە پاڵ زمانی دایکیدا زمانگەلی دیکەی وەک فارسی و عەرەبی نەزانیبێت. زانینی ئەو زمانانەش هۆیەک بووە بۆ شارەزایی لە ڕۆشنبیری ئەوانی دیکە، ئەگەرچی بەهۆی دەسەڵاتی عوسمانییەکانەوە زمانی ناو شار هەمیشە زمانی تورکی، یان تورکمانی بووە. عوسمانییەکان لە بە تورک کردنی وڵاتەکانی بەردەستیاندا تەنانەت دەستیان لە تورکمانیش نەپاراستووە، کەرکووک ناو شارەکە زمانی تورکی، یان تورکمانی وەک زمانی شار سەیری کراوە و دەرەوەی شاریش زمانی کوردی کە زمانی زۆرینەی خەڵکەکە بووە وەک زمانی گوندنشینان، یان زمانی دەشت، هەر بۆیە نابێ بەلامانەوە گران بێت کە زۆربەی نووسینەکان تەنانەت ئەوەی کە کوردیش نووسیونی تا درەنگێک بە

زمـانی کـوردی نین. تا سـالانێکی درەنگی سـەدەی ڕابردووش خەڵکی گوندەکان هەم خۆیان هێندە بایەخیان بە خوێندن و خوێندەواری نەداوە، هەم نەیار و دوژمنانی کوردیش نەیانهێشـتـووە ئەو بوارە بڕەخسێت، ئەمە بە تایبەت لە سنووری کەرکـووک کـە دواتر لە سـەردەمی بەعەرەبکردندا کـورد و تورکـمـان پێکەوە تێـیدا دەبنە قوربانی.

## خوێندەواری و پێشکەوتن

خـوێندەواری ڕۆڵێکی گـرنگ لە پێشکەوتنی ناوچەو شـارو شـوێنێکدا دەبینێت. تا خـوێندەوار زۆر بێت و ئاستی خوێندەواری بەرەو سەر بچێت، دۆستایەتی کتێب و کـتێبخانەش زیاد دەکات. لە ڕۆژنامەی چەمچەمالی شەهید شاکر فەتاحدا کە سالی ١٩٤٦ وەکو دیواربەند بۆ خەڵکی چەمچەماڵ و خوێندنگەی شەوانی ئەو شارەی دەرکردووە، لە شوێنێکدا داوا دەکات با هەمـوو مـاڵێک کـتێبخانـەیەک لە مـاڵەکەیدا دابنەن، ئەگـەر هاتبا و ئەو ڕۆژگـارە خـەڵک بە قـسـەیان کـردبا ئێـسـتـا ئەو شـارە بچووکە چەندین هەزار کـتێبی تێدا دەبوو، یان لە هەر مـاڵێکدا چەندین هەزار کـتێب دەبوو. سـەیر لەوەدایە دوای نزیکەی ٤٠ بۆ ٥٠ سـاڵ لەو مـێـژووە پڕۆژەی ڕۆژهەلاتی گەورە دێت، داوا دەکات دەبێت کـتێب ببرێتە هەمـوو مـاڵێکەوە، مێـژووی خوێندن و خـوێندەواری لە کەرکووک کە ژیان تێیدا لە هەزاران ساڵ تێدەپەڕێت، بۆ سـەدان سـاڵ لەمـەوبەر دەگـەڕێتـەوە. کـەرکـووک وەک شارێک کە هەمیشە سەرەڕێی کاروانچی و ڕۆژهەلاتناس و گەشتیار و گەڕیدەکان بووە، هەر لە زووەوە شاعیر و ڕۆشنبیر و ئەستێرەناس و زانای تێدا هەڵکەوتووە، کە ئەوانەش دواجـار ڕۆڵـیـان لە پێـشـخـسـتنی ئاسـتی ڕۆشنبیـری شـارەکەدا هەبووە. کـەرکووک لە ڕۆژگـاری خـۆیدا چەندین قـوتابخــانەو ناوەندی پێگەیاندنی خـوێندەواری و ئایینی تێـدابووە کـە دەکـرێت ئامـاژە بەهەندێکیان بدەین لەوانە:

١- قـوتابخـانەی مـەیدان، یان قـوتابخـانەی حـەسـەن پاکیز کە سالی ١٧٠١ دروست کراوە.

٢- قـوتابخـانەی ئەحـمـەد حـەسـەن پاشای ئەیووبی لە سـاڵی ١٧١٥بە هەمـان ناوی ئەحـمـەد پاشای ئەیووبی ساڵی (١٨١٢)یش قوتابخانەیەک کراوەتەوە.

٣- قـوتابخـانەی مـووسەوی، ئەم قوتابخـانەیە بەتەنێ بۆ (یەهوودی) جـوولەکـەکان بووەو لەو ڕۆژگـارەدا (٦٠) قوتابی هەبووە.

٤- قـوتابخـانەی نایب ئۆغلـو (قوتابخـانەو مزگـەوتی نائیب) سالی ١٧١٦ دروست کراوە.

هەروەها ئەم قوتابخانانەش هەبوونە:

حاجی سلێمان ئاغا، فەرهاد زادە، نائیب زادە، بولاق، حاجی ئەحمەد ئاغا، سەیغەنی، ئیمام قاسم، شێخ باقی، شاترلو، حاجی مستەفا، موسلم قوتبزادە و... تاد.

ئەمانە هەموویان دەکەونە سەرەتای سەدەی بیستەوەو هەر یەکەو لە چوار قـوتابی تا ١٥ قـوتابیـان هەبووە، لە سـەدەی نۆزدەشـدا چەندین قـوتابخـانەی دیکـەش کـراونەتەوە، کـە ئێـمـە لێرەدا بەپێـویسـتـمـان نەزانی زۆر لەسەر ئەو بابەتە بووەستین، ئەمەش بە تەنێ بۆ ئەوە بوو بلـێین کـردنەوەی قـوتابخـانەکـان ڕۆڵی گـەورە لە پێشخستنی ئاستی هۆشیاری دەگێڕن. نابێت ئەوەشمان لە بیـر بچێت کـە سـاڵی ١٨٦٨ یەکـەمین قـوتابخـانەی ڕوشدیە لە کەرکووک کراوەتەوە. هەمـوو ئەمـانە ئەگـەر بە ژمارەی زۆر کەمیش بێت، کتێبیان هێناوەتە شارەکەوە.

## تەکیە و خانەقا و خوێندنگە ئایینییەکان

کـەرکـووک یەکـێکە لەو شـارانەی کـە دەیـان تەکـیـە و خانەقـاو خـوێندنگەی ئـاییـنی و مـزگـەوت و کـڵێـسـە و پەرستگەی تایبـەتی هەیە و هەمـوو ئەم شوێنانەش جگە لەوەی جێگەیەکی باشی پاراستنی دەستنووسەکان بوونە، جێگـەیەکـیش بوونە بۆ ئەوەی شـاعـیـر و خـوێندەواران گـفـتـوگـۆی جـۆراوجـۆری تێـدا بکەن. لە تەکـیـە بەناوبانگەکانی کەرکووک:

١- تەکیەی سەید نەجیب.
٢- تەکیەی شێخ باقی.
٣- تەکیەی تاڵەبانی.

هەروەها چەندین تەکـیـەی دیکە کـە هەم شـوێنی خـواپەرسـتی و هەم شـوێنی خـوێندنەوەو خـوێندەواری بوونە، هەروەها ناوەندگـەلی وەک خـانەقـای سـەید ئەحمەدی خانەقا و مزگەوتی نائیب و شوێنگەلی دیکە. کـە هەمـوو ئـەمـانـە ڕۆڵـیـان لە بایەخدان بەدەسـتنووس و دیوانی شـیـعـر و کـتێب و کۆکردنەوەیاندا هەبووە، بەڵام هەمـوو ئـەمـانـە نەیانتـوانیـوە ببنە ناوەندی کـۆکـردنەوەی کـتێب و بنچینەی دامەزراندنی کـتێبخانە، جا دەشێت هۆکـارەکـەی لە نێوان سـەفـەوی و عـوسـمـانیـیـەکـاندا، بارودۆخی سیـاسی کـەرکووک بووبێت، یان هەر هۆیەکی دیکە. جێی خۆیەتی بڵێین لە ساڵی ١٨٩٣ زیاتر لە ٣٢ تەکیە و خوێندنگەی ئایینی لە کەرکووک هەبووە.

## بیرکردنەوە لە کتێب

ئەگەر مەبەست لەم ناوونیشانە ئەوە بێت کە بمانەوێت قسە لەسەر یەکەمین کتێبخانە بکەین، کە لە کەرکووک بەناوی کتێبخانە دانرابێت، ئەوە دەبێت بۆ ساڵی (١٨٠٥) بگەڕێینەوە کاتێک لە لایەن حاجی سلێمان ئاغا ناوێکەوە یەکەمین کتێبخانە دروست دەکرێت و کتێبخانەکە نزیکەی (٢٠٠) کتێبی تێدا دەبێت. هەرچەندە من ئەم ئاماژەیەم لە نووسینێکی نەجات کەوسەر ئۆغڵووەوە هێناوە کە وتارێکە و لە ئینتەرنێتدا بڵاوکراوەتەوە، بەڵام لە کتێبەکەیدا (من حوادث كركوك) ١٧٠٠ بۆ ١٩٥٨ ئاماژەی پێ نەداوە. بۆ کتێبخانەکەی حاجی عەبدولفەتاح کە ساڵی ١٨١٢ کردوویەتییەوە لە موسەڵای ئێستا هەم لە کتێبەکەدا هەم لە بابەتەکەیدا ئاماژەی پێ داوە، ئەو کتێبخانەیەش گوایە (١٥٠) کتێبێکی تێدا بووە. دەشێت ئەم سەرەتایەی حاجی سلێمان و حاجی عەبدولفەتاح ناو بنێین سەرەتای بیرکردنەوە لە کتێب کە بەدوای ئەواندا ئیتر دەیان کتێبخانەی دیکە دەکرێنەوە، کە هەموو ئەوانە دەبنە سەرەتای دەرکەوتنی کتێبخانەی کتێب فرۆشتن و بڵاوکردنەوەی کتێب لە کەرکووک. لەوانەش:

١- کردنەوەی کتێبخانەیەکی دیکە لە قەڵا کە نازانم ناوی چی بووە.

٢- کتێبخانەی ئەمەل ساڵی ١٩٢٦ لە لایەن محەمەد حەبیب سەوعەیلی.

٣- قرائەت خانەیەک لە مەجیدیە.

٤- کتێبخانەی عەسری ١٩٣٠ لە لایەن عەباس حیلمی لوتفوڵڵا.

٥- کتێبخانەی تەرەقی ساڵی ١٩٣٣.

٦- کتێبخانەی فیکری لە لایەن ئەحمەد فیکری عەبدولقادر فیکری لە ساڵی ١٩٤٧ بەم جۆرە ئیدی بیرکردنەوە لە کتێب، چووە قۆناغێکی دیکەوە. تەمەنی کتێبخانەش لە ساڵی ١٩٥٠ لە کەرکووک گەیشتە نزیکەی (١٥٠) ساڵ کە بە بڕوای من ئەمە مێژوویەکی کەم نییە، هەرچەندە ساڵی ١٨٠٥ یش لە ماڵە شاعیرو پیاوە ئایینی و تەکیە و خانەقاکاندا دەستنووس هەبووە، بەڵام نەک وەک کتێبخانە.

## کتێبخانەی گشتی کەرکووک

ساڵی ١٩٣١ کتێبخانەی گشتی کەرکووک وەک کتێبخانەیەک بۆ ئەوەی خەڵک ڕووی تێ بکات و بخوێننەوە کراوەتەوە. سەرەتا ئەم کتێبخانەیە شوێنەکەی باش نەبووە و بەتەنێ لە دوو ژووردا بووە. ئەمە جگە لەوەی سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە لە هەفتەیەکدا سێ ڕۆژیش فیلمی سینەمای تێدا نیشان دراوە، ئەم کتێبخانەیە بەرە بەرە پەرەی سەند، ئەگەرچی ئەویش ڕووبەڕووی کارەساتی سروشتی و تاڵانی دەستی مرۆڤیش بووەتەوە، بە تایبەت لە ساڵی ١٩٥٣ بەهۆی لافاوەوە زیانی زۆری بەرکەوتووە. دوای ئەو مێژووەش ساڵی ١٩٩١ بەر تاڵان و بڕۆیەکی زۆر کەوت. ئەم کتێبخانەیە خزمەتێکی زۆری باری ڕۆشنبیری و خوێندەواری شاری کەرکووکی کردووە، ئەمە جگە لەوەی بووە بە هۆکارێکیش کە نووسەر و ڕۆشنبیرو مێژوونووسان کتێبەکانی خۆیانیان بە دیاری بۆ بنێرن.

مێژووی چاپکردنی کتێبیش لە کەرکووک بۆ زیاتر لە ١٠٠ساڵ دەگەڕێتەوە، ئێمە دەزانین کە فەیزی پاشا لە ساڵی ١٨٨١ بۆ یەکەم جار چاپخانەی هێنایە کەرکووک، کە ئەمەش مێژوونووسان دەڵێن یەکەم جارە چاپخانە بهێنرێتە کوردستان (بڕوانە تێگەیشتنی ڕاستی لە مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردیدا، نووسینی دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد). بە پێی هەندێک سەرچاوە، بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩١٢ کتێب لە شاری کەرکووک چاپ کراوە. لەو کتێبانەش (عمده قواعد، تعريف زنجاني، اثار حسن.. تاد). لەوە بەدواوەش چەندین چاپخانە هاتوونەتە کەرکووک و ڕۆژنامەو گۆڤاریان پێ دەرکراوە. سەرەتا ڕۆژنامەکانیش بە زمانی تورکی بوونە، وەک (حوادس و ئاژانس و نەجمە و...تاد). ساڵی ١٩٥٣ محەمەد ئەمین عەسری لە چاپخانەو کتێبخانەکەی خۆیدا دەستی بە چاپکردنی کتێب کرد و دەیان کتێبی چاپ کرد لەوانە: یووسف و زولەیخا، مەولوودنامە، فەتحی قەڵای خەیبەر، مەلای مەشهوور، دیوانی تاهیر بەگ، ئەحمەدی و... تاد. دواتریش هەر لەم شارەدا سەدان کتێبی دیکە چاپ کراوە و هەموو ئەوانەش خزمەتێکی زۆریان بە کتێبخانەی گشتی کەرکووک کردووە کە بەپێی قسەی بەرپرسانی ئێستای کتێبخانەکە پتر لە ٢٧هەزار ناوونیشان لە کتێبخانەکەدا هەیە. لە چاپکردنی کتێبدا لە کەرکووک چاپخانەکانی تەرەقی، شیمال، تجاریە، زەهەب ئەسوەد، ڕۆڵیان هەبووەو زۆر نووسەر و شاعیری گەورەی کورد لەم شارەدا کتێبەکانیان چاپ و بڵاوکردووەتەوە لەوانە، مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەریس، عوسمان شارباژێری، لەتیف هەڵمەت،

عەبدوڵڵا پەشێو، جەبار جەباری، خالید دلێر، عەلی باپیر ئاغا، فەرید زامدار، جگە لە دەیان نووسەرو رۆشنبیری تورکمان.

**ناوی کتێبخانەکانی کەرکووک**

١- کتێبخانەی ئەمەل ١٩٢٦.
٢- کتێبخانەی عەسری ١٩٣٠.
٣- کتێبخانەی تەرەقی ١٩٣٣ تەرەقی و تەقەدوم.
٤- کتێبخانەی فکری ١٩٤٧.
٥- کتێبخانەی بەشیر.
٦- کتێبخانەی عومەر بێ کەس، ئەم پیاوە خزمەتێکی زۆری وشەی کوردی کردووە، یەکەمین کەسە کە لە شارەکانی دیکەوە رۆژنامەو گۆڤاری کوردی بۆ کەرکووک هێناوە. هەر وەک چۆن محەمەد ئەمین عەسری کتێب و دەسنووس و بڵاوکراوەی لە وڵاتانی دیکەوە دەهێنایەوە بۆ کەرکوک، عومەر بێ کەس ناوی تەواوی عومەر غەریب عەباسە، ساڵی ١٩٢٤ لەسلێمانی لە دایک بووە. لە ساڵانی پەنجا (١٠٠) دانە رۆژنامەی ژینی لە کەرکووک فرۆشتووە، مامۆستا ئەمین شوان لە بارەیەوە دەڵێت: هەموو کتێبێکی یاساغی دەهێناو دەیشاردەوە و دواتر دەیدایێ، بڵاوکراوەکانی هیواو خەبات و هەتاو و رۆژی کوردستان و شەفەق و ژین و ژیانی هێناوەتە ئەم شارە و زۆرترین کەسە ناسراوەکانی ئەو رۆژگارە روویان تێ کردووە، لەوانە عەلی عەبدوڵڵا، عەلی عەسکەری، جەلال تاڵەبانی، جەمال نەبەز، شێخ حوسامەدین، سەعید قەزاز، هیجری دەدە، خالید دلێر، مەلا جەمیلی رۆژبەیانی، مارف خەزنەدار، سدیق بلوکێنی و..تاد
٧- کتێبخانەی حەمید باتاسی لە ناو حەلواچییەکان.
٨- کتێبخانەی مەلا خورشید سیامەنسوور.
٩- کتێبخانەی سەید عەباس.
دواتریش کتێبخانەکانی وەک هەندرێن، دارا، ئاسۆ، گەل، کە ئەمانە دواتر بەعس ناوەکانیان دەگۆڕێت، یان دایان دەخات. مامۆستا ئەمین شوان پێی وتم کە جەبارعەبدوڵڵا "ئاسۆ" لەسەر راسپاردەی مام جەلال ئەو کتێبخانەیەی کەرکوکی دامەزراندووە، کە دواتر ناوەکەی بوو بە (طلیعة) ئەوجا هەر بە تەواوەتی داخرا.
١٠- الاخوة الاسلامیة؟
١١- ئەمین.
١٢- شەعب.
١٣- ئاسیا.
١٤- هیلال.
١٥- کەرکووک.
١٦- جەماهیر.
١٧- تەئاخی.
١٨- فارابی.
١٩- فیدان.
٢٠- فەلەستین .
٢١- عەرەفە.
٢٢- کەوسەر.
٢٣- محەمەدیە.
٢٤- جامعە.
٢٥- تەبارەک.
٢٦- دارالقرائە.
٢٧- هەروەها هەر یەکە لە محەمەد هەمەوەندی بۆ ماوەیەک و سەیفەدین سابیر لە ساڵانی ١٩٨٧-١٩٨٨ و د. سەباح مووسا کتێبخانەیان هەبووە و دەیان کتێبخانەی دیکەش لەم ساڵانەی دواییدا کراونەتەوە.

دەکرێت دابەشبوون و بڵاوبوونەوەی کتێبخانەکان بەسەر چەند قۆناغێکدا دابەش بکەین. بەم جۆرەی خوارەوە:
١- ساڵی ١٨٠٥ بۆ ١٩٠٠.
٢- ساڵی ١٩٠٠ بۆ ١٩٥٠.
٣- ساڵی ١٩٥٠ بۆ ٢٠٠٣.
٤- ساڵی ٢٠٠٣ تا ئێستا. هەر یەک لەم قۆناغانەش پێویستی بە هەڵوەستەو خوێندنەوەی جیاجیا هەیە. ئەمە جگە لە هەڵوەستەکردن لەسەر هەر کتێبخانەیەک بە جیا.

**سەرچاوەو پەراوێزەکانی ئەم بابەتە:**

**١- من حوادث کرکوک ١٧٠٠- ١٩٥٨، نجات کەوسەر ئۆغڵو کەرکووک ٢٠١٠.**
**٢- لەتیف فاتیح فەرەج کورد و کەرکووک. سەردەم ٢ ٢٠٠٢.**
**٣- دیداری تایبەت عومەر بێ کەس، لە ماڵەکەی خۆی لەگەڵ جوانە مەرگ خەلیل عەبدوڵڵا بۆ کەناڵی ئاسمانی کوردسات ٢٠٠٣.**
**٤- سەباح بازرگان رۆژنامەی کەرکوکی ئەمرۆ ژ. یەک لاپەرە ٥ ساڵی ٢٠٠٣.**
**٥- گفتوگۆ لەگەڵ مامۆستا ئەمین شوان.**
**٦- گفتوگۆ لەگەڵ مامۆستا سەباح بازرگان.**

# تەنز لە ئەدەبی کوردیدا
# شیخ ڕەزای تاڵەبانی

**سەید یاسین قورەیشی**
**(بۆکان)**

قسەی خۆش و بەتاموچێژ بە درێژایی مێژوو لەنێوان هەموو نەتەوەکاندا کەموزۆر کەڵکی لێ وەرگیراوە و لەنێو نەتەوەی کورد بە هۆی فەزای فەرهەنگیی تایبەت بە خۆی، زۆرتر ئەو قسەخۆشانە وەک ئاوێنەیەکی باڵاڕوان ئاوات و ئارەزووەکان، بیروبڕواکان، خۆشی و ناخۆشییەکان، شێوەی بەڕێوەبردنی ژیان، چلۆنایەتی حاڵەت و سروشت و ئاکار و ڕەفتاری مرۆڤی ئەو نەتەوەی نواندووە.

قسە خۆشەکان دیارە لە چوارچێوەگەلی جۆراوجۆردا کوتراون و بە گوێرەی پەرەگرتنی شارستانیەتی و ئاڵوگۆڕیی فەرهەنگی گۆڕانکاری بەسەر ئەوانیشدا هاتووە. چوارچێوەکانی قسەی خۆش بریتین لە:

تەنز، هەزەل، هەجوو، مەتەڵەک، لەتیفە، فوکاهە، موتایبە، لۆدەگی، و...تاد پێناسەیەکی کورت لە هەر کام.

**تەنز:** شێوەیەکی تایبەتە بۆ دەربڕینی ماناگەلی توندوتیژی کۆمەڵایەتی، ڕامیاری و ڕەخنەگرانە و ئاشکراکردنی حەقیقەتە تاڵەکان و ڕق لە گەندەڵی تاکە کەس و کۆمەڵ کە لێدوان لەوانە بە شێوازێکی ئاسایی و جددی قەدەغە کراوە، هەڵبەت بە ئاوازێکی ناڕاستەوخۆ و لە دەفری شۆخیدا.

**هەجوو:** تەنز لە ڕواڵەتی هەجوودا لە شتە دزێوەکانی کۆمەڵایەتی، ڕامیاری، ئاکاری، ئایینی و...تاد ناحەزتر لەوەی کە هەن دواوە، هەرچەندە تەنزنووسان بۆ دووری لە ڕووتی و ئاشکرایی و تاڵی ڕووداوەکان، ڕەنگی شۆخی و پێکەنینیان بە وتەکانیان داوە، بەڵام ئەو پێکەنینانە هیچ کات لە تاڵایی شوێندانەری ئەو چەمکانە بەرگرییان نەکردووە.

**هەزەل:** لە نەزەر وشەوە لە فەرهەنگەکاندا بە مانای غەیری جددی، بێهوودەیی "مەزاح" شۆخی و گاڵتەجاڕی هاتووە. هەزەل وەک تەنز باری ڕەخنەگرانەی نییە و وەک



**شێخ ڕەزای تاڵەبانی**

هەجوو ئابڕووبەرانە نییە، بەڵکو تەنیا بۆ شۆخی و گاڵتە دەکوترێ.

**هەجوو:** هیجا، بە مانای جنێو، تاریف کردن بە خراپی، مەسخەرەکردن و مەڵحەکەیە. بەربڵاوی بازنەی مانایی لە هەجوودا "کێشەی نێرمایی" عەیب و عاری ڕواڵەتی و...تاد دەگرێتە خۆی.

"شارا شووب" جۆرێ هەجووەکە خەڵکی شارێ سەرجەم هەجووکەن، بە زمانێکی توند و بێ شەرمانە ڕەخنەگرتنە لە کۆمەڵگا.

**لەتیفە:** لە نەزەر وشەوە بە مانای باشی، وردی، شۆخی و "بەزلە" و...تاد کە مانایەک دەهاوێتە ناو زەینی مرۆڤ کە ناتوانێ لێکی داتەوە. لە نەزەر ئەدەبییەوە لەتیفە گێڕانەوەیەکی کورتی حەقایەتێکە کە لە پێوەندی عاڵقەیی واقیعی و تەسادوفی دامەزراوە و لە کۆتاییدا زۆر بە تێروتەسەلی غافڵگیرمان دەکات. لەتیفە شێوازێکی ڕەشۆکیانە و باوی قسەی خۆشە و سەرەڕای سادە و ساکار و کورت بوونی بەردەنگی دەتوانێ هەموو کەس بێ، بێجگە لەوە لێواولێو لە ڕازە نهێنییەکان، لە ئەندێشە و کولتووری نەتەوەکان هەڵقوڵێوە و زۆربەی داهێنەرانی نەناسراون و لەزۆرینەی خەڵکن.

لەتیفە، نەرم و کورت دەکوترێ و خەیاڵێکی تێیدایە شوێندانەر و شادی هێنەرە.

گشت ئەو شتانەی ئێمە بە پێکەنین دەخەن، لەتیفە نین و هەموو لەتیفەیەکیش جێی پێکەنین نییە.

**فوکاهە:** ئەگەر هەزەل بە ناحەزی بەیان نەکرێ و تەنیا مەبەستی هێنانی بزە لە سەر لێوی بەردەنگ بێ، دەبێتە فوکاهە کە لە هەزەل کاملتر و قووڵترە و لە حاڵەتی تاک دەچێتە دەر و بەردەنگی گشتی پەیدا دەکات. دەکرێ "موتایبە"ش هەر وەک فوکاهە چاو لێ بکەین. جیاوازی نێوان ئەو دووانە ئەوەیە لە موتایبە بە زۆری گاڵتەی زارەکییە، بەڵام لە "فوکاهە" گاڵتەکە دەکێشرێتە گۆڕەپانی ئاکار و جووڵەی فیزیکی.

فوکاهە، ئەگەر بە نەرمی بکوترێ "زەرافەت"ی پێ دەکوترێ کە زەین و ڕوح شاد دەکات.

**مەتەڵۆک:** لە ڕووی وشەوە لە دوو بەش پێکهاتووە "مەتەڵ" و "ک"ی پاشگری بچووک بوون. مەتەڵک بە مانای سەرزەنشت و درۆیە کە لە ڕاست دەچێ و لەگەڵ کەسێکی دەکەن. مەتەڵکگۆ بەکەسێ دەڵێن کە بە تانەوتەشەر قسە دەکات. مەتەڵک لە ڕووی ئەدەبییەوە بە وتەیەک دەگوترێ تێکەڵ درکە بێ، هێندێ جار چاشنی تەنزی تێدایە و برێ جار تاڵی هەجوو و بە کورتی دەکوترێ.

جیاوازی موتایبە و لۆدەگی ئەوەیە لۆدەگی قووڵایی موتایبەی نییە، موتایبە کومێدییەکی ماقووڵانەیە، بەڵام لۆدەگی گاڵتەیەکی ئاشکرایانەیە و ڕەشۆکیانەیە.

**شێخ ڕەزا کوڕی شێخ عەبدولڕەحمان لە دایکبووی ١٢٥٣کۆچی لە دێی قرخ نزیک شارۆچکەی چەمچەماڵ بووە، بە چوار زمان شیعری گوتووە و زۆربەی ژیانی لە کەرکووک و بەغدا بە سەر بردووە.**

بابەتە شیعرییەکانی شێخ بریتین لە: مەدح، ستایش، هەجوو، گاڵتەوگەپ و...تاد مەدح و ستایشەکەی پێوەندی بە باسەکەی ئێمەوە نییە. گاڵتەوگەپەکەشی دیارە دەبێ بچێتە خانەی هەزەلەوە.

زۆر ڕوونە ئەدەبی هەر نەتەوەیەک لە باری چوارچێوەوە دووبەشە:

شیعر و پەخشان، یان بڵێین نەزم (هۆنراوە) و پەخشانە. لە باری نێوەرۆکیشەوە، یان تەنزە، یان جددی. ئەوەش دەزانین شیعرە تەنزیش ئاوێتەیەکی شیعر و تەنزە کە ناوەندی قورسایی تەنزەکەیەتی و شیعر، یان هۆنراوە(نەزم)ـەکەی دەفرەکەیەتی. شاعیری تەنزنووس بۆوەی تەنزەکەی چێژێکی پتری بێ، کەرەستەکانی نەزم دەخوازێتەوە و لە خزمەت تەنزەکەی دادەنێ و دیارە هەڵسەنگاندن و نرخاندنی شیعرە تەنز جیاواز لەگەڵ

شیعری جدییە، چونکە تەنز بە هاتنە ناو شیعرەوە بۆوەی جێی خۆی بکاتەوە، گۆڕانکاری بە سەر هێندێ لە بایەخەکانی شیعر دێنێ. بگەڕێینەوە سەر بابەتە شیعرییەکانی شێخ، بەڵام بەر لەو با لە جیاوازییەکانی تەنز و هەجوو بدوێین.

١- تەنز، بە گشتی لە دەردی کۆمەڵ دەدوێ، بەڵام هەجوو دەردی تاکەکەسە.

شێخ پاش مردنی باوکی لە ئەستەنبۆڵ دەگەڕێتەوە، پاشان لە شێخ عەلی برا و شێخ غەفووری مامی دەتۆرێ و دەڵێ:

**(ئەو ڕۆژە کە تۆرام و لە کەرکووک سەفەرم کرد**
**مانەندی عەقارب لە ئەقارب حەزەرم کرد)**

هەروەک دەڕوانن کێشەکە، کێشەی تاکەکەسە.

٢- تەنز بۆ سوودی دیترانیش تێدەکۆشێ، هەجوو، لە سوودی خۆی دەگەڕێ. لە زمان مامە غەفوورییەوە:

**نەیهێشت، نەچێ، من کچی خۆم مارەدەکەم لێی**
**ئەو تالبی دونیایە ئەوا موعتەبەرم کرد**

هەروەک دەبینن کێشە، کێشەی تاکە و سوودی شێخی تێدا بووە.

هەجوو لە نەوعی "شاراشووب"

**بەم حاڵە ئەگەر دەفعەیێ تر بچمەوە کەرکووک**
**مەعلومە بە مەردی نەڕواوە لە سەرم تووک**

لە درێژەیدا قسە ناسکتر دەبێتەوە و من لێی نادوێم. هەروا باسی لێ کرا بەربڵاوبوونی بازنەی مانایی لە هەجوو دا کێشە نێرمایش لە خۆی دەگرێ.

**ژنی وەستا کە بۆ چ...تۆ خودا**
**ساق و سمت لووسی....**

لە شیعرێکی دیکەدا پلارێک لە شێخ عەلی کاکی دەوەشێنێت:

**شێخ عەلی خۆ تۆ منت ئاوارە کرد و دەربەدەر**
**چاکە هەجووێکت بکەم ئەمما موفید و موختەسەر**
**بۆ حەمەی وەستا فەتاح ئێمەت هەموو ئاوارە کرد**
**ئەی حەمەی وەستا فەتاح دایکت بە...ی نێرەکەر**

حەمەی وەستا فەتاح وەکیل خەرج و جێ باوەڕی شێخ عەلی بووە.

دکتۆر موکەرەم تاڵەبانی لە پێشەکی کتێبی "ژیانی، پەروەردەی، بیروباوەڕ و شیعری شێخ ڕەزا تاڵەبانی"دا دەڵێ ئەو هەمموو بالۆرەیەی شێخ ڕەزا ڕێکی خستووە، تەنیا هۆی دووبەرەکی نێوان عەشیرەتی تاڵەبانی و عەشیرەتی کاکەیی بووە و هیچی تر.

٣- لە تەنز و هەجوو دا هەردوو پەردەدڕی هەیە، بەو جیاوازییە پەردەدڕی لە تەنزدا لە خزمەت لەناوبردنی ئاکارە ناحەزەکاندایە، بەڵام لە هەجوودا ئابڕووبردن هۆی بەدی نەهاتنی ویستی خوازەڵۆکانەی شاعیرە. هەجوو هەرچەندە لە دەفری زەمانی خۆیدا گونجا بێ و کاریگەری خۆی بوو بێ، بەڵام لە درێژخایەندا ڕەنگە ئەو کەڵکەی نەمێنێ و کارکردی جۆرێ بێ کە پاڵپشتی گشتخوازی بوونەکەی بچێتە پەراوێزەوە و تەنیا لای ئەو عەشیرەتانە باسی لێ بکرێ.

**تۆ کە خۆت مەیلی جنێو بازی دەکەی "شێخ ساڵح"**
**بۆ دەکەی سەرزەنشی من کە "ڕەزا" هەججاوە**
**غایەتی بەندە، جنێوم بە دوو سێ کەس دابێ**
**تۆ هەتا ئێستە بە قوربان، بەهەزارت داوە!**

٤- لە تەنز دا دەسەڵات بە ئەدەبە و پەردەدڕی ناڕاستەوخۆیە، لە هەجوودا پەردەدڕی ئاشکرایە (هەڵبەت لە سەنعەت کەڵکی وەرگرتووە، بەڵام لانیکەم بۆ کەمینە زەق و ئاشکرایە، بە جۆرێ کە شاعیر خۆی بە "جنێوبازی" ناوی بردووە) و جاری واشە ناڕاستەوخۆ دەدوێ.

**گەرچی فەقیر و موفلیسە "شێخ مامە ساڵحم»**
**نەمدی کەسێ وەکو ئەو ساحیبی کەرەم**
**میوانی بووم نان و کەرەی نایە بەر دەمم**
**ئێستاش بەبێ موداهەنە مەمنوونی ئەو کەرەم**

٥- خاڵی هاوبەشی تەنز و هەجوو: هەردووکیان سوودی مادی و ئابوورییان لە بەرچاوە، بەڵام شێوەی بەرەنگارییان جیاوازە.

**ئەسپەکەت دەرکرد لە دەستم وا دریغ بۆ ئەسپەکوێت**
**سنگەکەی ماوە (کەریم خان) پێم بڵێ بیکوتمە کوێت!**

هەروا بۆ میکائیلی جووتیاری کە پەیمانی بە جێ نەهێناوە، لە عەینی زەریفیدا زۆر ناسکە و مەجلیسی نییە.

هەجووی شێخ، جاری وابووە بۆ دەسەڵاتدارانیش خواربۆتەوە؛ لە هەجووی حوسنی پاشای فەرمانداری سوپای عوسمانی لە کەرکووک دەڵێت:

**بەسەگم وت عەجەبا! خزمەتە حوسنی پاشا؟**
**توورەبوو، کلکی لە قاند و وتی؛ حاشا حاشا**
**ڕاستی گەرچی سەگیشم بە خودا خۆم دەکوژم**
**ناوی من بێنی لەگەڵ ئیسمی خەبیسی پاشا**

هەڵبەتە، بێجگە لەو بابەتانە، شێخ ڕەزا شۆڕەسواری گوڕەپانی غەزەلوێژیش بووە و هەروا چالاک لە بواری ڕامیاری، ئەگەر گۆشەنیگایەک بەم باسە نەکراوە، بەو هۆیە بووە باسەکە بە گشتی لە سەر تەنز و قسەی خۆش بووە. «هەزەل»یش کورتی دەکەمەوە لە سەر بنەمای شۆخی و پێکەنین دامەزراوە، بە جەسارەت و بێ

ئەدەبییەوە دەگوترێ و تەنیا بۆ پێکەنینە، لە حاڵێکدا تەنز و هەجوو کوتنیان تەنیا بۆ پێکەنین نییە و خاوەنی ئەو هونەرانە چاک، یان خراپ مەبەستێکی دیاری کراوی لە کوتنیان دایە. بەو پێوانەیە ئەم شیعرانەی شێخ، یان کەسانی دی، نەتەنیا شیعر، نەسریش، کە مەبەست لە وتنیان پێکەنین بووبێ هەزەلن، بەڵام تەنز:

تەنز، تەنیا وێنەگری ژیانی کۆمەڵایەتی نییە، بەڵکو لێیان دەکۆڵێتەوە و شییان دەکاتەوە، پاشان بە دوای دەمارەکانیدا دەگەڕێ و لە بارەیانەوە داوەری دەکات.
تەنز، لە ڕۆژگارە ناکۆکەکان کە تەنزنووس تێیدا ژیاوە، پەردە لا دەدات و ڕووبەند لەسەر چڕوچاوی ڕیاکاران لا دەبات.

تەنز، نەخۆشییەکانی کۆمەڵ دەناسێ و خاوەن دەردەکان بۆ دەرمانی ئەو دەردانە هان دەدات.

تەنزی هەر دەورەیە سروشت، بارودۆخ و پێداویستییەکانی ئەو دەورەیە پێکی دێنن.

**سوود وئاکامی تەنز:**

١-پێداویستی دەروونی و پالاوتنی ڕەوانی تەنزنووس.

٢-کاریگەری لە سەر کۆمەڵگا و چاکسازی کێشە گەلی ڕامیاری و ئاکاری و... تاد.

«برۆئێر» لەو بڕوایەیە کە هەر بیرەوەرییەکی تاڵ، بڕێ هێزی عاتیفی لەگەڵە، کەوابێ، ئەگەر بیرەوەری ناخۆش نەدرکێنین و لە دەروونماندا ڕایگرین، ئەو هێزە دزێو و ناحەزە لە زەینی ئێمەدا کۆ دەبێتەوە و تووشی نەخۆشی ڕەوانیمان دەکا، بەڵام ئەگەر بیاندرکێنین، ئەو هێزە ڕزگار دەبێ و ئەو نەخۆشییەمان لەکۆڵ دەبێتەوە.

تەنز، هەرچەندە لە سەرەتاوە وەپێکەنینمان دەخات، بەڵام پاش پێکەنینەکە وەبیرمان دەهێنێتەوە کە ئێمە مرۆڤین و دەبێ ویژدانی مرۆڤایەتی لە دەروونماندا بەخەبەر بێ.

تەنزی ڕاستەقینە ناتوانێ بێ مەبەست و بێ ئامانج و بێ ئاکام بێ. کاتێ تەنزنووس بە بابەتێکی دیاری کراو پێدەکەنێ و ئەو ڕەت دەکاتەوە، لە ڕاستەقینەدا ئامانجی پۆزێتیڤی خۆی کە دژ بەوە بە ڕاشکاوی، یان بە نادیاری، ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ بۆ خوێنەر، یان بیسەری دەردەبڕێ.

باسەکە زۆر بەربلاوە، کاکڵە و پوختەکەیتان عەرز دەکەم، ئەگەر هەجوو هەزەلەکانی شێخ لە دەفری کات و شوێنی خۆیدا هەڵسەنگێنین، ڕەنگە هەر هونەرمەندێکی ئەمڕۆیش بوایە لەو بارودۆخەی ئەو ژیاوە، هەر بەو شێوازەی ئەو هەجووی بکردبایە، تازە وەک ئەویش سەرکەوتوو نەدەبوو، بەڵام بە گوێرەی ئاڵوگۆڕییەکی لە هەموو بواری ژیانی ئێمە بەدی هاتووە و لە بواری ئەدەب و زانستیشدا هەروا، ئێمە ناچارین بابەتەکانی پێشووش لە هەلومەرجی ئەمڕۆ و بە پێوانە و پێوەری تەنزی هاوچەرخی هەڵسەنگێنین و بیاننرخێنین، چۆن بابەتی تەنز لە هەموو بابەتەکانی قسەی خۆشی ئەمڕۆ سەرکەوتووترە. ئەوەش ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە کە لە کورددا لەو بوارە کەسی وامان نەبوو وەک شێخ ڕەزا لە لووتکەدا بێ.

**چەند نموونەی تەنز:**

«ام. وان دۆرن» من لە پیاوێ دەگەڕێم دلۆڤان و بە مشوور بێ، ئێوە بڵێین ئەوە چاوەڕوانییەکی زۆرە لە پیاوێکی ملیۆنێر؟

«فاینجر» ژنان لە ژیانیاندا عاشقی شتەگەلێکی سادە دەبن و چی سادەتر لە پیاو.

«جۆن ئۆزبۆرن» مووچەی ئەو مامۆستایە وەک لەلەیەک هەڵبەت یەکجار کەمە، بەڵام وەک مامۆستایەکی بارهێنەر، پارەیەکی سەرسوڕهێنەر وەردەگرێ.

«گلین گریفیت» ئێمە ناتوانین «ویلسۆن» لەبەر هەموو کێشەکانی بریتانیا سەرزەنش بکەین، زەرەرێکی ئەو لەو وڵاتەی داوە کاری کەسی بەتەنێ نەبوو.

«جۆرج برناردشۆ» ئەوەی دەتوانێ ئیش دەکات، ئەوەی ناتوانێ دەرسەکەی دەڵێتەوە.

**چەند نموونەی دی:**

ئەگەر لە: گیوتین خۆشوو نایە/ هەروەک پێشوو بکەن/ شمشێر بۆ نەجیبزادەکان، تەناف بۆ شارومەندان و دێهاتییە شڕۆڵەکان/ بەڵام جاروبارە ئاڵوگۆڕییەکی تێدا بەدی بێنن/ نەجیبزادەکان لە سێدارە دەن، ملی شارومەندان و لادێییەکان لێ دەن/ ئێمە هەموو عەبدی خوداین.

بریا تۆی زاڵم قەناعەتت بکردبا/ بە مووەکانی جێیەکی من/ نە ئەو مووانەی لە بەر چاون.

ئێرە مەرقەدی پاشای فەرمانڕەوای مەیە/ کە کەس بڕوای بە قسەکانی نەماوە/ کەسێ کە هیچ کات وتەیەکی گەوجانەی نەوت/ و هیچ ئاکارێکی عاقڵانەشی نەبوو.

# زەمینە و هەلی مێژوویی و کۆمەڵایەتی ڕۆمانی مێژوویی

جۆرج لۆکاش
لە فارسییەوە: شەریف فەلاح
(سنە)

ڕۆمانی مێژوویی لە سەرەتای سەدەی نۆزدەم و تا ڕادەیەک هاوکات لەگەڵ ڕووخانی حکوومەتی ناپلیۆن سەری هەڵدا (ڤیۆری بەرهەمی "ئێسکات" ساڵی ١٨١٤ بڵاو کرایەوە). لە ڕاستیدا دەکرێ ڕۆمانگەلێک بە هێما و بنەمای مێژوویی لە سەدەکانی حەڤدە و هەژدەدا دەست نیشان بکەین، ئەگەر مەیلتان لی بێ دەکرێ ئەو درک و تێگەیشتنانەی کە لە سەدەکانی نێوەڕاست لە مێژووی کلاسیک، یان ئوستوورەی لەبەرچاو گیراو بە پێش زەمینە و بنەمای ڕۆمانی مێژوویی لەقەڵەم درا، تەنانەت بۆ دواتریش گەڕایەوە و گەیشت بە نووسراوەکانی چین و هیند، لێک بدەینەوە.

بەڵام لێرەدا شتێک لە ئارادا نییە کە وەک نوورێکی ڕاستەقینە لەسەر دیاردەی ڕۆمانی مێژوویی شەوق بداتەوە. ڕۆمانە بەناو مێژووییەکانی سەدەی حەڤدەم (ئێسکودری، کالپرانێد و ...تاد) تەنیا بەهۆی هەڵبژاردنەوە لە وێنای دەروون و بنەما و فۆرمی دەرەکیدا مێژوویین. نەتەنیا تایبەتمەندییە دەروونییەکانی کەسایەتییەکان، بەڵکو خۆ و سروشتی ئەوانیش بە تەواوەتی پێوەندی بە دەورانی خودی نووسەرەوە هەیە. لە بەناوبانگترین ڕۆمانی مێژوویی سەدەی هەژدەم، واتە کۆشکی "ئواترانتو" بەرهەمی "والپول" مێژوو تەنیا لایەنی ڕواڵەتی هەیە و سەرسوڕمان و کونجکۆڵییەکانی ژینگە و دەوروبەر زیاتر گرنگە، نەک وێنەی هونەری و ڕاستگۆیانە لە قۆناغێکی مێژوویی دیاریکراودا. ئەو شتەی کە لە ڕۆمانی بەناو مێژوویی پێش لە "والتەر سکۆت" لە ئارادا نییە، ڕێک هەر ئەم تایبەتمەندییە مێژووییەیە. تاکێتی کەسایەتییەکانی ئەم ڕۆمانە ڕیشەی لەناوی تایبەتمەندی سەردەمەکەیاندا نییە. "بوالوا"



**جۆرج لۆکاش**

ڕەخنەگری بەناوبانگ کە ڕۆمانە مێژووییەکانی سەردەمی خۆی بە گومانی زیاترەوە هەڵسەنگاند، داکۆکی دەکرد کە کەسایەتییەکان دەبێ لە بواری دەروونی و کۆمەڵایەتییەوە واقیعی بن، چونکە عەشقێنی چینی دەسەڵاتدار لەگەڵ عەشقێنی شواندا جیاوازە و زۆر شتی دیکەی لەم چەشنە. مەسەلەی هەقیقەتی مێژوویی لە دەنگدانەوەی هونەری ڕیالیزمیدا هێشتا لە ڕوانگەی ئەدەبیاتدا نەبوو، تەنانەت ڕۆمانی مەزنی کۆمەڵایەتی ڕیالیزمی سەدەی هەژدەم کە هەوڵ دەدا بە وێنەکانی لایەنی شۆڕشی بدات بە ئەخلاق و دەروونناسی سەردەم لە ئەدەبیاتی جیهانیدا، مەیل و هۆگری ئەوەی نییە کەسایەتییەکانی بە سەردەمێکی دیاریکراوەوە ببەستێتەوە. جیهانی هاوچەرخ بە شێوەیەکی ڕۆڵ دانەر، نائاسایی و ڕاستگۆیانە بەسەر ژیاندا وێنا دەکرێ، بەڵام ساویلکانە بە کارێکی نادیار لە قەڵەم دەدرێ و چۆنیەتی و کات و سەردەمی گەشەپێدانی ئەو مەسەلەیە نووسەر نییە. ئەم ئەبستراکتی بوونە وێنای کات و زەمەنی مێژوویی کاریگەری لەسەر وێنای شوێن و جێگا دەبێ.

بەم شێوەیە (لە ساژ) دەتوانێ وێنەگەلی زۆر ڕاستگۆیانەی خۆی لە فەڕەنسای سەردەمی خۆی بگوێزێتەوە بۆ ئیسپانیا کە هێشتا بە ئاسانی هەستی پێدەکرێ. هەروەها "سویفت" و "ڤۆلتێر" و تەنانەت "دیدرۆ" کە ڕۆمانە تەنزاوییەکانی خۆیان بەبێ زەمەن و شوێن بڵاو دەکەنەوە، تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی بریتانیا و فەڕەنسای هاوچەرخ ڕاستگۆیانە لە بەرهەمەکانیاندا ڕەنگ دەداتەوە. ئەم نووسەرانە تایبەتمەندییە گرنگەکانی دنیای خۆیان دەرک پێ دەکەن، بەڵام پێیان ناکرێ چۆنیەتی تایبەتی سەردەمی خۆیان لە ڕوانگەی مێژووەوە ببینن. سەرەڕای ئەم هەقیقەتە ڕوونە کە ڕیالیزمی تایبەتمەندییەکانی ئێستا لەگەڵ دەسەڵات و هێزی فراوانی هونەریدا وێنا دەکا، مەیل و بەریانی بنەڕەتی کەمتەرخەمی بە مێژوو هەروا بەبێ گۆڕان ماوەتەوە. ڕۆمانەکانی "مول فلاندرز"، "تام جونز"و.. تاد لەبەرچاو بگرن. وێناکردنی بەربڵاو و ڕیالیزمیانەی ئەم ڕۆمانانە، لە هەندێک لە شوێنەکان، ڕووداوە گرنگەکانی مێژوی هاوچەرخ دەگێڕێتەوە کە لەگەڵ چارەنووسی کەسایەتییەکان گرێ دەدرێ. بەم شێوەیە و بەتایبەت لە بەرهەمەکانی "ئێسمولت"و "فیلدینگ" کات شوێنی کردەی بەرهەستی زیاتری نیسبەت بە سەردەمی بەناو ڕۆمانی مێژوویی پێشتر، یان زۆر جار نووسراوەکانی فەڕەنسای هاوچەرخ هەیە. فیلدینگ لە ڕاستیدا لەناو ڕووداو و گۆڕانکاریی ڕۆژانەی بەرهەستی ڕۆماندا لە وەرگرتنی تایبەتمەندییە مێژووییەکانی پاڵەوانەکان و ڕووداوەکان ئاگادارە.

وەسف و پەسنکردنی ناوبراو لە خۆی وەک نووسەر لەگەڵ دەرک و تێگەیشتنی مێژوونووس لە کۆمەڵگای بۆرژوایی بە تەواوەتی هاوسەنگە. بەگشتی، کاتی ڕاڤەی پێش زەمینە و ماکەی ڕۆمانی مێژوویی ئەفسانەی ڕۆمانتیکی دواکەوتووانە حاشا لە هەر چەشنە واتا، یان دەرکی مێژوویی چاخی ڕۆشەنگەری دەکات و داهێنانی چەمکی مێژوویی کە بەدژبەرانی شۆڕشی فەڕەنسا وەک: برێک، دۆماسترۆ و...تاد گرێ درابوو، وەلانا.

تەنیا بەسە لە دەستکەوتە تایبەتە مێژووییەکانی "مۆنتسکیۆ، ڤۆلتێر، گیبون"و هاوشێوەی ئەوان بڕوانن، تاکو ڕەهەندی ڕاستەقینەی ئەفسانە دەرک پێ بکەین.

کەوابوو ئەوەی کە بۆ ئێمە گرنگی هەیە، دەستنیشان

کردنی کەسایەتی ئەم چەمکەی مێژووە لە سەردەمی پێش و پاش شۆڕشی فەڕەنسا، تاکو بنەمای کۆمەڵایەتی ئایدیۆلۆژیکی سەرهەڵدانی ڕۆمانی مێژوویی بە ڕوونی دەستنیشان بکەین. لێرەدا دەبێ داکۆکی بکەین کە ڕەوتی دەرەکی و بەربڵاوی بەرهەمە مێژووییەکانی چاخی ڕۆشنگەری زەمینە و سەرچاوەی ئایدیۆلۆژیکی شۆڕشی فەڕەنسا بوو. دارشتنی گەڵاڵەی مێژوویی بەگشتی بەرز و بەرچاو، کەشف و دۆزینەوەی ڕاستییەکان و پێوەندی نوێی لە ڕادەبەدەر دەخاتە خزمەت ڕواڵەتی پێویستی ئاڵوگۆڕی کۆمەڵگای ناعەقڵانی سەرەڕۆی دەرەبەگایەتی و وانەکانی مێژووی ڕاستەقینە دابین دەکا کە لەلایەن ئەوەوە ئەگەری پێکهێنانی کۆمەڵگا و دەوڵەتی عەلمانی و عەقڵانی دێتە ئاراوە. بەم هۆیەوە دنیای کلاسیک دەکەوێتە بازنە و کانوونی تیوری و کردەی سەردەمی ڕۆشنگەرییەوە. ڕوونکردنەوەی هۆکارەکانی گەورەیی و لاوازی دەوڵەتە کلاسیکەکان یەکێک لە گرنگترین سەرەتاکانی تیوری گۆڕانکارییەکانی داهاتووی کۆمەڵگایە.

ئەم مەسەلەیە پتر لە گشت سەبارەت بە فەڕەنسا وەراست دەگەرێ کە ڕێبەری مەعنەوی سەردەمی ڕۆشنگەری کەسێکی خەباتگێڕ بوو. بارودۆخ لە بریتانیا بە شێوەیەک جیاوازە، بریتانیا لە سەدەی هەژدەمدا لە بواری ئابوورییەوە لە ڕاستیدا خۆی لە نێوان گەورەترین گۆڕانکارییەکان، واتە سەرهەڵدانی پێش زەمینە و هەوڵی کۆمەڵایەتی و ئابووری شۆڕشی پیشەسازیدا دەبینێتەوە، بەڵام لە بواری سیاسییەوە، بریتانیا وڵاتێکە کە پێشتر ئەزموونی شۆڕشی دیوە. بەم شێوەیە، هەرکات مەسەلە تەنیا دەرکی تیوری کۆمەڵگای بۆرژوایی و بابەتی ڕەخنەگرتن لێی زەمینەی مێژوویی و کۆمەڵایەتی ڕۆمانی مێژوویی و کارکردی شێوازی ئابووری سیاسی بێت، مێژوو چەشنی مێژوو لە فەڕەنسا لەگەڵ بەرهەستێکی زیاتردا دەرک و هەستی پێدەکرێ، بەڵام هەرکات مەسەلەی کارکردی ئاگایانە و بەردەوامی ڕوانگە و بیروڕا مێژووییەکان تایبەتی بێ، ئەوان لە گەشەدانی گشتیدا پێگەیەکی لاوەکی و ئاسایی بەچنگ دێنن.

تیورییە ئابوورییەکانی "ئادام شمیت"، لە ڕاستیدا تیوری ئابووری زاڵی کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەم بوون. "جێمس ستیوارت" کە مەسەلەی ئابووری سەرمایەداری زیاتر لە بواری مێژووییەوە هێنایە گۆڕێ و لەمەڕ ڕەوتی سەرهەڵدانی سەرمایە لێکۆڵینەوەی کرد، زۆر زوو فەرامۆش کرا. مارکس جیاوازی ئەم دوو ئابووریزانە بەناوبانگە بەم شێوەیە دەردەبڕێ:

هەوڵ و تێکۆشانی "جێمس ستیوارت" لە دەرکی سەرمایە لەوەدایە کە نیشانی بدات ڕەوتی جودایی نێوان هەلومەرجی وەبەرهێنان وەکو مولکداریتی چینە دەستنیشان کراوەکان و هێزی کار چۆن ڕوو دەدات. ئەو سەرنجی زیاتر دەداتە ڕەوتی سەرهەڵدانی سەرمایە، بەبێ ئەوەی کە هێشتا ڕاستەوخۆ بەم شێوەیە دەرکی پێکردبێ "داکۆکی لەلایەن لۆکاش"ەوەیە، هەرچەندە ئەمە بە مەرجی سەرهەڵدانی پیشەسازی مەزن دەزانێ. ناوبراو ئەم ڕەوتە بەتایبەت لە بواری کشتوکاڵەوە تاوتوو دەکات و پیشەی مانۆفاکتۆر بە دروستی بە بەستراوە بوون بە ڕەوتی پێشووی جودایی لە وەرزێری بە ئەنجام دەگا. لە بەرهەمەکانی "ئادام شمیت"دا ئەم ڕەوتە جوداییە پوخت و توکمە کراوەی پێشوو لەبەرچاو گیراوە. ئەم ناشارەزاییە لە گرنگی دەرەکی مێژوویی کە پێشتر لە کردەوەدا هەبوو، بێ ئاگایی لە ئەگەری گشتیەتی هەلومەرجی ئێستا کە بە شێوەیەکی وارسکەیی بە دروستی بەرچاو کەوتبوو، پێگەی هەڵکەوتە و درەوشاوەی ڕۆمانی کۆمەڵایەتی بریتانیا دەستنیشان دەکا کە لە تیوری گەشەی کۆمەڵایەتیدا مەسەلەی ئێمەیە. ئەم هەلومەرج و پێگەیە سەرنجی نووسەرانی بەرەو لای بەرهەستیەتی - مێژووی کات و شوێن و هەلومەرجی کۆمەڵایەتی ڕاکێشا و ئامرازی ئەدەبی ڕیالیستانەی دەربڕینی بۆ وێناکردنی تایبەتمەندییەکان - شوێن و مێژووی خەڵک و هەلومەرج و پێگەکانی بەدی هێنا، بەڵام ئەمەش چەشنی تیوری مێژووە وەک پێش زەمینەی بەرهەستی هەنووکە نەگەیشتە دەرک و بەرەنجامێکی ڕوون.

تەنیا لە دوایین قۆناغی ڕەوشنگەریدایە کە ڕەنگدانەوەی هونەری سەردەمی پێشوو بە فۆرم و شێوازی بنەڕەتی ئەدەبیات دێتە ئاراوە. ئەم مەسەلەیە لە ئەڵمانیا ڕوو دەدات.

هەرچەند ئەم مەسەلەیە بەتەواوەتی کە ئایدیۆلۆژی ڕەوشنگەری ئەڵمانیا دوای فەڕەنسا و بریتانیا فۆرمی گرت، چونکە دەسکەوتە مەزنەکانی "وینکل مان"و

"لیسینگ" له بنەڕەتدا لەگەڵ ڕاپۆرتی گشتی ڕۆشنگەریدا مەودایان نییە. لسینگ لە ڕوونکردنەوەی مەسەلەی درامای مێژوویی ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە و ئێمە بە تێروتەسەلی ئەم مەسەلەیە دەخەینە بەرباس، ئەو پێوەندی نووسەر و مێژوو بە تەواوەتی لەسەر بنەمای ڕوحی فەلسەفەی ڕۆشنگەری دەگێڕێتەوە و ڕایدەگەیەنێ کە مێژوو بۆ درامانووسان شتێکی لە کۆمەڵێ نێو زیاتر نییە.

لە بریتانیا و فەرەنسا، زەمینە ئابووری، سیاسی و ئایدیۆلۆژیکەکانی شۆڕشی بۆرژوازی و پوخت و تۆکمەکردن و پێکهێنانی دەوڵەت لە پرۆسەیەکی یەکگرتندا هاوچەشنی هەبووە، بەم پێیە لە چاوخشاندنێک بە ڕابردوودا، هەرچەند نیشتمانپەروەری بۆرژواییەکی شۆڕشگێڕی توندە، ئەو بەرهەمانەی کە ئەو دەخولقێنن گرنگە (وەک هنریاد ڤۆلتێر)، بەڵام نیگەرانی سەرەکی بە ناچار ڕەخنەی ڕۆشنگەری لە "ناعەقلانی"یە. لە ئەڵمانیا بەم شێوەیە نییە، بەڵکو نیشتمانپەروەری شۆڕشی لەگەڵ جوداییخوازی نەتەوەیی، ئابووری و سیاسی وڵات کە ئامراز و کەرەستەی کولتووری و ئایدیۆلۆژیکی ئەندێشە و دەربڕینی خۆی کە لە فەرەنساوە دەهێنێ، بە توندی بەرەنگاری دەکا، چونکە ئەوەی کە لە دەربارە بچووکەکانی ئەڵمانیا لە ڕێگای کولتوور و شێوە کولتووردا ئەنجام دەدرا، شتێکی زیاتر لە لاسایی کۆیلە ئاسای دەرباری فەرەنسا نەبوو. بەم پێیە دەربارە بچووکەکان نەتەنیا لەمپەر بوون لە بەردەم سیاسەتی یەکپارچەیی ئەڵمانیادا، بەڵکو ڕێگری ئایدیۆلۆژیکی گەشەی فەرهەنگی بوون کە لە داواو ویستەکانی چینی نێوەنجییەوە سەرچاوەی دەگرت. فۆرم و قەوارەی ڕۆشنگەری لە ئەڵمانیا بە زەرووڕەت ڕووبەڕوو بوونەوەی توند لەگەڵ کولتووری فەرەنسا دێنێتە ئاراوە، ئەم بارودۆخە نیشتمانپەروەرییە شۆڕشییەی تاکو ئەو جێگایەی کە نێوەڕۆکی ڕاستەقینەی خەباتی ئایدیۆلۆژیک بە سادەیی و ساکاری نێوان قۆناغە جیاوازەکانی گەشەی ڕۆشنگەرییە (وەک خەباتی لسینگ لەگەڵ ڤۆلتێر) دەپارێزێ.

نێوەڕۆکی شۆڕشی بۆرژوایی بەم شێوەیە کە ئەگەر بە شێوەی جددی ئامانجەکانی خۆی بەدی بێنێ، هەستی بیری نەتەوەیی بۆ زۆربەی خەڵک زیندوو دەبێتەوە.

لە فەرەنسا تەنیا لە ئەنجامی شۆڕش و حکوومەتی ناپلیۆنەوە بوو کە وەرزێران، چینە خوارەوەکانی وردە بۆرژوا و چینەکانی هاوچەشنی ئەوان بۆ یەکەم جار فەرەنسایان بە نیشتمانی خۆیان و وڵاتی دایک هەست پێ کرد کە خۆیان بنیادیان نابوو.

بەڵام هۆشیاری و ئاگایی هەستی نەتەوەیی و هەستی مێژوویی نەتەوەیی تەنیا لە فەرەنسادا ڕوو نادات. شەڕەکانی ناپلیۆن لە هەموو جیگایەک شەپۆلێک لە هەست و بەرەنگاریی نەتەوەیی لە بەرانبەر سەرکەوتنەکانی خۆیدا ورووژاند و هەستی توندی سەربەخۆیی خوازی نەتەوەیی بەدی هێنا. بە خاترجەمییەوە، هەروەک "مارکس" دەڵێ، ئەم بزووتنەوانە لە ئیسپانیا، ئەڵمانیا و وڵاتانی هاوچەشنی زیاتر پێکهاتەیەک لە داهێنان و دواکەوتوویی بوون.

لەلایەکی دیکەوە، لە پۆڵۆنیا خەبات بۆ سەربەخۆیی و ورووژاندنی هەستی نەتەوەیی لە بنەڕەتدا پێشکەوتنخوازە، بەڵام داهێنان و دواکەوتوویی بزووتنەوە نەتەوەییەکان هەرچەندەش کە هەبێ، بە تەواوەتی ڕوونە کە ئەم بزووتنەوانە - بزووتنەوەگەلێکی جەماوەریی واقیعین - بەناچار هەست و ئەزموونی مێژوویی لە نێوان جەماوەر و چینەکانی کۆمەڵگا پەرە پێ دەدەن. پاڵ پێوەنان بەرەو لای سەربەخۆیی نەتەوەیی و کەسایەتی نەتەوەیی بە زەروور و بە هۆشیاری و ئاگایی دووبارەی مێژووی نەتەوەیی، بیرەوەری ڕابردوو، لەگەڵ پێگە و گەورەیی ڕابردووو کات و زەمەنەکانی ڕزگاری نەتەوەییدا نزیکە، هەرچەند ئەم ڕەوتە بە ئایدیۆلۆژی، پێشڕەو، یان دواکەوتوویی کۆتایی پێ بێت.

چەمکی ڕۆشنگەری لە مرۆڤدا لە بواری فەلسەفییەوە پووچەڵ دەبێتەوە، دەپارێزرێ و بە ئاستێکی بەرزتر دەگا. گەورەترین لەمپەری دەرەکی مێژوو لە چەمکی ڕۆشنگەریدا لە نێوەڕۆکی نەگۆڕی مرۆڤدا شاراوەیە. بەم شێوەیە، لە ئەنجامدا، هەرچەشنە گۆڕانێک لەو ڕەوتەدا تەنیا بە واتای گۆڕینی خووخدە و بە گشتی هەوراز و نشێوە ئەخلاقییەکانی هەمان مرۆڤە. ئەم فەلسەفەیە مرۆڤ بە داهێنەر و خولقێنەری خۆی دەزانێ و چالاکییەکانی لە مێژوودا هەڵدەسەنگێنێ، هەرچەند وادیارە ئەم ڕەوتە مێژووییە بە شێوەیەکی ئایدیالیستی و تۆکمە ڕاوەستاوە، دەنا هۆکاری ئەم ڕەوتە بۆ "ڕوحی

جیهانی" عیرفانییە. سەرەڕای ئەمانە هیگڵ ئەم ڕوحە جیهانییە وەک جەستەیەکی دیالیتیکی گەشەی مێژوویی دادەنێ. بەم شێوەیە ڕوح لەگەڵ خۆی بەرەنگاری دەکا (جۆرج لۆکاش: لەمێژوودا) ناچارە بەسەر خۆیدا وەک دوژمنێکی ڕاستەقینەی بەربەستی ئامانجەکانی سەرکەوێ.

کامڵبوون لە ڕوحدا... خەباتێکی چڕ و ئەستەم و بێ ڕاوەستانە بەدژی خودە. ڕوح لایەنگریی درک و تێگەیشتنی بیروباوەڕی خۆیەتی، بەم پێیە ئەم ڕوانگەیە لە خۆی دەشارێتەوە و لە بێگانە و نامۆبوون لەگەڵ خۆیدا لەخۆباییە چێژ وەردەگرێ... سەبارەت بە فۆرم و شێوازی ڕوح مەسەلەکە جیاوازی هەیە (ج. لۆکاش: بەوەی کە لەناو سروشتدا هەیە). لێرەدا گۆڕان نەتەنیا کێشەیی، بەڵکو لەناو بۆچوون ڕوانگەدا ڕوو دەدات. ئەمە خودی بیرۆکەکەیە کە گۆڕانی بەسەردا دێ.

هیگڵ لێرەدا لە گۆڕانکاری ئایدیۆلۆژیکی کە لە چاخی خۆیدا ڕوو دەدات پێناسەیەکی شیاو - لە ڕاستیدا بە شێوەیەکی تەنیا ئایدیالیستی - دەخاتە ڕوو. ئەندێشەی دەورە و قۆناغی پێشتر بە شێوەیەکی دژبەرانە و جیاواز لە نێوان واتای هەڵکەوتانەی بەرانبەر و هاوچەشن، لەگەڵ یاسای هەموو ڕووداوە کۆمەڵایەتییەکان و بایەخی زیاتری پێداویستییەکانی دەستێوەردانی هۆشیارانە لە گەشەکردنی کۆمەڵایەتیدا دژایەتی هەیە، بەڵام لە هەردوو لایەنی ئەم دژبەری و جیاوازییە، ئوسووڵی "سەرووی مێژوویی" وا لێک دەدرایەوە کە لە ناوەڕۆکی مانەوەی عەقڵ و ئاوەزەوە سەرچاوەی دەگرت. هیگڵ لە مێژوودا پرۆسە دەبینێ، پرۆسەیەک کە لەلایەن و لە ڕێگای هێزە پاڵنەرە دەروونییەکانی مێژووە بەرەوپێش دەڕوات، لەلایەکی دیکەوە کار لە هەموو دیاردەکانی ژیانی مرۆڤ دەکات. هیگڵ هەموو ژیانی مرۆڤایەتی وەک ڕەوتی مێژوویی مەزن دەبینێ.

بەم شێوەیە، هیۆمانیزمی نوێ چەمکی نوێی پێشکەوتن بە دوو شێوەی مێژوویی - بەرهەستی و شێوازی فەلسەفی خۆی دەردەخات. هیۆمانیزم کە ئارەزووی هەبوو دەسکەوتەکانی شۆڕشی فەڕەنسا وەک بنیادێکی نەگۆڕی پێشکەوتن و گەشەی داهاتووی مرۆڤ - بپارێزێ، کە وەک بەشێکی پێویست و زەرووری پێشکەوتنی مرۆڤ - دەیڕوانییە شۆڕشی فەڕەنسا و (هەموو شۆڕشەکانی مێژوو). لە ڕاستیدا، ئەم هیۆمانیزمە مێژووییە نوێیە کە بەرهەمی سەردەمی خۆی بوو، نەیدەتوانی لە هەمبەر بەربەست و کەموکوڕییەکانی ئەو سەردەمەدا سەرکەوێ - مەگەر بە شێوەیەکی گاڵتەجاری، هەروەک یۆتۆپیا (*) مەزنەکان ئەم کارەیان کرد. هیۆمانیزمە گرنگە بۆرژواییەکان ئەم سەردەمەی خۆیان لە هەلومەرجێکی دژبەر و جیاوازدا دەبیننەوە.

ئەوان لە حاڵێکدا دەرک بە زەروورەتی شۆڕشەکانی پێشوو دەکەن و تێیدا هەر شتێک کە عەقڵانی و بە بایەخەوە دەبیننەوە، پێشکەوتنی داهاتوو بە گەشە و گۆڕانی ئاشتیخوازانە بەپێی ئەم دەسکەوتانە پێناسە دەکەن. هەروەک" م. لیف.

**(*) Utopians: ئامانج خوازەکان، مرۆڤە خەیاڵییەکان.**

**سەرچاوە:**
**کتێبی "لەبارەی ئەدەبیات و هونەرەوە" کۆمەڵە وتاری بیانی، وەرگێڕانی بۆ فارسی"ئەسغەر مەهدی زادگان".**

# شیعرێکی بڵاونەکراوەی زێوەر (١٨٧٥-١٩٤٨)

د. حەسەن جاف

ناوی عەبدوڵڵای کوڕی محەمەدی کوڕی مەلا ڕەسووڵە لە ساڵی ١٨٧٥زایینی لە شاری سولەیمانی هاتۆتە دنیاوە. لە حەوت ساڵیدا لە حوجرەی مەلا سەعید خواجە فەندی دەخرێتە بەر خوێندن، قورئان و ناگەهان و گوڵستانی سەعدی شیرازی دەخوێنێ، بەدەم فارسی خوێندنەوە، دەست دەکا بە فەقێیەتی. لەپێشدا هەر لە سولەیمانی، لە پاشان دەچێ بۆ مەریوان، بانە لەوێوە بۆ موکریان و سابڵاغ و بەسەر ڕواندزدا دەگەڕێتەوە بۆ هەولێر و کەرکووک و دێتەوە بۆ سولەیمانی و لە مزگەوتی (بن تەبەق) دەرسی زانستی عەرووز و قافیە لەلای عیرفان ئەفەندی دەخوێنێ و دەبێ بە موستەعیدێکی باش(١).

لە ساڵی ١٣١٧ ڕۆمی دەچێ بۆ ئەستەمبۆل و سێ-چوار ساڵ لەوێ ماوەتەوە، بەمە سەرەڕای زمانە کوردییەکەی خۆی و فارسی و عەرەبی کە وەک مەلایەکی مەلایانە تێیاندا زۆر شارەزابووە، ئاگادارییەکی باشی لە زوبانی ئەدەبی تورکیشدا پەیدا کردووە، پاش گەڕانەوەی لە ئەستەمبۆل، بووە بە مامۆستای نووسین و دەستووری زمانی تورکی لە (روشدییەی عەسکەری) کە ئەو قوتابخانەیەش لە سولەیمانی هەڵگیراوە، بووە بە مامۆستای قوتابخانەی «تەشویقییە».

پاش داگیرکردنی سولەیمانی لەلایەن ئینگلیزەوە، بووە بە باشکاتبی تەحریرات. پاشان کراوە بە مامۆستا لە قوتابخانەی نموونەی سەعادەتدا.

لەگەڵ شار بەجێ هێشتنی شێخ مەحموودی حەفیددا، پاش تێکچوونی فەرمانڕەواییەکەی، ئەمیش سولەیمانی بەجێ هێشتووە(٢) و چەند ساڵێکی دوور لە کاری فەرمی بەسەر بردووە لەم ماوەیەدا هەندێ ناوچەی کوردستانی ئێران گەڕاوە.



**زێوەر**

پاش گەڕانەوەی کراوە بە مامۆستای سەرەتایی تا لە ساڵی ١٩٣٨دا خانەنشین کراوە لە سولەیمانی و دەرەوە، مامۆستایەتی کردووە.

لە ١٩٤٨/١١/١٠ کۆچی دوایی کردووە. زێوەر شاعیرێکی بەرز و بە سەلیقە بووە.

سەیرکە چۆن بارودۆخی ئەو سەردەمەی خۆی کە دەوری تورکانی عوسمانی بووە. وەسف دەکات و دەیخاتە ڕوو کە دەڵێ:

**ئەم وەقتە کە پڕ فتنەو ڕیایی بەستنە ئێستا**
**خۆشی کە ببێ مردنە یا نووستنە ئێستا**
**دو یاری وەفادار و بەبێ غەش نییە هەرگیز**
**هەرچی کە تەماشای ئەکەم دوژمنە ئێستا**
**ئاشووب و بەڵاو فتنە وەکو تەرزە ئەبارێ**
**هەر جەردەیی و هەر دزی و کوشتنە ئێستا**

لەو بڕوایەدام ئەو وەسفە وردە بەسەر هەر بارودۆخێکی ڕژێمێکی دوور لە دادوەری کۆمەڵایەتییەوە و دوور لە یەکسانی و بەرابەرییەوە و دوور لە یاسا و ئەخلاقەوە بچەوسێیتەوە پڕ بە پێستێتی.

زێوەر لە غەزەلدا دەستێکی باڵای هەبووە.

بۆ نموونە ئەم شیعرەیە دەخەینە ڕوو کە دەڵێ:

**تکانی ئابڕووی چەمەن بە ڕووی ئابدارەوە**
**شکانی نرخی نەستەرەن بەزوڵفی مشکبارەوە**
**چمە لەمەی..؟ لە نەی، لە جام ئەگەر بەلەنجە بێتە لام**
**بە ڕووی تابدارەوە بە چاوی پڕ خومارەوە**
**عەرەق نییە لە عالەما کە لابەرێ لە دڵ غەما**
**جگە لە قەترە عارەقێ لە ڕووت کە دێتە خوارەوە**
**نیشانی من، جەمالی تۆ، بەراتی من، ویساڵی تۆ**
**خەیاڵی من لە خاڵی تۆ، بە عیشوە لێم مەشارەوە**
**عەزیزەکەی حەبیبی من، نیگارەکەی تەبیبی من**
**با ، شەق بەرێ ڕەقیبی من، وەرە بە سەد ویقارەوە**
**فیدای خەد و قەدی تۆ، چەمەن بە فەوجێ گوڵییەوە**
**بە بولبول و بە چڵییەوە بە قومری و چنارەوە**
**فەرەنگ ڕوو، زەنگ موو، عەجەم سیاق، ڕووس خوو**
**ئەناسرێ کە کوردە زوو، بەپێچی لارو خوارەوە**
**نیشانی زوڵفی عەنبەری هەموو وڵاتی گوڵعومەر**
**بە عەرد و بەرد و دارەوە بە ئاوی سەرچنارەوە**
**ئەمن گەیاندمە ئەنوەری، فنونی شیعر و شاعیری**
**ئەتۆش گەیانتە سامری بەچاوی سیحر کارەوە**

هەروەها دەبینین خوێندن و زانست هەڵدەسەنگێنێت و دەڵێ:

**مەعارفە کە بوڵندی ئەدا بە قەومی هەژار**
**جەهالەتە کە دەکا مەحوی سیلسلەی تاتار**
**فنون و عیلمە کەوا بۆتە باعیسی ئیقبال**
**جەهالەت و جەسەدە بۆتە مەنشەئی ئەدبار**
**برادەران و ڕەفیقانی خۆم مەبن غافڵ**
**لە تەربییە و ئەدەب و عیلم و سەنعەتێکی بەکار**
**بە جەوهەری کە هەتە لامەدە لە میللەتی خۆت**
**نیفاق و بوغزە بەڵێ، ژەنگی مەردی جەوهەردار**
**وەتەن وەتەن وەکو کوکوی کۆترە باریکە**
**بێتە وردی زبان و دڵت بە لەیل و نەهار**
**بە ماڵ و دەوڵەتی دنیا مەنازە ئەی حاجی**
**بینای مەکتەب و پردی حیسابە ڕۆژی شومار**
**حەیاتی ئێمە حەواڵەی سەخاتی ئەشرافە**
**گەورە لوتفی نەبێ، قوڕ بەسەر سەفیل و سیغار**

زێوەر بەرانبەر بە خاکی نیشتمانی پیرۆزی کە خۆشەویستی خۆی دەردەبڕێ دەڵێ:

**ئەی وەتەن چەند خۆشەویستی ڕۆحی شیرینی منی**
**مەرزەعەی توخمی نیشات و باعسی ژینی منی**

یان دەڵێت:

**وەتەنی من کوردستانە یادگاری ئەجدادمانە**
**بە هەشتی ڕووی سەرزەمین خاکی پاکی کوردستانە**
**با هەموومان وەک برابین ڕەفیقی دین و دنیابین**
**با لەوەحشەت تەوەللا بین نەوبەتی عیلم و عیرفانە**
**کورد میللەتێکی ناسراوە لە مەعارف بەجێ ماوە**
**ڕۆژی سەعی و تێکۆشینە بۆ ئەو کەسەی کورد زمانە**
**کورد میللەتێکی قەدیمە، صاحبی تەبعی سەلیمە**
**شاهیدی ئەم مودەعایە سەلاح الدینی سوڵتانە**

زێوەر پێوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ بنەماڵەی جافدا هەبووە لە گەنجینەی مەرداندا هەڵسەنگاندنێکی وردی لە کەسایەتی مەحموود پاشای جاف، سەرۆکی عێلی جاف کردووە کە جێی ئەوەیە باس بکرێت و لەم ڕووەوە دەڵێت:

ئەم زاتە دوو دەفعە لەتەرەف سوڵتان عەبدولحەمیدەوە تەکلیفی وەزیری لێ کرا قوبوڵی نەکرد. مانگێ پەنجا لیرەی لە تەرەف حکوومەتەوە هەبوو «حق السکوت» ئەو مەعاشەی بۆ تەخسیس کرابوو کە ئیتاعەی حکوومەت بکا. با وجوود عەقیدەی کورد ئەوسا وابوو کەسێ بچێ بەگژ حکوومەتاو خەلیفەی ئیسلام کافر ئەبێ ئیللا مەحموود پاشا ئەیتوانی لە هەورامانەوە هەتا مووسڵ داگیر بکا، لەگەڵ ئەو هەموو نفووزەی وەک شەخسێکی بێ دەسەڵات تابعی ئەمری حکوومەت بوو. سەبەبیشی دیانەت بوو(٣).

خوالێخۆشبێ زێوەر پێوەندییەکی دۆستانەی بەهێزی لەگەڵ حەسەن فەهمی جاف نەوەی مەحموود پاشادا هەبووە، وادیارە ئەم پێوەندییە لە خۆشەویستی و دڵسۆزی وەفای زێوەرەوە سەبارەت بەم بنەماڵەیە هەڵقوڵاوە بێ ئەوەی نەزەرێکی مادی لە شیعرەکانیدا کە بۆ حەسەن فەهمی ناردووە بوو بێت وەک خوالێخۆشبێ حەسەن بەگ دەڵێت: پێش ئەم نامەیە قەطعا ئەو زاتەم نەبینیوە و لەبەر جوانی نامەکەی و شیعرەکەی کە لە دیوانەکەیدا نییە. بە چاکم زانی بیخەمە بەردەست خوێنەرانی ئازیزی میللەتەکەمان بەهیوام سوود بەخش بێت.

زێوەر لە نامەکەیدا جەختی لەسەر ئەوە کردووە، ئەم نامەیەی کە بۆ حەسەن بەگ نووسیوە، بە ئومێدی هیچ دیاری و پاداشتێکەوە نەیناردووە، تەنیا بۆ یادگاری ئەم نامە و کتێبەی خۆی پێشکەش کردووە و هەر لە نامەکەیدا دەڵێ: هەمووان دەزانن تەمەنم گەیشتووەتە ئەم سەردەمە هێشتا شیعر فرۆشیم نەکردووە، تکا دەکەم ئێوەیش هەروای بزانن، ئەمەش دەقی نامە و شیعرەکەیەتی کە لەم نووسراوەدا بڵاوی دەکەینەوە.

لە شیعرەکەیدا دەڵێ:

**دو حسن ابن علی شهرەتیان تاقافە**
**هاشمی النسب اول اوی اخر جافە**
**جدی ئو دانەری أحکام و شریعت بوهمو**
**جدی ام تابعی ایات و حدیثی أوبو**
**أو إمامی دوەمین بو بەشرف بو بەمقام**
**وا أمیش ناوی أوی گرتووە نەی کردوە حرام**
**ناوی بگزادەء جاف تاکو لە میدانابی**
**باسی ساسانی لەناو گوشەء نسیانابێ**
**أم لە سامانیەکان کم نییە طبع و هنری**
**فخرە بۆ ملتی بۆ عشرەتی سعی و ثمری**
**نود و نوی کەمە أم مەدحە لە صد بو ایوە**
**جارێ بام هیندە بی هەر باسی جنوکە و خیوە(٤)**

دەقی شیعرەکە بە ڕێنووسی ئێستا:

**دوو حەسەن ئیبن عەلی شوهرەتیان تاقافە**
**هاشمی ئەلنەسەب ئەوەل، ئەوی ئاخر جافە**
**جددی ئەو دانەری ئەحکام و شەریعەت بوو هەموو**
**جددی ئەم تابعی ئایات و حەدیسی ئەو بوو**
**ئەو ئیمامی دووەمین بوو بە شەرەف بوو بە مەقام**
**وا ئەمیش ناوی ئەوی گرتووە نەیکردووە حەرام**
**ناوی بەگزادەی جاف تاکو لە مەیدانابێ**
**باسی ساسانی لەناو گۆشەی نسیانابێ**
**ئەم لە سامانییەکان کەم نییە طەبع و هونەری**
**فەخرە بۆ میللەتی بۆ عەشیرەتی سەعی و سەمەری**
**نەوەد و نۆی کەمە ئەم مەدحە لە سەد بۆ ئێوە**
**جارێ بام هێندە بێ، هەر باسی جنۆکە و خێوە**

**پەراوێز:**

**١- عەلائەدین سەجادی، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەغدا، ١٩٥٢، ل٤٨٦.**

**٢- مەلا عەبدوڵلای زێوەر، گەنجینەی مەردان و یادداشتی ڕۆژانی دەربەدەری. محەمەدی مەلا کەریم هێناویەتییە سەرشێوە نووسینی نوێ و پەراوێزی بۆ نووسیوە. بەغدا، ١٩٨٥، ل١٢.**

**٣- گەنجینەی مەردان، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٠.**

**٤- زێوەر بە ئیملای کوردی کۆن شیعرەکەی نووسیوە، ئێمەش بۆ ئەمانەتداری وەک خۆی نووسیمانەوە.**

# توانا دەنگییەکانی (تایەر تۆفیق) لە ڕووی ئەکادیمییەوە

## (لێکۆڵینەوەیەکی وەسفی شیکاری پراکتیکییە)

ئارەزوو ئیسماعیل مەنسوور
(٢ - ٢)

**بەشی سێیەم**

**لایەنە پراکتیکییەکانی لێکۆڵینەوەکە**

- کۆی لێکۆڵینەوەکە.
- چاوگەکانی لێکۆڵینەوەکە.
- شیکاری موزیکی بۆ نموونە هەڵبژێردراوەکان.
- پێداویستییەکانی لێکۆڵینەوەکەو پێوەری شیکاری موزیکی.
- یەکە و شێوازی لێکۆڵینەوەکە.
- ڕاستی و دروستی لێکۆڵینەوەکە.
- بەڵگەی ڕاستی لێکۆڵینەوەکە.
- ئامێرەکانی لێکۆڵینەوەکە.

**کۆی لێکۆڵینەوەکە**

کۆی لێکۆڵینەوەکە پێکهاتووە لە سەرجەم گۆرانییەکانی کە لە ساڵەکانی نێوان (١٩٤٥-١٩٦٣) لە ئێزگەی بەغدا تۆماری کردوون، هەروەها هەرسێ بەش لە گۆرانییەکانی خەیام کە لە یەک سی دی ئێم پی تریدایە، لەگەڵ یەکێک لە گۆرانییە بەناوبانگەکانی بە ناوی (قەلبی من).

لە سەرجەم ئەو گۆرانییانەدا چەند گۆرانییەک و ئەدلیبێکمان کردووە بە چاوگی لێکۆڵینەوەکە و وەک سەرچاوەیەکی پراکتیزەکردنی لێکۆڵینەوەکە بەکارمان هێناوە، کە چەند شێوازێکی جیای چڕین و مەقامی جیا و ڕیتمی جۆراوجۆری تێدا بەکارهاتووە، بۆ ئەوەی لە کورتترین و پوختەترین بەرهەمەکانیدا زۆرترین جۆری مەقام و ئاواز و ڕیتمی جۆراوجۆر شی بکەینەوە و بیروڕاکانمانیان لەسەر دەربڕین.

ئەو بەرهەمانەی کە هەڵمان بژاردوون بەڕای زۆربەی ئەو شارەزایانە هەڵبژێردراون کە لەم لێکۆڵینەوەیەدا پرسیاریان پێ کردوون. گۆرانییە هەڵبژێردراوەکان ناوازەترین گۆرانییەکانی هونەرمەند (تایەر تۆفیق)ن و سەرجەمیان هەشت (سی دی)یە و ژمارەیان لەسەر دانراوە. بۆ پەیداکردنی ئەم کەرەستانەش پەنامان بردە بەر (بنکەی مەقام)ی سەر بە وەزارەتی ڕۆشنبیری حکوومەتی هەرێمی کوردستان (کە ئەوانیش لە لای کاک ئەمیر کەبابچی بەدەستیان هێناوە) کە گرنگی بەو بوارە دەدەن و پسپۆریەتییان لەو بوارەدا هەیە. کۆی گۆرانییەکان ٣٦ گۆرانی و ئەدلیبە.

**چاوگەکانی لێکۆڵینەوەکە**

چاوگەکانی لێکۆڵینەوەکە لە (٨) گۆرانی و ئەدلیب پێکهاتووە. کە دەکاتە (٢٢,٢٢٪)ی سەرجەم



تایەر تۆفیق

گۆرانییەکان و لەبەر ئەم هۆکارانەی خوارەوە ئەم گۆرانی و ئەدلیبانەمان هەڵبژارد:

أ- هەمەجۆری ئاواز و ڕیتمەکانیان و هەمەجۆری مەقام و شێوازی چڕینی ئەدلیبەکان.

ب- بیروڕای شارەزایان و پسپۆڕان.

ج- پاکو خاوێنی دەنگەکان و تۆمارکردنەکەی لەلایەک و ڕوونی ژەنینی ژەنیارەکان و ڕوونی دەربڕینی وشەکان لەلایەکی ترەوە.

د- مێژووی دیارو ڕوونی بەرهەمەکان، کە بەهۆیەوە دەتوانرێت تەمەنی هونەریی هونەرمەند دیاری بکرێت.

هـ- بەربڵاوی ئەم بەرهەمانە لەلای زۆربەی بیسەران و هونەرمەندان.

**بەرهەمە هەڵبژێردراوەکان بریتین لە:**

ژمارە/ ناوی گۆرانییەکە/ لەسەر تۆنی/ سکێلی سەرەکی

١-ا- /من بریندارم....../ (سۆل)........../ (بەیات)./

١-ب- /چی بکەم جەرگم سووتاوە/ (سۆل)/ (بەیات)./

٢-ا- /قەلبی من/ (دۆ)/ (ڕەست)/.

٢-ب- /هەی نار هەی نار/ (دۆ)/ (ڕەست)/.

٣- /کوردە ئەم هەلەی مێژوو داویەتی/ (سۆل)/ (ئەڵڵا وەیسی-عەجەم)/.

٥- /دڵی بردم/ (ڕێ)/ (حجاز غەریب)/.

٦- /کراس زەردێ/ (سۆڵ)/ (حجاز)/.

٧- /وەیلێ زاڵم/ (سۆڵ)/ (بەیات موحەییەر)/.

**شیکاری موزیکی بۆ نموونە هەڵبژێردراوەکان:**

نموونەی (١-أ) من بریندارم.

ناوی گۆرانی: من بریندارم.

لەسەر تۆنی: سۆڵ.

هۆنراوە: فۆلکلۆر.

ئاواز: تایەر تۆفیق.

تێکست:

**من بریندارم بۆ چاوی کاڵت**

**سووتاوە جەرگم بۆ لێوی ئاڵت**

**مەقامی (بەیات)ـە لەسەر تۆنی (سۆل)**

لەم ئەدلیبەدا دەستپێکردنی لە میانەکە دەکاتە دەنگی سی بیمۆڵ دوای ئەوەی لەوێوە دەست پێدەکات و لە میانەی پێنجەمدا کە میانەکە تەواوە و دەکاتە دەنگی (ڕێ) تەواو جێگیر دەبێت. لەوێدا ماوەیەک دەمێنێتەوە و لەگەڵ ئەنجامدانی هەندێک وردەکاری و پیشاندانی شارەزایی خۆی و بەکارهێنانی تەکنیک لە دەنگدا، ئینجا بۆ تۆنی سێیەم و دووەم دەگەڕێتەوە، ئینجا خۆ جێگیرکردنەوەی لەسەر تۆنی سێیەم و دواتر گەڕانەوە بۆ تۆنی دووەم و تەسلیم کردنەوەی بە دەنگی بنچینە کە تۆنی (سۆڵ)ە.

ئەو خۆجێگیرکردن و جووڵانە لە تۆنێکەوە بۆ تۆنەکانی تر بەو شێوەی کە لەسەرەوە باسمان کرد تا کۆتایی ئەدلیبەکە دووبارە دەبێتەوە لەگەڵ بەکارهێنانی هەر جارەی جۆرێک لە وردەکاری دەنگی بەپێی هەڵکەوتەی تێکستەکە و شێوەی هەڵکەوتەیی پیتە بزوێنەکان لە تێکستەکەدا و درێژکردنەوەی ئەو پیتە بزوێنانە بەپێی میلۆدی ئاوازەکە کە جۆرێک لە ڕیتمی نادیاری تێدایە و موزیسیانی باش دەتوانێت درک بەو ڕیتمە شاراوەیە بکات، هەرچەندە ترپەکانی نارێک و پێکن، کە ئەمەش خۆی تایبەتمەندی شێوازی چڕینی ئەدلیبە کە ڕیتمێکی

نادیار و ناجێگیری هەیە.

ئەوەی کە لێرەدا زۆر گرنگە بگوترێت ئەوەیە کە تایەر تۆفیق لە ڕێچکە ڕەسەن و کوردییەکەی خۆی لانادات و ناهێڵێت ژەنیارەکان ئەو کاریگەرییەی لەسەر جێ بهێڵن و بەرەو مۆرکی ئامێرەکانی خۆیانی بەرن و لە ژەنیارەکان لە سۆلۆیەکانیاندا بەرەو تۆنی تر دەچن و هەوڵی (ئەگەر هەوڵ بێت) گۆڕینی شێوازی گوتنەکە دەدەن، بەڵام گۆرانیبێژ لە شوێنی خۆی دەمێنێتەوە و دەگەڕێتەوە سەر ئەو مۆتیڤە بنەڕەتییەی کە لەسەرەتاوە لێیەوە دەستی پێ کردووە و تا کۆتایی لەگەڵیدا دەمێنێتەوە.

سەیری وێنەی نموونەی (١-أ) بکە.

بەستەی ئەم ئەدلیبە، کە گۆرانی (سەیران مانگی نیسانە)یە و ڕیتمەکەی (٢/٤)ە- نموونە١-ب- لەدوای تەواو بوونی ڕاستەوخۆ دەست پێ دەکات بەبێ پێشەکی موزیکی (دیارە هەروەک دەزانین بەپێی ڕێککەوتنی ژەنیاران و گۆرانیبێژە)، ئەم گۆرانییەی لە زۆر شوێن و بۆنەدا گوتووەتەوە، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنج و ئاماژەیە شێوازی هەناسەدان و ڕاگرتنەیەتی و تێکەڵکردنی هەنسکی ساردو گەرمی خۆیەتی کە نیشانەی تەواو تێکەڵبوونی ڕوحییە بە خودی میلۆدی و تێکستەکە.

نموونە ١-ب- سەیران مانگی نیسانە....ریتمی/٤
٢. خێرایی (٨٢ نوار لە خولەکێکدا)

ناوی گۆرانی: سەیران مانگی نیسانە.
لەسەر تۆنی: سۆڵ.
هۆنراوە: فۆلکلۆر.
ئاواز: تایەر تۆفیق.
نموونەی تێکستی گۆرانییەکە:

**سەیران مانگی نیسانە**
**چونکە وادەی گوڵانە**
**نازی گوڵ و گوڵخونچە**
**چریکەی بولبولانە**

سەیری وێنەی نموونەی (١-ب) بکە.
نموونەی (٢-ا) قەلبی من.
ناوی گۆرانی: قەلبی من.
ئاواز: تایەر تۆفیق.
هۆنراوە: سامی عەودالّ.

نموونەی تێکست:

**قەلبی من گەر چەشنی لالە بێتو نەوتی تێ بکەن**
**ئاگری دوژمن بێتە گیانم وەک چرا من پێ بکەن**
**شەق شەقی کەن گۆشت و ئێسقانم یەک بە یەک خوێی تێ بکەن**
**بێ ترس من دێمە مەیدان حوکمە ئازادیم دەوێ**
**گەر نەسووتێم و نەبرژێم چۆن هەژارم سەرکەوێ**

مەقام ڕەست لەسەر (دۆ)

دەستپێکی ئەم ئەدلیبە بە پێدانی دەنگی بنچینەیە بەگوێگر کە بە هۆی حەرفی (م- میم)ەوەیە -واتا منە منێک دەکات، کە حرفی میمە- ئینجا بە وشەی (قەلبی من) لە میانەی شەشەمەوە دەست پێ دەکات کە دەکاتە دەنگی (لا)، دوای جێگیربوونێکی کەم لەسەر میانەی پێنجەم و دواتر گەڕانەوەی بۆ میانەی چوارەم و سێیەم، دیسان وەستان و جێگیربوونێک لە هەمان میانە، دیسان دوای گەڕانەوەی بۆ میانەی چوار و پێنج دەگەڕێتەوە بۆ میانەی بنچینە.

بەشی دووەمی ئەدلیبەکە لە میانەی پێنجەمەوە دەست پێ دەکات، پاش یاری کردنێکی وەستایانە لە نێوان هەردوو میانەی چوارەم و پێنجەم، لەسەر تۆنی سێیەم جێگیر دەبێت، ئەو جارەیان دەگەڕێتەوە میانەی پێنجەم و شەشەم، تەکنیکێکی دەنگی جوان لەوێ ئەنجام دەدات و بەکاردەهێنێت. دیسان دوای جێگیربوونێکی کەم لەسەر تۆنی سێیەم، بە گەڕانەوەیەکی خێرا بەرەو تۆنی بنچینەو ئەوەی پێش تۆنی بنچینە کە دەکاتە (سی کاربیمۆڵ) تەسلیمی تۆنی بنچینەی دەکاتەوە.

لە بەشی سێیەمی ئەم ئەدلیبەدا (بیمە خاک و خۆڵەمێش) لە تۆنی هەشتەم-ئۆکتاف- دەست پێ دەکات و دەچێت بۆ تۆنی نۆیەم و دوای کردنی هەندێک تەکنیکی دەنگی و گەڕانەوەی بۆ میانەی پێنجەمی پەیژەکە لەسەر هەمان میانەی-پێنجەم- جێگیر دەبێت و دوای ئەوەی تەواو حەقی ئەو جووڵەیە و مەقامی ڕەستی یەکەم تێر دەکات، مەقامێکی تری (ڕەست) لەسەر میانەی پێنجەم کە دەکاتە تۆنی (سۆل) دروست دەکات و (سی بیمۆڵ)ەکەی پێشتر بەکاری دەهێنا دەیکات بە (سی کاربیمۆڵ) دوای ئەوەی زۆر بە (فۆڕتێ) دەچێتەوە میانەی نۆیەمی مەقامەکە و وەستانێکی زۆر لەوێدا دەکات و تەکنیکێکی کارامەو لێهاتووانە ئەنجام دەدات.

دەگەڕێتەوە بۆ بنچینەی (ڕەست) نوێیەکە (سۆل) کە لە (ڕەست)ـەکەی پێشوو (دۆ) دروستی کردووە پاش جێگیربوونێکی تەواو لەوێدا زۆر وەستایانە دەگەڕێتەوە سەر سکێلە بنچینەییەکەی خۆی و لەوێدا تەسلیمی دەکاتەوە و بەبێ وەستان و پێشەکی مۆسیقا بە هەمئاهەنگی کۆرس گۆرانی (هەی نار هەی نار) دەست پێ دەکات.

**هەی نار هەی نار باوانم یار**
**هات و ڕۆیی بە لەنجەو لار**

دوای گوتنی ئەم کۆپلەیەو بەردەوام بوونی مۆسیقا بە ڕاگرتنی تیمپۆی گۆرانییەکە ئەدلیبەکە بە مەقامی (ڕەست-سۆڵ) دەست پێ دەکاتەوە بە شیعرێکی تر.

**گەرچی تووشی ڕەنجەڕۆیی و حەسرەت و دەردم ئەمن**
**قەت لەدەست ئەم چەرخە سپڵە نابەزم مەردم ئەمن**

لەسەر میانە بنچینەکە (ڕەست-دۆ-) جێگیر دەبێت.

دوای گوتنی کۆپلەیەکی تری (هەی نار) دیسان بە هەمئاهەنگی کۆرس-کە هەموویان دەنگی پیاوانن-

دیسان دەگەڕێتەوە سەر سکێلەکەی دووەم کە مەقام ڕەست لەسەر (سۆڵ)ـە. لەوێدا دوای تەکنیککارییەکی زۆر جوان دەچێت بۆ تۆنی (سۆڵ)ی سەروو کە دەکاتە تۆنی هەشتەمی سکێلەکە، بەڵام دەگاتە میانەی دوازدەمی میانە سەرەکییەکە کە مەقامی (ڕەست) لەسەر (دۆ)یە. لێرەدا تواناییەکی زۆر گەورەی تایەر تۆفیق دەردەکەوێت کە تا ئێستای سنووری لێکۆڵینەوەکەمان بەرزترین تۆنە کە لە لایەن گۆرانیبێژەکەمانەوە بەکار برابێت. ئەمە جیا لەوەی کە لەوێدا بەهۆی ئەنجامدانی هەندێک تەکنیکەوە دەیگەیەنێتە میانەکانی سێزدەم و چواردەم.

لێرەدا بە پێویستی دەزانم ئاماژە بە دوو خاڵی گرنگ بدەم، کە یەکەمیان لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە پێوەندی بە بیروبۆچوونی (تایەر تۆفیق)ـەوە هەیە و پەیوەستە بە کاریگەری شیعرەکان و بە ناوەوەی ئەو زاتە. دیارە هەموومان دەزانین کە تایەر تۆفیق چەند کورد پەروەر و لەخۆبردوو بووە، ئەو شیعرانە گاریگەری تەواوی هەبووە بەسەریەوە، بە تایبەت لەو سەردەمەدا کە ئەوی تێدا ژیاوە و لە جۆری چڕین و تەکنیکەکانیدا دیارە کە هەموو شیعرەکانی بە تەواوی و بەبێ هەڵە لەبەرە. دووەم ئەو چێژە کوردییەی کە داویەتی بەچڕینەکەی. شایەنی باسە تایەر تۆفیق وەک زۆربەی گۆرانیبێژەکانی تر لە ناو نەغمەو تۆنی موزیسیانە عەرەبەکان خنکاون و نەیانتوانیوە لە تێکست و ئاوازەکانیان تەواو ئەوەی لەناوەوەیاندا هەیە سەدا سەد بیهێننە دەرەوە و بیگەیەنن- هەرچەندە هەندێکیان ئەو کاریگەرییە زۆر کەمە بەسەریانەوە تا ڕادەی نەبوونی کاریگەرییەکە-، دیارە لێرەدا موزیسیانەکان کوردن، ئەوەش کاریگەری خۆی بەسەر تایەر تۆفیقەوە هەبووە و لەم گۆرانییەدا بە ئاشکرا هەستی پێ دەکرێت.

ئەوەی ماوەتەوە لێرەدا بیلێین ئەوەیە کە ئەو مەقامە کە داهێنەرەکەی (تایەر تۆفیق)ـە بە سێ قۆناغدا تێدەپەڕێت و بە سێ چینی جیا دەست پێ دەکات و دەگوترێت هەر وەک مەقامی (ئەلڵاوەیسی) کە پێم وایە (ئەلڵاوەیسی) فۆرمێکی موزیکی کوردییە زیاتر لەوەی مەقامێکی سادە بێت، بۆیە پێم وایە ئەم جۆری چڕینەی لەم ئەدلیبەدا هەیە دەکرێت بە فۆرمێکی موزیکی کوردی دابنرێت، کە دەکرێت ناوی لێ بنرێت فۆرمی (قەلبی من)، هەرچەندە پێم وایە ئەمە لێکۆڵینەوەی زیاتری پێویستە.

نموونەی(٢-ب)-هەی نار هەی نار. ریتمی ٤/٤ خێرایی (١٠٢ نوار لە خولەکێکدا)

ناوی گۆرانی: هەی نار.
لەسەر تۆنی: (دۆ).
ئاواز: کۆن.
تێکست: فۆلکلۆر.
نموونەی تێکست:

**هەی نار هەی نار**
**باوانم یار**
**هات و ڕۆیی**
**بە لەنجەو لار**

نموونەی (٢-ب)
نۆتەی گۆرانییەکە:

نموونەی-٣- ئەلڵاوەیسی لەسەر (سۆڵ).

ناوی گۆرانی: کوردە.
لەسەر تۆنی: (سۆڵ).
ئاواز: فۆلکلۆر (تایبەت بە گەرمیان).
هۆنراوە: ؟؟؟ (بۆم ساغ نەبوویەوە).

کوردە ئەم هەلەی مێژوو داویەتی لەدەستی نەدەی
لانەدەی لە ڕێت هەی........

زۆر بیـروڕا هەیە کـە دەڵێن مـەقـامی ئەڵڵاوەیسی مەقامی (ڕەست)ـە، بەڵام ئەوەی تایەر تۆفیق گوتوویەتی مەقامی (عەجەم)ـە.

ئەو مـەقـامـەی ئەو دەیڵـێت لەسـەر تۆنی (سـۆل)ـە. کـاتێک دەست پێ دەکـات لە تۆنی (ڕێ)وە دەست پێ دەکـات، واتا چوار مـیـانە بۆ خـوار تۆنی بنچـینە دەگەڕێتەوە و لەگەڵ تۆنی دووەمی پەیژە سەرەکییەکە، کە دەکـاتە تۆنی (لا) یاری دەکـات و بەبێ گـوتنی هیچ تێکستـێک تەنیا بە وشەی (ئازیزەم ئای) دەگەڕێتـەوە دەنگی بنچینەو تەسلیمی دەکاتەوە. لە جاری دووەمدا بە هەمـان وشـەی پێشـوو، لە مـیانەی سێیـەمـەوە دەست پێـدەکـات و دواتر بۆ مـیـانەی چوارەم و گـەڕانەوە بۆ میـانەی سێیەم و جارێکی تر چوونە سەرەوە بۆ میـانەی چوارەم و پێنجەم، لەسەر میانەی پێنجەم جێگیر دەبێت، بە بەشێکی کورت لە بەکارهێنانی تێکستـەکە تەسلیم کـردنەوەی خـێـرا لەسـەر دەنگی بنچـینە. جـارێکی تر بەهەمان شێوەی جاری پێشوو، بەڵام ئەم جارەیان تەسلیم کردنەوە لـەسەر میانەی دووەمی پەیژەکەیە، ئەمـەش چەند جارێک لە بەشەکانی داهاتوودا دووبارە دەبێتەوە.

کاتێک دەیەوێت بەشی سێیەمی مەقامەکە بچڕێت و لە مـیـانەی پێنجـەمی سکێـڵـەکـەوە دەست پێ بکات، لادانێک لە تۆن ڕوودەدات و سکێـڵـە بنچـینـەییـەکـەی خۆی ون دەکات، بەڵام خێرا دەگەڕێتەوە میانەی پێنجەم و لەوێدا بەناو مـیـانەی شـەشـەم و حـەوتەم خـۆی دەگەیەنێتـە مـیـانەی هەشـتـەم (ئۆکـتـاڤ)ی سکێـڵـە سەرەکییـەکە، کە دەکاتە دەنگی (سۆڵ)ی سەروو. لێرەدا هەست دەکـەیت خـۆ ونکردنەکـە بەرەو سکێـڵـی (ڕێ) مـێـجەرە، کـەچی زۆر وەستـایانە دەگـەڕێتـەوە مـیـانەی پێنجەمی سکێڵە بنچینە سـەرەکـییـەکـە و لەوێشـەوە دەگەڕێتەوە سەر باری پێشووی خۆی و لە وتنی مـەقام ئەڵڵاوەیسییەکە بەردەوام دەبێت. ئەو حاڵەتانەی پێشوو چەند جارێک دووبارە دەکاتەوە -بەبێ لادان لە تۆن- و دواتر کۆتایی بە مەقامەکە دەهێنێت.

هـەرچـەنـدە ئـەو لادان لـە تـۆنـەی ڕوودەدات زۆر وەستایانە دەیگەڕێنێتەوە سەر بارە دروست و ڕاستەکەی خـۆی، بەڵام دەتوانین بڵـێین تایەر تۆفـیق لە گـوتنی مـەقـامی ئەڵڵاوەیسی سـەرکـەوتوو نەبووە. ئەوەی کـە پێـویسـتـە ئامـاژەی پێ بدەین لە (سی دی)یەکـەدا سکێڵەکە لەسەر تۆنی (سۆڵ دێزە) کە پێدەچێت لە کاتی گواستنەوەی لە کاسێتەوە بۆ سەر (سی دی) تۆمارکەرەکە خێراتر بووبێت، بۆیە نیو تۆن بەرزتر دەیبیستین.

نموونەی-٤- مەقام حیجاز لەسەر تۆنی(سۆڵ).

ناوی ئەدلیب: دڵی بردم.

ئاوازی: تایبەت (بە مۆرکی کۆیە).

لەسەر تۆنی: (ڕێ).

هۆنراوەی: سافی هیرانی.

نموونەی تێکست:

**دڵی بردم بە نازو عیشوە دیسان شۆخی عەییارێ**
**فریبی دام بە سیحری چاوی خۆی مەحبووبی سەحارێ**
**لە هیجرانا تەقم کرد ئەی ڕەفیقان کوا مەدەد کارێ**
**ویساڵ، یان قەتڵ، یان تەسکین، لەهەرسێ بۆم بکەن کارێ**

ئەم مەقام حیـجازە زۆر تایبەت گوتراوە، یەکێکە لەو مەقامانەی کە بە مۆرکی کۆیە دەناسرێتەوە و لە گۆرانی کـوردیدا هیچ حـیـجـازێک بەو تام و چێـژەوە نیـیـە و حاڵەتێکی تایبەت هەیە کە لە حیجازەکانی تردا نییە. ئەگەر بێتـو لەسـەر تۆنی (ڕێ) ئەو حیـجـازە وەربگرین هەروەک تایەر تۆفیق گوتوویەتی ئەوە لە تۆنی سێیەمدا کـە دەکـاتە تۆنی (فا دێز) ئەوە ئەو تۆنی (فا کـاردێز) بەکاردەهێنێت، ئەمەش حاڵەتێکی تایبەتە لە موزیک و مەقامی کوردیدا و تام و مۆرکێکی تایبەت بە ئەدلیبەکە و مەقامەکەش دەدات.

لەم حیجازەدا کە لە دەنگی بنچینەوە دەست پێ دەکات بە خێرایی بەسەر تۆنەکانی دووەم و سێیەمدا تێدەپەڕێت و لە میانەی چوارەمدا بۆ ماوەیەکی کەم جێگیر دەبێت، کـە نەست نیـوە تێـر دەکـات، ئینجـا بە هاوکـاری تۆنی پێنجەم و چوارەم و سێیەم دەگەڕێتەوە سەر تۆنی دووەم کە (می بیمۆڵە). جێگیربوونێکی تەواو دەبیستین و لە جاری دووەمدا دێتەوە خوارەوە و لەسەر تۆنی بنچینە کە تۆنی (ڕێ)یە تەواو جێگیر دەبێت، ئەمەش یەکێکە لەو ئەدلیبانەی ڕیتمێکی شاراوەی تێدایە. شایەنی گوتنە ئەم مەقامە بە مەقامی حیجاز غەریب دەناسرێتەوە.

نموونەی -٥- مـەقـام حیـجاز (سۆڵ). ڕیـتـمی ٤/٤. خێرایی (٩٦ نوار لە خولەکێکدا)

ناوی گۆرانی: کراس زەردێ.

ئاوازی: تایەر تۆفیق.

لەسەر تۆنی: (سۆڵ).
هۆنراوەی: فۆلكلۆر.

نموونەی تێکست:
**کراس زەردێ کراس زەردێ**
**کراس زەردێم لێ ئالاوە**
**کراس زەردێم بۆ بکەنە بووک**
**بیبەن بۆ باغی شەقلاوە**

ئەم گۆرانییە یەکێکە لە گۆرانییە هەرە بەناوبانگەکانی کورد و لە کوردستانی گەورە بەگوێی هەموو کوردێک ئاشنایە. لە زۆر شوێن و کاتی جیادا ئەم گۆرانییەی گوتووە، هەندێک جار لەسەر تۆنی (لا) و زۆربەی جارەکانیش لەسەر تۆنی(سۆڵ)، ئەوەی لای ئێمە هەیە لەسەر تۆنی (سۆڵ) گوتراوە. شایەنی باسە ئەوە یەکەم گۆرانی تایەر تۆفیقە کە لە ئێستگەی بەغدا بەشی کوردی تۆماری کردووە.

ئەم گۆرانییە لە تۆنی بنچینەوە دەست پێ دەکات و یەکسەر دەچێت بۆ میانەی چوارەمی سکێڵە سەرەکییەکە و چەند ساتێک جێگیر دەبێت، لەگەڵ تۆنی پێنجەم و سێیەم، ئینجا چوارەم و دووەم، دیسان دوای ساتێکی کەمتر جێگیربوون لەسەر میانەی چوارەم بە هەمان حاڵەتی پێشوودا دەچێتەوە و لەسەر میانەی دووەم جێگیر دەبێت. بەشی دووەمی گۆرانییەکە لە میانەی دووەمەوە دەست پێ دەکات و بەناو میانەی سێیەمدا لە میانەی چوارەم بۆ جارێکی تر جێگیر دەبێتەوە، بەناو میانەی سێیەم و دووەمدا دەچێت و بۆ ساتێک دەنگی بنچینەمان بەرگوێ دەخات، دواتر لەوێدا بەناو میانەی دوو و سێدا خۆی دەگەیەنێتەوە میانەی چوارەم، ئینجا دەچێتەوە بۆ دووەم و سێیەم و دواتر بە تەواوی لەسەر تۆنی بنچینە جێگیر دەبێت.

نموونەی -٦- مەقامی بەیات (موحەییەر) لەسەر تۆنی(سۆڵ)
ناوی گۆرانی: وەیلێ زاڵم.
ئاوازی: تایبەت (تایبەتە بە شاری کۆیە).
لەسەر تۆنی: (سۆڵ).
هۆنراوە: فۆلكلۆر.

نموونەی تێکست:
**وەیلێ زاڵم... بە مەحبووبە گچکەلانەکەی خۆم هەردەڵێم**
**کە لە شیلانەکی باریکە**
**مەمکی ئەو بابان وێرانەی لەبۆ من بمێنێ**
**بەوێ سێوێ لاسوورە کە لە باخچەی هیران و نازەنینێ**
**تازە فەریکە... وەی زاڵم خەمێ من**

ئەمە یەکێکە لە ئەدلیبە گرنگ و بەناوبانگەکانی (تایەر تۆفیق) کە دەکرێت وەک فۆرمێکی موزیکیی سەربەخۆ سەیر بکرێت.

ئەم ئەدلیبە لە تۆنی حەوتەم دەست پێ دەکات کە دەکاتە دەنگی (فا) و یەکسەر لەدوای ئەوە دەچێت بۆ دەنگی هەشتەمی سکێڵە سەرەکییەکە (ئۆکتاڤ) کە دەکاتە دەنگی (سۆڵ)ی سەروو. دوای هاتنە خوارەوەی بەناو میانەی شەشەم و حەوتەمدا لە تۆنەکانی چوارەم و پێنجەمی سکێڵەکەدا جێگیر دەبێت لە تۆنی چوارەمدا کە تۆنی (دۆ) دەکات. دوای ئەوەی لە تۆنی دووەم و سێیەمدا کەمێک دەمێنێتەوە، لەسەر ئەم سێ تۆنە یاری دەکات، دەچێتەوە لە تۆنی بنچینە بە تەواوی جێگیر دەبێت.

تا کۆتایی ئەدلیبەکە بەم شێوەیە بەردەوام دەبێت، جیا لەوەی هەندێک جار گۆڕانکاری دەکەوێتە هەندێک لە کۆپلەکانی.

## پێوەری لێکۆڵینەوەکە

ئێمە میانەکانمان بەو پێیە کۆک کردووە کە ببێت بە پێوەرێک بۆ ناسینەوە و شیکردنەوەی مەقامەکان، کە هەر میانەیەکی تەواوی موزیکی لە چوار چارەگە تۆن، بۆ پێکهاتووە هەر جۆرێکی میانەکانیش ناوێکی گونجاوی بۆ دانراوە کە تەعبیر لە ناوەرۆکی میانەکە دەکات، بێ گومان ئەمەش دوای ئەوەی کە لە چەند سەرچاوەیەکەوە سەیری ئەم بابەتە کراوە و گونجاوترینیمان هەڵبژاردووە، بۆ ڕەگەزەکان و سکێڵەکانیش بە هەمان شێوە.

ئەم وردەکارییە بەتەواوی لە (بەشی دووەم- باسی دووەم) باس کراوە و شی کراوەتەوە، بۆیە بەپێویستمان نەزانی جارێکی تر دووبارەی بکەینەوە.

## یەکەو شێوازی لێکۆڵینەوەکە

ئێمە لێکۆڵینەوەیەکی وەسفی شیکاری پراکتیکیمان

پیادە کردووە، بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی لێکۆڵینەوەکە،
بە پێویستمان نەزانی شێوازی ئەو خشتانە بەکاربهێنین کە لە هەندێک لە توێژینەوەکان کراون و پیادە کراون، لەبەر دوو هۆکار، یەکەمیان پێمان وایە کە ئەم خشتانە جگە لە هەندێک ژمارەی بەرچاو و بێ سوود هیچی تر نین و وەک ناوی زۆرو بۆری سکێڵ و تۆنە ڕۆژهەڵاتییەکان سەرلێشێوانێک دروست دەکەن و خۆخەریک کردنێکی بێ سوودە لە لێکۆڵینەوەکاندا و هیچ ئیزافەیەک ناخەنە سەر بوار و لایەنی تیوری و پراکتیکی گۆرانییەکان، دووەمیان نەبوونی هیچ زانیارییەکی پراکتیکی لەسەر پیادەکردنی ئەم جۆرەی شیکردنەوە.

### ئامێرەکانی لێکۆڵینەوەکە

بۆ نووسینەوە و شیکارکردنی گۆرانی و ئەدلیبەکان و نووسینەوەی نۆتەکان پێویستیمان بەم ئامێرانەی خوارەوە بوو بەپێی ئەرکەکانی خۆیان:

١-ئامێری (دی ڤی دی) پلێیەر جۆری (گرۆندیک)، بۆ گوێگرتن لە (سی دی)یەکان و دەستنیشانکردنی کاتەکان و درێژی ماوەی گۆرانییەکان و ئەدلیبەکان.

٢- کۆمپیوتەری لاپتۆپ (دێل) ئینسپۆرت ٦٤٠٠. بۆ نووسینەوەی لێکۆڵینەوەکە و نووسینەوەی نۆتەکان و گوێگرتنەوەیان بۆ دڵنیابوون لە ڕاستی و دروستی نۆتە نووسراوەکان.

٣- میترۆنۆمی (کۆرگ- دروستکراوی چین) بۆ زانینی خێرایی و تێمپۆی گۆرانییەکان.

٤- ئامێری ئۆرگ (ئەی ١٠٠٠ -یاماها-ژاپۆنی- ڕۆژهەڵاتی) بۆ ژەنینی گۆرانییەکان و نووسینەوەی نۆتەکان.

٥-ئامێری (بانجۆ- دروستکراوی ئیتالی) بۆ ژەنینی گۆرانییەکان و نووسینەوەی نۆتەکان.

## بەشی چوارەم

ئەنجامەکان

بۆچوونەکان

**پێشنیارەکان**

**سەرچاوەکان**

### ئەنجامەکان

١-ئەو مەقام و گۆرانییانەی کە هونەرمەند تایەر تۆفیق چڕیونی لە مۆرکێکی کوردەواری ڕەسەنەوە هەڵقوڵاون و زادەی هونەری کوردین.

٢- ئەو ڕەگەزانەی کە لە مەقامەکاندا دەردەکەون ئەو ڕەگەزانەن کە لە مۆسیقای ڕۆژهەڵاتیدا باون و بە جوانی دەناسرێنەوە (بەتایبەت ڕەگەزەکانی ڕەست و نەهاوەند).

٣- ساغکردنەوەی ئەو مێژووەی کە یەکەم کەس نۆتەی مۆسیقای هێنایە کوردستان و بە شێوەیەکی ئەکادیمی فێرخوازانی کوردی فێری موزیک کرد.

٤-دۆزینەوەی چەند فۆرمێک (دوو فۆرم- لە سنووری ئەم لێکۆڵینەوەیەدا) لە گۆرانییەکانی هونەرمەند (تایەر تۆفیق)دا، کە دەکرێت لێرە بەدواوە بە فۆرمی (قەلبی من، وەیلێ زالم) ناویان ببەین.

٥- ئەدلیبەکانی چەند ڕیتمێکی شاراوەیان تێدایە کە دەکرێت هەندێک لەو ئەدلیبانە بەهۆی خستنە سەری ڕیتمێکی گونجاو بکرێن بە گۆرانی ڕیتمدار.

٦- بەکارهێنانی چەند ڕیتمێکی قورس لە هەندێک لە گۆرانییەکانیدا (هەندێک جار لەوانەیە بۆچوونی ئەوەمان لەلا دروست بکات کە دەرچوونە لە ڕیتم)، ئەگەر بێتو بە وردی و قووڵی لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی بۆ بکرێت، ئەوە خەرمانێک دەخاتە سەر ڕیتمە کوردییەکان و موزیکی کوردی و چەند ڕیتمێکی تری بۆ زیاد دەکات.

٧-پاراستنی مۆرکی کۆیە لە گۆرانییەکانیدا بە شێوەیەکی سەرسەخت دیارە و زۆر هەوڵی داوە کە لەو مۆرکە دەرنەچێت، کە مۆرکێکی ڕەسەنی کوردییە.

٨- هونەرمەند بەهۆی گۆرانییەکانییەوە و شێوازی چڕینییەوە، تایبەتمەندییەکی تەواوی بۆ خۆی دروست کردووە، کە دەکرێت وەک قوتابخانەیەکی سەربەخۆ سەیر بکرێت.

٩-زۆربەی هەرە زۆری سکێڵە ڕۆژهەڵاتییەکانی بەکارهێناوە و لە بەرهەمەکانیدا پراکتیزەی کردوون، کە بە نزیککراوەیی دەگاتە (٨٠٪)ی کۆی سکێڵە ڕۆژهەڵاتییەکان.

### بۆچوونەکان

١- نەهێشتن و کەمکردنەوەی ئەو ناوە ڕۆژهەڵاتییانەی کە لە تۆنەکانی مۆسیقای ڕۆژهەڵاتی نراون و سەرلێشێواوییەکی گەورەی بۆ موزیسیاران دروست کردووە.

٢- کەمکردنەوەی ناوی ڕەگەزەکان و نەهێشتنی ئەو

ناوانەی کە لاوەکین و کورتکردنەوەیان لە میتودێکی تۆکمەدا.

٣- لابردنی ناوی ڕیتمە ڕۆژهەڵاتییەکان لە موزیکی کوردیدا و خوێندن و پیادەکردنیان تەنیا بە ڕێگەی (سۆلفێجی) جیهانی.

٤- دانانی میتودێکی یەکگرتوو بۆ مەقامە ڕۆژهەڵاتییەکان و دانانی ناوی جێگیر بۆ سکێڵە ڕۆژهەڵاتییەکان، کە لە سەرتاسەری کوردستانی گەورە پیادە بکرێت. (ئەمەش کۆنگرەیەکی سەرتاسەری گەرەکە).

٥- جیاکردنەوەی (شێوازی گوتنی مەقام) و (سکێڵی موزیکی) لە یەکتری و ناوبردنی شێوازەکان بە فۆرم (بۆ نموونە "مەقامی بەیات"، "فۆرمی، سەفەر"، یان "فۆرمی وەیلێ زالم"، یان "مەقامی ڕەست"، "فۆرمی، قەلبی من"........تاد)

## پێشنیارەکان

١- کۆکردنەوەی هەموو بەرهەمەکانی تایەر تۆفیق لە ئەلبوومێکی شایستەو جواندا، کە بەشێکی زۆر گرنگی کولتووری نەتەوەکەمانە، بۆ ئەوەی لە پەرشوبڵاوی و فەوتان ڕزگار بکرێن.

٢- بەشێک لە گۆرانی و مەقامەکانی بکرێت بە ماددەیەک لە پەیمانگەو کۆلێژە هونەرییەکان بخوێنرێت و شیکاری میتودی و پراکتیکی بۆ بکرێت.

٣- دروستکردنی لیژنەیەکی تایبەت لە پسپۆڕان بۆ لێکۆڵینەوەی زانستی لەسەر مەقام و گۆرانییەکانی و وەک مەنهەجێک بۆ فێرخوازان و موزیسیاران و گۆرانیبێژان لەدووتوێی کتێبێکدا چاپ بکرێت.

٤- شێوازی بەرەوپێشەوەچوون و بیرکردنەوە و هێشتنەوەی خۆی وەک گۆرانیبێژێکی ڕەسەن بکرێت بە وانە بۆ هەموو گۆرانیبێژان و لێکۆڵینەوەی دەروونی و کۆمەڵایەتی بۆ بکرێت، بۆ ئەوەی گۆرانیبێژانی کورد بتوانن لە شێوازی کارکردنیاندا سوود وەبگرن و ئەو ڕێگەو ڕێچکەیە هەڵبژێرن. (ئێستا دەگمەنن ئەو گۆرانیبێژانەی بەو ڕێگەو ڕێچکەیە بزانن).

**پەراوێزەکان:**

**١-بڕوانە: جەلیل عەباسی-قەقنەس- (هەورامان و هونەر) چاپی یەکەم، ٢٠٠٧ هەولێر، چاپخانەی دارا**

**٢- س.پ.**

**٣-حبیب ظاهر العباس، نظریات الموسیقی العربیة، ص ٢٩، معهد الدراسات النغمیة العراقي، ١٩٨٥ بغداد. ١**

**4- Markus Fritsch, Arrangiren,Seite 15, Regnes burg in Freiburg 2002**

**٥- عوسمان شارباژێری، لێدوانێکی کورت لە مەقام و مۆسیقای کورد، لا ١٠، ساڵی ١٩٧٢ سلێمانی.**

**٦- س.پ.لا ١٤**

**٧- س.پ.لا ١٦**

**٨- ع.ج. سەگرمە، لاپەڕەیەک لە بنەماکانی موزیکی کوردی، لا٧٩، ساڵی٢٠٠٣**

**٩- س.پ. لا ٨٠**

**١٠- س.پ، لا ٨٩**

**١١- باکووری، تەمەنێک، بەشی دووەم، ٢٠٠٨ هەولێر، بڕوانە لا٣٥-٤٦، دەزگای ئاراس**

**١٢- ڕەهبەر سەید برایم، سایەی هەیبە سوڵتان، لا١٤٣، ٢٠٠٨ چاپخانەی بینایی سلێمانی**

**١٣- س.پ. لا ١٤٤**

**١٤- س.پ. لا ١٤٤**

**١٥- س.پ. لا١٤٤**

**١٦- سەلاح ڕەووف، پۆلێنکردنی فۆرم و پەیژەکانی مۆسیقای کوردی، لا ١٢، ساڵی ,٢٠٠٩**

**١٧- بڕوانە دلیل سلالم المقامات العربیة سالم حسین الأمیر، ساڵی ١٩٨٦، دارالحریة للطباعة- بغداد**

**١٨- طاهر حبیب، نظریات الموسیقی العربیة، لا ٢٩، ساڵی ١٩٨٦، دارالحریة للطباعة- بغداد**

**19- Markus Fritsch, Arrangiren,Seite 15, Regnes burg in Freiburg 2002**

**٢٠- گوڵی سەربەستی لا(١٢) ئەمینداریەتی گشتی ڕۆشنبیری و لاوان، تایەر تۆفیق (١٩٨٣)**

**٢١- ژیان و بەسەرهات و هەندێ گۆرانی هونەرمەندی نەمر تایەر تۆفیق، حوسێن حاجی قادر (٢٠٠٢) چاپی یەکەم**

**٢٢- ژیان و بەسەرهات**

**٢٣- سایەی هەیبە سوڵتان (ڕەهبەر سەید برایم).**

**٢٤- س.پ**

**٢٥- کۆیە (١٩١٨ - ١٩٥٨) جەمال فەتحوڵلا**

**٢٦- سایەی هەیبە سوڵتان**

**٢٧- باکووری، ئێزگە، لا ٥٠، هەولێر ٢٠٠٩ چاپخانەی شەهاب هەولێر**

**٢٨- سایەی هەیبە سوڵتان - ل (١٤٦)**

٢٩- ژیان و بەسەرهات - ل (١٤)
٣٠- ژیان و بەسەرهات - ل (١٨)
٣١- س. پ بروانە - ل (٢٧)
٣٢- کۆیە - جەمال فەتحوڵلا - ل (٢٣١)
٣٣- ئەختەر - صلاح شێخ شرف - ل (٢٥)
٣٤- س.پ. صلاح شێخ شرف - ل (٢٥)
٣٥- کۆیە- جەمال فەتحوڵلا - ل (١٤٣)
٣٦- کۆیە- جەمال فەتحوڵلا ل١٤١


سەرچاوەکان

سەرچاوە کوردییەکان:

١-تایەر تۆفیق، گوڵی سەربەستی، ١٩٨٣ هەولێر، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری.

٢-حوسێن حاجی قادر/ئاری، ژیان و بەسەرهات و هەندێ گۆرانی هونەرمەندی نەمر (تایەر تۆفیق)، ٢٠٠٢ هەولێر، چاپی یەکەم، چاپخانەی پاک.

٣-ڕەهبەر سەید برایم، سایەی هەیبە سوڵتان، ٢٠٠٨ سلێمانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی بینایی.

٤- جەمال فەتحوڵلا تەیب، کۆیە، ٢٠٠٨ هەولێر، چاپی دووەم، چاپخانەی شەهاب.

٥-باکووری، تەمەنێک، بەشی دووەم، ٢٠٠٨ هەولێر، چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس.

٦- باکووری، ئێزگە،

٧- باکووری، تیپی مۆسیقای باواجی کۆیە، ٢٠٠٨ هەولێر، چاپی یەکەم، چاپخانەی شەهاب.

٨- سەلاح شێخ شەرەف، ئەمیناغای حەویزی-ئەختەر-، ٢٠٠٨ کۆیە، چاپی یەکەم، چاپخانە نەنووسراوە.

٩- سەلاح ڕەووف، پۆلێنکردنی پەیژەکانی موزیکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ٢٠٠٤ سلێمانی، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

١٠- سەلاح ڕەووف، پۆلێنکردنی فۆرم و پەیژەکانی مۆسیقای کوردی، ٢٠٠٩ سلێمانی، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

١١-جەلیل عەباسی (قەقنەس)، هەورامان و هونەر، ٢٠٠٧ هەولێر، چاپی یەکەم، دەزگای موزیک و کەلەپووری کورد.

١٢-عوسمان شارباژێری، لێدوانێکی کورت لە مەقام و مۆسیقای کوردی، ١٩٧٢ سلێمانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕاپەرین.

١٣-ع.ج. سەگرمە، لاپەڕەیەک لە بنەماکانی موزیکی کوردی، ٢٠٠٣ سلێمانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری.

سەرچاوی عەرەبییەکان:

١- حبيب ظاهر العباس، نظريات الموسيقي العربية، ١٩٨٦ بغداد، الطبعة الاولى، معهد الدراسات النغمية العراقي، دار الحرية للطباعة.

٢-سالم حسين الامير، دليل سلالم المقامات العربية، ١٩٨٦ بغداد، الطبعة الاولى، دار الحرية للطباعة.

٣- سايمون ماندي، الموسيقى و العولمة، ترجمة وتقديم سمحة الخولي، ٢٠٠٣ القاهرة الطبعة الاولى، مطبعة المجلس الاعلى للثقافة.

سەرچاوەی فارسی:

١- لوید میلر، موسیقی و آواز در ایران، ترجمەی محسن الهامیان، جاب اول، ١٣٨٦تهران، نشر ثالث.

سەرچاوەی ئەڵمانی:

1- Markus Fritsch,Arrangieren,2002. Regnsbug in Freiburg, Duetschland.


نموونە (١-ا) بەیات(سۆڵ)



پێکهاتەی دەنگەواری ئەدلییەکە.

نموونەی- ١-ب-

نۆتەی گۆرانییەکە:



نموونەی (٢-أ)
دەنگەواری چڕینی فۆرمەکە لەسەر (دۆ).
بەشی سێیەمی چڕینەکە



بەشی دووەمی چڕینەکە بەشی یەکەمی چڕینەکە

نموونەی (٢-ب)
نۆتەی گۆرانییەکە:



نموونەی (٣)
دەنگەواری مەقامی ئەڵلاوەیسی: (ئەوەی کە ئەو چڕیویەتی)
ڕەگەزی سێیەمی مەقامەکە



ڕەگەزی دووەمی مەقامەکە ڕەگەزی یەکەم (دەستپێک)

نموونە (٤)
نموونەی کۆرپێچکەی ئەدلیبەکە:
(حیجاز غەریب)

لەسەرچووندا



لە هاتنە خوارەوەدا

نموونە (٥)
نموونەی گۆرانییەکە بە نۆتەی موزیکی:



نموونەی (٦)
نموونەی کۆرپێچکەی ئەدلیبەکە:

لە هاتنە خواردا لە چوونە سەردا



# لە هەوراماندا، هونەر هونەرمەند پەروەردە دەکات

دارا محەمەد عوسمان
(سلێمانی)

هونەر و هونەرمەند دوو وشەی پێکەوە بەستراون، ئەگەر یەکێکیان لەوی دیکە جیا بکرێتەوە، ئەوە بێ گومان تای تەرازوو بە لاسەنگی دەوەستێت. ئەو فەرهەنگەی هونەرمەند پەروەردە دەکات، وەک؛ ئاوێنەی ڕوو تەخت وەهایە، کە هونەرەکەی تێدا دەبینێتەوە. ئەو پرسیارەی لە هونەرمەند دەکرێت لە بارەی هونەرەکەیەوە، پێی دەڵێن: چی تۆی کرد بە هونەرمەند؟ بێ گومان لە وەڵامدا دەڵێت: هونەری ڕاستەقینەی نەتەوەکەم. دیارە هونەریش بەهاو ماکی تایبەتی خۆی هەیە. بە هەموو کەسێک ناڵێن هونەرمەند، تا خەسڵەتی هونەری نەبێت، ئەوەش بەهۆی ئەوەوەیە، کە ئەو هونەرمەندە، پابەند بێت بە خۆشەویستی نیشتمان و زێد زادەکەی. هەڵبەتە مەبەستی من ئەو هونەرمەندانە دەگرێتەوە، کە لە هەموو بوارەکانی هونەردا کاردەکەن، بەشێوەیەکی گشتی، بەڵام بەشێوەیەکی تایبەتی هونەرمەندی ئاواز و گۆرانی و موزیک، مەبەستەکەی من ئاراستەیە، بۆ ئەو بوارە، بە تایبەتی هەموو دەڤەرەکانی کوردستان و لەوانەش هونەرمەندانی هەورامان، چونکە زیاتر ئاشنایەتیم لەگەڵیاندا هەیە. زۆرجار لە مەجلیسەکانیاندا دادەنیشم، باسی ئەوەیان لەگەڵدا دەکەم، کە خزمەتی هونەری ڕەسەنی خۆیان بکەن، نەکەونە شوێن لاسایی و چاولێکەری هونەری بێگانە، چونکە دەبێ هونەرمەند لە خۆیەوە دەست پێ بکات.

موزیک و گۆرانی هەر لە دێر زەمانەوە، یان لە مێژەوە بە واتایەکی دی، هونەر و ئاواز و گۆرانی و شایلۆغان لە هەوراماندا باو بووە و ئارەزوویان لێ بووە.

هونەر و ئاوازی گۆرانی بەلای منەوە لە ئاوایی و گوند و لادێکان لە ڕووی دەنگەوە پاکژ و خاوێنترە، بەڵام لە بواری تەکنیک و پێشکەوتنەوە، تا ئێستا لە شارەکاندایە، ئەوەش هۆکەی بۆ دوو لایەن دەگەڕێتەوە:

**یەکەم:** ئەو ڕژێمانەی کە کوردستانیان حوکم کردووە هەموو گوند و ئاواییەکانیان وێران کردووە، چونکە لانکەی پەروەردەکەری هونەرمەندی پێشمەرگە بوون و سەرچاوەی شۆڕش لە گوندەکاندا بڵێسەی سەندووە.

**دووەم:** نەبوونی ئاو و کارەبا و خزمەتگوزارییەکان لە هەموو ئەو گوندانە، تا ڕووخانی ڕژێمی عیراقی و هاتنەکایەی بواری میللی و نەتەوەیی لە ساڵی (١٩٩١)ەوە، بۆیە ئێستا هونەرمەندانی لادێکانمان لە برەو و گەشەدان.

– هونەر و موزیکی هەر میللەت و نەتەوەیەک کاریگەری بەرگری گەورەی هەیە، بۆ هێشتنەوە و فەرهەنگ و هونەری ئەو نەتەوەیە.

ئەو نەتەوانەی کە دەنگ و ڕەنگیان کپ کرابوو، وەک نەتەوەی ئێمە، هەردەم لە لایەن داگیرکەرانی وڵاتەوە، ڕێگەیان نەداوە، بە بیروهۆشی خۆیان هونەر پەخش بکەن. تائێستاش، کە ڕاگەیاندنی خۆماڵیمان هەیە، هونەری کوردستان بە یەکسانی پەخش ناکرێت، لە هەموو کەناڵ و ڕادیۆ و (tv)یەکاندا ئەوەش نەبوونی کەسی شیاوە لە شوێنی شیاو، ئەو وڵاتانەی کە شێوە دیالێکتیان زۆرە، کەناڵی شێوەییان زۆرە.

بە پێچەوانەوە لە کوردستاندا، (٣٠) کەناڵی لۆکاڵی و دەزگای سەتەلایت هەیە لێرەو لەوێ وەک دقنەی فەقێ گۆرانییەکی هەورامانی لێ دەدرێت، دیارە ئەوەش نەبوونی هزری نەتەوەیی و نەبوونی کادیری شارەزا وای کردووە، کە دیالێکتی هەورامانی بە هەموو ماچۆگۆ زمانەکانییەوە، فەرامۆش کراون، خۆ ئەگەر هونەر و ئاوازی گۆرانی هەورامان لە هونەری کوردی بکرێتەوە دیسان تای تەرازوو لاسەنگ دەوەستێت، هەروەها پەروەردەی هونەریش دوادەکەوێت. مەبەستی من ئەوەیە تا هونەر پێشکەوێت، گەل و وڵات ئاوەدان و زیاتر ناسراو دەبێت بە هەردوو دیوی وڵات و جیهاندا. ئەو هەموو ئاواز و گۆرانییانە، کە ئەمڕۆ پێشکەش دەکرێن بە تایبەتی هەندێک گۆرانیبێژی نەزان، ئەوەش دووبارە ناپەروەردەیی هونەرمەند نیشان دەدات و دواکەوتەی ئەو هونەرمەندە لە ڕەوتی هونەری جیهان، نیشان دەدات.

لە کتێبی هەورامان باشتر بناسن، لە لاپەڕە (٩٦)دا هاتووە: «مۆسیقای هەر گەل و نەتەوەیەک پشتیوانییەکی گەورەیە بۆ فەرهەنگ و هونەری ئەو گەلە و مۆسیقای هەر گەلێک سینگ بە سینگ و پشت بەپشت هاتووەتە خوارەوە و مۆسیقای هەورامان تا ئەندازەیێ لەناو هەورامییەکاندا ڕەسەنی خۆی پاراستووە و گۆرانییەکانی هەورامیش لەگەڵ ژیانی خەڵکیدا پێوەندی هەیە»(١)

پەیوەست بوونی ئاواز و گۆرانی هەورامان لە بناغەدا لە کانگای هەڵقوڵاوی ژێرخانی خۆیەوە، سەرچەمەکەی لە تاڤگەی بەفراوی (بڵ) و (وەزنێ) و (بەڵخە) و سیروانی دواو، لەژێر تاپیرە بەردینەکانی (کۆسەی هەجیج) و (پیرشالیاری زەردەشتی)، ئارامی و ڕەسەنایەتی و پەروەردەی هونەر و هونەرمەندی هەورامانی، بە یەک ئاراستەی پتەو و جێگیر کردووە.

– لە هەمان سەرچاوە لەلاپەڕە (٩٦)دا، هاتووە! مۆسیقای هەورامان بریتییە لە سێ چەشن، یەکەم مۆسیقای ناوخۆیی کە هەر ساڵ یەکێ لە گۆرانییەکانی گوڵ ئەکا، دووەم مۆسیقای فۆلکلۆری بە شمشاڵ ئەگوترێ، سێیەم مۆسیقای سیاچەمانە کە لە دەنگی جۆر بەجۆر پێکدێ و دەنگی سینگ و دەنگی گەروو و دەنگی سەر لەوەدا تێکەڵاوە و ئەمەش هۆی سەرسووڕمانییە کە لە هەر سێ دەنگەکە کەڵک وەرئەگرن.(٢)

– هەر ساڵێک چەند ئاوازێکی نویی ڕەسەن بە کورپەیی لە وڵاتی خڤەنیرەتە دێتە کایەی پێشکەوتن و هونەرمەندی پەروەردەکراو دێنێتە بەرهەم.

– ئاوازی فۆلکلۆری بە فۆمەلەی هەورامانی نەبێت (ئەدا) و شێوازی تێک دەچێت، تەنیا گەرووی هونەرمەندی پەروەردە کراو بە بەفراوی چیای شاهۆ، ئەو ئاوازە لەنگ نابێت.

ئاوازی بەرزە چڕی سیاچەمانە، ئەوەش سروودگەلی گاتاکان و نەوەدو نۆ پیرەی هەورامانە، بۆیە بنەمای ئەو قوتابخانەیە هەر هەورامانە، ئەوەش دەوڵەمەندی زمانە، وشەی ڕەسەن هونەرمەندی گۆشکراوی ئاهورایی نەبێت، ئەو ئاوازانە بە هەموو گۆرانیبێژێک، ئەو ئاوازانە ناچڕێتەوە، هەروەکو فەرموویانە هەموو سیاچەمانە چڕێک گۆرانیبێژە، بەڵام هەموو گۆرانیبێژێک، سیاچەمانە بێژ نییە.

لە هەمان سەرچاوەدا، لە لاپەڕە (٩٧)دا، هاتووە: «لە دەوری کۆنا لە هەورامان خەڵک هەموو سروودیان ئەخوێندەوە و سروود یەکێ لە هەوا کۆنەکانی هەورامانە و بریتییە لە حەوت چەشن: سروودی هیجران، سروودی حەیران، سروودی سۆز، سروودی خەسرەوانی، سروودی خاکی، سروودی کوردی، سروودی نەتەوایەتی، وەکو قاسیدی تووەکانی (١٢٢٤- .. ی کۆچی) لەم بارەوە

ئەڵێ:

**«چاوش نەوایێ لێدەرچەنی ڕۆد**
**تۆ وا چەپەرێم گۆرانی و سرۆد**
**سرۆدی کوردی و سرۆدی هیجران**
**سرۆدی خاکی و سرۆد حەیران**
**سرۆدی میللی و سۆز: خەسرەوانی**
**بچڕ پەری وێت هەتا مەتوانی**
**گیان و زرگان یەرێ وێت شادکەر**
**خانا نەکیسا و باربەد یاد کەر**
**چاوەش جەکونی وە ئاواز ڕۆد**
**لێدەر چەند هەواو واچە چەند سرۆد**
**تا من شادی کەم پەرێ وێم ئارۆ**
**چونکە ئی دنیا سوودێ نەدارۆ»** (٣)

ئەم هۆزانە ئەوە دەبەخشـێت کـە دەبێت، ئەو ئاواز و سروود و گۆرانییانە، لە پێناو خاک و خۆڵی وڵاتدا بێت، دەبێت هونەرمـەند وەفـا و ئەمـەکی پەروەردەیی بۆ نیشتمان بێت، چونکە هونەر، هونەرمەندی خاکی و پڕ بەها و زەریفی دەوێت، گۆشەگیر نەبێت، دیاردە و ژیاری خۆی بەهۆی بەرزی سروود و هونەرەوە نیشان بدات.

ئەوانەی کە بەڕاستی لەپێناو هونەردا بیروهزری خۆیان دەخەنە گەڕ، ئەوانە دەبنە پێشەنگی وڵات، چونکە ئەمڕۆ لە هەمـوو جـیـهـانـدا، بە تایبـەتی ئەو وڵاتانەی پێشکەوتوون، هونەری ڕاسـتـەقـینە سـەرمـایەیانە. لە وڵاتی ئێمەشدا هونەرمەندان دوای ئیشوکاری خۆیان کە تەواو بوون، ئینجا هەریەکـە لەو هونەرمـەندانە دەچن بۆ تیـپـەکـانیـان و دوای مـاندووبوونێکی زۆر ئاوازێک دەهێننە بەرهەم ئەویش بە ناکامی، دیارە ئەو هونەرە، چ هونەرمـەند چ هونەر لەگـەڵ ڕەوڕەوەی ئەمـڕۆی جیـهـانـدا گـەشـە ناکـات، چونکە هونەرمـەندان تەنیـا بە هونەرەکـەیانەوە پەیوەست نین، بەڵکو لە کـوردسـتـانـدا زۆربەی زۆری هونەرمـەندان، کـاری دووەمـیـان هونەرە، واتە هونەر نەبووەتە پیـشـە، هەرچەند ئێـمـە لە باسـەکـەماندا ناوی دەیان ئامـێری مـوزیکی هەورامـانمان هێناوە، بەڵام شوێنێکی وەها نییە کە هونەرمەندان کۆ بکاتەوە، بایەخ بەو ئامـێـرە مـوزیکیـیـانەی هەورامـان بدات، بۆ نموونە: «بەربەت یەکـێـک لە سـازەکـانە و کـاسـەیەکی وەکـو هەمـرۆی هەیە و دوو تەلی پێـوەیە و دەنگێکی خۆشی هەیە، هەندێک لە لیکۆڵەرانی مۆسیقا ئەم سـازە بە لیـری بوونیـان دادەنێن و بەربەت لە دەوری ئیسلامەتیدا، کەوتە ناو عەرەبەکانەوە و (حەسان کوڕی سایت) دەڵێ: من دە کـچی گـۆرانیـبـێـژم دی کـە بەهۆی بەربەتەوە گۆرانییـان دەچڕی، بڕوانە هەورامان سەرچاوەی پێـشـوو لاپەڕە ١٠١» (٤). ئەگـەر هونەرمـەندان ڕۆژانە خـەریکی هونەربن، من لەو بڕوایەدام، شـان بە شـانی جیـهـان هەم هونەرمـەند و هەم هونەرەکـەمـان لە ڕەوڕەوەی ژیان دواناکەوێت.

دەبێت هونەرمـەند دەقی شـیـعـری تیکـەڵو پێکـەڵ نەکات، واتە شیعری لیریکی تایبەتە بە گۆرانی، یان ئەو شیعرەی، کە بۆ بابەتی ئاوازی عیرفانی دەلوێت نابێت لە بەزمی چەپڵەدا بەکـاری بهێنێت، چونکە چەند ئاوازەکە گرنگە، دە ئەوەندە شیعرەکەش دەبێتە هەوێنی گۆرانی و ئاوازەکـە، یان هەندێک بەیتی فـۆلکلۆری هەن کـە بۆ بڵاوکردنەوە نالوێن و نابێت بڵاوبکرێنەوە. بە کورتی و بە پوختی شیعری شیاو بۆ ئاواز و گۆرانی شیاو گونجاوە. کـەسـایەتی هونەرمـەند بە زۆروبۆری وتنی گـۆرانی دەرناکەوێت، بەڵکو بە شێواز و دەستووری هونەری جوان تایبـەتمەندی و کـەسـایەتی دەردەکـەوێت. هەندێک هونەرمەند لە هەوراماندا هاتوونەتە مەیدانی هونەرییەوە، شیعـری فۆلکلۆری هەورامـانیـان دەستکاری کردووە، بۆ نموونە ئاوازی، ( ئای دادە هەی ڕۆ) ئەو هونەرمـەنـدە ئاوازەکـەی تێکداوە و دەڵێت (ئای تانە هەی ڕۆ ڕۆ) ئەمـە هونەرەکـەی ناچێـتـە (ئەدا)ی دەڤـەری (هەورامـان)ـەوە، بەڵکو وای داناوە داهێنانی کـردووە ئیـدی نازانێ هونەری چەواشـەکـردووە، بۆیە تێکدانی ئاوازەکە، کەسایەتی هونەرمەندەکە لاواز دەکات، چونکە دەستکاری فۆلکلۆر بەبێ ڕەچاو کردنی لایەنی زانستی وەک خـانووی جـاڵجـاڵۆکـە وەهایە، کـە هەوا بڵاوی دەکاتەوە. هونەری هەورامان هونەرمەندی تایبەتی خۆی هەیە، دەبێت ئەو هونەرمـەندە لاوانە، کە تازە دەستـیـان داوەتە هونەر، پرس بەو هونەرمـەندانە بکەن، کـە لە کـایەی هونەردا شـارەزا و لێـهـاتوون، چونکە بە پرسیـارکردن و ڕاوێژ هونەرمەند پێش دەکەوێت، نەک بە نەشارەزایی، ئەوە دەبێـتە دواکەوتنی هونەر و لە هەمـان کـاتدا هونەرمـەندەکـەش. نەک بەبێ بەستن بە ئەم لاو ئەولا، ئەوە کـاریگـەری باشی نابێت وەک ئەم دێڕە فۆلکلۆرییە دەڵێت:

**«شەڵا سیامارێ منیش گەستایێ**
**نەوەک چەنی تۆ بەینم بەستایێ»** (٥)

بەبێ بەستن بە هونەر ئەوەندە کـارێکی ئاسـان نیـیـە هەمـوو کـەسێ چەرخـەلە بە هونەری ڕاسـتـەقینە بکات،

لەبەر ئەوە هونەری ڕەسەن ئەو هونەرمەندەی ناوێت کە نەزانێت چۆن هونەر بەکاربهێنێت، چونکە هونەر بە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکەوە بەندە. لە ئەدەبی فۆلکلۆری کوردیدا لە لاپەڕە (٦٤) هاتووە: «لەسەدەی پێشوودا، ئوسپێنسکی نووسیویەتی: «ماتەم، خواست، سۆز، سەرما، برسێتی، فرمێسک، بەدی، تەم، ئەمانە دێن و دەچن، بەڵام ئەوەتا ئەو بەرهەمە ڕەنگینە، نەمرە، ئەو دەنگە نەگۆڕاوانە، هەر لە جێی خۆیانن، ئەمانە ناگۆڕێن، وەک: دەنگی بولبوول، گۆرانی خەڵکیش تەنیا لەو هێزانەی ژیان ئەدوێن کە ناکوژێنەوە، کۆتاییان نایەت، هەر ئەوە ئەخەنەوە یاد، کە ئەبێ بە خۆشی و شادی بژیت، ئەو دەنگەی کە گۆرانی بۆ نییە، هەمیشە هەر دەنگ ئەداتەوە و پیر نابێت» (٦).

هونەر و هونەرمەند زنجیرەی گرێ دراون، یەک لەدوای یەک دێن، چونکە هونەر بە تایبەتی هونەری ئاواز و گۆرانی ئەوەندە بەری فراوانە لە وەتەی ئادەمی هاتووەتە کایەی ژیانەوە گۆرانیش لەگەڵیدا پەیدابووە، بۆیە ژیان بەهونەر گۆرانی شادی بەهاوولاتیان دەبەخشێ، ئەگەر هونەرمەند، بەڕاستی هونەرمەندبێت، دەبێت لە شەڕ و ئاژاوەیە زۆر دوور بێت، چونکە هونەر پەیامی ئاشتییە، هەروەها هونەر لە بیری تەسک دوورە، چونکە هونەر سەرمایەی میللەتێکە کە هەردەم بەرگری لەو میللەتە دەکات، بە تایبەتی ئەو هونەرمەندانەی، کە خۆیان بۆ هونەری ڕەسەنی نەتەوەیی ئامادە کردووە. لە گۆڤاری ڕامانی ژمارە (١٨٢)دا هاتووە: ڕامان: شیعرەکانت ئاهەنگسازی و لیریکیان تێدان. عەباسی کەمەندی: شیعری من غەزەلن و لە ڕوحی شاعیر سەرچاوەیان گرتووە، هیچ حەزێکم لە شیعری شەڕ و کوشتار و ئەو شتانە نییە و بۆ کەس باسی شەڕ ناکەم، بەڵام ئەوەی دەروونم ڕوون دەکاتەوە و تەنیاییەکانی لەگەڵ دابەش دەکەم، عیشق و خۆشەویستی بووە، بۆ مرۆڤ تەنانەت ئاژەڵیش، من زۆرتر لەو بارەوە شیعرم نووسیوە». (٧)

ئەوەتا هونەرمەند (عەباس کەمەندی)یش، کە پرسیاری لێ دەکەن، هەمیشە باسی خۆشەویستی مرۆڤ دەکات، هەڵبەتە هونەرمەندیش هەستی ناسکە، زیاتر دەروونی دەحەوێنێتەوە، بەرانبەر بە مرۆڤایەتی، چونکە هونەر هی هەموو و تویژێکی ناو هەموو کۆمەڵگەیەکە. هونەرمەند دەبێ دەست و دەروون و چاوی لەپێناو هونەرەکەیدا بخاتە گەڕ، نەک هەر بۆ ژیانی (مادی) ژیانی (واتایی) فەرامۆش بکات. هونەریش بەهرەیە نەک هونەرمەند بە زۆر خۆی بکات بە هونەر پەروەر، چونکە هونەری ڕاستەقینە هونەرمەندی ڕاستی دەوێت.

لەهەمان سەرچاوەدا، لەلاپەڕە (٤٦) هاتووە:

«عەباس کەمەندی: هەورامانە، بەو هۆیە کە باسم کرد، لەبەر ئەوەیە تۆ کاتێک هەستت بە شتێک کرد کە ئەمە ئی خۆتە، ئەمە بە دەستی تۆ و بەدەستی باوباپیرت دروست کراوە، زیاتر سەرنجت ڕادەکێشێ تا ئەوەی شتێک بۆ نموونە لە ڕوسیا و لە ئەمەریکا بۆتی دێن، چونکە ئەوە لە ڕەگ و پێستی خۆتە. من ئەگەر بەرەو مۆسیقای هەورامان چووم، بەرەو ڕەسەنایەتی هەورامان چووم...» (٨).

بۆچوونی هونەرمەندی ڕەسەن و ڕەسەن پارێز وەک هونەرمەندی گەورە و شالیاری گۆرانیبێژی کوردستان عەباس کەمەندی، هەموو بۆچوونەکانی لە بارەی ئەو سەرچاوانەی کە لە هەوراماندا ڕەگیان داکوتاوە فرە ڕاستی فەرمووە، چونکە عەباس کەمەندی هونەری هەورامان پەروەردەی کردووە و چاکیش ئاواز و گۆرانی هەورامانی گوتووە، بەو دەنگە ناوازەیەی خۆی وڵاتی ئاریزانتەکانی زیندوو کردووەتەوە. ئاوازی فۆلکلۆری هەورامان خاڵسیاو لەیلێ گیان، یان چەمسیاو گیان لەیلی گیانی، بەتاو بە جۆش، بە شمشاڵ و بە تەمبوور، ئاوازەکەی لە ڕەسەنایەتی (خڤەنیرەتەوە) پەیوەست بە هەورامان کردووەتەوە. دیارە هونەرمەندی ڕەسەن خۆی لە دڵ و دەروونی نەتەوەکەی هەڵقوڵاوە، بۆیە سەرچاوەی ڕەسەن هەورامانی ڕۆشن کردووەتەوە.

هەر لە هەمان سەرچاوەی پێشوودا لەلاپەڕە (٤٦) هاتووە: «ئێمە چووین بۆ هەجیج لەوێ دەسماڵ و پەرداخ و کەوچک و قاپ و دەوری سەفەریمان لەگەڵ خۆمان برد و ئیستفادەمان لێ کردن. لەدواییدا بنەماڵەیەک کە لەناو باخەکەدا میوانیان بووین پێمان گوتن ئەو پەرداخ و قاپ و کەوچکەی کە ئیستفادەیان لێ نەکراوە بۆ ئێوە. وتیان نانا ئێمە ئەوانەمان گەرەک نییە، ئێوەش بڕۆن ئێمە فرێیان دەدەین..» (٩)

لێرەدا دەمەوێت زۆر بە هیوا و ئاواتێکی زۆر داوای سەرکەوتن بۆ گۆڤاری «ڕامان» بکەم، چونکە ئەم گۆڤارە هیوای پاشەڕۆژی بەرزی نەتەوەییمانە، چونکە بەڕاستی گۆڤاری (ڕامان) لە هەموو بوارەکانی ئەدەبی و فەرهەنگی و هونەری خزمەتێکی گەورەی بە هەموو بەشەکانی کوردستان کردووە، بە تایبەتی زیندووکەرەوەی

هەمــوو فــەرهەنگی هەورامــانە، هەورامــان، زۆرجــار خــەڵکانێک هەن لێم دەپرسن، تۆ بۆچی هەر باسی هونەری هەورامان دەکەیت؟ منیش پێیان دەڵێم؛ چونکە هەورامـــان ســەرچاوەی ڕەســـەنی دەوڵەتی (مـــاد) و (خڤەنیرەتە) و بوومی مرۆڤ بووە. هەڵبەتە ئەو دەڤەری لە بواری فــەرهەنگی و هونەری کــولتــووری بەری زۆر فــراوانە، بۆیە تەنیــا من چەمکێکی هونەریم گــرتووە و لەســەری دەنووسم، ئەویش تەنیــا لەســەر مــوزیکی هەورامانە، ئەگەر هەموو نڤیسکار و ڕۆشنبیری وڵاتمان بایەخ بە توێژینەوەی مـەیدانی بدەن، ئیـدی کـەم بڵـێین فلانە سەرچاوەی بیانی باشە، ئەی بۆچی وەک گۆڤاری (ڕامــان) دڵســۆزی نانوێنن، بەرانبــەر بەو فــەرهەنگە دەوڵەمەندەی وڵاتی کوردان.

ئەو هونەرەی کــە هونەرمــەندی هەورامــان پەروەردە دەکـات، لەبەر ئەوەیە هونەری هەورامـان سـەرچاوەی لەم لاو ئەولاوە وەرنەگـرتووە، دەســتـدەخـۆری هیچ وڵاتێک نییە، هەر لە شیعری خۆماڵی و پەخشانەکانی یارسان و شـیـعـری بەرگـری و نەتەوەیی (هورمـزگـان) نەوەدو نۆ پیرەی هەورامان، کە ئەو نەوەدو نۆ پیرەیە، هەریەکەیان کارێکی تایبەتی خۆی هەبووە، ئەمە بێجگە لەوەی کە لە ئاتەشگەدەکاندا ئەو نەوەدوو نۆ پیرەیە ئاوازی بەرزە چڕی سیاچەمانەی بە سرودی «گاتا»کان دەچڕییەوە. واتە هەم کـــاری ئایینی و هەم کـــاروباری وڵاتیــــان لە ڕووی کـارگێـڕییەوە، جێـبەجێ دەکـرد. لە هەمـان سـەرچاوەی پێشوودا لە لاپەڕە (٤٨) هاتووە: «عەباس کەمەندی: نا شتی وا نەبووە.. ئەوەی هەیە شتی خۆم بووە، تەنانەت لە شـیـعـرەکـانیـشـمدا، ئەگـەر هەسـتم پێ کـردبێ ئەو شیـعـرەی من لە فلانە شیـعر دەچێ، کە کـابرایەک پێش من وتوویەتی، ئەوە ئەو شـیـعـرەم لەناو بردووە، چونکە حــەزم لەوە نیــیــە پێم بڵــێن لاســایی کــەسـێک دەکاتەوە» (١٠) ئەو پرسیارانەی گۆڤاری (ڕامان) کە لە هونەرمەندی شالیاری کوردستانی کردووە، پرسیـارەکان زۆر بابەتی و ئاراسـتـەیەکی پەروەردەی هونەرییـان پێـوە دیارە، چونکە گۆڤارەکە، بایەخێکی ئێجگار گەورەی بە هونەر و هونەرمەندانی دەڤەرە جیاجیاکانی وڵاتی کوردان داوە. لاســاییکردنەوە بەڕای خــۆم ناچێــتــە قــاڵبی ڕەســەنایەتیـیـەوە، چونکە سـەرچاوەی لە ڕەگـو ڕیشـەی خۆیەوە وەرنەگرتووە.

هونەرمەندی هونەرپەروەر، تەنیا پەنا بۆ هونەری خۆی دەبات، نەک پەنا بۆ وڵاتانی دراوسـێی کــورد ببــات، ئەمـەش مـۆرکی نەتەوەیی هونەری ڕەسەن ناهێڵێ، بۆیە وڵاتە دراوسێکان زۆر بە بایەخەوە بەهانای هونەرمەندانی کـــوردەوە دێن، ئەوە دڵســـۆزی نیـــیـــە بۆ هونەر و هونەرمەندان، بەڵکو ئەوە توانەوەی هونەرمانە، بەڵام زۆر بەداخەوە ئەمڕۆ ڕادیۆ و کەناڵە ئاسمانییەکانی کوردستان دەرگایان بۆ ئەو جۆرە هونەرمەندە لاوەکییانە کردووەتەوە، ئەوەش گومانی تێدا نییە لە پاشەڕۆژدا نەوەی نوێ ئاگای لە هونەر و فــەرهەنگی خــۆی نامــێنێت، پرسـیــارێکی گۆڤاری ڕامان لە هونەرمەندی شالیاری کوردان عەباس کەمەندی دەکات و لەلاپەڕە (٥٢) بەم شێـوەیە هاتووە: «ئەگەر یەکێک بیەوێ ئاوازێکی ڕەسەن دابنێ کە نزیک بێ لە گۆرانی و ستایلی کوردی و ڕەسەنایەتی ڕابردوو، چی بکات باشە؟

بۆ ئەو کەسانەی ئاواز دادەنێن، یان بۆ گۆرانیبێژەکان ڕێنماییت چییە؟ ئەی چی بە گەنجەکان دەڵێی، کە ئەمڕۆ خەڵک گلەییان لێ دەکەن و دەڵێن ئەو گـۆرانیـیـانەیان ڕەسەن نین؟ عەباس کەمەندی دەڵێت: لە کابرایەکیان پرسی وتیان شاری ئێوە شوێنەواری مێژوویی هەیە؟ وتی ناوەڵڵا، بەڵام دەوڵەت بەڵێنی داوە بۆمـــــان دروست بکات، تۆ چۆن ئەوڕۆ دانیـشی و ئاوازی کـۆن دانێی؟ ناکـرێ.. چونکە دەبێ لەگەڵ دنیـا بچیـتـە پێش، بەڵام ئەگەر ئاشنایەتیت لەگەڵ مۆسیقای ڕەسەنی خۆتدا هەبێ، ئەگـەر شتێکت بەخەیاڵدابێ، شتی ڕەسەن بەخەیاڵتدا دێ. ئەوەی کە گـۆرانیـبـێـژێک بە دوایدا دەگـەڕێ ئەسڵ خودی ئەو گـۆرانیـبـێـژەیە کە شێـوازی چۆنە؟ حەزی لە چییـە؟ ئەگـەر حەزی لە مـۆسیـقـای عـەرەبی بێ، زیاتر کارەکانی بەرەو عـەرەبی دەڕوا، ئەگەر حەزی لە مۆسیقای تورکی بێ، بەرەو تورکی دەڕوا، ئەگـەر حـەزی لە فـارسی بێ، بەرەو فـارسی دەڕوا، ئەگـەر حـەزی لە مـۆسیـقـای کوردی بێ بەرەو کوردی دەڕوا..» (١١).

فـۆرمـەلە و شـیـوازی هەر مـوزیکێک، ڕەسـەنایەتی و بوونی خودی ئەو میللەت و نەتەوانەی دنیا جیاوازییان پێـوە دیارە، مـوزیکی ئێـمـەی ئارییـەکـان پێـوەندییـەکی هاوبەشی هەیە، چونکە لەو ڕەگـەزە، با فـارس بێ، یان کـورد، یان هیند. خـاڵی سـەرەکی لەو مـوزیکە بەدی دەکـرێت، بەڵام مـوزیکی عـەرەب، چونکە لە ڕەگـەزێکی دییە، خاڵی هاوبەش لەنێوان ئاواز و گۆرانی کوردستاندا نییە، بۆیە پێویستە هونەرمەندی ڕەسەن ئاگای لە ئاواز و موزیکی خۆی پێ باشە، نەک لاسایی کردنەوە، زۆربەی هونەرمەندانی ئێمە ڕوودەکەنە وڵاتانی دەرەوە لەو وڵاتانە

ئاواز و گۆرانی خۆیان تۆمار دەکەن، ئەوەش دیسان کارێکی دزێو و نالەبارە. لە هەمان سەرچاوەدا، لەلاپەڕە (٥٢) هاتووە: «عەباس کەمەندی: ئەوە لە کوردستان پێیان دەڵێن (شادز)، دزێک بتوانێ لە دزێکی دیکە دزی بکات پێی دەڵێن شادز، ئەوەیە کە تورک لە عەرەبی دزیوە، ئەو مۆسیقایەی ئێستای تورک ئی خۆیان نییە، ئەوەیان لە عەرەب وەرگرتووە و بڕێک دەستکارییان کردووە. ئێستا ئەوانەی خۆشمان دەچن لاسایی ئەوان دەکەنەوە، لەو تورکە دەیهێنن و بە ناوی مۆسیقای کوردی دەرخواردی خەڵکی خۆمانی دەدەنەوە، بەڵام ئەوە قەت ناتوانێ لەناو مۆسیقای کوردیدا جێگەی ببێتەوە و بمێنێتەوە..» (١٢)

هەروەک لەپێشدا، ئاماژەم بەوەدا، ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە کوردستاندا نەبەکامە، ئەگەر ڕاگەیاندنی ئێمە بیر لە هزری نەتەوەیی بکەنەوە، ئەوە کەمێک بەزەییان بە خۆیان و نەتەوەکەیاندا هاتووەتەوە، بەڵام لەبەر ئەوە چاودێری هونەری و نەبوونی ئاسایشی هونەری نەتەوەیی نییە ئەوە ڕێگا بۆ ئەو گۆرانیبێژانە دەکرێتەوە بە ئارەزووی خۆیان تەڕاتێنی هونەری، بە هونەری نەتەوایەتیمان بکەن، هەرچەندە هونەرمەند ڕادەستی هونەری خۆی بێت، ئەوەندە هونەر و هەم هونەرمەندەکەش پێش دەکەون و ئەو کاتە، ڕێو و ڕەچەی هونەر و ئاواز و گۆرانیمان قاڵبی خۆی وەردەگرێت و ئەو سامانەش بە فیڕۆ لە بار نابرێت و لەناو ناچێت، بۆیە هونەر بۆ هونەرمەندی ڕاستەقینە سەرچاوەی ڕوونە.

ڕامان پرسیاری لە عەباس کەمەندی دەکات و دەڵێت: ئێستا گۆرانی و مۆسیقای کوردی لەگەڵ ڕۆژدا ڕۆیشتووە؟ خەریکە لەگەڵ ڕۆژ دەچێتە پێشێ، بەڵام تەنیا کارێک کە دەتوانێ بۆ مۆسیقای سوونەتی و ڕەسەن بیکەی بۆ ئەوەی نەفەوتێ، دەبێ ئەو مۆسیقایە بێ بایەخ نەکەین، ناکرێ بڵێین ئەمە دێهاتیانە و ئەمەیان شارییە، نا ئەوە ڕێزی خۆی هەیە. ئەمیش ئیستفادەی لێ بکەی، تۆ حەزت پێی سارێژ دەبێ، کێشەیەک نییە.» (١٣)

سەرچاوەی هونەر لە گوند و دێهاتەکانەوە، هەڵقوڵاوە گەرووی خاوێن، ئاوازی دەستکاری نەکراو، گۆرانی زۆری نەگوتراو، خەرمانەی شیعری شاعیرەکان، بوونی ژینگەی پاک، هەبوونی شوێنی ئازاد بۆ بیرکردنەوەی ئاوازی چاک، لە هەمان کاتدا، نابێ شارییان گوێ نەدەنە هونەرمەندی گوندنشینان، دەبێ هەردوو لا موزیکی نەتەوەیی پێشکەش کەن بە نەوەی نوێ، بۆ ئەوەی داهاتووی ئاواز و گۆرانی بە مەیدانێکی سەرکەوتووانە هەنگاو بنێ، بۆ ئەوەی هونەری ئێمەش لەگەڵ ڕەوڕەوەی جیهان بەرەو پێش بچێت. ئەو شاعیرانەی کە لە هەوراماندا هەن هەموو شیعرەکانیان بۆ ئاواز و گۆرانی دەلوێت، چونکە شیعری بڕگەیی هونەرمەند ماندوو ناکات، زووتر ئاوازەکە دێتە بەرهەم. لە هەمان سەرچاوەی پێشوودا لەلاپەڕە (٥٣)دا هاتووە! «شیعری ئەحمەد بەگی کۆماسی و مەولەوی تاوەگۆزی، وەلی دێوانە، جیهان ئارا پاوەیی...» (١٤) ئەو داستانە شیعرییەی ئەحمەد بەگی کۆماسی، کە سەرچەمەی عیشق و ئەوینی پاک بەرانبەر بە یارەکەی، یان شیعری (شوورای عاشوورا)ی مەولەوی بۆ کۆچی (عەنبەر خاتوون) یان وەلی بۆ (شەمسە)ی شەمی خانان، یان شیعری جیهان ئارا، بۆ نەوبووکی پاوەی ئارایشت کردووە.. ئەمە و چەندانی تر.

دەبێت هونەرمەند هەردەم دەرگای واڵا بێت، بۆ ئەوەی هونەرەکەی بگەیەنێتە هەموو جیهان، هەروەک لە هەمان سەرچاوەدا هاتووە لەلاپەڕە (٥٤)دا: «دەبێ بڵێیم بۆ زۆر کەس هەم پرد بووم و هەم قادرمە.» (١٥) دیارە هونەرمەندی ڕەسەن وەک عەباس کەمەندی، یان عوسمان کێمنەیی زۆرجار یارمەتی هونەرمەندانیان داوە؛ بەڵام دەبێ هونەرمەند ڕاستگۆ بێت و درۆ نەکات، هونەرەکەی بە ڕاستی پەخش بکات، هونەرمەندان چونکە هونەری ڕاستەقینە سەرمایەیانە، ئیدی نابێت، لەگەڵ هونەرەکەیدا ترازوو بازوو بکات، دەبێت زۆر بە سروشتی کاری هونەریانەی خۆی بکات. هونەرمەند نابێت هونەرەکەی بکات بە قوربانی مەرامی خۆی، بەڵکو دەبێت پەرە بە هونەری هۆرە و سیاچەمانە بدات، یان لاوک و حەیران، چونکە ئەو چوار ئاوازە چوار بنەمای موزیکی نەتەوەی کوردن، دەبێت موزیکژەن لە شوێنە ئەکادیمییەکاندا کاری ئەکادیمی بکات، تا ئەو چوار قوتابخانەیە لە ئامۆژگا و زانستگاکانی کوردستاندا، هۆش و گۆشی قوتابی بە زاخاوی هونەری ڕەسەن گۆش بکرێت، نەک ئێستا دەبینین لە زۆربەی ئەو شوێنانەی ناوم هێنان هەر موزیکی کلاسیکی ڕۆژئاوایی بخوێنرێت و هونەری خۆشمان جارجار بۆ تامی چێشت نەوتە نووسییەکی کورتی بۆ بکرێت. لە هەمان سەرچاوەدا لە لاپەڕە (٥٦) هاتووە: «من هەموو کات ئەمەم وتووە و دەڵێم هونەر دەریایە. هونەرمەند مەلەوانە، خۆی لێدەدا، جا، یان هەر لەسەرەتاوە دەخنکێ، یان لەناوەڕاست

دەخنكێ، یان دەپەڕێتــەوە، كــاتێک پەڕییــەوە خــۆی دەناسێ» (١٦).

هونەر هەر بە نەمری دەمێنێتەوە، ئەو هونەرمەندانە كە خزمەتی هونەری بەرزی خۆیان دەكەن، ئەوانە لە گۆمی مەنگدا ناخنكێن، چونكە بە شارەزایانە مەلە دەكەن، هەڵپەیان نییە بیر لەئاواز و جۆری شیعر و چۆنیەتی وتنی دەكەنەوە، ئەوجا كاری هونەری ئەنجام دەدەن. لە هەمان سەرچاوەدا. لە لاپەڕە (٥٦) هاتووە: «ئەگەر تێنەگەیشت، ئەوە دەخنكێ، هەر لە سەرەتاوە دەخنكێ، یان لەناوەڕاستــەوە دەخنكێ و ناپەڕێتــەوە.) (١٧) هەروەكو ئاماژەم بەوەدا هونەر سەرمایەیە، یان هونەر گۆمێكی مەنگە، یان دەریایەكی ڕوونە، هەزاران بەرد بكەوێتە ئەو دەریایە، ئەو دەریایە لیڵ نابێت، چونكە سەرچەمەكەی لە چەند شوێنێكی دوورەوە دێت، تا دەگاتە دەریا هەر پوختەكەی دەمێنێتەوە، هونەریش بە تایبەتی هونەری سوونەتی، هەرگیز لەكەدار نابێت، ئەو هونەرمەندانەش لەو بوارەدا كاردەكەن، هونەرمەندی سەركەوتوو دەبن. لە هەمان سەرچاوەدا، لە لاپەڕە (٥٧) هاتووە: «من پێم وا نییە نووسین بتوانێ لەو بوارەدا كاریگەرییەكی بەرچاوی ببێ، چونكە ڕەخنەی گۆرانی كۆمەڵگا بە خۆی دەیگێڕێ، ئێمە كۆمەڵگایەكین، كە هاندانمان زۆر كەمە، ڕووخاندنمان فرەیە، بەڵام ئەوەی وەک كتێب بێتە ناو بازاڕ و ئەوەمان لەوانەیە كەم كرابێ، بەڵام ڕەخنەگرتن هەر هەیە، هەر بۆ ئەو بیست ساڵەش هەیە، بەڵام لەلایەن كەسێكی تەمەن بیست ساڵەی دیكەوە. منی شەست ساڵە چۆن دەبێ دانیشم ڕەخنە لە گەنجێكی بیست ساڵە بگرم..» (١٨)، گەنج پێویستە جار جار ئامۆژگاری بكرێت، بە تایبەتی ئەو هونەرمەندە لاوانە، كە لە بواری گۆرانیدا كاردەكەن، واتە هەر جارەی بەدێڕە هۆنراوەیەک، یان بە قسەیەكی نەستەق، تا وردە وردە، ئەو گەنجە بگاتە تەمەنی تەواو عەقڵ و هۆشكراوەی ڕاست و دروست، ئەوجا ڕەخنەی بنیادنەرانەی لێی بگیرێت، دوور لە تانەوتەشەر و توانج، چونكە ڕەخنەش بۆ هەموو بوارەكانی هونەر بە ئاواز و گۆرانیشەوە، مەدرەسەی تایبەتی خۆی هەیە. لە هەمان سەرچاوەدا، لە لاپەڕە (٥٨)دا هاتووە: «ئەگەر بتەوێ مۆسیقای ناوچەی هەورامان بناسیت دەبێ عوسمان كێمنەیی) بناسی...» (١٩) هەڵبەتە هەموو ناوچەكانی وڵات هونەرمەندی تایبەتی خۆیان هەیە. ئەوەش بۆ هونەری نەتەوەییمان دەوڵەمەندی ئەو هونەرە دەنوێنێت. بۆ نموونە هونەرمەندی نەمر (حەسەن زیرەک) هونەرمەندی ناوچەی بۆكانە...تاد. ئەو ئاوازەی لایە لایەی دایک هەتا هەتایە، ئەو ئاوازە پیر نابێت و هەردەم لەسەر بێشكەی منداڵ دایک بۆ كۆرپەكەی دەڵێت، واتە: نەوە بە نەوە ئەو ئاوازە هەر دەمێنێت، وەک چۆن هۆرە و سیاچەمانەی ئاهورایی هەتا هونەر مابێت، ئەو ئاوازانەش هەر دەمێنن، چونكە هونەر نەمرە، هونەرمەندی ڕەسەنیش نەمرتر دەبێت. لە هەمان سەرچاوەدا لەلاپەڕە (٦١) هاتووە: عەباس كەمەندی دەفەرمووێت: «من پێم وایە مۆسیقا بەر لە گۆرانی هاتبێ، چونكە مۆسیقا دەنگی بایە، بارانە، ئەو كاتە مرۆڤ گۆرانیشی نەوتبێ مۆسیقاكە هەبووە» (٢٠).


**سەرچاوەكان:**

**١- د. صدیق بۆرەكەیی، هەورامان باشتر بناسن، چاپی یەكەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ساڵی ٢٠١٢زایینی، لاپەڕە (٩٦).**

**٢- د. صدیق بۆرەكەیی، هەمان سەرچاوە، لاپەڕە (٩٦).**

**٣- د. صدیق بۆرەكەیی، هەمان سەرچاوە، لاپەڕە (٩٧).**

**٤- د. صدیق بۆرەكەیی، هەمان سەرچاوە، لاپەڕە (١٠١).**

**٥- دارا محەمەد عوسمان، مێژووی موزیكی هەورامان، چاپی یەكەم، چاپخانە: چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ساڵی ٢٧١٠كوردی- ٢٠١٠ عیسایی لاپەڕە (٥٤٢).**

**٦- د. عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ، ئەدەبی فۆلكلۆری كوردی لێكۆڵینەوە، چاپخانەی (دارالجاحظ، بەغدا)، ساڵی ١٩٧٠ زایینی، لاپەڕە، (٦٤).**

**٧- گۆڤاری (ڕامان)ی ژمارە (١٨٢) چاوپێكەوتن لەگەڵ هونەرمەند عەباس كەمەندی، هەڤپەیڤین: ئازاد عەبدولواحید، هەولێر، ساڵی ٢٠١٢زایینی، لاپەڕە (٤٦).**

**٨- گۆڤاری (ڕامان)، هەمان سەرچاوە، لاپەڕە (٤٦).**

**٩- گۆڤاری (ڕامان)، هەمان سەرچاوە، لاپەڕە (٤٦).**

**١٠- گۆڤاری (ڕامان)، هەمان سەرچاوە، لاپەڕە (٤٨).**

**١١- گۆڤاری (ڕامان)، هەمان سەرچاوە، لاپەڕە (٥٢).**

**١٢- گۆڤاری (ڕامان)، هەمان سەرچاوە، لاپەڕە (٥٢).**

**١٣- گۆڤاری (ڕامان)، هەمان سەرچاوە، لاپەڕە (٥٣).**

**١٤- گۆڤاری (ڕامان)، هەمان سەرچاوە، لاپەڕە (٥٣).**

**١٥- گۆڤاری (ڕامان)، هەمان سەرچاوە، لاپەڕە (٥٤).**

**١٦- گۆڤاری (ڕامان)، هەمان سەرچاوە، لاپەڕە (٥٦).**

**١٧- گۆڤاری (ڕامان)، هەمان سەرچاوە، لاپەڕە (٥٦).**

**١٨- گۆڤاری (ڕامان)، هەمان سەرچاوە، لاپەڕە (٥٧).**

**١٩- گۆڤاری (ڕامان)، هەمان سەرچاوە، لاپەڕە (٥٨).**

**٢٠- گۆڤاری (ڕامان)، هەمان سەرچاوە، لاپەڕە (٦٠).**

# پردێ لە مێژوودا

عەباس سلێمان سمایل

### پێشەکی

پردێ ئەو شارۆچکە دێرینە ستراتیژییە سەرەڕێیەیە، کە مێژووەکەی بۆ پتر لە شەش هەزار ساڵ بەری نهۆ دەگەڕێتەوە. پردێ هەمیشە تایبەتمەندی خۆی لە پێکەوە ژیانی ئایین و مەزهەبەکان و گەلانی جیاجیای وەک زەردەشتی و بتپەرستی هەبووە، دواتریش جوولەکەو دیان، ئەمڕۆکەش کورد و تورکمان، دانیشتوانەکەشی بە چەندین کار و پیشەوە خەریک بوونە، سەرەڕای هەبوونی قوتابخانەی ئایینی لە دێر زەمانەوە.

ژمارەیەکی دانیشتوانەکەی بە ڕاوەماسییەوە خەریک بوونە، هەمیشە بەلەم لە ناو زێ وەک پۆلەمراوی دەبینراو ژمارەیەکیش بە چاندن و هەمیشە لەناو شینایییەکان کەپر کەپرۆکەی کردووە و ژمارەیەکیش بەبازرگانی و هەردەم کاروان قەتارەیان کردووە بۆ هێنان و بردنی کەلوپەل و هەندێکیشی بە جەلەب کڕین و فرۆشتنەوە خەریک بوونە. ژمارەیەکیش بە پیشەی دەستی بەتایبەتی بۆ بیانیان.

پردێ لەدوای ئازادبوونی عــیـــراق لە پرۆســەی بە عەرەبکردن پاک کرایەوە و بەرەو فراوانی و گەشەکردن ڕۆیشت، ئەگینا حکومەتی عیراقی لە فراوانبوونی ئەم شارۆچکەیە ڕێگر بوو.

### ناوی پردێ لە چییەوە هاتووە

پردێ بە درێژایی مێژوو بە چەندین ناو، ناوی هاتووە، وەک نموونە: ئەکەدییەکان بە سومور، شمووروم ناویان هێناوە، ئاشوورییەکان و ئارامی زمانە مەسیحییەکان بە شاهـ قورد، شەهرقرد، سنر، زەبەن، زین ناویان هێناوە.

قــورد، قــوردایی بە زمــانی ئاشــووری و ئارامی نوێ

واتای گەلی کورد دەگەیەنێ، کەواتە شەهر قرد واتای شاری کوردان دەگەیەنێت. دووریش نییە پیتی (ق) گۆڕابێ بۆ پیتی (پ) و قوردێ بووبێتە پردێ، عەرەبیش وەری گیراببێ بۆ عەرەبی و تورکیش وەریگێڕابێت بۆ تورکی، هەروەها دوور نییە وشەی پردێ لە (گردێ)وە هاتبێت، چونکە شارۆچکەی پردێ بە گرد و هەرەت دەورە دراوە، لەوانە زوورگە زراو، بانی ئەسحابە و بانی کتکە و زورگەکانی قەرەبەگ.

هەندێک لە مێژوونووسەکان لەو باوەڕەدان کە ناوی ئاڵتوون کۆپری لە (قنطرة الزاب)ـەوە هاتووە، بەهۆی ئەوەی کاتی خۆی بەربەستێکیان لەم شوێنە لەسەر زێی گچکە بۆ نەمانی مەترسی لافاو دروست کردووە، دواتر (زاب)ـەکە دەبێتە (ذهب= زێڕ) و لەسەر زمانی تورکان دەبێتە ئاڵتوون کۆپری (پردی زێڕین). ئەدمۆنس-یش دەڵێت ناوی ئاڵتوون کۆپری لەناوی ژنێک بەناوی ئاڵتوون هاتووە کە پردەکەی دروست کردووە.

لە چاخی دەیەم کە گەشتیاری ئەڵمانی ڕادۆڵف لە ساڵی (١٥٧٦)ز لە بەغداوە دەچێتە مووسڵ و بە (پردێ)دا تێدەپەڕێت ناوی بە (برستە، پرستە) هێناوە، لەوانەیە بە هەڵە پردیێ کردبێتە پرستە، هەروەها دوور نییە ئاڵتوون کۆپری لە کەپری زێڕینەوە هاتبێت، چونکە بە درێژایی مێژوو، دەوروبەری پردێ دەکرایە شینایی و هەر خاوەن شینایییەکیش لەناو شینایییەکەی کەپرێکی بۆ پاسەوانی و پشوودان دروست دەکرد، دووریش نییە حکوومەتە یەک لەدوای یەکەکان بە ئەنقەست ناوی (پردێ)یان بۆ عەرەبی و تورکی گۆڕی بێ و کردوویانە بە (جسر الذهب) و (ئاڵتوون کۆپری)، بەڵام گەشتیاری ئینگلیزی بیکنگهام لە ساڵی ١٨١٦ هاتووەتە پردێ ناوی بە ئاڵتوون سوو هێناوە، خوالێیخۆشبێت تەوفیق وەهبی بە درێژی لەناوی پردێ دواوە، گوایە لە ساڵی ١٦٣٨ لە کاتی هێرشی سوڵتان مورادی چوارەم بۆ سەر بەغدا، ئەم پردە دروست کراوە و ناوی لێنراوە بە (نامەرد کوپرسو) ناوەکەشی بۆ شەرمەزاری یەک لەسەرکردەکانی سوڵتان دەگەڕێتەوە، چونکە ئەوکاتە سوڵتان فەرمانی پێ کردووە بچێت لە گەمارۆدان و گرتنی بەغدا بەشداری بکات، بەڵام ئەو سەرکردەیە خۆی بە دروستکردنی پردەکەوە بە بەرد خەریک کردووە، لە جیاتی ئەوەی بۆ شەڕ بچێت، کاتێک سوڵتانیش لە ڕێگەی چوونی بۆ بەغدا لە دروستکردنی ئەو پردە ئاگادار دەکرێتەوە، زۆر لەو سەرکردەیە تووڕە دەبێت و فەرمان بە جەللادەکەی دەکات سەری ببڕێت و پردەکەشی ناونا (نامەرد کۆپرسو).

لە ساڵی ١٧٦٦ز (نیپور)ی گەشتیاری دەنیمارکی بەو شارەدا تێپەڕیوە و لە یاداشتەکانی ناوی بەئاڵتوون کۆپرو تۆمار کردووە، کەواتە ناوی ئاڵتوون کۆپری ناوێکی نوێیەو لە سەردەمی عوسمانییەکانەوە ناوی (پردێ)یان پێ نێودار کردووە.

لە ساڵی (٢٠٠١) حکوومەتی عیراقی ناوی پردێی بۆ نەهرەین گۆڕی.

کەواتە داگیرکەرانی کوردستان لە گۆڕینی ناوی جوگرافی کوردستان بەردەوام بوونە، ئیتر وا پێدەچێت بە درێژایی مێژوو ناوی شارۆچکەکە و پردەکە بەناوی یەکتری کراون و هەمیشە هەردووکیان بەیەکەوە هەبوونە، بەڵام بەهۆی لافاوەوە پردەکە ڕماوە و لە نزیکییەوە پردی دیکە دروست کراوە و شاریش لافاو بردوویەتی و لە نزیکەوە دروست کراوەتەوە، بەڵگەش هەبوونی پێگەی پرد و شوێنەواری دێرینی نیشتەجێ بوونە لە دەو زێ، لەنێوان شارۆچکەی پردێ و گوندی قەرەبەگ، هیوادارم تیمی شوێنەوارناسان لێکۆڵینەوەی لەسەر بکەن بۆ ڕوونبوونەوەی زیاتری ڕاستییەکان و وشەی (پردێ) کە ناوە ڕەسەنەکەی ئەم شارۆچکەیە بکرێت بەناوی فەرمی ئەم شارۆچکەیە و جێگەی ناوی ئاڵتوون کۆپری بگرێتەوە، کە داگیرکەران بۆیان داناوە.

## لە ڕووی کارگێڕییەوە

پردێ بەر لە زایین لەنێو سنووری کارگێڕی (گۆتی و هوری و میتانی)دا بووە، دواتر دەکەوێتە سنووری کارگێڕی ئەکەدی و ئاشووری دواتریش میدی، هەخامەنیشی و سلۆقییەکان و ئەشکانییەکان و ساسانییەکان.

لە سەرەتای فەتحی ئیسلامیدا بەشێک بووە لە لوڕستان و دواتریش بەشێک بووە سەر بە حکوومەتە یەک لەدوای یەکەکانی ئیسلامی و دواتر میرنشینی ئەردەڵان و سۆران و بابان.

دوای ڕووخانی میرنشینی بابان لە ساڵی (١٨٤٤) بە تەواوی دەکەوێتە ژێر چەپۆکی عوسمانییەکان، هەمیشە

بنکەیەکی سەربازی و بازگەیەک و کاروانسەرایەکی سەرەکی سەر ئەم ڕێگەیە بووە.

بێجگە لە ڕێگەی وشکانی سەر ڕێگەیەکی ئاویش بووە، تا ساڵانی چلەکانیش لە ناوەڕاستی عیراق بە وڵاخ و پیادە دەهاتن، تووتن، خەڵووز، پێستە خوری و گەنم و جۆ و شتی دیکەیان دەکڕی و کەڵەکێکیان دروست دەکرد و بەناو ئاوەکەدا، واتە بە ڕێگەی ئاوی دەگەڕانەوە.

بۆ یەکەم جاریش لە ساڵی (١٨٨٩) لەلایەن عوسمانییەکانەوە کرایە بنکەی بەڕێوەبردنی ناحیە و خرایە سەر سنجەقی کەرکووک، هەروەها لە ساڵی ١٩٢٢دا هەر بە ناحیە مایەوە و (٦٢) گوندی لەسەر بوو، یەک لەوانە گوندی دوبز بوو، دواتر لە ساڵی ١٩٥٩ دوبز کرا بەناحیە و لە پردێ دابڕا. لە ساڵی ١٩٩٩ دوبز کە بوو بەقەزا. لە ساڵی ١٩٧٦ پردێ خرایە سەر.

لە کۆتایی نەوەدەکان ناحیەی پردێ لەگەڵ شەش گوندی بەری لای هەولێر خرایە سەر پارێزگای هەولێر، دوای ڕزگاربوونی عیراق لە ٢٠٠٣ خرایەوە سەر پارێزگای کەرکووک.

بەر لە ڕزگاربوون بریتی بوو لە گەڕەکی ئۆرتە ناوەکەی گۆڕابوو بۆ (حەی سەدام)، گەڕەکی ساڵەیی (صلاحیە) ناوەکەی گۆڕا بوو بۆ (شوهداء) لەگەڵ گەڕەکی دزەیی (تسین- تسعینی) کە ئەمڕۆ بووەتە کوردستان، لەگەڵ گەڕەکی (محطە- وێستگەی شەمەندەفەر)یش لە کۆتایی شەستەکان دروست کرابوو بۆ کرێکار و کارمەندەکانی هێڵی شەمەندەفەر لەسەر ڕێگەی هەولێر، بەڵام دوای نەمانی هێڵی شەمەندەفەر لە ساڵی ١٩٨٤ ئەو کارمەندانەی دانیشتووی ناوچەکە نەبوون بە عەرەب بە کورد و تورکمانەوە ئەوێیان بەجێ هێشت، ئیتر تا ساڵی ١٩٨٦ هەندێک ماڵی هەر تێدا مابوو، بەڵام بەهۆی نەگەیشتنی خزمەتگوزاری و کاولبوونی زۆربەی خانووەکان بەهۆی لافاوی زێیەکەوە کەس لەوێ نەماو حکوومەتیش زەوییەکەی بۆ شینایی بەکرێ دا، خاوەن زەوییەکەش هەرچی لە خانووەکان مابوو هەمووی ڕماندو کردنی بە شینایی، واتە لەساڵی ١٩٨٧ شوێنەواری گەڕەک نەما. بە گوێرەی سەرچاوەکان پردێ لەسەردەمی بلاوبوونەوەی مەسیحیەت، هەندێکیان زەردەشتی و هەندەکەی دیکەش بت و درەختیان دەپەرست.

## گوندەکانی پردێ

پردێ ٣٦ گوندی بەسەرەوەیە تەنیا (٦) کەوتووەتە بەری باکووری کە بەناوچەی دزەیی، واتە خاکی نێوان دوو زێ دەناسرێت، ئەگینا ئەوانی دیکەی کەوتوونەتە باشووری ناحیەکە و بەدەشتی ساڵەیی دەناسرێت، کە جاران کەواو سەڵتەیان لەبەر دەکرد وەکو هۆزانی ناوچەی کرماشان و بە زاراوەیەکی تێکەڵ لە لوڕی و هەورامی دەدوان.

تا بە عەرەبکردنی ناوچەکەش دانیشتوانی گوندی کەتکە هەر بەو زاراوەیە دەدوان، زۆربەی دانیشتوانی ئەم گوندانە (ساڵەیی)ن، هەروەها هۆزی شوان، لەک، کورد، شێخ بزێنی و چەندین هۆزی دیکەش دەبینرێن، بەڵام ئەمڕۆ دانیشتوانی شارۆچکەی پردێ (٤/٥)ی کوردە و بەشەکەی دیکە تورکمانن، کوردی شارۆچکەکە بریتین لە هۆزانی: ساڵەیی، شوان، شێخ بزێنی، بابان، خۆشناو، لەک، پاڵانی، هەمەوەند، شکاک، سیان، مامەسێنی،.. دانیشتوانی گوندەکانی سەر بە پردێ لە هەمان هۆز پێکهاتوون تەنیا گوندی قەیباشی نەبێت کە بەشێکیان عەرەبن و ئەوانی دیکەش لە کوردی ناوچەکەن وەک چۆخەڕەشی، هورمزیار،... هەروەها گوندی پرکانیان بەشێکیان سەیدن، ئەوانی دیکەش کوردی ناوچەکەن.

هەر گوندێکیش لەم گوندانە مێژووی خۆی هەیە، هەموشیان ئازاری بە عەرەبکردنیان کێشاوە.

## گوندی گورزەیی وەک نموونە:

گوندی گورزەیی لە باشووری گوندی کتکە هەڵکەوتووە، ئەم گوندەش وەک گوندەکانی دیکەی سەر بەم شارۆچکەیە چەندین ڕووداوی بەسەردا هاتووە لەوانە: بۆ یەکەم جار لە ساڵی (١٩٦٣) هۆزی ئەلبوحەمدانی ناوچەی حەویجە بەسەرۆکایەتی ئیبراهیم حەسەن بەهاوکاری سوپا، هێرشیان کردە سەر گوندەکە و دانیشتوانەکە گوندەکەیان بەجێ هێشت و تەنیا دووکەس گیران و ڕاپێچیان کردن و دواتریش گوندەکە تاڵان کرا، بەڵام لە ساڵی (١٩٦٤) دانیشتوانەکە دووبارە گەڕانەوە، جارێکی دیکە لە ساڵی (١٩٦٥) ئاوارە کرانەوە، لە کۆتایی ساڵی (١٩٦٦) جارێکی دیکە گەڕانەوە، تا ساڵی (١٩٧٥) مانەوە، دوای نسکۆی شۆڕش ئاوارە کرانەوە و ئەم جارەیان عەرەبی باشووری

عیراقیان هێنایە گوندی گورزەیی و کتکە و گەڵۆزی، دواتر دانیشتوانەکەشیان گەڕاندەوە گوندی و تا ساڵی (١٩٨٤) لەگەڵ عەرەب لە گوندی مانەوە، کە هەمیشە لێک دڕدۆنگ بوون.

جارێک ئافرەتانی عەرەب گێچەل بە ئافرەتانی کورد دەکەن، ئافرەتانی کورد دارکاری ئافرەتانی عەرەب دەکەن، لە ئەنجامی ئەم شەڕە ژنە، ئافرەتانی عەرەب شکست دێن، پیاوێکی عەرەب کە چاوی لە شەڕەکە دەبێت، شەقێک لەناوگەڵی ئافرەتێکی کوردی دووگیان دەدات و لەئەنجامدا منداڵەکەی لەبار دەچێت و ژنەکەش تووشی نەخۆشی دەبێت.

جا هەر بەهۆی ئەم شەڕە ژنەوە، جارێکی دیکە کوردان ئاوارە دەکەنەوە، هەندەی پێ ناچێت بۆ تۆڵەسەندنەوە پۆلێک پێشمەرگە دێنە گوندی سەربیرو بەشەو بە تراکتۆر دێن و بەسەر عەرەبی گوندی گورزەییدا دەدەن و (١٥)یان لێ دەکوژن و ژمارەیەکیشیان لێ بریندار دەکەن.

پێشمەرگەکانیش دوانیان بریندار دەبن، ئینجا عەرەبەکان گوندەکە بەجێ دێڵن و جارێکی دیکە ناگەڕێنەوە تا ساڵی ٢٠٠٣ و ڕووخانی ڕژێم.

تێبینی لە ساڵی ١٩٥٣ چوار خێران کە لە هۆزی مامەسێنی بوون لە گوندی باشتەپەی سەر بە قوشتەپە ئاوارەی ئەم گوندە دەبن بەهۆی هاوبەشی کردنیان لە هەرای جووتیارانی ساڵی ١٩٥٣، هونەرمەندانی دراما دەتوانن ڕووداوەکانی ئەم گوندە بکەنە دراما.

### شوێنەوارە دێرینەکانی

پردێ و گوندەکانی دەوروبەری جاران غەرابی ئاوەدانی زۆری تێدا دەبینرا، بەڵام ئەمڕۆ غەرابەیەک لەمانە نەماوە، بۆ نموونە باشوور و باشووری ڕۆژئاوای گوندی شێراوە شوێنەواری شارۆچکەیەک بووە، بە تایبەتی لای باشووری کە تا دوای ڕاپەڕینیش بە بەردەوامی دیوار و کەرەستەی لە قوڕ و بەرد دەدۆزرایەوە.

هەروەها شوێنەواری کوورەش دۆزراوەتەوە، لە ساڵی ١٩٧٨دا لە باشووری ڕۆژئاوای، لە ئەنجامی زەوی هەڵکۆڵین بۆ ناعوور شوێنەواری چەند ژوورێک دۆزرایەوە و بەردەوامیش لەم شوێنە خشتی سوورکراوە و کەلوپەلی لە قوڕ دروستکراو دەدۆزرێتەوە، هەروەها لە باشووری ڕۆژئاوای شێراوە لە ساڵی ١٩٧٨ لە ئەنجامی لێدانی بیری ناعوور دوو تونێلی مەترێک بەرز دەرکەوتن، کە بەشێوەیەکی ئەندازەیی بە کەرپووچ هەڵکەنراون، ئەمڕۆکە تەنیا یەکێکیان دیارە، ئەوی دیکە بەر بیری ناعوورەکە کەوت، ئەم تونێڵە دەوروبەری (١٠٠م) زیاتر دەچێتە ژێر گردەکان و دواتر پێچ دەکاتەوە، جا لەبەر ئەوەی بچووکە مرۆڤ ناتوانێت بەناویدا بڕوات. هەروەها لە دەوری ئەم تونێلە چەند خانووبەرەیەکیش دەرکەوتبوو، چەند خشتێک ڕەمز و جەڤەنگی جۆراوجۆریان لەسەر هەڵکەنرابوو، بەداخەوە سەربازگەیەک کە لەوێ نزیک بوو، هەموو خشتەکانیان بردووە، هەروەها دەو ڕووباری نێوان پردێ و قەرەبەگ چەندین شوێنەواری دێرینی تێدا دەبینرێت کە بەخشتی سوورەوەکراو و گەچ دروستکراون، لەوانە چەند قاڵدرمەیەکە لە چەند شوێنی جیاجیای سەر ڕووبار کە بۆ سەر ڕووبار دەچێتە خوار، سەرەڕای ئەوەی چەندین کەلوپەلی لەقوڕ دروستکراو دۆزراوەتەوە. وا پێدەچێت ڕۆخانەی ئەم ڕووبارە هەمووی ئاوەدانی تێدابووە، لە هاوینانیش لە گەوەڕەکانی زێیەکە ژیاون کە وەک ئەشکەوت وانە و پڕ لە داروبارن و زۆر فێنکن، دەکرێت بە ئاسانی بکرێنە شوێنی گەشتوگوزار.

### ڕەنگدانەوەی پردێ لە حەیران و هۆنراوەدا

بەهۆی ئەوەی پردێ شارۆچکەیەکی دێرینە و سەرەڕێی بەغدا و لوڕستانە و ناوەندێکی بازرگانی و بەروبوومی کشتوکاڵییە، هەمیشە لە دوور و نزیکەوە، بە تایبەتی گوندەکان بۆ جێبەجێکردنی کارو پێویستییەکانیان سەریان لە پردێ داوە، یەک لەوانە شاعیری میللی سەعید سەلیم دۆڵەبەکرەییە، کە بۆ چاک کردنەوەی گاسنەکەی دەیەوێت بچێتە پردێ لای وەستا ئەحمەدی باشتەپەیی، ئاغای دۆڵەبەکرەش بە سەعید سەلیم دەڵێت سەلامی منی پێ ڕابگەیەنە و پارەت لێ وەرناگرێت، سەعید سەلیم-یش دەڵێت مادام پارەم لێ وەرنەگرێ (٢٠) هێلکەی بۆ دەبەم، ئینجا گاسنەکەی دەباتە پردێ لای وەستا ئەحمەدی. دوای ئەوەی گاسنەکەی بۆ چاک دەکاتەوە، داوای پارەی لێ دەکات.

سەعید سەلیم-یش دەڵێت:

پردێ شارەکی خۆشە
ئەوبەر ئەوبەری زێیە
وەستا ئەحمەدی باشتەپەی
لە قسان دەرێن لەوێیە
یەکی ڕەقی مووزەردە
دەرێی بارگینی شێیە
ڕدێن بن چنگی سەی
سمێر کلکی کەرێیە
گاسنەکم بردە کنی
هێ برام گاسنی کەرێیە
خزمینە پێم بڕواکەن
بیست هێلکەشم وا پێیە
نووزە نووز و حیزە حیز
دەرێی پلکە خەجێیە.
دەرێ مام سەعید بێنە پارەی
چما ئێرە خانی کەرێیە.

**پەراوێزەکان:**

* دوور نییە باقرت بان گردبێت، ئەگەر (شهرقرد)یش لە شاری کورد نەهاتبێت ئەوە ئەو شارە لە سروشتی جوگرافییەکەیەوە هاتووە کە بە گردۆڵکە دەورە دراوە.

دووریش نییە قرد، یان قورد لە (کور)ی سۆمەرییەوە بە واتای (شار، هەرێم) هاتبێت، دواتر کور لەسەر زمانی یۆنانی بووەتە کەرخ وەک کەرخ سلۆخ، گەڕەکی کەرخ لە شاری بەغدا.

* سمورو (شموروم) دوور نییە وشەیەکی سۆمەری بێت و لە دوو بڕگەی (سم+ ئور (شار) پێکهاتبێت و لەسەر زمانی ئەکەدی بووەتە شموور و شمووروم. (سم)یش لە زمانی تورکی بووبێتە سوو، دواتریش ناوەکە بووەتە (ئاڵتوون سوو، یان ئاڵتوون سووکۆپری).

* لە ساڵی ٢٠١٠ یەک لە پردە کۆنەکان دروست کرایەوە، چەندین پێگەی یەک لەدوای یەک دەرکەوت، هەریەکە بە جۆرێک و جۆرە بەردێک دروست کرابوو، ئەمەش پێویستی بە لێکۆڵینەوە هەبوو، بە داخەوە خەمی لێ نەخورا، بەندە ئەوی لە دەستی هات تەنیا وێنەکانم گرتن.

* لە دوای بە عەرەبکردنی ناوچەکە ناوی پردێ بۆ (نهرین) و پڕکانی بۆ کوبرا، قەیباشی بۆ مروج گۆڕا.

* لە ساڵی ٢٠٠٩، ژمارەی خێزانە گەڕاوەکان گەیشتە ٨٩٤٠ کەس.

* ژمارەی دانیشتوان شارۆچکەی پردێ.

لە ساڵی ١٩٨٧= ٤٥٨١ کەس

ئایاری ٢٠٠٤= ١٠,٠٠٠ کەس

* لە ساڵی ١٩٨٦- ١٩٨٧ هەموو گوندەکانی پردێ خاپوورکران و دانیشتوانەکەی بۆ هەولێر و سلێمانی گواسترانەوە تەنیا عەرەبی قەیباشی و پڕکانیان مانەوە.

* جاران ڕێگەی کەرکووک هەولێر بەناو شارۆچکەی پردێدا تێدەپەڕی، کەلوپەلی بە دەست دروستکراو باش دەفرۆشرا، بەڵام دوای ئەوەی ڕێگەکە گواسترایەوە دەرەوەی شارۆچکەکە، کەلوپەلەکەش ڕەواجی نەما و ئەمڕۆکەش ئەم پیشەیە نەماوە.

* لە ساڵی ١٩٣٦ بارزانی نەمر بۆ باشووری عیراق دوورخرایەوە، دوای ئەوەی گەڕایەوە بۆ ماوەی (٦) شەش مانگ لە پردێ مایەوە، لە خانووی عومەر قازانچی نیشتەجێ بوو.

لەو ماوەیەدا قورئانی لای مەلا سەعید چۆمە زەردەرەیی دەخوێند. هەمیشە بۆ پشوودان دەچووە ژێر درەختەکانی چەولگ و ئەشکەوتی کەندەرانەکەی باکووری پردێ.

* سوپای پۆلۆنی لە جەنگی دووەمی جیهانی لەسەر هەردوو گردی شاندز و نەبیاوە هەڵیان دابوو و ئاویشیان لە چەمی گەلان دەخواردەوە کە ئەمڕۆ وشکی کردووە.

* لە ساڵی ٢٠٠١ ناوەکەی بۆ النهرین گۆڕا.

* ژمارەی نەتەوەکان لەم شارۆچکەیە لە سەرژمێری ساڵی ١٩٧٧ بەم جۆرە بووە! کورد: ٧٥,٥٩

تورکمان: ١٧,٧٠. عەرەب: ٥,٤٥.

ئەرمەن: ٠,١ نەتەوەکانی دیکە ١,٢٥.

* لە ساڵی (٢٠١١)ەوە تابلۆی گوندەکانی پردێ و دوبز بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی نووسراون، لەبەر ئەوەی هەندێک پیتی کوردی لە عەرەبیدا نییە، ناوەکانیان بە هەڵە نووسیوە، دەبێت ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک خەوتبێت، یان بەلایانەوە گرنگ نەبێت.

* باشترین زەوییەکانی ناو شارۆچکەی پردێ کە نێوان پردی کۆن و پردی نوێ دەگرێتەوە لەسەر عەرەبێک تاپۆ کرا بەناوی (ئەبو قوتەیبە)، کە هەمیشە شانازی پێوە

دەکرد و دەیوت (گاعی) واتە زەوییەکەم.

* پێویستە حکوومەت پردە ئاسنەکەی شەمەندەفەر کە لەنێوان قەرەبەگ و چۆمە زەردەرەیە بۆ پەڕەینەوەی پیادە بگۆڕێت، کە سوودی بۆ ناوچەکە و بۆ گەشتیاران و مانەوە و پاراستنی پردەکەش هەیە، وەک کەلەپوور.

* پردە نوێیەکە بە پردی هیندی ناسراوە کە کۆمپانیایەکی هیندی لە ساڵی ١٩٨٠ دروستی کرد.

* لەدوای ساڵی ١٩٩٥ بە عەرەبکردنی ناوچەکە لەوپەڕی گەشەکردندا بوو کە گەڕەکی عرووبە لەنێو گەڕەکی ساڵەیی دروست کراو ژمارەیەک کۆمەڵگەش بۆ عەرەبی هاوردە دروست کرا کە ئەمانەن:

بەنو جەمیل لە گوندی کتکە
ثغور لە گوندی حەسار
وثبە لە گوندی گەڵۆزی
سموود لە گوندی نەبیاوە
غداء لە گوندی بارمجە
شەهید کەڵوڕ
جیهاد بیبانی

(زانیارییەکانی شێخ قادر دەربارەی شێخ کەریمی باوکی).

* ژمارەیەک لە دانیشتوانی گوندەکانی دەوروبەری پردێ چوونەتە غەزای رووسان و لەگەڵ شێخ مەحموودیش چوونەتە شعێبە لەوانە گوندی کتکە، قەرەبەگ و دەرماناوە بوونە.

لە شەڕی شعێبەدا ئەسعەدئاغای شێخ بزێنی لە سواری هەسپدا شەهید دەبێت و سەید ئەحمەدی خانەقا لەم شەڕەدا بریندار دەبێت و بەبێ بەنج گوللەکەی لە لەش دەردەهێنن.

* شێخ مەحموود دێتە سەردانی سەربیر لای شێخ کەریم شێخی ساڵەیی، بەڵام کە هات کۆچی دوایی کردبوو.

* تورکی عوسمانی سێ جار بار تفەنگی بۆ شێخ کەریم ڕەوانە کردووە بۆ ئەوەی شەڕی ئینگلیزی پێ بکات، بەڵام شێخ کەریم وەری نەگرتووە بە چەکی خۆی بەشداری ئەم شەڕەی کردووە.


**سەرچاوەکان:**

*** پردێ هەرگیز نابێتە (النهرين)/ ئا: نیگار ئەحمەد ساڵەیی، گۆڤاری گوڵان، ژمارە (٣٨٥)، ٢٠٠٢/٦/٦.**

*** گفتوگۆیەکی ڕاشکاوانە لەگەڵ بەڕێوەبەری ناحیەی پردێ/ خالد عەبدول/ ڕۆژنامەی باسەرە/ ژ(٥٣)، ئایار ٢٠٠٤.**

*** پردێ شارەدێی ئاوی زێڕین و پردی زێڕین/ عەبدولستار جەباری/ گۆڤاری مێرگ، ژ (٥١)، ٢٠٠٩.**

*** دانیشتوانی شارۆچکەی پردێ ئاوی ناسازی زێی گچکە دەخۆنەوە/ عەباس سلێمان/ ڕۆژنامەی خەبات، ژ (٣٧٩٤- ٢٠١١/٦/٩.**

*** لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی، چەند جارێک سەرم لە پردێ و گوندەکانی دەوروبەری داوە و چەند بەڕێزێک یارمەتییان داوم بۆ ئامادەکردنی ئەم بابەتە لەوانە:**

**١- شێخ قادر شێخ کەریم- دانیشتووی شارەدێی پردێ.**

**٢- فەرهاد پالانی- دانیشتووی شارەدێی پردێ.**

**٣- هیدایەت یاسینی کێخوای گوندی گورزەیی.**

# لەبەر ئاوازێک نایەوێ ببێتە گۆرانی

**هاشم سەڕاج**

ئەم دەستەواژەیەی وا لەسەرەوە هاتووە، ناوونیشانی کتێبێکی شیعری «تەڵعەت تاهیر»ـە و ١٠ تێکستی لەخۆ گرتووە و لە بڵاوکراوەی ساڵی ٢٠١١ی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی (ئاراس)ـە، بەر لەوەی لە دەقەکانی ئەم کتێبە وردبمەوە، سەرەتا پێم باشە بەشێک لە ناوەرۆکی ئەو پێشەکییە درێژە بخەمەڕوو کە دکتۆر سەروەر عەبدوڵڵا بە زمانێکی مەجازی لە بارەی جیهانی شاعیر و دەقەکانەوە نووسیویەتی، دکتۆر سەروەر دەڵێت: (ئەگەر شاعیر نەیەوێ وەک پەناهەندەیەک بە سفت و سووکی بەرەو وێستگەکانی خوێنەر ڕێ بکا.

– ئەگەر شاعیر نەیەوێ خۆی و وردە پریاسکەی پەیڤەکانی لەژێر بارانی ترس و دڵەڕاوکێ تەڕ ببێت.

– ئەگەر نەیەوێ خەونە وردو درشتەکانی بکاتە میسێنجەرێک نێوان خۆی و گشت شار و شەقام و کوچە و کۆڵان و هەسارەکانی ئەم گەردوونە، ئەوە جەستەی ئەو شیعرەی لە باخەڵی چاکێتەکەی خۆیدا هەڵی گرتووە، بە بریندار شکست و پڕ نشوستی دەیگەیەنێتە بەردەرگەی داخراوی ماڵی خوێنەر.




لە کۆتایی ئەم بڕگەیەدا دکتۆر جەخت لەسەر ئەوە دەکات و دەڵێت: کەواتە ڕاستینە بە میکرۆکرۆمی ڕوحی خۆی هەمووکات لە وێناکردنی مان و نەمانی خودی خۆیدایە، هاوسات بەردەوام هەڵوەدا و متووی ئەوساتە وەختەیە بە دەنگ و گوڵوازی ڕەنگی خۆی بگاتە خوێنەر و بەهێوری گوزەر بەنێو نێوە جوانەکانییەوە بکات، ئەوەی لەم بڕگە نووسینەدا دەردەکەوێت، دکتۆر سەروەر هەوڵ دەدات جۆریک لە پێوەندی لەنێوان دانەر «شاعیر» نووسەر و وەرگر «خوێنەر»دا دروست بکات، ئەم حاڵەتەش خۆی لە خۆیدا خودێکی ئاراستە کراو دێنێتە ئاراوە و کردەی نووسین دەخاتە قاڵبێکی عەقڵانییەوە، لەکاتێکدا «دەق» بەرهەم و خەیاڵ و سرووت و نائاگاییەکانی «منی شیعر»ـە نەک منی شاعیر، منی شیعریش ئەو خودە مەعریفییەیە لە چرکە زمانییەکاندا دنیابینی خۆی دەنووسێتەوە.

کەواتە دەتوانم لێرەدا پرسیارێک

بورووژێنم و بلێم ئایا چ پێوەندییەک لەنێوان لۆتریامون و خوێنەرێکدا هەیە، یان خودی «نالی» و وەرگرێک کە ئێستا لەم چرکەساتەدا و لە گۆشەیەکی ژوورەکەیدا خەریکی خوێندنەوەی شیعرەکانیەتی، ڕەنگە بەشێکی ئەم هاوکێشەیە لە ڕووی ئازادی دەربڕین و بوێری و دادپەروەری کۆمەڵایەتی و چۆنیەتی پێکهاتەی باڵاخانەی زەینی «هابیتوس»ەوە، سەبارەت بە منی شیعر جۆرێک لە حەقیقەتی تێدا بێت، بەڵام لەکۆتاییدا ئەم پێوەندییە دەلالی و ئیستێتیکییە لەنێوان خوێنەر و دەقدا دروست دەبێت، نەک وەرگر و نووسەر، لێرەدا دەتوانم ئاماژە بە کۆمەڵێک هەوڵی ڕەخنەکاری و تیور و قوتابخانەی تەئویلی و هێرمنیۆتیکی بدەم کە چۆن لە پرۆسەی شیکردنەوە و ڕاڤەدا ڕۆڵی سەرەکی بۆ خوێنەر جێ دێڵن و هاوکات جۆرەکانی خوێنەریش پۆلێن دەکەن.

لێرەدا سێ میتودی ڕەخنەیی هەیە کە بایەخ بە دەسەڵاتی خوێنەر و خوێندنەوە دەدات.

١- بنیادگەری فەرەنسی کە «ڕۆلان بارت» نوێنەرایەتی دەکرد و بانگەشەی مەرگی نووسەری ڕاگەیاند و جاڕی لە دایکبوونی ئەو خوێنەرەشی دا کە مانای دەق دەخولقێنێت، چونکە دەق بەبێ بوونی خوێنەر هیچ بەهایەکی نییە، کەواتە ئەوە: خوێنەرە دەلالەتەکانی دەق دیاری دەکات نەک خودی دەق.

٢- تیوری وەرگرتن، کە سەر بە کۆمەڵێک ڕەخنەکاری ئەڵمانی زانکۆی «کونستانس» بوون، جەختیان لەسەر ئیستێتیکای خوێندنەوە دەکرد، هەڵبەتە دیارترینیان «یاوس» و «ئایزەر»ن.

٣- هەڵوەشانەوەگەرایی.. کە بڕوای بە فرە خوێندنەوەیی هەیە و کە هەر خوێندنەوەیەک لەوەی پێشووتری جیاوازتر دەکەوێتەوە، هەڵبەتە «جاک دریدا» لە کتێبی «نووسین و جیاوازی»دا بە دوورودرێژی لەم میتودە دەدوێت، لە هەمان کاتدا سەبارەت بەو پێوەندییەی نێوان دەق و خوێنەر دەکرێت ئاماژە بە خوێندنەوەکانی هایدگەر بکەین بۆ دەقەکانی «هۆلدەرلین» و خوێندنەوەی سارتر بۆ دەقەکانی «بۆدلێر»... ئەی کەرنەڤاڵی خوێندنەوە لای «گادامێر» کە خوێنەر لە ڕێگەی دیالۆگەوە دەبێتە بەشێک لە گەمەکە، ئەوەی ڕاستی بێت، ئەو پێوەندییەی نێوان تێکست و خوێنەر دەمێکە لە بواری ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا تیشکی خراوەتە سەر، بۆ نموونە نووسینەکانی نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد لە بارەی تیوری وەرگرتن و توێژینەوە و کۆڕە فیکری و ڕەخنەییەکانی عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا سەبارەت بە کارە ڕەخنەییەکانی کۆمەڵێک بیرمەندی بواری هیرمنیۆتیکا وەک شلێرماخر و دلتای و گادامێر و پۆل ڕیکۆر، هەروەها لێکۆڵینەوەکانی نەجات حەمید لەبارەی جۆری خوێنەر، مەبەستم ئەوەیە ناکرێت ڕۆڵی تەئویلی خوێنەر بە هیچ شێوەیەک فەرامۆش بکرێت.

لە هەمان کاتیشدا نووسەر لە چرکەکانی نووسیندا بیر لە خوێنەر ناکاتەوە، چونکە دەق لە سرووتێکی تایبەتمەندی زمانیدا بەرهەم دەهێنرێت، دکتۆر سەروەر عەبدوڵڵا بە وردی لە جیهانی شیعری تەڵعەت تاهیر دەدوێت و چرکە بێ موبالاتی و یاخی و سەرکێشەکانی دەخاتەڕوو و خەونە شیعرییەکانی تەڵعەت تاهیر بە خەونە شیعرییەکانی «ئارتۆر ڕامبۆ» بەراورد دەکات، [وادیار بوو خەونەکەی ئەو «مەبەستی تەڵعەت تاهیر»ە، کەوتبووە ژێر کاریگەری خەون و ئارەزووە هەرزەکار و شپرزە و زووەکانی ئارتۆر ڕامبۆ].

دواتر دکتۆر سەروەر لەنێوەندی ئەدەبی کوردی دەدوێت کە لێوانلێوە لە هەموو شتێکی جوان و ناشیرین ڕاستینەی لێ بترازێت، پێی وایە ئەمەش بۆ تەڵعەت کێشەیەکی گەورەی خستووەتەوە، چونکە ئەو لە ڕێگەی شیعرەوە بەدوای ڕاستیدا دەگەڕێت، لە لایەکی دیکەوە دکتۆر پێی وایە تەڵعەت، یان ئەو کوڕە گەنجەی نەوەدەکان «زووتر لە سات و وادەی سروشتی خۆی بووە شاعیرێکی خاوەن جیهانبینی و فەرهەنگی تایبەتی خۆی و ترازاو لە کایەی بەرجەستەکردنی تێگە و تێڕامان لە بوون و نەبوونی شتە ورد و درشتەکانی دەور بەخۆی».

دکتۆر لە پێشەکییەکەدا سەبارەت بە شاعیرانی نێوەندی ئەدەبی کوردی ڕستەگەلێکی کۆن دەخاتەڕوو کە هەندێک لەو شاعیرانە بەم شێوەیە بیریان دەکردەوە و دەیانگوت «ئێمە شیعر نانووسین بگرە دەمانووسێتەوە».. یان «ئەوان شیعر بۆ خۆیان دەنووسن».. لێرەدا

پێویستە بڕوامان بەوە هەبێت کە شیعر «دەنگە- زمانە» هەر شاعیرێکیش توانایی و جیهانێکی تایبەتی و دنیابینی تایبەتی و هابیتوسێکی تایبەت بە خۆی هەیە، ئەم تواناییەش تا چەند دەتوانێت لە دنیای مەعریفە و ئیستێتیکادا بە بەردەوامی مواکەبە بکات و تێکستی ئیبداعی بەرهەم بهێنێت.

دکتۆر سەروەر عەبدوڵڵا لە پێشەکییەکەدا تەڵعەت تاهیر بە شاعیرێکی یاخی و ڕچەشکێن لە قەڵەم دەدات و پێی وایە شیعرەکانی زیاتر لە خوێندنەوەیەک هەڵدەگرن، دواتر بە کورتی لە چەند دەقێکی تەڵعەت دەدوێت، ئەوە دەردەکێنێت کە [شیعری تەڵعەت هەمووی لە گەمەیەکی بازنەیی سەیر دەچێت، هەر لە سەرەتاوە بیرۆکەی تێکست خۆی ئاشکرا دەکات، بەڵام زۆر بە زەحمەت قووڵایی خۆی بەدەستەوە دەدات، خوێنەری ئاسایی وای بۆ دەچێ لە تێکستەکە حاڵی بووە، بەڵام هەر زوو لەم تێگەیشتنەی بێ هوودە دەبێ و دیسانەوە و دووبارە بە تێکستەکەدا دەچێتەوە و شتی تری لێ دەچنێتەوە و هەڵدەکرێنێتەوە] ئەوەی ڕاستی بێت، من وای دەبینم کە ئەم پێشەکییەی دکتۆر سەروەر عەبدوڵڵا کە بۆ کتێبی «لەبەر ئاوازێک نایەوێ ببێتە گۆرانی» نووسیویەتی لە زۆر ڕووەوە جێگەی ئومێدە، چونکە پێویستە توانستە ئەکادیمییەکانی زانکۆکانی کوردستان بڕوایان بەوە هەبێت کە جۆرێک لە تەماس و ئاوێتەبوون لەگەڵ تێکستە ئیبداعییەکان دروست بکەن و لە بوارەکانی هزر و ڕاڤەدا کاریان لەسەر بکەن.

ئەگەر ئاوڕێک لە ڕێبازە ئەدەبی و بازنە ئەلسوونی و بزاڤە فەلسەفییەکانی جیهانی بدەینەوە هەست دەکەین گشتیان بەرهەمی چالاکییەکانی نێوەندی زانکۆکانی جیهانن، هەتا بیرمەند و ڕەخنەکارە بەنێوبانگەکانیش پەروەردەی ئەو نێوەندە مەعریفییانەن.

لێرە بەدوا هەوڵ دەدەم تۆزێک لە لایەنی ئیستێتیکی دەقەکانی «تەڵعەت تاهیر» بدوێم، بەڵام دەبوایە دکتۆر سەروەر عەبدوڵڵا ئاگاداری ئەوە بوایە کە من لە زووێکەوە لە نووسینێکدا کارم لەسەر شیعری «وەرزێک پێش هاتنی فێرجیل» کردووە و وابزانم لە گۆڤاری ئایندەدا بڵاوبووەتەوە، لێرەدا هەوڵ دەدەم بۆ بۆچوونەکەی دکتۆر سەروەر بگەڕێمەوە کە دەڵێت: (جیهانی ڕاستینەی شیعری تەڵعەت تاهیر لە سەرەتای نەوەدەکاندا لەنێو ڕوحی ئەم پۆسایدۆنە شێت و شەڕانگێزەدا لە دایک دەبێ... ماوەیەک کەوتبووە ژێر کاریگەریی خەون و ئارەزووە هەرزەکار و شپرزەو زووەکانی ئارتۆر ڕامبۆ)، دواتر دکتۆر دەڵێت: (تەڵعەت تاهیر زووتر لە وادەی خۆی تێکەڵ بەو خەونە عەجاییبە دەبێ کە ئەزموونی شاعیرانی بەرلەخۆی بە کەشتییەکی لە کەڵک کەوتوو تێبگات و بە خەون بکەوێتە وێزەیان و بیەوێ لەناو زەریایەکی زەبەلاحدا شکست بەو کەشتییەی ئەوان بێنێت و هەزاران میل بۆ ژێرەوەی دەریا ئاوەژێ بکاتەوە و هەر هەموویان لە قووڵایی پۆسایدۆنەکەی خۆیدا نوقم بکا).

ڕاستە ئەم خەون و ڕوانینە شیعرییەی دکتۆر سەروەر عەبدوڵڵا بۆ جیهانی شیعری تەڵعەت تاهیر و شیعری نەوەی بەر لە تەڵعەت تاهیر لە ڕوانینێکی «ڕامبۆ»وە بۆ شیعری فەرەنسی سەرچاوە دەگرێت، ڕامبۆ وەک هێزێکی ئیکسیری شیعری بەخۆی نەدەوەستا و دەیویست کوودەتایەک لەنێو زمانی شیعری فەرەنسیدا بەرپا بکات، کوودەتایەک لە ڕێگای کیمای وشە و شڵەژانی هەستەکان و تۆمارکردنی مۆسیقای غەریزی و بەرجەستەکردنی چرکە شێتییەکانییەوە، دەستەواژەگەلێکی ناوازە بخوڵقێنێت، بەڵام لێوانلێو لە توخمەکانی شیعرگەرایی و دنیابینی جیاواز و خەیاڵ، ڕامبۆ دوای خوێندنەوەی سەرجەم کتێبەکانی کتێبخانە چکۆلەکەی قاوەخانەی پەرناسەکان، بە ڤیکتۆر هۆگۆ و گرووپەکەی دەگوت: ڕیشتان لە بنڕا دەردەهێنم، ئەگەر بە پەلە بگەڕێمەوە سەر نووسینێکی کچە ڕەخنەکاری فەرەنسی [دومینیک کومب] کە دەربارەی ئەزموونی ڕامبۆ دەڵێت: ڕامبۆ دەیگوت پێویستە زمانێکی نوێی شیعری و نادیاری تر بدۆزینەوە، لێرەدا هەوڵ دەدەم هەندێک لە بۆچوونەکانی خاتوو دومینیک کومب لە بارەی ئەزموونی شیعری «ڕامبۆ»وە تۆمار بکەم.. ڕامبۆ پێی وابوو هیچ ناوەرۆکێکی نوێ بەبێ فۆرمێکی نوێ نییە، شیعر بەهزر «فکر» دروست نابێت، بەڵکو بە وشە، فۆرمی نوێ بەشێوەیەکی نیمچە ئۆتۆماتیکی ناوەرۆکێکی نوێ دەبەخشێت، خاتوو دومینیک

پێی وایە رامبۆ لە تێکستەکانی «بەشێک، یان وەرزێک لە دۆزەخ» و «درەوشانەوە»دا شێوەی نووسینی ئۆتۆماتیکی پەیڕەو کردووە و هاوکات زمانێکی وڕێنەئامێز و نیمچە شێتانەی بەکاربردووە. ئەم کچە ڕەخنەکارە فەڕەنسییە دەڵێت: شیعری ڕامبۆ بەر لە هەموو شتێک، دارشتنە، زمانە، جۆرە ئاوێتەکردنێکی وەهای زمانییە کە پێشتر لە زمانی شیعری فەرەنسیدا بوونی نەبووە، ڕامبۆ زمانی تێک شکاند و ورد و خاشی کرد، دواتر لەسەر پاشماوە و پەردووەکەی زمانێکی تری نوێی دروست کرد، ئەم خاتوونە پێی وایە تازەگەری شیعری لای ڕامبۆ لەم خاڵەوە دەست پێ دەکات، پێی وایە ئەگەر بهاتایە ڕامبۆ لە شیعر نووسیندا بە هەمان ڕێچکەی «ڤیکتۆر هۆگۆ» و «بۆدلێر»دا بڕۆیشتایە لێرەدا شتیک نەدەبوو ناوی تازەگەری شیعری بێت، ڕامبۆ لە ڕێگەی پەخشانەوە کە هەڵگری جۆرێک لە لیریکی ناڕاستەوخۆی بابەتی بوو، شیعری فەڕەنسی لە لیریکیەتی کلاسیکی و ڕۆمانتیکی ڕزگار کرد، وتی ئێستا کۆتایی بە کابووس هات، دەتوانم «جوانی» زیندوو بکەمەوە.

ڕامبۆ لێرەوە چەمکی جوان بەرز ڕادەگرێت و بەدوایدا دەگەڕێت و بەهەستێکی جوانی، جوانییەکان دەنووسێتەوە، هەستی جوانیش لە بنەڕەتدا ڕەگێکی لە شێتییە و توخمی شێتیش لە بواری نووسیندا بێ باکانە یاساورێسا جێگیرەکان تێکدەشکێنێت، ئا لێرەوە شیعرەکانی ڕامبۆ دەکەونە خانەی [دەقی کراوە]وە.. ئەگەرچی لەنێوەندی ئەدەبی کوردیدا زۆرجار دەقی ئاوێتە- مرکب- کە هەڵگری ژانرگەلێکی جۆراوجۆری ئەدەبی و هونەرییە بە هەڵە بە دەقی کراوە لە قەڵەم دەدرێت، بەڵام دەقی کراوە لە بنەڕەتدا، یان لە بنیادی قووڵدا تێکستێکی خەتەرناکە و پێچەوانەی دەقی باو و تەبایە، چونکە لە کەشێکی ئاڵۆزی ئیستێتیکیدا بەربەستەکانی ئیتیک و مۆراڵ تێک دەشکێنێت و هاوکات ڕەهەندگەلێکی ڕاڤەیی بۆ ئاستە جیاجیاکانی خوێنەران فەراهەم دەکات، لە کاتێکدا [«دەقی داخراو» سرووشی «ئیلهام»ی خۆی تەنیا لە تاقە مانایەکدا دەخنکێنێت].

لێرەدا دەتوانم بڵێم هەستی جوانی و گەڕان بەدوای جوانیدا هێزێکی تایبەتی ئیبداعی بەتێکست- زمان- دەبەخشێت، بۆیە ڕامبۆ لە شیعرێکدا جوانی پرچی خۆی بە گوڵەگەنم دەچوێنێت، لە «خوێنی پیس»دا خەسڵەتی بەربەریەتی باپیرانی ڕەت دەکاتەوە، لە «کەشتی مەست»دا سرووتگەلێکی هیندییە سوورەکان تێکەڵ بە کەشێکی ئیرۆتیکی شیعری دەکات.

لێرەدا ڕوو لە جیهانی چەند شیعرێکی «تەڵعەت تاهیر» دەکەم و لە ڕوانگەی «یاوس» و بەپێی تیوری وەرگرتن کە دەڵێت: [ئەوەی گرنگە ئەو کاریگەرییە هەستی و ئیستێتیکییەیە کە دەق لەلای خوێنەر جێی دەهێڵێت]. بەدوای وەهمی ئەو جوانییە ئاڵۆزاوە «ڕامبۆ»ییەدا دەگەڕێم کە دکتۆر سەروەر عەبدوڵڵا لە پێشەکییەکەدا ئاماژە بە بەرجەستەبوونی ئەو گیانە ڕامبۆیی و ئیستێتتیکییە دەدات لە دنیای شیعری تەڵعەت تاهیردا، بۆ نموونە دەقی «ڕۆژێ لە ڕۆژان دەبم بە خۆم» ئەم شیعرە لە دەسپێکی ڕستەی یەکەمەوە هەستێکی شینی ئۆنتۆلۆژی لای وەرگر جێ دێڵێت و تادێت ئاماژەگەلێکی «سوکرات»ی لە فەزایەکی خەیاڵئامێزدا گەمارۆی زەینی وەرگر دەدەن و ڕووە و لێکدانەوە و خوێندنەوەی جۆراوجۆری دەبەن.

ئێستە هەوڵ دەدەم ڕستەگەلێک لەم دەقەدا دیاری بکەم کە بە دیدی من هەڵگری جۆرێک لە شیعرگەرایین، شیعر گەرایی لای «جان کوهین» لە ترازان و لادانی زمانییەوە دروست دەبێت، لای کەمال ئەبو دیب، لەمەودا شڵەژاوییەکانی زمانەوە سەرهەڵدەدات، هەڵبەتە هەر خوێندنەوەیەک بەشێک لەو ئاست و ڕەهەند و شیعرگەراییە کەشف دەکات و دەلالەتە ترازاوەکان دەدۆزێتەوە، چونکە دەق بەپێی ڕوانینی «دریدا» هەڵگری کۆمەڵێک مانا و دەلالەتی شاراوەی دواخراوە، کەواتە لەبەر ئەوەی شیعر دەقێکی کراوەیە.. کراوە بە ڕووی جیهان و جوانی و تەئویل.. من لێرەدا لە دەقی کراوە دەدوێم کە خاوەندی کرانەوەیەکی بێ کۆتایە و لە بنیادی قووڵدا سەرجەم دەسەڵاتەکان تێک دەشکێنێت، لەوانە دەسەڵاتی پاسەوانی سەلەفی و پۆلیسی تازەگەری، کەواتە هەر خوێندنەوەیەک بەشێک لە

شیعرگەرایی دەدۆزێتەوە، ئەمەیش پابەندی هەوڵ و چالاکییەکانی خوێنەرە، وەک «ئایزەر» لە کردەی خوێندنەوەدا جەختی لەسەر دەکات کە خوێنەر دەتوانێت کون و کەلێن و بۆشاییەکانی دەق پڕ بکاتەوە و لە ڕێگەی خوێندنەوەوە مانای تر بەرهەم بهێنێت.

ڕستەگەلێکی شیعری لە دەقی ڕۆژێ لە ڕۆژان دەبم بە خۆم

**– ڕۆژێ دادێ دەبم بەوکەسەی دەمەوێ**

**– درێژە بە گەشتی یەکەمم دەدەم بەرەو مانا.**

**– لەو ئاگرانە سڵ ناکەمەوە کە باز دەدەنە سەر جوانی.**

**– دەخەیلەی کات و شوێن دەشکێنم.**

**– قازێ دەکرم پەڕەکانی سوێی مەغریبان بکاتەوە.**

**– ڕۆژێ دادێ لەناو ئێمە خۆم دەردێنم.**

**– لە باڵندە پەند وەردەگرم، تا باڵی گەرمتر دابێت. لە جوانی نزیکتربۆتەوە.**

**– لەگەڵ سرووشت ئاشت دەبمەوە.**

**– ڕۆژەکانم بە خۆڵ دەشۆم.**

**– پێڵاوەکانم دەسڕمەوە و بە فیزێکەوە ڕێ دەکەم و بڕیار دەدەم کە دڵشادم.**

**– بێبەری دەبم لەو ڕۆژانەی کە سپێتی دڵم تێکەڵ بە ئێوارەیان نەبووە.**

**– لە بەکرەجۆ بەقوربانی ژنێک دەبم.**

**– لە ئەستەمبۆڵ لە مزگەوتی ئایا سۆفیا تۆبە دەکەم.**

**– بڕیار دەردەکەم بە قژی منداڵ بڵێن، گوڵەگەنم.**

**– ڕۆژێ لە ڕۆژان نابمە کەس.**

**– ڕۆژێ لە ڕۆژان دەبمە خۆم.**

ئەم تێکستە بە داڕژانی ڕیتمێکی خەفەتباری سایکۆلۆژی نووسراوە و تێیدا دنیابینییەکی شاراوەی ئۆنتۆلۆژی هەڵگری نیگەرانییەکی ئیستێتیکییە. نیگەرانییەک لەنێوان جوانی و تراژیدیای بوون و تەوبە و فیداکاریدا دەخولێتەوە، چونکە [جوانی شایانی فیداکارییە- نانۆ- هـ.س] لە ڕێگەی ئەم گەڕانە بێ وچانەی منی شیعر بڕێک جار «ئاسۆی چاوەڕوانی» دەق هەستێکی خەفەتباری ئیستێتیکی لێ هەڵدەقوڵێت و «ئاسۆی چاوەڕوانی» خوێنەری وەرگر بەرەو چێژ و شادییەکی غەمبار ڕادەماڵێت، هەندێک جاریش بەرەو کەرنەڤاڵێکی لێوانلێو لە تێگەیشتن و ڕاڤە و دیالۆگ و گەمەی گادامێری و لە ڕێگەی هێرمنیوتیکاوە بەشداری لەم سرووتە ئیستێتیکییە دەکات، بەڵام کێشەکە لەوەدایە جوانی لەتە ئاگرێکی شینی وەهمئامێزە و دەستەبەر ناکرێت و تا دێت بنیادی دڵەڕاوکێ ئۆنتۆلۆژی و ئیستێتیکییە کە فراوانتر دەبێتەوە و لە باکگراوندی دەقەوە ئاماژەگەلێکی دەلالی ڕووبەڕووی خوێنەر دەبنەوە بەرەو دنیای میتۆلۆژیا، سروشت، وەرگوڕان «تحولات»ی دەبەن، بە تایبەتی ڕستەیەکی «ڕامبۆ» کە پرچی خۆی بەگوڵەگەنم دەچوێنێت، بۆیە ئەم تێکستە بە تێکرایی توخم و پێکهاتە ئەدەبییەکانییەوە دەتوانم بڵێم گەڕان و شەیدابوونە بە جوانی، جوانییەک کە دەستگیر نابێت و لە هەمان کاتدا بوونی مرۆڤ بەرەو شادییەکی تێکەڵ بە غەمگینی دەبات، دواتر ئەم حاڵەتە ئیستێتیکییە لە دەقی «لەبەر ئاوازێک نایەوێ بێتە گۆرانی»دا تێکەڵ بە مەرگ دەکرێت [لەو بەرزاییە خوا جوانیت ببینێ، بۆ خۆیت دەباتەوە].. چونکە جوانی هەم ئارامبەخشە هەم ترسناک، [تۆ هەبیت ئاژاوەی دنیا نامێنێ].

لێرەدا حەز دەکەم ئاماژە بە بابەتێک بدەم کە زۆرجار لە ڕێگەی نووسین و دیمانەکانمەوە لێی دواوم و گوتوومە کە لە جیهاندا «چەمکی جیهان بە لێکدانەوەی هایدگەری کە لە سروشت جیای دەکاتەوە» دەقی پاڵاوتە و پەتی بوونی نییە، دەتوانم بڵێم هەتا خودی مرۆڤیش بەرهەمی پرۆسەیەکی ئیرۆسی دەقئاوێزانە، بۆیە هەموو تێکستێکی ئەدەبی، فەلسەفی، هونەری، ئایینی....تاد. بە ڕێژەیەک لە ڕێژەکان هەڵگری ئاماژەگەلێکی نووسینەکانی، یان داهێنانەکانی پێش خۆیەتی، چونکە زمان بوونەوەرێکی فاشی و ئایرۆنییە و هەمیشە بەشێوەیەکی شاراوە ئاماژە و هێماکان بە مەبەستێکی تر دەگوێزێتەوە و دال و مەدلوول بەشێوەیەکی بەردەوام لە پێوەندییەکی جیاوازدان، گرفتی گەورەی ڤینگنشتاین لە بواری گەمەی ئاڵۆزی زمانیدا، گرفتی مانا و دەلالەت بوو، بە درێژایی ژیانی هەوڵی دەدا چەند ڕیسایەک بۆ دەسنیشانکردنی مانا و دەلالەت دابنێت، دواتر بنیادگەرەکان هەوڵیان دا بۆ دیاریکردنی مانا لە میان

پەیوەندی نێوان دال و مەدلوولەوە چەند ڕێسایەک دابنێن، لە میان ئەو جیاوازییەی لەنێوان دال و مەدلوولدا هەیە.

پاشان «لاکان» ئەوەی سەلماند کە پەیوەندی نێوان دال و مەدلوول پەیوەندییەکی جێگیر نییە، بۆیە مانا لە کۆتاییدا مانایەکی جێگیر و چەسپاو نییە، دواتر «دریدا» لە ڕێگەی ئەو جیاوازییەی کە لەنێوان دال و مەدلوولدا هەیە ئەوەی سەلماند کە مانا هەمیشە بەدواخراوەیی دەمێنێتەوە، واتە مانا لەنێو تێکستدا بەردەوام دوادەخرێت و ئەوە خوێنەرە لە ڕێگەی خوێندنەوەوە هەر جارێک بەشێک لەو مانا دواخراوە کەشف دەکات، یان مانای جیاواز بە تێکست دەبەخشێت، ئەم حاڵەتە لای «ڕۆلان بارت» لە بانگەشەی مەرگی نووسەردا بەرجەستە دەکرێت، کاتێک خوێنەر لە ڕێگەی تێڕامان و خەیاڵ و چێژەوە خودی خۆی دەدۆزێتەوە و مەرگی نووسەر ڕادەگەیەنێت و لەگەڵ چرکە خودییەکانی خۆی دەژی، بۆیە ئەگەر «شیعر نەخوێنرێتەوە دەبێتە سیپاڵ.. نانۆ- هـ.س» مەبەستم ئەوەیە کە داهێنانی دەقی ئەدەبی لەنێوان پرۆسەی سیستمی زمان و کردەی دەقئاوێزاندا دەخولێتەوە. هەڵبەتە لەم خوێندنەوە کورتەدا پێویست بەوە ناکات ئاماژە بە بۆچوونەکانی جولیا کریستیڤا و ئەو بیرمەند و ڕەخنەکارانە بدەم کە لە بارەی دەقئاوێزانەوە دەریانبڕیوە، لێرەدا سەبارەت بەم بابەتە ڕستەیەکی «جان کۆکتۆ»م بیر دێتەوە کە لە بارەی تێکستەکانی «ڕامبۆ» دەڵێت: ڕامبۆ دزە، بەڵام کەس ناتوانێت سەرچاوەی دزییەکانی بدۆزێتەوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کاتێک داتا و زانیارییە هزری و فەلسەفییەکان تێکەڵ بە زەین و نائاگایی مرۆڤ دەبن، زمان بە بنیادێکی مەست و جیاواز گوزارەیان لێ دەکات، مەگەر پرشنگ گەلێک دەربکەون کۆمەڵێک ئاماژە لای خوێنەر دروست بکەن، دەکرێت ئەم بۆچوونەی جان کۆکتۆ ئاماژە بێت بۆ پرۆمسیۆس، کە ئاگری پیرۆزی لە خوداوەند دەدزی، ئاگری عیشق و جوانی، بەڵام تێکست بەگشتی وێڕای ڕێکردنی بە ڕێگاکانی دەقئاوێزان، لە هەمان کاتدا خاوەندی بنیادی ڕووکەش و قووڵی خۆیەتی، واتە خاوەنی جیهانێکی تایبەتی و دنیابینییەکی تایبەت کە لە فەزایەکی لێوانلێو لە ئیقاع و خەیاڵدا لە جووڵەدایە، چونکە دانەر- نووسەر- هەمیشە هەوڵ دەدات لە کۆگەی گەورەی زمانەوە ئاخاوتنێکی تایبەت بە خۆی بخولقێنێت، مەبەست ئەو دوالیزمەی «زمان/ ئاخاوتن»ـە کە لە دوالیزمەکانی «سوسێر»دا باسی لێوە دەکرێت.

ئەم حاڵەتانەی کە باسم لێوە کردن لە چەند تێکستێکی کتێبی «لەبەر ئاوازێک نایەوێ ببێتە گۆرانی»ی تەڵعەت تاهیری شاعیردا بوونیان هەیە و دەکرێت ڕەخنەکارانی کورد بەشێوەی جیاواز کاری لەسەر بکەن و نیشانە ئیستێتیکییەکان هەڵوەشێننەوە و دەلالەتە دواخراوەکان بدوێنن و ئاست و ڕەهەندی جۆراوجۆر لەم تێکستانەدا بدۆزنەوە.

**سەرچاوە:**

**لەبەر ئاوازێک نایەوێ ببێتە گۆرانی/ شیعر**

**بابەت= شیعر**

**ناوی شاعیر= تەڵعەت تاهیر**

**کتێبی ئاراس ژمارە/ ١١٣٢**

**چاپی یەکەم/ ٢٠١١**

**چاپخانەی ئاراس- هەولێر.**

# ڕووداو لە ڕۆمانی هەیئەدا

سەباح شێخانی




ڕۆمـــان وەک ژانرێکی ئەدەبی، خوێنەری لە گشت کایەکاندا هەیە و چەندین ڕەهەندی فـیکری و هونەری و سـایکۆلۆژی لەخـۆ دەگرێت و هەر خـــوێنەرە و لە ڕوانگەی خـــۆیەوە دەتوانێ ئەو ڕەهەندانەی خۆی تێدا ببینێتـەوە، ئەمـەش بووەتە جێگای گرنگی و بایەخپێدانی ڕەخنەگرانی ئەدەب بە تایبـەتی و نووسـەران بە گـشـتی، ئەم گـرنگی پێـدانە وای کـردووە سـاڵانە چەندین کـتـێب و لـێـکـۆڵـیـنـەوە لـە بـارەی لایـەنـە جیـاجیـاکـانی ڕۆمـان بنووسـرێن و بڵاوبکرێنەوە.

### پێناسە و پێکهاتەی ڕووداو

ڕۆمـان فـۆرمـێکی هونەرییـە، بناغـەکـەی تەنیـا لەسـەر یەک تەکنیک و بنەمـا و توخم دروست نابێت، بەڵکو دەقی ڕۆمـان لەسـەر چەند توخمێک دروست دەبێت، ئەم توخـمـانە دەکـەونە پێـوەندی کـردن، لەگەڵ یەکتر و بەشداری لە بنیادی دەقی ڕۆماندا دەکەن، ئەم توخمانەش بە شێـوەیەکی سـەربەخـۆ و بێ لایەن نـاتـوانـن کــــــاربکـەن، بـەڵـکـو پێـوەندییـەکی بەهێـز و پتـەو بە یەکـتـریان دەبەسـتـێـتـەوە، هەر بەیەکـەوەش ئەو فـۆرمـە هونەرییـە دروست دەکـەن کـە پێی دەوترێت ڕۆمـــان، دیارترین توخـــمـــە پێکهێنەرەکانی ڕۆمانیش بریتین لە (کارەکتەر، ڕووداو، شوێن، کات).

ڕووداو توخـــمـــێکی ســەرەکی بنیـادی ڕۆمـانە و یەکـێکە لەو توخـمـانەی کە لە پاڵ (کـارەکـتـەر، کـــات، شـــوێن)دا، توخـــمـــە هونەرییەکانی ڕۆمان پێکدەهێنێت. توخمەکان هەر یەکێکیان بە پێی پێـویسـتی بەشـداری لە بنیـادی هونەری دەقی ڕۆماندا دەکەن، بەڵام ئامــادەیی و بەردەوامی توخـــمی ڕووداو، لە پرۆسـەی گـێـڕانەوەدا دیاردەیەکی هەســـتــپـــێـکراو و تێبینیکراوە، بەم پێیـەش ڕووداو (کـردارێکە سـەرەتا و نـاوەڕاست و کـــۆتایی)(١) هەیە، لە ڕووی ئۆرگـانیـیـەوە بە توندی بەیەکـەوە بەستراون، بەشێوەیەک بە لابردنی، یان گواستنەوەی هەر بەشێکی ئەم پێکهـــاتەیە، تەواوی دەقـــەکـــە دەشێوێنێت. هەر لەبارەی ڕووداو لە ڕۆمـاندا دکـتـۆرە شـوکریە ڕەسـووڵ دەڵـێت: (ڕووداو بریـتـیــیـە لەو زنجیرە گۆڕانەی کە بەسەر ڕەوشتی کـەسـەکـاندا دێت لە پێـوەندی و کارلێکردنیان لەگەڵ ئەو شتانەی دێن و دەچن.)(٢)

گـرنگە ئەوە بزانین ڕووداوی هەر ڕۆمـــانێک لە ڕێی زنجـــیـــرە

کرداریکەوە، لەسەرەتا و ناوەڕاست و کۆتاییەوە خۆی دەنوێنێت و دەگێڕدرێنەوە، ئەوەتە (عەبدوڵڵا عەلاوی) دەڵێت: (کردار ئەو ڕیزبوونەیە کە ڕووداوی تێدا دەردەکەوێت لە چوارچێوەی کاتدا.)(٣) هەروەک گوتمان ڕووداو وەک توخمێکی سەرەکی ڕۆمان سەیر دەکرێت و بەشێکیشە لە بەشە پێکهێنەرەکانی بنیادی دەقی ڕۆمان، بەڵام ڕووداویش لە ناوەخۆیدا شێوە و پێکهاتەی سەربەخۆی هەیە، واتە گۆاستنەوە و هەڵبژاردن و وەرگرتنی ڕووداوەکان لە لایەن ڕۆماننووسانەوە بە شێوەیەکی سەرپێیی و هەڕەمەکی نییە، بەڵکو ڕووداوەکان پێویستیان بە ڕیزبەندی و ڕێکخستن هەیە، جا چ ئەوانەی ڕۆماننووس لە واقیع وەریاندەگرێ، یان ئەوانەی لە خەیاڵی خۆیدا نەخشەیان بۆ دەکێشێت، یان ئەوانەی لەگەڵ واقیع و خەیاڵ تێکەڵیان دەکات، وەک دەردەکەوێت ڕۆماننووس ڕووداوەکانی هەیئەی لە واقیع وەرگرتووە لە (١٩٧٧/٨/٩) چوار هەڤاڵ و بەندە لەسەر چالاکی پێشمەرگانەی نێو شار گیراین و براین بۆ (هەیئە خاصە) لە کەرکووک. دووانمان هەڵاتین و دووانیشمان لە سێدارە دران و یەکێکیشمان بە حوکمی ئەبەدی مەحکوم کرا. ئەم داستانە ڕەنگدانەوەی ئەم ڕووداوەیە.) وەرگرتنی ڕووداوەکان لە لایەن نووسەرەوە بە پرۆسەیەکی هونەری و ڕێڕەوێکی تایبەت کە لە لایەن نووسەرەوە بنیادنراوە، تێپەڕ دەبێت، بۆ ئەوەی سەر لە نوێ لە دایک ببێتەوە، ڕۆماننووس (ئەو ڕووداوانە وەردەگرێت و دووبارە بەسەریاندا دێتەوە و دەستکارییان دەکات و گۆڕانیان بەسەردا دێنێت و بە پێی مەرجە هونەرییەکان ڕێکیان دەخات و دایاندەڕێژێتەوە، ئەو ڕێکخستن و داڕشتنەوەیە پرۆسەی پێکهاتنی گرێچن "پلۆت"ی چیرۆک پێکدەهێنێت)(٤)

گرێچنیش تەنیا خاڵێکی ڕووداوی ڕۆمان ناگرێتەوە، یان تەنیا لە خاڵ و پنت و بەشێک دروست نابێت، بەڵکو گرێچنی هەر ڕۆمانێک لە (سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی)یەوە پێکدێت و بەهەر سێکیان میکانیزمی تەواوی ڕووداوێک پێکدەهێنن (گرێچنی هەر ڕووداوێک لە سەرەتاوە دەست پێدەکات و بەرەو هەوراز هەنگاو دەنێ، دواتر وردە وردە بەرەو خوار دێتەوە.)(٥) ڕووداوەکان سەرەتا وردە وردە سەر هەڵدەدەن و لە حاڵەتی هەڵکشاندا دەبن تا دەگەنە تێکچڕژان و ئاڵۆزبوون و دەچنە حاڵەتی لووتکە و گرێی ڕووداوەکان دروست دەبێت کە ئەوپەڕی وورووژاندنی خوێنەرە، پاشان ڕووداوەکان بەرەو خوارەوە دێن و دەکەونە حاڵەتی داکشان و ڕیتمی ڕووداوەکان خێرا دەبێت و ئاڵۆزی و گرژی ڕووداوەکان بەرەو خاڵی چارەسەر هەنگاو دەنێن، ئەمەش لەئەنجامی جووڵانەوە و گەشەکردن و بەرەوپێشچوون و ئاڵۆزبوونی ڕووداوەکان و بە هۆی ململانێی کارەکتەرەکانی ناو ڕۆمان، یان کارەکتەر لەگەڵ خۆیدا دروست دەبێت. (گرێچن داهێنراوێکی هونەرییە لە لایەن نووسەرەوە داهێنراوە، تاکو لایەنی هونەرکاری دەقی پێ بخاتە ڕوو.)(٦) سەرەتای ڕووداو لە ڕۆماندا بایەخێکی گرنگی هەیە، چونکە دەستپێکردنی ڕووداوەکان لەوێوەیە و دەروازەیەکە بۆ چوونە نێو ڕووداوەکان، یان زەمینەسازییەکە بۆ ڕووداوی دەقەکە، بۆیە ڕۆماننووس بە شێوەیەکی سەرنج ڕاکێشانە و بەرزی هونەریانە، سەرەتای ڕووداوەکان دادەڕێژێت، بە جۆرێکی وا کە خوێنەر بۆ خۆی کێش بکات و نەتوانێ واز لە خوێندنەوەی ڕۆمانەکە بێنێت، بۆیە باشترین سەرەتا ئەوەیە کە بە درامی و وەسف دەست پێ بکات (کە کلیلی دەرگای ماڵەوەم وەرچەرخان، ئەوسا زانیم چ هەڵەیەکی گەورەم کردووە، نەدەبوو بگەڕێمەوە...نا... بەڵام تازە کار لە کار ترازابوو، چونکە بە هیچ شێوەیەک بەو شەوە درەنگە نەمدەتوانی بڕۆمەوە بۆ ئەو ماڵەی لەم مانگەی دواییدا، ببووە حەشارگە و شوێنی حەوانەوەم.) دەسپێکی هەیئە ل٧. هونەری داڕشتنی سەرەتای ڕووداوەکانی ڕۆمان و چیرۆک هەموو کاتێک بە کارێکی سەخت دادەنرێت، سەرەتا کار لە سایکۆلۆژییەتی خوێنەر دەکات و بە دەقەکەی دەبەستێتەوە، چونکە سەرەتا بریتییە لە کۆمەڵێک ئاماژە و کۆد کە ڕۆماننووس لەم لا و لەولای دەق فڕێیان دەداتە بەردەم خوێنەر. لایەنێکی گرنگی دیکەی سەرەتا ئەوەیە، کە دەبێت داڕشتنی هەر سەرەتایەک پێوەندییەکی پتەوی بە بەشەکانی دواوەی خۆی هەبێت. سەرەتای ڕووداوەکان دەروازەیەکە بۆ بەشەکانی دیکەی ڕووداو و دەبێتە هۆی ڕوودانی ڕووداوەکانی ناوەڕاست و کۆتایی. ناوەڕاست، کە بەشی دووەمە لە بەشەکانی ڕووداو لە دوای سەرەتای ڕووداوەکان دەست پێدەکات، ئیتر ڕووداوەکان بەنێویەکدا دەچن ، تا ئەڵقەکانیان توند دەبن. بەشی سێیەمی ڕووداویش بریتییە لە کۆتایی، کۆتاییش ئەو ئەنجامەیە کە ڕووداوەکانی لێوە دەردەکەون و

چارەنووسی پاڵەوانەکانی تێدا دەردەکەوێت، گرنگی و بایەخی کۆتایی لەوەدایە، کە هەموو ڕووداوەکانی ڕۆمانەکەی تێدا ڕوون دەبنەوە، بە شێوەیەکی هونەری وا دەخرێتە ڕوو کە خوێنەر هەوڵ بدات زوو بگاتە ئەنجامی ڕووداوەکان، ئەمەش دوای ئەوەی ڕووداو و کەسەکانی ناو چیرۆک لەسەرەتادا کارلێک دەکەن، ئینجا پەرەدەستێنن و بەرەو ئاڵۆز بوون دەچن و لە لووتکەدا دەگەنە ئەوپەڕی پەرەسەندن و ئاڵۆزبوون و چڕبوونەوە لە خاڵێکدا کێشەکە دەتەقێتەوە و بەرەو ئەنجامێک دەچێت، کە خاڵی کۆتایی هاتنی چیرۆکەکە پێکدەهێنن. کۆتایی بێجگە لە چارەسەرکردنی کێشەکان و تەواوکردنی ڕووداوەکان ئەو ئەنجامەمان دەداتێ، کە ڕۆماننووس لەسەرەتاوە مەبەستی گێڕانەوەی بووە و بە شێوەیەکی هونەری دایڕشتووە.

## سەرچاوە و کەناڵی ڕووداو

بنیادی ڕووداوەکان لە ڕۆماندا، گرنگترین و قورسترین ئەرکە کە تووشی ڕۆماننووس دەبێت، کارێکی یەکجار ئاڵۆزە، پێویستی بە توانایی و هونەرێکی زۆر هەیە، مامەڵەکردنی ڕۆماننووسانیش، لەگەڵ ئەو سەرچاوانەی کە سوودیان لێ وەردەگرن جیاوازە، ڕۆماننووس دەتوانێ سوود لە هەموو کەناڵ و سەرچاوەیەک وەربگرێت، بەستنەوەی ڕۆمان بە چەند بابەت و وێنە و سەرچاوە و کەناڵەوە، کارێکی دژوارە، چونکە بە هیچ شێوەیەک ناتوانرێت ئەو بابەتانە دەستنیشان بکرێت کە ڕۆماننووس سوودیان لێ وەردەگرێت، بەڵام ڕۆماننووسی خاوەن توانایی دەتوانێت سوود لە هەموو سەرچاوەیەک وەربگرێت و لە بێژنگی بدات و شێوەیەکی هونەری بەرزی لێ بەرهەم بێنێت، ئەوە بێجگە لەوەی ناوەڕۆکی ڕووداوەکان گرنگی هەیە، بەڵام سەرکەوتنی دەقەکە پەیوەندی بە چۆنیەتی بەکارهێنان و مامەڵەکردن و شێوەی بەکارهێنانی بابەتەکانەوە هەیە (چیرۆکنووس کە نموونەی پاڵەوانێک لە واقیعی خۆی هەڵدەبژێرێ، پێویستە پاڵەوانەکە سیمای واقیع و بۆچوونی ئینسانەکانی دەوروپشتی پێوە دیار بێت و بە بەرچاو ڕوونییەوە هەڵوێست و بار و زرووفەکەی دیاری بکرێت.)(٧)

## گرنگی ڕووداو

ڕووداو ڕۆڵێکی کارای لە پرۆسەی گێڕانەوەدا هەیە، هەروا شتێکی ئاسان و سەرپێیی نییە، بەبێ بوونی ڕووداو ڕۆمان مانایەکی ئەوتۆی نامێنێت، ڕووداو بە بڕبڕەی پشتی ڕۆمان دادەنرێت، ئەو ڕووداوانە ڕووداوێکی واقیعی بێ، یان تێکەڵکردنی خەیاڵ و واقیع بێت، لە ڕاستیدا ڕۆمان خۆی لە خۆیدا پێشاندان و پەخشکردن و خستنەڕوو و باسکردن و وێنەگرتنی ڕووداوێکە، کەواتە لایەنێکی هەرە گرنگی ڕووداو ئەوەیە کە لە هەموو دەقێکی ڕۆماندا ئامادەیی هەیە، بە بێ ڕووداو دەقی ڕۆمان دروست نابێت، بە واتایەکی دیکە دەقی ڕۆمان لەسەر ڕووداو لەنگەر دەگرێت و بوونی ڕۆمان پەیوەستە بە بوونی ڕووداوێک، یان چەند ڕووداوێک ، چونکە هەر ڕووداوە وزە و هێز و توانایی و جموجووڵ دەداتە ڕۆمان، کەواتە ڕووداو ڕەگەزێکی ڕەسەنە و ناتوانرێ لە هیچ ڕۆمانێکدا چاوپۆشی لێ بکرێت. لە لایەکی دیکەوە ڕووداو سەنتەری بەرهەمهێنانی ئەو گوتار، یان پەیامەیە کە دەقەکەی لە پێناویدا خوڵقاوە، واتە مەبەست و فەلسەفە و پەیامی ڕۆماننووس لە ڕووداوەکانی دەقدا ڕوون دەبێتەوە، یان چاکتر وایە بڵێین ئەو شتانەی ڕۆماننووس دەیەوێت بیانڵێ، لە ڕێگای ڕووداوەکانەوە جیهانبینی و بیروڕای خۆی پێشکەش دەکات.

## ڕووداو لە هەیئەدا

ڕۆمانی (هەیئە)، دوا ڕۆمانی سەلام عەبدوڵڵایە، لە ٢٠٠٣دا چاپکراوە، دواتر چاپی (دووەم و سێیەم و چوارەم)ی بۆ کراوە و (١٧٤) لاپەڕەی قەبارە مامناوەندییە. لەم ڕۆمانەدا، دەتوانین لە ڕووی هونەرییەوە دوو جۆر ڕووداو دیاری بکەین، کە ئەوانیش (ڕووداوی سەرەکی و ڕووداوی لاوەکی)ن. ڕووداوی سەرەکی لە هەیئە بنیادی گێڕانەوەی لەسەر دامەزراوە . ڕووداو لە هەر دەقێکی ڕۆماندا سێ شێوەی هەیە، جاری وا هەیە ڕووداوەکان لەسەرەتاوە دەست پێ دەکەن و هەڵدەکشێن، پاشان بەرەو کۆتایی دەچن، جاری واش هەیە ڕووداوەکان لە ناوەڕاستەوە دەست پێ دەکەن و دواتر بەرەو کۆتایی دەق و دواتر دەگەڕێنەوە سەرەتا، هەندێ جاری دیکەش سەرەتای دەقێک کۆتایی ڕۆمانەکەیە و پاشان گەڕانەوە بۆ سەرەتا و پاشان دەچێتەوە ناوەڕاست. ڕووداو لە (هەیئە)دا لە جۆری یەکەمە، واتا سەرەتای ڕۆمانەکە، سەرەتای دەستپێکردن و ڕووداوی ڕووداوەکانە. ڕۆمان ئەو گۆشانەی مێژوو وێنە دەگرێت کە مێژوونووسان نایبینن، سەرەتای ڕووداوی

ڕۆمانەکە بەو شێوەیە دەست پێ دەکات کە (سەرم هەڵبڕی، سەربانی ماڵەکەمان پڕ بوو لە سەرباز، ڕەوە سەربازێکیش بە پاڵ دەرگاکەیان کردەوە و بە ڕاکردن ڕووە و حەوشەکە هاتن. شریخەی ڕاکێشانی میلی تفەنگ و هاواری نەجووڵێن، سەرەتای کارەساتەکەی بە ئاشکرا دەدرکاند و هیچ گومانی نەدەهێشتەوە کە ئەوانە بۆ گرتنی من هاتوون. )ل٨.

(سەربازەکان چوار دەوریان دام، یەکێ لەقە و یەکێک بۆکس و یەکێک چەپۆک و یەکێک قۆناغی پێدا دەدام، منیش بە ئاستەم خۆم بە پێوە دەگرت، هەستم لای خۆم نەما بوو. )ل٩.

(پەلیان لە پشتەوە بەستمەوە و بە پارچە پەڕۆیەکیش چاویان پۆشیم و بە پاڵ بردیانم. )ل٩.

(دەستیان دایە بن باڵم و فڕێیان دامە نێو پشتی پیکابێکەوە. )ل٩، گرنگی سەرەتای ڕۆمانەکە لەوەدایە کە بە چەند پەرەگرافێک نرخ و گرنگی یەکە یەکەی توخمەکان دیاری دەکات. سەبارەت بە ناوەڕاستی ڕووداوەکانیش دەتوانین بڵێین لەوێوە دەست پێ دەکات کە هەندێک لە بەندکراوەکان پلان بۆ ڕاکردن و هەڵهاتن لە هەیئە دادەنێن، دوای بیرکردنەوە و مشتومڕێکی زۆر بڕیاری ئەوە دەدەن کە پلانەکەیان جێبەجێ بکەن، بۆ ئەم مەبەستە نیوە شەوێک ڕادەکەن (ئیدی هاتینە ناو سەربازگەکەوە، ڕووەو ڕۆژهەڵاتی سەربازگەکە ملمان نا. ماوەی نێوان بەندیخانەکەمان و تەلبەندەکانی دەرەوە ، هەر سەد مەترێک بوو، پێویست بوو بە زووترین کات بیگەینێ. ) ل١٣٤.

(گەیشتینە نزیک تەلبەندەکانی دەرەوە، بەرزایی دوو مەتر زیاتر دەبوو، ئەوەی ئەم تەلبەندانەی سەخت کردبوو، ئەوە بوو، کە تەلە دڕکاوییەکانی ڕووە و ژوورەوە بوون و ئەوەش هەڵزنانی بەسەردا گەلێک قورس دەکرد، بەڵام چار چی بوو. ) ل١٣٤، ناوەڕاستی ڕووداوەکان زۆر درێژ دەبێتەوە، بە جۆرێک ڕووداوی ڕاکردنەکە و بە ئەنجام گەیاندنی پلانەکە و تا گەیشتن بە سلێمانی نزیکەی چل لاپەڕە دەبێت بەجۆرێک هەر لە لاپەڕە (١٣٤ تا ١٧٤) دەگرێتەوە. کۆتایی ڕووداوەکان، لە ئەنجامی لۆژیکیانەی بەرەوپێشچوونی ڕووداوەکانی پێش خۆیەوە هاتووە (دەمویست بە زووترین کات شار بە جێ بهێڵم و ماڵئاوایی لە ژیانی خۆشاردنەوە بکەم. نزیک گردی سەیوان دابەزین، خۆشبەختانە هیچ نەهاتە ڕێگەمان، وردە وردە بە گردەکەدا سەرکەوتین. کات نیوە شەو بوو، شەوێکی یەکجار تاریک، سەیری ئاسمانم کرد، ئەستێرەکان پێدەکەنین. بۆ دوایین جار ئاوڕم لە سلێمانی دایەوە، گڵۆپەکانی کز کز دەسووتان. شار نوقمی خەو بوو. کزەبای سەرەتای پاییز دەیدا لەسەروچاوم، منیش یەکەمین هەنگاوم بەرەو ژیانی پارتیزانی و ئازادی دەنا. ) ناوبردنی ڕووداو بە ڕوحی دەق بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە (ڕووداو بە سروشتی خۆی تێکەڵ بە ژیانی مرۆڤە، ئەو ڕووداوانە جۆر بەجۆرن، لە ڕووی چەندێتی و چۆنیەتی، بەجۆرێک کار لە مرۆڤ دەکەن زۆر جار وا دەکات ژیانی بگۆڕدرێ. )(٨) ڕووداو کار و کردەوەیەکە، بەشێوەیەکی تایبەتی لەم ڕۆمانەدا گێڕدراتەوە و بە سیستمێکی دیاریکراو لەلایەن ڕۆماننووسەوە بەڕێوە چووە.


سەرچاوە و پەراوێز:

١- سەلام عەبدوڵڵا، هەیئە (ڕۆمان) چاپی دووەم، ٢٠٠٣.

٢-د. شکریە ڕەسول: ئەدەبی کوردی و هونەرەکانی ئەدەب، مطابع التعليم العالي، اربيل، ١٩٨٩، ل١٥١.

٣- عبدالله ابراهيم علاوي: البناء الفني في رواية الحرب العربية في العراق (١٩٠٨- ١٩٨٥) رسالة ماجستير، كلية الاداب، جامعة بغداد، بغداد، ١٩٨٧، ص٢٤.

٤-پەرێز سابیر محەمەد: بینای هونەری چیرۆکی کوردی لەسەرەتاوە تا سەرهەڵدانی جەنگی دووەمی جیهانی، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، ١٩٩٢، ل ١٠٩.

٥- حوسێن عەلی سابیر: بینای ڕووداو لە ڕۆمانی (مۆسیقای مەرگی ناوەختە)دا، گۆڤاری ڕامان، ژمارە (١٢٥) لە ٥/١٠/٢٠٠٧، ل٦٢.

٦- ڕێزان عوسمان مستەفا: بنیاتی جۆرەکانی ڕووداو لە ڕۆمانی کوردی باشووری کوردستان(١٩٨٥- ١٩٩٠)دا، نامەی ماستەر، کۆلیژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، ٢٠٠٨، ل١٨.

٧- ئازاد عەبدولواحید: پەنجەرە بچووکەکان، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١١، ل١٦٧.

٨- ئارەزوو محەمەد عەلی: تەکنیک لە ڕۆمانەکانی (عەبدوڵڵا سەڕاج)دا، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، ٢٠٠٩، ل١١٧.

به بۆنەی داگیرساندنی مۆمی حەڤدە ساڵەی تەمەنی (ڕامان)ەوە

# گۆڤاری (ڕامان) و بەخششی ڕۆژنامەنووسی

**جەلیل کاکەوەیس**

ئەگەر بە مێژووی ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا بچینەوە، دەبینین وەک چالاکییەکانی دیکەی میللەتی کورد لێوان لێوە لە هەڵچوون و داچوون، لە سەرکەوتن و شکست، چونکە هەستیارترین چالاکی میللەتەکەمان بووە و ڕاستەوخۆ پێوەندی بە چالاکی هزر و سیاسەت و پاشەڕۆژی میللەتێکەوە هەبووە کە ویستوویەتی لەم ڕێگەیەوە هاواری قەتیس ماوی خۆی بگەیەنێتە ناوخۆ و دەرەوە. ئاوهاش بەپێی ڕەخسانی هەلومەرج کاری ڕۆژنامەنووسیی کوردی بەبێ ئاستەنگ نەبووە، بۆیە هەندێ لەو هەوڵانە دوای چەند ژمارەیەک هاوارەکەیان کپ کراوەتەوە و بڕێکیشیان بەپێی بواری سەردەمی خۆیان تەمەنیان درێژتر بووە. پێش ڕاپەڕین کە باسی ڕۆژنامەنووسیی کوردی دەکرا، ئاماژە بە گۆڤاری گەلاوێژی سەردەمی دووەمین جەنگی جیهانی دەکرا کە دە ساڵێک تەمەنی کردووە و ئەو هێڵانەش دەستنیشان دەکران کە گۆڤارەکە پەیڕەوی کردووە، بەڵام دوای ڕاپەڕین بەهۆی ئەو پشووی ئازادییەی ڕەخساوە تەمەنی بڵاوکراوەکانی کوردستان ئەو پێوەرە کۆنەی جارانی بۆ ناکرێ، بێجگە لە ڕۆژنامە ڕۆژانەکان چەند گۆڤارێکی ڕۆشنبیریی گشتی و ئەدەبی تەمەنیان وا بەرەو بیست ساڵ دەچێت، یەکێ لەو گۆڤارە بەرچاوانەش گۆڤاری ڕامانە.

ئەوەی سەرنج ڕادەکێشێت گۆڤاری ڕامان بە درێژایی شازدە ساڵی تەمەنی، خوێنەرەکانی وا ڕاهێناوە کە بێ دواکەوتن و لە کاتی خۆیدا بکەوێتە بەردەستی خوێنەرانییەوە، کاتەکەیشی هەموو پێنجی مانگێکە، ئەمەش متمانەیەکی جوانی لای خوێنەرەکانی دروست کردووە.

بێجگە لەمەش بایەخدانی گۆڤارەکەیە بەو بابەتانەی جێگەی زۆربەی چێژەکانی تێدا دەبێتەوە؛ شیعر، چیرۆک، نۆڤڵێت، شانۆیی، بیرەوەری، هونەر بە هەموو شێوەکانییەوە، هزر، فەلسەفە، خوێندنەوەی کتێب، ئەزموون و زۆر بابەتی دیکە. ئەم لەنگەر ڕاگرتنەش بووەتە هۆیەک تا ڕامان وەک سەرچاوەیەکی هەمەچەشنە تەماشا بکرێ.

پێم وایە لەمەش گرنگتر ئەوەیە گۆڤاری ڕامان بایەخێکی یەکجار گەورەی بە مەسەلەی زمان و ڕێنووسێکی کوردانە و پوخت داوە. هەر لێرەوە بە باشی دەزانم بڵێم یەکێ لە تەسەللا خۆشەکانی هەر نووسەرێک ئەوەیە کە ببینێت نووسینەکەی، یان دەقەکەی بەبێ هەڵەی چاپ، یان دەستکاری کردن و وشە و ڕستەگۆڕین بڵاوبکرێتەوە. من بەش بە حاڵی خۆم ئەم تەسەللایەم لە گۆڤاری ڕامانەوە پێگەیشتووە، پێم وایە ڕامان لە هەوڵی ئەوەدا بووە کە ڕەنجی نووسەر بە فیڕۆ نەدات و بەرهەمەکەی بەبێ هەڵە بڵاودەکاتەوە، ئەمەش یەکێک لە ئەرکە ڕاستەقینەکەی ڕۆژنامەنووسی و باوەڕ نەبوونە بە سانسۆری عەقڵ و نووسین، لەلایەکی دیکەوە دڵسۆزی و مشووری سەرنووسەر و ستافی گۆڤارەکە دەسەلمێنێت.

تەمەن درێژ بێت ڕامان، دەستی هەمووتان دەگوشم و ماندوو نەبن.






# شیعر هەمیشە پرسیارە

دەوەن
(سلێمانی)



(هیچ کاتێک بە قەد ئێستا گریان شیرین نەبووە)
**ئیسحاق لیب پێرێتز**

شیعر هەمیشە هونەری زمان و گێڕانەوەی ڕووداوەکان و پرسیارە لە دنیای ئیستێتیکا و هێرمنیۆتیکا، کە لە یەکەمین دەقی شیعری دنیاوە ئەم پرسانە دروستبوون و لە هەموو حاڵەتەکاندا ئەمانە دەمانخەنە بەردەمی هەموو میتودە زەنگینەکانی دنیای ئەدەب. کاتێک دێینە سەر باسی شیعر، بە مانای قسەکردن و خستنەڕووی ئەو چیرۆکانەیە کە لە هونەری گێڕانەوەی شیعردا بوونی هەیە (سید فیلد) وتەنی (کۆکردنەوەی ئەو بیرۆکانەیە کە بە مێشکماندا دێن، یان دیمەنێکی ئەو خەیاڵانەی خۆمانە)، واتە قسەکردن لەسەر تێگەکانی شیعر هەڵگری بەکارهێنانی زمان و میتودی جیاوازە لە ڕووی دنیابینی (هێرمنیۆتیکا، میتافۆر، زمان) کە هەموو ئەم میتودانە هەریەکەیان تەفسیر و پێناسەی تایبەت بە خۆیان هەیە. لێرەوە ئەز حەژکرد ڕووی ئەو ستراکتۆرە ئاشکرا بکەم کە دەبێتە هۆی تووڕدانی زمانی ڕق و قەڵەمی ڕق لە ئاست دەقە زیندووەکانی دنیای ئەدەب و ڕەخنەی قەڵەم و ڕەخنەسازانی هەنووکەی زمانە زیندووەکەی زمانی کوردی، پێم چاکە چیدی نەگەڕێین لە دووی ئەو فەزا ناجۆرانەی کە دەبێتە هۆی ڕەخسانی زمانی توند و لەکەدارکردنی دەقە زیندووەکان، پێویستە لێرە بەدوا کۆی هەموو ڕقەکانی دنیای ئەدەبی کوردی دوورخەینەوە و لە جێی ئەودا جەنگە هزری و مەعریفییەکان بخوڵقێنین، بۆ پێشخستنی داهێنەرانی ڕاستەقینە و قەڵەمەکانی ئێستا و ئایندەی زمانی کوردی، بۆ زەنگینکردنی زمانی ڕەخنە بە دید و دێباتی سەردەمیانەی نوێخواز لە بەرانبەر جوانکردن و ئارایشکردنی دەقە زیندووەکانی وەک (ڕۆمان، چیرۆک، شیعر) و گشت ژانرە گرنگەکانی ئەدەب و نیگاکانی تری دنیای داهێنان. هەموو شیعرێکی جوان، خاوەنی سیناریۆییەکە لەناوە و دەرەوەی خۆیدا، کە دەتوانین لە ڕێگەی جوانی زمان و پێکهاتە زەنگینەکانی ناوەوە و دەرەوەی دەقدا بیاندۆزینەوە، ژبەر هەندێ پێویست دەکات شیعر بە وردی بخوێنرێتەوە و دێباتی جددی لەسەر بکرێ، خاڵی گونجاوی سەرنج ئەوەیە، کە لەناو هەموو دەقێکی شیعردا، دەتوانین دەقێکی نوێی شیعر بدۆزینەوە، هەر لە ڕێگەی جوانی زمان و واتای دروستەوە شیعر و سیناریۆی شتەکان بەدی دەکەین و تۆن و جووڵە مێژوویی و هەنووکەییەکان بدۆزینەوە، ئەو جووڵانەی کە زەمەنێک بەر لە ئێستا ڕوویان داوە و سروشت لەگەڵ خۆیدا خوڵقاندوونی، بە جۆرێک کە شاعیرە هۆشیارەکان لە ڕاستەڕێی شیعرەوە نیشانمانی دەدەن.